





# له "ڕۆژنامەی کوردستان" و"کوردستان میدیا"وە

## ڕەشەمەی ٢٧٢٥

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی؛ ڕحمان نەقشی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێڕست:

١- گفتوگۆ یان بژاردەی سەربازی؟................................................................... عادڵ درەخشانی ..... ٥

٢- دیالێکتیکی سۆبژێکت و دابڕان لە ئۆبژێکتبوون لە کایەی زماندا................................ شاهۆ حوسێنی ..... ٨

٣- دکتۆر چەمەنئارا: زمان؛ قەڵای بوون و تاکە چەکی مێژوویی بۆ بەرهەمهێنانەوەی شوناسی نەتەوەییە...............

دیمانە: شەهرام سوبحانی ..... ١٢ ........................................................................................

٤- لە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکدا؛ ئاوڕێک لە زمانی کوردی.............................. خالید حەسەنپوور ..... ٢٢

٥- ڕەچاوکردنی مافی مرۆڤی زمانی وەک ڕێکارێک بۆ سیاسەتی زمانی........................ د. ڕەحیم سورخی ..... ٢٥

٦- زمانی دایک وەک شوناس و چەکی بەرگری................................................ سەربەست ئورمیە ..... ٢٩

٧- زمانی دایک، قەڵای ئازادی: بەرخۆدانێکی کولتووری بۆ مافی چارەی خۆنووسین.......... ئەسکەندەر جەعفەری ..... ٣٢

٨- بەیاننامەی ڕاگەیاندنی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران........................................ ٣٦

٩- کوردستان، قەڵغان و قەڵای ئازادی.............................................................. عەلی بداغی ..... ٣٩

١٠- هاوپەیمانیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات؛ چۆن مەتەڵی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران هەڵدەهێنێت؟...... شاڕوخ حەسەنزادە ..... ٤٣

١١- ناسیۆنالیزمی بەرهەڵستکار، لە ناسنامەوە بۆ ئازادی!........................................ هەیاس کاردۆ ..... ٤٧

١٢- پرۆفایلکردنی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان...................................... خالید قادری ..... ٥٢

١٣- ئێران وەک هەڕەشە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا لە ڕوانگەی بونیادگەرییەوە................ دیلان هەردی ..... ٥٩

١٤- پێکهێنانی هاوپەیمانیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان..................................... حەسەن قارەمانی ..... ٦٦

١٥- یەکگرتنی پێنج حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ خاڵێکی وەرچەرخان............................... مستەفا شڵماشی ..... ٧٠

١٦- بەراوردێک لە نێوان دوو ڕاپەڕینی «ژینا» و بەفرانباری ئەمساڵدا؛ ئەگەر و گریمانەکان...............................

مستەفا مەعرووفی ..... ٧٣ ..................................................................................

١٧- هاوپەیمانیی کوردستانی لە ئێران............................................................ ئیبراهیم لاجانی ..... ٨٠

١٨- شکستی ئیدئۆلۆژیک............................................................................ ئاسۆ مینبەری ..... ٨٨

١٩- هاوپەیمانیی پێنج حیزبی کوردستانی و گۆڕانی هاوکێشەکانی دەسەڵات لە ئێران ......... ڕەحیم نزهەت زادە ..... ٩١

٢٠- دوایین دەرفەتی ڕۆژاوا؛ چۆن پەرگالێکی نوێی جیهانی دروست بکەین، بەر لەوەی زۆر درەنگ بێت.........................

و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور ..... ٩٥ ....................................................................



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ڕەشەمەی ٢٧٢٥


٢١- کوژرانی خامنەیی، دوژمنی ژماره ١ی کورد.......... عەلی بداغی ..... ١٠١

٢٢- ئانترۆپیی چەقبەستوویی ئایدۆلۆژیک؛ بووناسیی ڕاکردن له سووژەبوونەوه بەرەو باوەشی پەناگه..........
.......... باوکی گەلاره ..... ١٠٤

٢٣- مەرگی دیکتاتۆرێکی تا سەر ئێسقان دژ به کورد.......... تاهیر قاسمی ..... ١٠٩

٢٤- ڕێفراندۆمی ١١ی ڕەشەمه؛ مانیفێستی ئیرادەی نەتەوەیەک.......... ئاگری باڵەکی ..... ١١٣

٢٥- کۆتایی دیکتاتۆرێک، بزەی به ملیۆن مرۆڤی ژاندیتوو!.......... هەیاس کاردۆ ..... ١١٧

٢٦- مستەفا هیجری: ئێمه زیاتر له هەموو کات پێویسته هاودەنگ و بەهێز بین.......... ١٢١

٢٧- هاوپەیمانیی هێزه سیاسییەکانی کوردستانی ئێران: له بەردەم چارەنووسسازترین ڕۆژەکانی خۆماندایین.......... ١٢٥

٢٨- عەقڵانییەتی دەوڵەتی فارس و پارچەپارچەبوونی ئایدیۆلۆژیی کورد.......... حەسەن قارەمانی ..... ١٢٨

٢٩- ٢٦ی سەرماوەز؛ ڕۆژی پێشمەرگه (بەشی چوارەم و کۆتایی).......... زانیار حوسێنی ..... ١٣١

٣٠- تێپەڕین له ناوەندگەرایی؛ کلیلی دێموکراسیی ئێران.......... ڕەحیم نزهت زاده ..... ١٤٠

٣١- پێویستیی هاوپێوەندیی کوردستان و ئازەربایجان لەم قۆناغه هەستیارەی مێژوودا.......... د. قادر وریا ..... ١٤٣

٣٢- دەقی قسەکانی د. ئاسۆ حەسەنزاده له کۆنفرانسی سەنای فەڕانسه لەبارەی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای کوردستان.......... ١٤٧

٣٣- پێویستیی فیدراڵیزمی دێموکراتیک و دادپەروەری له ئێرانی فرەنەتەوەدا.......... ڕەحیم نزهت زاده ..... ١٥١

٣٤- پێشمەرگه و نیو سەده بەرەنگاربوونەوەی "تێرۆری دەوڵەتی".......... ئاگری باڵەکی ..... ١٥٤

٣٥- ئاهەنگی سەرکەوتن به کاتی دارمان!.......... ڕەزا دانشجوو ..... ١٥٨

٣٦- هەگبەی شاخ و شۆڕش (مستەفا جەوان).......... برایم چووکەڵی ..... ١٦٢

٣٧- پرۆژه یاسایەک بۆ سەرەوبنکردنەوەی بەشێکی بەرچاوی لایەنگرانی دیکتاتۆرییەت.......... دارسمه ..... ١٦٥

٣٨- هێرشەکانی ڕێژیم هەنگاوی خەبات و بەردەوامیمان پێ شل ناکا.......... ١٦٨

٣٩- کوردستان و ئازەربایجان؛ بەرەو ئایندەیەکی هاوبەش.......... حەسەن قارەمانی ..... ١٧٠

٤٠- ئاراستەی شەڕ بەرەو ڕووخانی ڕێژیم یان قەیرانی نێوخۆیی.......... دیلان هەردی ..... ١٧٤

٤١- ئایا ئەو دراوسێیانەی سنووری وشکانییان دەگەڵ ئێران هەیه، ده شەڕەوه دەگلێن؟.......... تەهای ڕەحیمی ..... ١٧٧

٤٢- خوێندنەوەیەک بۆ بۆمبارانی حیزبەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان.......... مستەفا مەعرووفی ..... ١٨١

٤٣- بەیاننامەی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٨ی مارس.......... ١٨٦

٤٤- له نێوان ئیرادەی دێموکراسی و خەونی دیکتاتۆردا.......... شاڕوخ حەسەنزاده ..... ١٨٨

٤٥- سوێندخواردن بۆ یەکپارچەیی خاک و دەسەلاتی ناوەندخوازی، یان ڕێزگرتن له مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد؟....
.......... محەمەدساڵح قادری ..... ١٩٢




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٤٦- تورکیە پێویستە ڕاستینەی نەتەوەکانی ئێران ببینێ........................................ عەزیز مەعرووفی ..... ٢٠١

٤٧- گوتاری تاران؛ لە نێوان شۆکی شەڕ و تاکتیکی مانەوەدا............................ پێشەوا عەلیپوور ..... ٢٠٥

٤٨- گرێکوێرەی ڕێژیم بە موجتەبا خامنەیی ناکرێتەوە!.......................................... عومەر باڵەکی ..... ٢٠٨

٤٩- مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ئەوەی کوردەکان دەبێ بیکەن، ڕێکخستنی ڕیزەکانی خۆیانە و دانانی ڕێوشوێنێک بۆ ئەگەرەکانی داهاتوو..................................................................... تۆڕی میدیایی ٩٦٤+ ..... ٢١١

٥٠- کاتێک شەڕ دەروازەکانی مێژوو بەڕووی پرسی کورد لە ئێراندا دەکاتەوە................ حەسەن قارەمانی ..... ٢٢٢

٥١- مستەفا هیجری: ڕێژیمی ئێران داوای دانوستانی لێ نەکردووین........ کاناڵی ئاسمانیی "العربية" و "الحدث"..... ٢٢٧

٥٢- ستراتیژیی تورک و کورد و ئاسۆی پلۆرالیزم (فرەچەشنی) لە ئێرانی داهاتوو............ شاڕوخ حەسەنزادە ..... ٢٣٠

٥٣- برایم لاجانی: نەخوێندن بە زمانی دایک دەبێتە هۆی لەنێوچوونی میراتی کولتووری.........................................
.............................................................................................................. دیمانە: گوڵان هیجری ..... ٢٣٤

٥٤- شۆڕبوونەوە بە قاناواندا بۆ پاراستنی ئێکوسیستەم بژاردەیەکی باشە.................................. دارسمە ..... ٢٣٩

٥٥- هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید نوورەدین شکووهی).............................................. برایم چووکەڵی ..... ٢٤٢

٥٦- ڕەخنەی ئەدەبی شێعرێکی سالم لەمەڕ شەڕی عەزیزبەگی بابان و سمایل پاشای عوسمانی..... هێمن مەردانی ..... ٢٤٥

٥٧- کۆمەڵناسیی مێژوویی میترابیزم لە زاگرۆس؛ لە هەزارە کۆنەکانەوە تا شکۆمەندیی ماد....... شاهۆ حوسێنی ..... ٢٥٢

٥٨- پەیامی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بۆ نەتەوەکان و تەواوی ئازادیخوازانی ئێران.......... ٢٥٩

٥٩- شەڕی ئێران، فەلسەفە، سیاسەت و کوردستان!؟............................................ ئیبراهیم فەرشی ..... ٢٦٢

٦٠- حەماسەی ڕزگاربوون لە مەرگەساتی هەڵەبجە.................................................. برایم چووکەڵی ..... ٢٦٧

٦١- شەڕی ناوچەیی و دووردیمەنی گۆڕانکاریی سیاسی لە ئێراندا...................................... برایم لاجانی ..... ٢٧٠

٦٢- لە فرمێسکی نەتەوە بۆ ئاواتی ئازادی.............................................................. ڕەحیم نزهەتزادە ..... ٢٧٤

٦٣- ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ ئەو هاوپەیمانە ستراتیژییەی ئورووپا ناتوانێت پشتگوێی بخات... حەسەن قارەمانی .... ٢٧٧

٦٤- دوایین وەلی فەقیهـ!............................................................................................. ڕەزا دانشجوو ..... ٢٨٣

٦٥- پەیامی نەورۆزیی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران........................................................ ٢٨٧

٦٦- لە دەوڵەتتەوەرەییەوە تا نکوڵیکردن لە نەتەوە.......................................................... د. مەنسوور سۆهرابی ..... ٢٩٠

٦٧- لە سێبەری درۆنەکانەوە بەرەو تیشکی ئازادی............................................................ ئاگری باڵەکی ..... ٢٩٦

٦٨- پەیامی نەورۆزیی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران............................................... ٣٠٠

٦٩- دوکتور زرار سەدیق تەوفیق: نەورۆز جەژنێکی ڕەسەنی کوردییە کە بەستراوەتەوە بە جوگرافیای چیاکانی زاگرۆس و مێژووی نەتەوەی کوردەوە ...................................................... وتووێژ: شەهرام سوبحانی ..... ٣٠٤




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# گفتوگۆ یان بژاردەی سەربازی؟





**عادڵ درەخشانی**

**بۆچی هاوکاتبوونی دیپلۆماسی و ئارایشی سەربازیی ئەمریکا، نیشانەی نزیکبوونەوەیە لە ساتەوەختی بڕیاردان؟**

لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، گرمەی تۆپخانەکان هەرگیز بە مانای بێدەنگبوونی دیپلۆماتەکان نییە؛ بەپێچەوانەوە، لەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قۆناغانەدا دیپلۆماسی چالاکتر دەبێت. مێژوو شاهیدی دەدات کە گفتوگۆ هەمیشە جێگرەوەی شەڕ نییە، بەڵکوو زۆرجار دەکرێت ببێتە سەرەتایەک بۆ هەڵگیرسانی. لەسەر ئەم بنەمایە، ناردنی کەرەستە سەربازییەکانی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هاوکات لەگەڵ بەردەوامیی گفتوگۆکان لەگەڵ ئێران، نابێ تەنیا وەک نیشانەیەک بۆ خاوکردنەوەی گرژییەکان ببینرێت؛ ئەم هاوکاتبوونە ڕێک نیشاندەری قۆناغێکە کە تێیدا قەیرانەکە چووەتە نێو «فازێکی کات بۆ دیاریکراو»ەوە. هێزە گەورەکان ئەو کاتە پەنا بۆ گفتوگۆ دەبەن کە بیانەوێت «کات بکڕن»، نەک ئەو کاتەی کاتیان کەم بێت. لە لۆژیکی ستراتیژیدا، کات بگۆڕێکی بێلایەن نییە، بەڵکوو «سەرمایە»یە. پرۆسەکانی وەک گواستنەوەی کەرەستەکان، ئامادەکردنی هێزەکان، هەماهەنگییە لۆجستییەکان و هەڵسەنگاندنی کاردانەوەکان، هەموویان پێویستییان بە کات هەیە. لە بارودۆخێکی وەهادا، گفتوگۆ دەبێتە ئامرازێک بۆ مودیرییەتی کات؛ ئامرازێک کە ئاستی گرژییە دەروونییەکان نزم ڕادەگرێت تاوەکوو دەرفەتی تەواوکردنی ئامادەکارییە مەیدانییەکان بڕەخسێت.

هەمان ئەم لۆژیکە، هەڵسوکەوتی دووفاقیی هێزەکان ڕوون دەکاتەوە؛ ناردنی پەیامی ئاشتی لە ئاستی دیپلۆماسیدا و بەرزکردنەوەی ئامادەیی لە ئاستی سەربازیدا. ئەم دوو ڕێچکەیە نە دژبەیەکن و نە ڕێکەوت، بەڵکوو دوو جەمسەری دیزاینێکی یەکگرتوون. دیپلۆماسی «مێشکەکان» ئاراستە دەکات و هێزی سەربازیش «ڕاستییەکان» دەسەپێنێت. چالاکبوونی هاوکاتی ئەم دووانە، نیشانەی ئەوەیە کە پرۆسەی بڕیاردان لە گەشەسەندندایە، هەرچەندە هێشتا ساتەوەختی کۆتایی یەکلایی نەکراوەتەوە.

لە پازڵی ئێراندا، ڕۆڵی کات تۆختر دەردەکەوێت. ئەگەری هەر جۆرە کردەوەیەک دژی تاران، تەنیا بڕیارێکی سەربازیی ڕووت نییە، بەڵکوو هاوکێشەیەکی ئاڵۆزی فرەلایەنە کە ژێئۆپۆلیتیک، بازاڕی وزە، هاوسەنگیی هێز و پێکهاتەی نێوخۆیی ئێران لەخۆ دەگرێت. بڕیارێکی وەها بەرهەمی پەلەپەل نییە، بەڵکوو دەبێت لە کاتێکدا ئەنجام بدرێت کە «زۆرترین سوودی عەمەلیاتی» لەگەڵ «کەمترین تێچووی سیاسی»دا یەکبگرنەوە. گفتوگۆ ڕێک لە خزمەت گەیشتن بەم خاڵەدایە؛ کۆنترۆڵکردنی خێرایی قەیرانەکە تا گەیشتن بە ساتەوەختی گونجاو.

لەم ڕوانگەیەوە، بەردەوامیی گفتوگۆکان مەرج نییە بە مانای نزیکبوونەوە لە ڕێککەوتن بێت؛ بەڵکوو نیشان دەدات کە پاژەکانی پازڵی ستراتیژی هێشتا لە ڕێکخستندان. تا پێش تەواوبوونی ئەم ئارایشە، پاراستنی ڕێڕەوی گفتوگۆ باشترین ڕێگەیە بۆ دەستپێشخەری. لێرەدا، گفتوگۆ نەک چارەسەری قەیران، بەڵکوو ئامرازێکە بۆ مودیرییەتکردنی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سیناریۆی یەکلاکەرەوە؛ گورزێک کە هاوکێشەکە لەنێوەوە دەگۆڕێت

لەنێوان ئەو سیناریۆیانەی شیمانە دەکرێن، سیناریۆیەک لەگەڵ لۆژیکی هێزە گەورەکاندا زیاتر دەگونجێت: وەشاندنی گورزێکی «دیاریکراو بەڵام ئیفلیجکەر». لەم نموونەیەدا، ئامانج شەڕێکی بەرفراوان یان داگیرکردنی خاک نییە، بەڵکوو پەکخستنی «ناوەندە بنەڕەتییەکانی هێز»ە؛ ئەو ناوەندانەی ئەرکی پاراستنی توانای بڕیاردان، فەرماندەیی و یەکگرتوویی سیاسییان لەسەرشانە. گورزێکی ورد و لێزانانە دەتوانێت بەبێ تێوەگلان لە شەڕێکی درێژخایەن، پێکهاتەی هێز بخاتە دۆخی «هەڵوەشانەوەی کارکردی»یەوە.

سەرنجڕاکێشیی ئەم سیناریۆیە بۆ داڕێژەرانی ستراتیژی لە یەک هۆکاری سەرەکیدا چڕ دەبێتەوە؛ «بارودۆخی نێوخۆیی». کاتێک درزی نێوان کۆمەڵگە و دەسەڵات دەگاتە قۆناغی پچڕانی شەرعییەت، پێکهاتەی سیاسی ئیتر لەسەر بنەمای ڕەزامەندی یان تەنانەت ترسی بەردەوام ناوەستێت، بەڵکوو پشت بە هاوسەنگییەکی لەرزۆکی هێزەکان دەبەستێت. لە بارودۆخێکی وەهادا، گورزێکی دەرەکی دەتوانێت ڕۆڵی هاندەرێک بگێڕێت کە ئەم هاوسەنگییە تێک بدات و هێزە نوستووە کۆمەڵایەتییەکان چالاک بکات.

لەنێو ئەم چوارچێوەیەدا، کردەی سەربازی هۆکاری سەرەکیی گۆڕانکاری نییە، بەڵکوو «کاتالیزۆر» یان خێراکەرە. پرۆسەی گۆڕانکاری لەنێو جەرگەی کۆمەڵگەدا دروست دەبێت، بەڵام گورزی دەرەکی کاتی ڕوودانی وەپێش دەخات. بۆ پلانداڕێژەرانی ستراتیژی، ئەمە بەهادارترین خاڵە؛ ئەو ساتەی کە کەمترین کار، زۆرترین کاریگەری بەرهەم دەهێنێت.

لەسەر ئەم بنەمایە، هاوکاتبوونی گفتوگۆ و ئامادەکاریی سەربازی چیتر دیاردەیەکی تەمومژاوی نییە، بەڵکوو نیشانەی مودیریەتی وردی کاتە. بڕیاری کۆتایی ئەو کاتە دەدرێت کە مەرجە نێوخۆیی، ناوچەیی و ئۆپەراسیۆنییەکان بەیەک بگەن. لەم هاوکێشەیەدا، براوە ئەو لایەنە نییە کە زووتر دەست پێدەکات، بەڵکوو ئەو لایەنەیە کە کات باشتر مودیرییەت دەکات؛ چونکە لە سیاسەتی جیهانیدا، مودیرییەتی کات زۆرجار بە مانای کۆنترۆڵی ئەنجامەکەیە.

ای ڕەشەمە ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دیالێکتیکی سۆبژێکت و دابڕان لە ئۆبژێکتبوون لە کایەی زماندا





**شاهۆ حوسێنی**

**زمان لە مێژووی فەلسەفەدا، هەمیشە لەنێوان دوو جەمسەردا هاتوچۆی کردووە: وەک ئامرازێک بۆ پەیوەندی و گواستنەوەی پەیام، یان وەک مەڵبەندێک بۆ خولقاندنی واتا و کرانەوەی بوون. لە چوارچێوەی بەریەککەوتنی زمانەکان لە کۆمەڵگە ژێردەستەکاندا، زمان لە دیاردەیەکی ڕووتی زمانەوانی دەردەچێت و دەبێتە گۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی**

بووناسانە (ئۆنتۆلۆژیک). مەسەلە بنەڕەتییەکە لەم ڕووبەڕووبوونەوەیەدا، تەنیا جیاوازیی پێکهاتەی وشەکان یان دەنگسازی نییە، بەڵکوو ئاوێتەبوونی دوو لۆژیکی ڕەمزییە کە هەر کامەیان شێوازێک لە تێڕوانین، بیرکردنەوە و «بوون» دەخوڵقێنن.

زمانی دایک لەم چوارچێوەیەدا، نەک ئامرازێکی میکانیکی بۆ گەیاندنی پەیام، بەڵکوو ئاسۆیەکی بنەڕەتییە بۆ کرانەوەی جیهان. بە واتایەکی تر، «زمان ماڵی بوونە»؛ کەواتە مرۆڤی کوردیش تەنیا لە ماڵە زمانییەکەی خۆیدا دەتوانێت وەک بوونەوەرێکی سەربەخۆ دەربکەوێت. لە دەرەوەی ئەم ماڵە، ئەو ئاوارەیەکی بێماڵە کە ناچارە لەنێو وێرانە واتاییەکانی «ئەویتر»دا سەرگەردان بێت.

## دیالێکتیکی بکەر و بەرکار: لە شتاندنەوە بەرەو سۆبژێکتبوون (فاعلیەت)

لە نەریتی دیالێکتیکیدا، پەیوەندیی ئاغا و کۆیلە یان شوان و ڕان، نیشانی دەدات کە چۆن لایەک هەوڵ دەدات لایەکەی تر بکاتە «ئۆبژێکت» یان «شت»، تا دانپێدانانی سەروەریی لێ وەربگرێت. لە ژینگەی سیاسیی ئێراندا، زمانی فارسییش بە هەمان شێوە، نەک وەک نێوەندێک، بەڵکوو وەک ئامێرێکی «ئۆبژێکتساز» کاری کردووە.

لێرەدا بوون وەک «ئۆبژێکت»، بەو دۆخە دەگوترێت کە تێیدا تاک یان مرۆڤی کورد بە بێڕەوا و بێبەش لە مافی «خۆبونیادنان» (سەربەخۆیی خودی) دادەنرێت. ئەو، بوونەوەرێکە کە لەلایەن «ئەویتری فارس»ـەوە وەسف دەکرێت، مێژووەکەی بە دەستی ئەو دەنووسرێتەوە و تەنانەت ناسنامەکەشی وەک «وردەکولتوورێک» لەژێر سێبەری گشتێکی سەپێنراودا پێناسە دەکرێت. دابڕان لەم ئۆبژێکتبوونە، ڕێک ئەو ساتەیە کە مرۆڤی کورد بە ئاگایانە دەست بە ڕەتکردنەوەی ئەم پێناسانە دەکات. ئەم ڕەتکردنەوەیەش لە زمانەوە دەست پێ دەکات؛ ئەو زمانەی کە ڕێگە نادات تاک ببێتە «پاشکۆ» یان وێنەیەکی لێڵی ئەویتری.

## زمانی دایک: تۆڕی بەهاسازی و ئاسۆی خۆبونیادنان

زمانی کوردی بۆ تاک و کۆمەڵگە، تەنیا پۆلێک وشە نییە بۆ تێرکردنی پێداویستییە بایۆلۆژییەکان؛ بەڵکوو «سیستەمێکی ڕێکخەرە» کە جیهانی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای «خودی کوردی» دادەڕێژێتەوە. ئەوەی لە زماندا ڕوودەدات بریتییە لە:
خوڵقاندنی هۆشیاریی سەربەخۆ: ئەوەی لە زمانی دایکدا بەرهەم دێت، تەنیا توانای ئاخافتن نییە، بەڵکوو شێوازێکە لە تێگەیشتن کە شێوە بە مێشکی سەربەخۆی تاک دەبەخشێت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**بەهاسازی:** زمانی کوردی هەڵگری کۆمەڵێک نیشانەیە کە بەها ئەخلاقییەکان و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان پێناسە دەکاتەوە. چەمکگەلێکی وەک «بەرخودان» یان «ئازادی» لە هەناوی زمانی دایکدا، هەڵگری ڕەگەزی مێژوویی و بوونناسانەن، کە لە کاتی وەرگێڕانیاندا بۆ زمانی دەسەڵات، دادەتەپێن و مانا بنەڕەتییەکەیان لەدەست دەدەن.

**دەرفەتی پێکەوەبوون:** زمان بوارێک بۆ ژیان و بوونی بکەرەکان دەڕەخسێنێت. ئەم بوونە نەک توانەوەیەکی زۆرەملێ، بەڵکوو هاوکارییەکی سروشتی و زیندووە لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگەیەکدا کە لە دەوری سیستەمێکی مانایی هاوبەشدا کۆدەبنەوە.

## توندوتیژیی نیشانەیی و داگیرکاریی هزری (ئیمپریالیزمی زمانی)

چەمکی «توندوتیژیی نیشانەیی» گوزارشت لە جۆرە دەسەڵاتێک دەکات کە جەستەیی نییە، بەڵام ئەوەندە دزە دەکاتە نێو هزر و مێشکەوە کە کەسی ژێردەستە، نزمبوونی خۆی وەک «دیاردەیەکی سروشتی» پەسەند دەکات. زمانی فارسی لە ئێراندا، بەتەواوی خاوەنی ڕۆڵێکی لەو شێوەیەیە.

ئیمپریالیزمی زمانیی فارس، لە ڕێگەی ناوەکیکردنی ناسنامەیەکی هەڵبەستراوەوە، دەخوازێت مرۆڤی کورد بکاتە پاشکۆ و گوێڕایەڵ. لەم ڕەوتەدا، زمانی فارسی وەک زمانی «شارستانییەت»، «پێشکەوتن» و «فەرمیبوون» نیشان دەدرێت و زمانی کوردی بەرەو پەراوێز و کایە بێسوودەکان ڕەوانە دەکرێت. ئەمە کردارێکی داگیرکارییانەیە؛ بەڵام نەک داگیرکردنی خاک، بەڵکوو داگیرکردنی هزر و ئەندێشە. ئەگەر زمانی دایک لەدەست بچێت، تاک چیتر ناتوانێت جیهان لە ڕوانگەی بەرژەوەندی و بوونی خۆیەوە ببینێت؛ بەڵکوو جیهان بەو شێوەیە دەبینێت کە «داگیرکەری هزری» بۆی کێشاوە.

## زمان وەک کایەیەکی خەبات و هێژمۆنشکێنی

زمان لە ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕەخنەگرانە بەرامبەر تێگەیشتن و هۆشیاریی زمانەوانیی داگیرکەر، زەمینەیەک بۆ بەرگری دەخولقێنێت. ئەم بەرگرییە تەنیا چالاکییەکی سیاسیی مەیدانی نییە، بەڵکوو «بەرگرییەکی ڕەمزی»یە لە قووڵایی دەروونی مرۆڤدا.

هەر کاتێک مرۆڤی کورد سوور بێت لەسەر ئەوەی بە زمانی دایکی بیر بکاتەوە، بنووسێت و داهێنان بکات، خەریکی ئەنجامدانی کردارێکی هێژمۆنشکێنانەیە. ئەو بەم هەوڵە، ئەو ناوەکیکردنە ڕەمزییەی کە داگیرکەر بەسەریدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەپاندوویەتی، بە کردارێکی «پووچەڵکەرەوە» ڕادەماڵێت و ناسنامەی خۆی بە کردەیەکی «بونیادنەر» دووبارە دادەڕێژێتەوە. هەر لێرەوەیە «سۆبژێکتی کوردی» سەر هەڵدەدات؛ ئەو بکەرەی لەنێو سنوورەکانی سیستەمی مانایی خۆیدا، دەرفەتی جیاواز و بەرفراوان بۆ «بوون» دەڕەخسێنێت. ئەم سۆبژێکتە، هێژمۆنی داگیرکەر نەک هەر دەخاتە بەر تاقیکردنەوە، بەڵکوو لە کایە ماناییەکاندا تووشی داڕمان و داخورانی دەکات.

## زمان: داراییەکی فەرهەنگی یان بوونێکی فەلسەفی؟

زۆر کەس وا لە زمان دەڕوانن کە تەنیا داراییەکی فەرهەنگی یان ئامرازێک بێت بۆ پەیوەندی، بەڵام ڕاستییەکەی زمان جیهانێکی هزری و فەلسەفییە کە «بوون»ی تێدا بەرجەستە دەبێت. وەلاتانی زمانی فارسی لە کوردستان، تەنیا سڕینەوەی زمانێکی بێگانە نییە؛ بەڵکوو پاشەکشێپێکردنە بە جۆرە هزر و ڕوانینێکی باڵادەستخواز و داگیرکەرانە. هەر وشەیەک بە زۆری بخرێتە نێو کایەی هزریی کوردەوە، هەڵگری بەشێک لەو بیروباوەڕە چەسپاوەیە. بۆیە پاراستنی زمانی کوردی، پاراستنی دەرفەتێکە بۆ ژیانێکی جیاواز؛ ژیانێک کە تێیدا مرۆڤی کورد نەک وێنەیەکی دەستکرد، بەڵکوو ڕەسەنترین گێڕانەوە بێت لە خودی خۆی.

## وتەی کۆتایی

کارلێکی نێوان «سۆبژێکت» و «ئۆبژێکت» لە بەستێنی زماندا ئەوە دەردەخات کە ناسنامە نەک لە گۆشەگیری، بەڵکوو لە بەیەکگەیشتن و لێکخشاندندا لەدایک دەبێت. سۆبژێکتی کورد لە لێکخشاندن لەگەڵ زمانی دەسەڵاتدا بە «خۆئاگایی» دەگات. ئەو تێدەگات کە بۆ ئەوەی «ببێت»، دەبێت «ڕەت بکاتەوە»؛ ڕەتکردنەوەی ئەو بڕیارە نەنووسراوەی کە دەیویست ئەو بکاتە ئۆبژێکتێکی بەکاربەر لە بازاڕی ناسنامە نەتەوەییە سەپێنراوەکاندا.

دابڕان لە «ئۆبژێکتبوون»، ساتی وەرگرتنەوەی ئیرادەیە. مرۆڤی کورد بە چەسپان لە کایەی زمانی دایکدا، ڕایدەگەیەنێت کە چیتر تەنیا «ئەویتر» نییە، بەڵکوو ئەو «من»ـە؛ سۆبژێکتێکە کە مێژووی خۆی نەک بە ئەلفوبێیەکی سەپێنراو، بەڵکوو بە مەنتیقە ڕەمزییەکەی خۆی دەنووسێتەوە. ئەم دابڕانە لە گۆڕانکارییەکی زمانەوانیی سادە زیاترە؛ شۆڕشێکی بوونناسانەیە کە مژدەی کۆتاییهاتنی ژێردەستەیی و سەرەتای سۆبژێکتیڤیتەیەکی سەربەخۆی کوردی دەدات.

٢ی ڕەشەمە ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دکتۆر چەمەن‌ئارا: زمان؛ قەڵای بوون و تاکە چەکی مێژوویی بۆ بەرهەمهێنانەوەی شوناسی نەتەوەییە



دیمانە: شەهرام سوبحانی

## سەرەتا:

لە گۆڕەپانی نەتەوەسازیدا، زمان تەنیا ئامرازێکی گەیاندنی پەیام نییە، بەڵکوو جیهانبینی و سەرمایەیەکی هێمایین (ڕەمزی) و قووڵە. لەم دیمانەیەدا لەگەڵ دکتۆر بێهروز چەمەن‌ئارا، پسپۆڕی زمان و ئەدەبیاتی کوردی، تیشک دەخەینە سەر ئاڵۆزییەکانی "دووزمانیی زۆرەملێ" و کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی لەسەر منداڵی کورد. چەمەن‌ئارا بە دیدێکی ڕەخنەگرانە و ئەکادیمییانە، باس لە دابڕانی نێوان "زمانی ناوماڵ" و "زمانی قوتابخانە" دەکات و مەترسییەکانی "دۆخی ناتەواو" دەخاتە ڕوو. هەروەها لە گەشتێکی مێژووییدا بۆ ناو پێکهاتە ڕێزمانییەکانی کوردی و ڕۆڵی زانکۆکان، هاوسەنگیی نێوان "فرەشێوەزاری" و "زمانی ستاندارد" وەک ستراتیژێک بۆ پاراستنی بوونی نەتەوەیی لە چوارچێوەی "ژین‌جیهان"ێکی هاوبەشدا، شی دەکاتەوە.

**شەهرام سوبحانی:** دکتۆر، کاریگەریی «دووزمانیی زۆرەملێ» لە تەمەنی منداڵیدا، لەسەر پرۆسەی بیرکردنەوە و داهێنانی

**تاک لە کۆمەڵگەی کوردیدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**دکتۆر چەمەن‌نارا**: بە بڕوای من، دەبێت هەر لە سەرەتاوە بە جیاکردنەوەیەکی تیۆری دەست پێ بکەین؛ بۆ ئەوەی پرسی «دووزمانی» کە خۆی بابەتێکی بێلایەن نییە، ڕوون بێتەوە. ئێمە دەبێت جیاوازی بکەین لەنێوان «زمانی گەشەپێدەر» و «زمانی کزکەرەوە».

ئەو شتەی کێشەمان بۆ دروست دەکات و دووزمانی دەکاتە گرفت، ئەو کاتەیە کە زمانی دایک وەک زمانێکی پلە دوو لە پرۆسەی پەروەردە و دامەزراوە فەرمییەکاندا دەردەکەوێت و شکۆی خۆی لەدەست دەدات. لێرەدا گەر بپرسین: «دووزمانیی زۆرەملێ چییە؟» دەبێ بڵێین: جۆرێکە لە سەپاندن بەسەر منداڵدا؛ بەر لەوەی منداڵ لە ڕووی نووسین، خوێندن و دەزگای واتاییەوە لە زمانی خۆیدا بگاتە ئاستێکی پتەو و مسۆگەر، ناچار دەکرێت لە سیستەمی پەروەردەییدا بە زمانێکی دیکە ئەو کارە بکات؛ واتە بەو زمانەی کە خۆی هەڵگری سەرمایەی دامەزراوەیی و هێزی دەسەڵاتی فەرمییە. لەم دۆخەدا، زمانی سەپێنراو یان زۆرەملێ نابێتە زمانی گەشەپێدەر و هیچ شتێکی نوێ بە مرۆڤ نابەخشێت.

ئەگەر کەڵک لە ڕوانگەی فیکریی «جیم کامنز» وەربگرم کە پسپۆڕی بواری پەروەردەی دووزمانییە، دەڵێت: «ئەگەر زمانی دایک لە سیستەمی فێرکاریدا بە فەرمی نەناسرێت، منداڵ ڕووبەڕووی دیاردەیەک دەبێتەوە کە کامنز پێی دەڵێت: دۆخی ناتەواو (نیوەناچڵ).»

دۆخی ناتەواو واتە چی؟ واتە منداڵ نە لە زمانی یەکەمدا دەگاتە ئەو لێهاتووییەی بۆ خوێندن پێویستە، نە لە زمانی دووەمیشدا دەگاتە ئاستێک کە لە ڕووی تێفکرین و بیرکردنەوەی داهێنەرانەوە جێگیر بێت. ئەمانە هەمووی کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر بنەمای بیرکردنەوە هەیە. دەزانین زمان تەنیا ئامرازی دەربڕینی بیرۆکە نییە، بەڵکوو خۆی پێکهێنەری ئەزموونە. تەنانەت لە ڕووی زمانەوانییەوە، ناسینی چەمکە ناواخنییەکان، گێڕانەوە هزرییەکان و خەیاڵە بنەڕەتییەکان لە بەستێنی زمانی یەکەمی منداڵدا ڕەگ دادەکوتن.

کاتێک منداڵ لە ژینگەی پەروەردەدا ڕووبەڕووی زمانێک دەبێتەوە کە زمانی هەست و نەستی ئەو نییە و لەگەڵ زمانی خێزانەکەی جیاوازە، دابڕانێک لەنێوان «زمانی ماڵ» و «زمانی قوتابخانە» دروست دەبێت.

**ئەم دابڕانە لانیکەم سێ لێکەوتەی هەیە:**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**١- دابەزینی متمانەی زمانی:** منداڵ هەست دەکات زمانی خۆی کەمبایەخە و بەکەڵکی زانست نایەت.

**٢- دواکەوتنی بیرکردنەوە:** جۆرێک لە سستی لە فۆرمگرتنی بیرکردنەوەی خەیاڵیی جێگیردا دروست دەبێت، بەتایبەت لە بواری ئەندێشەی زانستی و چەمکە دابڕاوەکاندا.

**٣- دروستبوونی پلەبەندی :(Hierarchy)** سیستەمێکی هێمایی پلەبەندی لە دەروونی منداڵدا جێگیر دەبێت؛ وا دەزانێت زمانی فەرمی، زمانی عەقڵانیەت و زانیارییە، بەڵام زمانی دایکی، زمانێکی پەراوێزخراو و بێبایەخە.

ئەمە بە شێوەیەکی ناهۆشیارانە ڕوودەدات و جیهانی منداڵ دەکاتە دوو لەتەوە. سەبارەت بە داهێنانیش، دووزمانی لە بنەڕەتدا کۆسپ نییە؛ بە پێچەوانەوە، لە ژینگەیەکی تەندروستدا دەبێتە هۆی داهێنانی زیاتر و بەهێزبوونی توانای ناسیاری. بەڵام لە دووزمانیی زۆرەملێدا، لەبری ئەوەی منداڵ مافی جووڵەی ئازادانەی لەنێوان دوو دەزگای زمانیدا هەبێت، دەکەوێتە نێوان دوو سیستەمی واتا و بەهای نایەکسانەوە. کاتێک یەکێک لە زمانەکان دەبێتە هۆی بچووککردنەوەی ئەویتر، داهێنانی زمانی سەرکوت دەکرێت.

لە کۆمەڵگەی کوردیدا، ئەگەر منداڵ هەست بکات زمانی دایکی نابینرێت، ئەم دۆخی «نابینایی» و «پەراوێزخستنە» دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی چالاکیی منداڵ، ترس لە دەربڕین و جۆرێک لە «پارێزی ناسیاری » (Cognitive caution) کە ئاسایشی زمانیی منداڵ دەخاتە مەترسییەوە. کاتێک ئەو ئاسایشە نەما، ئەم کێشانە وەک نیشانەی تێکچوون دەردەکەون و منداڵ بەرەو گۆشەگیری دەبەن.

**شەهرام سوبحانی**: وەک شارەزایەکی دەقە کۆنەکان، پەیوەندیی نێوان "زمانی ئەدەبی" و "زمانی ئاخاوتن" لە مێژووی ئێمەدا چۆن بووە؟ ئایا دەقە کلاسیکییەکان (وەک بەرهەمەکانی گۆران یان خانی) توانیویانە پارێزگاری لە بونیاد و سیستەمی ڕێزمانیی کوردی بکەن؟

**دکتۆر چەمەنئارا**: سیستەمی ڕێزمانیی کوردی، تەنیا یەک جۆر نییە؛ ئێمە خاوەنی چەندین دارشتەی ڕێزمانیی جیاوازین و هەر یەک لە شێوەزارەکانمان بونیادی تایبەت بە خۆیان هەیە.

**لەم نێوەندەدا، دوو جۆری گشتگیرترمان هەیە:**

یەکەمیان کوردیی کرمانجییە، کە تا ڕادەیەک دەتوانین بڵێین ئاخێوەرێکی زۆرتری هەیە و خاوەنی زمانێکی وێژەیی تایبەت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە خۆیەتی. دووەمیان؛ زمانی ئەدەبیی گۆرانییە، کە بەگشتی شێوەزارەکانی تری جگە لە کرمانجی لەخۆ گرتووە؛ وەک: کوردیی ناوەڕاست، فەیلی، هەورامی، کەلهوڕی، لەکی و تەنانەت لوڕی، کە بە زمانی ئەدەبیی گۆرانی شیعریان نووسیوە. ئەمە بە بڕوای من، بووەتە یارمەتیدەر بۆ چەشنێک لە یەکگرتوویی زمانی.

بەهۆی ئەوەی زمانی کوردی - لانی کەم لە چەند سەدەی ڕابردوودا - زمانێکی سیاسی و دەوڵەتی نەبووە، ئێمە زیاتر لە چوارچێوەی ئەدەبێکی زارەکیدا ژیاوین. زمانی ئەدەبی، بووەتە هەوێنی خوڵقاندنی ڕۆحێکی یەکگرتووی زمانی و تا ڕادەیەک یاریدەدەری ستانداردبوونی زمانی ئەدەبی بووە؛ ئەمەش ئاراستە جیاوازەکانی شێوەزارە کوردییەکانی لە یەکتر نزیک کردووەتەوە.

هەر بۆیە، سەرەڕای کەمیی ڕێژەی خوێندەواری و بێبەشبوونی گەلەکەمان لە خوێندن و نووسین بە زمانی دایک، بەڵام ئەو شێوازە لە ئەدەبیات گشتگیر بووە؛ خەڵک دەقەکانیان زانیوە و لە یادگەیاندا پاراستوویانە. ئەمە جۆرێک لە هاوئاهەنگیی لە نێوان زمانی ئاخاوتن و زمانی باڵای ئەدەبیدا نیشان داوە و بووەتە نموونەیەکی پەسند و جێی متمانە، هەم بۆ خەڵکی ئاسایی و هەم بۆ نووسەران و بیرمەندان. هەرچەندە ئەمە کاریگەریی ئەرێنی هەبووە، بەڵام بەو ئاستە نەبووە کە بتوانێت بونیادێکی ڕێزمانیی یەکگرتوو و سیستەمێکی ستانداردی گەورە بۆ هەموو زمانی کوردی دابین بکات.

**شەهرام سوبحانی**: ڕۆڵی زانکۆکانی کوردستان (بە تایبەت زانکۆی کوردستان لە سنە) لە زانستییکردن و سەردەمیانەکردنی وشەسازیی کوردیدا چۆن دەبینیت؟ ئایا بڵاوبوونەوەی گۆڤارە زانستییەکان بە زمانی کوردی توانیویەتی "بونیادی ناسیاری" (مەعریفە) لە کوردستاندا بگۆڕێت؟

**دکتۆر چەمەن‌ئارا**: دەتوانم هەم لایەنە گەشەکان و هەم لایەنە تاریکەکانی ئەم پرسە بخەمە ڕوو. لە ڕاستیدا، ئەوەی لە هەرێمی کوردستان یان لە باشوور ڕوو دەدات، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ساڵی ١٩٥٨ بەولاوە، دەرفەتی خوێندن و پەروەردە بە زمانی کوردی ڕەخساوە. لە بەغدا بەشێوەیەکی فەرمی "کۆڕی زانیاریی کورد" و دەستەی زانستی بۆ زمانی کوردی هەبووە؛ ڕۆژنامەگەری گەشەی کردووە و هەمیشە دەسەڵاتێکی سیاسی لە پشت زمانی کوردییەوە بووە. ئەو دەسەڵاتە وای کردووە زانکۆکانی باشوور ئەو هەل و دەرفەتەیان بۆ بڕەخسێت. پەروەردەکردنی نەوەکان بە زمانی کوردی خزمەتێکی گەورەی کردووە؛ خوێنەواران و دەرچووانی زانکۆکان ئەو توانایەیان هەبووە کە هاوکات لەگەڵ زمانی کوردی، زمانەکانی دیکەش فێر بن. ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی زمانی کوردی لە ڕووی زانستی، دەربڕین، ڕستەسازی و وشەسازییەوە پتەوتر بێت و بەڕاستی خزمەتێکی شایستە بە زمانەکە کراوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵام ئەوەش ناشاردرێتەوە کە بەهۆی ناهۆشیاریی سیاسی و ڕۆشنبیری لە باشووری کوردستان، جۆرێک لە "بەمۆسەساتکردنی" زمانی عەرەبی و فەرمیبوونی ئەو زمانە لە ناخی زمانی کوردی و مرۆڤی کورددا جێگیر بووە. واتە لەژێر کاریگەریی ئەو زمانەدا، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و ناهۆشیارانە، وەها هەست کراوە کە زمانی عەرەبی زمانی فەرمییە و زمانی کوردی ئەو بایەخە و فەرمییەتەی نییە. هەر بۆیە دەبینین زۆربەی هەرە زۆری نووسراوە ئیدارییەکان و زمانی فەرمی لە هەرێمی کوردستان، تەنانەت لە زانکۆکانیشدا، بەداخەوە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی زمانی عەرەبی. کاتێک سەیری نووسراوێکی فەرمیی هەرێم دەکەی، ئەستەمە چەندین شێوازی "ڕستەسازیی" عەرەبیی تێدا نەبێت. بێجگە لە وشە و فۆرمی دەربڕین و نەریتی نامەنووسینی عەرەبی، بونیادی ڕستەسازیی زمانی کوردیش مەیلی بەرەو عەرەبی چووە. ئەگەر ئێمە لە ڕۆژهەڵات لە ئاستی وشەدا کێشەمان هەبێت، لە هەرێم ڕێزمان و ڕستەسازیمان زیاتر کەوتووەتە ژێر کاریگەری و مەترسییەوە. زانکۆکان نەیانتوانیوە وەک پێویست بەرگری لە ڕەسەنایەتیی زمانی کوردی بکەن، من لێرەدا مامۆستاکانی بەشی کوردی و بەرپرسانی زانکۆکان بە بەرپرسیار دەزانم. بۆ نموونە "زانکۆی کوردستان" کە ناوی کوردستانی پێوەیە و لە دڵی هەولێردایە، بەداخەوە زمانی خوێندنی ئینگلیزییە نەک کوردی؛ زمانی پەروەردە لەوێ زمانێکی جیهانییە و زمانی دایک پەراوێز خراوە، ئەمە یەکێک لە برینەکان و لایەنە تاریکەکانی سیاسەتی پەروەردەیی ئێمەیە.

سەبارەت بە ڕۆژهەڵات و "زانکۆی کوردستان" لە سنە، دەزانن کە ئەوێ یەکەم زانکۆیە لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە زمانی کوردی تێدا دەخوێندرێت و بڕوانامەی "بەکالۆریۆسی زمان و ئەدەبی کوردی" دەبەخشێت. بە بڕوای من، بەشی کوردی وێڕای هەموو ئەو ئاستەنگانەی بۆی دروست دەکرێن و خراپیی بازاڕی کار بۆ دەرچووەکانی، خزمەتێکی زۆری کردووە؛ چ لە ڕووی پەروەردەکردنی خوێندکاران و چ لە ڕووی بەرهەمهێنانی سەرچاوە و دەقی پێویستەوە. لە هەمووی گرنگتر، بوونی ڕۆحێکی گشتگیر و فرەچەشنە لەم بەشەدا، بەتایبەت لە ڕووی بابەتەکانی خوێندنەوە. خوێندکار تەنیا شێوەزارێک ناخوێنێت، بەڵکوو دەرچوویەکی زانکۆی سنە، هەم دەقی هەورامی بەباشی دەخوێنێت (بە ڕێزمان و مێژووی ئەدەبیاتەکەیەوە)، هەم ئاشنای شێوەزارەکانی کەلهوڕی، لەکی، کرمانجی و سۆرانی دەبێت. هەروەها لەگەڵ ئەدەبی مۆدێرن، ڕۆژنامەوانی و فۆلکلۆر ئاشنا دەبێت. ئەمە دەبێتە بنەمایەک بۆ ئەوەی خوێندنی زمانی کوردی وەک بوارێکی بەهێز و تێروتەسەل ببینین. ئەگەر بەراوردی بکەیت بە بەشی زمانەکانی عەرەبی، ئینگلیزی یان فارسی، دەبینین بەشی کوردی زۆر دەوڵەمەندترە، ئەمەش شانازییە بۆ زانکۆی کوردستان لە سنە.

بەڵام بە بڕوای من هێشتا زووە بڵێین دەرچووانی ئەم بەشە لە ڕۆژهەڵات دەتوانن بونیادی ناسیاری بگۆڕن؛ چونکە هێشتا دە ساڵ بەسەر دامەزراندنی ئەو بەشەدا تێنەپەڕیوە و خوێندکاران دەرفەتی کاریان بۆ نەڕەخساوە، زمانەکەش لە ئاستی دەوڵەتدا فەرمی نییە. ئەمە تەنیا یەکەمین هەنگاو و هەوڵەکانی خەڵکە لە ڕۆژهەڵات. بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، دەبێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چاو لەو شوێنە بکەین کە زۆرترین دەرفەتی هەبووە، ئەویش تەنیا لە عێراقدا بووە؛ لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمەوە تا ئێستا، بەهۆی ڕۆژنامەگەریی کوردی و فەرمیبوونی زمانەکەوە. بەڵێ، ئەو گۆڕانکارییەی لە حەفتاکاندا لە "کۆڕی زانیاری" بینیمان، کە بەرهەمی پێکەوەدانیشتن و بیرکردنەوەی گرووپێکی گەورە لە مامۆستایان و بیرمەندان بوو، وای کرد زمانی کوردی گەشە بکات و ببێتە زمانێک کە بەرگەی زانست بگرێت و نەوەی پێ پەروەردە بکرێت.

هەست دەکەم لەم دوو دەیەی ڕابردوودا، ئاستی تەکنیکی و پەروەردەیی زمان لە هەرێمی کوردستان بەرەو لاوازی چووە. دەسەڵاتی کوردی بەرانبەر بە زمانەکەی کەمتەرخەمە. سەرۆککۆمار لە عێراق بەپێی دەستوور هەمیشە کوردە، بەڵام بەداخەوە لە زۆربەی شوێنەکان بە عەرەبی قسە دەکات، لە کاتێکدا کوردی و عەرەبی پێکەوە زمانی فەرمین. پەرلەمانتاران و سیاسییەکانی ئێمە، هەوڵ نادەن زمانی کوردی لە دۆخێکی "ناوچەیی"یەوە بگەیەننە ئاستێکی "نیشتمانی" و بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵ بکەن تا دەروازە بۆ وەرگێڕان، لێکۆڵینەوە و چاپخانەکان بکەنەوە. دیارە وەرگێڕانی شاکارە فەلسەفییەکانی جیهان وەک "بوون و کات"ی مارتن هایدیگەر، یان بەرهەمەکانی ئەفلاتوون و سۆکرات بۆ سەر زمانی کوردی، نیشانەی هێز و توانای زمانی کوردییە. بێگومان ئەگەر سیاسەت و پلانێکی دروستمان لە ناوەندە بڕیاربەدەستەکاندا هەبێت، زمانی کوردی دەتوانێت زۆر پتەوتر و گەشاوەتر خۆی بنوێنێت.

**شەهرام سوبحانی**: دکتۆر، چۆن لە پەیوەندیی نێوان "زمان" و "کەسایەتیی نەتەوەیی" دەڕوانیت؟ ئایا گرێدانی ڕۆژی زمانی دایک بە ٢ی ڕێبەندانەوە* تەنیا ڕەهەندێکی مێژوویی هەیە، یان دەکرێت وەک ستراتیژێکی بەردەوام بۆ پاراستنی بوونی کورد سەیر بکرێت؟

**دکتۆر چەمەن‌ئارا**: هەروەک دەزانن لە لێکۆڵینەوەکانی بواری زمان و نەتەوەدا، لە بێندێکت ئەندەرسۆنەوە بگرە تا بۆردیۆ، و لە مارتن هایدیگەری ئەڵمانییەوە تا ڕەهەندە دژە داگیرکارییەکان (دژە کۆلۆنیالیزم)؛ زمان تەنیا ئامرازێکی پەیوەندی نییە، بەڵکوو مەیدانی بەرهەمهێنانی واتا و پێکەوەبەستنە. نەتەوە پێش ئەوەی واقیعێکی زیندووی بوونەوەرانە بێت، پێکهاتەیەکی گێڕانەوەییە؛ کۆمەڵگەیەکی گێڕانەوەیی یان وێناکراوە (خەیاڵکرد) کە لە ڕێگەی زمانەوە پتەو دەبێت، تۆمار دەکرێت و دەمێنێتەوە. زمان ئەو دەرفەتە دەڕەخسێنێت کە خەڵک بەبێ ئەوەی یەکتر ببینن، خۆیان لە یەک ئاسۆی هاوبەشدا وێنا بکەن.

لە ڕووی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە، زمان لانیکەم سێ کارکردی پێناسەیی هەیە:

**یەکەم:** دەرفەتی جیاوازی دەڕەخسێنێت، واتە سنوور دادەنێت.

**دووەم:** کارکردی یادەوەری (Memory) هەیە.

**سێیەم:** بە شێوەیەکی ڕەمزی (سیمبۆلیک) وەک سەرمایەیەکی نیشانەیی، پێگەیەک دەبەخشێتە خاوەنەکەی.

ئەم سێ کارکردە ئەگەر لە چاویلکەی "بۆردیۆ"وە سەیری بکەین، پێمان دەڵێن کە زمان تەنیا دەزگایەکی نیشانەیی نییە بۆ پەیوەندیبەستن، بەڵکوو هاوکات هەڵگری سەرمایەیەکی ڕەمزییە. کاتێک زمان دەخرێتە پەراوێزەوە، لە ڕاستیدا سەرمایە ڕەمزییەکەی ئاخێوەرانیشی نامێنێت؛ هەر بۆیە بەرگری لە زمانی دایک، بەرگرییە لە هەر چەشنە دەرفەتێک بۆ مانەوە لە مەیدانی دەسەڵات و هێزدا. لەم سۆنگەیەوە دەتوانم بڵێم پەیوەندیی نێوان زمان و ناسنامەی نەتەوەیی، نەک تەنیا پەیوەندییەکی ڕێکەوت یان جۆرێک لە پەیوەندیی کولتوورییە، بەڵکوو پەیوەندییەکی پێکهاتەییە. ناسنامەی نەتەوەیی بەبێ زمان، هیچ ئامرازێکی بۆ دووبارەکردنەوە یان بەرهەمهێنانەوەی خۆی نییە.

ئەگەر ئەم بەشەی وەڵامەکەم گرێ بدەمەوە بە بەشی دووەمەوە، واتە پەیوەندیی زمانی دایک و بەستنەوەی بە ڕۆژێکی مێژوویی وەک ٢ی ڕێبەندان (ڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان)، ئێمە ناتوانین بڵێین تەنیا ئاماژەیەکە بۆ ڕۆژێکی مێژوویی. بە بڕوای من، بە پشتبەستن بە ڕەهەندی تیۆریی "کردەی ئاخاوتن" (Speech Act) "کە لە "جۆن سێرل"ەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەم پەیوەندییەی نێوان خواستێکی زمانی لەگەڵ ڕۆژێکی مێژوویی گەورە بۆ هەموو کورد، لە ڕاستیدا پەیوەندیی زمانە بە مێژووەوە؛ واتە پەیوەندییەکی "کردەیی - نمایشی (Performative) "و کارایییە. ئێمە کاتێک ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان و ڕۆژی زمانی دایک پێکەوە گرێ دەدەین، چیتر تەنیا ئەو ڕۆژە یاد ناکەینەوە، بەڵکوو ناسنامەکەمان "پیادە" دەکەین؛ ئەمە جۆرێکە لە بەرجەستەکردن، نەک تەنیا وەبیرهێنانەوە.

**لەم ڕووەوە دەتوانین ئاماژە بە لانیکەم سێ ئاستی جیاواز بدەین:**

**١- ئاستی مێژوویی:** کە تێیدا زمانی کوردی دەگاتە ئاستی زمانی فەرمی. کۆماری کوردستان یەکەم ئەزموون بوو کە زمانی کوردی تێیدا لە ئاستی زارەکی و ناوچەیی دەرچوو و گەیشتە ئاستی دەوڵەتی، کارگێڕی و فێرکاری. ئەمە وەرچەرخانێکی گەورەیە لە مێژووی سەرمایە ڕەمزییەکەی زمانی کوردیدا.

**٢- ئاستی دووەم:** پەیوەستکردنی زمانە بە جۆرێک لە خۆبەڕێوەبەری (یان ئەوەی وەک خودموختاریی سیاسی پێناسە دەکرێت). ئەمە جۆرێک لە قاڵببەندیی تایبەت دروست دەکات؛ واتە زمان چیتر تەنیا دیاردەیەکی کولتووری نییە، بەڵکوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بووەتە نیشانەی مافی سەروەری. ئەم قاڵببەندییە دەتوانێت هاوکات کۆکەرەوە و ڕێکخەر بێت، بەڵام دەشکرێت کێشەمان بۆ ساز بکات و زمان بخاتە نێو ململانێی سیاسییەوە.

**٣- ئاستی سێیەم (ستراتیژی):** ئەگەر ئەم پەیوەندییە بە وشیارییەوە و بە بەردەوامی نوێ بکرێتەوە، دەتوانێت ببێتە ستراتیژێکی یادەوەری (Memory Strategy). واتە هەموو ساڵێک زمان نەک تەنیا وەک ئامراز، بەڵکوو وەک مافێکی مێژوویی وێنا بکرێت و دووبارە بگەڕێتەوە بۆ مەیدانی سیاسەت.

لەم سۆنگەیەوە دەتوانم بڵێم ڕۆژی زمانی دایک، چیتر تەنیا ڕۆژی بەرزڕاگرتنێکی کولتووری نییە، بەڵکوو نواندنەوە و ئەنجامدانی داواکارییەکی دامەزراوەیی کۆمەڵگەیە. لێرەدا دەبێ وریای ئەوە بین کە هێنانی زمان بۆ ئەم گۆڕەپانە سیاسی و ستراتیژە ڕەمزییە، دەتوانێت هاوکات مەترسی و دەرفەتیش بێت. مەترسییەکە ئەوەیە کە ئەگەر زۆرتر لەوەی پێویستە تەنیا وەک ئەزموونێکی سیاسیی تەسک پێناسە بکرێت، لەبری ئەوەی ببێتە سەرمایەیەکی هاوبەش، دەبێتە سەرمایەی باڵ یان حیزبێکی تایبەت و دەبێتە جێی مشتومڕ. بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی گشتگیر و لە دەرەوەی هێڵە حیزبییەکان، وەک تەوەرێک بۆ یادەوەریی کۆمەڵگەی کوردی پێناسە بکرێت، ئەوا گرێدانی ڕۆژی زمانی دایک بە ٢ی ڕێبەندانەوە تەنیا بیرکردنەوە لە ڕۆژێکی مێژوویی نییە، بەڵکوو ستراتیژێکی بەردەوامە بۆ نوێکردنەوەی پێناسی زمانیمان. بەو مەرجەی ئەم پەیوەندییە لە دەرەوەی سنووری حیزب و گرووپەکان بێت و بتوانێت دەرفەتی ژیانێکی بەکۆمەڵی گەورەتر و وێناکردنێکی گشتگیر بۆ هەمووان دروست بکات، نەک ببێتە پاوانی یەک ئەزموونی سیاسی.

**شەهرام سوبحانی:** لە گۆشەنیگایەکی زمانەوانییەوە، فرەشێوەزاریی کوردی (کورمانجی، سۆرانی، هەورامی، لکی و هتد) چۆن دەتوانێت لە یەک کاتدا هەم دەوڵەمەندی بێت و هەم نەبێتە ڕێگر لەبەردەم گەیشتن بە "زمانێکی پێوەری یەکگرتوو"؟ ئایا ئێمە پێویستمان بە زمانێکی پێوەرە یان پەیوەندییەکی پێوەر؟

**دکتۆر چەمەن‌ئارا:** لێرەدا دەبێ وەڵامی یەکێک لە بنەڕەتیترین پرسیارەکانی کۆمەڵناسیی زمان بدرێتەوە کە کارێکی سادە نییە؛ بەتایبەتی بۆ زمانی کوردی کە یەکێکە لەو زمانانەی زۆر ڕەهەندی سیاسیی وەرگرتووە، هەم پەرتەوازەیە و هەم پانتاییەکی گەورەی هەیە و پرسیارگەلێکی زۆریشی لەسەرە. بەڵام ڕێگەم بدەن لێرەدا لە ڕووی زمانەوانییەوە، هەندێک تیشک بخەینە سەر بابەتی فرەشێوەزاری.

لە زمانەوانیی نوێدا، شێوەزار لە ڕاستیدا لادان لە زمانی ستاندارد (پێوەر) نییە، بەڵکوو چەشنێکە لە دەرکەوتەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیستمێکی زمانی. هەر شێوەزارێک خاوەنی خەزێنەیەکی واتایی و دەنگیی تایبەت بە خۆیەتی. سەبارەت بە زمانی کوردی، ئەو فرەچەشنییەی لە زاراوەکانی ناوەڕاست، سەروو، خواروو، هەورامی، لکی و بەشەکانی تریدا هەیە، نیشانەی ڕاستەقینەی ئەم واقیعەیە و دەلالەت لە کراوەیی و توانستە ناوەکییەکانی زمانی کوردی دەکات. واتە ئەگەر ئێمە "واتا" وەک ئاسۆیەک ببینین، جیهانی زمانی کوردی جیهانێکی فرەئاسۆیە و ئەمەش بەشێکە لە وزە و توانای ناوەکیی ئەم زمانە. زمانەوانی و نیشانەناسیی کولتووری پێمان دەڵێن کە هەر شێوەزارێک لە نێو خۆیدا ئاسۆیەکی ئەزموونییە؛ وشەکان، پەندەکان، سیستمی دەنگی و تەنانەت پێکهاتە وشەسازییەکان، هەموویان بە جۆرێک دەربڕ و نوێنەری ئەزموونی ژیان و جیهانە جیاوازەکانی ئێمەن. هەر بۆیە فرەشێوەزاری، لەبری ئەوەی وەک گرفت ببینرێت، دەبێ وەک ڕەنگاڵەییەکی ناوەکیی زمانی کوردی تەماشا بکرێت، کە داهێنان و توانای وشەسازی و نەرمی نواندنی واتاییمان بۆ بەهێزتر و دەوڵەمەندتر دەکات.

لە تیۆرییە زمانەوانییەکاندا، بەتایبەتی لە بەرهەمەکانی "ویلیام لابۆڤ" و دوای ئەویش لە لێکۆڵینەوەکانی فرەچەشنیی زمانیدا، ئەو ئەنجامە بەدەست هاتووە کە فرەڕەنگی و فرەچەشنیی زمانی نەک هەر بەربەست نین بۆ گەشەپێدان، بەڵکوو بنەمای پەرەسەندنی زمانن. زمانە پێوەرەکان یان زمانە یەکدەنگەکان (نەک فرەدەنگ)، زیاتر بەرهەمی سیاسەتن نەک دەرئەنجامی سروشتیی خودی زمان. ئەمە بەشێکی گرنگی ئەو بابەتەیە کە زانست پشتیوانی لێ دەکات.

با باس لەوە بکەین کە ئایا ستانداردکردنی زمان پرۆژەیەکی زمانییە یان سیاسی؟ دیارە پێوەرکردنی زمان لە بنەڕەتدا پرۆسەیەکی زمانەوانیی پەتی نییە، بەڵکوو پرۆژەیەکی دامەزراوەییە. هەڵبژاردنی یەک شێوەزار وەک شێوەزاری پێوەر، پێش ئەوەی بەرهەمی باڵادەستی یان باشتربوونی خودی ئەو شێوەزارە بێت، دەرئەنجامی چڕبوونەوەی دەسەڵاتی پەروەردەیی، میدیایی و دامەزراوەییە. ئەگەر بە دەستەواژەی "بۆردیۆ" بیڵێم: زمانی پێوەر، هەمان ئەو زمانەیە کە سەرمایەی ڕەمزیی (سیمبولیی) زۆرتری لە گۆڕەپانی فەرمیدا هەیە. هەر بۆیە پرسیارەکە ئەوە نییە کە ئایا شێوەزارێک دەبێتە لەمپەر لەبەردەم زمانی ستاندارد؟ بەڵکوو پرسیار ئەوەیە: چ دامەزراوەیەک، بە چ ئاستێک لە ڕەوایی و بە چ میکانیزمێک دیەوێت پرۆسەی یەکبوونی زمان بەڕێوە ببات؟

یەکدەستکردن پرۆسەیەکی سیاسییە و دەسەڵات و دامەزراوە سیاسییەکان دەیکەن. واتە فرەشێوەزاری لە بنەڕەتدا بەربەستی ستانداردکردن نییە. زۆرێک لە زمانەکانی جیهان وەک ئەڵمانی، عەرەبی و ئیسپانی، ئەوانیش وەک زمانی کوردی فرەڕەنگیی زۆریان تێدایە و ئەوەش بەشێکە لە زاتی زمانی خۆیان؛ بەڵام بەهۆی بوونی دەسەڵاتێکی سیاسی و گوتارییەوە و لە ڕێگەی پەروەردە، میدیا و نووسینەوە، گەیشتوونەتە ئاستێکی هاوبەش لە پەیوەندیگرتندا. ئەم ئاستە هاوبەشە وەک پێشمەرجێکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حەتمی هەموو جیاوازییەکان ناسڕێتەوە، بەڵکوو دەتوانین بڵێین هەموویان لە کایەیەکی هاوبەشدا کۆ دەکاتەوە.

لێرەدا دەتوانم پردێک لە نێوان پرسیاری یەکەم و دووەمتدا دروست بکەم: ئایا باس لە "زمانی ستاندارد"ە یان "پەیوەندیی ستاندارد"؟ ئەمە پرسیارێکی زۆر وردە. بە بڕوای من، لەبەر ئەوەی لە ڕووی تیۆرییەوە ئەوەی بۆ مانەوە و گەشەی زمانێک گرنگ و بنەڕەتییە، "توانای پەیوەندیی دامەزراوەیی"یە نەک سڕینەوەی جیاوازییەکان.

**ئێمە پێش ئەوەی و زیاتر لەوەی پێویستمان بە یەکدەستکردنی تەواو بێت، لانیکەم پێویستمان بە سێ خاڵ هەیە:**

١- لە بواری پەروەردەی فەرمیدا، سیستمێکی نووسینی تا ڕادەیەک جێگیر و پتەومان هەبێت (ڕێنووس و شێوازی فەرمیی نووسین).
٢- لە میدیا و بەرهەمهێنانی زانستدا، توانای گواستنەوە و تێگەیشتنی هاوبەشمان هەبێت.
٣- ئاخێوەرانی زاراوە جیاوازەکان هەست بە پەراوێزکەوتن، بندەستبوون و سڕینەوە نەکەن.

ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە، ستانداردکردنی پەیوەندییە. من لەگەڵ ئەو ڕایەدام کە پێویستمان بە پەیوەندییەکی پێوەرە بۆ ئەوەی بگەینە تێگەیشتنی هاوبەش لە ئاستی دامەزراوەییدا و بتوانین بڵێین ئێمەش لە جیهاندا خاوەنی جیهانی ژیانی خۆمانین.

لێرەوە پێویستە ئاماژە بە مەترسیی دووفاقییەکی ناڕاست بکەم. ئەم دووفاقییە بابەتەکان سادە دەکاتەوە و دەڵێ: یان دەبێت فرەچەشنیی تەواو بێت بەبێ ناوەند، یان دەبێت ناوەندێکی ڕەها بێت کە هیچ جیاوازییەک نەهێڵێتەوە. ئەم دیدە مەترسیدارە. سەیری زمانە گەورە و سەرکەوتووەکان بکەن؛ هەموویان پێکهاتەیەکی چەندتوێژ و چەندلایەنیان هەیە. بۆ نموونە: ڕەهەندێکی ناوچەییان هەیە، ڕەهەندێکی گۆڕەپانە گەورەکەیان هەیە و ڕەهەندێکی پێوەریشیان هەیە بۆ نووسین و کاروباری فەرمی. تەنانەت زمانی دەزگای داد لە زۆر وڵاتدا لەگەڵ زمانی ستانداردیش جیاوازیی هەیە. زمانی ستاندارد لەگەڵ زمانی ناوچەیەکی تایبەت جیاوازە و زمانی ناوچەیەکیش لەگەڵ دەڤەرێکی تر دەکرێ جیاواز بێت. ئەمانە دەتوانن هەمیشە بمێنن، پێکەوە بژین و دەرفەتی پەیوەندیی هاوبەشیش ئاسایی بکەنەوە.

٢ی ڕەشەمە ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# لە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکدا؛ ئاوڕێک لە زمانی کوردی






**خالید حەسەنپوور**

خوێندن بە زمانی دایک یەکێک لە مافە بنچینەییەکانی مرۆڤە و لەمێژە ئەو مافە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دانی پێدا نراوە. کەچی بەداخەوە، سەرەڕای ئەو دانپێنانە نێودەوڵەتییانەش، منداڵانی کورد لە سێ بەشی ڕۆژهەڵات، باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان، تا ئێستا دەرەتانی ئەوەیان بۆ نەڕەخساوە لە قوتابخانەدا بە زمانی کوردی بخوێنن.

## ڕەشەمەی ٢٧٢٥

هەڵبەت دوای ئەوەی ڕۆژئاوای کوردستان کەوتە دەست لایەنە کوردییەکان، هەندێک هەنگاو بۆ فێرکردنی زمانی کوردی هەڵگیراون، بەڵام ئەو هەنگاوانە هێشتا لە ئاستێکی سەرەتاییدان. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ئەگەرچی تا ئێستا کۆماری ئیسلامی ڕێگەی نەداوە زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا بگوترێتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی نافەرمی و بە هیمەتی چالاکانی ئەو بوارە، هەندێک هەنگاوی باش نراون. ئەو هەوڵ و کارانەی هۆگرانی زمانی کوردی سەرەڕای گوشار و زۆردارییەکانی کۆماری ئیسلامی ئەنجامیان داون، مژدەبەخشن و دەکرێ وەک سەرەتای قۆناغێکی نوێ ناوزەد بکرێن.

لە باکووری کوردستان بەداخەوە هەم لە ڕووی یاسایی و هەم لە باری کردارییەوە، فێرکردن و پەروەردە بە زمانی کوردی، لەچاو سێ بەشەکەی دیکەی کوردستان لە دۆخێکی خراپتردایە. لەگەڵ ئەوەی تا ئێستاش خوێندن و نووسین بە کوردی لە قوتابخانەکاندا لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە —وەک دەڵێن— «قەدەغەیە»، بەڵام لە ڕووی نافەرمیشەوە بەداخەوە هەوڵێکی جیدی بۆ فێرکردن و نووسینی زمانی کوردی لەلایەن چالاکانی فەرهەنگییەوە بەرچاو ناکەوێت.

دەکرێ بڵێین ئەمڕۆ ویست و داخوازیی خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زیاتر لە سێ بەشەکەی دیکە بووەتە داواکارییەکی سەرەکیی کۆمەڵانی خەڵک. ئەو پەرەسەندنەش لە هەڵمەتی پشتیوانیی خەڵک لە «زارا محەمەدی» و فێرکارانی دیکەی بواری خوێندن و نووسینی کوردی بە ڕوونی دەردەکەوێت.

**بە گشتی دوو پاڵنەری بنەڕەتی هەن بۆ ئەوەی خوێندن و نووسینی کوردی ببێتە دروشمێکی سەرەکی و گشتی لای خەڵکی ڕۆژهەڵات:**

**یەکەم؛** دەگەڕێتەوە بۆ پاشخانی فێرکردنی زمانی کوردی لە دوو سەردەمی کۆماری کوردستان و هەروەها پاش شۆڕشی گەلانی ئێران. وەک دەزانین پاش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ماوەی چەند ساڵێک لەلایەن هێزە سیاسییەکانی کورد و یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوە دەبرا. لە سایەی ئەو هەلومەرجە دیموکراتیکەدا بوو کە کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی زمانی کوردی دامەزرا و لە زۆربەی گوندەکاندا، مامۆستایانی شۆڕش خوێندن و نووسینی کوردییان فێری بەشێکی بەرچاوی منداڵان کرد. ئێستا ئەو نەوەیەی لەو سەردەمەدا منداڵ بوون، تەمەنیان لەنێوان ٤٥ بۆ ٥٥ ساڵدایە و زۆربەیان خوێندنەوە و نووسینی کوردی دەزانن. جگە لەو هەوڵانەی هێزە سیاسییەکان، پاش داگیرکردنەوەی کوردستان لەلایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە، بە هیمەت و فیداکاریی هۆگرانی زمانی کوردی و پشتیوانیی خەڵک، چەندین ئەنجومەنی کوردی دامەزران و ئەرکی فێرکردنی زمانی کوردییان لە شار و گوندەکان بە شێوەیەکی نافەرمی گرتە ئەستۆ. تێکۆشانی فێرکارانی کورد لە سێ دەیەی ڕابردوودا، سەرەڕای زەبروزەنگی دەسەڵات، دەکرێ وەک سەردەمی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رەشەمەی ٢٧٢٥

زیندووکردنەوەی زمان و فەرهەنگی کوردی ناودێر بکرێت.

**دووەم؛** هۆکاری ئەوەی کە دروشمی خوێندن بە زمانی کوردی ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵات گشتگیر بووە، بوونی چەندین شاعیر، نووسەر و زمانەوانی بلیمەت و هەڵکەوتووە لەو بەشەی کوردستاندا. ئەو شاعیر و ئەدیبە مەزنانەی لە سەردەمی کۆمار و پاش کۆماردا ژیان، توانیان ڕۆح و ڕێچکەی کۆماری کوردستان بۆ خزمەت بە فەرهەنگ و زمان بگوێزنەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو. ئەو کەڵەنووسەرانە وەک کۆڵەکەی پەرەپێدان و پاراستنی زمانی کوردی دادەنرێن. هەر لە سایەی بیری تیژی کوردایەتی و زاڵبوونیان بەسەر ڕێزمانی کوردیدایە کە ئەدەبی کوردی لە ڕۆژهەڵات بووەتە سەرچاوەیەکی ڕەسەن تەنانەت بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستانیش.

لەگەڵ ئەوەی سیاسەتی «تواندنەوەی فەرهەنگی» (ئاسیمیلاسیۆن) لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە شێوازی جۆراوجۆر بەردەوامە، بەڵام بەربڵاویی بیری نەتەوەیی لەنێو نووسەران و زمانەوانانی ڕۆژهەڵاتدا، قەڵغانێکی فەرهەنگیی بەهێزی بۆ پاراستنی زمان و ئەدەبی کوردی پێکهێناوە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، دەبێ بەداخەوە بڵێین زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لەنێو نوخبەی ئەدەبی و فەرهەنگیدا ماوەتەوە و بەو ئاستە نەچووەتە نێو ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە. بەشێکی زۆر لە خەڵک، بەتایبەت لە شارەکاندا، بە زمانێکی تێکەڵاو دەدوێن کە بەشێکی زۆری وشەکانی فارسییە.

با لەساڵیادی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکدا، هەزاران سڵاو بنێرین بۆ مامۆستا و چالاکانی بواری فێرکاری، وەک «زارا محەممەدی» کە لە پێناو پەرەپێدانی زمانی کوردیدا کەوتە بەندیخانە، و هەموو ئەو کەسانەی بە سەخاوەتەوە تەمەنیان بە نیشتمان بەخشی.

٢ی ڕەشەمە ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕەچاوکردنی مافی مرۆڤی زمانی وەک ڕێکارێک بۆ سیاسەتی زمانی






**د. ڕەحیم سورخی**

لە زۆربەی ناوچەکانی جیهاندا، زمانەکان لە پلەبەندییەکی ڕێژەییدا لەپاڵ یەکدا دەژین و پەیوەندییەکی "زاڵ-پەراوێز" لەنێوان ئاخێوەرانیاندا هەیە. بابەتی مافی مرۆڤی زمانی لەو شوێنانەدا بەرجەستە دەبێت کە فرەچەشنییەکی نەتەوەیی، زمانی و کولتوورییان تێدایە. بەڕێوەبردنی ئەم فرەچەشنییە زمانییە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، دەبێت بە جۆرێک

بێت کە بنەماکانی "کارایی" و "دادپەروەری" تێدا بەدی بکرێت. هەر بۆیە، ئەم کارە پێشوەختە پێویستی بە سیستەمێکی سیاسیی دێموکرات هەیە تا بتوانێت سیاسەتی گشتی لەسەر بنەمای یەکسانی بنیاد بنێت و سیاسەتە زمانییەکان بەڕێتە پێشەوە. لەم چوارچێوەیەدا، دارشتنی یاسایەکی ڕوون و ڕاشکاو لە دەستووردا بۆ مسۆگەرکردنی پێکەوەژیانی زمانەکان و گەرەنتیی مافی زمانیی تاک و کۆمەڵەکان، پێویستە.

لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا، یاساکانی زمان لە دەستووردا تەنیا بۆ چەسپاندنی مافی نەتەوەی زاڵ بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا بەکار هاتوون. لە ئەنجامی سەپاندنی سیاسەتی "تاکزمانی"دا، ئێستا هەندێک زمانی وەک گیلەکی و دیالێکتە باشوورییەکانی زمانی کوردی لەبەردەم مەترسیی فەوتاندان. ئەمە لە کاتێکدایە کە زمانی کوردی، وەک زمانی نەتەوەیەکی مێژوویی کە خاوەنی قەڵەمڕەو، جوگرافیا و کولتوورێکی تایبەت بە خۆیەتی، پێویستە پێگەی زمانی فەرمیی هەبێت.

سەرەڕای ئەوە، یاساکانی زمان لە ئێراندا لەگەڵ دۆخی ژێئۆپۆلیتیکی وڵاتەکەدا یەکانگیر نین. زمانە غەیری فارسییە سەرەکییەکان (وەک تورکی، کوردی، بەلووچی و عەرەبی) کە پەیوەندییەکی مێژوویی، جوگرافی و کۆمەڵایەتیی قووڵیان لەگەڵ کۆمەڵگەی ئاخێوەرانیاندا هەیە، سنوورە سیاسییە دەستکردەکانیان تێپەڕاندووە. زۆربەی ئەم زمانانە (وەک عەرەبی، تورکیی ئازەری و کوردی) ئێستا زمانی فەرمیی وڵاتانی دراوسێی ئێرانن. هەر بۆیە، لە نەمانی ڕژێمی ئیسلامیدا، پێویستی بە ڕوانگەیەک هەیە کە مافی زمانیی ئاخێوەرانی ئەم زمانانە بە فەرمی بناسێت و پێگە، ماف و ئیمتیازی هاوشانیان لە هەموو دامەزراوەکانی پەرلەمان و دەوڵەتدا بۆ گەرەنتی بکات.

ئەگەر ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین کە "زیاتر لە ٩٠٪ی ٧١٠٠ زمانی مەزەندەکراوی جیهان ئێستا لە لێواری لەناوچووندان"، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کەمتر لە ١٠٠ هەزار ئاخێوەر بە هەریەک لەو زمانانە دەئاخڤن. بە شێوەیەکی بەربڵاوتر، ٩٦٪ی زمانەکانی دنیا تەنیا ٤٪ی ئاخێوەریان هەیە، کە دەکاتە ٢٥٠ تا ٣٠٠ ملیۆن کەس لە خەڵکی خۆجێیی جیهان .(Lewis et al. 2015) هۆکاری سەرەکیی ئەمەش ئەوەیە کە ئاخێوەرانی ئەو زمانانە پەراوێز خراون و زمانەکەیان لە پێگەیەکی هاوشان لەگەڵ زمانە زاڵەکاندا بێبەش کراوە.

ئەم دۆخە بە سیاسەتی "زمانکوژی" (Skutnabb-Kangas 2000) "ناو براوە؛ چونکە چوارچێوەیەکی ئیکۆلۆژیی بەرفراوانتر، وەک پەیوەندییە ناسنامەیی و کولتوورییەکانی ئاخێوەرانیش دەگرێتەوە. کەوابوو، فرەچەشنییە زمانییەکان پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە فرەچەشنیی نەتەوەییەوە هەیە و پێکەوەژیانێکی کولتووریی دەوڵەمەند دێننە ئاراوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم فرەچەشنییە دیاردەیەکی خۆڕسکە؛ ناسنامە زمانی، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانمان بەپێی کات و بەستێنە جیاوازەکان، مەرجدار و جیاوازن. شێوازی بەڕێوەبردن و دەستوەردانی سیاسی (ئەرێنی یان نەرێنی) لە هەرکام لەم ژینگەیانەدا، دەتوانێت گۆڕانی بنەڕەتییان بە باش یان خراپ تێدا دروست بکات و لێکەوتەکانیشیان ئاخێوەران بگرێتەوە. ئەم سیاسەتانە دەکرێت لە شێوەی سەرکوتی زمانەکان، سنووردارکردنیان یان پەرەپێدانیاندا بن.

دیارە لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا، بە هاتنەسەرکاری دەوڵەتی پەهلەویی یەکەم، سیاسەتی سەرکوت پەیڕەو کرا؛ پاشان لە دەورەی پەهلەویی دووەمدا ئەو سیاسەتە بە ڕێژەیەکی خاوتر بەڕێوە چوو. لە سەردەمی ڕژێمی ئیسلامیشدا، ئەگەرچی زمانی کوردی لە ئاستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەندێک لە میدیاکاندا ئامادەیی هەیە، بەڵام ئەم ئامادەییە زۆرجار لە چوارچێوەی دارشتنێکی تێکەڵ و شێواودایە کە لە ژێر کاریگەریی زمانی فارسیدایە. لە ڕووی پەروەردە و خوێندنی ئەکادیمییەوە، زمانی کوردی تەنیا لە چوارچێوەی لقێکی ئەدەبیدا لە زانکۆی کوردستان سنووردار کراوە.

ئەم جۆرە خوێندنە، بەهۆی بێبایەخکردنی بڕوانامەی دەرچووان و پشتگوێخستنی لێکەوتەکانی، لە ڕاستیدا سیاسەتێکی نەرێنی و جۆرێک لە "کوشتنی نەرم"ی زمانی کوردییە. ئەمە لە ڕاستیدا، پرسی زمانی کوردی لە تێوەگلانە سیاسی، مێژوویی، زانستی و پەروەردەییەکاندا وەک خۆی نانوێنێت؛ بەڵکو وەک فیشمەن (٢٠٠٦) دەڵێت: زمانەکە بەرەو "کۆڵانێکی بنبەست" دەبات. چونکە کاتێک خوێندن بە زمانێک هیچ پێگەیەکی پیشەیی و ئابووری بۆ تاک بەدی نەهێنێت، دەبێتە خاڵێکی لاوازی ژیانی بەرانبەر بەو کەسانەی بە زمانی زاڵ دەخوێنن. لێرەدا زمان ڕەهەندە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکەی و بزوێنەرییەکەی بەرەو پێشەوە لەدەست دەدات. ئەم بە بنبەست گەیاندنەی زمان، لە ڕاستیدا بە بنبەست گەیاندنی ئاخێوەرەکانییەتی تا ماندوو بن و دەستی لێ هەڵبگرن.

لێرەدا پێویستە جەخت لەسەر دوو لایەنی سەرەکیی زمان بکرێتەوە: لایەنی ئامرازی (وەک کەرەستەیەک بۆ تێگەیشتن لە زانست و تەکنەلۆژیا) و لایەنی دەربڕین (ڕەهەندی ناسنامەیی). دەوڵەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران، بەردەوام هەوڵیان داوە زمانی کوردی لە ڕووی ئامرازییەوە بە "ناکارا" نیشان بدەن؛ ئەمەش لە ڕێگەی بێبەشکردنی لە کایە سیاسی، ئابووری، زانستی، کارگێڕی و تەکنۆلۆژییەکانەوە.

ئەم سیاسەتە وای کردووە زمانی کوردی بۆ ئێمەی کورد تەنیا لە ڕەهەندە ناسنامەییەکەیدا کورت بێتەوە، لە کاتێکدا زمانی فارسی کراوەتە تاقە مەیدانداری کارپێکردنی پێویستییەکانی ڕۆژانە و سەرچاوەی دەستڕاگەیشتن بە زانیارییەکان. هەر بۆیە پێویستە لە گۆڕانکاریی داهاتووی ڕێژیمی ئێراندا، زمانی کوردی ببێتەوە بە زمانی ئامرازی بۆ گەیاندنی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەکنۆلۆژیا، زانست، کارگێڕی و یاسا؛ هاوکات لە باری ناسنامەییشەوە وەک زمانی نەتەوەیی و فەرمی لە کوردستان بەدامەزراوەیی بکرێت. واتە دەبێت هەموو ئەو پشتگیرییە چالاک و کاریگەرانەی بۆ پێشکەوتنی هەر زمانێک پێویستن و ئێستا بۆ زمانی زاڵ تەرخان کراون، بۆ زمانی کوردی بە زیادەوە دابین بکرێن، تا بتوانێت کەموکورتییەکانی لە بوارەکانی وەرگێڕان، زاراوەسازی و زانستدا قەرەبوو بکاتەوە.

خاڵێکی جێی سەرنج کە پێویستە ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە کە ئاخێوەرانی دیالێکتە جیاوازەکانی کوردی دەتوانن لە پرۆسەی خوێندن بە زمانی دایکدا، سوود لە ستراتیژیی "زمانگەیاندن (Translanguaging)"وەربگرن. ئەمەش بەو مانایەی کە قوتابیان دەتوانن تەواوی پاشخان و زانیارییە زمانییەکانی خۆیان لە هەموو شێوەزارە کوردییەکاندا بەکار بهێنن بۆ ئەوەی خێراتر لە نێوەڕۆکی دەقەکان تێبگەن. بەم جۆرە، تەنانەت ئەگەر دەقەکان بە زمانێکی ستاندارد و فەرمیش بن، ئاخێوەران دەتوانن بە پشتبەستن بەو زانینە زمانییەی کە هەیانە، بابەتەکان شرۆڤە بکەن و ڕوونی بکەنەوە. بە کورتی، لە ئێرانی داهاتوودا، ئەگەر بڕیاری پێکەوەژیانێکی تەبا و هاوشان لەنێوان نەتەوەکاندا هەبێت، پێویستە هەوڵێکی پێشکەوتنخوازانە بۆ پەرەپێدانی سیاسەتێکی گشتیی نوێ لە بەڕێوەبردنی فرەچەشنییەکاندا بدرێت. فرەچەشنییە نەتەوەیی، زمانی و کولتوورییەکان نابێت پشتگوێ بخرێن یان دەستوەردانی سیاسیی نابەرپرسیارانە و نادادپەروەرانەیان تێدا بکرێت، وەک ئەوەی تا ئێستا کراوە. چونکە لە سەردەمی پلۆرالیزم و فرەییدا، هەر هەڵوێستێکی نابەرپرسیارانە دەبێتە کێشەیەکی گەورە؛ وەک گرین (٢٠٠٥) ئاماژەی پێ دەدات: کاتێک "پۆلە نەتەوەیی، زمانی و کولتوورییەکان لە کەشێکی دیاریکراودا دەکەونە ڕکابەری بۆ سەرچاوە مادی و ڕەمزییەکان"، کەلێنەکان قووڵتر دەبنەوە و لە ئەنجامدا فرەچەشنییەکە دەکەوێتە بەر مەترسی و نایەکسانی لێ دەکەوێتەوە.

٢ی ڕەشەمە ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# زمانی دایک وەک شوناس و چەکی بەرگری






**سەربەست ئورمیە**

ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک کە بە دەستپێشخەریی یونسکۆ دیاری کراوە، ساڵانە دەرفەتێک بۆ بەرزڕاگرتن و پیرۆزکردنی فرەچەشنیی جیهانی لە بواری چاند و زماندا دەڕەخسێنێت. لە ڕوانینێکی سەرەتاییدا، ئەم ڕۆژە هێمایەکی مەعنەوییە بۆ دانی بەها و نیشاندانی هێزی زمانەکان؛ بەڵام کاتێک سەرنج دەرێتەوە سەر زمانی کوردی و لە چوارچێوەی دەسەڵاتی زاڵ

و داگیرکاریدا شرۆڤە دەکرێت، نێوەڕۆکی ئەم ڕۆژە لە مژارێکی سیمبۆلیکەوە تێدەپەڕێت و دەبێت بە ئامرازێک بۆ بەرخۆدانی چاندی و ناسنامەخوازیی نەتەوەیی و سیاسی.

## زمان وەک دەسەڵاتێکی سیمبۆلیک

لە تیۆریی سەرمایە و دەسەڵاتی سیمبۆلیکدا، پییێر بۆردیۆ ئاماژە بەوە دەدات کە زمان یەکێکە لە ئامرازە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان و مەشرووعیەتدان بە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی. کاتێک زمانێک بە فەرمی دەناسرێت، تەنیا نیشانەی ڕێزگرتن لە چاند و ناسنامەی ئاخێوەرانی نییە، بەڵکوو جۆرێکە لە گەرەنتی بۆ مانەوە و دان پێدانان. بەو ڕوانینە، ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک هێمایەکە بۆ پیشاندانی هێزی زمانە جیاوازەکان؛ بەتایبەت بۆ زمانی کوردی کە بە درێژایی مێژووی دا لەژێر گوشاری قەدەغەکردن و سیاسەتە هەمەڕەنگەکانی بشاڤتن (تواندنەوە)دا بووە. مەشرووعییەتی نێودەوڵەتیی زمانی کوردی، تەنانەت لە ئاستی سیمبۆلیکیشدا، ئەوەمان بو دەسەلمێنێت کە ئەم زمانە خاوەنی هێز و پێگەیەکی بەهێزی تایبەت و کاریگەرە بۆ دەرکەوتن لە کایە گشتییەکاندا و گواستنەوەی ئەزموونی ژیار و نیشتمانیی خۆی.

## زمان، ئامرازی بەرخۆدان

زمان مەیدانی ململانێی دەسەڵات و بەرخۆدانە. میشێل فوکۆ پێی وابوو کە دەسەڵات تەنیا لە دامەزراوەکاندا نییە، بەڵکوو لە تان و پۆیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا خۆی دەنوێنێت و ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەش لە هەر ئاست و قۆناغێکدا توانایی ئەوەیان هەیە کە بەستێن بۆ بەرخۆدان و بەرگریی بڕەخسێنن و بەهێزکەن. پاراستن و بەکارهێنانی زمانی دایکیی کوردی لە بواری پێگەیاندن، ئەدەبیات، مۆسیقا و ژیانی ڕۆژانەدا، نموونەیەکە لە بەرخۆدانی ژیرانە و ڕۆژانەی گەلی کورد لە بەرانبەر سیاسەتگەلی سڕینەوە و سەرکوتی چاندی و نەتەوەیی دا. ئەم بەرگرییە، بە پێی ئەوەی کە لە تیۆری داگیرکاریی زمان دا هاتووە، پەرچەکردارێکە دژی پرۆژەکانی هاوشێوەکردن و یەکسانسازیی زمانی و چاندی کە هەوڵ دەدەن زمانی زۆردەست بەسەر زمانە داگیرکراوەکان دا بسەپێنن و بناخەی مێژوویی و چوارچێوە مەعریفییەکانی کۆمەڵگای داگیرکراو لەناو ببەن.

زمانی کوردی لەم ڕاستایەدا، ئیتر تەنیا ئامرازی ئاخاڤتن و پەیوەندی نیە، لە ئاستێکی بەرزتردا دەکرێت بە هێما و هێزێکی بە برەو بۆ بەرهەمهێنانەوەی ناسنامەی گشتی، گواستنەوەی ئەزموون و بەرخۆدان لە دژی دەسەڵاتی داسەپێنەر. هەرکات ئاخاڤتن، نووسین و فێربوون بە زمانی دایک بوو بە ڕێرەوی ژیانی نەتەوەیی، سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئەوا بە کردەوە جڤاک لە بەرگریکردن دایە کە دەرهاویشتە سیاسی و جڤاکییەکانی سەرترن لەوەی کە هێزی داگیرکەر پیلانی لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رەشەمەی ٢٧٢٥

ناوبردنی بۆ دارڕشتووە.

## پەیوەندیی هێما و کردار

دەکرێت ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک وەکوو لێکگرێدەرێکی بەردەوامی دوو جەمسەری شی بکرێت. هێمای دەسەڵات و ئامرازی بەرخۆدان. ئەم ڕۆژە لە ئاستی فەرمیدا، گوزارشت لە ناسینەوە و ناساندنی نێودەوڵەتی و مەشرووعییەتی کولتووریی زمانەکان دەکات؛ بەڵام لە ئاستی جەماوەریدا، دەرفەتێکە بۆ چالاککردنەوەی هزری مێژوویی، پەروەردە بە زمانی دایکی و نۆژەنکردنەوەی داواکارییەکان لە مەڕ مافە زمانی و کولتوورییەکان. بەتایبەت لەو کۆمەڵگایانە دا کە زمانەکەیان لەژێر گوشار دایە یان قەدەغەدا کراوە، ئەم ڕۆژە زیاتر لەوەی کە بۆنەیەک بێت لە ڕۆژژمێری ساڵدا، ساتەوەختێکە بۆ ڕاگەیاندنی پراکتیکیی هەبوون و داخوییانییەکە لە بەرخودان.

## بە کورتی

زمانی کوردی، لە چوارچێوەی دەسەڵاتی زاڵ و داگیرکاردا، نموونەیەکی بەرچاوە لەوەی کە چۆن زمانێک دەتوانێت لە هەمان کاتدا هەم هێمای دەسەڵات بێت و هەم ئامرازی بەرخۆدان. هێزی زمان لە ڕوانگەی سیمبۆلییەوە لە شەرعیەت و نوێنەرایەتیکردنیدایە و بەرخۆدانی زمانیش لە بەردەوام بوون لە بەکارهێنان، گواستنەوەی ئەزموون و زانیاری و وەستانەوە لە بەرانبەر سیاسەتە سەرکوتکەرەکاندا بەدیار دەکەوێت. ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک ناکرێت تەنیا بە ڕۆژی ڕێزگرتن لە فرەچەشنیی زمانی و کوڵتووری پێناسە بکرێت؛ بەڵکوو دەبێ بکرێت بە سەکۆیەک بۆ ناسینەوەی شۆناسە جیاوازەکان و بەهێزکردنی توانای کۆمەڵگا جیاوازەکان بۆ بەرگریکردن لە مافی ئاخاڤتن و پەروەدەکردن بە زمانی دایکیی خۆیان.

زمانی کوردی تەنیا میراتێکی کولتووریی گەلی کورد نییە،مەیدانێکە بۆ ڕاهێنان و بەهێز کردنی هزری ئازادی و بەگژداچوونەوەی سیاسەتگەلی بشاڤتن و سڕینەوەی کولتووری. خۆڕاگری و گەشەکردنی زمانی کوردی و وەستانەوەی لە ڕووی داگیرکەرانیدا، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە زمان هەرچەند لەژێر گوشاردا بێت، هێزی خۆڕاگری و کاریگەریی لە بن نایەت.

٣ی رەشەمە ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# زمانی دایک، قەڵای ئازادی: بەرخۆدانێکی کولتووری بۆ مافی چارەی خۆنووسین






**ئەسکەندەر جەعفەری**

لە ساڵنامەی جیهانیدا ڕۆژی زمانی دایک تەنیا بۆنەیەکی کولتووری نییە. ئەم ڕۆژە وەبیرهێنەرەوەی پەیوەندیی قووڵی نێوان زمان و شوناس و کەرامەتی مرۆڤە. وەک یونسکۆ جەختی لەسەر دەکاتەوە، فرەچەشنیی زمانەوانیی کۆمەڵگە، میراتی هاوبەشی مرۆڤایەتییە و پاراستنیشی بەشێک لە پاراستنی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤە. بەڵام بۆ هەندێک نەتەوە وەک کورد



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم ڕۆژە تەنیا دروشمێکی کولتووری نییە. ڕۆژی زمانی دایک ڕۆژی خۆڕاگری لە دژی تکۆڵێکردن و ئاسمیلەبوون و سیاسەتە کۆلۆنیالیستییە دێرینەکانە کە زمانی کوردییان لە پێناو بێدەنگکردنی نەتەوەی کورد کردووەتە ئامانج.

لە جوغرافیای کوردستاندا زمان تەنیا ئامرازی پەیوەندی نییە، بەڵکو قەڵای یەکەمی پاراستنی بوونی نەتەوەیە. لە سەدەکانی ڕابردوودا حکوومەتەکان لە ڕێگەی سیاسەتی ئاسمیلەکردن و قەدەغەکردنی خوێندن بە زمانی کوردی و گۆڕینی ناوی شار و گوند و شەقام و شاخ و هەر شتێک کە ناسنامەی کوردیی پێوە بوو، هەوڵی شکاندنی ئەو قەڵایەیان داوە. ئەزموونی مێژوویی کورد ئەوە دەردەخات کە هەوڵدان بۆ لەنێوبردنی زمانی دایکی پێشمەرجێک بۆ بێبەشکردن لە بواری سیاسی و ئابووریبیدایە. چونکە زمانێک کە لە پەروەردە و ڕاگەیاندن و بەڕێوەبەریی وڵاتدا بێبەش کراوە، وردە وردە لە یادەوەریی فەرمی و دواتر لە مافی بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆی دوور دەخرێتەوە.

تێڕوانینی دژە فاشیستیی کورد بە وردی لەو ئەزموونە مێژووییەوە سەرهەڵدەدات. فاشیزم، بە هەموو شێوەکانییەوە، لەسەر حاکردنی فرەچەشنی و سەپاندنی شوناسێکی باڵاتر بنیات نراوە. کاتێک دەوڵەت یان ئایدۆلۆژیای باڵادەست تەنیا یەک زمان و چیرۆکی پێ ڕەوایە، مافی ژیانی شوناسەکانی دیکە ڕەتدەکاتەوە. لە بەرامبەر ئەم لۆژیکە، پاراستنی زمانی دایک، کارێکی دێمۆکراتیک و دژە فاشیستییە. چونکە جەخت لەسەر بنەمای یەکسانیی کولتووری و مافی فرەچەشنیی کۆمەڵگا دەکات.

لە لایەکی دیکەوە پرسی زمانی کوردی لە چوارچێوەی کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا شیکاری دەکرێت. دابەشبوونی خاکی کوردستان لەنێوان چەند دەوڵەتێکدا لەدوای ڕووخانی ئیمپڕاتووریی عوسمانی، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئیرادەی نەتەوەی کورد، دەسەڵاتێکی داگیرکەری دروست کرد کە تیایدا کورد خرایە نێو دۆخێکی "دوورخراو"دا. لەم جۆرە هەلومەرجەدا زمان بووەتە هۆکاری سەرەکیی ململانێ. لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش کە ئایا نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت مافی ئەوەی هەیە زمانەکەی لە کایەی گشتی و فەرمیدا بە کار بهێنێت؟ زۆر جار وەڵامی داگیرکەران نەرێنی بووە. ئەگەریش هەندێک جار وەڵامەکە بە ڕواڵەت ئەرێنی بووبێ، بەڵام لە ڕاستیدا پێچەوانەکەی جێبەجێ کراوە.

لێرەدا گرینگیی بیرۆکەکانی فرانتس فانۆن دەردەکەوێت. فانۆن لە شیکارییەکانیدا بۆ کۆلۆنیالیزم دەنووسێت کۆلۆنیالیست نەک هەر خاک داگیر دەکات، بەڵکو عەقڵ و زمانی نەتەوەی کۆلۆنیکراویش داگیر دەکات. بە بڕوای فانۆن، کۆلۆنیالیزم بە بێڕێزیکردن بە زمانی خەڵکی ناوچەی کۆلۆنیکراو و سەپاندنی زمانی داگیرکەر، جۆرێک لە خۆنامۆبوون لای نەتەوەی داگیرکراو دروست دەکات. فانۆن جەخت لەوە دەکاتەوە کە ڕزگاریی نەتەوەیی، تەنیا پرۆسەیەکی سیاسی نییە بەڵکو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەڕانەوەی کەرامەتی کولتووری و زمانەوانیش لەخۆدەگرێت. ئەگەر ئەم شیکارییە لەسەر بارودۆخی کورد جێبەجێ بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە خەبات بۆ پەروەردە و دانپێدانانی زمانی کوردی بەشێک لە خەباتی ڕزگاریی نەتەوەییە.

ڕۆژی زمانی دایک دەرفەتێکە بۆ ئەوەی دووبارە ئەم پەیوەندییە ڕوون بکەینەوە. لە ساڵانی ڕابردوودا کورد بە دامەزراندنی قوتابخانەی نافەرمی و بڵاوکردنەوەی کتێب و بڵاوکراوە بە زمانی کوردی و پەرەپێدانی ئەدەب و هونەری هاوچەرخ نیشانی دا کە زمانەکەی زیندووە. بەڵام ژیانی کولتووری، بەبێ گەرەنتیی مافە سیاسییەکان، هەمیشە لەژێر هەڕەشەدایە. تا ئەو کاتەی مافی چارەی خۆنووسین بە فەرمی نەناسرێت، هەر دەستکەوتێکی کولتووری دەتوانرێت بە فەرمانی سیاسی سنووردار بکرێت یان قەدەغە بکرێت.

بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان، پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسینی گەلانیش پرەنسیپێکە کە لە بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دانپێدانراوە. ئەگەر نەتەوەیەک زمان و کولتوور و مێژوو و خاکێکی هاوبەشی هەبێت، ناتوانرێت لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بێبەش بکرێت. خەبات بۆ سەربەخۆیی کوردستان، لەم چوارچێوەیەدا، خۆخافڵاندنێکی سیاسی نییە، بەڵکوو هەوڵێکە بۆ دەستەبەرکردنی هەمیشەیی مافە نەتەوەییەکان. ئەو مافانەی کە بریتین لە پەروەردە و بەڕێوەبردنی کوردستان و گەشەپێدانی ئابووری و پاراستنی ناسنامەی کولتووری.

ڕەخنەگرانی سەربەخۆیی، هەندێک جار ئەم هەوڵە وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر سەقامگیریی ناوچەکە دەبینن، بەڵام ئەزموونەکان دەریانخستووە کە سەرکوتکردنی شوناسەکان و نکۆڵیکردن لە مافە نەتەوەییەکان هۆکاری سەرەکیی ناکۆکین. ئاشتیی ڕاستەقینە تەنیا کاتێک بەدی دێت کە پەیوەندی نێوان گەلان لە سەر بنەمای یەکسانی و ڕەزامەندیی یەکتر بێ نەک بە زەبری هێز و ئینکار. لە ڕوانگەی زۆرێک لە چالاکانی کوردەوە، سەربەخۆیی، ڕێگایەک بۆ ڕزگاربوون و خۆپاراستن لە بەردەوامیی زوڵم و چەوساندنەوەیە. زوڵمێک کە تێچووی قورسی مرۆیی و ئابووریی بەسەر هەموو دانیشتوانی ناوچەکەدا سەپاندووە.

هاوکات زمانی دایک ڕۆڵی بڕبڕەی پشتی ئەم پرۆژە ڕزگارکەرە دەگێڕێت. ئەو زمانەی هەڵبەستی پێ دەنووسرێت و مێژوو دەگێڕێتەوە و خەونی ئازادی دەردەبڕێت، تەنیا ئامرازی پەیوەندیگرتن نییە، بەڵکو ئەو ماڵەیە کە نەتەوەیەک خۆی تێدا دەناسێنێت. کاتێک منداڵ بتوانێت بە زمانی دایکی فێر بێت و بیر بکاتەوە و وەبەرهێنان بکات، هەستی گەشەکردن و متمانە بەخۆبوونی بەهێزتر دەبێت. بە پێچەوانەوە ئینکاری ئەم مافە کەلێنێکی قووڵ لە نێوان شوناسی تاک و بەکۆمەڵدا دروست دەکات. بۆیە بۆ کورد ڕۆژی زمانی دایکی بیرهێنانەوەیەکە کە ململانێی کولتووری و سیاسی لە یەک جیا ناکرێتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ڕەشەمەی ٢٧٢٥

مافی پەروەردە بە زمانی کوردی، دروستکردن و پاراستنی ڕاگەیاندنی سەربەخۆی کوردی و هەوڵدان بۆ ناساندنی ئەم زمانە لە هەموو ئاستەکانی دەستهەڵاتدا هەنگاوگەلێکن بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی. وەک فانۆن گوتی ڕزگاری بەبێ بنیاتنانەوەی کولتووری بەدی نایەت و کەموکورتیی خۆی هەیە. کولتووریش بەبێ دەسەڵاتی سیاسی بە لاوازی دەمێنێتەوە.

ئەمڕۆ لە جیهانێکدا کە زیاتر لە هەموو کاتێک باس لە فرەچەشنی و فرەکولتوری دەکرێت، تاقیکردنەوەی ڕاستەقینەی فرەچەشنی لە قبوڵکردنی گەلانی وەک کورددایە. ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئامادەیە بنەماکانی یەکسانی و مافی چارەی خۆنووسین بپارێزێ؟ یان بەرژەوەندیی ژیۆپۆلیتیک، مافی گەلان پێشێل دەکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە ئایندەی زمانی کوردی و چارەنووسی سیاسیی کوردستان دیاری دەکات. بەڵام ئەوەی نکۆڵیی لێ ناکرێ، ئەمەیە کە تا ئەو کاتەی کە زمان لە ناو نەچێ، خەونی ئازادی بەردەوام دەبێت. ڕۆژی زمانی دایکی بیرهێنانەوەی ئەم پەیوەندییە نەشکاوەی نێوان وشە و ئازادییە. پەیوەندییەک کە هیچ سیاسەتێکی ئینکارکەر ناتوانێت بیشکێنێت.

٣ی ڕەشەمە ٢٧٢٥

---



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەیاننامەی ڕاگەیاندنی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران




**خەڵکی خەباتکاری کوردستان!**
**حیزب و لایەنە سیاسییە کوردستانی و ئێرانییەکان!**
**ئازادیخوازان و خەباتگێڕانی سەرانسەری وڵات!**

بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیان ساڵە بە شێوەی ڕێکخراو و بەردەوام دژی سەرەڕۆیی و دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ناوەندگەرا لە پێناو مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانی خۆیدا خەبات دەکات. کوردستان دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییش هەر سەنگەر و ناوەندی سەرەکیی خەبات و خۆڕاگری دژی ئەو ڕێژیمە سەرکوتگەرە بووە. کوردستان لەو ماوەیەدا تێچوویەکی زۆری بۆ خەبات و خۆڕاگریی خۆی داوە. شەڕی بەسەردا سەپاوە، دەیان ڕێبەری سیاسیی ئێعدام و تیرۆر کراون، هەزاران ڕۆڵەی خەباتکار و چالاکی سیاسی شەهید بوون و لە زیندانەکاندا گیانیان لێ ئەستێندراوە، کوردستانیش وەک جوغرافیایەکی داگیرکراو میلیتاریزە کراوە و بە سیاسەتی سەرکوت و تاڵانوبڕۆ لەلایەن حکوومەتی کۆماری ئیسلامییەوە ئیدارە کراوە.

ئێمە ئەم حیزبە سیاسییانەی "هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران"مان واژۆ کردووە، بە پشتبەستن بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مێژووی خەبات و تێکۆشانمان و بە سەرنجدان بە پێویستییەکانی وەڵامدانەوە و خۆدیتنەوە لە دۆخی سیاسیی ئێستای ئێراندا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هیچ شەرعییەتێکی سیاسیی بۆ نەماوەتەوە، بەڵام مخابن بەهۆی پەرتەوازەیی هێزە سیاسییە دژبەرەکانی ڕاوەستاو بووە؛ لە کوردستان وزە و ڕیزەکانی خەباتگێڕیی خۆمان یەک خستووە و هاوپەیمانییەکی سیاسیمان ڕاگەیاندووە. مەبەستی سەرەکیی ئەم هاوپەیمانییە کە پاش قۆناغی گۆڕینەوەی بیروڕا و کاری مەیدانی لە "ناوەندی دیالۆگ بۆ هاوکاری"دا پێکهاتووە، یەکڕیزی و هاوخەباتیی پتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ئێران و پیدانی قورسایی و دەوری زیاتری کوردستان و بزووتنەوە سیاسییەکەی لە خەبات دژی کۆماری ئیسلامی، دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان و چۆنیەتیی دارشتنەوەی ئێرانی داهاتوویە.

ئامانجە سەرەکی و هاوبەشەکانمان لەو هاوپەیمانییەدا خەبات بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد و بنیاتنانی دامەزراوەیەکی نیشتمانی و دێموکراتیک لەسەر بنەمای ئیرادەی سیاسیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ئێمە بە پشتیوانی لە خەبات و نارەزایەتیی سەرانسەریی نەتەوەکانی ئێران دژی کۆماری ئیسلامی لەو قۆناغەدا پێ لەسەر پێویستیی هەماهەنگی و هاوخەباتی سیاسی و مەیدانیی نێوان حیزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستانی ئێران لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکانی بەشەکانی دیکەی ئێران دادەگرین. ئێمە وێڕای داکۆکی لە شکڵگرتنی قۆناغێکی گواستنەوەی دێموکراتیک و گشتگیر، بنەمای هەر هاوکاری و هاوپەیمانییەکمان لەگەڵ لایەنەکانی دیکە بە ڕەسمییەت ناسینی مافی نەتەوەیی نەتەوەکان، قبووڵکردنی دێموکراسی و ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە دیکتاتۆرییەک دەبێت.

ئێمە لەو هاوپەیمانییەدا باوەڕمان بە پاراستنی ژینگە و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی، مافی یەکسانی ژنان و پیاوان، چەسپاندنی هەڵبژاردنی ئازاد، دابینبوون و دەستەبەرکردنی مافە بنەڕەتییەکانی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی کوردستان و بە دامەزراوەکردنی سیستمی بەڕێوەبەری و دێموکراتیک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە. هاوکات لەگەڵ ئەوە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی نیزامێکی سیاسیی دێموکراتیک و سێکۆلار لە ئێران کە مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییە جۆراوجۆرەکانی ئەو وڵاتە دەستەبەر بکات؛ بە ئەرکی خۆمان دەزانین.

ئێمە باوەڕمان وایە لە ئێستادا پتر لە هەرکاتێک یەکیەتیی سیاسی و هاوگوتاری لایەنە سیاسییەکان و تێکۆشانی هاوبەشی مەیدانییان مەرجی بەهێزکردنی پێگەی کورد لە هاوکێشە سیاسییە بەردەوام بگۆڕەکانی ئێرانە. بۆیە ئامادەی هاوکاری کردنین لەگەڵ هەموو حیزب و لایەنە سیاسییەکانی دەرەوەی هاوپەیمانییەکەمان و هەموو خەڵکی کوردستانیش بۆ خۆدیتنەوە لە هاوپەیمانییەدا بانگهێشت دەکەین.

## هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

(٣ - ١٢ - ١٤٠٤) ٢٢ - ٢ - ٢٠٢٦)

**ئەندامانی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران پێکهاتوو لە:**

- پارتی ئازادیی کوردستان
- پارتی ژیانی ئازادی کوردستان
- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

٣ی ڕەشەمە ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کوردستان، قەڵغان و قەڵای ئازادی






**عەلی بداغی**

**٤٧ ساڵ بە سەر شۆڕشی ١٣٥٧ و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی تێپەڕی. هەڵبەت بزووتنەوەی مافخوازی لە کوردستان لە چوارچێوەی ڕێکخراوی سیاسی دژی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی پتر لە ٣٥ ساڵ پێش ئەو ڕێکەوتەش دەستی پێکردبوو؛ بۆیە کوردەکان بەو پاشخانە لە ئەزموون و خەبات دژی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی لەو ڕاپەڕینەدا بەشدار بوون و خەڵک**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و حیزب و لایەنە سیاسییەکان لە کوردستان بەشداریی چالاکانەیان لە ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتیدا کرد. بەڵام لە ڕاستیدا کوردەکان بە مافەکانیان نەگەیشتن و تێچوویەکی زۆر قورسیشیان بۆ خەبات و خۆڕاگریی دواتریان دا.

کوردستان کە پێشتر ڕووبارێک خوێنی لە خەبات دژی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەویدا لەبەر ڕۆیشتبوو، بە هیوای ڕزگاری، گەیشتن بە مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانی، بەشداری و هاوبەشیی سیاسی و چێکردنی قەوارەیەکی خۆبەڕێوەبەری تەقڵی شۆڕشی ١٣٥٧ ببوون؛ بەڵام بە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی پرسی کورد لە بابەتێکی سیاسی ڕا کرایە پرسێکی ئەمنییەتی و لەبری وتووێژ فیتوای جیهادی لەدژ درا و شەڕ و لەشکەرکێشی بە سەر کوردستاندا سەپێندرا. ڕاستە کوردستان بوو بە سەنگەری خەبات و خۆڕاگری دژی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتووی کۆماری ئیسلامی، بەڵام بۆ ئەوەش تێچووی قورسی دا. لە پێناو ئەو خۆڕاگری و مافویستییەدا شار و گوندەکانی کوردستان قەڵاچۆ کران، حیزبە سیاسییەکانیان هەڵوەشاوە ڕاگەیەندرا و ڕێ لە کار و چالاکیی ئاشکرایان گیرا، هەزاران ڕۆڵەی کورد گیانیان لێ ئەستێندرا، ڕێبەرانی کورد لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات کەوتنە بەر شاڵاوی تێرۆر، ژینگەی کوردستان تێکوپێک درا و سووتێندرا، کوردستان سیستماتیک خرایە پەراوێزەوە و لە هەموو بەرەوپێشچوونێک بێبەش کرا، بە حاشاکران لە زمان و شوناس و کولتوورەکەی هەوڵ بۆ تواندنەوەی و نەهێشتنی تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی درا، کوردستان میلیتاریزە کرا و بوو بە تاقیگەی هەڵکشانی پلەوپایەی فەرماندەرانی جینایەتکاری سپای پاسداران.

کوردەکان لە هەموو ماوەی دەسەڵاتی ئەم ڕێژیمەدا بەتوندی سەرکوت کران، چونکی حکوومەتی ناوەندگەرا و ئایدۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی کراوەیی، فرەیی و پلۆرالیزمی سیاسیی کوردستانی بە گەورەترین هەڕەشە لەسەر بوونی خۆی زانیوە. دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری، ڕێکخستنی حیزبی، کێبرکێی سیاسی، سێکۆلاریزم و جێکەوتنی کولتووری فرەیی ئەگەر بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی سیاسی و زیندووی کوردستان بوو، بەڵام ڕێژیم ئەمانەی بە مەترسییەکی زۆر گەورە لەسەر دەسەڵاتەکەی و مۆدێلی "ویلایەت و ئوممەت" سەیری دەکرد و کردووە. کۆماری ئیسلامی لەوە تۆقیبوو گەشەکردنی بزووتنەوەی کورد پەل باوێتە ناوچەکانی دیکەی ئێران و داخوازە دێموکراتیکەکانی کوردەکان لەنێو نەتەوەکانی بەلووچ، عەرەب و پێکهاتەکانی دیکەی وڵاتیشدا پەرەی پێ بدرێ و ئالەنگاریی گەورە لە بەردەم نیزامی ناوەندگەرا و ئایدۆلۆژیکی ڕێژیمدا دروست بکات. بۆیە کوردستان بە توندی سەرکوت کرا و لە خۆڵ و خوێن وەردرا. دەبێ ئەوەش بگوترێ کە ئەو هێرش و پەلامارە تەنیا سەرکوتی نەتەوە و بزووتنەوەیەکی مافخواز و دێموکراتیک نەبوو؛ بەڵکوو لەنێوبردنی گەراکانی بیری دێموکراسی، یەکسانیخوازی، ئازادیخوازی و مافویستی لە سەرانسەری ئێران بوو.

کوردستان وەک هەڕەشەیەکی ئەمنییەتی بۆ سەر تەواوەتیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ٤٧ ساڵە خوێنی لێ دەچۆڕێ، بەڵام



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ تاقه یەک ڕۆژیش کۆڵی نەداوه. بزووتنەوەی چەکداری و پێشمەرگانەی کوردستان ڕەنگه بەهۆی نەبوونی باڵانسی هێز له نێوان توانای مرۆیی و چەکوچۆڵی حیزبەکان له چاو دەسەڵاتی ناوەندی لەکزیی دابێ، بەڵام بزووتنەوه سیاسی و مافخوازییەکەی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر گەشەی کردووه. کوردستان قەت شەرعییەتی به دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی نەدا، قەت دەستی له ماف و داخوازییەکانی هەڵنەگرت، حیزبەکانی زەبری گەورەیان وێ کەوت بەڵام قەت مەیدانی خەباتیان چۆڵ نەکرد و قەت دەرفەتی ئەوه به کۆماری ئیسلامی نەدرا مۆدێلی تیرۆوانین و بیرکردنەوەی بەسەر کوردستاندا بسەپێنێ. کوردستان وەک زیندووترین کۆمەڵگەی سیاسیی ئێران بەهێز و بەگوڕ مایەوه. خەباتی کوردەکان له شەڕ و خۆڕاگریی پێشمەرگانەوه بۆ بەرگریی مەدەنی و کۆمەڵایەتی له چوارچێوەی خەباتێکی فرەڕەهەندی شوناسخوازیدا پەرەی پێ درا و پاشخانێکی زێڕینی لێ بەرهەم هات که نموونەکەیمان له بزووتنەوەی ژینا (ژن، ژیان، ئازادی)، ڕاپەڕین و مانگرتنه سەرکەوتووەکەی بەفرانباری ئەمساڵدا بینی.

له ڕوویەکی دیکەشەوه ٤٧ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی و وەڵاموەرگرتنەوه له کوردستان هەرسهێنانی پرۆژەی برەودانی ئایدۆلۆژییەکەی لەنێو کورداندا بوو. کۆماری ئیسلامی هەوڵی زۆری دا شوناسی دینیی شیعیزمی حکوومەتی لەبری شوناسی نەتەوەیی-کولتووریی کورددا جێ بخا و بەتایبەت جۆراوجۆریی ئاییزانیی له کوردستان له پارێزگاکانی کرماشان و ئیلامی بۆ ئەو دابڕان و جێخستنه بەکار هێنا؛ بەڵام له کوردستان خەڵک خاوەندارەتی له زمان و شوناسی نەتەوەیی خۆی کرد و مانگرتنه سەرانسەرییەکەی کوردستان له بەفرانبار به مەبەستی پتەوکردنی پتری هاوپێوەندیی ناوچەکانی سەروو و ناوەند لەگەڵ خوارووی کوردستان له ئیلام و کرماشان نموونەیەکی زیندوو و سەرکەوتوویه لەو شوناسخوازییه نەتەوەییه.
کۆماری ئیسلامی که ٤٧ ساڵی لەوه پێش یەکەم شەپۆلەکانی سەرکوت و تێرۆرەکانی له کوردستان دەست پێکردبوو، هەموو هەوڵی ئەوه بوو دابڕان بخاته نێوان حیزبه سیاسییەکان و کۆمەڵگەی کوردستان. له لایەک به سەپاندنی شەڕێکی نابەرامبەر، تێرۆر، بۆمبدانانەوه و مووشەکهاوێژی هەوڵی دا حیزبەکان سەرکوت بکا و له بەینیان بەرێ؛ له لایەکی دیکه به ڕیوایەتسازیی درۆ له ڕێگەی دەزگای پروپاگەندەی بەربڵاوی خۆیەوه ڕوومایەکی دی لەو حیزبانه پێشانی نەوەی نوێی کۆمەڵگەی کوردستان بدا. بەڵام لەوەشدا هەر سەری له بەرد کەوت. ویژمانی نەتەوەیی کورد هەر هات و بەهێزتر بوو، لاوانی کورد به بەردەوامی خۆیان له ڕیزی حیزبه سیاسییەکانیاندا دیتەوه، له نێوخۆی وڵات ئەکته سیاسییەکان لەسەر داوا و به دەستپێشخەریی حیزبه سیاسییەکان هەر هاتن و زیادیان کرد، مانگرتن و خۆپێشاندان و بانگەوازێک نەبووه حیزبەکان داوایان کردبێ و سەرەڕای تێچووی قورس و زۆری بەڵام له کوردستان به سەرکەوتوویی وەڵامی وەرنەگرتبێتەوه. نەورۆزی خاکیپۆشانی بەهاری ئەمساڵ و مانگرتنەکەی ئەمدواییانەی مانگی بەفرانبار نیزیکترین فاکتی ئەو پێوەندییه زیندوو و ئۆرگانیکه لەنێوان حیزبی دێموکرات و کۆمەڵگەی کوردستاندا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رەشەمەی ٢٧٢٥

کوردستان ئێستاش لە دۆخی هەنووکەیی کۆماری ئیسلامی و بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانی دژی ئەم ڕێژیمە لە ئاستی ئێراندا قوورسایی تایبەت بە خۆی هەیە و دەتوانێ یارمەتیدەری سەرکەوتنی ڕاپەڕینەکان بێت. بزووتنەوەی سیاسیی کورد بە پێداگریی لەسەر خەباتی خۆی بۆ ئازادی، دێموکراسی، دادپەروەری و مافەکانی مرۆڤ لە تەنیشت سووربوونی لەسەر مافە نەتەوەییەکانی دەتوانێ درز بە ڕیوایەتسازییەکانی کۆماری ئیسلامی دژ بە جووڵانەوەی کورد بدات. لە لایەکی دیکەش کوردستان بەهۆی خەبات و خۆڕاگرییە لەمێژینەکەی و هەروەها ئەزموونی ڕێکخستنی سیاسی و ڕەواندنەوەی ترس و ورەبەخشینەوە دەتوانێ ئیلهامدەری ناڕەزایەتییەکان لە ناوچەکانی دیکەش بێت. بزووتنەوەی کوردستان بە گواستنەوەی ئەزموونەکانی لە بواری سیاسی و ڕێکخستنەوە بۆ بزووتنەوە سیاسی و مەدەنییەکانی بەشەکانی دیکەی ئێران دەتوانێ ڕۆڵی ئاراستەکەر و بەردەوامیەتی بە ناڕەزایەتییە پرشوبڵاوەکان لە ئاستی ئێراندا بدات. بزووتنەوەی کورد هەروەها بەهۆی کارامەیی حیزبە سیاسییەکانی خاوەن پێگەیەکی بەهێزی دیپلۆماسی لە دەرەوەی وڵاتە و بەمەش دەنگی ناڕەزایەتییەکان باشتر دەگاتە کۆڕ و کۆمەڵە و ناوەندە سیاسییەکانی جیهان و سەرنجی میدیا نێودەوڵەتییەکان پتر بۆ سەر پرسی ناڕەزایەتییە سەرانسەرییەکان ڕادەکێشێ.

هەوڵی ئەو ماوەیەی ناوەندی دیالۆگ بۆ هاوکاریی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانش چ لەڕووی نیزیککردنەوەی گوتاری سیاسی، چ لە ڕووی کاری مەیدانی و پێکەوەیی لایەنەکانی نێو ناوەندەکە ئەو هیوایەی دروست کردووە کە بە پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی کوردستانی ڕۆڵی بنەڕەتییش لە یەکگریی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراتیکی ئێراندا بگێڕێ و ببە کۆڵەکەیەکی گرینگی سەرکەوتنی ڕاپەڕین و ناڕەزایەتییەکان دژی کۆماری ئیسلامی و تێپەڕین لەو ڕێژیمە دیکتاتۆرییە دابندرێ. ڕووداوەکانی ٤٧ ساڵی ڕابردوو پێمان دەڵێن کوردستان هەموو کاتێک دژ بە کۆماری ئیسلامی قەڵا و قەڵغانی ئازادی بووە.

٤ی رەشەمە ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هاوپەیمانیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، چۆن مەتەڵی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران هەڵدەهێنێت؟






**شاڕوخ حەسەنزادە**

یەکێک لە قووڵترین و درێژخایەنترین تەنگژەکانی پرۆسەی وەرچەرخانی دێموکراسی لە ئێرانی هاوچەرخدا، قەیرانی بەدیل (ئەلتەرناتیڤ) و نەبوونی یەکگرتوویی لەنێوان هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆندا بووە. مێژووی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی دەیەکانی ڕابردوو دەیسەلمێنێت کە تێپەڕین لە پێکهاتە دەسەڵاتخواز و ناوەندگراکان، بەر لە هەر شتێک، پێویستی بە

داڕشتنی بەدیلێکی بەهێز، یەکگرتوو و فرەچەشن هەیە. لەم بنبەستە سیاسییەدا، ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هەمیشە وەک یەکێک لە چالاکترین و پڕوزەترین ناوچەکانی جوگرافیای سیاسیی ئێران ناسراوە، هەنگاوێکی مێژوویی ناوە. ڕێککەوتنی ستراتیژی و پێنجلایەنەی ٣ی ڕەشەممەی ١٤٠٤ لەنێوان لایەنە سەرەکییەکانی کورددا، وەرچەرخانێکی گرنگە لەم ناوچەیەدا و وەک "گۆڕانکاریی لە تێڕوانین" (پارادایم) لە تەواوی کایەی سیاسیی ئێراندا ئەژمار دەکرێت.

ئەم هاوئاهەنگییە بێوێنەیەی نێوان "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، ڕێکخراوی خەبات، پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) و پارتی ئازادیی کوردستان (پاک)"، دەرەنجامی گەشەکردنێکی فکری و پێگەیشتنێکی دامەزراوەیییە کە ڕەگی لە نێو پڕۆسەیەکی پڕ هەوراز و نشێوی سێزدەساڵەدا هەیە. ئەم ڕێگەیە لە هاوکارییە دوولایەنەکانەوە لە ساڵی ١٣٩١دا دەستی پێکرد، لە نێو جەرگەی خۆپێشاندانە سەرتاسەرییەکانی بەفرانباری ١٣٩٦دا بە دامەزراندنی "ناوەندی هاوکاریی حیزبەکان" شێوەی گرت و لە کاتی بزووتنەوەی ١٤٠١ (بزووتنەوەی ژینا) گەیشتە لووتکە. لەو قۆناغە مێژووییەدا سەلمێندرا کە کوردستان خاوەنی ناوەندێکی سیاسیی ژیر و لێهاتووە کە دەتوانێت ئیرادەی فرەدەنگیی شەقام ڕێک بخات و وەک هێزێکی سیاسیی مەدەنی، کاریگەرییەکانی خۆی دەربخات.

دەبێت ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە پەیوەندییە ئۆرگانیکییەکەی نێوان بزووتنەوەی ژینا و ئەم هاوپەیمانییەی ئێستا، بە هیچ شێوەیەک ڕێکەوت نییە. کوردستان کە پێشتر بە داهێنانی دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" توانیبووی ڕێنسانسێکی کولتووری و کۆمەڵایەتی بۆ تەواوی ئێران بگوازێتەوە، ئێستا بەم هاوپەیمانییە مۆدێلێکی "ئاوەزمەندیی سیاسی" پێشکەش دەکات. لە بارودۆخێکدا کە ناوکی سەختی دەسەڵات لە تاران لەگەڵ قەیرانە ئاڵۆزەکانی شەرعییەت، دارمانی ئابووری و گۆشەگیریی نێودەوڵەتیدا دەستەویەخەیە، نەبوونی بەدیلێکی ڕێکخراو هەمیشە گەورەترین کارتی سەرکەوتنی ڕژێم بووە بۆ مانەوە. ئەم هاوپەیمانییە نیشانی دا کە ئۆپۆزیسیۆن دەتوانێت لە فەزای سست و دەرکردنی بەیاننامە بێکاریگەرەکان بێتە دەرەوە و بە پشتبەستن بە ڕێکخستنی مەیدانی و پێگەی کۆمەڵایەتی، بەدیلێکی ئەرێنی (ئیجابی) بخوڵقێنێت.

بەڵام ئەوەی ڕێککەوتنی ٣ی ڕەشەممە لە هەموو هەوڵەکانی پێشوو جیا دەکاتەوە، تێپەڕینی یەکجاریی ئەم حیزبانەیە لە لۆژیکی هاوکارییە تاکتیکی و کاتییەکان بەرەو "بنیاتنانی بەرەیەکی دامەزراوەیی". بە سەرنجدان لە دەقی ئەم ڕێککەوتنە و شێوازی ڕیزبەندیی هێزەکان تێیدا، زاڵبوونی جۆرێک لە تێگەیشتنی قووڵی ڕاستیبینیی سیاسی (ڕیالیزم) بە ڕوونی دیارە. گرنگیی ئەم بەرە مێژووییە ئەو کاتە دوو هێندە دەبێت کە بەبیری بهێنینەوە حیزبەکانی کوردستان لە دەیەکانی ڕابردوودا نەک هەر لەگەڵ دەزگای سەرکوتی حکومەتی ناوەندیدا لە خەباتدا بوون، بەڵکوو لە هەندێک قۆناغدا باجی قورسیان بۆ ڕکابەری و بەرهەڵستییە نێوخۆییەکان داوە. بۆیە، دانیشتن لە دەوری یەک مێز و واژۆکردنی بەڵگەنامەیەک کە

مافی هەمووان دەستەبەر بکات، نیشانەی تێپەڕینێکی بوێرانەیە لە برینەکانی ڕابردوو و گەیشتنە بە ئاستێک لە لێبووردەیی و پێگەیشتنی ئاوەزمەندانە و دێموکراتیک کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی پڕ لە تەنگژەی ئەمڕۆدا، شتێکی ناوازە و ئیلهامبەخشە.

گرنگترین دەسکەوتی تیۆری و پراکتیکیی ئەم هاوپەیمانییە، چارەسەرکردنی دژبەریی "نەریت و مۆدێرنیتە"یە لە گۆڕەپانی سیاسەتدا. کۆبوونەوەی لایەنێک بە پێگەیەکی ئایینی-نەریتی لەپاڵ لایەنێکی تر بە پێشینەی چەپی کۆمۆنیستی و خوێندنەوە نوێیەکان بۆ دێموکراسی و تەنانەت سەربەخۆییخوازی، لەگەڵ حیزبێکی نەتەوەیی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی بەهێز و تەمەنی ٨٠ ساڵەوە، نیشانەی سازانێکی مێژوویییە لەسەر چەمکە بنەڕەتییەکان. قبووڵکردنی هاوکاتی بنەماکانی وەک "مافی چارەی خۆنووسین" لەگەڵ پابەندبوونی بێمەرج بە "سێکۆلاریزم"، "دادپەروەریی ڕەگەزی" و "پاراستنی ژینگە"، کوردستانی لە جوگرافیایەکی جێگەی ناکۆکییەوە بۆ جوگرافیایەکی پێشەنگ لە پێکهاتەسازیی مەدەنیدا بەرز کردووەتەوە.

لە شیکارییەکی گشتگیردا، ئەم هاوپەیمانییە پەیامێکی ڕاشکاو و کردەیی بۆ تەواوی جوگرافیای سیاسیی ئێران دەنێرێت؛ ئەوەی کە پەیمانی نێوان بژاردەکان و هێزە جیاوازەکان نەک هەر ئەگەری هەیە، بەڵکوو تاکە ستراتیژیی دەرچوونە لە بنبەستی ئێستا. ئەم حیزبانە بە جەختکردنەوە لەسەر دابینکردنی ماف و ئازادیی نەتەوەی کورد و چۆنیەتیی دارشتنی پێکهاتەی داهاتووی ئێران، ئامانجە سەرەکی و هاوبەشەکانی خۆیان بەم شێوەیە ڕاگەیاندووە: خەبات بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، وەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسینی کورد و دامەزراندنی قەوارەیەکی نەتەوەیی و دێموکراتیک لەسەر بنەمای ئیرادەی سیاسیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەوان مۆدێلێکی نوێ لە دابەشکردنی دەستەڵات پێشنیاری ڕای گشتی دەکەن؛ مۆدێلێک کە وەڵامێکی پێکهاتەیییە بۆ چەندین دەیە هەڵاواردنی سیستماتیک، پەراوێزخستنی ئابووری و سەرکوتی کولتووری. لەم تێڕوانینە پێشنیارکراوەدا، هاوپێوەندی و مانەوە لە چوارچێوەی جوگرافیای ئێراندا وەک گرێبەستێکی سیاسی . کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای دانپێدانانی یەکتر و بەشداریی ئارەزوومەندانە، یەکسان و ئازادانەی هەموو نەتەوەکان پێناسە دەکرێتەوە.

ئەم جووڵە بێوێنەیە، تۆپەکەی خستووەتە گۆڕەپانی لایەنە سیاسییەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانەوە تاوەکو بە نموونەوەرگرتن لەم مۆدێلە، لە پەراوێزکەوتوویی تێپەڕن و بەرەیەکی فراوان پێکبهێنن. هاوپەیمانیی ٣ی ڕەشەمە سەلماندی کە پلۆرالیزم و فرەیی حیزبی، بە پێچەوانەی تێڕوانینە تەسکەکان، هۆکاری لاوازی نییە، بەڵکوو ژێرخانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رەشەمەی ٢٧٢٥

دەستەڵاتێکی شەرعییە. ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەمڕۆ وەک "تاقیگەیەکی دێموکراسی" کار دەکات؛ شوێنێک کە نیشانی دەدات دەکرێت ئەو بۆشاییە دەستەڵاتەی لە دەرەنجامی دارمانی ئەگەریی سیستەمی ئێستادا دروست دەبێت، بە ئاوەزمەندی، تەدبیر و دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی پڕ بکرێتەوە. ئەم هاوپەیمانییە ئێستا لە ڕووداوێکی ناوچەیی زیاترە و ڕۆڵی قیبلەنمایەکی جێی متمانە بۆ وەرچەرخانی دێموکراتیکی هەموو نەتەوەکانی ئێران دەگێڕێت.

٥ی رەشەمە ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ناسیۆنالیزمی بەرهەڵستکار، لە ناسنامەوە بۆ ئازادی!





**هەیاس کاردۆ**

چەمکی ناسیۆنالیزمی بەرهەڵستکار لە مێژووی زۆرێک لە نەتەوەکانی جیهاندا ڕۆڵی کاریگەری گێڕاوە. سروشتی ئەم جۆرە لە ناسیۆنالیزم بەپێچەوانەی ناسیۆنالیزمی زاڵ کە هێرشبەر و چەوسێنەرە، لەسەر بنەمای دیفاع لە ناسنامە، کەسایەتی و دیاریکردنی مافی چارەنووسە. بۆ تێگەیشتن لە دروستیی ئەو چەمکە، خەباتی نەتەوەی کورد باشترین نموونەیە. نەتەوەی

کورد هەرچەند خاوەن وڵات و دەوڵەتی سەربەخۆ نییە، کەچی ناسنامەیەکی مێژوویی، فەرهەنگی و سیاسیی سەربەخۆی هەیە. ئەم ناسیۆنالیزمەی کورد بەدرێژایی زیاتر لە سەد ساڵی ڕابردوو کە هەستی بە ژێردەستەیی کردووە، بێ ڕاوەستان هەوڵی وەدەستهێنانی مافەکانی خۆی داوە.

با لە پێشدا بزانین ئەسڵەن ناسیۆنالیزم چییە؟ لە سادەترین پێناسەی خۆیدا، ناسیۆنالیزم بە وشیاریی دەستەجەمعیی نەتەوەیەک دەگوترێ کە ئاشنا بە ناسنامەی تایبەتی خۆیەتی و هەوڵی ڕاگرتنی دەدا. دیارە هەر کەسیش وەک تاک بەو وشیارییە گەیشتبێ و لە پێناو ئازادیی نەتەوەکەیدا خەبات بکا، ناسیۆنالیستە. دیارە ئەو ناسنامەیە دەتوانێ لەسەر بناغەی زمان، کولتوور، مێژوو، خاک و یان ئەزموونی هاوبەش بنیات نرابێ. بەڵام ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی تاک جەمسەری، یان تاک ڕەهەندی نییە.

**لە مێژوودا دووجۆر ناسیۆنالیزم ئەزموون کراون کە هەر ئێستاش نموونەیان بەرچاو دەکەوێ:**

- ناسیۆنالیزمی مەنفی، یان نەرێنی.
- ناسیۆنالیزمی مۆسبەت، یان ئەرێنی؛ ئەوەی ناوم ناوە (ناسیۆنالیزمی بەرهەڵستکار)

## یەکەم؛ ناسیۆنالیزمی نەرێنی

ناسیۆنالیزمی نەرێنی کە هەمان دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژی بەسەر کۆمەڵگەدایە، زۆر کاولکار و پڕ مەترسییە. ئەوجۆرە ناسیۆنالیزمە کاتێک سەرهەڵدەدا کە نەتەوەیەک، یان دەوڵەتێک خۆی بە مەزنتر و ئەسڵتر لەوانی دیکە بزانێ و بۆ هێنانە ژێر ڕکێفی ئەوانی دیکە دەست بۆ سەرکوت و زەبروزەنگ ببا. مەزنیخوازی، نەفرەت، ڕق، توندوتیژی، دنیا بە چاویلکەی ڕەش و سپی دیتن لە تایبەتمەندیی هەرە بەرچاوی ئەو ناسیۆنالیزمەیە.

نموونەی مێژوویی و کاولکاریی ئەوجۆرە لە ناسیۆنالیزم، فاشیزمی ئەڵمانیی هیتلەرییە کە شەڕی دووهەمی جیهانیی خوڵقاند. جۆرێکی دیکە لەو ناسیۆنالیزمە، شۆڤینیزمی زاڵ بەسەر وڵاتانی وەک ئێران، تورکیە، عێراق و سووریەدایە. سیاسەتی ڕەسمیی هەموو ئەو وڵاتانە سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەی غەیری خۆیانە کە بەداخەوە کورد خۆراکی دایمییان بووە. سیاسەتی گشتیی ئەوجۆرە لە ناسیۆنالیزم کە هەر وەک گوترا لە شکڵی فاشیزم، نازیسم، شۆڤینیزم و شتی وادا خۆی دەردەخا، هێنانە ژێر ڕکێفی هەر ڕەنگ و دەنگێکی جیاواز، بڕینی هەر زمانێکی جیاواز و هەوڵدان بۆ دروستکردنی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆمەڵگەیەکی یەکدەستە کە ناوی (میللەت)یان بۆ دیاری کردووە. خودی دەستەواژەی دەوڵەت-نەتەوەش ڕاست لێرەوە سەرچاوەی گرتووە.

### دووهەم؛ ناسیۆنالیزمی ئەرێنی، یان بەرهەڵستکار

ئەو ناسیۆنالیزمە کاتێک سەرهەڵدەدا کە نەتەوەیەکی ژێردەست بۆ گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاریی خۆی خەباتێکی بەرابەریخوازانە دەست پێ دەکا. لێرەدا زۆربەی ئەندامانی ئەو نەتەوەیە بەو ڕادەیە لە وشیاری گەیشتوون کە بزانن: یەکەم، ناسنامەی جیاوازیان هەیە؛ دووهەم، مافیان پێشێلکراوە؛ سێهەم، پێویستە بۆ ئەستاندنی ئەو مافە خەبات بکەن.

**لەو نموونانەی خوارەوەدا دەتوانین ناسیۆنالیزمی بەرهەڵستکار بدۆزینەوە:**

- خەباتی گەلانی ئاسیا و ئەفریقا بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی لە سەدەی بیستی زایینیدا.
- بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانەی هیندستان لە دژی بریتانیا.
- بزووتنەوەی دژی ئاپارتاید لە ئەفریقای باشوور.

لەو نموونانەدا، ناسیۆنالیزم لەسەر بناغەی ڕق و سەرەڕۆیی بنیات نەنراوە. مەبەستی لەنێوبردنی خەڵکی دیکە نیە. تەنیا هەوڵی گەیشتن بە مافی بەرابەر و کۆتاییهێنان بە نادادپەروەری دەدا.

کورد، وەک نموونەی هەرە بەرچاوی ناسیۆنالیزمی بەرهەڵستکار!
نەتەوەی کورد بەرچاوترین نموونەی ناسیۆنالیزمی بەرهەڵستکاری لە خۆی نیشان داوە. با بزانین هۆی ئەوە چییە:

**کورد کە خاوەن زمان، کولتوور، مێژوو، خاک و بیرەوەریی هاوبەشە، کەچی:**

- بە زۆرەملێ بەسەر چوار وڵاتدا دابەش کراوە.
- لانیکەم لە یەک سەدەی ڕابردوودا بەردەوام لەگەڵ سیاسەتی ژینۆساید، قڕکردن، تواندنەوە، کۆچپێکردن و هی دیکە ڕووبەڕوو بووەتەوە.
- لە بچووکترین مافی ژیانی مرۆڤی سەردەم بەهرەمەند نەکراوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەو حاڵەش هەر وەک دەبینین ناسنامەی خۆی بە باشی پاراستووە. بەو ئاستە لە وشیاری گەیشتووە کە وەدوای کێشەی خۆی بکەوێ و خەباتی لەپێناودا بکا. یەکڕیزی و یەکگرتوویی خۆی بپارێزێ و هەوڵی پەرەگرتنی بدا.

**ناسیۆنالیزمی کورد لە زاتی خۆیدا لەسەر ئەم خسڵەتانە بنیات نراوە:**

١- بەرهەڵستکارانەیە، نەک هێرشبەرانە.
٢- بۆ مانەوە و درێژەی ژیان و کەرامەتی مرۆڤایەتی هەوڵ دەدا.
٣- خوازیاری ئازادی و بەرابەرییە، نەک هێنانە ژێر پێی مافی خەڵکی دیکە.

ئێستا پرسیارە گەورەکە ئەوەیە، کورد چۆن دەتوانێ بە مافە نەتەوایەتییەکانی خۆی بگا؟ هەرچەند تا ئێستا ڕێگەی جۆراوجۆر بۆ گەیشتن بە ئازادی تاقی کراونەتەوە، بەڵام لەوانەیە هێشتا دەرگا ئەسڵییەکە نەدۆزرابێتەوە. بۆ وەی خەباتی هاوبەشمان بەردەوام بێ و لەگەڵ ڕۆحی سەردەمی ئێستا بگونجێ، بە باوەڕی من پێویستە وزە و مێشک و توانای نوێ وەگەڕ بخرێ.

**ئەم ڕێگایانەی خوارەوە دەتوانن یارمەتیدەری زیاترمان بن:**

**یەکەم؛ بردنەسەری وشیاری و یەکگرتوویی زیاتری نەتەوەیی:**

هیچ نەتەوەیەک بەبێ بوونی وشیاریی مێژوویی و یەکگرتوویی نێوخۆیی ناتوانێ بە ئازادی بگا. ڕقەبەرایەتیی ناسالم، ململانێ، دەستە و دەستەبازی، پیلانگێڕی دژی یەکتر، ناوچەگەرایی و شتی لەو بابەتانە بەهێزترین چەکی دەستی نەیارانی کوردە بۆ سەرکوتی خۆمان.

**دووهەم؛ ناسیۆنالیزمی دێموکراتیک:**

ناسیۆنالیزمی کورد دەبێ لەسەر بناغەی دێموکراسی، مافی مرۆڤ و ڕێزگرتن لە نەتەوەکانی دیکە خۆی پێناسە بکا. تەنیا لەو ڕێگەیەوە دەتوانێ مەقبووڵییەتی جیهانی وەربگرێ و شانسی پەرەگرتنی هەبێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رەشەمەی ٢٧٢٥

**سێهەم؛ خەباتی ڕێکخراو و بەردەوام:**

لە کاتی ئێستادا نەتەوەی کورد زیاتر لە هەمیشە پێویستیی بە زمانی سیاسەت، دیپلۆماسیی بەهێز، بەشداریی چالاک لە سەحنەی نێونەتەوەیی، دروستکردنی دامەزراوەی مەدەنی و ڕاگەیەنەری بەهێز هەیە. لەگەڵ ئەوانەش، خۆچەکدارکردنی زیاتر و دەستڕاگەیشتن بە چەکی مۆدێرن و مەشقی دایمی، لە پێویستییەکانە. هێزی سیاسیی خاوەن ئەزموون و نەتەوەیی دەتوانێ داینەمۆی خەباتکارانی ڕێی ئازادی بێ بە شەرتێک لە خەت لانەدا. حیزبایەتی دەبێ تەنیا کەرەستەی گەیشتن بە ئامانج بێ نەک خودی ئامانج.

**چوارەم؛ پاراستن و پەرەپێدانی زمانی کوردی:**

زمان کۆڵەکەی بوونی نەتەوەیە. هەر قوتابخانەیەک سەنگەرێکی بەهێزی بەرگرییە. هەر کتێبێکی کوردی ئەزموونێکی ژیانە. لەسەرمانە لەو چەکە بە باشترین شێوە کەڵکوەربگرین. بە ونبوونی زمان، نەتەوەش دەفەوتێ.

لە یەک وشەدا، ناسیۆنالیزمی بەرهەڵستکاری کورد هەڕەشە لەسەر هیچ لایەنێک نیە. بەڵکوو هاوارێکە بۆ دادپەروەری و بەردەوامیی ژیان. کورد نایهەوێ کەس بسڕێتەوە، هەر وەک ڕێگەش نادا بیسڕنەوە. مێژوو نیشانی داوە هیچ نەتەوەیەک بۆ هەمیشە لەژێر زوڵمدا نامێنێتەوە. هەر ناسنامەیەک بناخەکەی لەسەر حەقیقەت، فەرهەنگ و بیرەوەریی هاوبەش بنیات نرابێ، درەنگ یا زوو ڕێگای خۆی بەرەو مەنزڵی ئازادی و ئاسوودەیی دەدۆزێتەوە.

قسەی کۆتایی: کاتێک ناسیۆنالیزم لە خزمەت کەرامەتی مرۆڤایەتیدا بێ، نەک مەترسیدار نیە، بگرە شانازییە. با هەموومان لەو شانازییە بەهرەمەند بین.

٥ی رەشەمە ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پڕۆفایلکردنی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ شەڕێکی نادیار لە نێوان ئەمنییەتی دەوڵەت، دیپلۆماسی و هۆشیاریی نەتەوەییدا





خالید قادری

## ١- پێشەکی و ڕێبەرە چەمکییەکان

لە وتارێکی پێشوودا، باسم لە شێوازی پڕۆفایلکردنی کورد لە چوارچێوەی تێڕوانینە نێودەوڵەتییەکاندا کرد. لەم وتارەدا

ئامانجم ئەوەیە شیکردنەوەیەکی قووڵتر پێشکەش بە خوێنەران و دڵسۆزانی نیشتمان بکەم سەبارەت بە پرۆفایلکردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێران و سیاسەتەکانی دەوڵەتی ناوەندیدا. هەروەها تیشک دەخەمە سەر پەیوەندیی نێوان کوردی ئەو بەشەی کوردستان و ستراتیژییە ئەمنی و سیاسییەکان و کاریگەریی ئەم سیاسەتانە لەسەر کێشە نێودەوڵەتییەکان و داواکارییە ڕەوا و نەتەوەییەکانی گەلی کورد.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا بەشێک لە جوغرافیای مێژوویی کوردستان نییە ؛ بەڵکوو وەک مەیدانێکی ستراتیژی لە شەڕێکی نادیاردا دەردەکەوێت؛ شەڕێک کە لە پرۆفایلکردنی ئەمنی، کۆنترۆڵی دەروونی و داڕشتنی وێنەی نەتەوەیی پێک هاتووە. لەم مەیدانەدا، دەوڵەتی ئێران بە پشتبەستن بە ئامرازە ئەمنی، میدیایی و دیپلۆماسییەکان، هێندێک جار بە سوودوەرگرتن لە کەشوهەوای نێودەوڵەتی هەوڵی داوە وێنەیەکی دیاریکراوی پێشوەختە بۆ کورد دروست بکات و بەردەوام دووبارەی بکاتەوە.

ئەم پرۆفایلکردنە تەنیا بۆ کۆنترۆڵی نێوخۆیی نییە، بەڵکوو کاریگەرییەکی یەکلاکەرەوەی هەیە لەسەر ئەوەی جیهان چۆن سەیری کێشەی کورد بکات. بەم مانایە، پرۆفایلکردن بووەتە ئامرازێک لە شەڕی نەرمدا؛ ململانێیەک کە ئامانجەکەی تەنیا سنووردارکردنی چالاکیی سیاسی نییە، بەڵکوو گۆڕینی چوارچێوەی تێگەیشتنە (Framing) لە داواکارییە نەتەوەییەکان و بردنیان بۆ خانەی "ناڕەوایی" لە ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیدا.

### ١,١ (دیاریکردنی تیۆریی مێژوویی: پرۆفایلکردن و ئەمنیکردن(Securitization)

لە تیۆریی سیاسەتدا، "ئەمنیکردن" واتە گۆڕینی بابەتێک لە دۆخی گفتوگۆی سیاسییەوە بۆ دۆخی هەڕەشەی ئەمنی، تاوەکوو دەزگاکانی دەوڵەت بتوانن هەنگاوە نائاساییەکانی وەک (دوورخستن، سەرکوت و سنووردارکردن) وەک کارێکی "پێویست" نیشان بدەن. بەڵام "پرۆفایلکردن" زۆرجار وەک دروستکردنی وێنە یان نموونەیەک کار دەکات؛ واتە پێناسەکردنی کورد وەک ئەکتەرێکی دیاریکراو لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا (هەڕەشە/ نێوخۆیی/ پەیوەندیدار بە بێگانە).

ئەگەر ئەمنیکردن "ڕێگەخۆشکردن" بێت، ئەوا پرۆفایلکردن "پێش ڕێگەخۆشکردنە"؛ واتە پێش ئەوەی هەنگاوە ئەمنییەکان دەست پێ بکەن، وێنەیەک دروست دەکات کە لە کۆتاییدا ڕەوایی بە هەنگاوە ئەمنییەکان دەبەخشێت.

### ١,٢- میتۆد و سنووری شیکردنەوە

ئەم وتارە شیکردنەوەیەکی تیۆرییە و لەسەر تێڕوانینی "گێڕانەوە و چوارچێوەسازی"، "بەرهەمهێنانی زانیاری" و پەیوەندیی "ئەمنی-دیپلۆماسی" دەوەستێت. تێبینیی گرنگ ئەوەیە کە مەبەستی وتارەکە ڕازیکردن یان ناڕازیکردنی لایەنێک نییە، بەڵکوو ڕوونکردنەوەی میکانیزمەکانە؛ چۆن بابەتێکی نەتەوەیی و مافخوازی دەگۆڕدرێت بۆ بابەتێکی "ئەمنی" و چۆن ئەم گۆڕانکارییە لە ئاستی نێوخۆوە بۆ ئاستی نێودەوڵەتی دەگوازرێتەوە.

## ٢- ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک "کێشەیەکی ئەمنی": لە مافەوە بۆ هەڕەشە

لە پێکهاتەی سیاسی-ئەمنیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەرەتاوە نەک وەک کێشەیەکی سیاسی یان مافخوازی، بەڵکو وەک مەترسییەکی ئەمنی و هەڕەشەیەک بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی وڵات ناسێنراوە. ئەم خوێندنەوە ئەمنییە، بنەمای هەموو سیاسەت و کردە حکومەتییەکان بووە؛ لە یاسادانان و دەزگای دادوەرییەوە تا میدیا فەرمییەکان و تەنانەت هێرشە سەربازییەکانیش.

لەو چوارچێوەیەدا، داواکارییەکانی کورد لە بوارەکانی زمان، ڕێکخستنی سیاسی و خۆبەڕێوەبردن، نەک وەک مافە سەرەتاییەکانی هاووڵاتیبوون، بەڵکوو وەک هەنگاوێک بۆ "جیاخوازی" و لاوازکردنی یەکپارچەیی خاک نیشان دراون. بەم شێوەیە، پرسیاری بنەڕەتیی "داواکارییەکان چین؟" شوێنی خۆی داوە بە پرسیاری کۆنترۆڵکاریی "چۆن دەبێ سەرکوت بکرێن؟."

### ٢,١- پڕۆفایلکردن و دەزگای یاسا: لە "هاووڵاتی"یەوە بۆ "تۆمەتبار"

لە زۆر بواری سیاسەتدا، پڕۆفایلکردن بە هاوکاریی "دەزگای یاسایی" شێوە دەگرێت. واتە بابەتەکە تەنیا لە میدیاوە ڕەنگ ناداتەوە، بەڵکوو لە دەزگای دادوەری و شێوازی تۆمەتبارکردن و سزاداندا دەچێتە ناو سیستەمەکەوە.

ئەم میکانیزمە کاریگەرییەکی دووسەرەی هەیە:

- لە نێوخۆدا، داواکارییەکان دەخاتە خانەی "تاوان" وەک بەشێک لە پرۆسەی سەرکوتکردن.
- لە دەرەوەدا، "تاوانی ئەمنی" وەک زمانی فەرمی نیشان دەدرێت بۆ ئەوەی بابەتەکە وەک پرسێکی مافخوازی و نەتەوەیی پێناسە نەکرێت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

### ٢,٢- چوار قۆناغی دروستبوونی پرۆفایل (شیکردنەوە)

- **ناونان:** دیاریکردنی ناو و ناسناو (یاخی، تێکدەری ئەمنییەتی، هەڕەشە...).
- **پەیوەستکردن:** گرێدان بە "دەرەکی"، بە "تۆڕەکان" و بە "پرۆژە"ی بێگانەوە.
- **بەڵگەسازی:** بەرهەمهێنانی زانیاری، ڕاپۆرت، دانپێدانانی زۆرەملێ و هەڵسەنگاندنی چەواشەکارانە.
- **دەرئەنجام** :(Outcome) ڕێگریکردن لە پشتگیریی جیهانی، پەکخستنی دیپلۆماسی و زەوتکردنی ڕەوایی لە مافخوازی.

## ٣- پرۆفایلکردنی نێودەوڵەتی: "نێوخۆییکردن"ی کێشەی کورد

### ٣,١- لە چوارچێوەی مافە نێودەوڵەتییەکان و یاسای نێوخۆدا

لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، یەکێک لە گرنگترین میکانیزمەکانی پرۆفایلکردنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کەمکردنەوەی کێشەی کوردە بۆ "بابەتێکی نێوخۆیی" لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا. ئەم تێڕوانینە بە شێوەیەکی ئاشکرا، کێشەی کورد لە بوارە مافە نەتەوەیی و نێودەوڵەتییەکان دادەماڵێت.

لە ڕوانگەی مافی نێودەوڵەتییەوە، گەلان مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان هەیە؛ مافێک کە دەکرێ لە شێوەی سەربەخۆیی، فیدراڵیزم یان خۆبەڕێوەبەریی نێوخۆییدا دەرببڕدرێت. کوردەکان لە زۆربەی قۆناغەکاندا داواکارییەکانیان نەک لە چوارچێوەی سەربەخۆییدا، بەڵکوو لە ژێر ناونیشانی خۆبەڕێوەبەری و فیدراڵیزمدا خستووەتە ڕوو.

بەڵام لە ڕاستیدا، کێشەی کورد لە بنەڕەتدا کێشەیەکی نێودەوڵەتییە. دابەشبوونی کوردستان دوای شەڕەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمی زایینی و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان، بەبێ ویستی گەلی کورد ئەنجام دراون و ئەم ڕاستییە کێشەی کوردی لە بنەڕەتەوە بە سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە گرێ داوە.

### ٣,٢- دیپلۆماسی و ئەمنییەت: هاوکاری بۆ "چوارچێوەسازی"ی کێشەکان

"ناوخۆییکردن" تەنیا دەستەواژەیەکی سیاسی نییە، بەڵکوو پرۆسەیەکی دیپلۆماسییە کە تێیدا گێڕانەوەیەک (نەراتیڤێک) بۆ قەناعەتپێکردنی جیهانی دەرەوە دروست دەکرێت؛ ئەگەر کێشەکە وەک "مافی نەتەوەیی" پێناسە بکرێت، ڕێگەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

میکانیزمە نێودەوڵەتییەکان دەکرێتەوە؛ بەڵام ئەگەر وەک "قەیرانی نێوخۆیی" پێناسە بکرێت، ناوەندە نێودەوڵەتییەکان بە ئاسانی دەڵێن: "ئەمە کارێکی نێوخۆییە". بەم شێوەیە، دیپلۆماسی و ئەمنییەت پێکەوە کار دەکەن تاوەکو دەنگی کورد و ویستەکانیان وەک "تاوان" بناسێنن.

### ٤- سەرهەڵدانەکان و پڕۆفایلکردنیان وەک "یاخیبوون و تێکدانی ئەمنییەت"

سەرهەڵدانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرجار بە ناوی "یاخیگەر" یان "نافرمانیی ئەمنی" پڕۆفایل کراون. ئەم ناونانە مەرج نییە هەمیشە بە واتای تاوانبارکردنی ڕاستەوخۆ بێت، بەڵکوو میکانیزمێکە کە تێیدا سەرهەڵدان و ناڕەزایەتییەکان وەک مەترسییەک بۆ سەر ڕێکخستنی سیاسیی باو نیشان دەدرێن.

ئەم شێوازە لە ناساندن، هۆکاری سەرەکی بووە بۆ ئەوەی ئەم سەرهەڵدانانە لە پشتگیریی دیپلۆماسیی نێودەوڵەتی بێبەش بن، و داواکارییە نەتەوەییەکانیان لە میدیا جیهانییەکاندا کەمبایەخ بکرێن و وەک بابەتێکی نێوخۆیی و ئاسایی نیشان بدرێن.

#### ٤,١- پڕۆفایلەکان: یەکگرتوویی "کورد" بە هۆکارە جیاوازەکان

پڕۆفایلکردن زۆرجار بە یەک شێوە "کورد" پێناسە ناکات، بەڵکوو "پڕۆفایلی ئاوێتە" دروست دەکات بەپێی جۆری چالاکییەکان؛ چالاکیی زمانی و فەرهەنگی، چالاکیی مەدەنی و خوێندکاری، چالاکیی سیاسی و ڕێکخستن، یان چالاکیی چەکداری. ئەم جیاکارییە گرنگە چونکە ڕێگەی دەزگاکانی دەوڵەت خۆش دەکات بۆ ئەوەی هەر گرووپێک بە ناونیشانێکی تایبەت سنووردار بکەن و گێڕانەوەیەکی جیاواز بۆ هەر "بابەتێک" دابتاشن.

### ٥- بێدەنگیی میدیایی و جەنگی سایبەری: کۆنترۆڵی زانیاری و پڕۆفایلکردنی دیجیتاڵی

کۆنترۆڵکردنی دەنگ یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی پڕۆفایلکردن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. سنووردارکردنی میدیا، پچڕاندنی ئینتێرنێت و تاوانبارکردنی خەڵک لە کاتی گواستنەوەی زانیاری، وای کردووە بەشێکی گەورە لە بەرگری و ناڕەزایەتییەکان نەگاتە گوێی جیهان.

لە هەمان کاتدا، بواری سایبەری بووەتە مەیدانێکی نوێی شەڕ؛ مەیدانێک کە لە لایەکەوە ڕێگەی شکاندنی بێدەنگی دەکاتەوە، و لە لایەکی دیکەوە مەترسییەکانی پرۆفایلکردنی دیجیتاڵی بۆ تاک و کۆمەڵگە لەخۆ دەگرێت.

### ٥,١- ژینگەی زانیاری: سانسۆر، گێڕانەوەسازی و داتاکردنی تاک

لە شەڕە نادیارەکاندا، زانیاری خۆی دەبێتە هێز. سانسۆر و سنووردارکردن تەنیا "بێدەنگی" دروست ناکات، بەڵکوو دەرگا بۆ "تاک-گێڕانەوە" و یەک هەڵسەنگاندن دەکاتەوە. بەڵام تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان مەیدانێکی دووسەرەن؛ لە لایەکەوە دەنگ دەبەخشن و بێدەنگی دەشکێنن، لە لایەکی دیکەوە داتاکان، شوێن، پەیوەندی و کردەوەکان دەبنە کەرەستەی پرۆفایلکردنی تاکەکان. لێرەدا پرۆفایلکردن تەنیا نەتەوەیی نییە، بەڵکوو زانیارییە تاکەکەسییەکانیش دەبنە قوربانیی پرۆفایلکردنی دیجیتاڵی.

## ٦- کۆتایی

پرۆفایلکردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوە نیشان دەدات کە تێکۆشانی کورد تەنیا شەڕێک نییە لەسەر خاک یان بە چەک، بەڵکوو شەڕێکی قووڵترە لەسەر ناسنامە، دەنگ و وێنەی نەتەوەیی. ئەو گەلەی نەتوانێت خۆی ناسنامە و پرۆفایلی خۆی بکێشێت، ناچار دەبێت گێڕانەوە و شیکارییە سەپێنراوەکانی ئەوانی تر قبووڵ بکات.

### ٦,١- دەرئەنجامی تیۆری: "چاکسازیی گێڕانەوە" و ڕێگەی دەرچوون لە چوارچێوە ئەمنییەکان

ئەگەر دەوڵەت هەوڵ دەدات داواکارییەکان بگۆڕێت بۆ "هەڕەشە"، ئەوا ئەرکی سەرەکیی کورد ئەوەیە کە داواکارییە نەتەوەییەکانی بە زمانی مافخوازی ڕووبەڕووی جیهان بکاتەوە. پێویستە لە جیاتی نێوخۆییکردن، ئەم جیاکارییانە لە بیروباوەڕ و کردەوەکاندا ڕەنگ بدەنەوە تاوەکوو گێڕانەوە ئەمنییەکان بگۆڕدرێن بۆ گێڕانەوەی مافخوازی. ئەوەی کورد بتوانێت بەردەوام "خۆی" بناسێنێت و چوارچێوەی گوتارەکەی لە دەستی خۆیدا بێت، ڕێگری دەکات لەوەی "ئەوانی تر" لە جیاتی ئەو وێنەی پرۆفایلەکەی بکێشن.

لە وتاری داهاتوودا، باسی کەسایەتییەکی دیاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەم، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو؛ ئەو سەرکردەیەی پێش زۆر کەس، بە ئاگا و هۆشیار بوو لە میکانیزمەکانی شەڕی دەروونی و پرۆفایلکردنی نەتەوەیی و بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رەشەمەی ٢٧٢٥

دروستی لەو ڕاستییانە گەیشتبوو.

٦ی رەشەمە ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئێران وەک هەڕەشە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا لە ڕوانگەی بونیادگەرییەوە





**دیلان هەردی**

لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٦ـەوە، لە پاش سەرهەڵدانی خۆپێشاندانەکان و کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک بە دەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێزێکی سەربازیی زۆری بەرەو سنوورەکانی ئێران جووڵە پێ کردووە. ئەم هەنگاوە هاوکاتە لەگەڵ گوتاری بەرپرسانی ئەمریکا، بەتایبەت دۆناڵد ترامپ، کە بە پێچەوانەی نەریتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باوی سیاسی، باس لە "گۆڕینی ڕێژیم" دەکەن. بە ڕەچاوکردنی مێژووی پتر لە چوار دەیە پەیوەندیی ئاڵۆزی نێوان ئەم دوو وڵاتە، هەڵە نابێت ئەگەر بڵێین هەڕەشەی گۆڕینی ڕێژیم و ناردنی هێزی سەربازی، تەنیا پەیوەندیی بە خۆپێشاندانەکان و سەرکوتی خەڵکەوە نییە، بەڵکوو سەرچاوەکەی بۆ ئەو وێنەیە دەگەڕێتەوە کە لە ماوەی چەندین دەیەی ڕابردوودا لە هزری ئەمریکییەکاندا بۆ ئێران کێشراوە.

بۆ ئەوەی تێبگەین ئەو وێنەیە چییە و چۆن دروست بووە، کە وای کردووە ئەمریکا هێزێکی گەورە بۆ هێرشکردن یان گوشارخستنە سەر ئێران بگوازێتەوە و ئەگەری هەڵگیرسانی جەنگ بگەیەنێتە ئاستێکی بەرز، پێویستە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران لە ڕوانگەی "بونیادگەری" (Constructivism) شی بکەینەوە؛ واتە هەوڵ بدەین لە چوارچێوەی ڕێبازە کلاسیکەکانی وەک "ڕیالیزم" و "لیبراڵیزم" بچینە دەرەوە. ڕێبازە کلاسیکەکان هەرچەندە هەڵە نین، بەڵام بۆ شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان تێرکەر نین و ڕوانینێکی بەرتەسکیان هەیە.

ڕێبازی ڕیالیستی، تەنیا لە گۆشەنیگای دەسەڵات و هێزەوە دەڕوانێتە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی وڵاتێک لەسەر بنەمای هێز پێناسە دەکات. بە بڕوای ڕیالیستەکان، لە کۆمەڵگەی جیهانیدا، دەوڵەتەکان نەک تەنیا کاراکتەری سەرەکین، بەڵکوو لە لایەن حکوومەتێکی یەکگرتووەوە نوێنەرایەتی دەکرێن کە ئەویش لە لایەن یەک سەرۆکەوە بەڕێوە دەبرێت. لە ڕوانگەی ڕیالیزمەوە، سیاسەتی دەرەوەی هەر وڵاتێک جیا لە سیاسەتی نێوخۆ و لە لایەن سەرۆکی وڵاتەوە وەک کەسێکی "ژیر و عەقڵانی" ئاراستە دەکرێت. سەرۆک یان ڕێبەر، بەپێی بەرژەوەندیی وڵاتەکەی و بێ گوێدانە ڕای گشتی، هەوڵ دەدات بۆ هەر بڕیارێک، هەموو تێچووەکان هەڵسەنگێنێت تا زۆرترین سوود و کەمترین زیانی هەبێت. لەم سۆنگەیەوە، سیاسەتی دەرەوە بەسەر سیاسەتی نێوخۆدا زاڵە.

ڕێبازی ڕیالیستی پێیوایە ئەگەر سیستەمی نێوخۆی دەوڵەتان بە شێوەی پلەبەندی و ستوونی بێت، ئەوا سیستەمی جیهانی بە شێوەی ئانارشی (بێسەروبەریی نێودەوڵەتی) و ئاسۆییە، کە تێیدا هێزی هەر وڵاتێک جێگە و پێگەی ئەو وڵاتە دیاری دەکات. بەو پێیە، دەوڵەتەکان ناچارن خۆیان بەهێز بکەن، یان لانی کەم هەوڵ بدەن هاوسەنگیی هێز بێننە ئاراوە. بۆ ئەمەش دوو بژاردەیان لەبەردەمدایە: یان بچنە پاڵ وڵاتێکی بەهێز، یان لە دژی وڵاتێکی بەهێز هاوپەیمانی دروست بکەن. لەم ڕوانگەیەوە، سیاسەتی دەرەوەی ئێران و ئەمریکا، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە دژایەتییەکی تەواودایە. ئەمریکا وەک زلهێزێک، سیاسەتی دەرەوەی خۆی بە پلەی یەکەم بۆ پاراستنی باڵادەستیی خۆی لە سەرانسەری جیهان و بە پلەی دووەم بۆ چەسپاندنی هاوسەنگیی هێز لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دادەڕێژێت. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئەمریکا لە بوارە سیاسی، ئابووری و سەربازییەکاندا، دژن بە دەرکەوتنی هێزێکی ناوچەیی وەک کۆماری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیسلامی کە هەڕەشە لە هاوپەیمانە ناوچەییەکانی وەک ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداو دەکات.

ئەم ڕوانگەیە پێیوایە ئێران بەدوای سەپاندنی هەژموونی خۆیەوەیە بەسەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا؛ یەکەم لە ڕێگەی کاریگەریی بەسەر شیعەکانی وڵاتانی موسڵماندا، دووەمیش لە ڕێگەی پاڵپشتیکردنی هەندێک گرووپی ئیسلامی لە دژی پێگەی ئەمریکا و دەوڵەتی ئیسرائیل. هاوپەیمانە ناوچەییەکانی ئەمریکا، بەتایبەت ئیسرائیل، بە پاڵپشتیی واشنتۆن هەوڵی پێکهێنانی بەرەیەک دەدەن دژی دەستێوەردانەکانی ئێران. ئەم هاوپەیمانێتییە لە دەوری بەرژەوەندیی هاوبەش و بێ ڕەچاوکردنی جۆری ڕژێمی سیاسیی وڵاتەکان یان پەیوەندییەکانی ڕابردوویان (بەتایبەت سەبارەت بە پرسی فەلەستین) دروست بووە.

لە ڕوانگەی ڕیالیستییەوە، ئێران وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ئەمریکا ئەژمار دەکرێت؛ یەکەم لەبەر ئەوەی ئێرانێکی ئەتۆمی و خاوەن مووشەکی بالستیک دەتوانێت بوونی ئیسرائیل بخاتە مەترسییەوە. دووەم، نزیکبوونەوەی ئێران لە چین و ڕووسیە دەتوانێت هێز و دەسەڵاتی ئەمریکا لە ئاستی جیهانیدا تووشی ئاڵنگاری بکات. هەموو ئەم هۆکارانە وا دەکەن ئەمریکا سیاسەتێکی ئەمنیی توند بەرامبەر بە ئێران بگرێتە بەر. ڕێبازی ڕیالیستی جگە لە دەوڵەت، سەرنجێکی ئەوتۆ ناداتە ڕۆڵی ئەکتەرە سیاسییەکانی دیکە، چ لە ئاستی دەرەوە و چ لە نێوخۆدا؛ ئەمەش ڕێک ئەو خاڵە لاوازەیە کە ڕێبازی لیبراڵیزم ڕەخنەی لێ دەگرێت.

قوتابخانەی لیبراڵیزم، هەرچەندە وەک دووەم تیۆریی شیکاری لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هەژمار دەکرێت، بەڵام لە بنەڕەتدا یەکەمین ڕێبازە؛ چونکە پێش سەرهەڵدانی ڕیالیزم، لە چوارچێوەی "ئایدیالیزم"دا خۆی دەنواند، بەڵام دواتر ڕەخنەی توندی لێ گیرا و ئەمەش بووە هۆی زاڵبوونی ڕیالیزم. لە ڕوانگەی لیبراڵیزمەوە، دەوڵەت ئەکتەرێکی (کاراکتەرێکی) تاکڕەهەند و ناوەندگەرا نییە، بەڵکوو لە کۆمەڵێک کاراکتەری نێوخۆیی جۆراوجۆر پێکدێت کە کارلێکی نێوانیان، بەرژەوەندییەکان و سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت دادەڕێژێت. ئەم کاراکتەرە نێوخۆییانەش بریتین لە: دامەزراوە دەوڵەتییەکان، بڕیاردەران، پارتە سیاسییەکان، گرووپەکانی گوشار و هاوشێوەکانیان.

لیبراڵەکان، دەوڵەت تەنیا لە چوارچێوەی نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندیی نەتەوەییدا قەتیس ناکەن؛ جگە لەوەش، هیچ گونجانێکی خۆڕسک و پێشوەختە لەنێوان بەرژەوەندییە جیاوازەکانی ئەندامانی کۆمەڵگەدا نابینن. بەپێی دیدگای لیبراڵی، بڕیاردەران لەژێر گوشاری گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدان و هەر گرووپێکیش هەوڵ دەدات بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی، زۆرترین کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوە دابنێت. واتە سیاسەتی دەرەوە زیاتر لەژێر کاریگەریی بەرژەوەندیی گرووپەکان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دایە، نەک تەنیا بەرژەوەندیی نەتەوەیی.

لەو سۆنگەیەوە، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران، دەرەنجامی کارلێکی کاراکتەرە نێوخۆییەکانی ئەو وڵاتەیە. لە نێوخۆی ئەمریکادا، جگە لە دوو پارتە سەرەکییەکە، کۆمەڵێکی بەرچاو لە گرووپ و کاراکتەری سیاسی هەن کە زۆرینەیان ئێران وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ئەمریکا دەبینن. ئەو گرووپانە لەنێو سەرجەم دامودەزگا سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا پێگەیان هەیە و بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران هەیە. بۆ نموونە، هەردوو ڕەوتی "کۆنەپارێز" و "نوێکۆنەپارێز" کە بەسەر هەردوو پارتەکەدا دابەش بوون، دژایەتییەکی ئایدۆلۆژیی قووڵیان بەرامبەر بە ئێران هەیە. جیا لەوانیش، دەیان گرووپی بەرژەوەندخواز بۆ پشتیوانیکردنی دەوڵەتی ئیسرائیل سەرقاڵی لۆبیگەریین.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش، ڕوانگەی لیبراڵی بەپێچەوانەی ڕوانگەی ڕیالیستییەوە، پێی وایە دەوڵەت تاقە ئەکتەری سەرەکی نییە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش تەنیا بە شێوەیەکی ئانارشیک (بێسەروبەر) بەڕێوە ناچێت؛ بەڵکوو دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان ڕۆڵێکی کارا دەگێڕن و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ڕێکدەخەن و ئاراستەیان دەکەن. بۆ نموونە: ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکێتیی ئەورووپا، گرووپی (٥+١) و چەندین ڕێکخراوی دیکە، کاریگەرییان لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا هەیە. لیبراڵ و ڕیالیستەکان پێکەوە لە خانەی پارادایمی "ئەقڵانی" لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا پۆلێن دەکرێن؛ پارادایمێک کە لە لایەن قوتابخانەی "بونیادگەری(Constructivism) " یان کۆنستراکتیڤیزمەوە ڕەخنەی لێ دەگیرێت.

داریۆ باتیستێلا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە جیهانبینیی نوێ پێویستی بە ئاوێتەکردنی ناسیارناسییەکی (Epistemology) ئەرێنیخوازانە (Positivist) هەیە، کە پێی وایە واقیعە کۆمەڵایەتییەکان بەرجەستەن و شیکارییان بۆ دەکرێت؛ ئەمەش لەگەڵ بووناسییەکی (Ontology) پاش-ئەرێنیخوازانەدا کە پێی وایە ئەو واقیعانە بە شێوەیەکی نێوانزەینی (Intersubjective) و بەردەوام لە لایەن کایەکارە کۆمەڵایەتییەکانەوە دادەڕێژرێن. بونیادگەری بەرەنجامی ئەو ئاوێتەبوونەیە، ئەمەش لە ڕێگەی جەختکردنەوە لەسەر گرنگیی بیرۆکەکان و کاریگەرییان لەسەر بیروباوەڕ، بەرژەوەندی و ڕەفتاری کایەکارەکانەوە دەردەکەوێت.

بە پێچەوانەی ڕیالیستەکان و لیبراڵەکان کە بە پلەی یەکەم سەرنجیان خستووەتە سەر ڕەگەزە ماددییەکان، بونیادگەرەکان پێیان وایە بەرژەوەندی و ناسنامەی دەوڵەتەکان لە چوارچێوەی زەمینە مێژووییەکاندا شێوە دەگرن. لە کاتێکدا

ڕیالیستەکان و لیبراڵەکان دەوڵەت وەک کایەکاری سەرەکیی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەبینن، بونیادگەری لەو ڕوانگە سادەیە تێدەپەڕێت و خۆی وەک ڕێبازێکی ماماوەند لە نێوان ڕیالیزم و لیبراڵیزمدا دەناسێنێت. بونیادگەری لە ڕۆڵی گرنگی پێکهاتەکانی دەوڵەت کەم ناکاتەوە، بەڵکوو جەخت لەسەر ئەو بیرۆکە و نۆرمانە دەکاتەوە کە تۆخمی بنەڕەتیی ئەو پێکهاتانەن.

لەم سۆنگەیەوە، بونیادگەرەکان هەوڵ دەدەن پەیوەندییەک لە نێوان "نۆرم" و "ناسنامەی نەتەوەیی" (وەک کۆمەڵگەیەکی وێناکراو) دروست بکەن. لەم ڕوانگەیەوە، تەنیا بیرۆکە، نۆرم و بایەخە کۆمەڵایەتییە هاوبەشەکانن کە ناسنامە و بەرژەوەندیی کایەکارە سیاسییەکان پێناسە دەکەن. واتە ئەوە واقیعە بەرچاوەکان نین کە ڕەفتاری دەوڵەت لە نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا دادەڕێژن، بەڵکوو شێوازی تێگەیشتن و ڕوانینی کایەکارەکانە بۆ ناسنامەی خۆیان و ناسنامەی ئەوانی دیکە.

لەم ڕوانگەیەوە، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران، دەرهاویشتەی ئەو وێنایەیە کە ئەمریکییەکان بۆ خۆیان، بەرژەوەندییەکانیان و کۆماری ئیسلامی کێشاویانە. ئەوە چەکی ئەتۆمی نییە کە هەڕەشە لە ئەمریکا دەکات، چونکە هێشتا ئەو وڵاتە خاوەنی ئەو چەکە نییە، بەڵکوو ئەو وێنایەیە کە دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی لەو وڵاتە لایان دروست بووە؛ ئەگینا بریتانیا و فەرەنسە خاوەنی چەکی ئەتۆمین، بەڵام ئەمریکییەکان وەک هەڕەشە نایانبینن، چونکە وێنەی ئەو دوو وڵاتە لای ئەمریکییەکان وێنەیەکی ئەرێنییە.

ئەگەر لای ڕیالیستەکان بەرژەوەندیی نەتەوەیی پەیوەست بێت بە هێزەوە و لای لیبراڵەکانیش بەستراو بێت بە بەرژەوەندیی گرووپە جیاوازەکانەوە، ئەوا لای بونیادگەرەکان بەرژەوەندیی نەتەوەیی بەرەنجامی بیرۆکە و بڕوا هاوبەشەکانە. لەم ڕوانگەیەوە، نەک هەر هیچ جۆرە جیاکارییەک لە نێوان سیاسەتی نێوخۆ و سیاسەتی دەرەوەدا نییە، بەڵکوو سیاسەتی دەرەوە بەشێکە لە سیاسەتی نێوخۆ کە تەنیا لە دەرەوەی وڵات جێبەجێ دەکرێت. شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران لە ڕوانگەی بونیادگەرییەوە، وامان لێ دەکات "سندووقی ڕەشی" سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بکەینەوە و لە جیاتی ڕوانین لە دەرەوە، لە نێووەوە لێی تێ بگەین؛ تا بزانین ئەمریکییەکان چۆن دەڕواننە ئێران و لە داهاتوودا چ جۆرە سیاسەتێک بەرامبەر بەو وڵاتە پەیڕەو دەکەن.

وەک ئاماژەی پێ درا، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران، دەرەنجامی ئەو وێنە نەرێنییەیە کە ئەمریکییەکان لەبارەی ئێرانەوە هەیانە. ئەم وێنە نەرێنییە پاش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕوونتر بووەتەوە و

شێوەیەکی واقیعیی بەخۆوە گرتووە، کە دوو ڕەهەندی سەرەکی دەگرێتەوە: یەکەم، ئێران بەو شێوەیەی کە هەیە؛ دووەم، ئێران بەو شێوەیەی کە پێویستە نیشان بدرێت.

لە ساڵی ١٩٧٩ەوە، دژایەتیکردنی ئەمریکا بووەتە ستراتیژی سەرەکیی دەسەڵاتدارانی ئێران. ئەم دوژمنایەتییە ناوکی ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتی ئێران پێک دەهێنێت و لە داڕشتنی سیاسەتە گشتییەکاندا، وەک کایەکانی ئابووری، پەیوەندییە دەرەکییەکان، پەروەردە و کولتوور، ڕەنگ دەداتەوە. ململانێی نێوان ئەم دوو وڵاتە لە جیاوازیی ئایدیۆلۆژییەوە سەرچاوە دەگرێت: لە لایەک بزووتنەوە ئیسلامییەکانی ئێران کە پاش شۆڕش دەسەڵاتی ڕەهایان گرتە دەست؛ لە لایەکی دیکەشەوە، ڕەوتە کۆنەپارێز و نوێکۆنەپارێزەکانی ئەمریکا، کە هەرچەندە ڕاستەوخۆ لە ناوەندی بڕیاردا نین، بەڵام بە بەرهەمهێنانی گوتاری سیاسیی وەک «هەڕەشەی ئێران»، ڕۆڵێکی سەرەکی لە کێشانی وێنەی ئێران لە نێو ئەمریکادا دەگێڕن.

ئەم ناکۆکییە ئایدیۆلۆژییە، هاوتەریبە لەگەڵ بوونی دوو سیستەمی سیاسیی دژبەیەک لەم دوو وڵاتەدا. لە لایەکەوە سیستەمی سیاسیی ئەمریکا لەسەر بنەماکانی دەوڵەتی مۆدێرن، سەروەریی نەتەوەیی و لیبراڵ دیموکراسی دامەزراوە و ملکەچی یاسا و ڕێسا پەرلەمانییەکانە. لە لایەکی ترەوە، سیستەمی سیاسیی ئێران لەسەر بنەماکانی ئوممەت، سەروەریی خودا و تیۆکراسیی شیعە بونیاد نراوە و پەیڕەوی لە یاساکانی شەریعەت دەکات. دەسەڵاتی ئێران خۆی وەک «کۆماری ئیسلامی» پێناسە دەکات؛ لەم سیستەمەدا دەوڵەت بەپێی شەریعەت بەڕێوە دەچێت و سەروەری نەک بۆ گەل، بەڵکو بۆ خودایە. لە دیدی ئێرانییەکانەوە، ئەمریکییەکان «مستکبرین» و ئێرانییەکانیش «مستضعفین»ـن؛ هەر بۆیە لە ڕوانگەی ئەوانەوە، پێویستە بەردەوام لە ململانێ و شەڕدا بن لەگەڵ ئەمریکا.

دووەم، لە قوتابخانەی بونیادگەریدا، لە جیاتی چەمکی "ئاسایش" باس لە چەمکی "بەئاسایشکردن (Securitization) " دەکرێت؛ واتە بەئاسایشکردنی کایەکارێکی سیاسی و دروستکردنی وێنەیەک لێی کە پێویستی بە سیاسەتێکی دیاریکراو هەبێت لە بەرامبەریدا. ئەو ڕەفتارە دژە-ئەمریکییەی ئێرانییەکان لە کردەوەدا نیشانی دەدەن، ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە دروستکردنی گوتاری "هەڕەشەی ئێران" لە نێو هزری سیاسیی ئەمریکییەکاندا. بەڵام تەنیا ئەوە بەس نییە بۆ گرتنەبەری سیاسەتێکی توند بەرامبەر بە ئێران، بەڵکوو پێویستی بە پرۆسەی "بەئاسایشکردن"یش هەیە.

ئەو پرۆسەیە لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا، لەلایەن گرووپە جیاوازەکانی ئەمریکاوە وەک: کۆنەپارێزان، نوێ-کۆنەپارێزان، ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە (Think Tanks) و دەیان گرووپی لۆبیکارەوە، توانیویەتی بە جۆرێک بگاتە ئەنجام و وێنەیەک لە ئێران نیشان بدات کە ئیدارە جیاوازەکانی ئەمریکا ڕاستەوخۆ بێنێتە سەر هێڵ تا دوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیاسەتی سەرەکی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران بگرنە بەر: سیاسەتی دانوستان بۆ پاشەکشەپێکردن بە ئێران و سیاسەتی سەربازی بۆ تەمبێکردنی.

لە ڕوانگەی بونیادگەرییەوە، ئەگەر دۆناڵد ترامپ و ئیدارەکەی دانوستان دەکەن یان هێزی سەربازی بەکاردێنن، ئەمە تەنیا ئەنجامی بڕیارێکی عەقڵانیی کاتی نییە، بەڵکوو بەرهەمی پرۆسەیەکە کە لە ماوەی زیاتر لە چل ساڵدا، گوتاری "هەڕەشەی ئێران"ی لەسەر بنەمای ڕاستییەکان و بە کەڵکوەرگرتن لە میکانیزمی جۆراوجۆر —لە کارە زانستییەکانەوە تا ڕاگەیاندن و لۆبیکردن— بەرهەم هێناوە. واتە سیاسەتی ئێستای ئیدارەی ترامپ بەرامبەر بە ئێران، بەپێی ئەو وێنە نەرێنییە داڕێژراوە کە لەو وڵاتە هەیە. ئەو وێنە نەرێنییە، بەرهەمی تەنیا یەک ئیدارەی ئەمریکا نییە و بە کۆتاییهاتنی خولی سەرۆکایەتییش گۆڕانکاریی بەسەردا نایەت؛ بۆ هەر دوو پارتە سەرەکییەکەی ئەمریکا، هەمان وێنەی "ئێرانی هەڕەشەئامێز" بوونی هەیە. جیاوازییەکە تەنیا لە شێوازی نەهێشتنی هەڕەشەکەدایە و هەر لایەکیان شێوازی تایبەت بە خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران هەیە.

سەبارەت بە گۆڕین یان نەگۆڕینی ڕێژیمی ئێران، پێویستە سەرنج بدرێتە ڕای گشتیی ئەمریکییەکان و سیاسەتی نێوخۆیی ئەو وڵاتە کە تا چەند لەگەڵ گۆڕینی ڕێژیمدان؛ بەتایبەت کە دۆسیەی ئەفغانستان و عێراق لە لای ڕای گشتیی ئەمریکی تا ئێستاش وەک شکست سەیر دەکرێت. جگە لەوە، لە دوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی، ئەو بیرۆکەیە لە نێو سیاسەتمەدار و کایەکارە سیاسییەکانی ئەمریکادا هەبووە کە مانەوەی کۆماری ئیسلامی سوودی زیاتری بۆ ئەوان هەیە؛ یەکەم وەک ترسێک بۆ وڵاتانی عەرەب تا ناچار بن ببنە هاوپەیمانی ئیسرائیل، دووەمیش بۆ فرۆشتنی بڕێکی زۆری چەک بەو وڵاتانە لە بەرامبەر هەڕەشەکانی ئێراندا. بەڵام ئەم بیرۆکەیە، بەتایبەت دوای شەڕی ١٢ ڕۆژە، ئەوەی نیشان دا کە هێشتنەوەی ئێران بەم شێوەیە، مەترسیی نەمانی ئیسرائیلی لەگەڵدایە، بۆیە ڕەنگە گۆڕانکاری بەسەر ئەو تێڕوانینەدا بێت، کە ئەویش لە دوو ڕێگەچارەدا خۆی دەبینێتەوە: یان لێدانی سەربازی بە مەبەستی لاوازکردنی توانای سەربازیی کۆماری ئیسلامی، یان گۆڕینی یەکجاریی ڕێژیم.

٦ی ڕەشەمە ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێکهێنانی هاوپەیمانیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ هەژانێک لە هاوسەنگیی هێز لە ئێران






**حەسەن قارەمانی**

هاوپەیمانیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەنیا ڕێککەوتنێکی ناوچەیی نییە، بەڵکوو دەکرێت ببێتە سەرەتایەک بۆ دووبارە کێشانەوەی نەخشەی سیاسیی ئێران. کاتێک پێنج لە کاریگەرترین حیزبەکانی کوردستان بڕیاریان دا بە فەرمی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاوپەیمانییەک ڕابگەیێنن، تەنیا هاوسەنگیی هێز لە کوردستاندا نەگۆڕا؛ بەڵکوو بۆ یەکەمجار بەدیلێکی (ئەڵتەرناتیڤێکی) یەکگرتوو، بونیادنراو و ستراتیژی لە بەرامبەر ئەو سیستەمە سەرهەڵدەدات کە لە ساڵی ١٩٧٩وە لە ئێران دامەزراوە.

بۆ ماوەی پتر لە چوار دەیە، تایبەتمەندیی سەرەکیی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بریتی بوو لە پەرتەوازەیی، ململانێی ئایدیۆلۆژی و نەبوونی هەماهەنگیی دامەزراوەیی. مانەوەی ڕێژیمیش تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر ئەم پارچەپارچەبوونەی نەیارەکانی وەستابوو.

هاوپەیمانیی نوێی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەم هاوکێشەیە تێک دەشکێنێت. ئەمە گۆڕانە لە یەکێتییەکی سیمبوولییەوە بۆ پێکهاتەیەکی کۆنکرێتی؛ گۆڕانە لە ڕاگەیاندنی میدیاییەوە بۆ بونیادێکی سیاسی. ئەوەی کە کۆمەڵێک حیزب بە پاشخانێکی جیاوازی ئایدیۆلۆژی، نەریتی ڕێکخراوەیی و ئەزموونی مێژوویی جیاوازەوە، ئێستا لە دەوری بنەماگەلێکی هاوبەش کۆدەبنەوە، خۆی لە خۆیدا وەرچەرخانێکی ستراتیژییە. ئەم هەنگاوە تەنیا دژایەتیکردنی دەسەڵاتی ئێستا نییە، بەڵکوو دارشتنی بەدیلێکی نوێیە لەسەر بنەمای سێکۆلاریزم، مافی دیاریکردنی چارەنووس، فرەیی دێموکراسی و لێپرسینەوەی دامەزراوەیی.

هەبوونی میکانیزمی هاوبەش بۆ بڕیاردان، دیاریکردنی ئامانجە ستراتیژییەکان و پابەندبوونی ڕوون بە فرەیی نێوخۆیی لەم هاوپەیمانییەدا، نیشانەی پێگەیشتوویی ڕێکخراوەییە. ئەگەر ئەم پێکهاتەیە قووڵتر بێتەوە و جێگیر بێت، هاوپەیمانیی کورد دەتوانێت لە ئەکتەرێکی ناوچەییەوە بگۆڕێت بۆ بزوێنەرێکی نیشتمانی و بەم شێوەیە هاوسەنگیی هێز لە تەواوی ئێراندا بە شێوەیەکی بنەڕەتی بگۆڕێت.

## لە دروشمەوە بۆ بونیاد: میراتی "ژن، ژیان، ئازادی"

ڕێکەوت نییە کە هاوپەیمانیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەژێر سێبەری ئەو بزووتنەوەیەدا دێتە کایەوە کە ئێرانی هەژاند و بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" سەرنجی جیهانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. شەپۆلی نارەزایەتییەکانی ساڵی ٢٠٢٢ -کە بە بزووتنەوەی ژینا دەناسرێت- تەنیا ڕاپەڕینێکی کوتوپڕ نەبوو دژی سەرکوت، بەڵکوو قەیرانی شەرعییەتی ڕێژیمی ئاشکرا کرد و کوردستانی کردە چەق و ناوەندی هەڵوێستی نیشتمانی.

بۆ ماوەی چەندین مانگ، شەقامەکان پڕ بوون لە نەوەیەک کە چیتر ئامادە نەبوو ترس وەک مەرجێکی سیاسی قبوڵ بکات. لێرەدایە کە هاوپەیمانیی نوێی حیزبەکانی کوردستان وەرچەرخانێک لەگەڵ ڕابردوودا دروست دەکات؛ واتا گۆڕان لە دروشمەوە بۆ بونیاد و لە نارەزایەتیی خۆبەخۆوە بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی ڕێکخراو. ئەگەر بزووتنەوەی ژینا ئیرادەی گۆڕانکاریی نیشان دابێت، ئەرکی ئەم هاوپەیمانییەیە کە فۆرم، ئاراستە و چوارچێوەیەکی بەردەوام بەو ئیرادەیە ببەخشێت. هەر لەم گواستنەوەیەدایە کە ئەگەرە سیاسییەکانی داهاتوو دیاری دەکرێن.

## کاردانەوەکان و تاقیکردنەوەی ستراتیژی

جێگەی سەرسوڕمان نییە کە ئەم هاوپەیمانییە نوێیە هەر لە ئێستاوە کاردانەوەی زۆری لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان لێکەوتووەتەوە. تاران بە وریایی و نیگەرانییەوە چاودێریی پێشهاتەکان دەکات. هەر هەوڵێکی جددی بۆ دامەزراندنی جەمسەرێکی بەدیلی کارا، بە واتای ئاڵنگاریی سیستەمی باڵادەست دێت، بۆیە پێشبینی دەکرێت ڕێژیم بە ڕێوشوێنی سەرکوتگەرانە و پڕوپاگەندەی سیاسیی چڕ ڕووبەڕووی ببێتەوە.

لە ڕووی مێژووییەوە، کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تێکەڵەیەک لە سێ ستراتیژی وەڵامی یەکگرتوویی کوردی داوەتەوە: گوشاری ئەمنی لە ڕێگەی دەستێوەردانی سەربازی و هەواڵگری، هەوڵی سیستماتیک بۆ دروستکردنی دووبەرەکی لە نێوان لایەنە سیاسییەکان، و تۆمەتی "جیاخوازی" بۆ لەکەدارکردنی بزووتنەوەکە لە ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتیدا.

لەبەرامبەر ئەم ڕەوشەدا، تەنیا ڕاگەیاندنی هاوبەش بۆ هاوپەیمانیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بەس نییە. ئەگەر هاوپەیمانییەکە بیەوێت لەم ئاستەنگانە ڕزگاری بێت، دەبێت بە دوو ئاراستەدا پەرە بستێنێت: ئاسۆییانە لە ڕێگەی بەشداریکردنی زیاتری ئەکتەرە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، تۆڕە پیشەییەکان و بزووتنەوەکانی گەنجان و ژنان؛ هەروەها ستوونییانە لە ڕێگەی قووڵکردنەوەی پێکهاتەی دامەزراوەیی و دیسیپلینی نێوخۆیی خۆی.

## مۆدێلێک بۆ ئۆپۆزیسیۆنی ئێران؟

گرنگیی مێژوویی ئەم هاوپەیمانییە لێرەدا دەردەکەوێت؛ کاریگەرییەکەی تەنیا لە سنووره جوگرافییەکانی کوردستاندا نامێنێتەوە، بەڵکوو پەیامێک بۆ تەواوی کایەی سیاسیی ئێران دەنێرێت.

دەیان ساڵە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە "پەرتەوازە" و "نابەرپرسیار" پیشاندانی ئۆپۆزیسیۆن، هەوڵی شەرعییەتدان بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مانەوەی خۆی دەدات. بەڵام ئەوەی لە ڕووی ستراتیژییەوە لێرەدا گرنگە، تەنیا خودی یەکگرتووییەکە نییە، بەڵکوو نێوەڕۆکی دیدگا سیاسییەکەیە. هاوپەیمانییەکە توانیویەتی داواکاریی مافە نەتەوەییەکان لەگەڵ بنەما دێموکراسییە گشتگیرەکان وەک سێکۆلاریزم، یەکسانیی ڕەگەزی، سەروەریی یاسا و پاراستنی ژینگە یەک بخات. بەم کارە، پرسی کورد بە شێوازێکی هاوچەرخ پێناسە دەکرێتەوە.

## تاقیگەیەکی دێموکراسی لە پرۆسەدا

ئەمڕۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پەراوێزێکی جوگرافییەوە گۆڕاوە بۆ تاقیگەیەکی سیاسی. لێرەدا مۆدێلێک تاقی دەکرێتەوە کە تێیدا جیاوازییە ئایدیۆلۆژییەکان وەلانانرێن، بەڵکوو ڕێک دەخرێن و لە چوارچێوەیەکی هاوبەشدا یەک دەخرێن. ئەمە ڕێبازێکە کە هەم لەگەڵ پەرتەوازەیی حیزبیی نەریتی و هەم لەگەڵ لۆژیکی ناوەندگەرایی دەسەڵاتدا جیاوازە. لەبری داواکردنی یەکڕیزییەکی ڕواڵەتی، لەسەر بنەمای هەماهەنگیی دامەزراوەیی بونیاد نراوە.

بەم پێیە، هاوپەیمانیی لایەنە ڕۆژهەڵاتییەکان وەڵامێکی گونجاوە بۆ گرینگترین پرسیاری ئۆپۆزیسیۆنی ئێران: چۆن دەکرێت فرەچەشنی لەگەڵ یەکگرتوویی و شوناس لەگەڵ ستراتیژیی هاوبەشدا کۆبکرێنەوە؟ وەڵامەکە لە کۆبوونەوەی سیمبوولیدا نییە، بەڵکوو لە بەردەوامی، بەدامەزراوەییکردن و فراوانکردنی ستراتیژیدایە.

ئەزموونی سیستەمە تاکڕەوەکانی تر پێمان دەڵێت کە دەسەڵات بە تەنیا بە فشاری نارەزایەتییەکان نارووخێت؛ ڕێژیمەکان ئەو کاتە کۆنترۆڵ لەدەست دەدەن کە بەدیلێکی باوەڕپێکراو، ڕێکخراو و کاریگەر بێتە گۆڕێ. ڕێک ئەمە ئەو ئاستەنگەیە کە هاوپەیمانیی نوێ هەوڵی تێپەڕاندنی دەدات.

ئەگەر یەکگرتوویی بپارێزرێت و پێکهاتەکان بەهێز بکرێن و پێگەی کۆمەڵایەتییان قووڵتر بێتەوە، ئەم دەستپێشخەرییە دەکرێت لە هاوکارییەکی ناوچەییەوە ببێتە داینەمۆی گۆڕانکارییەکی دێموکراسیی فراوانتر. هاوپەیمانی کۆتایی خەبات نییە، بەڵکوو دەکرێت سەرەتای بونیادنانی مێعمارییەکی سیاسیی نوێ بێت.

٦ی ڕەشەمە ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## یەکگرتنی پێنج حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خاڵێکی وەرچەرخان






**مستەفا شڵماشی**

لە کاتێکدا کە هەستی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لوتکەدایە، کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێکخراوترین کۆمەڵگەیە بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی ئێران؛ ویستی کۆمەڵانی خەڵک لەو بەشەی کوردستان لە هەموو کاتێک زیاتر خوازیاری یەکگرتنی حیزب و ڕێکخراوەکانیانە. یەکگرتنی پێنج حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەرنامە و بۆچوونی جیاواز



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و بە مێژووی خەباتی جۆراوجۆرەوە، وەڵامێکی ئەرێنییە بۆ ویستی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەم یەکگرتنە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستانی گەورە بەگشتی بەهێزتر دەکات. حیزبەکانی کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەسەڵات و هەروەها لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەریی نێوخۆ و دەرەوەی ئێراندا بەهێزتر دەکات؛ ئەگەر سوودی باش لەو یەکگرتنە وەربگیرێت، گومان لەوەدا نییە کە دەبێتە هۆی وەرچەرخانێکی مێژوویی لە خەبات و تێکۆشانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە هەرچەند ڕاگەیاندنی ئەم یەکیەتییە، واتە "هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران" گرنگ و پڕبایەخە، ئەگەر لە کاتی خۆیدا و بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە هەنگاو بۆ داڕشتن و بەکارهێنانی ڕێکارەکانی چالاککردنی ئەم یەکیەتییە هەڵنەگیرێت، زۆری پێ ناچێت کە دڵساردیی تێ دەکەوێت و کۆمەڵانی خەڵک بێهیوا دەکات و لە ئەنجامدا سەرکەوتوو نابێت. بۆیە پێویستە هەرچی زووتر ڕێکاری یەکخستنی هێزی پێشمەرگە، ڕێکاری پێکهێنانی تیمی دیپلۆماسی، ڕێکاری پێکهێنانی دامەزراوەی نەتەوەیی بۆ بەڕێوەبردنی کوردستان لە کاتی ئازادیدا، ڕێکاری بەڕێوەبردنی خودی یەکیەتییەکە و هەروەها چەندین دامەزراوەی ستراتیژی، بەرنامەداڕشتن و بەڕێوەبەری دابڕێژرێن.

پێویستە ئەم یەکیەتییە هەوڵ بدات لە تەواوی توانستەکانی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا سوود وەربگرێت؛ هەوڵ بدات سەرنجی حیزبەکانی دەرەوەی یەکیەتییەکەش بۆ لای خۆی، یان لانی کەم بۆ هاوکاری لە هەندێک پرۆژەدا ڕابکێشێت. پێویستە کەسایەتییە سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، هونەری و ئەکادیمییە سەربەخۆکان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و لە پسپۆڕی و ئەزموونەکانیان کەڵک وەربگرێت. هەموو ئەندامان و لایەنگرانی ئەو حیزبانەی کە لەو یەکیەتییەدا بەشدارن، لە کاروبارەکاندا بەکار بهێنێت، پەیوەندیی بەردەوامی لەگەڵیان هەبێت و بڕیارەکان و بەڵگەنامەکانی یەکیەتییەکەیان پێ بگەیەنێت و داوایان لێ بکات کە ئەوانیش بە کۆمەڵانی خەڵکی بگەیەنن.

بەم جۆرە دەتوانێت لە هەموو توانستەکانی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا سوود وەربگرێت تا بتوانێت هەموو هێزی بزووتنەوەکە بە دۆست و دوژمن بناسێنێت، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە هەمووان حیسابی لەسەر بکەن. ئەو کاتە دەکرێت زۆرتر پەل و پۆ بهاوێژێت و هەوڵ بدات لە ئاستی ئێران و دەرەوەی ئێراندا هاوپەیمان بۆ خۆی بدۆزێتەوە، تا ببێتە چەقی پرۆژەی پێکهێنانی جێگرەوە بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، کە لە هەلومەرجی ئێستادا گەورەترین خاڵی لاوازی ئۆپۆزیسیۆن و گەورەترین هەلی مانەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ڕەشەمەی ٢٧٢٥

بزووتنەوەی کورد ئەگەر بە بەهێزی خۆی دەربخات و هەموو خاڵە پۆزەتیڤەکانی خۆی بە جوانی بناسێنێت و سوود لەو مێژووە پڕشنگدارە وەربگرێت کە لە خەباتدا بەدەستی هێناوە، دۆستی سروشتی لە ئاستی سەرانسەریی ئێراندا زۆرە و تەنیا پێویستە بیانکاتە هاوپەیمانێکی کارا. بەر لە هەمووان خەباتکارانی نەتەوە ژێردەستەکانی دیکەی ئێران لە بەلووچ، تورک، عەرەب، تورکمان و هتد، هاوچارەنووسی نەتەوەی کوردن لە ئێرانی ئێستادا و بەدرێژایی زیاتر لە سەد ساڵی ڕابردووش هەر هاوچارەنووسی بوون؛ دەکرێت کار لەسەر ئەم هاوچارەنووسییە بکرێت و ببێتە هاوپەیمانی. کاتێک بەرەیەکی بەرفراوان لە حیزب و ڕێکخراوەکانی نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران دروست ببێت، گومان لەوەدا نییە کە هێزە دێموکرات و چەپەکانی ئێرانیش گرنگی بەو بەرەیە دەدەن و لەگەڵی دەبنە هاوپەیمان. جگە لەوانە، ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێرانیش کە فرەنەتەوەبوونی ئێرانی قبووڵە و بەرنامەیەکی خۆبەڕێوەبەریشی بۆ دابینکردنی مافی نەتەوەیی نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران واژۆ کردووە و تا ئێستاش ڕایدەگەیەنێت کە پێی وەفادارە، دەکرێت جۆرێک لە هاوکاریی لەگەڵدا بکرێت.

ئەگەر هەنگاو بۆ بەدیهێنانی ئەو خاڵانەی لەسەرەوە باس کران بە لێبڕاوییەوە هەڵبگیرێن، گومان لەوەدا نییە کە "هاوپەیمانیی حیزبەکانی کوردستانی ئێران" گەشە دەکات و دەبێتە هۆی پێکهێنانی بەرەیەکی ڕزگاریخوازیی هەموو نەتەوەکانی ئێران و دروستکردنی جێگرەوە بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. ئەو کاتەیە کە ناوەندە بڕیاردەرەکانی جیهانیش گرنگیی پێ دەدەن و کۆمەڵانی خەڵکی سەرانسەری ئێرانیش هیوای پێ پەیدا دەکەن و پشتی پێ دەبەستن.

لەو بارودۆخەدایە کە دەکرێت بڵێین دەبێتە خاڵێکی وەرچەرخان لە چۆنیەتیی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە ئێراندا. ئێران بۆ ئەوەی بەسەر مێژووی پڕ لە کارەسات، خوێنڕێژی، ستەم و دیکتاتۆریدا باز بدات، پێویستی بەوەیە لەسەر دەستی هەموو نەتەوەکانی نێو ئێرانەوە بە شێوەی سازان (تەوافوق)، دێموکراسیی پەرلەمانی و فیدراڵی بنیات بنرێتەوە؛ بۆ ئەوەی بۆ هەمیشە کۆتایی بە ناوەندگەرایی و کۆکردنەوەی هەموو سەروەت و سامان و دەسەڵاتی ئێران لە ناوەندا بهێنرێت. ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دەتوانێت بەهۆی ڕکابەریی تەندروستی نێوان نەتەوەکانی ئێران و بەکارهێنانی داهاتی گشتی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لە هەموو ناوچەکاندا، بەزوویی و بەخێرایی گەشە بکات و تۆڵەی ئەو سەد ساڵە بکاتەوە کە بەهۆی کۆکردنەوەی دەسەڵات و داهات لە ناوەند و لەژێر دەستی یەک دیکتاتۆردا، ڕێگەی پێشکەوتنی لێ گیرابوو.

پیرۆز بێت هاوپەیمانیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

سەرکەوێت خەباتی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

سەرکەوتوو بێت خەباتی نەتەوەکانی ئێران بۆ دامەزراندنی کۆماری دێموکراتیکی فیدراڵ.

٧ی ڕەشەمە ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەراوردێک لە نێوان دوو ڕاپەڕینی «ژینا» و بەفرانباری ئەمساڵدا؛ ئەگەر و گریمانەکان





**مستەفا مەعرووفی**

لە سێ ساڵی ڕابردوودا دوو ڕاپەڕین لە ئێراندا ڕوویان داوە کە هەردووکیان لە شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە هەتا کاتی خۆیان، گەورەترین ڕاپەڕین بوون. لەگەڵ ئەوەدا کە هەردووکیان کۆماری ئیسلامییان کردبووە ئامانج، بەڵام لە نێوەڕۆک و سەرچاوەوە جیاواز بوون. ناسینی سروشت و لێکدانەوە و وردبوونەوە لە ڕەوتی ئەم دوو ڕاپەڕینە دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ

هەڵبژاردنی میتۆد و تاکتیکی گونجاو لە هەر ئەگەر و پێشهاتێکی چاوەڕوانکراودا.

## وێکچوونەکان

ڕاپەڕینی ژینا (ژن، ژیان، ئازادی) ١٤٠١ (٢٠٢٢) و ڕاپەڕینی بەفرانباری (١٤٠٤ - ٢٠٢٦) هەردووکیان ڕاپەڕینێکی شۆڕشگێڕانە بوون؛ دروشمەکان ڕاست لە دژی کۆماری ئیسلامی بوون و دروشمی سیاسی و ڕووخێنەری نیزامی سیاسی بوون. سێ دەیەی پێ چووبوو کە دروشمی پیشەیی و هەنووکەیی وەک نارەزایەتی بە گرانی، دۆخی خراپی ڕێگاوبان و کەمیی مووچەی کارمەندان و ئیمکاناتی خوێندن و هتد، کە پێوەندییان بە ژیانی ئاسایی و گیروگرفتی ڕۆژانەوە هەبوو، بێ وەڵام بمێننەوە و بزووتنەوەی ڕیفۆرمیستی لە دەیەی ٧٠ (٩٠ی زایینی) سەرهەڵبدا.

باڵی ڕیفۆرمخواز لەبەر ئەوەی کە داخوازییەکانی تەنیا لە چوارچێوەی ڕێژیمدا مانەوە و لە نارەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵکدا کە هەر دەهات و بەرینتر و ڕادیکاڵتر دەبوون، بەجێ ما و سەرەنجام لەگەڵ دەسەڵاتدا مایەوە و لەنێو دەسەڵاتدا تواییەوە و شوێنەواری لەنێو خەڵکدا نەما. ئیدی لە ڕاپەڕینی ١٣٨٨دا بە «بزووتنەوەی سەوز» کە بە نارەزایەتی لە ئاکامی هەڵبژاردنی سەرکۆمار هەڵگیرسا، ڕاپەڕینەکان بە تەواوی نێوەرۆکی سیاسییان بە خۆیانەوە گرت و لەو کاتەوە ڕیزی نێوان خەڵک و ڕێژیم وەک دوو بەرەی دژبەیەک بە تەواوی جیا بووەوە. لەو کاتەوە دیار بوو کە هەر ڕاپەڕینێکی دیکە ڕوو بدا، بەرین یان سنووردار، دژی ڕێژیم دەبێ. هەر بۆیە ڕاپەڕینی ژینا و بەفرانباری ئەمساڵ هەر لەسەر ئەو بەستێنە شۆڕشگێڕانەیە بوون بەڵام بە شێوەیەکی بەرینتر و بەربڵاوتر.

هەردوو ئەم ڕاپەڕینە لەنێو دەیان خۆپێشاندان و کۆبوونەوەی نارەزایەتی لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا، گەورەترین ڕاپەڕین بوون؛ چ لە ڕووی پانتایی جوگرافیای ئێران (هەردووکیان هەر ٣١ پارێزگاکەی ئێرانیان گرتەوە) و چ لە ڕووی بەشداریی جەماوەرییەوە. نارەزایەتییەکان لە دژی ئەو ڕێژیمە گەیشتوونەتە جێگەیەک جگە لە پێگە و شوێنە نیزامییەکان و ئەو گەرەکانەی چاوەدێری و کۆنترۆڵی چریان لەسەرە، هیچ ناوچەیەکی ئەمن و هیچ پێگەیەکی خەڵکیی جێی متمانە بۆ ئەو ڕێژیمە نەماوەتەوە. سەرانسەری ئێران دەکرێ شوێنی بەرهەڵستکاریی خەڵک لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا بێ. دوور نییە لە قۆناغەکانی دواتردا هەندێک شوێن و بنکەی نیزامی و هەندێک لە هێزە نیزامییەکان ڕیزەکانی خۆیان لە ڕێژیم جیا بکەنەوە و شۆڕش بچێتە قۆناغێکی بێ گەڕانەوەوە.

هەردوو ڕاپەڕینەکە بە چەکی دەستی و هەندێک جار بە چەکی نیوەقورس وەک دۆشکە و تیربار (بە تایبەتی لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەفرانباری ئەمساڵدا) سەرکوتی خوێناوی کران. هەر وەک چۆن ویست و داخوازییە ڕیفۆرمیستییەکان لە ڕابردوودا بێ وەڵام مانەوە، دروشم و خۆپێشاندانی مەدەنی و سیاسییش لەم دوو ڕاپەڕینەی دواییدا بە توندی و بە زەبری چەک سەرکوت کران. ڕەوتی بەرەو ڕادیکاڵچوونی ڕووداوەکان و خۆپێشاندانەکان لە لایەک و سەرسەختی و دڵڕەقیی ڕێژیم لە لایەکی دیکەوە، ئەگەری بەرەنگاربوونەوەی قورستر و تەنانەت بەرەوڕووبوونەوەی چەکداریی هەیە و لە داهاتوودا دوور نییە خەڵکی ئێرانیش وەک کوردستان بێنە سەر ئەو باوەڕەی کە جگە لە بەرگریی چەکدارانە، ڕێگەیەکی دیکە لە بەرامبەر ئەو ڕێژیمەدا نەماوەتەوە.

سەرکوتی خوێناویی هەردوو ئەم ڕاپەڕینە، سەرکۆنە و مەحکوومییەتی بەرینی کۆماری ئیسلامیی لە لایەن دنیای ئازاد و دێموکراتیک و ناوەند و کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکانی لێ کەوتەوە و پشتیوانی و هاودەردیی ئەوانی بۆ خەڵکی ڕاپەڕیو بەدوای خۆیدا هێنا. کەواتە هەلومەرجی نێونەتەوەیی بۆ ڕاپەڕینێکی سەرانسەری و یەکلاکەرەوە لە دژی کۆماری ئیسلامی ئامادەیە و شەریکە ئابوورییەکانی ڕێژیم وەک چین و ڕووسیە کە سوودێکی زۆری ئابووری لە بەستراوەیی ئێران بە خۆیانەوە دەبینن، ئامادە نابن سوود و سەرمایەکانیان بۆ بەرگری لە ڕێژیمێک کە مەشرووعییەتی خەڵکی نەماوە، بخەنە مەترسییەوە.

سەرەنجام، هەر دوو ئەم ڕاپەڕینە لاوازییەکی گەورەیان هەبوو؛ کە بریتی بوو لە نەبوونی جێگرەوەیەکی جێگای متمانە و سەرانسەری کە بتوانێ ڕاپەڕینەکان ڕێک بخات و بەڕێوەیان ببات و ببێتە مەرجەع بۆ هەموو لایەک و ببێتە بژارە بۆ جێگرەوەی ڕێژیم. لە ڕاستیدا ئامانجی ڕاپەڕینەکان بۆ خەڵک دیار بوو کە لە دژی کۆماری ئیسلامییە، بەڵام دیار نەبوو بۆ کام جێگرەوە، چونکە جێگرەوەیەک نەبوو. لە ڕاپەڕینی بەفرانباری ئەمساڵدا ڕاستە کە بەرچاوترین دروشم ئەوانە بوون کە بە لایەنگری لە ڕەزا پەهلەوی دەدران، بەڵام ڕەزا پەهلەوی بەبێ ڕێکخستن و کار و بەرنامەی ڕوونی سیاسی، بەبێ ئەزموون و ڕابردووی کاری حیزبی و ڕێکخراوەیی، نەیدەتوانی ڕۆڵی جێگرەوە ببینێ؛ جگە لەوەی کە هەر لە سەرەتاوە دژی نەتەوەکانی دیکەی ئێران هەڵوێستی دەگرت کە نزیک بە نیوەی دانیشتووانی ئەم وڵاتە پێک دێنن و ئامادە نەبوو لەگەڵ هێز و لایەنەکانی دیکە هاوکاری بکات.

### سێ هۆکار ناوی ڕەزا پەهلەوییان زەق کردەوە:

**یەکەم**، شکست و بەلاڕێداچوونی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ و نۆستالژیی - بە تایبەتی نەتەوەی فارس- بۆ سەردەمی ڕێژیمی شا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**دووەم**، هێنانە پێشەوەی ڕەزا پەهلەوی لە لایەن ئیسرائیلەوە بۆ ترساندنی کۆماری ئیسلامی و

**سێیەم**، دەزگای ڕاگەیاندنی بی بی سی و بەتایبەت ئێران ئینتەرنەشناڵ. کەواتە بەبێ ڕێکخراوە و بەرنامەیەکی ڕوونی سیاسی و لە مەیداندابوونی ڕێبەرانی شۆڕش، جێگرەوە لەسەر شاشەکان و چەند هەزار کیلۆمەتر دوور لە سنوور دروست نابێ.

شۆڕش ڕاگواستنی دەسەڵاتە لە ڕێژیمەوە بۆ بەرەی دژەڕێژیم (جێگرەوە)؛ ئەگەر جێگرەوە نەبێ شۆڕشێک ڕوونادات. وای دابنێین خەڵکی ڕاپەڕیو دەست بەسەر هەموو دامودەزگاکانی حکوومەتی و ناوەندە نیزامییەکاندا دەگرن، دەبێ بە کەسانێک یان هێزێکیان بسپێرن. ئەگەر ئەمە نەبێ ئاڵوگۆڕی دەسەڵات نەکراوە و شۆڕش سەرنەکەوتووە و کەس جێی ڕێژیمی نەگرتووەتەوە. لەنێو ئەو دۆخەدا ڕێژیم هەرچەند لاواز و پەککەوتووش بێ، هەر لە جێی خۆیەتی. لە شۆڕشی ١٣٥٧ی گەلانی ئێراندا دەوڵەتی بەختیار و دەوڵەتی مەهدیی بازرگان هەبوون؛ پاش ڕاگەیاندنی دەوڵەتی بازرگان، سپا ڕایگەیاند کە لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا بێلایەنە. هەر ئەم بێلایەنییە بە واتای ڕووخانی دەوڵەتی بەختیار بوو؛ ئەگەر دەوڵەتی بازرگان وەک جێگرەوە نەبووایە، دەوڵەتی بەختیار هەر لە جێی خۆی دەبوو. خومەینی و ئاخوندەکان و ڕووناکبیرانی مەزهەبیی ئەو کات توانیبوویان بە باشی خۆیان ڕێک بخەن، بە چەشنێک کە نەک هەر ببن بە جێگرەوەی ڕێژیمی پاشایەتی، بەڵکوو بەرنامە و توانای سەرکوت و هێرش بۆ سەر تەواوی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دیکەشیان هەبێ کە بیانەوێ لە پێکهاتەی حکوومەتی داهاتوودا بەشدار بن. لە شۆڕشەکانی دیکەی وڵاتانیشدا هێزێک، جێگرەوەیەک هەبووە کە توانیویەتی جێگەی ڕێژیم و سیستەمی پێشوو بگرێتەوە تا شۆڕش سەرکەوێ. تەنانەت ئەگەر ئەم جێگرەوە لە سەردەمی ڕاپەڕینی ژیناشدا هەبووایە، لەوانە بوو ئاکامێکی باشی هەبووایە.

## جیاوازییەکان

ڕاپەڕینی ژینا (ژن، ژیان، ئازادی) «بابەتتەوەر» بوو؛ بابەتەکەش هەڵگری چەمکی یەکسانی و ئازادی بوو. شکاندنی دابونەریتی لەمێژینە و یاساکانی دژەژنی کۆماری ئیسلامی گرنگترین پەیامی ئەم ڕاپەڕینە بوون، هەر بۆیە ڕاپەڕینێکی پێشکەوتنخوازانە بوو کە تا ئێستاش نەک هەر لە ئێران، بەڵکوو لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لە ڕووی ئامانج و نێوەرۆکی یەکسانیخوازانە و پێشکەوتووانەیەوە بێوێنەیە. ڕاپەڕینێک بوو بۆ دەرچوون لە بازنەی مێژوویی توندوتیژی دژی ژنان و دیکتاتۆری وەڕێ کەوت. بەڵام ڕاپەڕینی بەفرانباری ئەمساڵ کە سەرەڕای زۆر دروشمی دێموکراتیک و پێشکەوتووانە کە دەبیسران، تا ڕادەیەک «شەخستەوەر» بوو. ئەم ڕاپەڕینە ڕەهەندێکی ئابووریی بەهێزی هەبوو؛ دارمانی بێوێنەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەهای تمەن و قەیرانی قورسی بژێوی، وای کرد کە بەشێکی بەرچاوی خەڵک لەنێو بێهیواییدا ئاوات بۆ ڕابردوو بخوازن. هەر بۆیە دروشمێکی بەرچاو، گەڕانەوە بۆ سیستەمی پاشایەتی بوو؛ واتە گەڕانەوە بۆ دواوە بە ئومێدی دەستکەوتنی سەقامگیرییەکی ئابووریی هاوشێوەی پێشوو. ئەوەی لە بەفرانباری ئەمساڵدا لە شەقامەکانی تاران و شارەکانی دیکە ڕابرد، تا ڕادەیەک هاوشێوەی بەفرانباری ١٣٥٧ بوو؛ بە جیاوازییەش کە ئەم جارە لە جیاتی خومەینی، ناوی ڕەزا پەهلەوی دەبیسترا. لە ڕاستیدا ئەم جۆرە لە کەستەوەری، نەک پرۆژەیەکی سیاسیی ورد، بەڵکوو پەرچەکردار و پاشکۆی ئەو تووڕەییە ئابوورییە قورسە بوو کە باڵی بەسەر ڕاپەڕینەکەدا کێشابوو.

مەکۆ و سەرچاوەی ڕاپەڕینی ژینا کوردستان بوو. هەلومەرجی کوردستان هەمیشە لە ژێر کاریگەریی ناوەندا بووە، ئەوە یەکەم جار بوو کە ناوەند دەکەوتە ژێر کاریگەریی کوردستان. ٤٤ ساڵ بوو سەرکوتی خوێناویی بزووتنەوەی ئازادیخوازانە لە ئێران هێزێکی وای لە مەیداندا نەهێشتبووەوە، بەڵام لە کوردستان هەرچەند کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چەندین ساڵدا بە تێچوویەکی زۆری مرۆیی و ماددی توانی لە ڕووی نیزامییەوە زاڵ بێ، بەڵام هەرگیز نەیتوانی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەنێو ببات و هەرگیز مەشرووعییەت و نفووزی لەنێو کورددا پەیدا نەکرد. بەشداری‌نەکردنی خەڵکی کوردستان لە ڕێفراندۆمی دیاریکردنی نیزام لە ساڵی ١٣٥٨دا لە ژێر ڕێنمایی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هێزە سیاسییەکانی دیکەدا، پاش ٤٤ ساڵ ڕاستی و دروستییەکەی بۆ هەموو خەڵکی ئێران دەرخست و ئیعتیبار و نفووزی کورد و پێگەی کوردستانی لە سەرانسەری ئێراندا زیاتر کرد. ئەو کات لە ناوچەکانی دیکەی ئێراندا ٩٨ لە سەد دەنگی ئەرێنییان بەو ڕێفراندۆمە دا. کوردستان هەمیشە مەیدانی کێشە و ململانێ سیاسییەکان و شەڕ و تێکهەڵچوون لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، وێککەوتنی بیروبۆچوونە جیاوازەکان و بیری دێموکراتیک و ململانێی ئایدیۆلۆژییەکان بووە. لە کوردستاندا ژنان لە کاروباری سیاسییدا لە ڕیزی ئەحزابی سیاسیی کورددا نەک هەر بەشدارن، بەڵکوو بەرپرسیشن؛ کەواتە مەسەلەی یەکسانیی ژن و پیاو لە کوردستاندا تا ڕادەیەکی باش چووەتە پێش، هەر بۆیە لەو بوارەدا کوردستان پێشەنگ و دەوڵەمەندە و سروشتی بوو کە ئەم ڕووداوە بکەوێتە ژێر کاریگەریی بزووتنەوەی سیاسی—دیموکراتیک و پێشکەوتووانەی کوردستانەوە.

بەڵام مەکۆ و سەرچاوەی ڕاپەڕینی بەفرانبار لە تاران و ڕاست «بازاڕ» بوو. لە شوێنێکەوە بوو کە تەنیا دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ڕووداوە ئابوورییەکان و هەڵکشان و داکشانی بازاڕ؛ لە شوێنێک سەری هەڵدا کە پێگەی نەریتیی کۆماری ئیسلامی بوو. ڕاپەڕینی بەفرانبار لە شوێنێکەوە هەڵگیرسا کە کێشە و ململانێیەکان، کێشە و ململانێی ئایدیۆلۆژی، سیاسی و ڕۆشنبیری نین، تەنانەت مەسەلە دیکتاتۆری و دیموکراسیش نییە؛ مەسەلە گەشە یان نوشوستیی داراییە. هەر بۆیە تەنیا سیاسەتە هەڵەکانی کۆماری ئیسلامی کە بوونە هۆی شکستی ئابووری و دابەزینی بازاڕ و نرخ و دراوی وڵات، دەیانتوانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بازاڕ بەدەنگ بێنن. بە تایبەتی کاتێک نرخی یەک تاکە دۆلار خۆی لە ١٥٠ هەزار تمەندا دی، کە بە بەراورد بە دۆلاری ٣ تمەنی لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتیدا بازاڕی هاندا کە ئاوات بۆ گەڕانەوە بۆ سەردەمی پاشایەتی و دۆلاری ٣ تمەنی بخوازێت. هەر بۆیەش سروشتی ئەم ڕاپەڕینە لە نێوان ئەو و ڕاپەڕینی ژینادا جیاواز بوو.

جیاوازی لە ڕادەی زیانە گیانییەکاندا؛ هەردوو ڕاپەڕین لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە خوێناویترین ڕاپەڕین بوون. بەڵام ڕاپەڕینی بەفرانبار بەپێی زانیاری و هەڵسەنگاندن و بەراوردەکان لە لایەن زۆر سەرچاوەوە، نەک هەر لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا بەڵکوو لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا بێوێنە بووە. جارێ ڕادە و مەودای کارەساتەکە بە تەواوی ڕوون نییە. مەزندە دەکرێ ٣٠ هەزار کەس و بەپێی هەندێک هەڵسەنگاندن زیاتریش، لە ماوەی دوو هەفتە ڕاپەڕیندا بە تایبەتی لە ١٨ و ١٩ی بەفرانباردا کوژرابن. لە باری کاتییەوە ڕاپەڕینی ژینا درێژتر بوو؛ نزیکەی ٤ مانگی خایاند، واتە لە ٢٥ی خەرمانانی ١٤٠١ەوە تا ٢٠ی بەفرانبار، ناوی ٥٤٠ کوژراو ساغ بووەوە کە بێگومان لەوە زیاتر بووە. هەتا کاتی ئەم ڕاپەڕینە لە هەموو شەڕ و ڕووداوەکاندا کوردستان زۆرترین زیانی گیانیی داوە. ڕێژیم لە تاران و شارەکانی دیکەی ئێراندا لە بەرامبەر خۆپێشاندەران و بزووتنەوە نارەزایەتییەکاندا تا ڕادەیەک نەرمییەکی تاکتیکیی دەنواند، بەڵام لە کوردستان خۆیان ناچار بە ڕەچاوکردنی ئەو تاکتیکەش نەدەزانی؛ بە ئاشکرا و بەبێ پەردە خەڵکیان دەکوشت. لەسەر گۆڕی یەکێک لە شەهیدەکانی دەستی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە یەکێک لە شارەکانی کوردستان پیاوێک دەڵێ: «سەرکوت لە تاران بە باتوومە، لە کوردستان بە گوللەیە». لە ڕاپەڕینی بەفرانباردا کۆماری ئیسلامی لە تاران و شارەکانی دیکەش ئەم تاکتیکەی وەلانا و ئەوەی کرد کە لەمێژ بوو لە کوردستان دەیکرد. هەر بۆیەش لە شارە گەورەکان کە سەدان هەزار کەس لە خۆپێشاندانەکاندا بەشدار دەبوون، ڕادەی زیانەکانیش زۆر بوو کە هەتا ئێستا بێوێنە بووە.

## ئاکام

بەراوردێکی تەنانەت خێرا و کورتیش دەمانگەیەنێتە ئەو ئاکامەی کە؛ ٤٧ ساڵ سەرکوتی ئازادییە دێموکراتیکەکان و سانسۆر و چەقبەستوویی سیاسی لە ئێراندا، دەرفەتی بوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتوو و دێموکرات و سەرانسەری کە ببێتە جێگرەوە بۆ کۆماری ئیسلامی - لانیکەم هەتا ئێستا - نەهێشتووەتەوە. هەر بۆیە لە ئەگەری ڕووخانی کۆماری ئیسلامیشدا - بە هەر هۆیەک- مەترسیی ئەوە هەیە کە دیسان «خەڵک بزانن لە دژی کێ ڕاپەڕیون و شۆڕش دەکەن بەڵام نەزانن بۆ کێ» و مێژوو دیسان دووبارە بێتەوە. هەر بۆیەش ئەم جارە بەبێ هیچ هۆیەکی لۆژیکی و سیاسی ڕەزا پەهلەوی زەق بووەوە، تەنیا لەبەر هۆی نۆستالژی و ئەفسانە و حیکایەتی مەزنیخوازانە کە تەنیا بابەتگەلی ئەدەبین نەک ڕێگا و مێتۆدی کۆنکرێتی سیاسی و واقیعی بۆ ئیدارەی وڵاتێک.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ڕەشەمەی ٢٧٢٥**

هەڵسەنگاندنی ئەم دوو ڕاپەڕینە سەرانسەرییە پێمان دەڵێ هەتا جێگرەوەیەکی سەرانسەری و دێموکراتیک کە ڕێز لە ئیرادەی هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی ئێران بە هەموو جۆراوجۆرییە نەتەوەیی و ئایینییەکانەوە نەگرێت و جێگەی ڕێز و هیوای زۆرینەی هەموو پێکهێنەرەکانی ئێران نەبێت، تەنانەت ئەگەر خۆپێشاندانی لەمەش گەورەتر بکرێت، ئەگەری سەرکەوتنی زۆر کەمە؛ تەنانەت ئەگەر سەریش بکەوێت ئەگەری شەڕی نێوخۆیی لە ئارادا دەبێت.

٤٧ ساڵی ڕابردوو نیشانی داوە کە هەتا خۆپێشاندان بەرینتر و دروشمەکان سیاسیتر و ڕادیکاڵتر بوون، توندوتیژی و سەرکوتی ڕێژیمیش خوێناویتری بووە؛ ئەمە بەو واتایەیە کە ڕێژیم بە خۆپێشاندان لاناچێت و ئەگەری ئەوە هەیە ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانە ڕوو بدات.

بەراوردێک لە نێوان ئەم دوو ڕاپەڕینەدا دەریخست کە کوردستان ئەزموونێکی دەوڵەمەندی لە کاری سیاسی و ڕێکخراوەییدا هەیە، هەر بۆیەش لە سەرانسەری تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا کوردستان هەمیشە وەک دوایین سەنگەری ئازادیخوازی ماوەتەوە. هەتا ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ و هەڵگیرسانی شەڕی ١٢ ڕۆژە لەگەڵ ئیسرائیل، کۆماری ئیسلامی توانیبووی ناوچەیەکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بخاتە ژێر هێژمۆنیی خۆیەوە و نفووزێکی زۆری پەیدا کردبوو و خۆی وەک زلهێزی ناوچە نیشان دەدا، بەڵام لە نێو سنووری خۆیدا هەرگیز کوردستانی بە تەواوی پێ بەچۆکدا نەهات.

ڕاپەڕینی ژینا و ڕووداوەکانی دواتری کوردستان دەریانخستووە کە بیری نەتەوەیی تێکەڵ بە وشیاریی سیاسیی خەڵکی کوردستان یەکجار زۆر پتەو و بەربڵاوە؛ ڕاگەیاندنی یەکگرتووانەی هێزە سیاسییەکانی کورد ڕوو بە خەڵکی کوردستان و سەرانسەری ئێران، ڕاپەڕینی ژینای وەڕێ خست؛ کوردستان دوای ٤٤ ساڵ شەڕ و سەرکوتکران، زەمینەی ئەو ڕاپەڕینە بەشکۆیەی پێک هێنا. کەواتە کورد پێویستە توانا و ئیرادەی خۆی لە یەکگرتنی نێوخۆیی و یەکپارچەییدا ببینێت بۆ ئەوەی ڕۆڵی پێشەنگانەی خۆی لە هەر ئەگەر و گۆڕانێکدا کە چاوەڕوان دەکرێت، بگێڕێت.

**٨ی ڕەشەمە ٢٧٢٥**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هاوپەیمانیی کوردستانی لە ئێران






**ئیبراهیم لاجانی**

دەرفەتێکی مێژوویی بۆ پێناسە و داڕشتنەوەی سەرلەنوێی سیستەمی سیاسیی ئێران، لەسەر بناغەکانی کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکان، دیسانترالیزاسیۆن، فرەفەرهەنگی و فرەشوناسی!

ئاڵوگۆڕە خێراکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لاوازبوونی ڕێژیمە تۆتالیتێرەکان و قوڵبوونەوەی قەیرانی هەموولایەنەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆماری ئیسلامی، هەلومەرجێکی بێوێنەی بۆ پێداچوونەوە و دارشتنەوەی سیستەمی سیاسی لە ئێران خوڵقاندووە. لە بارودۆخێکی ئاوادا، پێکهاتنی هاوپەیمانی لەنێوان پێنج حیزب و لایەنی سیاسیی کوردستانی ئێران، دەبێت نەک هەر وەک هاوهەنگاوییەکی تاکتیکی، بەڵکوو وەک هەوڵێکی کارا و بەرپرسانە، بۆ شوێندانان لەسەر پرۆسەی سیاسی و تێپەڕین بەرەو ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتیک لەقەڵەم بدرێت. ئەو هاوپەیمانییە، ئەگەر بتوانێت لە چوارچێوەی یاسای نێونەتەوەیی، دیسکۆرسی مافەکانی مرۆڤ و ئەسڵەکانی دێموکراسی و فرەفەرهەنگیدا هەڵسوکەوت بکات، دەتوانێت رۆڵێکی گەورەی دوولایەنە بگێڕێت. واتە لەلایەک بەرگری لە داخوازییە نەتەوەیی و سیاسی و فەرهەنگییەکانی نەتەوەی کورد بکات و لەلایەکی دیکەشەوە یارمەتی بە چوونەپێشی ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆن لە ئێراندا بکات.

بە کەڵکوەرگرتن لە ڕیتۆریکی یاسایی، سیاسی و دیپلۆماتیک، ئەو وتارە لە سێ بواردا، ئەو پرسە بنەڕەتییانەی خوارەوە دەخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە؛ واتە بایەخ و گرنگیی پێکهاتنی ئەو هاوپەیمانییە بۆ خەباتی نەتەوەی کورد و بۆ هەموو ئێران، پێگە و شوێنی ئەو هاوپەیمانییە بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ هێزە سیاسی و مەدەنییەکانی کوردستان و ڕێکخراوە سەرتاسەرییەکانی ئێران، بایەخی بردنەپێشی پرۆژەکانی دیسانترالیزاسیۆن و فرەفەرهەنگی بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی دێموکراتیک لە وڵاتێکی فرەنەتەوەیی وەک ئێراندا.

## گرنگی و بایەخی پێکهاتنی هاوپەیمانیی کوردستانی لە هەلومەرجی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامیدا

هەرچەشنە هاوپەیمانییەکی سیاسی لە هەلومەرجی تێپەڕیندا، تەنیا ئەوکاتە دەتوانێت کاریگەر و شوێندانەر بێت کە لە یەک کاتدا سێ کارکردی هەبێت. یەکیەتی و هاوئاهەنگیی نێوخۆیی، مەشرووعییەتی قانوونی و یاسایی، توانای مانۆڕدانی میللی و سەرتاسەری. جا ئەگەر هاوپەیمانیی کوردستانی بتوانێت لە چوارچێوەی ئەو ئەسڵانەدا کاری سیاسی بکات، دەتوانێت ببێتە پارامیترێکی کاریگەر لەسەر وەزعی ئێستا و داهاتووی ئێراندا.

## یەکیەتیی نێوخۆیی و هاوئاهەنگیی دەروونی و نوێنەرایەتیی سیاسیی خەڵکی کوردستان

کۆمەڵگەی کوردی لە کوردستانی ئێران بۆ ماوەیەکی زۆر و دوورودرێژ لەگەڵ پرشوبڵاوی سیاسی و تەشکیلاتی، ململانێی ئایدیۆلۆژیک و فشار و سەرکوتی سیاسی و ئەمنییەتی دەستەویەخە بووە. بۆیە پێکهاتنی هاوپەیمانیی کوردستانی لەنێوان پێنج حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی کوردستاندا، پەیامێکی ڕوون بۆ خەڵکی کوردستان و کاراکتەرە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکان دەنێرێت. ئەو پەیامە بریتییە لەوەی کە کوردەکان نەک هەر نایانەوێت پشێوی و ناسەقامگیری و شەڕ و ئاژاوە دروست بێت، بەڵکوو ئەوان لایەنگر و خوازیاری دروستبوونی چوارچێوەیەکی سیاسیی ئەوتۆن کە دەرفەتی ئەوەیان بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بڕەخسێنێت بتوانن لە دامەزراندن و سەقامگیرکردنی سیستەمێکی دێموکراتیک لە ئێراندا، ڕۆڵی تایبەتیی خۆیان بگێڕن. ئەو یەکیەتی و هاوپەیمانییە، سەرمایەیەکی سیاسییە کە دەتوانێت لە ڕەوتی باس و گفتوگۆ و دیالۆگی میللی و سەرتاسەریدا بۆ ئامادەکردن و پەسندکردنی قانوونی ئەساسیی تازە و دارشتنەوەی سیستەمی سیاسیی وڵات، قورسایی و ئیعتیباری خۆی نیشان بدات.

وەدەستهێنانی مەشرووعییەتی سیاسی لەسەر بناغەی کارکردن لە چوارچێوەی یاسای نێونەتەوەیی و کۆنڤانسیۆنەکانی مافی مرۆڤ و مافی کەمایەتییە نەتەوەیی و فەرهەنگی و زمانی و مەزهەبییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا

بەرنامەی سیاسیی ئەو هاوپەیمانییە بریتییە لە ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، دامەزراندنی حکوومەتێکی دێموکراتیک و سکۆلار و دیسانترالیزاسیۆن و دابەشکردنی حکوومەت و دەسەڵات لەگەڵ نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران و دابینکردنی مافە نەتەوەییەکانی ئەوان. ئەو داخوازییانە ئەگەر لە چوارچێوەی یاسای نێونەتەوەیی و ئەسڵە پەسندکراوەکانی عورفی نێونەتەوەییدا، بێنە گۆڕێ و فۆرمۆڵە بکرێن، نەک هەر وەک هەڕەشە لەسەر حاکمییەت و سەروەریی سیاسیی ئێران بە حیساب نایەن، بەڵکوو ڕاست لەگەڵ تەعەهودە نێونەتەوەییەکانی ئێران هاوئاڕاستە دەبن.

ئێران کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئیمزا کردووە. پابەند بووە کە بەند و پرەنسیپەکانی ئەو ڕێککەوتننامە نێونەتەوەییانە پیادە بکات. ماددەی یەکەمی هەردوو پەیماننامە، مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکانی بەدەستی خۆیان بە فەرمی دەناسێت. لەوەش زیاتر ماددەی ٢٧ی پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە کەمایەتییە نەتەوەیی و ئیتنیکی و فەرهەنگی و مەزهەبی و زمانییەکان، مافی ئەوەیان هەیە لە زمان و فەرهەنگ و کولتوور و دابونەریت و ئایینی خۆیان ئازادانە کەڵک وەربگرن.

سەرەڕای ئەوە، بەیاننامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە ماف و ئازادییەکانی کەسانی سەر بە کەمایەتییە نەتەوەیی و مەزهەبی و زمانی و فەرهەنگییەکان، کە لەلایەن کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ساڵی ١٩٩٢دا پەسند کرا، ئەرک و بەرپرسیارەتی دەخاتە سەرشانی هەموو دەوڵەتەکان تا هەلومەرجی بەشداریی کاریگەریی کەمایەتییەکان لە کاروباری سیاسی و هەموو ئەو مەسەلانەدا کە ئەوان دەگرنەوە، دابین و دەستەبەر بکەن.

ئەگەر هاوپەیمانیی کوردستانی بتوانێت، داخوازییەکانی نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی ئەو ئەسڵە پەسندکراوە جیهانییانەدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێنێتە گۆڕێ، پرسی کورد و چارەسەرییەکەی نەک هەر وەک "هەڕەشەیەکی ئەمنییەتی" بە حیساب نایەت، بەڵکوو وەک "دابین و دەستەبەرکردنی تەعەهودی نێونەتەوەیی" لەقەڵەم دەدرێت. ئەوەش بۆ خۆی ئاڵوگۆڕێکی گەورە لە ڕیتۆریکی سیاسەتی کوردیدا پێک دێنێت.

## پێویستیی سەقامگیریی وەزعی سیاسی لە قۆناغی پاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامیدا

ئەزموونی وڵاتانی ناوچەکە ئەوە نیشان دەدات کە ڕووخانی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان، بەبێ مەیدانداریی حیزب و لایەنە سیاسییە بەرپرسەکان، ڕەنگە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی پشێوی و ئاژاوە. لە وەزعێکی ئاوادا پێکهاتنی هاوپەیمانییەک کە پێ لەسەر دابینکردنی ئاسایش و ئەمنییەت و نەزمی مەدەنی و گواستنەوەی دەسەڵات بە شێوەیەکی بەرپرسانە دادەگرێت، دەتوانێت دەستەبەری دابینکردنی ئەمنییەت و ئاسایش لە کوردستاندا بکات.

ئەگەر کوردستان، لە قۆناغی تێپەڕین و گواستنەوەدا بۆ سیستەمی تازە، بتوانێت، نموونە و مۆدێلێکی سەرکەوتوو و دێموکراتیک لە دەسەڵاتی هەرێمی، حاکمییەتی قانوون، ئیدارەیەکی هاوبەش و مەدەنی بەدەستەوە بدات، ئەوە نەک هەر لە بەرژەوەندی و قازانجی خەڵکی کوردستاندایە، بەڵکوو ئەو پەیامەش بە سەرتاسەری ئێران دەدات کە دیسانترالیزاسیۆن و دابەشکردنی دەسەڵات نەک هەر نابێتە مایەی لێکهەڵوەشانی وڵات، بەڵکوو دەبێتە مایەی سەقامگیریی سیاسی.

## ئێران وەک وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەفەرهەنگ، بناغە تیۆرییەکانی دیسانترالیزاسیۆن

یەکێک لە گرفتەکانی سیاسەتی ئێران بریتییە لە ئینکار و حاشاکردن یان بەکەمگرتنی دیاردەی فرەنەتەوەیی و فرەفەرهەنگی و فرەزمانی لەو وڵاتەدا. واقیعییەتی کۆمەڵناسی ئەوە نیشان دەدات کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەزمان و فرەکولتوورە. نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران خاوەنی مێژوو و فەرهەنگ و زمان و دابونەریت و شوناسی تایبەتیی خۆیانن. بۆیە قبووڵکردنی ئەو ڕاستییە کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە، پێشمەرجی سەقامگیریی سیاسییە لەو وڵاتەدا.

## مافی دیاریکردنی چارەنووس لە چوارچێوەی ئێراندا

یاسای نێونەتەوەیی جیاوازی لەنێوان "مافی دیاریکردنی چارەنووسی دەرەکی" (جودایی) و "مافی دیاریکردنی چارەنووسی نێوخۆیی" (خودموختاری و فیدراڵیزم) دادەنێت. لە ژمارەیەکی بەرچاو لە وڵاتانی فرەنەتەوە و فرەفەرهەنگدا، وەک کانادا، ئیسپانیا، بریتانیا، هیندستان و... شێوە جۆراوجۆرەکانی فیدراڵیزم و خودموختاری و حکوومەتی هەرێمی پیادە کراون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاوپەیمانیی کوردستانی بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێراندا دەتوانێت پێ لەسەر پیادەکردنی "مافی دیاریکردنی چارەنووسی نێوخۆیی" دابگرێت. واتە مافی خەڵکی کوردستان بۆ ئیدارەکردنی کاروباری هەرێمی، پەروەردە و فێرکردن بە زمانی دایک، بەشداریی کاریگەر لە کاروباری حکوومەتی ناوەندیدا، بەهرەمەندبوونی دادپەروەرانە لە سەرچاوە سروشتییەکان و سەروەت و سامانی وڵات. هەموو ئەو داخوازییانە لە چوارچێوەی ئێران و حاکمییەتی و سەروەریی سیاسیی ئێراندا ئیمکانی دابینبوون و دەستەبەرکردنیان هەیە.

## دابەشکردنی حکوومەت وەک ئامرازی پێشگیریکردن لە سەرهەڵدانی کێشە و ناکۆکی و ململانێ

لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکان لە بواری کێشە و شەڕ و ناکۆکییە قەومی و ئێتنیکی و سیاسییەکان، ئەوە دەردەخەن کە دیسانترالیزاسیۆن و دابەشکردنی دەسەڵات لە بواری سیاسی و ئیداریدا، لە زۆر شوێن پێشگیریی کردووە لە سەرهەڵدانی شەڕ و ناکۆکی و ململانێی قەومی و ئێتنیکی. دابەشکردنی دەسەڵات لەگەڵ هەرێمەکان و دانی ئیختیارات بەوان بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری ناوچەکانیان، دەبێتە هۆی دروستبوونی هەستی خاوەندارییەتی سیاسی و بەهێزبوونی متمانە لەنێوان هەرێمەکان و ناوەنددا.

لە ئێرانی داهاتوودا، دەتوانرێت مۆدێلێک لە "فیدرالیزمی ناهاوسەنگ" پیادە بکرێت. هەر هەرێم و ناوچەیەک بەگوێرەی هەلومەرجی تایبەت بە خۆی، مێژوو و فەرهەنگ و زمان و کولتووری ناوچەکە، دەسەڵات و ئیختیاراتی هەرێمی بدرێتێ بۆ ڕاپەڕاندنی ئیدارەی خۆی. ئەو مۆدێلە نەک هەر ئیمتیازێکی تایبەتی نییە بۆ ئەو هەرێمانە، بەڵکوو وەڵامدانەوەیەکی قانوونی و یاساییە بە واقیعییەتی فرەنەتەوەییبوون و فرەفەرهەنگی لە ئێراندا.

## ڕۆڵی هاوپەیمانیی کوردستانی لە پێوەندیی نێوان کوردستان و هێزە سەرتاسەرییەکانی ئێراندا

یەکێک لە هەستیارترین و گرنگترین ڕۆڵی ئەو هاوپەیمانییە بریتییە لەوەی کە دەبێتە پردێکی سیاسی لەنێوان کوردستان و هێزە سیاسییە سەرتاسەرییەکاندا. ئەو ڕۆڵە پێویستیی بە وردەکاریی دیپلۆماتیک و متمانەسازیی دوولایەنە هەیە.

## هاوکاری لەگەڵ هێز و لایەن و حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکانی دیکە

ئەو هاوپەیمانییە کوردستانییە کە لە ڕێککەوتنی پێنج حیزبی سیاسی دروست بووە، نابێت خۆی وەک تەنیا نوێنەری خەڵکی کوردستان بناسێنێت. بەڵکوو دەبێت سازوکار و میکانیزمی پێویست بۆ گفتوگۆ و هاوئاهەنگی لەگەڵ باقی هێز و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لایەن و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکانی دیکەی کوردستان ساز بکات. پێکهێنانی ئەنجومەن و شوورای جۆراوجۆری ڕاوێژکاری، ناوەندی دیالۆگ و ئامادەکردنی پلاتفۆرم و بەرنامە و پرۆگرامی سیاسی بۆ کاری هاوبەش و هتد. هەموو ئەوانە دەتوانن پێش لە پاوانخوازی و قۆرخکاری بگرن. دەبێت ئەوە بزانین کە یەکیەتی و هاوئاهەنگی و تەبایی نێوخۆیی لە کوردستاندا هێز و توانای کورد بۆ چەنەلێدان و دانوستان لە ئاستی سەرتاسەریدا زیاتر دەکات.

## کەمکردنەوەی نیگەرانییەکانی ناوەند

لە فەزای سیاسیی ئێراندا بە شێوەیەکی ئاسایی هەرچەشنە هێنانەگۆڕێکی داخوازییە سیاسییەکانی خەڵکی کوردستان بە جۆرێک لە جیاوازیخوازی دادەنرێت. هاوپەیمانیی کوردستانی دەتوانێت لە ڕێگەی گرتنە پێشی ئەو سازوکارانە،

ئەو چەشنە نیگەرانییە کەم بکاتەوە یان ئەو جۆرە ئیدیعایانە بەرپەرچ بداتەوە.

١- هێنانەگۆڕی داخوازییەکانی کورد لە چوارچێوەی یاسای نێونەتەوەیی و ئەسڵەکانی دێموکراسیدا و پابەندبوون بەو پرەنسیپانە.
٢- پێداگرتن لەسەر چارەسەری کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیدا.
٣- ئامادەیی بۆ بەشداریی چالاکانە لە نووسین و داڕشتنەوەی سەرلەنوێی قانوونی ئەساسیدا.
٤- دابین و دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی هەموو دانیشتووانی کوردستان بێ ڕەچاوکردنی هەرچەشنە هەڵاواردنێکی نەتەوەیی، ئایینی و زمانی و ئێتنیکی.

ئەو سیاسەتە نیشان دەدات کە پرسی کورد و داخوازییەکانی نەتەوەی کورد لە ئێراندا، نەک هەر "زێدەخوازیی نەتەوەیی و قەومی" نییە، بەڵکوو بریتییە لە دابەشکردنەوەی سەرلەنوێی دەسەڵات بە چەشنێکی دادپەروەرانە و دەستەبەرکردنی کەرامەتی ئینسانی بۆ هەموو هاووڵاتیانی ئێران.

## نیشاندانی کوردستان وەک نموونەی ئیدارە و دەسەڵاتێکی دێموکراتیک

لە دەورانی تێپەڕیندا، ئەگەر دامەزراوە سیاسییەکانی کوردستان بتوانن لەسەر ئەسڵ و پرەنسیپەکانی وەک وەڵامدەرەوەبوون، بەرپرسیارەتی قبووڵکردن، حاکمییەتی قانوون و شەفافیەت کار بکەن، کوردستان دەتوانێت ببێتە سەرمەشقێک بۆ هەموو ئێران. دابینکردنی ئەمنییەت و ئاسایشی هەرێمی بەبێ سەرکوت، پەرەسەندنی ئابووریی پایەدار،

بەڕێوەبەریی چەند فەرهەنگی و پێکەوەژیانی بە ئاشتی، دەتوانێت گێڕانەوەیەکی نوێ لە پێوەندیی نێوان کوردستان و تاران بەدەستەوە بدات.

## لایەنی دیپلۆماتیک و نێونەتەوەیی

لە دنیای ئەمڕۆدا، مەشرووعییەتی نێوخۆیی بە پرستیژ و ئیعتیباری نێونەتەوەییەوە گرێ دراوە. ئەگەر هاوپەیمانیی کوردستانی دیسکۆرس و گوتاری خۆی لە چوارچێوەی یاسا و عورفی نێونەتەوەییدا بەرێتە پێش، دەتوانێت پشتیوانی و هاوپێوەندییەکی سیاسیی ئەخلاقیی بەرین لە ئاستی دەرەوەدا بۆ لای خۆی ڕاکێشێت.

## ئاکامە پۆزەتیڤەکانی پێکهاتنی هاوپەیمانیی کوردستانی بۆ هەموو ئێران

بایەخ و گرنگیی پێکهاتنی ئەو هاوپەیمانییە تەنیا پێوەندیی بە کوردستانەوە نییە.

**ئەگەر بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە لە دەورانی تێپەڕیندا بتوانێت ئەرکەکانی خۆی بەڕێوە ببات ئەوە نیشان دەدات کە:**

- دیسانترالیزاسیۆن دەتوانێت پێش بە کەڵەکەبوونی ئیمکانات و کۆبوونەوەی لەڕادەبەدەری دەسەڵات لە ناوەند بگرێت.
- بەشداریی ڕاستەقینەی خەڵکی کوردستان لە پرۆسەی سیاسیی سەرتاسەریدا سەرمایەیەکی گەورەی سیاسی بۆ سیستەمی تازە دەستەبەر دەکات.
- قبووڵکردنی فرەکولتووری و فرەفەرهەنگی، دەتوانێت یەکیەتی و هاوپێوەندیی میللی و سەرتاسەری لە ئێراندا لەسەر بناغەی ڕەزامەندی نەک زوڵم و زۆر پێک بێنێت.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا، پرسی نەتەوەکانی ژێرستەمی ئێران، وەک کورد، بەلووچ، عەرەب و تورک، لەبری ئەوەی ببێتە سەرچاوە و مایەی شەڕ و کێشە و ناکۆکیی سیاسی، دەبێتە دەرفەتێک بۆ دارشتنەوەی سەرلەنوێی "پەیماننامەی کۆمەڵایەتی."

## کۆتایی

پێکهاتنی هاوپەیمانیی کوردستانی، ئەگەر پابەندبوونی خۆی بە بنەماکانی مافی مرۆڤ، یاسای نێونەتەوەیی، دێموکراسی،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ڕەشەمەی ٢٧٢٥

سکۆلاریزم و دیسانترالیزاسیۆن نیشان بدات، دەتوانێت ببێتە وەرچەرخانێکی گەورە لە سیاسەتی هاوچەرخی ئێراندا. ئەو هاوپەیمانییە نەک هەر میکانیزمێکە بۆ بردنەپێشی پرسی کورد و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان، بەڵکوو دەتوانێت لە پرۆسەی تێپەڕین بۆ سیستەمێکی دێموکراتیک لە ئێراندا ڕۆڵێکی کاریگەر و بنیاتنەر بگێڕێت.

بە پێداگرتن لەسەر چارەسەری پرسی کورد لە نێوخۆی ئێراندا، بە بەدەستەوەدانی مۆدێلێکی دێموکراتیکی ئیداری لە کوردستاندا، بە جێگیرکردنی حکوومەتی قانوون و فرەفەرهەنگی، دەتوانێت نیگەرانییەکانی ناوەند بڕەوێنێتەوە و ئومێد بە داهاتوویەکی دادپەروەرانە لە دڵی خەڵکی کوردستاندا زیندوو بکاتەوە.

لە کۆتاییدا، ئەگەر دیاردەی فرەنەتەوەیی و فرەفەرهەنگی لە ئێراندا بە فەرمی بناسرێت و ئەو جیاوازییە کولتووری و فەرهەنگییانە لە شکڵ و فۆرمێکی تایبەت بۆ خۆیان وەرگیرێن و ڕێک بخرێن، دێموکراسی نەک هەر بە هەڕەشە بە حیساب نایەت، بەڵکوو دەبێتە پێشمەرجی مانەوە و پایەداری و گەشە و هەڵدانی ئێران. بۆیە بەو مەرجەی یەکیەتیی دەروونیی خۆی بپارێزێت، مەشرووعییەت و پرێستیژی دەرەکی لەدەست نەدات و لە عەقڵانییەتی دێموکراتیک لا نەدات، هاوپەیمانیی کوردستانی دەتوانێت لەو پرۆسەیەدا هەم وەک ئەکتەرێکی میللی و هەم لە ئاستی ناوچەیی و نێونەتەوەییشدا ڕۆڵێکی شوێندانەر ببینێت.

٩ی ڕەشەمە ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شکستی ئیدئۆلۆژیک





ئاسۆ مینبەری

هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و بەتاڵانبردنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ڕێبەندانی ساڵی ٥٧ی هەتاویدا، دەسپێکی پرۆژەیەکی ئیدئۆلۆژیک بۆ بەچۆکداهێنانی ژنان بوو. پێش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، وێژمانی زاڵ ئەوە بوو کە ژنی هاوشانی پیاو لە خەبات و وەک هێمای فیداکاری و وشیاری پێناسە دەکرد. دەستوپێوەندییەکانی خومەینی بەڵێنیان

دابوو کە دەسەڵاتی نوێ، پێگەی مرۆیی ژن دەپارێزێت و ژن لە "کاڵا"بوونی لە دەسەڵاتی پێشوو ڕزگار دەکات و پێگەیەکی باڵاتر، شیاوتر و کاراتری پێ ببەخشێ. ئەم ڕێژیمە لە سەرەتاوە بە دروشمگەلێکی وەک ئازادی، دادپەروەری و کەرامەتی مرۆیی، هیوایەکی بێوێنەی خستە نێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و بەتایبەتیش ژنانەوە، بەڵام لەگەڵ هاتنەسەرکار و جێگیربوونی یەکەم پەلامارەکانی بۆ سەر ئازادیی ژنان بوو.

لە پێناسەی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوودا، ئازادیی ژن نەک بڕاردەیەکی تاکەکەسی بەڵکوو لە چوارچێوەی "بەها ئیسلامییەکان" دا پێناسەی بۆ دەکرا. چوارچێوەیەک کە لە سەرەتادا بەڵێنی دابوو ژن لە هەڵاواردن، توندوتیژی و نادادپەروەری بپارێزێ، بەڵام هەقیقەتەکە ئەوە بوو کە ئەم دەسەڵاتە ژنی لە هاووڵاتییەکی خاوەن مافەوە بۆ سووژەی یاسادانان، کۆنترۆڵکردن و پێناسەکردنەوەی ئیدئۆلۆژیک گۆڕی. ئەم دەسەڵاتە بە خێرایی یاساکانی پێناسە کردنەوە و لە جیاتی پێداگری لەسەر ئەو بابەتانەی کە بەڵێنی دابوو، پێداگریی لەسەر پێناسەکردنەوەی جێندەریی ڕۆڵی ژن کردەوە و بەم شێوەیە ڕۆڵی ژنی تەنیا لە چوارچێوەی بنەماڵە و پیرەوکردنی ئیدئۆلۆژیی خۆیدا دەبینی.

زۆر زوو بنەماڵەکان گۆڕانیان بەسەردا هات و یاساکانی پێوەندیدار بە پرسەکانی وەک هاوسەرگیری، جیابوونەوە و سەرپەرستیی منداڵ گۆڕدران و باڵادەستی لە یاساکاندا بە پیاوان درا. لێرەدا بوو کە بنەماڵە بوو بە یەکەکی گرینگی بەرهەمهێنەرەوەی بیرۆکەی پیاوسالار و ئیدئۆلۆژیکی دەسەڵات بە جۆرێک کە ژن زیاتر وەک تاکێکی ئەرکدار پێناسەی بۆ کرا و لە خاوەن ماف بوون داماڵرا. حیجابی زۆرەملێ بەسەر ژندا سەپێنرا و بوو بە یەکێک لە گرینگترین هێماکانی ڕێژیمەکە و هاوکات جەستەی ژن بوو بە مەیدانێک بۆ نمایشکردنی ئۆتۆریتەی سیاسیی دەسەڵات. هاوکات لەگەڵ ئەمە بەشداریی ژن لە کۆمەڵگە کاڵ بووەوە و سەربەخۆیی ئابووریشی لێ زەوت کرا. بەم شێوەیە ڕێژیم لە سێکوچکەی بنەماڵە، حیجاب و کاردا هەوڵی دا ژنی گوێڕایەڵی دەسەڵاتەکەی بەرهەم بێنێ.

ئەگەرچی یاساکان و سیاسەتی ڕێژیم ئامانجی دیکەی هەبوو بەڵام، هەقیقەتی کۆمەڵگە ڕێبازێکی دیکەی گرتە بەر. ژنان بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی ڕێژیم دەستەمۆ نەبوون و خراگریی تایبەتیان نواند. ژنان بە خوێندن هەنگاوێکی گرینگیان لە پێناسەی پێگەی خۆیاندا هەڵگرت و سەرەڕای بەرتەسککردنەوەی فەرهەنگی و جێندەری، درێژەیان بە خوێندن و بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی خۆیان دا و ڕوانینی ڕەخنەگرانەیان بە دەسەڵات و بەربەستەکان وای کرد بە پێچەوانەی خواستی ڕێژیم کە دەیەویست ژن لە چوارچێوەیەکی ئیدئۆلۆژیکدا کۆنترۆڵ بکات، بەستێنی گەشەی نەوەیەکی وشیارتر و مافویستتری دروست کرد. ئەمە وای کرد کە ژنان سەرەڕای سیاسەتی کۆنترۆڵ، وردەوردە جێ پێی خۆیان لە کۆمەڵگەدا قایمتر کردەوە و نەک تەنیا لە کۆمەڵگە دوور نەکەوتنەوە بەڵکوو توانییان ببنە ئەکتەرێکی سەرەکی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رەشەمەی ٢٧٢٥

لە دەیەکانی ڕابردوودا و لەگەڵ دەسپێکی شەپۆلەکانی ناڕەزایەتییەکان، بەرخودانی ژنان لە ئاستی تاکەکەسی تێپەڕی و ئەمجارە پێداگرییان لەسەر بەشداری لە ئەکتی بەکۆمەڵ و سیاسیدا دەکردەوە. لێرەدا بوو کە ژن لە سووژەی سیاسییەوە بوو بە بکەری ناڕەزایەتییەکان. ئەم بوون و پێداگرییە وای کرد کە لە چوار دەیەی ڕابردوودا، پرۆژەی ژنی ئیدئۆلۆژیک تووشی شکست بێت. هەر لەم قۆناغەدا هاوکات لەگەڵ توندتربوونەوەی یاساکان بۆ سنووردارکردنی ژن، ئەم توێژە زیاتر هەوڵی پەرەدان بە پەروەردە و سەڵماندنی بوونی خۆیان دا و نەک تەنیا لە کۆمەڵگە دوور نەخرانەوە بەڵکوو ڕێڕەوی مێژوویی ژیانی خۆیان گۆڕی. لە ماوەی ٤ دەیەی ڕابردوودا، ژن لە خۆراگریی پچڕپچڕ و تاکەکەسییەوە، بوو بە ئەکتەری سەرەکیی ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان و لە پەراوێزەوە هاتە ناوەندی خەباتەکە.

ئەگەرچی لە سەرەتاکانی هاتنە سەرکاری ڕێژیمدا چالاکیی ژنان زۆر بەتەسک کرایەوە بەڵام ژنان کەم یان زۆر هەر لە مەیداندا بوون، دواتریش وەک لیدەر هاتنەوە مەیدان و داواکارییەکانی خۆیان خستە پاڵ داواکارییەکانی کۆمەڵگە.

لە چوارچێوەی ڕێژیمێکدا کە جەستەی ژن کەرەستەیەک بۆ کۆنترۆڵکردنی بە ئەژمار دەهات، ژن مانایەکی دیکەی بە جەستەی خۆی بەخشی و بوونی ژن لە گۆڕەپانی خەباتدا، مانای سیاسیی پێ بەخشرا. کەوایە سیاسەتی کۆنترۆڵی ژن، خولقانی ژنی ناڕازی و ئاگای بەدواوە بوو. ئەگەرچی ڕێژیم بە داتاشینی یاسا و سیاسەتی ڕەگەزتەوەر هەوڵی زۆری دا ژنان بە دڵخوازی خۆی پێناسە بکات بەڵام، ئیرادەی ژنان، ئاقاری ڕووداوەکانی گۆڕی.

ژنان بە هەنگاوهەڵگرتن لە گۆڕەپانی زانست و شکاندنی تابۆکان، وەک بکەرێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەرکەوتن و توانییان شوناس و بوونی خۆیان پێناسە بکەنەوە. پرۆژەیەک کە بڕیار بوو ژن لە قاڵب بدات و گوێڕایەڵ و ملکەچ باری بێنێ، وای کرد کە ژنی سەرکەش، وشیار و مافخواز پەروەردە بکرێت و زیاتر لە چوار دەیە هەوڵی کۆماری ئیسلامی بۆ دروستکردنی ژنی ئیدئۆلۆژیک شکستی هێنا.

٩ی رەشەمە ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هاوپەیمانیی پێنج حیزبی کوردستانی و گۆڕانی هاوکێشەکانی دەسەڵات لە ئێران






ڕەحیم نزهەت زادە

پێشهاتەکانی ئەم دواییە لە کایەی سیاسیی ئێراندا، بەتایبەتی پێکهێنانی هاوپەیمانی لە پێنج حیزبی کوردستانی، واوەتر لە هاوپەیمانییەکی کاتیی حیزبی، کاریگەریی ستراتیژیکی هەیە. ئەم هاوپەیمانییە نەک تەنیا لە هەرێمی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا لەرزی دروست کردووە، بەڵکوو کاردانەوەی ئاشکرا و هەندێک جار توندیشی لەنێو بەناو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بزووتنەوە ئۆپۆزسیۆنە ناوەندگەراکان، هێز و کەسایەتیی لایەنگر و هاوپەیمانییەکانیان لەگەڵدا بووە. کاردانەوەگەلێک کە ناوەڕۆکیان، وەک داتای سیاسی، دەربڕی گرنگی و توانای کاریگەریی ئەم هاوپەیمانییە داهێنەرانەیەن.

سەرەتا پێویستە جەخت لەوە بکرێتەوە کە هاوپەیمانیی نێوان لایەنە کوردییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە چوارچێوەیەکی مێژوویی، بە دەیان ساڵ ململانێ، سەرکوت، پارچەپارچەبوون و کێبڕکێی نێوان لایەنەکاندا شێوەی گرتووە و پێک هاتووە. لەم ڕوانگەیەوە، خودی وەدیهاتنی ئەو شێوازە لە یەکگرتن، بە هەنگاوێکی چۆنایەتی لە پێناسەکردنەوەی پەیوەندییە نێوخۆییە نەتەوەیییەکانی کورد دادەنرێت. ئەم گۆڕانکارییە، ئەگەر بە ئاراستەی قووڵبوونەوە و فراوانکردن هەنگاو بنێت، دەتوانێت ببێتە هۆی زەمینێکی یەکگرتوویی سیاسی، کە لە دانوستانە نێوخۆیییەکان یان نێودەوڵەتییەکانی داهاتوودا، پێگەی نوێنەرایەتیی نەتەوەیی کورد جێگیر و قایم بکات.

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە لە ئەگەری لەباربوونی هەلومەرج و پەرەپێدانی چوارچێوەی ئەم هاوپەیمانییە، نەیارانی مافە نەتەوەیییەکانی کورد، ڕووبەڕووی چ ئاستێک لە ئالەنگاری و گرژیی دەروونی دەبنەوە؟ ئەزموونی مێژوویی ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە هەر کاتێک هێزێکی سیاسیی پێشتر پەرشوبلاو، بە یەکگرتوویی بەرهەم بهێنرێتەوە، هاوسەنگیی هێز گۆڕاوە. لە وەها دۆخێکدا، دژبەران نەک تەنیا ڕووبەڕووی بزووتنەوەیەک، بەڵکوو لەگەڵ ئیرادەیەکی بەکۆمەڵ و هاوئاهەنگ ڕووبەڕوو دەبنەوە؛ ئیرادەیەک کە توانای دانوستاندن و هاندانی ڕێکخراوەیی کۆمەڵایەتی و ڕەوایی سیاسیی زیاتری هەیە.

لە ڕوانگەی گوتاری و ئەمنییەوە، کاردانەوەکانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بەم هاوپەیمانییە، پێشبینیکراو بوون. پێکهاتەی دەسەڵات لە ئێران بەردەوام ترسی لە هەر لێکتێگەیشتنێکی سەربەخۆی نێوان هێزە نیشتمانییەکان هەبووە، چونکە لێکنزیکبوونەوەیەکی لەم چەشنە، دەتوانێت توانایەکی بەهێز و پێشبینیکراو بۆ بەرزکردنەوەی داواکارییە یاسایی، کولتووری و سیاسییەکان لە ئاستێکی یەکگرتوودا دابین بکات. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە، کۆدەنگیی هەندێک لە بزووتنەوەی ئۆپۆزسیۆنی ناوەندگەرایە، لە پێوەندی لەگەڵ ئەم نزیکبوونەوەیەدا ڕەخنەگرانە؛ بزووتنەوەگەلێک کە لە گوتاری خۆیاندا بانگەشەی دیموکراسی دەکەن، بەڵام لە کردەدا، بەرامبەر بە ڕێکخراوبوونی نەتەوەی کورد، هەڵوێستی بەرگریکارانە یان تەنانەت شەڕخوازانە دەگرنە بەر.

لەم چوارچێوەیەشدا، لێدوان و هەڵوێستەکانی ئەم دواییەی ڕەزا پەهلەوی هەڵگری شیکردنەوەن. هەرچەندە ئەو خۆی وەک داکۆکیکاری یەکگرتوویی ئێران بناسێنێت، بەڵام شێواز و چوارچێوەی دەربڕینی ئەو سەبارەت بە هەر پێکهاتەیەکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەتەوەییی کوردی، ئاماژەی نیگەرانیی ئەون لە پێکهێنانی دەسەڵاتێکی ڕێکخراو لە دەوروبەردا. ئەم نیگەرانییەی، لەبری ئەوەی تەنیا لە خەمی "یەکپارچەیی خاک"دا بێت، کاردانەوەی ترسە لە دووبارە دابەشکردنەوەی دەسەڵات لە پێکهاتەی سیاسیی داهاتووی ئێراندایە. چونکە هەر ئاستێک لە یەکگرتوویی نەتەوەیی لە کوردستان، بە هەمان پێوانە، توانای کاریگەری دانانی لەسەر پرۆسەکانی گواستنەوەی دەسەڵات جا چ لە سیناریۆی داڕمانی کۆماری ئیسلامیدا بێت، یان لە سیناریۆی ڕێککەوتنە کاتییە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ حکوومەتی ئێستادا بەرز دەکاتەوە.

لە ڕوانگەی تیۆرییەوە، یەکرێزیی نەتەوەیی و یەکگرتوویی، پێشمەرجی گەیشتن بە مافە جێگیرکراوەکانە لە پێکهاتەی فرەنەتەوەییدا. لە غیابی وەها یەکگرتووییەک، داواکارییەکان بە پارچەپارچەکراوی دەمێننەوە و تەنانەت لە گفتوگۆ و دانوستاندنە سیاسییەکانیشدا، گرنگییان پێ نادرێت و پشتگوێ دەخرێن. بەڵام کاتێک نەتەوەیەک بتوانێت بە دەنگێکی تا ڕادەیەک یەکگرتوو داوای مافەکانی بکات، ئەگەری جێگیرکرانی مافە مێژوویی و هاوچەرخەکانی بەرز دەبێتەوە. لێرەدا چەمکی "فرەبوون لە یەکرێزیدا" گرنگییەکی دووهێندە لەخۆ دەگرێت؛ هیچ حیزب و بزووتنەوەیەک بە تەنیا نوێنەری تەواو و کامڵی نەتەوەیەک نییە، هەروەها هیچ کامێکیان لە لایەنی دیکە بە "نەتەوەیی"تر نایەتە هەژمار. مەرجێک بۆ سەرکەوتن لە هاوکێشە ئاڵۆزەکانی هێزدا، قبووڵکردنی تەواوکەری یەکتر بوونە لە چوارچێوەیەکی هاوبەشدا.

بەم پێیە، کاردانەوە ڕەخنەئامێزەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوو -چ لە لایەن پێکهاتەی دەسەڵاتی فەرمیی ئێران، یان چ لە لایەن هەندێک گرووپی ئۆپۆزسیۆنی ناوەندگەرای دەرەوەی وڵاتەوە- لە حەقیقەتدا تیشک و بەرچاوروونی دەخاتە سەر پێویستیی فراوانکردنی ئەو هاوپەیمانییە. ئەگەر ئەم هاوپەیمانییە بتوانێت حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، کە بە هۆکاری جیاجیا تا ئێستا بەشداری ئەو هاوپەیمانییەتییە نەبوون، لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە، ئەوا ئاستی نوێنەرایەتیی نەتەوەیی ئەو هاوپەیمانییەتییە بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزتر دەبێتەوە. وەها گشتگیرییەک، نەک هەر دەسەڵاتی چانێلێدان و دانوستاندن زیاد دەکات، بەڵکوو هاوکات، پەیامێکی ڕوون بۆ ئەکتەرە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان دەنێرێت: نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبری پارچەپارچەبوون، بەدوای گواستنەوە بە ئاراستەی بە ڕێکخراوبوونی جێگیر و بەردەوامدایە.

بێگومان شێوەگرتن و بەرجەستەبوونی ئەم ئامانجە، پێویستیی بە تێپەڕین لە هەندێک ڕکابەریی مێژوویی و ئەولەوییەتدانە بە بەرژەوەندیی بەکۆمەڵ بەسەر ڕەچاوکردنە حیزبییەکاندا. ئەزموونە جیهانییەکان دەریانخستووە کە یەکیەتییەکی بەردەوام نەک بە سڕینەوەی جیاوازییەکان، بەڵکوو لە بەڕێوەبردنی داهێنەرانەوە شێوە دەگرێت. لەم ڕووەوە کولتووری لێبووردەیی، گفتوگۆی نێوخۆییی نەتەوەیی و قبووڵکردنی فرەچەشنیی فیکری، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان هەیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ڕەشەمەی ٢٧٢٥**

گەیاندنی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ "کەنارێکی ئارام" -تەعبیرێکی مێتافۆریک بۆ سەقامگیری و ئاسایشی نێوخۆیی- لە گرەوی فراوانکردنی هاوسۆزی، هاوئاهەنگی و هاوپەیمانیدایە.

لە کۆتاییدا، هاوپەیمانیی پێنج حیزبی کوردستانی، نەک تەنیا وەک ڕووداوێکی ڕێکخراوەیی، بەڵکوو دەبێت وەک نیشانەی هێدی هێدی ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی دەسەڵات لە ئێراندا سەیر بکرێت. ئەگەر ئەم پرۆسەیە لەگەڵ عەقڵانییەتی سیاسی، شەفافییەتی گوتاری و بەشداری ڕێک بخرێت، لە هەر سیناریۆیەکی سیاسیی داهاتووی ئێراندا دەتوانێت چەسپاندنی مافە نەتەوەییەکانی کوردی لەگەڵدا بێت. یەکگرتوویی نەتەوەیی، لە وەها ڕوانگەیەکدا، نەک نابێتە هەڕەشەیەک بۆ سەر سەقامگیری، بەڵکوو دەبێتە مەرجێک بۆ ئاشتیی بەردەوام و بەشداریی یەکسان لە پێکهاتەی سیاسیی داهاتوودا.

**٩ی ڕەشەمە ٢٧٢٥**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دوایین دەرفەتی ڕۆژاوا؛ چۆن پەرگالێکی نوێی جیهانی دروست بکەین، بەر لەوەی زۆر درەنگ بێت (٣-٣)





فارین ئەفەیرز – ئالێکساندەر ستوب

و: لە ئینگلیزییەوە کەماڵ حەسەنپوور

جیهانی داهاتوو تاقمێک دامەزراوەی دوای جەنگ، یارمەتیدەری ئیدارەکردنی دنیا بەناو خێراترین سەردەمی

گەشەسەندنەکەی و بەردەوامیی دەورەیەکی لەڕادەبەدەری ئاشتیی ڕێژەیی بوون. ئەمڕۆ، ئەوان مەترسیی هەرەسهێنانیان هەیە. بەڵام ئەوان دەبێ بمێننەوە، چونکە دنیایەکی دامەزراو لەسەر کێبڕکێ بەبێ هاوکاری، دەبێتە هۆی کێشە. بەڵام، بۆ زیندوومانەوە دەبێ ئەوان بگۆڕدرێن، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتان کاریگەریی پێویستیان لەسەر پەرگالی هەنووکەیی نییە و، بەبێ ئاڵوگۆڕ، خۆی لێ بێبەری دەکەن. ناکرێ ئەو وڵاتانە بۆ ئەو کارەیان لۆمە بکرێن؛ پەرگالە جیهانییە نوێیەکە ڕاناوەستێ.

لانیکەم سێ سیناریۆ دەکرێ لە دەیەی داهاتوودا سەر هەڵبدەن. لە یەکەمیاندا، پشێویی هەنووکەیی هەروا بەردەوام دەبێت. بەشێک لە توخمەکانی پەرگالی کۆن دەمێنن، بەڵام ڕێزگرتن لە ڕێسا و دامەزراوە نێونەتەوەییەکان لەگۆترە دەبێت و زۆرجار بەگوێرەی بەرژەوەندییەکان دەبێت، نەوەک بایەخی خۆڕسکی ئەوان. توانایی چارەسەرکردنی ئاڵنگارییە مەزنەکان سنووردار دەبێت، بەڵام لانیکەم دنیا ناکەوێتە ناو پشێویی مەزنترەوە. بەڵام، کۆتاییهێنان بە کێشەکان گەلێک دژوار دەبێت، چونکە زۆربەی ڕێککەوتنەکانی ئاشتی، سەوداگەرانە دەبن و ئەو دەسەڵاتەیان نابێت کە لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە سەرچاوە دەگرێت.

**شتەکان خراپتر دەبن:** لە سیناریۆی دووهەمدا بنچینەکانی پەرگالی لیبراڵیی جیهان، ڕێسا و دامەزراوەکانی، بەردەوام دەسوێن و پەرگالی هەنووکەیی هەرەس دەهێنێت. بەبێ ناوەندێکی ئاشکرای خاوەن دەسەڵات، دنیا لە گێژاو نێزیک دەبێتەوە و وڵاتان ناتوانن قەیرانە تەنگەتاوەکانیان، وەک قاتی و قڕی، پەتاکان یان ناکۆکییەکان چارەسەر بکەن. پیاوانی خاوەن دەسەڵات، سەرۆکشەڕەکان و ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان ئەو بۆشاییەی دەسەڵات پڕ دەکەنەوە کە لەگەڵ پاشەکشەی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان دروست دەبێت. مەترسیی بوونی کێشە هەرێمییەکان بە چەخماخەی شەڕی بەربەرینتر پەرە دەگرێت. لە دنیایەکی بێسەرەوبەرەدا، سەقامگیری و پێشبینیکراوی ڕیزپەڕ دەبن، نەوەک دۆخی باو. نابژیوانیی نزیکەی نامومکین دەبێت.

بەڵام پێویست ناکات بەو شێوەیە بێت. لە سیناریۆی سێهەمدا، هاوسەنگییەکی نوێی دەسەڵات لە نێوان جیهانی ڕۆژاوا و جیهانی باشوور دەتوانێت پەرگالێکی جیهانیی هاوسەنگ بەرهەم بێنێت کە لەویدا وڵاتان دەتوانن هەڵسوکەوت لەگەڵ زۆربەی ئاڵنگارییە تەنگەتاوەکانی جیهان بە هاوکاری و گفتوگۆ لە نێوان لایەنە یەکسانەکاندا بکەن. ئەو هاوسەنگییە دەتوانێ کێبڕکێی تێدابێت و پاڵنەری دنیا بەرەو هاوکاریی زیاتر لەبارەی پرسەکانی کەشوهەوا، ئاسایش و تەکنۆلۆژی بێت؛ واتە ئەو ئاڵنگارییە جیددییانەی کە هیچ وڵاتێک بە تەنیا ناتوانێت چارەسەریان بکات. لەو سیناریۆیەدا، پرەنسیپەکانی جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام دەبن، کە دەبنە هۆی ڕێککەوتنی دادپەروەرانە و بەردەوام. بەڵام



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ ئەوەی ئەوە ڕوو بدات، دامەزراوە نێونەتەوەییەکان دەبێ چاکسازییان تێدا بکرێت.

چاکسازی لەسەرەوەڕا دەکرێت، واتە لەناو نەتەوە یەکگرتووەکاندا. چاکسازی هەمیشە پرۆسەیەکی درێژخایەن و ئاڵۆزە، بەڵام لانیکەم سێ ئاڵوگۆڕی کردەنی هەن کە دەتوانن بە شێوەی ئۆتۆماتیک نەتەوە یەکگرتووەکان بەهێز بکەن و دەسەڵات بدەنە ئەو وڵاتانەی کە هەست دەکەن دەسەڵاتی پێویستیان لە نیویۆرک، ژنێڤ، ڤییەن یان نایرۆبی نییە.

**یەکەم،** سەرجەم وڵاتە مەزنەکان دەبێ نوێنەریان لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەبێت، بۆ هەمیشە. چیدیکە قبووڵکراو نیە کە هیچ نوێنەرێکی ئەفریقا یان ئەمریکای لاتین لە ئەنجومەنی ئاسایشدا نەبێت و تەنیا چین نوێنەرایەتیی ئاسیا بکات. ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش دەبێ لانیکەم پێنج ئەندامیان پێوە زیاد بکرێت: دوو لە ئەفریقا، دوو لە ئاسیا و یەکێکیش لە ئەمریکای لاتین.

**دووهەم،** هیچ وڵاتێک نابێ مافی ڤیتۆی لە ئەنجومەنی ئاسایشدا هەبێت. ڤیتۆ لە دوای جەنگی جیهانیی دووهەم پێویست بوو، بەڵام لە دنیای ئەمڕۆدا بووەتە هۆی بێ توانایی ئەنجومەنی ئاسایش. هۆی کارابوونی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێڤ دەقاودەق لەبەر ئەوەیە کە هیچ ئەندامێک ناتوانێت پێشیان پێ بگرێت.

**سێهەم،** بێتوو ئەندامێکی هەمیشەیی یان کاتیی ئەنجومەنی ئاسایش جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشێل بکات، دەبێ ئەندامەتییەکەی لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەڵپەسێردرێت. ئەوە بەو مانایەیە کە ئەو یەکەیە دەبوو ئەندامەتیی ڕووسیە، دوای داگیرکارییە هەمەلایەنەکەی دژی ئۆکراین، هەڵپەساردبا. بڕیارێکی هەڵپەساردنی ئەوتۆ دەتوانێت لەلایەن ئەنجومەنی گشتییەوە پەسەند بکرێت. نابێ هیچ دەرفەتێک بۆ دووڕوویی لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەبێت.

بازرگانیی جیهانی و دامەزراوە داراییەکانیش پێویستە بەرۆژ بکرێنەوە. ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی، کە چەند ساڵە بەهۆی ناکاریگەربوونی مێکانیزمی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان، ئیفلیج بووە، هێشتا گرنگە. سەرەڕای چوونەسەری ڕێژەی ڕێککەوتنەکانی بازرگانیی ئازاد لە دەرەوەی چاودێریی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانیدا، هێشتا زیاتر لە ٪٧٠ی بازرگانیی جیهان لەژێر پرەنسیپی "پەسەندکراوترین وڵات" بەڕێوە دەچێت. هۆی بوونی سیستەمێکی بازرگانیی فرەلایەن، دڵنیابوون لە هەڵسوکەوتی دادپەروەرانە و یەکسان لەگەڵ گشت ئەندامەکانییەتی. گومرگ و پێشێلکارییەکانی دیکەی ڕێساکانی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی لە کۆتاییدا بە زەرەری هەموو لایەکە. پرۆسەی چاکسازیی هەنووکەیی دەبێ ببێتە هۆی شەفافبوونی زیاتر، بە تایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ یارمەتیی دارایی دەوڵەتی (سوبسید) و خۆگونجاندنی پرۆسەی بڕیاردانی ڕێکخراوی

بازرگانیی جیهانی. ئەو چاکسازییانە دەبێ خێرا جێبەجێ بکرێن؛ بێتوو ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی لە چەقبەستوویی هەنووکەییدا بمێنێتەوە، سیستەمەکە متمانە لەکیس دەدات.

چاکسازی کارێکی دژوارە و، بەشێک لەو پێشنیارانە ڕەنگبێ کەتوارگەرانە نەیەنە بەر گوێ. بەڵام ئەوانەی ٨٠ ساڵ لەوەپێش لە سانفرانسیسکۆ نەتەوە یەکگرتووەکانیان دامەزراند، بەهەمان شێوە کاریان کرد. بڵێی سەرجەم ١٩٣ ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشوازی لەو ئاڵوگۆڕانە بکەن یان نا؟ وەڵامی ئەو پرسیارە بەوە بەستراوەتەوە کە ئاخۆ ئەوان لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیاندا جەخت لەسەر بایەخەکان و بەرژەوەندییەکان دەکەن یان لەسەر دەسەڵات. دابەشینەوەی دەسەڵات بەگوێرەی بایەخ و بەرژەوەندییەکان، بناخەی ئافراندنی پەرگالی لیبراڵیی جیهانیی دوای جەنگی جیهانیی دووهەم بوو. کاتی پێداچوونەوە بەو سیستەمەدا هاتووە کە نێزیکەی سەدەیەک خزمەتی باشی کردین.

جۆکەری جیهانی ڕۆژاوا لە هەموو ئەو هەوڵانەدا ئەوە دەبێت ئاخۆ وڵاتە یەکگرتووەکان دەیهەوێت پەرگالی فرەلایەنی جیهانی بپارێزێت کە بۆخۆی دەوری سەرەکی لە ئافراندنیدا هەبووە و سوودێکی یەکجار زۆریشی لێ بینیوە. بە لەبەرچاوگرتنی کشانەوەی واشینگتۆن لە دامەزراوە و ڕێککەوتنە سەرەکییەکانی وەک ڕێکخراوی ساخلەمیی جیهانی و ڕێککەوتنی پاریس بۆ کەشوهەوا و لەو دواییانەشدا ڕەچاوکردنی سیاسەتی نەتەوەپەرستانە لەمەڕ بازرگانیی دەرەکی، ڕەنگبێ ئەوە ڕێبازێکی ساکار نەبێت. سیستەمی نەتەوە یەکگرتووەکان یارمەتیدەری پاراستنی ئاشتی لە نێوان زلهێزەکاندا بووە، هەلی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان ڕەخساندووە تا لە جوگرافیای سیاسییدا ببێتە سەرتۆپی زلهێزان. لە گەلێک لە دامەزراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، دەوری سەرەکی گرتووەتە ئەستۆ و توانیویەتی ئامانجە سیاسییەکانی زۆر بەباشی بەرێتە پێش. بازرگانیی ئازادی جیهانی یارمەتیدەری وڵاتە یەکگرتووەکان بووە تا بتوانێت خۆی وەک سەرەکیترین دەسەڵاتی ئابووری جێگیر بکات، لە کاتێکدا بەرهەمی هەرزانی بۆ کڕیارانی ئەمریکایی دەستەبەر کردوە. هاوپەیمانیی وەک ناتۆ لە دەرەوەی سنوورەکانی سوودی سەربازی و سیاسی پێگەیاندووە. ئەوە ئەرکی باقی دنیایە تا بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ لە بایەخی دامەزراوەکانی دوای جەنگ و هەروەها دەوری کارای وڵاتە یەکگرتووەکان لەواندا، بە قەناعەت بگەیەنێت.

جۆکەری جیهانی ڕۆژهەڵات ئەوە دەبێت کە ئاخۆ چین چۆن لە شانۆی جیهانیدا کایە دەکات. ئەو دەتوانێت هەنگاوی زۆرتر بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بوارەکانی وەک بازرگانیی ئازاد، هاوکاری لە پرسی گۆڕانی کەشوهەوا و گەشەسەندندا هەڵگرێت. ئەو دەتوانێت دامەزراوە نێونەتەوەییەکان، کە ئێستا جێپێیەکی فرە قایمتری تیایاندا هەیە، شکڵ بدات. ڕەنگبێ ئەو بیهەوێ دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکەی خۆیدا پەرە پێ بدات. ئەو ڕەنگبێ هەڵوێستە لەمێژینەکەی «توانایی خۆت بشارەوە و چاوەڕوانی دەرفەتی لەبار بە» وەلا بنێت و بڕیار بدات کاتی هەنگاوی دەستدرێژیکارانەتر، بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وێنە، لە دەریای باشووری چین و گەرووی تایوان، هاتووە.

## یالتا یان هێلسینکی؟

پەرگالێکی نێونەتەوەیی، وەک ئەوەی لە سەردەمی ئیمپراتۆریی ڕۆمدا دامەزرا، هێندێک جار دەتوانێت چەند سەدە بەردەوام بێت. بەڵام، زۆرجار، تەنیا چەند دەیە خۆ دەگرێت. جەنگی دەستدرێژیکارانەی ڕووسیە بۆ سەر ئۆکراین، سەرەتای گۆڕانێکی دیکە لە پەرگالی جیهانیدایە. بۆ لاوانی ئەمڕۆ، ئێستا چرکەساتی ١٩١٨، ١٩٤٥ و ١٩٨٩ی ئەوانە. لەو چرکەساتانەدا جیهان دەتوانێت بە لایەکی هەڵەدا وەرسووڕێت، وەکوو چۆن لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا ڕوویدا، کاتێک یەکیەتیی نەتەوەکان نەیتوانی پێش بە کێبڕکێی زلهێزەکان بگرێت و لە ئاکامدا جەنگێکی خوێناویی جیهانیی دیکە ڕوویدا. وڵاتان دەشتوانن بڕیاری دروست بدەن، وەک ئەوەی دوای کۆتاییی جەنگی جیهانیی دووهەم ڕووی دا، بە دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان. هەرچۆنێک بێت، پەرگالی دوای جەنگ توانی ئاشتیی نێوان زلهێزەکانی جەنگی سارد، یەکیەتیی سۆڤیەت و وڵاتە یەکگرتووەکان بپارێزێت. بێگومان، ئەو سەقامگیرییە ڕێژەییە بە تێچوویەکی مەزن بۆ ئەو وڵاتانەی ناچار کران چۆک دابدەن یان لە کاتی کێشە بەوەکالەتەکاندا زەرەری زۆریان بینی، تەواو بوو. ئەگەرچی لەگەڵ کۆتاییی جەنگی جیهانیی دووهەم کارە سەرەکییەکە بۆ ئەو پەرگالە کرا کە چوار دەیە درێژەی هەبوو، لە هەمان کاتدا تۆوی ناهاوسەنگیی هەنووکەیشی چاند.

لە ١٩٤٥، براوەکانی جەنگ لە یالتا، لە دوورگەی کەریمە، کۆ بوونەوە. لەوێ سەرۆککۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان فرانکلین ڕوزڤێلت، سەرۆکوەزیرانی بریتانیا وینستۆن چرچیڵ و، سەرۆکی سۆڤیەت جۆزێف ستالین پەرگالێکی جیهانییان دروست کرد کە لەسەر ناوچەی ژێر دەسەڵات دامەزرابوو. ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو گۆڕەپانە بوو کە لەوێ زلهێزەکان دەیانتوانی ناکۆکییەکانیان چارەسەر بکەن، بەڵام مەودایەکی کەمی بۆ ئەوانی دیکە دەستەبەر کرد. لە یالتا، وڵاتە مەزنەکان مامەڵەیان لەسەر ئەوانی بچووک کرد. هەڵە مێژووییەکە دەبێ ئێستا ڕاست بکرێتەوە.

لە کۆبوونەوەی ئەمنییەت و هاوکاریی ئورووپادا لە ١٩٧٥، ڕووداوێکی بەپێچەوانەی یالتا ڕوویدا. سی و دوو وڵاتی ئورووپا، لەگەڵ کەنەدا، یەکیەتیی سۆڤیەت و وڵاتە یەکگرتووەکان لە هێلسینکی کۆبوونەوە تا دامەزراوەی ئاسایشی ئورووپا دروست بکەن کە لەسەر ڕێسا و نۆرمی ئەوتۆ دامەزرا کە هەمووان بگرێتەوە. ئەوان لەسەر پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی زاڵ بەسەر ڕەفتاری دەوڵەتان بەرانبەر بە شارۆمەدانیان و بە یەکتر ساغ بوونەوە. ئەوە نموونەیەکی سەرسوڕهێنەری فرەلایەنی لە کاتی گرژیی فرە مەزندا بوو و، بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگی سارد یەکلاکەرەوە بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ڕەشەمەی ٢٧٢٥

ئاکامی یاڵتا فرەجەمسەری بوو و، هی هێلسینکی فرەلایەنی. ئێستا دنیا بەروڕووی دووڕییانێک بووەتەوە و، پێموایە هێلسینکی ڕێگا دروستەکە بەرەو پێشەوەیە. ئەو هەڵبژاردنانەی گشت ئێمە لە دەیەی داهاتوودا دەیکەین، بڕیاردەری پەرگالی جیهانی لە سەدەی بیست و یەکەمدا دەبێت. وڵاتانی بچووک، وەک وڵاتی من، لەو چیرۆکەدا تەماشاوان نین. پەرگالی نوێ بە بڕیاری ڕێبەرانی سیاسی لە هەردوو وڵاتانی مەزن و بچووکدا دیاری دەکرێت، جا دێموکراتیک بن، سەرەڕۆ بن یان شتێکی نێوان ئەو دووانە. لێرەدا بەرپرسیارییەکی تایبەت دەکەوێتە سەر شانی جیهانی ڕۆژاوا، وەک تەلارسازانی پەرگالی بەرەو تەواوبوون و هێشتا، لە ڕوانگەی ئابووری و سەربازییەوە بەهێزترین هاوپەیمانیی جیهانی. ئەو دەورە چۆن دەگێڕین، گرنگە. ئەوە دوایین دەرفەتمانە.

١٠ی ڕەشەمە ٢٧٢٥

---



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کوژرانی خامنەیی، دوژمنی ژمارە ١ی کورد






**عەلی بداغی**

ڕۆژی شەممە، ٩ی ڕەشەمە لە ئاکامی هێرشی هاوبەشی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر کۆماری ئیسلامی کە کوژرانی عەلی خامنەیی بەدوودا هات، ٣٦ ساڵ حوکمڕانیی ڕەش و پڕ کارەسات و تاوانی ناوبراویش گەیشتە وێستگەی کۆتایی. بڵاوبوونەوەی مەرگی خامنەیی هەر لە یەکەم ساتەکاندا خۆشیی خستە هەناوی بە میلیۆن کەس لە خەڵکی ئێران کە لە

ماوەی حوکمڕانیی ئەودا هەناسەسارد، ملبەکوێن و کوڵەوار کراون. خامنەیی لانیکەم لە دوای سەرهەڵدانەکەی ٨٨ی هەتاوییەوە دەرفەتی ئەوەی هەبوو کە بە خۆدا بێتەوە و بە پێداچوونەوە بە سیاسەتەکانی لە بەرژەوەندیی خەڵک و وڵاتدا ڕێ بۆ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی خۆش بکا، بەڵام دوگماتیزمی ئایینی و ئایدۆلۆژی وای کردبوو بەرژەوەندی و گیان و ژیانی خەڵک لای ئەو پووڵێکی قەڵب نەهێنێ و هەر ئەوەش سەری خوارد.

هەمووان دەزانین کوژرانی خامنەیی لە کاتێکدایە کە تەنیا دوو مانگ پێش کوژرانەکەی بە بڕیاری ئەو خۆپێشاندانەکانی مانگی بەفرانبار بە توندی سەرکوت کران و هەزاران کەس لە خوێنی وەردران. ٣٦ ساڵ پێداگریی خامنەیی لەسەر بەرنامەی ناوکی، پەرەدان بە پیشەسازیی مووشەکی، وەڕێخستن و تەیارکردنی هێزە نیابەتییەکان لە وڵاتانی ناوچە، ناکارامەیی لە بەڕێوەبەریی وڵات و کوشتن و خنکاندنی هەرچەشنە دەنگێکی جیابیری و ناڕەزایەتی کارەساتێکی مێژوویی بەسەر وڵاتی ئێران هێنا.

لە سەردەمی حوکمڕانیی خامنەییدا ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکان بەتوندی سەرکوت کران، گرتنی جیابیران و ڕەخنەگران و کوشتن و ئێعدامکردنی دژبەران گەیشتنە ئەوپەڕی خۆی، بازنەی دەسەڵات و هاوبەشی سیاسی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ تەسکتر و لە پاوانی خۆی و لایەنگرانیدا مایەوە، سیاسەتی دەرەکیی ڕێژیم لەسەر بنەمای ملهوڕی و لاساری دژی ڕۆژئاوا بووە هۆکاری سزا ئابوورییە بەربڵاو و فرەڕەهەندەکان کە بڕستی لە ئابووری و خەڵکی وڵات بڕی؛ و پشتیوانی لە تێرۆری دەوڵەتی و سیاسەتی شەڕی نیابەتی و ناسەقامگیرکردنی ناوچە بووە هۆی ئەوەی لە ئۆکتۆبری ٢٠٢٣وە گۆڕەپانی شەڕی بەوەکالەت بۆ کۆماری ئیسلامی بگوازرێتەوە بۆ نێوخۆی ئێران و بەو پێیەش گلۆڵەی تەمەنی ڕێژیمیش پتر کەوتە لێژی.

خامنەیی کە جڵەوی حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی گرتەدەست لەمێژ بوو کوردستان میلیتاریزە کرابوو، شەڕی بەسەردا سەپابوو، گەمارۆی ئابووریی خرابووە سەر و لە هەموو پەرەسەندنەکان دواخرابوو. ساڵانێک بوو بەهۆی ڕوانگەی ئەمنیەتییەوە هەرچەشنە دەنگهەڵبڕینێک و ناڕەزایەتییەک لە کوردستان سەرکوت دەکرا و هەموو فەرماندەکانی سپای پاسدارانی ژێر دەسەڵاتی خامنەیی پلەکانی سەرکەوتنیان بە تاوان و جینایەتەکانیان دژ بە کورد دەبڕی؛ چونکی هەرخۆی لە بنەڕەتدا یەکێک لە ئەندازیارانی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتەکانی بوو. بەڵام دوای مەرگی خومەینی و پاش ئەوەی هەموو بڕیار و دەسەڵاتەکانی ئێرانی کەوتە دەست، دەستئاوەڵاتر لە جارانیش پێی لەسەر ئەو سیاسەتە داگرتەوە.

لە سەردەمی حوکمڕانیی خامنەییدا کوردستان ئەمنییەتیترین ناوچە لە هەموو ئێراندا مایەوە، کوردستان کرا بە پادگانێکی گەورە و هێزەکانی سپای پاسداران کۆک و پۆشتە هەموو ناوچەکانی کوردستانیان تەنی، هەزاران هەزار جیابیر و چالاکی

## ڕەشەمەی ٢٧٢٥

سیاسیی کورد خرانە زیندانەوە و زۆر لەوان تاوانی محاربەیان درایە پاڵ و ئێعدام کران. هەموو خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکان کە لە کوردستان زوو بە زوو ڕێ دەکەوتن سەرکوت و خەڵتانی خوێن کران کە بزووتنەوەی ژینا لە ١٤٠١ی هەتاوی و بەفرانباری دوو مانگ لەوەپێش تازەترینیان بوو. تێرۆری چالاکانی سیاسیی کورد و زیاتر لە هەمووان ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە هەرێمی کوردستان و دەرەوەی وڵات پەرەیان پێدرا، تێرۆری د. سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بە بڕیاری ڕاستەوخۆی ئەو کرا، لە ساڵەکانی ١٣٩٧ و چەند جاری دیکەش لە ١٤٠١ی هەتاوی هێرشی مووشەکی کرایە سەر بنکە و بارەکانی حیزبی دێموکرات و ئەوانە و هەزاران هەزاران تاوانی دیکە لە ماوەی ٣٦ ساڵ حوکمڕانیی خامنەیی دیکتاتۆردا.

ئەمڕۆ ئەگەر دڵخۆشیی خەڵکی ئێران بۆ ئەوەیە کەلاکی بڕیاردەری کوشتنی بەناحەقی ڕۆڵەکانیان لە گۆڕێ کەوتووە، ئەگەر بڕیاردەری بەندکرانی دەیان هەزار مرۆڤی مافخواز لە ئێران لە خوێنی خۆی گەوزیوە، ئەگەر هۆکاری سەرەکیی هەژاری و بێکاری، قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سەدان قەیرانی دیکەی وڵات دوا هەناسەکانی لەژێر داروپەردووی هەموو ئەو دۆخە خۆکردەدا هەڵکێشاوە، ئەگەر ئێستا پتر لە هەموو کاتێک هیوای گۆڕانکاری و دادپەروەری لە دڵیاندا دەگەڕێ؛ ئەم هەست و هیوایە لە کوردستان چەند قاتە. ڕاست لەبەر ئەوەی چەند قات لە سۆنگەی حوکمڕانیی خامنەییەوە چەوساونەتەوە، سەرکوت کراون و لە مافە ڕەواکانیان بێبەش کراون.

بە مردنی خامنەیی کۆتایی بە ٣٦ ساڵ حوکمڕانیی ڕەهای ئەو دیکتاتۆرە ئایینییە هات، بەڵام وەک چۆن بوونی لە ژیاندا هۆکاری کارەسات و چارەڕەشی بۆ خەڵکی ئێران بوو، ئێستا نەمان و کوژرانەکەشی ئەم وڵاتەی خستووەتە بەردەم چەند ئەگەر، ئەویش لە دۆخی ئێستای شەڕی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلدا.

لەوەدا کە کۆماری ئیسلامی ناتوانێ لەژێر باری ئەو زەبرەدا ڕاست بێتەوە شک نییە، ئەوەش کە کوژرانەکەی چ کەلێن و ناکۆکییەک دەخاتە نێو سیستم و حوکمڕانییەکەی ئەوەش هێشتا بە تەواوی ڕوون نییە، بەڵام دەرفەت بۆ کرانەوەی سیاسی و تێپەڕین لە قۆناغی ڕەشی دیکتاتۆری پتر لە هەموو کاتێک لە بەردەم ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی و خەڵک ئاوەڵایە. دەرفەتێک کە بە بەرپرسایەتیی هەمووان نابێ بهێڵین لەکیس بچێ، بەتایبەت کە بارتەقای ئەو هەل و دەرفەتە هەڕەشە و مەترسییش لەسەر ڕێی خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاری و دێموکراسی لە ئارادایە.

١٠ی ڕەشەمە ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئانترۆپیی چەقبەستوویی ئایدۆلۆژیک؛ بوونناسیی ڕاکردن لە سووژەبوونەوە بەرەو باوەشی پەناگە





**باوکی گەلارە**

لە پانتایی بوونناسانەی دەسەڵاتدا، ئەو کاتەی ئیرادەی زاڵ دەچێتە نێو خولگەی چەقبەستوویی ئایدۆلۆژیاوە، ڕاستییەکی ترسناک بەرجەستە دەبێت: سیستەمی سیاسی لە بوونەوەرێکی زیندوو و بزوێنەوە، دەبێتە پێکهاتەیەکی ڕەق و فشەڵ.

لێرەدایە یاسای دووەمی تێرمۆدینامیک بەسەر ئیرادەی دەسەڵاتخوازدا زاڵ دەبێت؛ ئانترۆپی یان «مەیلی زاتی بۆ داڕمان» لە پشت دیوارە بەردینەکانی چەقبەستوویی فکریدا کۆ دەبێتەوە، تا لە خاڵێکدا بگاتە «تەنیایی ڕەها» یان خاڵی بێگەڕانەوەی داڕمان.

دیکتاتۆر لەم کایەیەدا نەک ڕێبەر، بەڵکوو پاسەوانی بیرۆکەیەکی بەستووە. ئەو بۆ ڕاکردن لە «گۆڕانی بەردەوام»ی مێژوو و دەربازبوون لە بەرپرسیارێتیی قورسی سووژەبوون - وەک بوونەوەرێکی وەڵامدەر لە بەردەم ئەوی تردا - پەنا دەباتە بەر تاریکیی پەناگە. پەناگە لێرەدا تەنیا سازەیەکی بەرگری نییە، بەڵکوو وێنایەکی فیزیکیی ڕاکردنە لە ناسنامەی سووژە. ئەو پەنا دەباتە بەر کۆنکرێت تا لە چاوی دادوەرانەی گەل بشارێتەوە؛ چونکە نیگای مرۆڤی ئازاد، وەهمی خوداوەندئاسای ئەو تێک دەشکێنێت و دەیکاتەوە بە مرۆڤێکی فانیی لەرزۆک و هەڵەکار. ئەو لە بنبەستی ئەم پەناگە میتافیزیکییەدا، «ڕەها» لەنێو چینە بەردینەکانی نکۆڵیکردنی خۆیدا دەکوژێت. مردن لە گۆشەگیریدا هەڵدەبژێرێت تا «بت»ی نێوەوەی نەشکێت و «مرۆڤ»ی دەرەوە لەدایک نەبێت. ئەم فرجامە، سەرکەوتنی کۆتایی سستی و بێجووڵەییە بەسەر بزووتندا؛ ئەو شوێنەی ئایدۆلۆژیا لە لووتکەی ڕەقبوونیدا دەگاتە سفری ڕەهای بوون و لە کونی ڕەشی تەنیایی خۆیدا ون دەبێت.

## کردەی ئایدۆلۆژیک: پێکهاتنی «حەقیقەتی ڕەق» لە بەرانبەر «واقیعی گۆڕاو»دا

لە پانتایی بووناسانەی دەسەڵاتدا، کردەوەکانی خامنەیی لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا، مەشقێکی بەردەوام بوون بۆ گۆڕینی «کاروبارێکی سیاسی» بۆ «ئەمرێکی پیرۆز»ی دانوستاننەویست. ئەو لە ڕوانگەیەکی فەلسەفییەوە بەدوای ڕاگرتنی کاتدا بوو؛ ئیرادەیەک بۆ بەستنی ڕەوتی مێژوو لەو خاڵەی کە خۆی بە «جێنشینی حەقیقەت» دەزانی. لەم جەنگەدا، ئەو «حەقیقەتی ڕەق»ی خۆی خستە بەرانبەر «واقیعی گۆڕاو و زیندوو»ی کۆمەڵگە.

### ١- ئایدۆلۆژیا وەک زرێ

بۆ ئەو، ئایدۆلۆژیا نەک نەخشەی ڕێگا بۆ ژیان، بەڵکوو قاوغێکی سەخت بوو. لە زیندەوەرناسییدا، ئەو بوونەوەرانەی قاوغی سەختیان هەیە، لە نێوەوە نەرم و ئازارپێگەیشتوون و تەواوی هێزی خۆیان لە توێژاڵی دەرەوەدا کۆ دەکەنەوە. هەر کردەوەیەکی ئەو - لە فەتوای قەدەغەکردنی هاوردنی ڤاکسینەوە تا فرمانی سەرکوتکردنی شەقام - چینێکی نوێی لە کۆنکرێت و بەستەڵەک بۆ سەر مێژووی سیستەمەکە زیاد دەکرد. ئەو لەبری چاککردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ ناوکی نێوەوە (کۆمەڵگە)، چینە پارێزەرە دەرەکییەکانی ئەستوورتر کرد؛ بێئاگا لەوەی کاتێک پەستانی واقیعی ژیان لە سنووری بەرگەی

قاوغەکە تێدەپەڕێت، سیستەمەکە نە دەچەمێتەوە و نە دەگۆڕێت، بەڵکوو وردوخاش دەبێت.

## ٢- ئانترۆپیی بەستەڵەک و دارمانی ڕەق

لە فیزیکدا، ئانترۆپی مەیلی ماددەیە بۆ پشێوی و بێسەروبەری؛ بەڵام لە دیکتاتۆریدا، ئێمە لەگەڵ «ئانترۆپیی بەستەڵەک»دا ڕووبەڕووین. ئەو خۆی نەک وەک فەرمانڕەوا، بەڵکوو وەک تاقە ڕێڕەوی حەقیقەت دەبینی؛ لەم سیستەمە فکرییەدا، هەر جۆرە نەرمییەک نەک تاکتیکێکی زیرەکانە، بەڵکوو وەک گوناهێکی بوونگەرایی (Existential) ئەژمار دەکرا. ئەم چەقبەستوویی سووژە، سیستەمەکەی ئەوەندە ڕەق کرد کە هەر درزێکی بچووک لە جەستەیدا، بە واتای دارمانی تەواوی پێکهاتەکە بوو. ئەو دەیویست بە کۆنکرێتکردنی کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێگری لە ڕەوتی سروشتیی مێژوو بکات؛ بەڵام فیزیکی ڕزگاری هەمیشە لە بەستەڵەکی ستەم بەهێزترە.

## ٣- بووناسیی ڕاکردن: لە سووژەبوونەوە بۆ باوەشی پەناگە

پەناگە بەرجەستەبوونی فیزیکیی ئەم تەلارسازییە زەینییەیە؛ ئەنجامی لۆژیکیی کەسێکە کە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ «ئەوی تر» تۆقاوە. ئەو بۆ ڕاکردن لە بەرپەرسیارێتیی قورسی سووژەبوون - واتە بوونەوەرێکی فانی کە دەکرێ هەڵە بکات و بکەوێتە بەر تاقیگەی دادوەری - پەنای برد بۆ تاریکیی ژێرزەمین. پەناگە شوێنێکە کە «واقیعی گۆڕاو»ی شەقام بڕستی تێناکات و ئەو دەتوانێت تا کۆتا سات لەنێو وەهمی «حەقیقەتی بەستوو»ی خۆیدا بمێنێتەوە. ڕاکردن بۆ پەناگە، خۆکوژییەکی ڕەمزیی کەسێک بوو کە پێی باشتر بوو لەژێر تەپوتۆزی کۆنکرێتدا بنێژرێت، بەڵام لەگەڵ نیگای ڕووتی حەقیقەت لە چاوی گەلدا ڕووبەڕوو نەبێتەوە.

## ٤- فرجامی بەردین: ئەو شوێنەی «بت» دەمرێت تا «مرۆڤ» لەدایک بێت

مردنی ئەو لە پەناگەدا، ساتی بەریەککەوتنی ساردی ماددە بوو لەگەڵ میتافیزیکی ئایدیعاکراوی دەسەڵات. دۆسیەی ئەو لە پەناگەدا داخرا، چونکە چەندین دەیەی پێشتر لەنێو زەینی خۆیدا قەڵایەکی لە ڕەقئەندیشی دروست کردبوو. ئەو لە گەڕان بەدوای دەسەڵاتی ڕەها، گەیشتە گۆشەگیریی ڕەها و لە کۆتاییدا گەڕایەوە بۆ باوەشی هەمان ئەو بەردەی کە تەمەنێک تێکۆشابوو دڵی نەتەوەیەکی لێ دروست بکات. بە دارمانی ئەم «حەقیقەتە بەستووە»، بەستەڵەکەکە شکا تا سەرەنجام واقیعی لێشاوی ژیانی مرۆیی، دەرفەتی لەدایکبوونی بۆ بڕەخسێت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**کەسایەتیی پارانۆید: بووناسیی «قەڵا»**

کەسایەتیی ئایدۆلۆژیکی ئەو لەسەر بنەمای «دوو جەمسەریی ناکۆک» بینا کرابوو: خۆیی/نامۆ و حەق/باتڵ.

ترس لە لەرینەوەی کۆنکریت: لە دەروونناسیی قووڵدا، ئەو دیکتاتۆرەی دەیان ساڵ باسی «ئیمان» و «سەرکەوتن»ی کردووە، زیاتر لە هەر شتێک لە «سوکایەتیی شکستهێنان» دەترسێت. ئەو ناتوانێت وەک سیاسییەکی سێکولار جانتاکەی بپێچێتەوە و ڕوو لە تاراوگە بکات؛ چونکە ئیدیعای پەیوەندیی بە «ئەمری ڕەهای پیرۆز»ەوە هەیە.

پەناگە وەک مێحراب: ڕاکردن بۆ پەناگە بۆ ئەو، دوایین کردەی ئایینییە. ئەو دەچێتە شوێنێک کە دەنگی «ناپاکی»ی ناڕەزایان و بۆنی «یاخیبوون»ی شەقامی پێنەگات. پەناگە لووتکەی پارانۆیای ئەوە؛ شوێنێک کە تێیدا «پاکتاوکردن» دەگاتە ئەوپەڕی و ئەو تەنیا لەگەڵ «سێبەرە وەفادارەکانی» خۆی دەمێنێتەوە.

**گرێی مردن لە پەناگەدا: خۆکوژیی ڕەمزیی «وێنەیەک»**

مردنی ئەو لە پەناگەدا، ساتی بەریەککەوتنی «فیزیکی ساردی کۆنکریت»ە لەگەڵ «میتافیزیکی ئیدیعاکراوی دەسەڵات«. کەوتنی سووژە بۆ ئۆبژە: لە ساتی تەقینەوە یان گیانەڵڵا لەنێو پەناگەدا، ئەو «ڕێبەرە کاریزماتییەی» کە خۆی لە سەرووی مێژوو دەبینی، کورت دەبێتەوە بۆ «تەرمێکی فیزیکی» لەژێر داروپەردوودا. ئەمە هەمان بووناسیی ڕاکردنە لە سووژەبوون؛ ئەو پێی باشترە لەژێر تەلێک خۆڵدا بنێژرێت، بەڵام لەگەڵ نیگای سەرکەوتوانەی گەل ڕووبەڕوو نەبێتەوە.

داخرانی دۆسیەی «هیچ»: مردن لە پەناگەدا شەهیدبوون نییە، بەڵکوو ونبوونی کۆتاییە. ئەو کە هەمیشە لە پشتی شووشەکانەوە یان لە ڕێگەی بڵندگۆکانەوە لەگەڵ جیهان دەدوا، لە کۆتاییدا دەگەڕێتەوە بۆ بێدەنگیی ڕەهای بەرد. لێرەدایە کە مرۆڤ لەدایک دەبێت؛ نە بە دەستی ئەو، بەڵکوو لە ڕێگەی تێپەڕبوون بەسەر تەرمی بەستووی ئەودا.

**وتەی کۆتایی**

مردنی خامنەیی لە پەناگەدا نەک ڕووداوێکی سەربازی، بەڵکوو «واژۆی کۆتایی بوونناسانە» بوو لەژێر گوتاری تەمەنیدا. ئەو لە تەواوی ماوەی حوکمڕانییەکەیدا، «مرۆڤ»ی لەپێناو «ئایدۆلۆژیا» و «ژیان»ی لەپێناو «بەستەڵەک»دا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رەشەمەی ٢٧٢٥

سەربڕیبوو. پەناگە دوا وێستگەی شەمەندەفەرێک بوو کە هێڵەکانی دەیان ساڵ پێش ئێستا بە ڕەقنەندیشی ڕاخرابوون؛ چاڵێک لە دڵی زەویدا بۆ کەسێک کە لە پانایی ئاسمانی ئازادی دەترسا.

ئەم فرجامە، سەرکەوتنی مسۆگەری «واقیعی زیندوو» بوو بەسەر «حەقیقەتی بەستوو»دا. ئەو کە دەیویست کات لە ڕۆژژمێری خەیاڵیی خۆیدا ڕابگرێت، سەرەنجام لە چرپی ڕەهای تەنیایی خۆیدا قووت درا. پەناگە مێحرابی کۆتایی پووچگەرایی ئەو بوو؛ شوێنێک کە تێیدا سەلمێنرا هەرچەندە دیوارەکان ئەستوورتر بن، هاواری بەتاڵبوونی نێوەوە، بەرزتر بە گوێی مێژوودا دەگات.

ئەو گەڕایەوە بۆ باوەشی هەمان ئەو بەردەی کە تەمەنێک هەوڵی دابوو زەینی نەتەوەیەکی پێ چیمەنتۆ بکات. بە داخرانی دەرگای ئەو پەناگەیە، نەک ڕێبەرێک، بەڵکوو «وەهمێکی بەستوو» نێژرا، تا لە خۆڵەمێشی ئەو، «مرۆڤی ئازاد» بێترس لە سێبەرە بەردینەکان، لە لێواری لەدایکبوونێکی دووبارەدا بوەستێت.

«پەناگە، دوا سەنگەری بوونەوەرێک بوو کە لە بوون دەترسا؛ ئەو لەنێو کۆنکرێتدا نێژرا تا بسەلمێنرێت کە ژیان، لە هەر پێکهاتەیەکی نەمر، ماندگارترە. »

١٠ی رەشەمە ٢٧٢٥

---



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# مەرگی دیکتاتۆرێکی تا سەر ئێسقان دژ بە کورد





**تاهیر قاسمی**

بەرەبەیانیی ئەمڕۆ، خەڵکی کوردستان ڕۆژەکەیان بە بیستنی موژدەی خۆشی هەواڵی مەرگی جەللادی ڕۆڵەکانی خۆیان لە ڕاگەیاندنەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دەست پێ کرد؛ هەواڵێک کە شەوی ڕابردوو لەلایەن دۆناڵد ترامپ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بێنیامین نەتانیاهوو، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل ڕاگەیەنرابوو. بەوەش ٤٧ ساڵ

دوژمنایەتی و دژایەتیی ئەو دیکتاتۆرە لەگەڵ کوردستان و مافەکانی خەڵکی کورد کۆتایی هات. کۆتاییەک کە ئەگەرچی کۆتایی سەرکوتی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان لەلایەن پاشماوەکانی خامنەیی و پاوانخوازەکانی دیکەی ناوەندگەرای ئێران نییە، بەڵام پسانی ئەستوورترین ئەڵقەی ئەو سەرکوت و دوژمنایەتییەیە.

عەلی خامنەیی هەر لە سەرەتای دزرانی شۆڕشی گەلانی ئێران لەلایەن ئاخوندەکان بە ڕێبەریی خومەینی و بەرهەڵستیی کوردستان لەگەڵ ئەو لە گرێژنەبردنی ئامانجەکانی شۆڕشدا، ڕۆڵی سەرەکیی خۆی بۆ سەرکوتی خەڵکی کوردستان دەست پێ کرد.

ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی، لە کاتێکدا ئەندامی شووڕای ئینقلاب و جێگری وەزیری بەرگری بوو، لە بەرگی پاسدارێکی جەللاددا هاتە کوردستان و ڕاستەوخۆ ڕۆڵی لە کوشتنی خەڵک و قەڵاچۆی کوردستاندا گێڕا. دواتر لەگەڵ بەرزبوونەوەی دەسەڵاتەکانی لەنێو ڕێژیمدا، دوژمنایەتییەکانی خۆی زیاتر پەرە پێ دا. بەهاری ساڵی ١٣٦٨ و لە پۆستی سەرکۆماریدا، جارێکی دیکە سەردانی کوردستانی کرد کە سەرەڕای هاتوهەوار و پڕوپاگەندەی زۆری دەزگای تەبلیغاتیی ڕێژیم، لەگەڵ پێشوازیی ساردی خەڵک بەرەوڕوو بوو. ئەگەرچی بەوە دڵخۆش بووە کە گۆڕەپانی قسەکردنەکەی بە منداڵانی قوتابخانە و بە تۆبزی بۆ کرابووەوە، بەڵام لە بیرەوەرییەکانیدا دان بەو ساردوسڕییەی خەڵکدا دەنێت، بەتایبەت لە شاری مەهاباد لەسەر بانگەوازی حیزبی دێموکرات.

ئەو لەو سەردەمە بەدواوە، یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی تایبەت و ڕەنگە کەسی یەکەمی ئەو کۆمیتەیە بوو بۆ دەرکردنی بڕیاری تیرۆری جیابیران و لەوانە تیرۆری ڕێبەرانی کورد. بە فەرمانی ئەو کۆمیتەیە، هەر لەو ساڵەدا دکتور عەبدوڕەحمانی قاسملوو و کاک عەبدوڵلای قادریئازەر لە شاری ڤییەن و لەسەر مێزی وتووێژ تیرۆر کران. سێ ساڵ دواتر، دکتۆر سادقی شەرەفکەندی، سکرتێری حیزب و جێگرەوەی دکتۆر قاسملوو، لەگەڵ چوار کەس لە هەڤاڵەکانی لە ڕێستورانتی میکۆنۆسی شاری بێرلینی ئاڵمان تیرۆر کران. ساڵی ١٣٧٦ لەلایەن دادگای میکۆنۆسەوە ئەنجامدانی ئەو تیرۆرە بە فەرمانی کۆمیتەی تایبەت پشتڕاست کرایەوە.

ئەمانەش برینی سەر جەستەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هۆی ڕق و کینەی زۆری خەڵک لە خامنەیی و ڕێژیمەکەی بوو کە لە سایەی هەڵسوکەوت و سەرکوتی بەردەوامی ئەودا ساڵدوایساڵ زیاتر پەرەی دەسەند. ڕق و کینەیەک کە لەسەر شەقامەکان بە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی، لە ساڵوەگەڕی تیرۆری ڕێبەراندا بە مانگرتن و داخستنی دوکان و بازاڕ، و لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بە بایکۆتکردن یان دەنگدان بە کەسێک کە پێیان وابوو دژ بە عەلی خامنەیی و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێژیمەکەیەتی، بە ڕوونی ڕەنگی دەدایەوە.

خامنەیی لە بەهاری ١٣٨٨دا، بە خەیاڵی خۆی بۆ ساڕێژکردنەوەی ئەو برینانە و ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک، لە کاتێکدا ململانێی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆمار پەرەی دەسەند، ئەمجار لە بەرگی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیدا سەردانی کوردستانی کردەوە. سەردانێک کە بە ڕواڵەت سەری کیسەی بۆ خەڵک کردبووەوە و دەزگای بانگەشەی ڕێژیم دیسان بۆی لە کەڕەنا دەدایەوە، بەڵام ئاکامەکەی نیشانی دا کە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر هەستی خەڵک و هیچ دەستکەوتێکی بۆ ڕێژیم و بۆ عەلی خامنەیی نەبوو. کوردستان هەروا لەسەر پێ و دژ بە ڕێژیم مایەوە. ئەحمەدی‌نەژاد کە کاندیدی خامنەیی بوو، لە کوردستان هیچ دەنگێکی ئەوتۆی پێ نەدرا و ساڵێک دواتر بۆ ناڕەزایەتی لە بەرامبەر لەسێدارەدانی فەرزادی کەمانگەر و هەڤاڵەکانی، کوردستان جارێکی دیکە مانگرتنێکی یەکپارچەی بەڕێوە برد.

لە شۆڕشی ژینادا، کوردستان وەک کانگای سەرەکیی شۆڕشەکە و دروشمی «مەرگ بۆ خامنەیی» لە سەرانسەری ئێراندا بووە دروشمێکی سەرەکیی سەرهەڵدانەکە و کۆشکی بەیتی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی لەرزاند. خامنەیی بە ناوبردنی شۆڕشگێڕان وەک «شەڕخواز» و پێناسەکردنی خواستەکانی خەڵک بە «ئاژاوە»، فەرمانی «کۆکردنەوەی ئامرازەکانی شەڕخوازی» و فتوای سەرکوتی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی دەرکرد. ئەنجامی ئەوەش لەشکرکێشیی سپای پاسداران بۆ سەر کوردستان، تەقەی ڕاستەوخۆ لە خۆپێشاندەران و شەهیدکرانی سەدان کەسی تر لە ڕۆڵەکانی کوردستان و ئازادیخوازانی سەرانسەری ئێران بوو.

عەلی خامنەیی کە بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی، هەمیشە یەکێک لە سەرەکیترین داڕێژەرانی سیاسەتی سەرکوتی خەڵکی کوردستان بوو، بەردەوام وەک پرسێکی ئەمنییەتی لە کوردستانی دەڕوانی و خواستەکانی خەڵکی کوردستانی تەنیا لە زمانی جاشەکانەوە دەبیست. هەر خواستێکی خەڵکی کوردستانی بە خواستی «ئیستیکبار» و «شەیتانی گەورە» دەقەبڵاند و هەوڵی دەدا خواستە نەتەوەییەکانی نەتەوەی کورد بە بانگەشەی بێبنەمای یەکێتیی شیعە و سوننە لە کۆماری ئیسلامیدا بشارێتەوە. ئەگەر لە شوێنێکدا ستایشی کوردێکی کردبێت، ئەوە بێگومان لەپێناو خزمەتی ئەو کەسە بە فەرهەنگی فارسی بووە و ئەگەر کوردێکی خەڵات کردبێت، ئەوە بەهۆی هەڵگەڕانەوەی ئەو کەسە لە گەلی خۆی و جاشایەتی بۆ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بووە.

عەلی خامنەیی نەک هەر دژ بە کورد لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، بەڵکوو لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیش، دوژمنی ڕقئەستووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوو. ساڵی ٢٠١٧ و لە کاتی بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رەشەمەی ٢٧٢٥

کوردستان، ئەو لە هیچ دژایەتی و دوژمنایەتییەک بۆ لەبارابردنی ئەم پرۆسەیە درێغی نەکرد. لە شەڕ و ناکۆکییەکانی دوای ٧ی ئۆکتۆبەردا، ئەو شوێنەی کە بە فەرمانی خامنەیی بێهۆ و لە هەموو شوێنێک زیاتر کەوتە بەر ڕێژنەی مووشەک و درۆنەکانی کۆماری ئیسلامی، باشووری کوردستان و شاری هەولێر بوو.

**بە کوژرانی عەلی خامنەیی، ئەمڕۆ خەڵکی ئێران شاهیدی مەرگی یەکێک لە دیکتاتۆرترین و ماڵوێرانکەرترین دیکتاتۆرەکانی مێژووی خۆیەتی و گەلی کورد شادیی مەرگی دوژمنێکی تا سەر ئێسقان دژ بە ماف و ئازادییەکانی خۆی دەگێڕێت.**

١٠ی رەشەمە ٢٧٢٥

---



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەشەمەی ٢٧٢٥

## ڕێفراندۆمی ١١ی ڕەشەمە؛ مانیفێستی ئیرادەی نەتەوەیەک





ئاگری باڵەکی

مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەنیا زنجیرە ڕووداوێکی ساڵنامەیی وشک نییە؛ بەڵکوو گۆڕەپانی ململانێی بەردەوامی ئیرادەی نەتەوەیەکە لەنێوان «مافی بڕیاردان» و «داوە سیاسییەکانی ناوەند»دا.

کاتێک لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا، شۆڕشی نەتەوەکانی ئێران کۆتایی بە ڕێژیمی پاشایەتی هێنا، کورد وەک نەتەوەیەکی

خاوەن مێژوو و ناسنامە، نەک هەر وەک گۆڕینی دەسەڵاتدارێک، بەڵکوو وەک دەرفەتێکی زێڕین بۆ کۆتاییهێنان بەو چەوسانەوە نەتەوەییە سەیری ڕووداوەکانیان دەکرد کە ساڵانێکی درێژ بوو ڕێژیمی پاشایەتی بەسەریاندا سەپاندبووی. لەم نێوەندەدا، ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ وەک وێستگەیەکی وەرچەرخان و «ڕێفراندۆمێکی کردەیی» لە مێژوودا تۆمار کرا.

## لە نهێنییەوە بۆ ڕووناکیی ئاشکرا

بۆ تێگەیشتن لە گرنگیی ١١ی ڕەشەمە، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو خەباتە پڕ لە هەوراز و نشێوەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵانی دوای نسکۆی کۆماری کوردستانەوە تێیدا تێپەڕیبوو. بۆ ماوەی ٣٢ ساڵ، تێکۆشانی کورد لە ڕۆژهەڵات لەژێر زەبروزەنگی «ساواک»دا بە شێوەی نهێنی مابووەوە. لەو ماوەیەدا، حیزب نەک هەر فەوتا، بەڵکوو لە ناخی کۆمەڵگەدا ڕەگی داکوتا.

کاتێک ڕێژیمی پاشایەتی ڕووخا، تاران لە شڵەژانێکی سیاسیی گەورەدا بوو. دەسەڵاتی نوێ کە هێشتا پێیەکانی قایم نەکردبوو، لە هەوڵی ئەوەدا بوو هەموو نەتەوەکان بخاتە ژێر چەتری ناوەندگەراییەکی نوێوە. بەڵام کورد پێش هەمووان دەیزانی کە «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان»، تەنیا دروشم نین، بەڵکوو پێویستییەکی ژیانیین. لەم کەشەدا بوو کە بڕیاری کۆبوونەوەی گەورەی مەهاباد درا؛ میتینگێک کە بڕیار بوو پەیامی ڕاستەقینەی کورد بە گوێی جیهان و دەسەڵاتدارانی نوێی تاراندا بچرپێنێت.

## ١١ی ڕەشەمە: کاتێک مەهاباد بوو بە پێتەختی ئیرادە

هێشتا تەمەنی دەسەڵاتی نوێی تاران نەگەیشتبووە مانگێک، کاتێک لە ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧دا، شاری مەهاباد بوو بە مەیدانی گەورەترین مانۆڕی سیاسی و جەماوەری. ئەو ڕۆژە تەنیا کۆبوونەوەیەکی حیزبی نەبوو، بەڵکوو گەڕانەوەی شکۆمەندانەی دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو بوو بۆ نێو باوەشی خەڵک. قاسملوو کە وەک بیرمەندێکی سیاسی و ڕێبەرێکی کاریزماتیک دەناسرا، توانیبووی لەو ماوە کورتەدا هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لە دەوری یەک ئامانج کۆ بکاتەوە.

بە پێی ئامارەکان زیاتر لە ١٠٠ هەزار کەس لە شار و گوندەکانی کوردستانەوە ڕوویان لە مەهاباد کردبوو. ئەم ژمارەیە بۆ ئەو سەردەمە و بۆ شارێکی وەک مەهاباد، مانایەکی سیاسیی قووڵی هەبوو. ئەمە تەنیا گردبوونەوە نەبوو؛ بەڵکوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێفراندۆمێکی سەرتاسەری و مەیدانی بوو کە تێیدا نەتەوەی کورد ڕەوایی سیاسیی خۆی ڕاگەیاند.

## قاسملوو: ئەندازیاری دێموکراسی و مافی نەتەوەیی

لەو ڕۆژەدا، دکتۆر قاسملوو بە وتارە مێژووییەکەی، نەخشەڕێگەی خەباتی داهاتووی کێشا. ئەو تیشکی خەباتی ئاشکرای گەیاندە نێو کۆمەڵانی خەڵک و پێی ڕاگەیاندن کە سەردەمی خەباتی نهێنی کۆتایی هاتووە و ئێستا کاتی ئەوەیە کورد وەک نەتەوەیەکی زیندوو، داوای مافە یاسایی و سیاسییەکانی بکات.

خەڵکی کوردستان لە ١١ی ڕەشەمەدا بە دەنگێکی بەرز «بەڵێ»یان بۆ بەرنامەی دێموکراتیک و نەتەوەیی حیزبی دێموکرات دووپات کردەوە. ئەوان بەو ئامادەییە فراوانە، دکتۆر قاسملوویان وەک نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان ناساند. ئەمە پەیامێکی ڕوون بوو بۆ تاران: کە هیچ بڕیارێک سەبارەت بە چارەنووسی کوردستان بەبێ ڕەزامەندیی خەڵک و نوێنەرە ڕاستەقینەکانیان، ڕەوایی نابێت.

## ڕەهەندە سیاسییەکانی ئەم «ڕێفراندۆمە» مەیدانییە

### بۆچی ١١ی ڕەشەمە بە ڕێفراندۆم دادەنرێت؟

١- **ڕەوایی جەماوەری:** لە زانستی سیاسەتدا، کاتێک زۆرینەی ڕەهای نەتەوەیەک لە دەوری بەرنامەیەکی سیاسی کۆ دەبنەوە، ئەوە ڕەوایی جەماوەریی ئەو بزووتنەوەیە دەسەلمێنێت. مەهاباد لەو ڕۆژەدا سەلماندی کە حیزبی دێموکرات تەنیا ڕێکخراوێکی چەکداری نییە، بەڵکوو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی قووڵە.

٢- **پەیام بۆ ناوەند:** تاران لەو کاتەدا خەریکی دارشتنی دەستوورێکی نوێ بوو کە تێیدا مافی نەتەوەکان فەرامۆش کرابوو. ١١ی ڕەشەمە وەک بەربەستێک لەبەردەم ئەو تاکڕەوییەدا وەستایەوە و نیشانی دا کە کورد ڕێگە نادات جارێکی تر دیکتاتۆرییەت لەژێر پەردەی جیاوازدا سەرهەڵبداتەوە.

٣- **نیشاندانی یەکگرتوویی:** ئەو ڕۆژە هەموو چینەکان؛ لە جووتیارانەوە تا مامۆستایان، لە ژنانەوە تا گەنجان، پێکەوە وەستان. ئەمە یەکەمجار بوو لە مێژووی نوێدا کە کورد بەم شێوەیە ڕێکخراو و یەکدەنگ لە مەیدانێکی ئاشکرادا گوزارشت لە ناسنامەی خۆی بکات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ڕەشەمەی ٢٧٢٥

گرنگیی ١١ی ڕەشەمە تەنیا لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا قەتیس نامێنێت. ئەو ڕۆژە بوو بە بنەمایەک بۆ هەموو ئەو دانوستان و گفتوگۆیانەی کە دواتر لە نێوان شاندی نوێنەرایەتیی کورد و دەسەڵاتی ناوەندیدا ڕوویان دا. ئەگەر ١١ی ڕەشەمە نەبوایە، ڕەنگە تاران زۆر بەئاسانی توانیبای بزووتنەوەی کورد وەک «تاقمی تێکدەر» یان «دەستنیشانکراوی بیانی» بناسێنێت، بەڵام ئامادەبوونی ١٠٠ هەزار کەس، هەموو ئەو بوختانانەی پووچەڵ کردەوە.

دکتۆر قاسملوو لەو ڕۆژەدا پێناسەیەکی نوێی بۆ «ناسنامەی نەتەوەیی» پێشکەش کرد. ئەو پێی وابوو کە کوردایەتی تەنیا لە شاخەکاندا نییە، بەڵکوو دەبێ لە شارەکان و لە نێو دڵی خەڵکدا ڕەنگ بداتەوە. ئەو فێری کردین کە سیاسەت هونەری کۆکردنەوەی جەماوەرە لە دەوری ئامانجە ڕەواکان.

١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧، ڕۆژی سەرکەوتنی ئیرادە بوو بەسەر بێدەنگیدا. ئەو ڕۆژە مەهاباد تەنیا شارێک نەبوو، بەڵکوو دەنگی کپکراوی نەتەوەیەک بوو کە دوای دەیان ساڵ خەبات، جارێکی تر هەناسەی ئازادیی هەڵکێشا. چیرۆکی ئەم ڕێفراندۆمە جەماوەرییە پێمان دەڵێت کە هەر دەسەڵاتێک بیەوێت ناسنامەی کورد فەرامۆش بکات، پێش هەموو شتێک ڕووبەڕووی ئەو «بەڵێ»یە دەبێتەوە کە لە ١١ی ڕەشەمەدا بە یەکدەنگی گوترا.

ئەمڕۆ کە ئاوڕ لەو مێژووە دەدەینەوە، تێدەگەین کە ١١ی ڕەشەمە تەنیا بیرەوەری نییە، بەڵکوو وانەیەکی بەردەوامە؛ کە ڕەوایی ڕاستەقینە تەنیا لە ئیرادەی نەتەوەوە سەرچاوە دەگرێت و هیچ هێزێک ناتوانێت ناسنامەیەک بسڕێتەوە کە جەماوەر بە خوێن و خەبات واژۆیان کردووە.

١٠ی ڕەشەمە ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کۆتایی دیکتاتۆرێک، بزەی بە ملیۆن مرۆڤی ژاندیتوو!





**هەیاس کاردۆ**

سەرەنجام ژیان و گیانی سەرتاپێ ڕەش و چڵکنی «عەلی خامنەیی» هەمەکارەی «کۆماری ئیسلامیی ئێران» کۆتایی هات. خامنەیی کە لە ماوەی دەسەڵاتی ڕەشی سیستمەکەی خۆیدا، بە سەدان هەزار کەسی لە خەڵکی ئێران کوشت، زیندانی کردن، ئەشکەنجەی دان، تیرۆری کردن، ئاوارە و بێپەنای کردن و برسی ڕاگرتن، چارەنووسێکی زۆر تاڵی بە نسیب بوو. خامنەیی

هەروەها دەیان هەزار کەسیشی لە بەکرێگیراوانی خۆی و سیستمەکەی بە ناحەق و لە ڕێگەیەکی هەڵەدا بە کوشت دا. لەسەر یەک، بوونی ئەو کەسە لە ترۆپکی دەسەڵاتی ئێراندا جگە لە بەدبەختی، ماڵوێرانی، ڕۆژڕەشی و سەدان دەردوبەڵای دیکە، هیچ خێرێکی پێوە نەبوو. هەر لە یەک دوو مانگی ڕابردوودا، بە دەستووری ئەو خوێنمژە و تەنیا لە ماوەی دوو ڕۆژدا، دەیان هەزار کەسی بێچەک و بێدیفاع، لەسەر شەقامەکان جەستەیان خەڵتانی خوێن کرا.

خامنەیی کە بێجیاوازی، مەرگی بۆ هاووڵاتییانی ئێران دەویست، خۆی لە سەرووی مەرگەوە دەدیت. ئەو کە عومری لە دەست خودا بڕیبوو، بەو تەمەنەشەوە ئامادە نەبوو ڕۆژێک تاڵی و سوێریی خەڵکی وڵاتەکەی بچێژێ. هەر بۆیە لە کاتێکدا فەرماندە و کاربەدەستانی ڕێژیمەکەی لەژێر مووشەکبارانی دوو وڵاتی دیکەدا وەک گەڵای داران دەکەوتنە سەر عەرزی، خۆی خزاندبووە کونەڕەشێکەوە کە چەندین مەتر لەژێر زەویدا بوو. ئەو وای دانابوو ڕۆژگار هەروا بە مەیلی ئەو هەڵدەسووڕێ و دوای چەند ڕۆژێکی دیکە دیسان بە دەستە گۆچەکەیەوە دێتەوە سەر شاشە و درێژە بە هەڕەشەکانی دەدا. بەڵام وەک دەڵێن «ئیتر ئەو بابەی مرد». ئیتر کاتی هاتبوو چارەنووسی ئەویش لەگەڵ چارەنووسی خوێنمژەکانی دیکەی وەک هیتلەر، سەدام، قەزافی، بنلادەن و زۆری دیکە یەک بگرێتەوە. ناوبراو وای دانابوو یان بەم زوانە نامرێ، یان مەرگێکی وەک خومەینیی بە نسیب دەبێ کە مرید و دەروێشەکانی قوڕیان بۆ وەسەر کرد.

کوژرانی خامنەیی کۆتایی دەسەڵاتی دیکتاتۆرێکی دیکەی جیهانە. هەر لە مێژووی سەد ساڵی ڕابردووی ئێراندا، دوو کەلەدیکتاتۆری دیکەش چارەنووسێکی هاوشێوەیان بە نسیب بوو. «ڕەزا خان میرپەنج» کە بە قۆڵدۆری دەورانی خۆی بەناوبانگ بوو، بە ئەمری وڵاتانی دەرەوە دەسەڵاتی گرتە دەست و هەر بە دەستووری ئەوانیش لە وڵات بەدەر کرا. ئەویان لە دوورگەیەکی دوورکەوتووی چۆڵەوانیی ئەفریقادا، دوور لە بنەماڵەکەی و بە زەلیلی سەری نایەوە.

دووەمین کەسیش کوڕەکەی خۆی «محەممەد ڕەزا» بوو کە ئەویش بێگانە لەجێی بابیان دانا و دواتر بوو بە ملهوڕێکی کەموێنە. «محەممەد ڕەزا»ش دوای سی و پێنج ساڵ سەرکوت و چەوساندنەوەی خەڵک، لەژێر نەعرەتەی خەڵکی ڕاپەڕیودا بە کۆڵێک پووڵ و جەواهیراتی دزییەوە خۆی دەرباز کرد و نەیهێشت دەستی تۆڵەی خەڵک بگاتە بینەقاقەی تا ڕێکی گوشێ. بەڵام هەر وەک دیتمان مەرگێکی بە نسیب بوو کە لە هەموو ئەشکەنجەیەک بەئازارتر بوو، چونکە لەسەر ئەم تۆپی زەوییە، وڵاتێک نەبوو ڕایگرێ و بیپارێزێ. سەرەنجام ساداتی میسری وەک دانەوەی قەرز پێی، وەریگرت و بستە عەرزێکی بۆ ناشتنی تەرمەکەی دایێ.

بوونی خامنەیی و ڕێژیمەکەی لە ئێران، بۆ گەلی کورد یەکجار بەئازار و پڕکێشە بووە. لەژێر ڕێبەریی ئەو خوێنمژە و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێبەرەکەی پێشتریشیدا (خومەینی)، هیچ ڕۆژێک نەبووە کورد وەناڵە و فغان نەکەوتبێ. کەم بنەماڵە هەیە خۆشەویستیان لەدەست نەدابێ، یان زیندانی و ئەشکەنجە نەکرابێ. سەدان گوند کاول کراون، لە زۆر شوێن کۆمەڵکوژی کراوە، کچ و ژنی کورد دەستدرێژیی کراوەتە سەر، باب لە کوڕ کراوەتە جاسووس و برا لە برا کراوە بە دوژمن. ئەوەی سووکایەتی و بێحورمەتییە بە تاک و کۆی خەڵکی کوردستان کراوە. زمان بڕاوە، نارەزایەتی بێدەنگ کراوە، خۆشی قەدەغە کراوە و سێبەری مەرگێکی ئارام بەسەر وڵاتدا کێشراوە.

بە بیستنی کوشتنی ئەو خوێنمژەی سەردەم، بۆ ماوەیەک حەپەسام و واقوڕ مام. زوو وەخۆ هاتمەوە و ڕاست ڕۆژی شەشی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦١ی هەتاویم وەبیر هاتەوە. لەو ڕۆژەدا مرۆڤکوژانی کۆماری سێدارە، پەلاماری گوندەکانی ناوچەی چۆمی مەجیدخانیان دا، خەڵکێکی زۆریان کۆ کردەوە و لەنێو بەفرێکی زۆردا هەموویان ڕیز کردن. ئیتر پێدا هاتن و وەک گەلەگورگ بەربوونە گیانی ئەو کوردە بێتاوانانە. هەر لە ئاوایی «قەرەگۆل» هەژدە کەسیان کوشت کە لە مێرمنداڵی ١٢ ساڵەوە هەتا پیرەپیاوی ٨٠ ساڵەیان تێدا بوو. یەک لەوان برا گەورەی من بە ناوی «عومەر» بوو. کاک عومەر بە پێچەوانەی من، سەر بە هیچ مەکتەبێکی سیاسی نەبوو. هیچ کات چەکی نەک هەر دەست نەدابوویە، بگرە تاقیشی نەکردبووەوە. ئەو بە زەحمەتی یەکجار زۆر کاری دەکرد و ماڵومنداڵی خۆی بەخێو دەکرد. لە کاتی شەهیدکردنیدا کۆرپەیەکی ساوای یەک هەفتەیی لەدایک ببوو. کچێکی نۆ ساڵەی هەمان برام، ساڵێک پێشتر بە پریشکی تۆپی هێزەکانی ڕێژیم گیانی لەدەست دابوو. دوای کوشتنی ئەو خەڵکە، ڕێگەیان بە بنەماڵەکانیان نەدا تەرمەکانیان کۆ کەنەوە و بیاننێژن. هەموو ڕۆژێ ژن و منداڵ دەچوونە لای تەرمەکان کە لەژێر بەفردا ببوونە سەهۆڵ و چاوەڕێ دەبوون بیان دەنەوە. سەرەنجام دوای هەفتەیەک ڕێگەیان دا هەرکەس تەرمی خۆشەویستی خۆی بەرێتەوە. لەبەر ئەوەش هەموو پیاوانی ئاوایی لە ترسان ڕایان کردبوو، تەنیا ژنەکان دەبوو قەبر هەڵقەنن، تەرمەکان بشۆن، کفن و دفنیان کەن و بیاننێژن.

ئەوە تەنیا دڵۆپێک لە دەریای ناعەداڵەتی، بێبەزەیی، خوێنرێژی و ڕووی دزێوی ڕێژیمێکە کە بانگەشەی ئیسلامیی دەکرد. ژیانی خەڵکی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمەدا کە خامنەیی ڕێبەرەکەی بوو، لەڕاستیدا جەهەننەمێکی تەواو بوو. نازانم بە کوژرانی ئەو خوێنمژە، کۆمەڵانی خەڵک دەتوانن سوکناییان بێتێ و هەناسەیەکی ئاسوودە هەڵکێشن یان نا؟ من کە بۆخۆم هەستێکی دوولایەنەم هەیە. تاوێک بۆ هەستی ئەو هەموو ئینسانەی لە درێژایی ساڵانێکی زۆردا ئازاریان چێشت و نەیانتوانی شەوێکی بێخەم سەر بنێنە سەر سەرین، گریانم دێ و لەگەڵیان ژان دامدەگرێ. لەو حاڵەتەدا بیر دەکەمەوە داخوا کوژرانی ئەو خوێنمژە دەتوانێ سوکنایی بدا بەو هەموو ئازارەی خەڵک و بزەی شادییان بخاتە سەر لێو؟

بەڵام لە لایەکی دیکەوە وا بیر دەکەمەوە کە ئەوە یاسای سروشتی کۆمەڵە و پێویستە پاشەکشەی هەر دەسەڵاتێکی نگریس،

رەشەمەی ٢٧٢٥

وزەی زیاترمان پێ ببەخسێ و هانمان بدا لەسەر داوا ڕەواکانمان سوورتر بین. لەو حاڵەتەدا دیارە کوژرانی دیکتاتۆرێکی خوێنمژی وەک خامنەیی حەتمەن دەبێ بزەمان بخاتە سەر لێوان و تین و گوڕی زیاترمان بداتێ. بێگومان ئەوە سەرەتای تێکڕووخانی کۆشکی زۆرداریی ئەو نیزامە گەندەڵەی ئێرانە و درەنگ یا زوو ئەو سیستمە سەرکوتکەر و دواکەوتووە لە تەواوەتیی خۆیدا لەبن دێ.

بەردەوامیی خەبات و تێکۆشانتان پیرۆز بێ.

١١ی رەشەمە ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# مستەفا هیجری: ئێمە زیاتر لە هەموو کات پێویستە هاودەنگ و بەهێز بین



**کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەبارەت بە پێکهاتنی «هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران» و دوایین ئاڵوگۆڕەکانی ئێران پەیامێکی بڵاو کردەوە.**

**کوردستانییانی خۆڕاگر!**

وەک ئاگادارن چاوەڕوانی و ویستی ئێوە بۆ یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیشتە ئەنجام. کۆمەڵگەی کوردستان، ساڵانێکە چاوەڕوان بوو کە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکگرتووانە لە پێناو سەرخستنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان یەکگرتوو بن. لەمێژساڵە، ئەم ویستە لای حیزبی دێموکرات وەک بەرپرسیاریەتییەک کاری بۆ کراوە. هەر بۆیە، دەسپێشخەریی بۆ لێکنزیککردنەوەی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە ئەرکی بەرایی خۆی زانیوە.

هێرشەکانی ئەم دواییەی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٩ی ڕەشەممەی ١٤٠٤ی هەتاوی، بەرامبەر بە ٢٨ی فێوریەی ٢٠٢٦ی زایینی و کوژرانی خامنەیی بەهۆی ئەو هێرشانەوە و لە ئاکامدا لەرزۆکبوونی

زیاتری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، هەموو دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە پێکهێنانی ئەم یەکگرتووییە هەنگاوێکی چەند بەجێ و لە کاتی خۆیدا بوو.

ئێستا پێنج حیزبی سیاسی لەژێر ناوی «هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران»، دەستی بە کارەکانی کردووە. هاوپەیمانییەک کە تا کاتی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێموکراتیک، لە پێناو یەکانگیری و هاوچارەنووسیی کۆمەڵگەی کوردستان، خەبات دەکات.

**هێزەکانی نێو ئەم هاوپەیمانییە بریتین لە:**

١- پارتی ئازادیی کوردستان
٢- پارتی ژیانی ئازادیی کوردستان
٣- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
٤- سازمانی خەبات
٥- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

بۆ ئێمە زۆر گرینگ بوو کە دوو حیزبەکەی دیکەی ئەندام لە ناوەندی دیالۆگ لەم هاوپەیمانییە بەشدار بن. بەڵام بە مەسئوولییەتەوە پێتان دەڵێم کە لەو بارەوە هەوڵێکی زۆرمان دا، تەنانەت کاتی ڕاگەیاندنی هاوپەیمانییەکەمان دواخست، بەڵام بەداخەوە بە هەندێک هۆ ئامادە نەبوون لەم هاوپەیمانییەدا بەشدار بن.

ڕاگەیاندنی ئەو هاوپەیمانییە ئەرک و هەنگاوێکی پێویست بوو. بەتایبەت لە هەلومەرجێکدا کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە دۆخێکی ئالۆز و هەستیاردایە و لە هەمان کاتدا کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش گەیشتووەتە لێواری دارمان.

**بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەم؛**

**ئەرکی ئەم پێنج حیزبە،** خەباتی هاوبەشە لە دژی کۆماری ئیسلامی و دواتر ئیدارەدانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا لە هەڵبژاردنێکی ئازاددا، بەڕێوەبەرایەتیی خۆی دیاری دەکات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ڕەشەمەی ٢٧٢٥

لە ماوەی بەڕێوەبەریی کاتیدا، ئەرکی ئێمە پاراستنی دەستکەوتە سیاسییەکانی کوردستان و پێکهێنانی کەشێکی ئاشتیانە و سەقامگیرە. کوردستانێک کە تێیدا ماف و کەرامەتی هەموو چین و توێژەکان بە هەموو جیاوازی و پێکهاتەکانیەوە، پارێزراو بێت. ئەم ئەرکەش تەنیا بە پاڵپشتیی جەماوەر و ڕێکخراوە مەدەنی و سیاسییەکان مسۆگەر دەبێت.

ئەم هاوپەیمانییە بێجگە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ دژایەتیکردنی هیچ لایەنێک نییە. هەموو حیزب و ڕێکخراو و تاکێکی کوردستانی، مافی خۆیەتی لە ڕاستای خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی چالاک بێت و ئەرکی هەمووشمانە کە بۆ دابینبوونی مافی تاک و کۆی کۆمەڵگەی کوردستان، یارمەتیدەری یەکتر بین.

سەبارەت بە ڕێکخراوە مەدەنییەکان، دڵنیاین کە کۆڵەکەی سەرەکیی بەرەوپێشچوونی دیمۆکراسی و پێشکەوتنی کوردستانن. ژنانی پێشەنگ و لاوانی بەهەستی کوردستان، کە لە ماوەی بزووتنەوەی ژینادا بڕبڕەی پشتی بزاوتەکە بوون، سەرمایەی بەنرخی ئەم گۆڕانکارییەن. ئەرکی «هاوپەیمانی»، پێکهێنانی ژینگەیەکی ئارام و لەبارە بۆ چالاکی و بەردەوامبوونیان.

کوردستانی پاش کۆماری ئیسلامی، پێویستە ببێتە مەکۆی ئاشتی و پانتایەکی گشتی بۆ پێکەوەژیانی شارستانیانەی هەموو دانیشتووانی، بە هەموو جیاوازی و مافە ئایینی، نەتەوایەتی، سیاسی، زمانی و کۆمەڵایەتییەکانیانەوە.

لە کۆتاییدا، کۆمەڵگەی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە کە دەنگی ئێوە سەرچاوە و مەرجەعی گشتییە. دەیان ساڵ بەرخۆدان و تێکۆشانمان بۆ ئەوە بووە کە هەموو دانیشتووانی کوردستان، هەست بە بوون و ناسنامە و مافەکانی خۆیان بکەن.

کۆمەڵگەی کوردستان، کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو، وشیار و لە ڕووی نەتەوەییەوە گەشەی کردووە. ئەم تایبەتمەندییانە لە هەرێمەکانی تر کەمتر دەبینرێت. بەتایبەت بواری حیزبایەتی، ڕێکخستن و کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەو ئەزموون و سەرمایەیەن کە هەمیشە دوژمنی بە چۆکدا هێناوە. لە ئەمڕۆ و داهاتوودا، هەوڵ بدەین ئەو تایبەتمەندییانە بەهێزتر بکەین کە بەردی بناغەی یەکگرتوویی و بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئازادن، بەدوور لە هەر جۆرە پاوانخوازی و هەڵاواردنێک.

ئێمە زیاتر لە هەموو کات پێویستە هاودەنگ و بەهێز بین. بەرژەوەندیی نەتەوەیی و هاوچارەنووسیمان لە گرەوی بەهێزبوون و یەکڕیزیی کۆمەڵگەی کوردستانە. بەو شێوەیە دەتوانین سیمایەکی نوێ و شارستانی لە خۆمان، نیشانی ئێران و جیهان بدەین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەو هیوایە

**مستەفا هیجری**

**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**١٠ی ڕەشەمەی ١٤٠٤ی هەتاوی**

**١ی مارسی ٢٠٢٦ی زایینی**

**١١ی رەشەمە ٢٧٢٥**

---



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران: لە بەردەم چارەنووسسازترین ڕۆژەکانی خۆماندایین




## ڕاگەیەندراوی ژمارە ١

**خەڵکی خەباتکار و مافخوازی کوردستان!**

لە ڕۆژی شەممە، ٩ی ڕەشەمەوە ڕەوتی ڕووداوەکان لە ئێران بەرەو ئاڵوگۆڕێکی قووڵ و بنەڕەتی دەچن. ئەو شەڕەی کە لە ئێستادا هەڵگیرساوە ئاکامی دەیان ساڵ سیاسەتی زێدەخوازیی ڕێژیم، دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچە، پاڵپشتیی تێرۆریزمی دەوڵەتی، پێداگری لەسەر دەسخستنی بۆمبی ئەتوم و پێشخستنی پیشەسازیی مووشەکی، دروستکردنی هەڕەشە بۆ سەر ئەمنییەتی جیهانی و پێملنەبوونی ڕێژیم بە ڕێوشوێنە نێونەتەوەییەکانە؛ سیاسەتێک کە دواجار هەم ئێرانی کردە وڵاتێکی وێران بە ئابوورییەکی دارماو و هەم ڕێژیمەکەشی بەرەو ڕووخان برد. کوژرانی خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیم و دەیان فەرماندەی نیزامی و کاربەدەستی سیاسیی ئەم ڕێژیمەش دۆمینۆی ئەو ڕووخانەی خێراتر کردووە.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران ڕادەگەیەنێ کە ئەم شەڕە، شەڕی کۆمەڵگەی ئێران و نەتەوەکانی ئەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ڕەشەمەی ٢٧٢٥**

وڵاتە لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل و کۆمەڵگەی جیهانی نییە، بگرە ئەوە ڕێژیمی دیکتاتۆر و سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامییە کە هەموو خەڵکی وڵاتی بەبارمتە گرتووە، هەموو ماف و ئازادییەکی لێ زەوت کردوون و هەر لە بەفرانباری ئەمساڵدا هەزاران کەس لە خەڵکی ڕاپەڕیو و مافخوازی ئێرانی کۆمەڵکوژ کرد.

**لە ئێستاشدا کە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەردەم چارەنووسسازترین ڕۆژەکانی خۆیان‌دان، ڕوو بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان داوا دەکەین:**

١- خەڵکی کوردستان پێ‌بەپێی ڕەوتی ڕووداوەکان پێویستە لەسەر هەست بن و وشیارانە بەرەوڕووی پێشهاتەکان ببنەوە و هەڵسوکەوتی سیاسیی خۆیان لەگەڵ داوا و ڕاسپاردەکانی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران ڕێکبخەن و ئەم هەماهەنگی و پێوەندییە زیندوو و بەرهەمدار بکەن.

٢- لە ڕۆژانی بەچۆکداهاتنی ڕێژیم و ڕاپەڕینی جەماوەریی خەڵکدا پێویستە سەرجەم بنکە و دامودەزگا ئیداری و خزمەتگوزارییەکان لەپێناو بەرژەوەندی و پێداویستییەکانی گشتیدا بپارێزرێن.

٣- داوا لە هێزە چەکدارەکان ڕێژیم لە کوردستان دەکەین ڕیزی خۆیان لە پاشماوەکانی کۆماری ئیسلامی جیا کەنەوە. پێیان ڕادەگەیەنین وا باشە ئەم دوا دەرفەتە بۆ پشتتێکردن لە دوژمن و هەڵبژاردنی بەرەی نەتەوەکەیان لەکیس خۆیان نەدەن.
٤- پێویستە هەموو خەڵکی کوردستان بە ژیری و پێگەیشتووییەوە بەرەوڕووی گۆڕانکارییەکان بچن و خۆ لە هەڵەشەیی و تۆڵەسەندنەوەی تاکەکەسی کە زیان بە ئەمنییەت و پاراستنی گشتیی کۆمەڵگە دەگەیەنێ بپارێزن.
٥- داوا دەکەین لەپێناو پارێزراوبوونی زیاتردا چەندی دەتوانن لە بنکە و ناوەندە سەربازی و ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم دوور بکەونەوە.
٦- داوا دەکەین لە ڕۆژانی سەختی بەردەمماندا خەڵکەکەمان بەتایبەت توێژی بازاڕ و دووکاندار و خاوەن‌ماڵەکان زیاتر لە هەر کاتێک ئاگاداری یەکتری بەتایبەت خەڵکی کرێچی، هەژار و بێ‌ئەنوا بن و بە دەسگرۆیی یەکتر ئەو ڕۆژە سەخت و دژوارانە تێپەڕێنین.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکاندا سیاسەت و بەرنامەکانی لە ڕێگەی ڕاگەیەندراوەکانی دیکەی خۆیەوە بڵاو دەکاتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رەشەمەی ٢٧٢٥

## هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

١١ی ڕەشەمەی ١٤٠٤ی هەتاوی

١١ی رەشەمە ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# عەقڵانییەتی دەوڵەتی فارس و پارچەپارچەبوونی ئایدیۆلۆژیی کورد





حەسەن قارەمانی

پەیوەندیی نێوان تێگەیشتنی گشتیی عەقڵانییەتی سیاسیی کورد و تێگەیشتن لە مێژووی دەوڵەتی فارس، یەکێک لە ئاڵۆزترین و ناکۆکترین ڕەهەندەکانی مێژووی مۆدێرنی ئێران پێکدەهێنێت. دینامیکی سیاسی نەک تەنیا بە ئیدیعای خاک یان دەسەڵاتی دامەزراوەیی تایبەتمەندە، بەڵکوو بە چەمکە قووڵەکانی سەروەری، بەردەوامیی نەتەوەیی و پلەبەندیی

شارستانی ناسراوە.

لەم دواییەدا پشتیوانی لە بەدیلەکانی پاشایەتی، بەتایبەتی لە دەوری بنەماڵەی شاهانەی پێشووی ڕەزا پەهلەوی، هاوپەیمانییەکی بەرفراوانی گرووپە فارسییەکانی کۆ کردەوە؛ لە لیبراڵە سێکۆلارەکانەوە تا ناسیۆنالیستە فارسەکان. ئەم دیاردەیە کاردانەوەی توندی لەنێو بەشێک لە کایەی سیاسیی کوردیدا وروژاندووە، کە پاڵپشتییەکە لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە لێکدەدرێتەوە نەک ستراتیژی.

جیاوازیی نێوان ئەوەی لێرەدا بە "عەقڵانییەتی دەوڵەتی فارس" ناو دەبرێت و "عەقڵانییەتی پارچەپارچەبوونی ئایدیۆلۆژیکی کورد" لێرەوە دەست پێ دەکات: بۆچی ئەکتەرە سیاسییەکانی فارس مەیلیان هەیە سەروەریی دەوڵەت بخەنە پێشینەی هێڵە دابەشکەرە ئایدیۆلۆژییەکان، لە کاتێکدا عەقڵانییەتی سیاسەتی کوردی زۆرجار لە ململانێ ئایدیۆلۆژییەکاندا گیر دەخوات کە یەکگرتوویی نەتەوەیی لاواز دەکات؟

### عەقڵانییەتی دەوڵەت بەرامبەر دۆگمای ئایدیۆلۆژی

لەم چوارچێوەیەدا، عەقڵانییەتی کورد ئەم دیاردەیەی بە پلەی یەکەم لە ڕێگەی تۆڕێکی ئایدیۆلۆژییەوە لێکداوەتەوە و پشتیوانییەکە وەک هەڵوێستێکی نۆرماتیڤ دەبینێت، نەک پێگەیەکی ستراتیژی لە دیمەنێکی "دەسەڵات - سیاسەت"دا.

**عەقڵانییەتی دەوڵەتی فارس:** مەبەست لێی لۆژیکێکی سیاسیی کردارییە (Pragmatic) کە تێیدا سەروەریی دەوڵەت، یەکپارچەیی خاک و بەردەوامیی مێژوویی وەک "بەهای باڵا" هەژمار دەکرێن. هێڵە دابەشکەرە ئایدیۆلۆژییەکان (سێکۆلاریزم، لیبرالیزم و هتد) کاتێک کۆی نەتەوەیی دەکەوێتە بەر هەڕەشە، بە شێوەیەکی کاتی هەڵدەپەسێردرێن.

**گۆڕەپانی سیاسیی کورد:** بە پێچەوانەوە، ئەم کایەیە زیاتر بە فرەیی ئایدیۆلۆژی و کێبڕکێی نێوخۆیی (مارکسیستی، ناسیۆنالیستی، فیدراڵیستی) تایبەتمەندە. ئەم هەمەچەشنییە ئەگەرچی دەوڵەمەندییە، بەڵام پارچەپارچەبوونێکی پێکهاتەیی دروست کردووە کە هەماهەنگیی ستراتیژی قورس دەکات.

### پرسی کورد و ئەولەویەتدانی نەتەوەیی

مێژووی سیاسیی کورد بە فرەچەشنییەکی پێکهاتەیی ناسراوە کە لە هەمان کاتدا بەهێزی و لاوازییە. دووبەرەکی لە نێوان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حیزبەکان، ناوەندەکانی دەسەڵاتی ناوچەیی، پێکهاتە خێڵەکییەکان و ڕەوتە جیاوازەکان، چەندین جار ڕێگرییان لە سەرهەڵدانی ستراتیژێکی نەتەوەیی یەکگرتوو کردووە.

هێما، ئاڵا و چەمکە ناوەندییەکانی وەک "چارەی خۆنووسین" و "سەربەخۆیی"، لەبری ئەوەی ببنە خاڵی یەکگرتن، زۆرجار بوونەتە بابەتی کێشەسازی نێوخۆیی و ڕەخنەی ئایدیۆلۆژی. لەو شوێنانەی سیمبولیزمی نەتەوەیی دەبێتە هێزی یەکگرتوو، لە بەشێک لە کولتووری سیاسیی کوردیدا بووەتە بابەتی لێکۆڵینەوەی عەقیدەیی؛ دەرئەنجامەکەش ئەوەیە کە یەکگرتوویی نەتەوەیی ملکەچی یەکدەنگیی ئایدیۆلۆژی کراوە.

## ڕیالپۆلیتیک و هەڵەی ستراتیژی

هەڵەیەکی ستراتیژیی دووبارەبووەوە لەنێو هەندێک توێژی بزووتنەوەی کوردیدا، ئەو گریمانەیە بووە کە دەوڵەتانی دیکە بەگوێرەی نۆرمە گشتگیرەکانی دادپەروەری و مافی مرۆڤ مامەڵە دەکەن. بەڵام دەوڵەتەکان بە پلەی یەکەم بە "هاوسەنگیی هێز" و "کۆنترۆڵی خاک" بەڕێوە دەچن نەک بنەما ئەخلاقییەکان. بۆ دەوڵەتانی وەک ئێران و تورکیە، داواکاریی مافی چارەی خۆنووسین نەک وەک ئیدیعایەکی دێموکراسی، بەڵکوو وەک هەڕەشەیەکی ئەمنی بۆ سەر یەکپارچەیی دەوڵەت دەبینرێت.

## ئەنجامگیری: ناسنامەی ستراتیژی وەک بنەمای مانەوە

کولتووری سیاسیی فارس بە پێشخستنی سەروەری بەسەر ئایدیۆلۆژیدا، توانیویەتی هاوپەیمانی لە نێوان دژەکاندا (لە لیبراڵەوە تا ناسیۆنالیستی توندڕەو) دروست بکات بۆ پاراستنی "مانەوەی دەوڵەت". لە بەرامبەردا، کایەی سیاسیی کورد بەهۆی پێشخستنی ئایدیۆلۆژی بەسەر ستراتیژی نەتەوەیی، زۆرجار لە پێگەیەکی لاوازتردا ماوەتەوە.

وانەی ناوەندی ئەوەیە: لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا پاکترین ئەکتەرەکان نامێننەوە، بەڵکوو ئەوانە دەمێننەوە کە دەتوانن ئاسایشی بەکۆمەڵ بخەنە پێشینە و بە شێوەیەکی پراگماتیک (کرداری) لەگەڵ هەڕەشە وجوودییەکاندا مامەڵە بکەن.

١١ی ڕەشەمە ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگە (بەشی چوارەم و کۆتایی)





زانیار حوسێنی

**(خوێندنەوەی مێژوویی، کۆمەڵایەتی و کولتووریی ڕەمزێک لە کوردستان)**

**شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بووە هۆی دارمانی ڕێژیمی پەهلەوی و دەرفەتێکی مێژوویی لە ناوچەکانی کوردستاندا**

ڕەخساند. بەهۆی ڕابردووی مێژوویی خۆڕاگریی ناوچەیی و بوونی حیزبی دێموکرات لە کوردستانی ئێران، ئەو ناوچەیە بوو بە یەکێک لەو ناوچانەی ڕۆڵی پێشمەرگەی لە هەموو کاتێک زیاتر بەرچاو بوو.

**لەم ماوەیەدا:**

**ئا؛** دەسەڵاتی ناوەندیی نوێ بەتەواوی سەقامگیر و جێگیر نەببوو و ناوچە کوردستانییەکان تا ڕادەیەک لەژێر کۆنترۆڵ و فشاری ناوەند ڕزگاریان بوو.
**ب؛** بزووتنەوە نەتەوەییەکان دەرفەتی چالاکییان بۆ ڕەخسا.
**ج؛** مەجالی دروستکردن و بەهێزترکردنی دامەزراوە نیشتمانییەکان بەتایبەت هێزی پێشمەرگە لەبار بوو.

ئەم هەلومەرجانە، بەستێنی بۆ ململانێی ڕاستەوخۆی نێوان ڕێژیمی ناوەندگەرای نوێ و پێشمەرگەی خۆش کرد.

**ڕۆڵی پێشمەرگە لە ئاسایش و نەزمی کۆمەڵایەتیدا**

بە سەرنجدان بە ئامادەبوونی کاریگەر و ئەو دەرفەتەی کە هاتەئاراوە، پێشمەرگە جگە لە چالاکییە سەربازییەکان، ڕۆڵی سەقامگیرترکردنی نەزمی کۆمەڵایەتیشی لەئەستۆ گرت.

**هەروەک:**

- پاراستنی گوند و ڕێگای شاخ
- نێوەندگیری لە نێوان خەڵک و چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێوخۆییەکان
- پێشکەشکردنی فریاگوزاری و پاڵپشتی کۆمەڵایەتی لە ناوچە قەیراناوییەکان.

ململانێ چەکدارییەکان لەگەڵ ڕێژیمی ناوەندگەرای نوێ لە نێوان ساڵانی ١٣٥٧ بۆ ١٣٦٧ پێشمەرگە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان لە دوو ڕەهەندی بەرەیی و پارتیزانیدا لەگەڵ هێزە سەربازی و نیمچە سەربازییەکانی ڕێژیمی ناوەندگەرا تووشی شەڕ بوو.

**ئەم شەڕانە بریتی بوون لە:**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- گەمارۆدانی شار و گوندەكان لەلایەن سپای پاسداران و بەسیجەوە.
- شەڕی پەرشوبڵاو لە شاخ.
- پەرچەكرداری پێشمەرگە بۆ پاراستنی ئاسایشی كۆمەڵگە و بەرگریكردن لە ناوچەكانی ژێر كاریگەری.

سەرەڕای شەڕ و ڕاگەیاندنی جیهاد لەلایەن دامەزرێنەری كۆماری ئیسلامییەوە، پێشمەرگە توانی تۆڕە نێوخۆییەكانی خۆی و پشتیوانی كۆمەڵایەتی خۆی بپارێزێ و وەک پارێزەری خەڵک خەریكی بەرگریی ڕەوا و پەرچەكدار بێ.

## كاریگەریی شەڕی ئێران و عێراق

شەڕی ئێران و عێراق (١٣٥٩ - ١٣٦٧) كاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر چالاكییەكانی پێشمەرگە هەبوو. ناوچە سنوورییەكانی كوردستان بەهۆی نزیكی لە عێراقەوە بەردەوام لەژێر هەڕەشەدا بوون.

پێشمەرگە جگە لە بەرگریی نێوخۆیی، بەرپرسیارێتی بەڕێوەبردنی قەیران و پشتیوانی لە ئاوارەكان و خەڵكی شەڕلێدراویشی لەئەستۆ گرت.

**ئەم قۆناغە ڕێگەی بە پێشمەرگە دا كە:**

- دووپاتە شەرعییەتی كۆمەڵایەتییەكەی بەهێزتر بكا.
- ئەزموونی ئۆپەراسیۆنی فراوانتر بەدەست بهێنێ.
- ببنە دامەزراوەی كۆمەڵایەتی - سیاسی بەهێز و تەنیا وەک هێزێكی سەربازیی سەیر نەكرێ.
- نیشاندانی توانای پاراستنی خەڵک و داواكارییەكانیان و بەرگریكردن لە سەرمایە سەرەكییەكانی خۆیان وەک شەرعییەتی جەماوەری.

**بەرهەمهێنانەوەی ناسنامە و یادەوەریی بەكۆمەڵ لەم ماوەیەدا ڕەفتار و مامەڵەی پێشمەرگە بووە هۆی ئەوەی كە:**

**ئا؛** سەقامگیركردنی كولتووری خۆڕاگری و بوێری.
**ب؛** بەرهەمهێنانەوەی بەها بەكۆمەڵەكانی وەک دڵسۆزی، هاودەنگی و پابەندبوون بە كۆمەڵگە.
**ج؛** ڕۆڵگێڕی لە پاراستنی هێما و ڕێوڕەسمە نەتەوەییەكان.



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

د؛ بەهێز و فراوانترکردنی ئەدەبیاتی بەرخۆدان و داواخوازی.

ناسنامەی بەکۆمەڵی پێشمەرگە لەو ماوەیەدا بە تەواوی لە یادەوەریی خەڵک و فەرهەنگی زارەکیدا دامەزرا و ڕوونکرایەوە، و دواتر بنەمای ناساندنی ٢٦ی سەرماوەزی وەک "ڕۆژی پێشمەرگە" ڕەخساند.

**پێشمەرگە لەم ماوەیەدا نموونەی دامەزراوەیەکی بەرخۆدانە لەسەر بنەمای کۆمەڵایەتی:**

- سەرمایەی کۆمەڵایەتی خۆیان لە کۆمەڵگە وەرگرتووە.
- شەرعییەتی ئەخلاقی و کولتووریيان هەبووە.
- تۆڕە نێوخۆییەکانیان بەهێزتر کردووە.
- ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەوان یارمەتیدەربوو لە مانەوەی ئەم دامەزراوەیە.

## قۆناغی دوای ململانێ و چەسپاندنی دامەزراوەی پێشمەرگە

دوای کۆتاییهاتنی قۆناغی سەرەکیی ململانێی بەردەوام و بەرفراوانی ئێران و کوردستان (١٣٦٧ - ١٣٨٠)، حیزبی دێموکرات و پێشمەرگە کەوتنە قۆناغێکی سەقامگیری ڕێژەیی و خۆڕێکخستنەوەی تەشکیلاتی.

**ئەم قۆناغە بەم تایبەتمەندیانەی خوارەوە تایبەتمەندە:**

ئا؛ کەمبوونەوەی گوشاری سەربازیی ڕاستەوخۆی ڕێژیم لە ناوچە سنووری و شاخاوییەکان.
ب؛ پێویستیی بنیاتنانەوەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و تۆڕەکان دوای زیانەکانی شەڕ.
ج؛ زیاتر گرنگیدان بە چالاکییە کۆمەڵایەتی، کولتووری و پەروەردەییەکان بۆ چەسپاندنی شەرعییەتی نێوخۆیی پێشمەرگە
د؛ جیا لە ئامادەبوونی مەیدانی، لەم قۆناغەدا پێشمەرگە زیاتر لە هەر قۆناغێکی تر، بوو بە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی - فەرهەنگی و ئەخلاقی.

## ڕێکخستنەوە و پیشەییکردنی ڕێکخراوە

لە ساڵانی ١٣٧٠ی هەتاویدا، پێشمەرگە چەند هەنگاوێکی سەرەکی بۆ چەسپاندنی دامەزراوەکەیان ناوە:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- **دروستکردنی پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی پیشەیی:** زنجیرەی فەرماندەیی یەکگرتووتر بوو و ڕاهێنانی سەربازی و سیاسی بەشێوەیەکی سیستەماتیکتر ئەنجام درا.
- **دابەشکردنی ئەرکە کۆمەڵایەتی و سەربازییەکان:** پێشمەرگە بەسەر دوو لقی جیادا دابەش کرا: لقێکی سەربازی بۆ بەرگری و لقێکی سیاسی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری.
- **پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ کۆمەڵگە:** تۆڕە نێوخۆیی و شار و گوندەکان بە پێشمەرگەوە گرێدرابوون و ئەم پەیوەندییە شەرعییەتی کۆمەڵایەتی زیاتر کرد.

ئەو ڕێوشوێنانە پێشمەرگەیان کردە دامەزراوەیەکی سەقامگیر و خۆڕێکخراو کە توانی خۆی بەرهەم بهێنێتەوە و بەردەوامی و سەقامگیریی شەرعییەتی لە کۆمەڵگەدا بپارێزێ.

## ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و کولتووری پێشمەرگە

### لەم ماوەیەدا پێشمەرگە زیاتر لە ڕابردوو ڕۆڵی مەدەنی و کۆمەڵایەتیی گێڕا:

**ئا؛** پاراستنی ئاسایشی نێوخۆیی و نەزمی کۆمەڵایەتی: پێشمەرگە بە بوونی کاریگەریی خۆی وەک بریکارێکی ڕێگریکەر، ڕێگربوو لە پانتایی و قووڵایی تاوانەکانی ڕێژیمی ناوەندگەرا و پاراستنی ناوچە سنوورییەکان و ڕێگرتن لە گرژییە نێوخۆییەکان بەشێک لە ئەرکیان بوو.

**ب؛** چالاکی فەرهەنگی و پەروەردەیی: پێشمەرگە قوتابخانەی نێوخۆیی و چالاکییە کولتوورییە نێوخۆییەکانی دامەزراند بۆ بەرهەمهێنانەوەی ناسنامەی کورد و گواستنەوەی بەهاکانی بەرخۆدان و ئەخلاقی بەکۆمەڵ؛ هەروەها هانی کۆمەڵگەیان دەدا و پشتگیریيان دەکرد بۆ ئەنجامدانی ئەو جۆرە کارانە.

### بەرهەمهێنانەوەی ناسنامە و یادەوەریی بەکۆمەڵ

هالبۆکس پێی وایە یادەوەریی بەکۆمەڵ تەنیا تۆمارکردنی ڕووداوەکان نییە، بەڵکوو بەرهەمهێنانەوەی مانا و ناسنامەی بەکۆمەڵە. لەو ماوەیەدا پێشمەرگە لە ڕێگەی چالاکییە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سەربازییەکانیانەوە یادەوەریی بەکۆمەڵی کوردیان بەرهەم هێنایەوە؛



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ئەم یادەوەرییە بەکۆمەڵە ئەمانەی خوارەوەی لەخۆگرتبوو:**

- چیرۆکی زارەکی و گێڕانەوەی بەرخۆدانی پێشمەرگە
- هێماکانی بوێری و ئەخلاقی بەکۆمەڵ
- بەهاکانی دڵسۆزی و هاودەنگی و پشتیوانی بۆ کۆمەڵگە

ئەم وەچەخستنەوەی شوناسە ڕێگەی بە پێشمەرگە دا تەنانەت لە نەبوونی دەسەڵاتی فەرمی و بوونی مەیدانییەکی گەورە، لە سەرتاسەری کوردستانی ئێراندا وەک سیمبولی شەرعییەت و شوناسی بەکۆمەڵ بمێنێتەوە.

ماوەی ساڵانی ١٣٦٧ - ١٣٨٠ نموونەی دامەزراوەیەکی بەرخۆدانی کۆمەڵگەمیحوەرە.

**تایبەتمەندییە دیارەکانی ئەم قۆناغە بریتین لە:**

**ئا؛ بەردەوامیی کۆمەڵایەتی:** پێشمەرگە توانی شەرعییەتی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی خۆی پێناسە و بەهێزتری بکاتەوە
**ب؛ وەچەخستنەوەی کولتووری و ناسنامە:** چالاکییە پەروەردەیی و کولتوورییەکان بووە هۆی چەسپاندنی زیاتری ناسنامەی بەکۆمەڵ.
**ج؛ تۆڕە نێوخۆییەکان:** پشتیوانی کۆمەڵگە و پەیوەندیی بەردەوام لەگەڵ بەستێنە کۆمەڵایەتییەکان و گوندەکان، سەرمایەی کۆمەڵایەتیی پێشمەرگەی زیاتر بەهێز کرد.

**گۆڕینی نەوەیی و چەسپاندنی شوناسی کولتووری پێشمەرگە:**

دەیەی ١٣٨٠ی هەتاوی لە کوردستانی ئێران بە گۆڕانی نەوەکان، فشارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و پێویستی بە بنیاتنانەوەی کولتووری تایبەتمەندە. نەوەی نوێی پێشمەرگە کە دوای ململانێکانی حەفتاکان و سەقامگیری ڕێژەیی هەشتاکان مەشق و ڕاهێنانیان پێ کرابوو،

**بە ئامانجەکانی زیاتر لە شەڕی سەربازی هاتنە ناو ڕیزی تێکۆشانەوە:**

**ئا؛** پاراستن و بەرهەمهێنانەوەی ناسنامەی نەتەوەی کورد و ئەخلاقی بەکۆمەڵ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ب؛ بەهێزکردنی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی - فەرهەنگی پێشمەرگە.

ج؛ ئامادەکردنی بەستێن بۆ چالاکییە پەروەردەیی و مەدەنییەکان لە کۆمەڵگەی نێوخۆیی.

د؛ پێناسەکردنەوە و فراوانکردنی مەودای شوناسی بەرخۆدان و پەرەپێدانی فەلسەفەی بوونی پێشمەرگە.

ه؛ کاریگەریی دەستەواژەی پێشمەرگە لە کایە کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکانی دیکە وەک پێشمەرگەی ژینگەپارێز و پێشمەرگەی سپی پۆش (پرسنێلی پزیشکی لە کوردستانی ئێران) و...هتد.

و؛ پێناسەی بێسنووری پێشمەرگە بۆ هەر ئەندامێکی کۆمەڵگەی کوردی کە بۆ قازانجی بەکۆمەڵی نەتەوەی کورد تێدەکۆشێ.

ز؛ دابەشبوونی نەریتی دەستەواژەی پێشمەرگە بۆ لایەنی سیاسی (ڕێکخراوەیی لە حیزبی دێموکرات) و لایەنی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا.

ئەم نەوە نوێیە ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە دامەزراندنی پێگەی پێشمەرگە وەک ڕەمزی بەرخۆدان، شوناسی بەکۆمەڵ و پەرەپێدانی ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی پێشمەرگە.

## چالاکیی کولتووری و پەروەردەیی

**نەوەی نوێی پێشمەرگە گرنگییەکی تایبەتی بە چالاکییە کولتووری و پەروەردەییەکانی دا:**

- **دامەزراندنی قوتابخانە و ناوەندە پەروەردەییە نێوخۆییەکان:** فێرکردنی زمانی کوردی، مێژووی کوردستان و بەها ئەخلاقییەکانی پێشمەرگە.
- **ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان بۆ گەنجانی پێشمەرگە:** ڕاهێنانی سەربازی تێکەڵ بە پەروەردەی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی.
- **چالاکی فەرهەنگی:** ئەنجامدانی ڕێوڕەسم و بۆنە نەریتییەکان، پێشخستنی مۆسیقا و ئەدەبی کوردی.
- **چالاکیی مەدەنی:** هەوڵدان بۆ دروستکردنی سەکۆیەکی گونجاو بۆ دابینکردنی هەلومەرج بۆ چالاکییە کۆمەڵایەتی و مەدەنییە جۆراوجۆرەکان لەسەر ئاستێکی فراوانتر.
- **دەرکەوتن وەک ڕەمزێکی نیشتمانی:** بە مۆدێلکردنی کۆمەڵایەتی - ئەخلاقی پێشمەرگە و دەرکەوتنی پێشمەرگە وەک ڕەمز و براندێکی نیشتمانی لە شێوازە ڕەفتارییەکانی نەوەی نوێ و گەنجاندا.

## ڕاگەیاندنی ڕەمزیی ٢٦ی سەرماوەز

لەو ماوەیەدا ٢٦ی سەرماوەز بە فەرمی وەک "ڕۆژی پێشمەرگە" دامەزرا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گرنگی ئەم ڕۆژە ئەمانەی خوارەوە لەخۆدەگرێ:

ئا؛ یادکردنەوەی مێژووی بەرخۆدانی پێشمەرگە.

ب؛ ڕێزگرتن لە ئازایەتی و قوربانیدانی نەوەکانی ڕابردوو.

ج؛ بەرهەمهێنانەوەی بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی.

## ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و شەرعییەت

جگە لە ڕۆڵی کولتووری، نەوەی نوێی پێشمەرگە (لە هەردوو پێناسەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا)

ڕۆڵی کۆمەڵایەتی خۆیان بەهێزتر کرد:

- نێوەندگیری نێوخۆیی: چارەسەرکردنی ناکۆکی و بەڕێوەبردنی قەیرانە نێوخۆییەکان.
- پاڵپشتیی کۆمەڵایەتی: یارمەتیدانی خێزانە زیان لێکەوتووەکان و ئاوارەکان.
- دروستکردنی تۆڕی مەدەنی: هاوکاری لەگەڵ دامەزراوە نێوخۆییەکان و پەرەپێدانی چالاکییە مەدەنییەکان.
- بەهێزکردنی کولتووری بەشداریکردنی گشتی: هاوکاری ژینگەیی، مرۆڤدۆستانە و کۆمەڵایەتی ئاڕاستەکراو.
- مارکەی نیشتمانی: پێناسەیەکی نوێ بۆ پێشمەرگە وەک مۆدێلێکی فراوانتر لە هێزێکی ڕێکخراوەیی و ڕەمزی نەتەوەیی، بە ڕوونکردنەوەی نۆرمەکانی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی لەناو بازنەی ئەم وشە و زاراوەیەدا.

ئەمڕۆ وشەی پێشمەرگە لە پێناسەی کلاسیکی و ڕێکخراوەییەکان تێپەڕیوە و زیاتر لە حەوت دەیە هەوڵ و تێکۆشان بۆ ئایدیالی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و مێژوویی نەتەوەی کورد، دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ناچار بە دووپاتە پێناسەکردنەوەی ئەو چەمکە کردوە؛ چونکی لە چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا بەشێوەیەکی جێی سەرنج، ڕوون و حاشا هەڵنەگرە کە هەر ئەندامێکی کۆمەڵگە کە هەنگاو دەنێتە سەر ڕێبازی چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری - هونەرییەکان، بە نائاگایی یان بە ئاگاییەوە، بەشێوەیەکی دەرەکی، چ لە گوتاری ڕۆژانەدا، چ لە جلوبەرگ و ڕەفتارەکانی ڕۆژانەدا، بەرەو خۆگونجاندن لەگەڵ ئێلێمێنتەکانی پێشمەرگەدا دەجوڵێتەوە؛ بە زاراوەیەکی سادەتر، چاکسازیخوازانی کۆمەڵایەتی، چالاکانی مەدەنی، چالاکانی فەرهەنگی و ئەوانەی لە پیشەیەکدان کە لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکاندا پەیوەندییان بە ژیانی خەڵکەوە هەیە، خۆیان بە پێشمەرگە، پێشەنگ و پەرستراوی ئەم میللەتە دەزانن؛



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رەشەمەی ٢٧٢٥

چونکە وشەی پێشمەرگە بە جوانترین جلوبەرگی مێژووی نەتەوەی کورد دەزانن. و لە ئێستادا پرسیار ئەوەیە کە کێ لەم کۆمەڵگەیەدا دەتوانێ بە قەڵەم یان کردەوە حەقی خۆی بە وشە و مانای پێشمەرگە بدا؟

١٣ی رەشەمەی ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# تێپەڕین لە ناوەندگەرایی؛ کلیلی دێموکراسیی ئێران






**ڕەحیم نزهەتزادە**

لە قۆناغێکی گواستنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا کە زۆرێک لە گەلان هەوڵ دەدەن ڕۆڵی خۆیان لە پێکهاتەکانی حکوومەتدا پێناسە بکەنەوە، گەلی کوردیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پشتبەستن بە مێژووی خەبات، وشیاری و ئیرادەی بەکۆمەڵی خۆی، بە دوای جێگەیەکی شایستە لە سیستەمێکی دێموکراتیک، سێکۆلار و فیدراڵی لە ئێرانی داهاتوودا دەگەڕێت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیان ساڵە داوای بەدیهێنانی مافە سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی دەکات و بە ڕێبازێکی ئاشتیخوازانە و دێموکراسیانە بەدوای ئەو داخوازییانەدا دەگەڕێت. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەمیشە پێداگریی لەسەر بەشداریی یەکسانی گەلی کوردی، لە پێکهاتەی سیاسی ئێران و گواستنەوە لە سیستەمی ناوەندگەراییەوە بۆ سیستەمی فیدراڵی دێموکراتیک داگرتووە. گۆڕانکارییە سیاسی و فکرییەکان لە کوردستان دەبێت خزمەت بە پێناسەکردنەوەی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و نەتەوەکان بکات؛ پەیوەندییەک کە لەسەر بەڕێوەبردنی سیاسی و کولتووری و ئابووری ناوچەیی بنیات نرابێت.

## ناوەندگەرایی، بەربەستێک لەبەردەم گۆڕانی دیموکراسی

یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی ناڕازیبوون لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چڕبوونەوەی دەسەڵات و سەرچاوەکان لە ناوەند و پشتگوێخستنی جوغرافیا و ژینگەی نەتەوە بندەستەکانە. ئەم دۆخە خەڵکی کوردستانی لە بەشداری ڕاستەقینە لە بڕیاردانی گەورە بێبەش کردووە. تێپەڕین لە ناوەندگەرایی و بەدیهێنانی فیدرالیزمی فرە ئاست، مەرجی پێشوەختە بۆ مانەوە و بەردەوامیی مانادارە لە کوردستاندا. تەنیا بە گواستنەوەی دەسەڵات بۆ دامەزراوە هەڵبژێردراوەکانی ناوخۆ و بەهێزکردنی سەروەریی جەماوەری لەسەر ئاستی هەرێمە نەتەوەییەکانە دەتوانرێت متمانەی لەدەستچوو بنیات بنرێتەوە.

## فیدراڵیزم، زامنی پێکەوەژیانی دادپەروەرانە

فیدرالیزم لە گوتاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، ئامرازێک نییە بۆ دابڕان، بەڵکوو چارەسەرێکە بۆ بەشداری چالاکانەی گەلی کورد لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا. ئەم مۆدێلە بە دانانی بە نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران، دەتوانێ بناغەیەکی دادپەروەر و بەردەوام، بۆ پێکەوەژیانی دێموکراتیکی گەلان و ناوچە جیاوازەکان دابین بکات. سیستەمێکی فیدراڵی سێکولار و دێموکراتیک، نەک هەر زامنی ئازادیی کورد دەکات، بەڵکوو زەمینە بۆ مافی یەکسان بۆ گەلانی دیکەی وەک عەرەب، بەلوچی، تورکمان و... خۆش دەکات.

## گەشەپێدانی یەکسان و کۆتاییهاتنی بێبەشی پێکهاتەیی

ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووبەڕووی ئاستەنگی قووڵی ئابووریی، وەک بێکاریی بەربڵاو، کۆچی نەخوازراو و ژێرخانی گەشەنەکردوو دەبێتەوە. ئەم دۆخە دەرئەنجامی نەبوونی دادپەروەری ئابوورییە، لە دابەشکردنی سەرچاوە نیشتمانییەکان. بنیاتنانەوەی هەرێمە نەتەوەییەکان دەبێت بە پشتبەستن لەسەر بنەمای پلاندانانی ناوچەیی و پشت بە سەرچاوە مرۆیی،


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سروشتی و کولتوورییە نێوخۆییەکان بن. پێویستە گەلی کورد دەسەڵاتی پلاندانان و سەرپەرشتیکردنی پرۆسەی گەشەپێدانی ناوچەکەی خۆی هەبێت؛ نەک تەنها وەرگری ئەو پلانانەی سەپێنراون لە ناوەندەوە.

### زمان و کولتوور و پەروەردە لە چوارچێوەی مافە یەکسانەکاندا

یەکێک لە گرنگترین دەرکەوتەکانی هەڵاواردنی پێکهاتەیی، قەدەغەکردنی خوێندن بە زمانی دایک و سنووردارکردنەکانی کولتوورییە. فیدرالیزمی دێموکراتیک، زەمینە خۆش دەکات بۆ بە فەرمی ناساندنی زمانی کوردی لە دامەزراوە پەروەردەیی، میدیاکان و ئیدارە نێوخۆییەکان. مافی خوێندن بە زمانی دایک، بەرهەمهێنانی ئازادانەی بەرهەمی فەرهەنگی و پشتیوانی لە دامودەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردی، بەشێکی دانەبڕاون لە پرۆژەی دیموکراتیزەکردن. بەبێ ئازادی کولتووری، دیموکراسی هیچ مانایەکی ڕاستەقینەی نابێت.

### هێزی بزوێنەر: کۆمەڵگەی مەدەنی و نەوەی نوێ

ئەو هەنگاوەی دەتوانێت گۆڕانکارییە بنەڕەتی و پێویستەکان لە ئاستی بەڵێنەوە بەرەو کرداری ڕاستەقینە ببات، ڕۆڵی کارای کۆمەڵگەی مەدەنی، ژنان، گەنجان و ڕۆشنبیرانە لە کوردستاندا. ئەم هێزانە سەرمایەی ڕاستەقینەی گۆڕانکارین، کە بە وشیاری، سەقامگیری و ئومێد بۆ گۆڕان، ڕێگە خۆشدەکەن بۆ پێکهێنانی سیستمێکی نوێ. چاکسازییەکان تەنیا کاتێک سەرکەوتوو دەبن کە لە ناو کۆمەڵگەوە سەرهەڵبدەن، نەک لە سەرەوە بەبێ بەشداری گشتی بسەپێنرێن.

### شیکاری و دوا قسە:

دووبارە ئاواکردنەوەی، پێکهاتەی دەسەڵات بۆ ئێرانی نوێ و بووژانەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ بە ئاراستەی گواستنەوە بۆ سیستەمێکی فیدراڵی، دێموکرات و سێکولار دابڕێژرێت؛ سیستەمێک کە گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران، مافی بەڕێوەبردنی سیاسی، فەرهەنگی و ئابووری، لە ناوچەکانی خۆیاندا هەبێت. ئەم گۆڕانکارییانە نەک تەنها دادپەروەری مێژوویی دەگەڕێنێتەوە، بەڵکو ئێران دەگۆڕێت بۆ وڵاتێکی مۆدێرن، سەقامگیر و فرەنەتەوەیی، ڕێگای ڕزگاری ئێران لە ڕێگەی ئەم گۆڕانکارییەوەیە. گۆڕانکارییەک، کە بە هاوبەشی و یەکسانیی نێوان گەلان و کۆتایی هاتنی هەژموونی ناوەندگەراییدا مومکین دەبێت.

١٣ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێویستیی هاوپێوەندیی کوردستان و ئازەربایجان لەم قۆناغە هەستیارەی مێژوودا





**د. قادر وریا**

لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ڕێژیمی تیرۆریست و سەرکوتکەری ئێران، بە تایبەتی دوای کوژرانی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، قەیرانێکی گەورە نەک تەنها ئێران بەڵکوو تەواوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی داگرتووە. لەم دۆخەدا، حیزبە سەرانسەرییەکان، هەروەها حیزبەکانی سەر بە نەتەوەکانی ئێران دەبێت خۆیان بۆ هەموو گۆڕان و

سناریۆییەکی بەردەمیان ئامادە بکەن. لەم نێوەدا، یەکگرتن و هاوکاریی نێوان حیزبە پێشکەوتوو و ئازادیخوازەکان یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجە شۆڕشگێڕانەکانیانە.

حیزبەکانی کوردستان لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە، بەرانبەر ئەم دەسەڵاتە کۆنەپەرستە و یاسا بنەڕەتییەکەی وەستاونەتەوە و "نا"یەکی گەورەیان پێ گوتووە. لە ماوەی نزیکەی پێنج دەیە دوای شۆڕشی ڕەشەمەی ١٣٥٧، بۆ بەدەستهێنانی ئازادی، دیموکراسی و سیستەمێکی ناناوەندی (غیر متمرکز) کە نەک تەنها وەڵامدەرەوەی مافەکانی هاونیشتمانان بێت، بەڵکو دابینکەری مافە نەتەوەییەکانی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێرانیش بێت، خەباتیان کردووە و قوربانیی زۆریان داوە.

حیزبەکانی کوردستان، بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە خەباتیان دژی کۆماری ئیسلامیدا هەردوو شێوازی ئاشتییانە و بەرگریی چەکدارانەیان بەکار هێناوە، بەڵام هەمیشە گرنگیی سەرەکییان بە خەباتی مەدەنی و سیاسی داوە. لە بەرانبەردا حکومەتی ئیسلامی و دامەزراوە سەرکوتکەرەکانی، هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا دەستیان لە هیچ شێوازێکی نامرۆڤانە بۆ دژایەتی لەگەڵ خەبات و تێکۆشانی ئەوان نەپاراستووە، لە بە کۆمەڵکوشتنی خەڵکەوە بگرە تا دەستگیرکردن و لەسێدارەدانیان، لە تیرۆری ڕێبەران، کادرەکان و ئەندامەکانی ئەو حیزبانە هەتا دەگاتە شێواندن و چەواشەکردنی ڕاستییەکانی پێوەندیدار بە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد. بە تایبەتی هەوڵیان داوە لە نێوان دوو نەتەوەی کورد و ئازەربایجانی دووبەرەکی دروست بکەن.

کۆماری ئیسلامی هەمیشە هەوڵی داوە خەباتی حیزبەکانی کوردستان بە "تیرۆریستی" پیشان بدات و بە چاندنی ترس و دڵەڕاوکێ لە نێو تورکەکانی ئازەربایجان ـ کە هەر لە کۆنەوە هاوسێ و هاوخەباتی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران بوون ـ تۆوی بێمتمانەیی بچێنێت. هەوڵیان داوە خەباتی نەتەوەی کورد بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس و ئامادەبوونی پێشمەرگەی کورد لە سەر خاکی باب وباپیران و لە نێو خەڵکی خۆیاندا، وەک مەترسییەک بۆ ئاسایشی تورکەکانی ئازەربایجان نیشان بدەن. ئەمە لە کاتێکدایە کە نەتەوەی کورد و ئازەربایجانی لە درێژایی مێژوودا هەمیشە هاوسێ و هاوخەباتی یەکتر بوون و کارنامەیەکی هاوبەش ولە هێندێک قۆناغدا گەشیان، بە تایبەتی لە سەردەمی دامەزراندنی حکومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان لە ساڵانی ١٣٢٤ - ١٣٢٥ و دوای ئەویشدا هەیە.

لەم قۆناغە هەستیارەدا کە ئێران، بە تایبەتی لە ناوچە گرنگەکانی وەک ئازەربایجان و کوردستان، زیاتر لە هەر کاتێک پێویستی بە یەکگرتن و خەباتی هاوبەشی کورد و ئازەربایجانی هەیە، بە داخەوە هێندێک کەس بەئەنقەست یان لە ڕووی

نەزانی، هەوڵی دروستکردنی بەدگومانی و دووبەرەکی دەدەن و بوونی حیزبەکانی کوردستان وەک مەترسییەک بۆ سەر ئاسایشی ئازەرییەکان نیشان دەدەن. ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە نە تەنیا سوودی هیچ یەک لەم دوو نەتەوەیەی تێدا نییە، بەڵکو لە کۆتاییدا زیانی هەردووکیانی لێدەکەوێتەوە و مەیدان بۆ سوودوەرگرتنی دوژمنانی هاوبەش دەڕەخسێنێت.

بەداخەوە هێندێک ماڵپەڕ و میدیای ئازەربایجانییش بە شێوەی جیاواز هەوڵی پەرەپێدانی ئەم جۆرە بەدگومانی و دووبەرەکیانە دەدەن. پێویستە چالاکوانانی ئازەربایجانی و حیزبە نەتەوەییەکانیان ـ کە زۆربەیان دۆست و هاوپەیمانی حیزبەکانی کوردستان بوون ـ بۆ وەستانەوە هەمبەر ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە دەستپێشخەر بن و بۆ پاراستنی هاوپێوەندیی مێژوویی و بەرژەوەندە هاوبەشەکانی ئەم دوو نەتەوەیە هەنگاو بنێن.

لە وەڵامی ئەو ژمارەیە لە چالاکانی تورک کە بە ڕواڵەت لە ڕووی نیگەرانی و دڵسۆزی بۆ پاراستنی برایەتیی کورد و تورک، وریایی و ئامۆژگار ی بە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان دەدەن،

**بەبیرهێنانەوەی ئەم خاڵانە پێویست و لەجێی خۆیاندان:**

١- نەتەوەی کورد لە ئێران زیاتر لە چوار دەیەیە لە پێناو پاراستنی مافە نەتەوەییە ڕەواکانی خۆی و نەتەوە ژێردەستەکانی دیکەی ئێران، بووە بە پێشەنگی بەرگری و خەبات دژی ڕێژیمی تیرۆریست و دژەمرۆیی کۆماری ئیسلامی و بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی و ئازادیخوازی بەهێزی بەڕێ خستووە. ئەوە کە وڵاتان و هێزە ناوچەیی و جیهانییەکان لە بەرنامە و سیناریۆکانی ئێستای خۆیاندا ناتوانن نکۆڵی لەم ڕاستییە بکەن، بەڵگەی ڕەسەنایەتیی حیزب و ڕێکخراوەکانی نێو ئەم بزووتنەوەیەیە، نەک نیشانەی بەستراوەییان بە هێزی دەرەکی.

٢- بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ئێران، هەرگیز لەگەڵ هیچ دەوڵەتێکی ناوخۆیی یان دەرەکی، دژی تورک و گەلانی دیکەی ئێران هاوپەیمانی نەکردووە و نایکات. بۆیە ئامادەبوونی تێکۆشەری کورد و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شار و ناوچەکانی خۆیان و لەسەر نیشتمانی مێژوویی و باوباپیرانیان، نەک بۆ دراوسێ تورکەکانیان و هیچ یەک لە پێکهاتەکانی سەر ئەو خاکە مەترسیی نییە، بەڵکو مافێکی سروشتی و حاشالێنەکراوی ئەوانە و هاوکات هەنگاوێکیشە بۆ پاراستنی ئاسایشی خەڵک و ڕێگریکردن لە ئاژاوە و ئاڵۆزی و ڕووداوە ناخۆشەکان.

٣- ئەو خاکەی لە دابەشکردنی ئیداریی کارگێڕی ئێراندا ناوی "ئازەربایجانی ڕۆژاوا"ی لێ نراوە، خاکی هاوبەشی هەموو

ئەو گرووپە نەتەوەیی، زمانی، ئایینی و مەزهەبییانەیە کە لە کۆنەوە لەسەری دەژین. هیچ کام لەوان میوان یان بێگانە نین. هەر بیرکردنەوە و ڕوانگەیەک کە لە کورد، تورک، یان دانیشتووانی دیکەی سەر ئەم خاکە وەک میوانی نەخوازراو بڕوانێت، دەبێتە هۆکار و ماکەی ئاڵۆزی و قەیرانی زیانبار.

٤- وەک چالاکوانێکی کورد، بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونە تاڵەکانی ڕابردوو و بەسەرنجدان بە هەبوونی هێندێک دەمارگیری، بێمتمانەیی و تێگەیشتنی چەوت ، داوا لە هەموو چالاکوانانی تورک و کورد دەکەم لە دروستکردنی هەستیاریی بێجێ و ناپێویست، لە ورووژاندنی بەدگومانیی نەژادی و ئەتنیکی خۆ بپارێزن. هیوادارم بە هەوڵی بەرپرسانە و هاوبەش، لە ئێستاوە داهاتوویەکی پڕ لە لێکتێگەیشتن، ڕێزگرتنی دوولایەنە و پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانە بنیات بنێین.

١٤ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دەقی قسەکانی د. ئاسۆ حەسەنزادە لە کۆنفڕانسی سەنای فەڕانسە لەبارەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان



**ئورووپا و فەڕانسە کە لەمێژە لە ئیدارەی دۆسیەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا غایبن، لەپێوەندی لەگەڵ ئێراندا دەبێ چالاک بنەوە**

سوپاس بۆ سەنای فەڕانسە و ئەنستیتۆی کورد لە پاریس بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کۆنفڕانسە کە لە کاتێکی چارەنووسساز بۆ ئێراندا بەڕێوە دەچێ. ئەگەرچی ئەمڕۆ هەموو چاو و زێهنەکان لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامیین، پێویستە بە جیددی بیر لە دوورەدیمەنی سیاسیی پاش شەڕ بکەینەوە. سەرەتا دەمەوێ بە هۆشدارییەک دەست پێ بکەم. لە شۆڕشی ژیناوە گەلانی ئێران خۆیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی یەکلا کردۆتەوە و داوای گۆڕانی سیاسیی بنەڕەتی لە ئێران دەکەن. لەلایەکی دیکەوە هەموو لایەک دەزانن کە درێژەدانی دۆخی مەوجوود چیدیکە نە لەڕووی ئەخلاقییەوە مومکینە (چونکە ڕێژیمی ئێران لەپێناو مانەوەی خۆیدا بە کوشتاری بێوێنەی خەڵک دەستی بۆ گەورەترین جینایەتی مێژووی نوێ برد و کۆمەڵگەی نێودەڵەوتی ناتوانێ چیدیکە چاوپۆشیی لێ بکا)، نە لەڕووی سیاسییشەوە مومکینە (چونکە لەمێژە دەرکەوتووە کە دەیان ساڵ سیاسەتی تێکەڵاو و نایەکگرتوویی ستراتژیکی ڕۆژئاوا لە

مامەڵە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا نە کرانەوەی نێوخۆیی لێ کەوتەوە، نە دەستهەڵگرتنی ڕێژیم لە کردەوەی تێکدەرانە و تێرۆریستی لە ناوچەدا). سەرەڕای خەستی و کاریگەریی گورزی سەربازی لە کۆماری ئیسلامی، هێشتا دوور نییە کە ڕێککەوتنێکی سنووردار بە دۆسیە ئەمنییەکان لەنێوان ئەمریکا و ئەو بەشە لە سەرکردەکانی هێشتا زیندووی کۆماری ئیسلامی کە ڕەنگە حازر بن کاپیتولاسیۆنی ئێران ئیمزا بکەن، لەسەر حیسابی دێموکراسی و مافی گەلانی ئێران بکرێ. پێویستە هەموو لایەک لەوە دڵنیا بن کۆماری ئیسلامی لە هەر سیغەیەکدا بمێنێتەوە، ئەو ڕێژیمە هەر ئەوە دەبێ کە تا ئێستا بووە، واتە سەرکوتکاری خەڵک لە نێوخۆ و مەترسیدار بۆ دنیای دەرەوە. کێشەکە تەنیا کۆماری ئیسلامییەکی خاوەن چەکی ناوکی یان بالیستیک نیە بەڵکوو کۆماری ئیسلامی بە گشتییە.

سەرەڕای شێلگیریی ئەمریکا لە هەڵگرتنی هەنگاوی یەکلاکەرەوە بەدژی مانەوەی کۆماری ئیسلامی، بۆ پێشگیری لە وەها مانەوەیەک، سەنای فەڕانسە شوێنێکی باشە بۆ ئەوەی بڵێم مەسەلەی ئێران نابێ چیدیکە تەنیا کێشەی ئەمریکا و ئیسرائیل بێ، بەڵکوو ئورووپا و فەڕانسە کە لەمێژە لە ئیدارەی دۆسیەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا غایبن، دەبێ لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا چالاک ببنەوە و بۆ ئەوەش پێویستە دژایەتیی سیستماتیک و بە هەموو نرخێک لەگەڵ ستراتژیی ئەمریکا وەلا بنێن. دەزانین کە لەو یەک دوو ڕۆژەدا بریتانیا و فەڕانسە و ئاڵمان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیی ئێران لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە هەنگاویان ناوە، بەڵام ئەمە تەنیا لە گۆشەنیگای ئەمنییەتی هاوپەیمانەکانیان لە ناوچەدا و دڵنیایی گواستنەوەی سەرچاوەکانی وزەیە. لەحاڵێکدا کە پێویستە بۆ مەبەستێکی دیکەش بێ کە بریتییە لە ئازادیی گەلان و دێموکراسی لە ئێران. چونکە هەتا کاتێک لە ئێران حکومەتێک لەسەر کار نەبێ کە لە بەرامبەر خەڵکی خۆیدا بەرپرسیار بێ، ئەو حکومەتە لە بەرامبەر کۆمەڵگەی نێونەتەوەییشدا بەرپرسیارانە ناجوڵێتەوە و بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا بە گشتی و ئورووپا و فەڕانسە بەتایبەتی لە ناوچەدا هەروا لە مەترسیدا دەبن. بۆ ئەوەش پێویستە خەڵک و گەلانی ئێران بخرێنە ناوەندی بیرکردنەوە لە بارەی پرسی ئایندەی ئێران.

لە حاڵەتی دڵخوازی ئێمە کە گۆڕانی ڕێژیمە، نابێ بەوەندە قەناعەت بکرێ کە لە تاران دەسەڵات لە گرووپێکەوە بدرێتە دەست گرووپێکی دیکە، بەڵکوو پێویستە بیر لە نێوەڕۆک و کەیفیەتی ئەو ئاڵوگۆڕە بکرێتەوە. ئێمە وەک کورد لە ئێران ئەو ڕۆژانە هیوایەکی یەکجار گەورەمان بە گۆڕانێک هەیە کە بۆ ئێمە ئازادی و پەیمانێکی نوێی سیاسی لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵاتی لێ بکەوێتەوە، هاوکات لەو نیگەرانییەش غافڵ نین کە مێژوو لە ئێران دووپات بێتەوە و دیکتاتۆرێک جێگای دیکتاتۆرێکی دیکە بگرێتەوە. جەنابی سەناتۆر باسی ڕۆڵی مێژوویی کوردەکان و بەها هاوبەشەکانیان لەگەڵ فەڕانسەی کرد. بەڵێ کوردەکان هاوپەیمانی سروشتیی فەڕانسەن و بنەمای ئەو هاوپەیمانییە کاتی خۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و دوکتور قاسملوو دایانناوە. کوردەکان جیا لەوە کە لە ڕۆژی یەکەمەوە مەیدانداری خەباتی

بەکردەوە بەدژی کۆماری ئیسلامی بوون، گەلێکی دێموکرات، لێبوردە، لایەنگری لائیسیتە و یەکسانیی ژن و پیاو و زۆر بەهای پێشکەوتنخوازی دیکەشن. ئەوان تەنانەت ئەوەندە بەرپرسیارن کە سەرەڕای خواستی بەهێزی نەتەوایەتی و داوای دامەزراندنی قەوارەی سەربەستی خۆیان، لە ڕۆژانی ڕابردوودا هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران چەند جار بە ڕوونی ڕایگەیاندووە کە بەدوای لەبەریەکهەڵوەشانی ئێرانەوە نین.

کەچی لەولاوە دەبینین کە هێشتا لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا ئەلتێرناتیڤێکی هەمەلاگیر کە دان بە مافە پێکهاتە نەتەوەییەکانی ئێراندا بنێ پێک نەهاتووە. لەوەش خراپتر هێندێک بەشی ئەو ئۆپۆزیسیۆنە بە ئاشکرا دژایەتیی خواستە ڕەواکانی کورد دەکەن و تەنانەت ڕەزا پەهلەوی هەر لە ئێستاوە حوکمی داوە کە یەکسەر پاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامی پێویستە ئەرتەشی ئێران خەڵکی کوردستان سەرکوت بکا. با ئەوەش بڵێم کە سەرەڕای ماهییەتی نادێموکراتیکی ئەو تەیفەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و سەرەڕای نزیکایەتیی کورد و فەڕانسە، لە ماوەی ڕابردوودا زۆر لە مێدیاکانی فەڕانسە هەڵمەتێکی پڕۆپاگەندایان بە قازانجی ڕەزا پەهلەوی وەڕێ خستووە. بۆ وڵاتێک واتە فەڕانسە کە یاسا بنەڕەتییەکەی گەڕانەوە بۆ سیستمی پاشایەتی بە فەرمی قەدەغە کردووە، ئەمە بەڕاستی جێگای داخە.

هەر لێرەدا دەمەوێ باسی مەترسییەکی دیکەش بکەم کە لە تێگەیشتنێکی هەڵەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە بەرژەوەندیی سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا سەرچاوە دەگرێ. ئەو تێگەیشتنە هەڵەیە کە دوایین جار لەلایەن تۆم باراکەوە باس کرا و ئاکامەکەیمان لە ڕۆژئاوای کوردستان بەدی کرد، بریتییە لەوە کە لامەرکەزی و بەڕەسمی ناسینی قەوارە نەتەوەییەکان تەنانەت لە چوارچێوەی دەوڵەتانی مەوجووددا سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەخاتە مەترسییەوە. با پێتان بڵێم: بەدیلی لامەرکەزیی ڕاستەقینە و بەڕەسمی ناسینی خواستی نەتەوەکان سەقامگیری نییە بەڵکوو دیکتاتۆری و بگرە فاشیزمە. ئەزموونی مۆدێرن نیشانی داوە کە هەر جارێک کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتیوانیی لە ڕێگاچارە ناوەندگەراکان کردووە، بەو کارەی تەنیا ڕێگای بۆ تەقینەوەی خراپتری کێشەکان لە داهاتوودا خۆش کردووە.

داوای من ئەوەیە کە فەڕانسە پێش هەموو شتێک لە گۆشەنیگای سیاسی و یارمەتیدانی بنیاتنانەوەی دەستووری یارمەتی بە پرۆسەی گواستنەوەی دروستی سیاسی لە ئێران بەتایبەتی لە پێناو جێگیرکردنی ماف و دەسەڵاتی پێکهاتە نەتەوەییەکان بکا. من نازانم بۆچی فەڕانسە حازر بوو بۆ بۆسنی هێرزەگۆڤین و لوبنان و تونس ئەم کارە بکا، بەڵام بۆ ئێران هەر بیریشی لێ ناکاتەوە.

ئەمڕۆ ئێمە لە خاڵی وەرچەرخانێکی مێژوویی بۆ ئێراندابین. ئێرانی پاش شەڕ لەسەر دوو ڕێیانێک ڕادەوەستێ، یان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ڕەشەمەی ٢٧٢٥**

دێموکراسییەکی وەخۆگیر لەسەر بنەمای مافی پێکهاتە نەتەوەییەکانی ئەو وڵاتە، یان سەرلەنوێ داڕشتنەوەی بنیاتی سەرەڕۆیی بە ڕەنگ و ڕوویەکی دیکەوە. کورد نابێ لە بیر و ستراتژیی فەڕانسە لەپێوەندیی لەگەڵ ئێران و ناوچەدا فاکتەرێکی دووەمی و بگۆڕ بێ، بەڵکوو دەبێ کۆڵەکەیەکی بیرکردنەوە و کارکردن لەسەر ستراتژییەکی درێژخایەن بێ. بەبێ کورد لە ئێران دێموکڕاسی وەدی نایە، بەبێ دێموکڕاسییش لە ئێران سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەگەڵ ویش بەرژەوەندییەکانی ئێوە دەستەبەر نابن.

**سوپاستان دەکەم.**

**١٤ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێویستیی فیدرالیزمی دێموکراتیک و دادپەروەری لە ئێرانی فرەنەتەوەدا





**ڕەحیم نزهت زادە**

لە قۆناغێکی گواستنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا کە زۆرێک لە گەلان هەوڵ دەدەن ڕۆڵی خۆیان لە پێکهاتەکانی حکوومەتدا پێناسە بکەنەوە، گەلی کوردیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پشتبەستن بە مێژووی خەبات، وشیاری و ئیرادەی بەکۆمەڵی خۆی، بە دوای جێگەیەکی شایستە لە سیستەمێکی دێموکراتیک، سێکۆلار و فیدراڵی لە ئێرانی داهاتوودا دەگەڕێت.

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیان ساڵە داوای بەدیهێنانی مافە سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی دەکات و بە ڕێبازێکی ئاشتیخوازانە و دێموکراسیانە بەدوای ئەو داخوازییانەدا دەگەڕێت. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەمیشە پێداگریی لەسەر بەشداریی یەکسانی گەلی کوردی، لە پێکهاتەی سیاسی ئێران و گواستنەوە لە سیستەمی ناوەندگەراییەوە بۆ سیستەمی فیدراڵی دێموکراتیک داگرتووە. گۆڕانکارییە سیاسی و فکرییەکان لە کوردستان دەبێت خزمەت بە پێناسەکردنەوەی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و نەتەوەکان بکات؛ پەیوەندییەک کە لەسەر بەڕێوەبردنی سیاسی و کولتووری و ئابووری ناوچەیی بنیات نرابێت.

## ناوەندگەرایی، بەربەستێک لەبەردەم گۆڕانی دیموکراسی

یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی ناڕازیبوون لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چڕبوونەوەی دەسەڵات و سەرچاوەکان لە ناوەند و پشتگوێخستنی جوغرافیا و ژینگەی نەتەوە بندەستەکانە. ئەم دۆخە خەڵکی کوردستانی لە بەشداری ڕاستەقینە لە بڕیاردانی گەورە بێبەش کردووە. تێپەڕین لە ناوەندگەرایی و بەدیهێنانی فیدرالیزمی فرە ئاست، مەرجی پێشوەختە بۆ مانەوە و بەردەوامیی مانادارە لە کوردستاندا. تەنیا بە گواستنەوەی دەسەڵات بۆ دامەزراوە هەڵبژێردراوەکانی ناوخۆ و بەهێزکردنی سەروەریی جەماوەری لەسەر ئاستی هەرێمە نەتەوەییەکانە دەتوانرێت متمانەی لەدەستچوو بنیات بنرێتەوە.

## فیدراڵیزم، زامنی پێکەوەژیانی دادپەروەرانە

فیدرالیزم لە گوتاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، ئامرازێک نییە بۆ دابڕان، بەڵکوو چارەسەرێکە بۆ بەشداری چالاکانەی گەلی کورد لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا. ئەم مۆدێلە بە دانان بە نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران، دەتوانێ بناغەیەکی دادپەروەر و بەردەوام، بۆ پێکەوەژیانی دێموکراتیکی گەلان و ناوچە جیاوازەکان دابین بکات. سیستەمێکی فیدراڵی سێکولار و دێموکراتیک، نەک هەر زامنی ئازادیی کورد دەکات، بەڵکوو زەمینە بۆ مافی یەکسان بۆ گەلانی دیکەی وەک عەرەب، بەلوچی، تورکمان و... خۆش دەکات.

## گەشەپێدانی یەکسان و کۆتاییهاتنی بێبەشی پێکهاتەیی

ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووبەڕووی ئاستەنگی قووڵی ئابووریی، وەک بێکاریی بەربڵاو، کۆچی نەخوازراو و ژێرخانی گەشەنەکردوو دەبێتەوە. ئەم دۆخە دەرئەنجامی نەبوونی دادپەروەری ئابوورییە، لە دابەشکردنی سەرچاوە نیشتمانییەکان. بنیاتنانەوەی هەرێمە نەتەوەییەکان دەبێت بە پشتبەستن لەسەر بنەمای پلاندانانی ناوچەیی و پشت بە سەرچاوە مرۆیی،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سروشتی و کولتوورییە نێوخۆییەکان بن. پێویستە گەلی کورد دەسەڵاتی پلاندانان و سەرپەرشتیکردنی پرۆسەی گەشەپێدانی ناوچەکەی خۆی هەبێت؛ نەک تەنها وەرگری ئەو پلانانەی سەپێنراون لە ناوەندەوە.

## زمان و کولتوور و پەروەردە لە چوارچێوەی مافە یەکسانەکاندا

یەکێک لە گرنگترین دەرکەوتەکانی هەڵاواردنی پێکهاتەیی، قەدەغەکردنی خوێندن بە زمانی دایک و سنووردارکردنەکانی کولتوورییە. فیدرالیزمی دێموکراتیک، زەمینە خۆش دەکات بۆ بە فەرمی ناساندنی زمانی کوردی لە دامەزراوە پەروەردەیی، میدیاکان و ئیدارە نێوخۆییەکان. مافی خوێندن بە زمانی دایک، بەرهەمهێنانی ئازادانەی بەرهەمی فەرهەنگی و پشتیوانی لە دامودەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردی، بەشێکی دانەبڕاون لە پرۆژەی دیموکراتیزەکردن. بەبێ ئازادی کولتووری، دیموکراسی هیچ مانایەکی ڕاستەقینەی نابێت.

## هێزی بزوێنەر: کۆمەڵگەی مەدەنی و نەوەی نوێ

ئەو هەنگاوەی دەتوانێت گۆڕانکارییە بنەڕەتی و پێویستەکان لە ئاستی بەڵێنەوە بەرەو کرداری ڕاستەقینە ببات، ڕۆڵی کارای کۆمەڵگەی مەدەنی، ژنان، گەنجان و ڕۆشنبیرانە لە کوردستاندا. ئەم هێزانە سەرمایەی ڕاستەقینەی گۆڕانکارین، کە بە وشیاری، سەقامگیری و ئومێد بۆ گۆڕان، ڕێگە خۆشدەکەن بۆ پێکهێنانی سیستمێکی نوێ. چاکسازییەکان تەنیا کاتێک سەرکەوتوو دەبن کە لە ناو کۆمەڵگەوە سەرهەڵبدەن، نەک لە سەرەوە بەبێ بەشداری گشتی بسەپێنرێن.

## شیکاری و دوا قسە:

دووبارە ئاواکردنەوەی، پێکهاتەی دەسەڵات بۆ ئێرانی نوێ و بووژانەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ بە ئاراستەی گواستنەوە بۆ سیستەمێکی فیدراڵی، دێموکرات و سێکولار دابڕێژرێت؛ سیستەمێک کە گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران، مافی بەڕێوەبردنی سیاسی، فەرهەنگی و ئابووری، لە ناوچەکانی خۆیاندا هەبێت. ئەم گۆڕانکارییانە نەک تەنها دادپەروەری مێژوویی دەگەڕێنێتەوە، بەڵکو ئێران دەگۆڕێت بۆ وڵاتێکی مۆدێرن، سەقامگیر و فرەنەتەوەیی، ڕێگای ڕزگاری ئێران لە ڕێگەی ئەم گۆڕانکارییەوەیە. گۆڕانکارییەک، کە بە هاوبەشی و یەکسانیی نێوان گەلان و کۆتایی هاتنی هەژموونی ناوەندگەراییدا مومکین دەبێت.

١٤ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێشمەرگە و نیو سەدە بەرەنگاربوونەوەی "تیرۆری دەوڵەتی"





ئاگری باڵەکی

بڕیاری پەرلەمانی ئوورووپا بۆ ناساندنی سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی، تەنیا بڕیارێکی سیاسیی کاتی نییە، بەڵکوو گۆڕانکارییەکی ڕادیکاڵە لە تێڕوانینی جیهان بۆ چەمکی "تیرۆری دەوڵەتی". ئەم بڕیارە لە کاتێکدا دێت ناوچەکە و جیهان لە بەردەم گۆڕانکارییەکی گەورەدان، بەڵام بۆ گەلی کورد و بەتایبەت بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەمە "دانپێدانانێکی پاشوەختە" بە ڕاستییەکی مێژوویییە کە کورد ٤٧ ساڵە هاواری بۆ دەکات. ئەم وتارە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی ئەوەی چۆن پێشمەرگە وەک هێزێکی دێموکراسیخواز، بووەتە یەکەم و تەنیا

هێز لە ناوچەکەدا کە بۆ ماوەی نیو سەدە بەبێ دابڕان و بەبێ چۆکدادان لە بەرانبەر گەورەترین دەزگای تێرۆر لە جیهاندا وەستاوەتەوە.

## پێشمەرگە؛ پێشەنگی بەرەنگاربوونەوەی تێرۆر

لە کاتێکدا جیهانی ڕۆژاوا بۆ ماوەی چەندین دەیە لەسۆنگەی "بەرژەوەندییە دیپلۆماسییەکان" و "ڕێککەوتننامە ئەتۆمییەکان" چاوی لە ڕەفتارەکانی سپای پاسداران دەپۆشی، پێشمەرگە کوردستان باجی قورس دەدا بۆ ئەوەی ڕێگری بکات لە چەسپاندنی ئەو سیستمە سەرکوتکەرەی سپای پاسداران نوێنەرایەتیی دەکات. ئەمڕۆ کە ئورووپا گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی سپای پاسداران سەرچاوەی ناسەقامگیری و تێرۆرە، پێویستە ئەو ڕاستییە مێژوویە تۆمار بکرێت:

**پێشمەرگە هەرگیز یاخی نەبووە، بەڵکوو قەڵغانی بەرگری بووە لە بەرانبەر تێرۆرێک کە ئێستا سنوورەکانی بڕیوە و گەیشتووەتە نێو جەرگەی ئورووپا.**

شەڕی پێشمەرگە و سپای پاسداران تەنیا شەڕی دوو هێزی سەربازی نەبووە، بەڵکوو شەڕی دوو عەقڵییەت بووە. لە ساڵی ١٣٥٧دا، کاتێک خەڵکی کوردستان داوای دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی دەکرد، خومەینی لە ڕێگەی فەرمانی "جیهاد" و دامەزراندنی سپای پاسدارانەوە، وەڵامی ئەو داخوازییانەی دایەوە. لەو کاتەوە، پێشمەرگەی کوردستان (بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) تێگەیشت کە ئەم سپایە نەک هەر بۆ سەرکوتکردنی کورد، بەڵکوو وەک ئامرازێک بۆ هەناردەکردنی شۆڕش و تێرۆر بۆ هەموو جیهان دامەزراوە. پێشمەرگە لەو سەردەمەدا بە تەنیا لە شاخەکاندا دەجەنگا، لە کاتێکدا جیهانی دەرەوە سپای پاسدارانی وەک "هێزێکی شۆڕشگێڕی نوێ" دەبینی. ئەمڕۆ، دوای ٤٧ ساڵ، کاتێک ئورووپا دەڵێت ئەم سپایە تێرۆریستە، لە ڕاستیدا پەسندی ئەو تێڕوانینە دەکات کە پێشمەرگە نیو سەدە لەمەوبەر هەیبوو. ئەمە سەلمێنەری ئەوەیە کورد پێشەنگی ناسینی تێرۆر بووە لە ناوچەکەدا.

## سپای پاسداران؛ تێرۆری بێ سنوور

یەکێک لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە وای کرد ئورووپا ئەم بڕیارە بدات، تێوەگلانی سپای پاسداران بوو لە تێرۆری نێودەوڵەتیدا. بەڵام کێ قوربانیی یەکەمی ئەم تێرۆرە بوو؟ مێژوو شایەتە کە سەرکردە مەزنەکانی کورد وەک د.عەبدولڕەحمان قاسملوو لە ڤییەن و د. سادق شەرەفکەندی لە بەرلین، دوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات و دوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێبەری گەورەی بزووتنەوەی کورد بوونە قوربانیی تیرۆری ڕاستەوخۆی ئەم دەزگایە. سپای پاسداران تیرۆری گواستەوە بۆ نێو جەرگەی ئورووپا، لە کاتێکدا پێشمەرگە لە نێوخۆی کوردستان ئەرکی گرینگی پاراستنی کەرامەتی مرۆڤی کەوتبووە ئەستۆ.

ئەمڕۆ کە سپای پاسداران دەچێتە نێو لیستی تیرۆرەوە، پێویستە جیهان بزانێت پێشمەرگە نەک هەر لە مەیدانی جەنگدا، بەڵکوو لە مەیدانی دیپلۆماسیشدا قوربانیی ئەم تیرۆرە بووە. ئەم بڕیارە نوێیە شەرعییەت دەداتەوە بەو خەباتەی دەیان ساڵە لەژێر ناوی "یاخیبوون" یان "شەڕی نێوخۆ" نێو دەبرا، بەڵام لە ڕاستیدا "بەرگرییەکی ڕەوا بوو لە بەرانبەر تیرۆریزم."

## پێشمەرگە وەک پارێزەری بەها دێموکراتییەکان

پێویستە لێرەدا پرسیارێک بکەین: بۆچی پێشمەرگە لە بەرانبەر ئەو هەموو گوشارەدا چۆکی دانەدا؟ سپای پاسداران لە ڕێگەی تیرۆر، لەسێدارەدان، بۆردومانی مووشەکی و درۆنی، و گوشار خستنە سەر حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان، هەوڵی داوە پێشمەرگە بێدەنگ بکات. بەڵام پێشمەرگە تەنیا وەک هێزێکی چەکدار نەمایەوە، بەڵکوو بووە سیمبۆلێکی سیاسی. لە کاتێکدا سپای پاسداران خەریکی دروستکردنی گرووپە میلیشیاکان بوو بۆ تێکدانی سەقامگیری ناوچەکە (لە عێراق، سووریە، لوبنان و یەمەن)، پێشمەرگە هەمیشە وەک هێزێکی ڕێکخراو، پابەند بە یاسا نێودەوڵەتییەکان و پارێزەری پێکەوەژیان مایەوە. ئەمە ئەو جیاوازییە گەورەیە بوو کە وای کرد ئەمڕۆ پێگەی پێشمەرگە وەک "هاوبەشی دژە تیرۆر" و پێگەی سپای پاسداران وەک "تیرۆریست" بناسرێت.

**لە ئێستاشدا ئەم بڕیارەی ئورووپا ئەرکێکی قورسیش دەخاتە سەر شانی کورد.**

**پێویستە بزووتنەوەی سیاسی کورد و هێزی پێشمەرگە ئەم دەرفەتە بقۆزنەوە بۆ:**

**١- بەنێودەوڵەتیکردنی دۆسیە یاساییەکان:** چیتر نابێت تیرۆری ڕێبەران و بۆردومانی بارەگاکانی پێشمەرگە وەک کێشەی نێوان حیزبێک و دەوڵەتێک ببینرێت، بەڵکوو دەبێت وەک تاوانێکی تیرۆریستی نێودەوڵەتی لە دادگاکاندا بجوڵێنرێت.

**٢- داوای پشتگیریی لۆجستیک:** کاتێک پێشمەرگە دژی "ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی ناسراو" شەڕ دەکات، مافی خۆیەتی داوای پاراستنی نێودەوڵەتی و سیستەمی بەرگری بکات بۆ بنکە و بارەگاکانی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رەشەمەی ٢٧٢٥

٣- یەکخستنی گوتاری سیاسی: پێویستە کورد بە جیهان بڵێت کە تەنیا هێزێک کە توانای هەیە لەسەر زەوی هاوسەنگیی هێز لە بەرانبەر تیرۆری سپای پاسداران ڕابگرێت، پێشمەرگەیە.

## دەرەنجامی ستراتیژی و بەرەو ئاسۆیەکی نوێ

ئەو ٤٧ ساڵەی پێشمەرگە لە بەرانبەر سپای پاسداران وەستایەوە، مێژوویەکی پڕە لە داستان و قوربانیدان. ئەمڕۆ کە سپای پاسداران دەخرێتە گۆشەگیرییەکی نێودەوڵەتییەوە، دەردەکەوێت کە ڕوانگەی سیاسیی کورد بۆ ناوچەکە ڕاستتر بووە لە ڕوانگەی زۆرێک لە دەوڵەتە زلهێزەکان.

پێشمەرگە نیشانی دا هەڕەشەی تیرۆر تەنیا لە گرووپێکی بچووکی وەک "ئەلقاعیدە" یان "داعش"دا کورت ناکرێتەوە، بەڵکوو مەترسیدارترین جۆری تیرۆر ئەوەیە دەوڵەتێک و سپایەکی فەرمی لە پشتی بێت. خۆڕاگریی پێشمەرگە لە بەرانبەر ئەم دەزگا گەورەیە، نەک هەر جێگەی شانازییە بۆ کورد، بەڵکوو وانەیەکە بۆ هەموو ئەو گەلانەی کە دەیانەوێت لە پێناو ئازادی و دێموکراسیدا بجەنگن.

بڕیاری ئورووپا سەرەتای کۆتاییە بۆ ئەو شەرعییەتە ساختەیەی سپای پاسداران هەیبوو. لە بەرانبەردا، ئەمە سەرەتای سەردەمێکی نوێیە بۆ ناساندنی پێشمەرگە وەک "قەڵغانی ئاشتی و دێموکراسی". ٤٧ ساڵ خۆڕاگری بێ چۆکدادان، ئەمڕۆ بەرهەمەکەی دەبینرێت؛ جیهان گەیشتە ئەو شوێنەی کورد نیو سەدە پێش ئێستا لێی بوو. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەک تەنیا بە بڕیاری سەر کاغەز، بەڵکوو بە کردەیی پشتیوانی لەو هێزە (پێشمەرگە) بکات کە ٤٧ ساڵە بە تەنیا و بەبێ چۆکدادان، بەرگری لە شکۆ و ئازادی کردووە؛ پێشمەرگە کە لە تاریکترین ڕۆژەکاندا مەشخەڵی دژایەتی تیرۆری بە بەرزی ڕاگرت. پێشمەرگە سەلماندی کە "حەق و ڕەوایی" لە کۆتاییدا بەسەر "زەبر و زەنگ"دا سەردەکەوێت.

١٤ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥

## ئاهەنگی سەرکەوتن بە کاتی داڕمان!





**ڕەزا دانشجوو**

کۆماری ئیسلامی لە کاتێدا ساڵیادی شەرمەزارانەی دامەزراندنی خۆی جێژن گرتەوە کە تەنانەت بەکرێگیراوان و لایەنگرانی کەللەڕەقی ئەم ڕێژیمەش لە هەموو کەس باشتر دەزانن کە ئەم بارە خوار و لارە هەرگیز بە سەلامەت ناگاتە شوێنی مەبەست! چیرۆکی ڕووخان و داڕمانی کۆماری ئیسلامی لە مێژە پێی ناوەتە قۆناغی کۆتایی خۆیەوە و بەپێی هەموو شیکارییە نێوخۆیی و دەرەکییەکان مەحاڵە کۆماری ئیسلامی لەم دۆخە نالەبارە دەرباز بێت. ئێستا تەنانەت لایەنگرانی

سەرسەختی کۆماری ئیسلامییش لە وتارەکانیاندا وریایی خۆیان نیشان دەدەن و هێواش هێواش و بە بەردەوامی خۆیان لە نیزامی ویلایەتی فەقیھ دوور دەخەنەوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێستا لە سووچی گۆڕەپانی شەڕدا، ماندوو و بێدەسەڵات و ناتوانا لە بەردەوامبوون، چاوەڕێی دوایین زەبر و لێدانی لایەنی بەرامبەرە؛ دۆڕان و کۆتاییەکی لەناکاو! ڕاستییەکە ئەوەیە کۆماری ئیسلامی چ لە ئاستی نێوخۆ و چ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا هەرگیز ئەوەندە تەنیا و بێکەس نەبووە. سەرکوتکردنی خوێناویی ناڕەزایەتییەکانی مانگی بەفرانبار نیشانی دا کۆماری ئیسلامی ئیتر هیچ هیوا و بڕوایەکی بە وتوویژ و ئاشتەوایی لەگەڵ کۆمەڵگەی ناڕازیی ئێران نەماوە و دووانەی خەڵک و دەسەڵات هێندە لە یەکتر دوور کەوتوونەتەوە هیچ شتێک ناتوانێت کەلێنی نێوانیان پڕبکاتەوە و یەکیان بخاتەوە. ئێستا خەڵکی ئێران کۆماری ئیسلامی بە گەورەترین دوژمنی خۆیان دەزانن و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش خەڵکی وڵای بە گەورەترین بەربەست لە بەردەم درێژەی ژیانی سیاسیی خۆیدا دەزانێت. توندوتیژیی ڕەها و کوشتن و کۆکوژی بێسنووری حوکمڕانانی تاران لە ڕووداوەکانی مانگی ڕابردوودا دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە ڕێژیم بە شێوەیەکی سەیر تووشی شۆک و بێمتمانەیی بووە و زۆر دەترسێت و پێی وایە تاکە ڕێگە بۆ مانەوەی لە دەسەڵات دروستکردنی ترس و تۆقاندن و تیرۆرە. بەڵام ڕێبەرانی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیھ لە هەمان کاتدا ئەوەش باش دەزانن ئەم شێوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵک کاتییە و ناتوانێت درێژخایەن بێت و ڕۆژێک ئەم کوانە چڵکاوییە لە شوێنێکی تر سەرهەڵدەداتەوە!

لە گۆڕەپانی ناوچەیی و دەرەکیدا بارودۆخی کۆماری ئیسلامی زۆر خراپترە. ساڵانێک سەرمایەگوزاری لە لایەن ڕێژیم و دروستکردنی دەیان گرووپی بە وەکالەت، ئێستا حاکمەکانی تارانی خستووەتە نێو زەلکاوێکەوە مەحاڵە بە ئاسانی لێی دەربچن. لەنێوچوونی بەشێکی زۆر لە تواناییەکانی حیزبوڵڵا و حەماس لە ڕووبەڕووبوونەوە و شەڕکردن توانای کۆماری ئیسلامیی بۆ دروستکردن و گواستنەوەی قەیران بۆ دەرەوەی سنوورەکانی کۆماری ئیسلامی لە کاتی پێویستدا بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەم کردووەتەوە و دەتوانرێت بگوترێت ئێستا توانای ڕێژیم بۆ قەیرانسازی و هەناردەکردنی بۆ سنوری دەوڵەتانی نەیاری ڕێژیم نزیکەی سفرە! گوشاری ئێستای ئەمریکا بۆ سەر عێراق و هێزەکانی بەوەکالەتی ڕێژیم لەو وڵاتەش گەیشتووەتە خاڵێکی زۆر مەترسیدار بۆ مانەوەی ئەو هێزانە. هەر ئەوەش بوو بە هۆکار کە بەشێکی سەرەکی لە هێزە نیابەتییەکانی ڕێژیم لە عێراق لە دوایین کاردانەوەی خۆیاندا ڕایانگەیاندووە لە ئەگەری شەڕی نێوان ئەمریکا و کۆماری ئیسلامیدا بێلایەن دەمێننەوە. ئەمە لوتکەی نائومێدی و بێدەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە! کێیە نەزانێت بڕیاردەری سەرەکی بۆ حیزبوڵڵا و نیابەتییەکانی دیکەی ڕێژیم لە وڵاتی ناوچە و تەنانەت تا ڕادەیەکی زۆریش حەماس کۆماری ئیسلامیە؟ بۆیە ڕوونە کە قسەکانی سەرکردەکانی میلیشیاکانی سەر بە ڕێژیم لە عێراقیش دڤاودەق دووپاتەی قسەکانی دەسەڵاتدارانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆماری ئیسلامین.

لێدوانانەکانی چەند ڕۆژ لەمەوبەر لەلایەن عەلی لاریجانی، سکرتێری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ڕێژیم و عەباس عەراقچی وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی کە سەرەڕای هەڕەشەکانی بەردەوامی ئەمریکا باس لە پێشکەوتن لە دانوستانەکاندا دەکەن، بەشێکی دیکەی ئەم بێدەسەڵاتییەن. بە ڕوونی دەتوانین بڵێین ڕێژیمی ویلایەتی فەقیه بە شێوەیەکی سەیر و سەرسووڕهێنەر خەریکی پاشەکشە و پاشگەزبوونەوە لە تاقمێک درووشم و نۆڕمی بنەمایە کە ساڵیانێکە بە ناو بەها و بایەخە گرنگەکانی شۆڕشی ئیسلامی دەرخواردی خەڵکی ئێران بە گشتی و لایەنگرانیان بە تایبەت دەدات. ئێستا بەکرێگیراوانی ڕێژیم و هێزەکانی بە وەکالەت کە جاران لە بارودۆخی هاوشێوەدا ڕۆڵی گیانفیدا و زەربەگیریان بۆ کۆماری ئیسلامی دەگێڕا، ئێستا خۆیان خزاندۆتە گۆشەیەک و لانیکەم لە ڕواڵەتدا ناچار بوون بێلایەنی ڕابگەیەنن.

لە هەلومەرجی ئێستادا کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدات سەرەتا هەڕەشەی هێرشی ئەمریکا و ئیسرائیل بە هەر نرخێک بێت لە خۆی دوور بخاتەوە و دواتر چارەسەرێک بۆ دۆخی پشێوی نێوخۆیی بدۆزێتەوە. سەرەڕای دروشمدان و پڕۆپاگەندەی بەردەوامی ڕێژیم، دڵخۆشکردن بە دانوستان و هەڵوێستی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بە ڕوونی نیشان دەدات کە ئەوان بە نەرمی نواندن و ئیمتیازدانێکی بێوێنە بە لایەنی بەرامبەر خەریکی دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ دەربازبوون لەم دۆخە و لە ڕاستییدا کات کرینن. ڕاستییەکە ئەوەیە تەنانەت خراپترین ڕێککەوتنی مومکین لە بارودۆخی ئێستادا بە دەستکەوتێکی گەورە بۆ کۆماری ئیسلامیی ڕووخاو دادەنرێت. لە گۆڕەپانی نێوخۆدا کۆماری ئیسلامی لە یەک کاتدا دوو سیناریۆی جیاواز بەرەوپێش دەبات، کارتێکی دووانە کە ساڵانێکە ڕێژیم یاریی پێ دەکات؛ لە لایەک سەرکوتکردنی دڕندانە و دروستکردنی کەشێکی ترس و تیرۆر بۆ تۆقاندنی خەڵک و نەیارانی، لە هەمان کاتدا دوورخستنەوەی چینە دوودڵ و بێدەنگەکانی کۆمەڵگە و ڕێگریکردن لە پێوەستبوونیان بە نەیارانی ڕێژیم بە سەرقاڵکردنیان بە گفتوگۆی پەراوێزخراو و پشتگوێخستنی کاتی هەندێک یاسای توندی ناسیاسی وەک باسی حیجابی زۆرەملێ و هەستیارکردنی کەشوهەوای کۆمەڵایەتی بۆ بەلاڕێدابردنی ئاراستەی ڕووداوەکان!

بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە هیچ کام لەم ڕێوشوێنانە ناتوانن گەرەنتی داهاتووی نادیاری کۆماری ئیسلامی بکەن. لە گۆڕەپانی دەرەوەدا چاوخشاندنێکی کورت بە کارنامەی دۆناڵد ترامپ وەک سەرۆک کۆماری وەڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا و شێوەی هەڵسوکەوتکردنی بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی دەرخەری ئەوپەڕی بێمتمانەییە. کشانەوەی ترامپ لە ڕێککەوتنامەی نێوان کۆماری ئیسلامی و پێنج کۆ یەک ناسراو بە بەرجام لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتیدا و هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ڕێژیم لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ڕەشەمەی ٢٧٢٥**

لوتکەی دانوستانەکانی نێوان ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ڕابردوودا نیشان دەدات کە تەنانەت لە ئەگەری هەر ڕێککەوتنێکیشدا هیچ گەرەنتییەک بۆ جێبەجێکردنی و ئەوەی ئەمریکا هێرش نەکاتە سەر ئێران نییە. جگە لەوەش ئیسرائیل وەک یاریزانی سەرەکیی ناوچەکە لەم ڕۆژانەدا نیشانی داوە کە هەرگیز نایەوێت ئایندە و ئاسایش و سەقامگیریی وڵاتەکەی بەستراو و گرێدراوی تاقمێک ڕێکەوتنامەی ناڕوون و نادیار بێت و دەیەوێت ڕێوشوێنی پێشوەختە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی بگرێتەبەر و ئامادەی هەر ڕووداوێکی نەخوازراو بێت.

لە گۆڕەپانی نێوخۆییدا، چاوخشاندنێکی کورت بە پێشهاتەکانی چەند ساڵی ڕابردوو بە ڕوونی دەریدەخات کە، یەکەم؛ ماوەی نێوان ناڕەزایەتییەکان بە شێوەیەکی ئاشکراو و ڕوون کورتتر و کورتتر بووەتەوە. دووەم؛ ماوەی بەردوامی ناڕەزایەتییەکان و لەسەرشەقام بوونی نەیاران ڕێژیم لە هەر قۆناغێکدا بە بەراورد بە قۆناغی پێشووتر زیادی کردووە و لە کۆتاییدا ڕادەی بەشداربووانی ناڕەزایەتییەکان و فرەچەشنیان لە هەر قۆناغێکدا بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. بەشێوەیەکی گشتی دوای هەر ناڕەزایەتییەک، ناڕەزایەتییەکی بەرفراوانتر و گەورەتر ڕوویداوە، هاوکات بەدواداچوونەوە بۆ پرۆسەی ئەو ناڕەزایەتیانە دەریدەخات کە هەرکام لە ناڕەزایەتییەکان زۆر ڕادیکاڵتر و شۆڕشگێڕانەتر بوون بەراورد بە ڕووداوی پێشووتر. ئەم پرۆسەیە کۆماری ئیسلامی لە ئەگەری گرتنەبەری هەرچەشنە دەستپێشخەرییەک بۆ پێشبینیکردنی بارودۆخی داهاتوو بێبەش دەکات.

بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت بگوترێت، بەدواداچوون و لێکدانەوەی بۆ پێشهاتەکانی ساڵانی ڕابردوو، چ لە ئاستی نێوخۆ و چ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، ئەوە دەردەخات کە قەیران و ئاژاوە بوونەتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی سیاسی کۆماری ئیسلامی. قەیران و ئاژاوە ئێستا وەک خانە شێرپەنجەییەکان سەراسەر جەستەی نەزار و لاوازی ڕێژیمیان داگرتووە. ئەم شێرپەنجە کوشندە و ڕووخێنەرە هیچ هێزێکی بۆ ڕێژیمی لە حاڵ گیانەڵڵای کۆماری ئیسلامی نەهێشتۆتەوە. ئێستا تەنانەت کوشتنی چەند هەزار کەسی و پاشەکشەکردن و پاشگەزبوونەوە لە دروشم و ئایدیالی پووچ و خەیاڵی ناتوانێت دەسەڵاتی نوقمبوو لە قەیران و ئاژاوە ڕزگار بکات. شێرپەنجە گەیشتووە قۆناغی کوتایی! ئێستا نۆرەی دارمان و لەکارخستنی ئەندامەکانە، یەک لە دوای یەک!

بڕینەوە و دوورخستنەوەی ئەندامە تووشبووەکان تاکە چارەسەرە! مردنێکی پڕ لە ئازار چاوەڕێی کۆماری ئیسلامی دەکات!

**١٤ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کاتێک جیهان گەیشتە ڕاستییەکەی کورد

## هەگبەی شاخ و شۆڕش (مستەفا جەوان)

"من ئێستە لێواری بەڵێنم،
خۆرێکی ڕووناکتر لە کەلی شانمەوە دێتە دەر"



**برایم چووکەڵی**

گەلی قارەمان و تێکۆشەری کورد بە درێژایی مێژوو بۆ ڕزگاری لەژێردەستی و چەوسانەوە خەبات و بەربەرەکانی کردوە. ڕۆڵە بەشەرەفەکانی گەلی کورد لە هیچ چەشنە فیداکارییەک و گیانبازییەک درێغییان نەکردوە، بۆیە چیا و پێدەشتەکانی نیشتمانی ئێمە بە خوێنی شەهیدە سەربەرزەکانی ڕەنگین بووە. دار و دەوەنی ئەم نیشتمانە بە خوێنی گیانبازان و فیداکارانی ڕێگەی ڕزگاری و سەربەرزی پاراو کراوە و کاروانی لەپسان نەهاتووی شەهیدان بێپسایەوە ڕۆژبەڕۆژ لە ڕێگادا بووە و هەروا درێژەی هەیە. ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی گەلی کورد بە بەخشینی گیانی پاکیان، بوون و مەوجوودییەتی گەلەکەیان سەلماندووە. یەکێک لەو تێکۆشەرە هەڵکەوتووانەی نەتەوەکەمان کە گیانی پاکی خۆی لە ڕێگای دێموکراسی و ئازادیدا دانا و لاپەڕەیەکی زێڕینی دیکەی لە فیداکاری و قارەمانێتیی پێشمەرگە خەباتکارەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## ڕەشەمەی ٢٧٢٥

### زیاد کرد؛ فەرماندەی قارەمان شەهید مستەفا خاتمی، ناسراو بە "مستەفا جەوان"ە

شەهید مستەفا ساڵی ١٣٢٢ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لە گوندی ئاڵیاوێی شێخان، سەر بە ناوچەی نەغەدە لەدایک بوو. چاوکردنەوەی مستەفا خۆشحاڵیی خستە نێو بنەماڵەوە. بەرەبەرە لە ئامێزی گەرمی دایکی دڵسۆزی و سێبەری باوکی خۆشەویستیدا گەورە بوو. لە تەمەنی ٧ ساڵیدا ڕەوانەی قوتابخانە کرا و تا پۆلی ٥ی سەرەتایی خوێندی و هاوینانیش یارمەتیی باوکی دەدا. ئەو هەرچەند زۆر منداڵ بوو، بەڵام شانی دایە بەر کار و کاسبی بۆ ئەوەی ژیانی بنەماڵەکەی کەمێک بەرەو باشتر بڕوات. پاشان ماڵیان بەرەو گوندی دێشەمس لە ناوچەی نەڵۆسی شنۆ گوێزرایەوە و دوای چەند ساڵ مانەوە لەوێ ڕوویان لە گوندی قەڵاتان لە ناوچەی نەغەدە کرد.

مستەفا بەرەبەرە هەڵی دا و بەتەواوی دەورووبەری خۆی ناسی و هەستی بە بەشخوراوی و چەوسانەوە کرد. ئەو دەیزانی کە چۆن کۆنەپەرستان زوڵم و زۆریان لە گەلی چەوساوە و ژێردەستەی کورد کردوە، هەر بۆیەش ڕووی کرد کوردستانی گەرمێن و ماوەی ١٠ ساڵ لە باشووری کوردستان پێشمەرگایەتیی کرد و زۆر ئازایەتی و قارەمانێتیی لە خۆی نیشان دا. لە هەمان کاتیشدا پەیوەندیی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان هەبوو، و ئەرکە پێئەسپێردراوەکانی بە دڵ و گیان بەڕێوە دەبرد و ئەندامێکی دڵسۆزی حیزبی دێموکرات بوو. مستەفا هەمیشە هەوڵی دەدا زیاتر فێر بێت و پلەی زانیاریی خۆی بەرێتە سەر، هەر بۆیەش لە ماوەی ئەم ١٠ ساڵەدا دەرسی کوردیی خوێندبوو و زۆر شت فێر بوو.

مستەفا ساڵی ١٣٥٤ گەڕایەوە کوردستانی ئێران و ڕێژیمی پاشایەتی، مستەفا جەوانی بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ حیزبی دێموکرات بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێک خستە زیندانەوە و ئازار و ئەزییەتی زۆر درا. بەڵام مستەفای قارەمان بەچۆکدا نەهات و وەی بەرزی کز نەبوو، بەڵکوو بەئیمانتر و سوورتر لەسەر باوەڕی مایەوە. پاشان کە ئازاد کرا هەتا ساڵی ١٣٥٧ لە کوورەخانە دەستی بە کرێکاری کرد. بە دەستپێکردنی خۆپێشاندان دژی ڕێژیمی پاشایەتی، مستەفا شانی وەبەر نا؛ ئەو زۆر لەمێژ بوو بە ئاواتی ڕۆژێکی ئاوا بوو، هەر بۆیەش بەشداریی چالاکانەی کرد و خەڵکی بە دژی ڕێژیمی شا هان دەدا.
پاش شۆڕشی پڕشکۆی گەلانی ئێران و ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئیسلامی کە دەستیان بەسەر دەستکەوتەکانی خەڵکی ئێراندا گرت، حیزبی دێموکراتی کوردستان خەباتی ئاشکرای خۆی لە سەرتاسەری کوردستان ڕاگەیاند. بەڵام زۆری نەکێشا کە ئاخوندەکان جیهادیان دژی خەڵکی کوردستان ڕاگەیاند و هێرشی بەبڵاویان هێنایە سەر خەڵکی کوردستان و دەستیان بە کوشتنی خەڵک و ئاگرتێبەردانی چەندین گوند کرد و بەبوونە قەڵاچۆکردنی خەڵک. مستەفا جەوان دەستی دایە چەک بۆ بەرگری لە خاک و نیشتمان و لە هێزی شەهید سمکۆی ئەو کاتدا سازمان درا. بە ئاکار و کردەوەی جوان زۆر زوو هەستی خۆشەویستیی هاوڕێیانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و ئەوپەڕی ئازایەتی و لەخۆبوردوویی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ڕەشەمەی ٢٧٢٥**

لە خۆی نیشان دا. بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەی تێیدا بوو، بە فەرماندەی لکێک لە پێشمەرگەکانی هێزی شەهید سمکۆ دیاری کرا.

شەهید مستەفا جەوان لە شەڕی داسەپاوی نەغەدەدا ئەوپەڕی ئازایەتی و قارەمانێتیی لە خۆی نیشان دا. لەژێر فەرماندەیی مستەفای تێکۆشەر و قارەماندا، پێشمەرگەکانی ئەو لکە زۆر زەبری گورچکبڕیان لە هێزی دوژمن دا و چەندین عەمەلیاتیان لە دژی داگیرکەران و پەلاماردەران بەڕێوە برد و لە زۆر شەڕی گەورە و بچووکی ساڵی ١٣٥٨دا بەشداریی چالاکانەی کرد.

شەهید مستەفا بۆ بەڕێوەبردنی عەمەلیات لە دژی خوێنمژانی کۆماری ئیسلامی، ئێوارەی ڕۆژی ١٢ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٨ لە نزیک پاسگای "دووئاوان" هەڵکەوتوو لەسەر ڕێگای نەغەدە بۆ پیرانشار، وێڕای پێشمەرگەکانی لکەکەی کەمینێکیان دانایەوە. لە ئەنجامدا چەند ئۆتۆمبێلێکی پڕ لە چەکداری ڕێژیم کەوتنە کەمینی ڕۆڵەکانی دێموکراتەوە و ژمارەیەکی بەرچاویان لێ کوژرا و بریندار بوون و چەک و چۆڵێکی بەرچاویش بە دەستکەوت گیرا. لەو شەڕەدا بەداخەوە مستەفا جەوانی شۆڕشگێڕ و فەرماندەی لک، لەگەڵ هاوسەنگەرێکی بەناوی ڕەحمان میکایلی شەهید کران و خوێنیان تێکەڵ بە خوێنی شەهیدانی لەپسان نەهاتووی سوورخەڵاتی نەتەوەکەیان بوو.

**١٤ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥**

---



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پرۆژە یاسایەک بۆ سەرەوبنکردنەوەی بەشێکی بەرچاوی لایەنگرانی دیکتاتۆرییەت

**دارسمە**

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی مێژووی مرۆڤایەتی و تۆزێک بە وردی لەو تیۆرییە "داروینیئ" و "مارۆینی"یانە ڕابمێنین کە باس لە ڕەچەڵەکی ئێمە دەکەن، دەگەینە دەرەنجامێکی سەرنجڕاکێش. زانست پێمان دەڵێت باپیرە گەورەکانمان، جا چ ئەوانەی لە ئەشکەوتی شانەدەر ئێسک و پروسکیان دۆزراوەتەوە و چ ئەوانەی لە شوێنانی دیکە بوون، بەو ڕێک و پێکییەی ئێستا نەبوون. وادیارە مرۆڤ میلیۆنان ساڵی ویستووە تا فێر بێت لەسەر "چوارپێ" نەڕوات و وردە وردە، بە ئازار و مەینەتییەکی زۆرەوە، پشتی ڕاست کردووەتەوە و لەسەر "دوو پێ" وەستاوە. ئەم ڕاستبوونەوەیە تەنیا بۆ ئەوە نەبووە بالای بەرزتر دەربکەوێت، بەڵکوو حیکمەتێکی فسیۆلۆژی و ئەخلاقیی تێدا بووە: جیاکردنەوەی "سەر" لە "ژێر"؛ واتە بەرزکردنەوەی ئاستی دەم و چاو بۆ ئاسۆیەکی بەرزتر و دوورخستنەوەی لەو بەشەی خوارەوە کە ئەرکەکەی دیارە.

با ئەم پێشەکییە زانستییە لێرەدا ڕاگرین و باز بدەین بۆ سەر تێڕامانێک لە ئامێرەکان؛ بۆ نموونە سەماوەر، ترمۆس، یان تەنانەت تەنکیی ئاو. خوێنەری زیرەک ڕەنگە بپرسێت: "ئەرێ کاکە، پەیوەندیی نێوان داروین و سەماوەر چییە؟" وەک

دراوسێ فارسەکانمان دەڵێن: داروین و "کوجا مەرحەبا؟". بەڵام پەلە مەکەن، پەیوەندییەکە زۆر لەوە بەهێزترە بیری لێ دەکەنەوە. هەموو ئەم ئامێرانە، هاوشێوەی مرۆڤ، خاوەنی ورودی و خرووجین؛ یانی سەرێک بۆ تێکردن و ژێرێک بۆ دەرچوون. لە ئەندازیاریی دروستکردنی سەماوەر و مرۆڤیشدا، ئەم یاسایە پارێزراوە: ئەوەی پاکە و دەچێتە ژوورەوە لە سەرەوەیە، ئەوەشی پاشەڕۆیە و دەبێت فڕێ بدرێت، دەکەوێتە خوارەوە.

لای مرۆڤ، "دەم" تەنیا دەرچەیەک نییە بۆ خواردن، بەڵکوو سیمبولی جوانی و پێگەیشتنە. مرۆڤەکان، بەتایبەت خانمان، پارەیەکی خەیاڵی دەدەن بە "فیلەر" و بۆیە (ڕەنگ) و جوانکاری بۆ ئەوەی ئەم ئەندامەی سەرەوەیان (دەم) جوانترین دیمەنی هەبێت. دەم شوێنی دەرچوونی وشەی جوان، گۆرانی، شیعری ناسک، ماچ و دەربڕینی خۆشەویستییە. لە بەرانبەردا، ئەو شوێنەی دیکە کە دەکەوێتە خوارەوەی پشتێن، هەمیشە داپۆشراوە و مرۆڤ بە شەرمەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکات و تەنیا بۆ "فڕێدان" بەکاری دەهێنێت. تا ئێرە هەموو شتێک سروشتییە و ئەو ملیۆنان ساڵەی پێگەیشتن واتە تکامول بەفیڕۆ نەچووە.

بەڵام، کارەساتەکە کاتێک ڕوو دەدات کە کۆمەڵێک مرۆڤ بڕیار دەدەن پێچەوانەی ڕەوتی مێژوو و ئەندازیاریی جەستە بجوڵێنەوە. لەم دواییانەدا، جۆرە گۆڕانکارییەکی مەترسیدار لە جەستە و دەروونی بەشێک لە "لایەنگرانی دەسەڵاتی پاشایەتی و دیکتاتۆریی" ئێرانییەکان بەدی دەکرێت. وادیارە لای ئەم بەڕێزانە، سیستەمی لوولەکێشیی جەستە تووشی هەڵە بووە و "دەم" و "کونی خوارەوە" ئەرکەکانیان ئاڵوگۆڕ کردووە!

ئەم توێژە، کاتێک دەم دەکەنەوە بۆ بەرگریکردن لە "شازادە" و "پاشا"کانیان، ئەوەی لێی دێتە دەرەوە وشە و ڕستە و قسەی مەنتیقی نییە، بەڵکوو ڕێک ئەو ماددانەیە کە دەبێت لە ئاودەستدا فڕێ بدرێن. جوێن، سووکایەتی، بێڕێزی و قسەی وا مرۆڤ شەرم دەکات گوێی لێ بێت، وەک لافاو لە دەمی ئەم بەڕێزانەوە دەڕژێتە دەرەوە. مرۆڤ سەری سووڕ دەمێنێت: ئەرێ بەڕاست ئەمە دەمە یان زێراب؟ چۆن دەکرێت ئەو ئەندامەی بۆ ماچ و شێعر دروست کراوە، بکرێتە پێشانگای نمایشکردنی پیسی؟

ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەم دیاردەیە تەنیا تایبەتە بە لایەنگرانی دیکتاتۆرییەت لەم ئێرانە. ئەگەر سەیرێکی لایەنگرانی پاشایەتی لە وڵاتانی وەک بەریتانیا، نۆروێژ، سوید، ئیسپانیا یان ژاپۆن بکەیت، دەبینیت ئەوان هێشتا بە یاساکانی بایۆلۆژییەوە پابەندن. لای ئەوان "دەم" هەر دەمە و "خوارەوە"ش هەر خوارەوەیە. کاتێک باس لە پاشاکەیان دەکەن، بە زمانی گوڵ قسە دەکەن، نەک بە زمانی زێراب. کەچی لای برادەرانی ئێمە، خۆشەویستی بۆ دەسەڵات واتە کردنەوەی دەم بە

**ڕەشەمەی ٢٧٢٥**

ڕووی خەڵکدا و پژاندنی پاشەڕۆ. جا بۆ ئەوەی ئەم پەتایە تەشەنە نەسێنێت و ڕەنجی ملیۆنان ساڵەی باپیرە "نیاندرتاڵ"ەکانمان بە هەدەر نەچێت، پێشنیارێکی زانستی و پراکتیکیمان هەیە. مادام ئەم بەڕێزانە وک لایەنگرانی کوێری دەسەڵات بڕیاریان داوە ئەرکی دەمیان بگۆڕن بۆ ئەرکی خوارەوە، باشترە لە ڕووی جەستەییشەوە لەگەڵ ئەو واقعەدا بگونجێن.

پێشنیار دەکەین ئەم گروپە لەمەودوا "سەرەوبن" ببنەوە؛ واتە لەسەر دەست بڕۆن و قاچەکانیان بەرز کەنەوە بۆ ئاسمان. بەم شێوەیە، دەمیان کە ئێستا بووەتە سەرچاوەی دەرکردنی پاشەڕۆ و پیسی، دەکەوێتە نزیک زەوی و وەک ئاوەڕۆیەک کاری خۆی دەکات، و بەشەکەی دیکەشیان کە ڕەنگە لە دەمیان پاکتر بێت، بەرز دەبێتەوە بۆ سەرەوە. بەمەش هاوسەنگیی ژینگەیی دەگەڕێتەوە جێگەی خۆی و لەمەودوا کەس بەهەڵەدا ناچێت ئاخۆ ئەوەی دەردەچێت قسەیە یان شتێکی دیکە!

ئەوەی مرۆڤانە بیر دەکاتەوە پێی باشە دەم بۆ نانخواردن و ماچکردن و گۆرانی و هونەر و خۆشەویستی بێت و ئەوەی دەیەوێت پیسی بکات، با بفەرمووێت بەرەو سەروبن بوون.

**١٤ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥**

---



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## هێرشەکانی ڕێژیم هەنگاوی خەبات و بەردەوامیمان پێ شل ناکا




**خەڵکی خەباتکار و تێکۆشەری کوردستان!**

**لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامیی ئێران بە بەردەوامی بە مووشەک و درۆن بنکەکانی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئامانج گرتووە. ئەم هێرشانە شەهیدبوونی جەلال ڕەشیدی، پێشمەرگەی پارتی ئازادیی کوردستان و برینداربوونی چەند پێشمەرگەیەکی دیکەی ئەم حیزبە و هەروەها چەند پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانی لێ کەوتۆتەوە. لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە نێوخۆی کوردستانیش و لە چەند شارێک، بەهۆی بورڕدومانەکانەوە کۆمەڵێک کەسی مەدەنی شەهید و بریندار بوون.**

**هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران وێڕای سەرەخۆشی لە بنەماڵەی شەهید جەلال ڕەشیدی و پارتی ئازادیی کوردستان، هەروەها سەرەخۆشی لە بنەماڵەی قوربانییانی ئەو شەڕەی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا هەڵیگیرساندووە، ڕادەگەیەنێ:**

ڕەشەمەی ٢٧٢٥

هێرشەکانی ڕێژیم بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە نیشانەی زەبوونی و ترسی گەوەرەی کاربەدەستانی ڕێژیم لە بزووتنەوەی مافخوازانەی کورد لە ئێرانە، نەک هەنگاوی خەبات و بەردەوامیمان پێ شل ناکا، بەڵکوو ئیرادەمان بۆ خەبات و لەپێناو ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و ڕزگاریی کوردستان بەهێزتر دەکات.

هەروەها جارێکی دیکە داوا لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکەینەوە لە کاتێکدا ڕێژیم هێزەکانی خۆی لە مزگەوت و قوتابخانەکان مۆڵ داوە و کۆبوونەوە نیزامی و ئەمنیەتییەکانی لە ناوەندە ئیدارییەکاندا بەڕێوە دەبا، پێویستە بە زووترین کات لە بنکە سەربازی و ناوەندە ئەمنییەتی و ئیدارییەکانی ڕێژیم و هەروەها لە شوێنی کۆبوونەوەی هێزەکانیان دوور بکەونەوە.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

١٣ی ڕەشەمەی ١٤٠٤

١٤ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کوردستان و ئازەربایجان؛ بەرەو ئایندەیەکی هاوبەش






**حەسەن قارەمانی**

لە سەردەمی قەیرانی بنەڕەتی و لەدەستدانی شەرعییەتی دەوڵەت و نائارامیی وڵاتدا، تەنیا دامەزراوەکان ناکەونە بەر تاقیکردنەوە، بەڵکوو پەیوەندی نێوان نەتەوەکانیش ڕووبەڕووی تاقیکردنەوەیەکی سەخت دەبێتەوە. لە ئێراندا، کە وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەزمانە، پرسی تەبایی نێوان پێکهاتەکان گرنگییەکی تایبەتی پەیدا کردووە. لە پارێزگای ورمێ،

## ڕەشەمەی ٢٧٢٥

کورد و تورک مێژوویەکی درێژیان لە پێکەوەژیان، بازرگانی، کۆچ و هەندێک جاریش ململانێ هەیە و ژیانیان بەسەریەکدا کراوەتەوە.

ئەو قەیرانە سیاسییەی لە چەند دەیەی ڕابردووی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا کەڵەکە بووە، بۆشاییەکی گەورەی لە پەیمانی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەدا دروست کردووە. لەم بۆشاییەدا دوو ڕێگەمان لەبەردەمە: یان ئەوەتا دابەشبوونەکان لە ڕێگەی دەمارگیریی نەتەوەیی و ڕکابەرییەوە قووڵتر دەبنەوە، یان هاوپەیمانییەکی ستراتیژی لە نێوان بزووتنەوە نەتەوەییەکاندا لەسەر بنەمای دانپێدانانی یەکتر پێک دێت. تەبایی نێوان کورد و تورک تەنیا ئارەزوویەکی ئەخلاقی نییە، بەڵکوو پێویستییەکی سیاسی و ئەمنییە. بە سەرنجدان بە ئەزموونە مێژووییەکان، هاوسەنگیی هێز و سیاسەتی کەمینەکان، دەردەکەوێ کە هاوکاریی نێوان ئەم دوو گەلە دەتوانێ ببێتە بنەمای سەقامگیری، گواستنەوە بەرەو دیموکراسی و چەسپاندنی ئاشتی لە ئێرانی دوای دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی.

### بەرگریی مێژوویی و شەرعییەتی نەتەوەیی

بۆ ماوەی زیاتر لە چوار دەیە، بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ئێراندا کارەکتەری سەرەکیی دژایەتی کردنی کۆماری ئیسلامی بووە. لە شۆڕشی ١٩٧٩وە تا ناڕەزایەتییە مەدەنییەکانی ئەمڕۆ، حیزبەکانی کوردستان پشکی شێریان بەرکەوتووە لە باجی سەرکوتکارییەکان. ئەم ڕاستییە، ئەگەرچی ناڕاستەوخۆش بێت، لەلایەن هێزە ناوچەیی و جیهانییەکانەوە لە هاوکێشە ستراتیژییەکاندا هەژمار دەکرێ.

گرنگە جیاوازییەک لە نێوان «سەرنجی نێودەوڵەتی» و «وابەستەیی»دا بکەین. ئەوەی کە بزووتنەوەیەک لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بایەخی پێ بدرێ، بەو مانایە نییە کە بووەتە ئامرازی دەستی زلهێزەکان. بزووتنەوەی کورد لە ئێراندا بەردەوام جەختی لە مافە ڕەواکانی خۆی لە چوارچێوەی یاسا نێودەوڵەتییەکاندا کردووەتەوە؛ وەک: مافی خوێندن بە زمانی دایک، خۆبەڕێوەبەریی هەرێمی و دابینکردنی ئاسایش بۆ خەڵکی سڤیل.

### ورمێ؛ نموونەی ناوچەیەکی فرەڕەنگ

پارێزگای ورمێ وێنەیەکی بچووک کراوەی فرەیی پێکهاتەکانی ئێرانە. کورد، تورک، ئەرمەنی، ئاشووری و پێکهاتەکانی دیکە چەند سەدەیە پێکەوە دەژین. لێرەدا هیچ پێکهاتەیەک «میوان» نییە، بەڵکوو هەموویان خاوەن مێژوون و پشکیان لە ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکەدا هەیە. کێشەکە لەوێوە دەست پێ دەکات کە خاوەنداریتیی خاک لە ڕێگەی گوتاری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەتەوەپەرستیی تەسکەوە پێناسە بکرێتەوە. ئەگەر هەر نەتەوەیەک ئەوی تر وەک «بێگانە» یان «نامۆ» وێنا بکا، تەنگژەیەکی ئەمنی دروست دەبێ و هەر جۆرە چالاکییەکی کولتووری یان سیاسی وەک مەترسی بۆ سەر خاکی ئەوی دیکە لێک دەدرێتەوە؛ ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی گومان و بێ متمانەیی. ئایندەیەکی سەقامگیر پێویستی بە دانانی بە «سەروەریی هاوبەش» لەسەر ئاستی ناوچەیی هەیە، نەک بە مانای پارچەپارچەکردنی وڵات، بەڵکوو لە شێوەی دابەشکردنی دەسەڵات. فیدراڵیزم یان دیسانترالیزم مۆدێلێکی گونجاوە کە دەتوانێت پێکەوەژیان لەسەر بنەمای لۆژیکی «براوە-براوە» بڕەخسێنێت.

## تەنگژەی ئەمنی و پێویستیی متمانەسازی

لە زانستی ململانێکاندا چەمکێک هەیە بە ناوی «تەنگەژەی ئەمنی»؛ کاتێک لایەنێک بۆ پاراستنی خۆی ڕێوشوێنێک دەگرێتە بەر، لایەنی بەرامبەر وەک هەڕەشە دەیبینێت. بۆ نموونە، ئامادەیی هێزی پێشمەرگە لە ناوچە کوردییەکاندا کە کورد وەک بەرگری لە خۆی دەیبینێت، لەوانەیە لەلایەن هەندێک لە چالاکانی تورکەوە وەک هەوڵێک بۆ باڵادەستی لێک بدرێتەوە. بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە، پێویستمان بە شەفافییەت، گفتوگۆ و میکانیزمی هاوبەش بۆ چارەسەری کێشەکان هەیە. دروستکردنی ئەنجومەنی نێوخۆیی کە نوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنیی کورد و تورکی تێدا بێت، دەتوانێت ببێتە سەکۆیەک بۆ ڕێگری لە هەر گرژی و ئاڵۆزییەک.

## ستراتیژیی ڕێژیم: دابەش بکە و حوکم بکە

دەسەڵاتە تۆتالیتارەکان هەمیشە هەوڵ دەدەن ناکۆکییە نەتەوەییەکان وەک ئامرازێک بۆ مانەوەی خۆیان بەکار بهێنن. بە زیندووکردنەوەی برینە مێژووییەکان و چاندنی تۆوی گومان لە نێوان پێکهاتەکاندا، ڕێژیم دەتوانێت بەر بە دروستبوونی بەرەیەکی یەکگرتووی ئۆپۆزسیۆن بگرێ. کۆماری ئیسلامی ساڵانێکی زۆرە سیاسەتی سەرکوتکاری لەگەڵ بەشدارییەکی ڕواڵەتی و بێنێوەڕۆکی نوێنەرانی نەتەوەکان تێکەڵ کردووە. ئەنجامی ئەمەش دروستبوونی سیستەمێکە کە تێیدا نەتەوەکان لەبری هاوکاری بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی، لەسەر بەدەستهێنانی کەمترین ئیمتیازات دەکەونە ململانێی یەکتر. کەواتە، هاوپەیمانیی کورد و تورک تەنیا هەڵوێستێکی ئەخلاقی نییە، بەڵکوو هەنگاوێکی ستراتیژییە بۆ پووچەڵکردنەوەی تاکتیکەکانی ڕێژیم.

## سیناریۆکانی داهاتوو: قۆناغی ڕاگواستن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رەشەمەی ٢٧٢٥

ئەگەر ئێران بەرەو قۆناغی گۆڕانکاری بڕوات، پرسی خاک و مافی نەتەوەکان دەبێتە بابەتی سەرەکی. لەم قۆناغەدا زۆر گرنگە پێوەندیی کورد و تورک لەسەر بنەمای متمانە بێت نەک ڕکابەری.

**نەخشەڕێگەیەکی هاوبەش لە نێوان لایەنە سیاسی و مەدەنییەکانی هەردوولادا دەتوانێت ئەم خاڵانە لەخۆ بگرێت:**

- دانپێدانانی فەرمی بە بوونی مێژوویی و شەرعییەتی یەکتر؛
- ڕێگری کردن لە هەر جۆرە پاکتاوێکی نەتەوەیی و ئاوارەکردنی زۆرەملێ؛
- پاراستنی مافە زمانەوانی و کولتوورییەکان؛
- هەماهەنگیی ئەمنیی هاوبەش لە ئەگەری هەر پشێوییەکدا؛
- چارەسەری سیاسی لەسەر بنەمای بەشداریی دێموکراسییانە.

## کۆتایی

دۆخی ئێستای ئێران لە نێوان مەترسی و دەرفەتدایە. مەترسی، چونکە بۆشایی دەسەڵات دەتوانێت کێشەی نەتەوەیی بتەقێنێتەوە، دەرفەتیش، چونکە دەکرێ ئەم بەرگرییە هاوبەشە بکرێتە هەوێنی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی. تەبایی کورد و تورک تەنیا دروشمێکی سۆزدارانە نییە، بەڵکوو پێویستییەکی ژێوپۆلیتیکی و ستراتیژییە. هەردوو گەل خاوەنی مافی مێژوویی، کولتووری و ئەمنین. لێرەدا کەس بێگانە نییە. ئەگەر بمانەوێت ئایندەی ئێران ئایندەی سەقامگیری و دادپەروەری بێت، دەبێ پێوەندیی ئەم دوو گەلە لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی یەکتر و بەرپرسیارێتی هاوبەش بێت. تەنیا بەم شێوەیە دەتوانرێت سیستەمێکی سیاسیی نوێ بنیاد بنرێ کە تێیدا فرەچەشنی نەک سەرچاوەی کێشە، بەڵکوو سەرچاوەی هێز بێت.

١٥ی رەشەمەی ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئاراستەی شەڕ بەرەو ڕووخانی ڕێژیم یان قەیرانی نێوخۆیی





**دیلان هەردی**

شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێران چووەتە قۆناغێکی نوێوە. وڵاتانی دیکەش بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەچنە نێو شەڕەکەوە. ئەگەرچی دەستپێکردنی شەڕەکە بە مەبەستی گۆڕینی ڕێژیمی ئێران نەبوو، بەڵام ڕەوتی شەڕەکە بە ئاراستەیەکدا ڕۆیشت کە ئێستا بەرپرسانی ئەمریکا و ئیسرائیل بە فەرمی باس لە گۆڕینی ڕێژیم دەکەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پلانی یەکەمی** ئەمریکا ئەوە بوو کە بە کوشتنی خامنەیی، ڕێگە بۆ ڕەوتێکی میانڕەو و نەتەوەیی خۆش بکات هەتا دەسەلات بگرنە دەست و لەگەڵ ئەمریکا بکەونە مامەڵە، بۆ ئەوەی نیگەرانییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بڕەوێننەوە و وەکوو وڵاتێکی ئاسایی مامەڵە بکەن. ئەوان پێیان وابوو تەنیا خامنەیی بەربەستە، بەڵام ئەو پلانە هەر لە سەرەتاوە سەری نەگرت؛ لەبەر ئەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکی ئایدۆلۆژیکە و هەر لایەنێک دەسەلات بگرێتە دەست، ناچارە لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیی ئەو ڕێژیمەدا هەڵسوکەوت بکات. کوشتنی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئەگەرچی دەبێتە هۆی لاوازی و شپرزەیی، بەڵام دەتوانرێت جێگەی پڕ بکرێتەوە. واتە ئەوە ڕێبەر نییە کە لەو سیستەمەدا گرنگە، بەڵکوو دەزگای ڕێبەرایەتییە وەکوو گرنگترین ناوەندی ئایدۆلۆژی و بڕیار بەدەست کە لەلایەن سوپای پاسدارانەوە بە توندترین شێوە دەپارێزرێت.

**پلانی دووەم** کە سەرنجی لەسەر گۆڕینی ڕێژیمە، ئەمریکا و ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداو و کۆمەڵێک وڵاتی دیکە دەکێشێتە نێو شەڕەکەوە، لەبەر ئەوەی هەموویان بە جۆرێک گرێدراوی ئەو بارودۆخەن. ئەوەی کە ڕێژیمی ئێران مەبەستییەتی، شەڕی ئابوورییە؛ واتە کێشە دروستکردن بۆ ئابووریی جیهان لە ڕێگەی بەئامانجگرتنی شادەمارە ئابوورییەکانی وەک گەرووی هورمز و وڵاتانی کەنداو لە لایەک، و لە لایەکی دیکەشەوە زیادکردنی تێچووی شەڕ بۆ ئەمریکا و ئیسرائیل. ئەوەش لە ڕێگەی سەرقاڵکردنی سیستەمە دژەمووشەکییەکان لە تەواوی ناوچەکە بە ناردنی درۆنی هەرزان کە ئەو سیستەمانە ناچار بکات چەندین ڕۆکێتی ملیۆن دۆلاری تێبگرن.

ئەگەر تاکتیکی شەڕی ئابووریی کۆماری ئیسلامی درێژە بکێشێت، لەوانەیە گوشار بخاتە سەر ئەمریکا و ئیسرائیل، بەڵام ئەستەمە ناچار بە پاشەکشە بن؛ چونکە ئەوە دەبێتە ئابڕووچوونێکی گەورە بۆ هەردوو وڵات، بەتایبەت ئەوەی کە دۆناڵد ترامپ ناتوانێت تەحەمولی شکست بکات و لەو لاشەوە ئێران کەڕەنای سەرکەوتن بەسەر ناوچەکەدا لێ بدات. بۆیە لە وەها بارودۆخێکدا، ئەگەری ئەوە هەیە هاوپەیمانە ڕۆژاواییەکانی ئەمریکا بێنە مەیدان؛ نەک تەنیا لەبەر ئەمریکا، بەڵکوو لەبەر ئۆکراینش. چونکە درێژەکێشانی شەڕ دەبێتە هۆی کورتهێنانی سیستەمە بەرگرییەکانی ئەمریکا لە ئۆکراین و تەنانەت لە ئورووپاش. هەر ئەوەشە وای کردووە کە ڕووسیا تەنیا چاودێر بێت تا شەڕ درێژە بکێشێت و ئۆکراین تووشی کەمیی مووشەکی بەرگری بێت.

کورتهێنانی جبەخانەی ئەمریکا بەتایبەت لە بواری بەرگریی ئاسمانییەوە، بۆ وڵاتانی ئورووپایی وەکوو مەترسی سەیر دەکرێت. هەموو ئەو هۆکارانە وا دەکەن کە ئەمریکا و ئیسرائیل و وڵاتانی دیکەش ناچار بن گۆڕینی ڕێژیم لە ئێران خێراتر بکەن. وەک بەرپرسانی ئەمریکا ئاماژەی پێ دەکەن، هێزی ئاسمانی و دەریایی ئێرانیان لەنێو بردووە، بەڵام بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەشەمەی ٢٧٢٥

ڕووخاندنی ڕێژیم، پێویستە هێزی زەوینیی ئێرانیش تووشی کێشە بکەن. بۆ ئەو مەبەستەش ئەگەر شەڕ درێژە بکێشێت، ناچارن کەڵک لە زەویش وەربگرن؛ چ ڕاستەوخۆ بە هێزی زەوینی، چ ناڕاستەوخۆ بە هاوکاریی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دژی ئێران بەتایبەت کورد.

بەڵام ئەوەش گەرەنتیی سەد لە سەدی گۆڕینی ڕێژیم نییە. لە ئەگەری نەڕووخانی ڕێژیمی ئێراندا، پلانی سێیەمی ئەمریکا لەوانەیە ئەوە بێت کە هەندێک ناوچە، بەتایبەت کوردستان لە ئێران دابېڕێت تا هاوسەنگیی هێز دروست بکات. لێدانی بنکە و بارەگاکانی هێزی زەوینیی ئێران بە شێوەیەکی چڕ لە کوردستان، لەو چوارچێوەیەدایە. واتە ئەگەر ڕێژیمی ئێران بەرگری بکات و نەڕووخێت، دەبێت لە کوردستان بڕووخێت.

لەو هاوکێشەیەدا، وڵاتی چین تەنیا سەرنجی لەسەر لایەنی ئابووریی شەڕەکەیە. ئەوەی بۆ چین گرنگە ئەوەیە کە ڕێڕەوی سووتەمەنی و بازرگانی دانەخرێت. بۆ وڵاتی چین ئاسایشی گەرووی هورمز لە مانەوەی ڕێژیمی ئێران گرنگترە. بەستنی گەرووی هورمز لەلایەن ئێرانەوە، لە پێشدا زەبرلێدانە لە چین. لەوانەیە چین لە هەندێک بواردا یارمەتیی ئێران بدات، بەڵام ئەوە نییە کە ئێران لە بن دەستی ئەمریکا و ئیسرائیل دەربێنێت. بۆ چینییەکان، دەورانی ئیدارەی ترامپ لە سێ ساڵی داهاتوودا کۆتایی پێ دێت و لاپەڕەیەکی نوێ لەگەڵ ئەمریکا دەکرێتەوە، بۆیە خۆیان ناخەنە ناو بازنەی دوژمنایەتیی سەربازی لەگەڵ ئەمریکا.

بەگشتی، ڕەوتی شەڕ هەمیشە ناڕوونە و لەوانەیە هەموو پێشبینییەکان پووچەڵ بکاتەوە، بەڵام ئێران لەو شەڕەدا دۆڕاوی یەکەمە؛ چونکە هاوکات جگە لە قەیرانی ئابووری و سەربازی، تووشی قەیرانی سیاسی و ڕەوایی نێوخۆییش بووە. ئەوەی بە زەقی دەبینرێت، قەیرانی ڕێبەرایەتییە کە دوای کوژرانی خامنەیی تووشی بووە. باڵە جیاوازەکانی ڕێژیم لە ململانێدان بۆ دیاریکردنی کەسێک وەک ڕێبەر کە سەرنجەکە زیاتر لەسەر کوڕی خامنەییە. بەڵام هەر کەس ببێتە ڕێبەر، جێگە و پێگەی خامنەیی لەنێو ڕێژیم ناگرێتەوە و وەک ئەو گوێی لێ ناگیرێت. پێدەچێت لە داهاتوودا شایەتی زەقبوونەوەی هەندێک کێشەی نێوخۆیی لەنێو ڕێژیمدا بین کە خۆی لە یەکتر تۆمەتبارکردن بە هاوکاریی ئەمریکا و ئیسرائیلدا دەبینێتەوە. تۆمەتی هاوکاریکردنی ئەمریکا و ئیسرائیل لەمەودوا کارتی بەشەیتانیکردنی لایەنەکانی نێوخۆی ڕێژیم دەبێت بۆ ڕەواییدان بە دژایەتیی نێوخۆیی.

١٥ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ئایا ئەو دراوسێیانەی سنووری وشکانییان دەگەڵ ئێران هەیە، دە شەڕەوە دەگلێن؟






**تەهای ڕەحیمی**

ئەمڕۆ لە کاتێکدا هەشتەمین ڕۆژی شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل دژی ئێران تێپەڕ دەبێ کە شیمانەی بەرفراوانبوونی شەڕەکە نزیک دەنوێنێ. هەتا ئێستا پێکدادانەکان بە شەڕی ئاسمانی و شەڕی دەریایی بەند بووە، بەڵام دەگەڵ هێرشی درۆنی و هاژەکی ئێران سەرەتا بۆ سەر تورکیە و پاشان نەخجەوان، و دژکردەوەی ئەو وڵاتانە بەتایبەتیش ئازەربایجان بە

داخستنی باڵوێزخانە و کۆنسولییەکەی لە تاران و تەوریز وێدەچێ پێکدادانی ئێران دەگەڵ وڵاتێکی سەربەخۆ دەست پێ بکا کە سەدان کیلۆمێتر سنووری وشکانی دەگەڵی هەیە. پێکدادان دەگەڵ ئەو وڵاتانەی سنووری وشکانییان هەیە، ئەگەری بەریەککەوتنی زیاتر بەرز دەکاتەوە و شەڕ بەرەو ئاستێکی بەرەیی بەرینتر دەکاتەوە. واتە هەبوونی سەدان کیلۆمێتر سنووری وشکانی ئێران دەگەڵ تورکیە و ئازەربایجان گرژیی و پێکدادانەکان دەبەنە ئاستێک ئیدی لە گرێژنە دەردەچن. بەڵام ئایا خودی تورکیە و بەتایبەتیش ئازەربایجان حەز ناکەن لەو شەڕە وەردەرێن؟

سەرەتا دەبێ بزانین ستراتیژی و قازانجی ئەم دوو وڵاتە یا جۆری ڕوانین لە ئێستا و داهاتووی ئێران بەبێ کۆماری ئیسلامی بۆ ئەو دوو وڵاتە چییە. ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا ئەم دوو وڵاتە خۆیان بە تورک دەناسێنن و هەتا ئێستاش لە کێشمەکێشە ناوچەییەکان پشتی یەکیان گرتوە و ئەندامی گرووپی وڵاتانی تورکن، بەڵام لەمەڕ ئێران ڕوانگە و بەرژەوەندی جیاوازیان هەیە.

تورکیە هەروەک چۆن کاتی خۆی ئیزنی بەکارهێنانی بنکەی ئینجیرلیکی بۆ هێرشکردنە سەر سەددام نەدا، ئەمجاریش دەگەڵ هێرش بۆ سەر ئێران نەبوو. لەڕاستیدا تێکچوونی باڵانس و هاوکێشەی هێز لە ناوچەکەدا زۆر بە قازانجی تورکیە نییە. ئەگەر بەر لە داوەشانی ئێران، تورکیە و ئێران دوو هێزی دیاری ناوچەکە بوون و نزیکەی لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەتایبەتیش لە عێراق و سووریە کێبەرکێی هێژمۆنیکیان هەبوو، بەڵام لانیکەم ئەم دوو هاوچاوە دێرینە (جوگرافیایی و ئایینزایی) وێڕای قۆرخی گۆڕەپانەکە باڵانسێکیان لە بەرژەوەندی یەکتر ڕاگرتبوو. بە واتایەکی هەڕەشەی جیددی نەبوون لەسەر یەکتری بەڵکوو ململانێی هێژمۆنیی یەکتریان دەکرد. بە لە مەیدان دەرچوونی ئێران هێزی ناوچەیی دیکەی وەک ئیسرائیل و عەرەبستان هاتنە کێبەرکێی تورکیە کە ئیدی وەک لە ڕووداوەکانی پاش ڕووخانی ئەسەد لە سووریە بینیمان شتێک نەما بە ناوی ڕاگرتنی باڵانس و تولێرانسی قبوولی هێژمۆنی تورکیە لەو وڵاتە و ئیسرائیل نزیکەی هەموو ویستەکانی خۆی سەپاند. لەم لایەشەوە عەرەبستان جیددیتر لە جاران بەرپەچی دەستڕۆیشتوویی تورکیەی لە ناوچەکە داوە کە لە ئەگەری گۆڕانە خێراکاندا بەریەککەوتنی زیاتر لە نێوانیاندا شیمانە دەکرێ. بابەتێکی گرنگی دیکەی بەرسەرنجی تورکیە لە گۆڕانکارییەکانی ئێراندا، پرس و سەروەری کوردە. لەڕاستیدا تورکیە لە هەر جوگرافیایەکدا کە بزانێ پاشهاتەکانی قازانجیان بۆ کورد هەیە نەک دەگەڵی نییە بەڵکوو دژێتی. کەوایە سەبارەت بە ئەو شەڕەی ئێستا لە ئێرانیش هەیە، هەمەن هەڵوێستی هەبوو. چونکی جگە لە مەترسیی کورد، واتە دروستبوونی هەرێمێکی کورد لە بەشێکی دیکە لەسەر سنوورەکانی کە لانیکەم لە باری حەشیمەت و پانتاییەوە نزیکەی دوو هێندەی دوو هەرێمە کوردییەکەی دیکەیە، مەترسیی شۆڕبوونەوەی سێڵاوی کۆچبەرانیشی هەبوو بۆ ئەو وڵاتە، کە بەدەست قەیرانی ئابوورییەوە دەناڵێنێ. هەر بۆیە بەر لە دەستپێکردنی شەڕ، پلانی ناوچەی پەرژین (حائل)ی هێنایە ئارا تا بە بەردێک دوو کێلان بشکێنێ. واتە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەم لە بواری ژیئۆپۆلیتیکەوە هەرێمی شیمانەیی کوردی ڕۆژهەڵات بخنکێنێ، هەمیش کۆچبەر لە سنوورەکانی ئێراندا کۆنترۆڵ بکا. بۆیە تورکیە نایەوێ هێز و دەسترۆییشتووی ئێران لەوەی کە هەیە زیاتری دابەزێ. واتە دابەزینی هێژمۆنی ئێران، لە دایکبوونی هێژمۆنی نوێ و بەرزبوونەوەی هێژمۆنی هێزە هاوچاوە ناوچەییەکانی دیکەی تورکیەی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەدواوەیە. ئەمە تەنیا تورکیەش نییە، بەڵکوو هێزە ناوچەییەکانی دیکەش بە جۆرێک لە جۆرەکانی چاویان بە زلهێزی ئیسرائیل لە ناوچەکە هەڵنایە. بۆ وێنە ئەم هاوپەیمانی و لێکتێگەیشتنانەی لەو ماوەیەدا دە نێوان تورکیە و میسردا هاتنە گۆڕێ، یان ئەو هاوپەیمانییەی نێوان عەرەبستان و پاکستان.

لەمەڕ ویستی ئازەربایجان بۆ تێکچوونی ئەم هاوسەنگییە دەبێ بوترێ، کە ئازەربایجان وڵاتێکی قەتیسە و سنووری بە سەر ئاوە ئازادەکانەوە نییە. هەمیش لە بواری هێزی مرۆیی و جوگرافیا و توانایی تەکنۆلۆژییەوە ئەم ئەکتەرە نییە خۆ لە قەرەی ئێران بدا. بەڵام دەگەڵ لاواز بوونی ئێران لە بواری توانایی بەرگری، هێرش و نێوخۆییەوە و خوێندنەوەی ئەم چارەنووسەی بۆ ئەو وڵاتە لەبەرچاو گیراوە، ڕەنگە بێ مەیل نەبێ لە کۆتاییەکانیدا خۆ تێوەگلێنێ. چونکی ئازەربایجان دراوسێی ئاسایی ئێران نییە. بەڵکوو تێکچوونی هاوکێشەی سیاسی و هێز لە جوگرافیای ئێران ڕاستەوخۆی کاریگەری لە سەر ئەم وڵاتە دەبێ. سەروەریی ئازەری ئێران درێژەی سەروەریی باکۆیە. ئازەرییەکانی ئێران حەشیمەتێکی بەرچاوی ئێران پێکدێنن، جگە لەوەی کۆمەڵگەی ئازەری بەهۆی ئەم بەستراوەییە مێژووییەی بەدەسەڵاتە ناوەندییەکانی ئێرانەوە هەیبوو، لە بواری ئابووری و بەڕێوەبەری و هێزی سەربازی و بازرگانی و هتد ئەگەر یەکەمی سەر ئاستی ئێران نەبن، بەدڵنیاییەوە دوویەمینن. ئەمە بابەتە ڕاستەوخۆ پۆزیسیۆنی ئازەربایجان لە سەر ئاستی ناوچەکە و تەنانەت جیهانیش بەرز دەکاتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە بە تێکچوونی سترەکتۆری سیاسی لە ئێران ڕەنگە تێپەڕینی کریدۆری زەنگەزوور بە پارێزگەی سیونیکی ئەرمەنستانیشدا گۆڕانی بە سەردابێ. چونکی ئیدی ئازەربایجان نە پێویستی بە ئەرمەنستان لەم بوارەوە دەمێنێ و نە دەشیەوێ قازانجی ئەم کریدۆرە بچێتە دە گیرفانی ئەرمەنستانەوە، بەڵکوو ڕێڕەوەکە دەگۆڕدێ و بە ئازەربایجانی ئێراندا تێدەپەڕێ. بەگشتی تێکچوونی پێکهاتەی سیاسی ئێران جگە لە یەکبەستنەوەی ئازەربایجانی ئێران بە باکۆوە، نەخجەوانیش بە باکۆوە دەبەستێتەوە کە هەتا ئێستا وەک خاڵێکی لاواز بوو بۆ باکۆ.

لە لایەکی دیکەشەوە ڕوون و ئاشکرایە دەسکەوتی شەڕ زیاتر بەوانە دەبڕدرێ کە لە شەڕەکەدا یان، یا باشتر بڵێم ئەوان دیاری دەکەن کێ و چۆن دەسکەوتەکان دابەشرێن. بۆیە وەدواکەوتنی وڵاتێکی وەک ئازەربایجان بەو هەمووە قازانجەوە لە ئێران ڕەنگە پاشهاتەکانی دوای شەڕ بۆ ئەم وڵاتە دڵخواز نەکا. کەواتە لە کاتێکدا ئەمریکا و ئیسرائیل سامی ئێرانیان بۆ ئازەربایجان و وڵاتانی ناوچەکە تارادەیەکی زۆر شکاندوە، ئەم وڵاتە و ئەو وڵاتانەی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی زیاتر بە قازانجی خۆیان دەزانن، هەوڵ دەدەن بێن لە شەڕەکەوە. واتە لێرەدا کورد وتەنی ئەگەر دەیانەوێ ماسی بگرن دەبێ ڕیسک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەشەمەی ٢٧٢٥

بکەن، ئەگینا وڵاتانی بەشدار لەو شەڕەدا دواتر پشکیان نادەنێ.

دیارە نابێ لەبیر بکەین ململانێی نێوخۆیی پێکهاتە جیاوازەکانی ئێرانیش دەتوانێ پاڵنەرێکی بەهێز بێ، تا وڵاتانی دراوسێ و خاوەن بەرژەوەندی قووڵ لە ناوچەکە ڕەکێشی شەڕ و پێکدادان لە ئێران بکا.

١٦ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# خوێندنەوەیەک بۆ بۆمبارانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ئاوڕێک لە ڕابردوو، دەرسێک بۆ داهاتوو)





**مستەفا مەعرووفی**

بە دەستپێکردنی شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل لە دژی کۆماری ئیسلامی، بۆمبارانی بنکە سەرەکییەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە درۆن و هاژەک دەستی پێ کردووە. شەڕ بە درۆن و هاژەک بەتایبەتی لەم چەند

ساڵەی دواییەدا ڕووداوێکی ڕۆژانەیە، هەتا ئێستا کۆماری ئیسلامی نزیکەی ١٠ وڵاتی ناوچەیی خستووەتە بەر هێرشی درۆن و هاژەکەکانی و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەک لەو ئامانجانەن، بەڵام ئەوەی هێرش بۆ سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەوانی دیکە جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ئەم هێرشە درێژەی ئەو شەڕەیە کە کۆماری ئیسلامی ٤٧ ساڵ لەوە پێش لە دژی کورد دەستی پێ کردووە. شەڕ لە دژی کورد و حیزبە سیاسییەکانی یەکەم شەڕی ئەم ڕێژیمە بوو و ڕەنگە دوایین شەڕیشی بێت. لە نێو ئەو شەڕانەدا کە کۆماری ئیسلامی کردوونی، شەڕ لە دژی کورد درێژترین و بەردەوامترین شەڕ بووە. ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی و لەسەرووی هەموویانەوە خومەینی، لە سەرکوتی خەڵکی کوردستاندا ئەوەندە بەپەلە بوون کە لەسەر دامەزراندن و جێگیرکردنی بنیات و دامودەزگای حکوومەتی و قانوونییش ڕانەوەستان و هەمووی ٥ حەوتوو لە ڕووخانی ڕێژیمی شا تێپەڕیبوو کە لە نەورۆزی ١٩٧٩ (١٣٥٨)دا شەڕیان لە شاری سنەی کوردستان هەڵگیرساند و پاشان شارەکانی دیکەشی گرتەوە. یەکەم جار لە مێژووی هاوچەرخدا ئەوە خومەینی بوو کە «فەرمانی جیهاد»ی لە دژی کورد ڕاگەیاند و شەڕی «پیرۆز»ی بەسەر کورددا سەپاند کە هەتا ئێستا نزیکەی ٥٠ هەزار کوردی کردووەتە قوربانی.

لە هەر شەڕێکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆدا کە کۆماری ئیسلامی کردوونی، ئەم ڕێژیمە شەڕ لە دژی کوردی بە پاشکۆی یەکێک لەو شەڕانە لەقەڵەم داوە و هەرگیز دانی بەوەدا نەهێناوە کە کێشەیەک لە پێوەندی لەگەڵ کورددا هەیە کە دەبێ چارەسەر بکرێ و سانسۆرێکی بێ ئەملاوئەولای لەسەر داناوە. شەڕی ٨ ساڵە لەگەڵ عێراق کاتێک هەڵگیرسا کە ساڵ و نیوێک بوو شەڕ لە کوردستاندا هەبوو. بەو حاڵەش لە ماوەی شەڕ لەگەڵ عێراقدا ئیدیعای دەکرد کە ئەو شەڕە بەشێکە لە شەڕ لەگەڵ عێراق. دوای ڕاوەستانی ئەم شەڕە، کوردستان هەروا وەک مەیدانی شەڕ مایەوە. ئەم ڕێژیمە لە لوبنان خۆی تووشی شەڕ کرد لە دژی ئیسرائیل، هەوڵی دەدا شەڕ لەگەڵ کوردستانیش لەم چوارچێوەیەدا پێناسە بکات. قەیرانی بە بارمتەگرتنی کارمەندانی سەفارەتی ئەمریکا لە تارانی دروست کرد و بنکە و کەشتییەکانی ئەمریکای کردە ئامانجی تیرۆریستانەی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و بزووتنەوەی کوردی پێوەند دەدا بەو شەڕە و ئیدیعای دەکرد کێشەی کورد دەستکرد و پلانی ئەوانەیە. سەرەڕای ئەوە کە هیچ کام لە شەڕ و قەیرانانەش دەستیان پێ نەکردبوو کاتێک شەڕ لە کوردستان هەڵایسا، پاش کۆتایی هاتنی هەرکام لەو شەڕانەش، کێشە لەگەڵ کورد و حیزبە سیاسییەکانی تەواو هەر نەبوو. لە کاتێکدا دوای شکستی شەڕ لەگەڵ عێراق و لە کاتێکدا دەستی سەددام حوسێن دوژمنی ژمارە یەکیان بە توندی دەگوشی، لە ڤییەن لەسەر مێزی وتووێژ د. قاسملوو ڕێبەری بزووتنەوەی کوردیان تیرۆر کرد. ئەم ڕووداوە و ڕووداوەکانی دواتریش دەری خست کە ڕێژیم لە تاران لەگەڵ هەر دوژمنێکدا ئەگەری ڕێککەوتن و پاشەکشەی هەیە جگە لە کورد.

کۆماری ئیسلامی یەکەم مێتۆد و تاکتیکەکانی شەڕی لە کوردستان دەست پێ کردوون و پاشان لە دەرەوە بەکاری هێناون؛ یەکەم کردەوە تیرۆریستییەکانی لە کوردستان دەست پێکرد و یەکەم ئامانج و درێژخایەنترین و بەربڵاوترین کردەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تیرۆریستییەکانی هەر لە دژی کورد بوون. لە شەڕی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامیدا دژی خەباتگێڕانی کورد سەدان کەس لە کوردستان، وڵاتانی دەوروبەری و وڵاتانی دەرەوە گیانیان لەدەست دا کە دوو ڕێبەری کورد لە نێویاندا دەبینرێن؛ دوکتور قاسملوو لە ١٣ی پووشپەڕی ١٣٦٨ (١٩٨٩) و دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی لە خەرمانانی ١٣٧١ (١٩٩٢)دا. تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی وای لێ هات کە بوو بە یەکێک لە گەورەترین کێشەی ئەمنییەتی لە سەرانسەری جیهاندا و ناوبانگی ئەم ڕێژیمەی وەک «گەورەترین پشتیوانی تیرۆریزم» لە دنیادا بڵاو کردەوە. لە دادگای میکۆنۆسدا لە ئەڵمان، خامنەیی و تیمە تیرۆریستەکەی بە ڕەسمی وەک بڕیاردەری تیرۆری د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە بەرلین ناسێنران و مەحکووم کران.

لە شەڕی ١٢ ڕۆژەی لەگەڵ ئیسرائیل لە جۆزەردانی ئەمساڵدا و لەم شەڕەی ئێستای لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلدا ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی پلە یەکی سوپای پاسداران کوژران، لە کارنامەی زۆربەیاندا بەشداریی چالاکانە و کاریگەر لە شەڕ لە کوردستاندا تۆمار کرابوو. لە نێو ئەو پاسدارانەدا کە لە سایەی بەشداری لە سەرکوتی کوردستاندا پلە و پایەیان پێ بەخشرا، مەحموودی ئەحمەدی نەژاد بوو کە کرا بە سەرۆک کۆمار! کە هەم لە شەڕی مەیدانیدا لە دژی حیزبە سیاسییەکانی کورد بەشدار بوو و هەم لە تیرۆری د. قاسملوو لە ڤییەنی پایتەختی ئۆتریش، بەرپرسی تیمی دووەمی تیرۆر و بەرپرسی لۆجیستیکیی تیمی یەکەم و دووەم بوو.

لە کاتێکدا کە حەشیمەتی کورد کەمێک زیاتر لە ١٠٪ی حەشیمەتی ئێران پێک دەهێنێت، ڕێژەی لەسێدارەدان لە ئێران کە پاش چین بە یەک ملیار و پێنجسەد ملیۆن حەشیمەتەوە پلەی دووەمی لە جیهاندا هەیە، ڕێژەی لەسێدارەدانی کوردان بێگومان زۆر لە ١٠٪ زیاترە، بەتایبەتی ڕێژەی لەسێدارەدانی زیندانیانی سیاسیی کورد لەچاو ناوچەکانی دیکەی ئێران جیاوازییەکی زۆری هەیە. دەزگای قەزایی ڕێژیم بووەتە ئامرازێک بۆ پاکتاوکردنی حیسابی ڕێبەرانی ڕێژیم لە دژی کورد و هەڵڕستنی ڕق و قین لە دژی چالاکانی سیاسیی کورد.

ئێستا کە پیشەسازیی هاژەکی بالیستیکی ئەم ڕێژیمە کە گرنگترین ئامرازی مانەوەیەتی و هەڕەشەیەکی جیددییە لەسەر ئاسایشی جیهان، بۆ یەکەم جار لە دژی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٣٩٧ (٢٠١٨)دا بەکار هات. یەکەم درۆنەکانیشی لە دژی بنکە سەرەکییەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکار هێنا کە پاشان بە ڕێژەیەکی زۆر لە شەڕی ڕووسیە لە دژی ئۆکراین و ئێستاش لە شەڕی ئەم دواییەدا لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکادا بەکار دێن. لە بنەڕەتدا ئەم جۆرە چەکە قورسە ستراتیژییانە دەبوو لە شەڕی وڵاتان و لە بەرامبەر هێرشی دەرەکیدا بەکار بهاتنایە بەڵام کۆماری ئیسلامی لە دژی کوردی ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتی خۆی بەکاری هێناون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە ماوەی ئەم ٤٧ ساڵەدا لە دوای هەر هێرشێک بۆ سەر کورد و حیزبە سیاسییەکانی، دەزگای تەبلیغاتی ڕێژیم بەبەردەوامی ڕایگەیاندووە کە چەند «گرووپی بەستراو» بە ئێرە و ئەوێ زەبریان بەرکەوتووە و «ڕایان کردووە و نەماون»! کەچی لە کاتی ڕاپەڕینی «ژینا»دا بە ڕەسمی و بە ئاشکرا ڕایگەیاند کە ئەم ڕاپەڕینە لەلایەن حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە ڕێک خراوە. ئەمە گەورەترین شکست و دانپێدانان بوو کە پاش ٤٥ ساڵ حاشا و چەواشەکاری ناچار بوو ڕۆڵ و دەوری ئەم هێزانە قبووڵ بکات و هەر بۆیەش ئەو کاتیش بنکە و دامەزراوەکانیانی بە خەستی دایە بەر هێرشی درۆن و هاژەک. کۆماری ئیسلامی لە ماوەی نزیک بە ٥ دەیە تەمەنی خۆیدا توانی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ئێران تووشی پاشەکشە و شکست بکات، تەنانەت توانی لە ڕووی نیزامییەوە بەسەر کوردستانیشدا زاڵ بێت، بەڵام هەرگیز نەیتوانی کوردستان بە چۆک دابێنێت و نفووز پەیدا بکات و کۆتایی بە کێشەی کورد و بیری نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە کوردستان بێنێت و ڕێکخستنی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەنێو ببات. بەپێچەوانە، لە ڕووی فەرهەنگییەوە ڕێنسانسێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا سەری هەڵدا کە خۆی لە ئەنجومەن و ڕێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵە زمانی و ئەدەبییەکانی کورددا دەبینێتەوە کە لە مێژووی ئەم بەشە لە کوردستاندا کەم وێنە بووە، بۆنە و ڕێوڕەسمە سوننەتی و لە مێژینەکانی کورد زیندوو بوونەتەوە، حیزبە سیاسییەکانی کورد نفووز و خۆشەویستییان لە نێو کورددا زیاتر بووە و جوگرافیای ناسیۆنالیزمی کورد ئەگەر لە ڕابردوودا ناوچەیەک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەگرتەوە، ئێستا سەرانسەری کوردستانی گرتووەتەوە و کوردستان بووەتە مەیدانی نواندنی ڕەمز و بۆنە نەتەوەییەکان و سیمبولەکانی خەبات و بەرخۆدانی کورد، بۆیە شەڕی ٤٧ ساڵە لە دژی کورد بۆ کۆماری ئیسلامی تەنیا شکست و ناهومێدیی بەدواوە بووە.

درۆن و هاژەکبارانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کاتێکدا ڕوو دەدات کە ئەم ڕێژیمە لەژێر قورسترین و ڕووخێنەرترین هێرشی هاژەک و فڕۆکەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلدایە. بۆمبارانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاوکات لەگەڵ درۆن و هاژەکبارانی بنکە و ئامانجەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل دەری دەخات کە کورد و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێزێکی حاشاهەڵنەگرن و مەترسین بۆ سەر مان و مەوجوودییەتی کۆماری ئیسلامی.

هەتا بەر لە هێرشی حەماس لە ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ (خەزەڵوەری ١٤٠٢) و شەڕی ١٢ ڕۆژەی ئیسرائیل لە جۆزەردانی ئەمساڵدا کۆماری ئیسلامی بەهێزترین و بەتواناترین هێزی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو. دەسەڵات و کۆنترۆڵی بەسەر ٤ پایتەختی ناوچەکەدا هەبوو و زلهێزێکی وەک ڕووسیە لە شەڕ لەگەڵ ئۆکراییندا پێویستیی بە چەکوچۆڵی ئەم هەبوو. بەڵام لە نێو خاکی خۆیدا لە کوردستان هەرگیز بە ئامانجەکانی نەگەیشت.

٤٧ ساڵ شەڕ، تیرۆر، تەریکخستنەوە و پشتگوێخرانی کوردستان لەلایەن ڕێژیمێکی میلیتاریست-ئایدیۆلۆژیکی وەک کۆماری

**ڕەشەمەی ٢٧٢٥**

ئیسلامی و ناکامی و شکست لە لەنێوبردنی حیزبە سیاسییەکان و بەچۆکداهێنانی کورد، دەبێ جێی تێرامان و دەرس و ئەزموونێک بێت بۆ هەر کەس و حکوومەتێک لە داهاتووی ئێراندا کە دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێت. مێژووی کورد پڕە لە بەربەرەکانی و زۆرجار شکست، بەڵام هیچ کات کەوتنی تێدا نەبووە و کوردستان دوای هەر شکستێک هەستاوەتەوە. لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتییشدا کە ژاندارمی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو لە ساڵەکانی ١٩٦٧ - ٦٨ (١٣٤٦ - ٤٧) ئەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو کە لە کوردستان هەیبەت و جەبەڕووتی ڕێژیمی شای تێک شکاند. ئاوڕێک لە دۆخی کورد لە تورکیە، سووریە و عێراقیش هەر ئەو دەرس و ئەزموونانەیان تێدایە؛ نزیک بە یەک سەدە حاشاکردن لە کورد لە تورکیە و ناوهێنان و سووکایەتیپێکردنیان لەژێر ناوی «تورکی کێوی» و لە سووریە بێبەشکردنیان لە هەبوونی ناسنامە و لە عێراق کۆمەڵکوژکردنیان لەژێر ناوی «ئەنفال»دا و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە دژیان، نەک هەر کوردی لەنێو نەبرد و بزووتنەوەکەیانی بەچۆکدا نەهێنا، بەڵکوو ئەمڕۆ مەسەلەی کورد لە هەموویاندا تا ئاستێکی زۆر باش چووەتە پێش.

ئاوڕدانەوەیەک لە ٤٧ ساڵ شەڕ لە کوردستاندا دەری دەخات کە دوای کۆماری ئیسلامی یان بەگشتی پاش ئەم شەڕەی دوایی، حکوومەتی ناوەندی ناتوانێت خاوەنی ئەو هێز و دەستڕۆیشتوویە ئایدیۆلۆژی و میلیتاریستییە بێت کە هەتا ئێستا کۆماری ئیسلامی بوویەتی. کەوابوو، ئەگەر ئەو ڕێژیمە نەی توانی لە ٤٧ ساڵدا بە هەموو قورسایی خۆیەوە لە کوردستاندا بە ئامانجەکانی خۆی بگات، هیچ کەس و لایەنێک و ڕێژیمێک کە بیەوێ ئەو سیاسەت و تاکتیک و مێتۆدانە بەکار بەرێت کە ڕێژیمەکانی شا و کۆماری ئیسلامی لە دژی کورد بەکاریان بردوون، دووبارەکردنەوەی شکستەکانی پێشووە و ئاکامێکی بۆ ئەوانیش نابێت.

**١٦ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەیاننامەی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٨ی مارس



**تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی!**
**ژنانی وشیار و پێشەنگی کوردستان!**

ئەمساڵ لە کاتێکدا یادی ٨ی مارس بەرز ڕادەگرین، کە ڕێژیمی دژەژن و ستەمکاری کۆماری ئیسلامی لە ئەنجامی سیاسەتە چەوتە نێوخۆیی و دەرەکییەکانیدا، ئێران و ناوچەکەی بەرەو شەڕێکی ماڵوێرانکەر پەلکێش کردووە کە بێگومان ئەنجامەکەی بە نەمانی خۆی تەواو دەبێت. مێژووی خەبات و تێکۆشانی ژنان، لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٨٥٧ی نیویۆرکەوە تا بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتی شوومی "حیجابی زۆرەملێ" و پێشەنگایەتیی ژنان لە بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"دا، هەڵگری ئەو ڕاستییەیە کە هیچ هێزێکی خۆسەپێن ناتوانێت ڕێ لە ئیرادەی ژنان بۆ ڕزگاری و مافەکانیان بگرێت.

٨ی مارس بۆنەیەکە بۆ بەرزنرخاندنی دەستکەوتەکان و هاوکات وەبیرهێنەرەوەی ئەو ستەم و هەڵاواردنە سیستماتیکەیە کە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، بووەتە دۆخێکی بەردەوام. بێگومان بزووتنەوەی مافخوازیی ژنان، بەتایبەت لە کوردستان، ئاودیوی قۆناغێکی نوێ بووە؛ ئێستا ئەم بزووتنەوەیە خاوەن سەرمایەیەکی کۆمەڵایەتیی بەنرخە کە وەک توێژێکی یەکلاکەرەوەی سیاسی، دژ بە عەقڵییەتی دژەژنی ئەم ڕێژیمە دەوەستێتەوە و بزووتنەوەی "ژینا"شی لە کارنامەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆیدا هەیە. ئەم مەیدانداریيە تەنیا دروشم نییە، بەڵکوو تێکشکاندنی کردەیی ئەو سیستمە سەرکوتکەرەیە کە ٤٧ ساڵە مافە نەتەوەیی و مرۆییەکانی زەوت و پێشێل کردووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کە هەر لە سەردەمی کۆماری کوردستان و بە دەستی پێشەوا قازی محەممەد، بەردی بناغەی خەباتی ڕێکخراوەیی ژنانی لەژێر ئاڵای "یەکیەتیی ژنان"دا دانا، ڕزگاریی نیشتمان، مافی نەتەوەیی و ئازادیی ژنانی بە یەک ستراتیژی لێکگرێدراو زانیوە. لە بەرنامەی حیزبی ئێمەدا، مافی یەکسانیی ژن و پیاو ئەسڵێکی بنەڕەتی و نەگۆڕە و وەک پرەنسیپێکی دێموکراتیک و جیهانی باوەڕی پێیەتی.

لێرەوە داوا لە هەموو چین و توێژەکانی کوردستان، بەتایبەت ژنانی وشیار و ئازادیخواز دەکەین؛ با لەم قۆناغە هەستیارەدا کە ڕێژیم دەیەوێت بە شەڕەنگێزی ململانێیەکان بۆ دەرەوەی سنوورەکان بگوازێتەوە، بە ڕێکخستنی مەدەنی و بەهێزکردنی ناوەندەکانی خەباتی سیاسی لە ناوخۆدا، خۆتان بۆ گۆڕانکاریی قووڵ ئامادە بکەن. پێشمان وایە لە کوردستان، ئەرکی هەموو تاکێکی یەکسانیخوازە کە خەبات بۆ مافەکانی ژنان وەک بەشێکی دانەبڕاو لە خەباتی نەتەوەیی و دژ بە ستەمکاری ببینێت و بەشدارییەکی چالاکانە لە هەڵوەشاندنەوەی تەواوەتیی ئەم ڕێژیمەدا بکات.

**دەستەی کارگێڕیی حیزب وێڕای پیرۆزبایی ٨ی مارس، جەخت دەکاتەوە کە تا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی مابێت، بەهاکانی "ژن"، "ژیان"، "ئازادی" نایەنە دی. با ٨ی مارس ببێتە هەوێنێ یەکگرتوویی هەموو ئازادیخوازان بۆ کۆتاییهێنان بەم ڕێژیمە دژەژن و چەوسێنەرە.**

**سەرکەوێت خەباتی ڕەوای ژنان بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانیان.**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**٨ی مارسی ٢٠٢٦**

**١٧ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## لە نێوان ئیرادەی دێموکراسی و خەونی دیکتاتۆردا






**شاڕوخ حەسەنزادە**

ڕاگەیاندنی هاوپەیمانیی پێنج حیزبی خەباتگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ٣ی ڕەشەممەی ئەمساڵدا، وەرچەرخانێکی مێژوویی و هەنگاوێکی دێموکراتیکی پڕبایەخ بوو بۆ یەکخستنی گوتار و خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان. ئەم یەکیەتییە کە هەڵقوڵاوی ئیرادەی جەماوەر و پێویستییەکی حاشاهەڵنەگری قۆناغی هەستیاری تێپەڕینە لە

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، جارێکی دیکە ئەو ڕاستییەی سەلماند کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان، هێزێکی ڕەسەن، زیندوو و خاوەن ئیرادەیە و وەک هەمیشە پێشەنگە لە تێکۆشان دژی هەموو فۆرم و شێوازەکانی ستەم و دیکتاتۆریەت.

ئەوەی لەم نێوەندەدا خاڵێکی یەکجار گرنگ و دەستکەوتێکی مێژوویی و بێوێنە بوو، ئەو شەپۆلە بەربڵاوە لە پشتیوانی و هاودەنگییە بوو کە دەستبەجێ دوای بەیاننامەکەی هێزەکانی هاوپەیمانیی کوردستان، لەلایەن نەتەوەکانی دیکەی ئێرانەوە، بەتایبەت تورک، عەرەب، بەلووچ و گیلەکەکانەوە بە شێوەیەکی فراوان نیشان درا. ئەم پشتیوانییە یەکگرتووە لە کورد لە بەرانبەر هێرشەکانی "ڕەزا پەهلەوی"، سەلمێنەری ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەیە کە هەڕەشەکانی پەهلەوی و بیرکردنەوە شۆڤێنیستییەکەی، تەنیا ڕوو لە کورد نییە، بەڵکوو شمشێرێکە ڕوو لە هەموو ئەو نەتەوانە دەکات کە خوازیاری مافی نەتەوایەتی و دێموکراتیکی خۆیانن.

ئەم هاوهەڵوێستییە مەزنە پەیامێکی ڕوون بوو کە کۆتایی بە قۆرخکاریی گوتاری ناوەند هێنا و نیشانی دا کە باوەڕمەند نەبوون بە ڕێژیم و سیستەمی پاشایەتی و ڕەتکردنەوەی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، خاڵی هاوبەشی زۆرینەی ڕەهای کۆمەڵگەی ئێرانە؛ لێرەشەوە جێگەی خۆیەتی وەک دەستکەوتێکی مەزن و هەنگاوێکی هیوابەخش، دەستخۆشی لە سەرجەم ئازادیخوازانی ئێران و نەتەوە بندەستەکان بکرێت.

بەڵام ئەوەی لە پەراوێزی ئەم پێشهاتە گرنگەدا جێگەی هەڵوێستە و تێڕامانە، کاردانەوەی بەپەلە، شڵەژاو و هێرشبەرانەی ڕەزا پەهلەوی بەرانبەر بەم هەنگاوە دێموکراتیکە بوو؛ هەنگاوێک کە لەسەر ئاستی نێوخۆی ئێران، ناوچەکە و تەنانەت جیهانیش پێشوازییەکی مەزن و بەربڵاوی لێ کرا. ئەم کاردانەوە نابەرپرسانەیە، زۆر زوو پەردەی لەسەر ڕوخساری ڕاستەقینەی عەقڵییەتی ڕەوتە ناوەندگەرا و توندئاژۆکان لادا و بە ڕوونی نیشانی دایەوە کە لە هزری ئەواندا، هیچ جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوان دیکتاتۆرییەتی لەناوچووی ڕابردوو و ستەمکاریی ئایینیی ئێستادا بوونی نییە و هەردووکیان لە یەک سەرچاوەی دەسەڵاتخوازییەوە ئاو دەخۆنەوە.

خوێندنەوەیەکی بابەتیانە و زانستی بۆ مێژووی سەردەم پێمان دەڵێت کە شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧، لە بۆشاییەوە دەستی پێ نەکرد و ڕووداوێکی لەناکاو نەبوو، بەڵکوو ڕاپەڕینێکی وشیارانە و ئاگاهانە بوو دژی دەیان ساڵ خەفەقانی سیاسی، سڕینەوەی فرەچەشنی و سیاسەتە سەرکوتکارانەکانی ڕێژیمی پەهلەوی دەرحەق بە نەتەوەکانی نیشتەجێی جوغرافیای ئێران. ئەو تێڕوانینە شۆڤێنیستییەی کە لەژێر دروشمی فاشستییانەی "یەک نەتەوە، یەک زمان، یەک ئاڵا" لەلایەن باوک و باپیری ناوبراوەوە بە زەبری هێزی نیزامی، دەزگا ئەمنییەکانی وەک ساواک بەسەر نەتەوەکانی ئەم

جوغرافیایەدا سەپێنرا، نەک هەر نەبووە هۆی یەکگرتوویی و نەیتوانی شوناسی گەلان بسڕێتەوە، بەڵکوو تۆوی لێکترازان، هەڵاواردنی سیستماتیک و برینێکی قووڵی خولقاند، کە کۆماری ئیسلامییش هەتا ئەمڕۆ لەسەر هەمان ڕێچکە و خولگە ناسۆرتری دەکاتەوە.

ئەدەبیاتی ئەمڕۆی ڕەزا پەهلەوی دەری دەخات کە ناوبراو نەک هەر ئامادە نییە بچووکترین ڕەخنە لە تاوانەکانی بنەماڵەکەی دژی ناسنامەی نەتەوە پەراوێزخراوەکان، پێشێلکارییە بەربڵاوەکانی مافی مرۆڤ، ٥٣ ساڵ دیکتاتۆری، چەوساندنەوە، گرتن، کوشتن و شاربەدەرکردنی باوانی بگرێت، بەڵکوو وێدەچێ لای خۆیەوە هێشتا خەون بە گەڕانەوە بۆ هەمان پێکهاتەی ناشیاو، نادێموکراتیک و پۆلیسییەوە دەبینێت.

هەڕەشە، هێرش، بەکارهێنانی دەستەواژەی سواو و تۆمەتبارکردنی بێبنەمای ئەو حیزبانەی کە دەیان ساڵە بە خوێنی پاکی ڕۆڵەکانیان قەڵغانی پاراستنی شکۆی مرۆڤن لە بەرانبەر زوڵمدا و فوو لە خۆڵەمێشی دێموکراسی دەکەن هەتا بگەشێتەوە، ڕێک کۆپیکردنەوەی هەمان ئەو ئەدەبیات و پڕوپاگەندە ژەهراوییەیە کە کۆماری ئیسلامی ٤٧ ساڵە بۆ چەواشەکاری بەکاری دەهێنێت. ڕاستییە تاڵەکە بۆ باڵادەستخوازان ئەوەیە؛ چ لە چوارچێوەی "ویلایەتی فەقیهـ"دا بن و چ لەژێر پەردەی "ناسیۆنالیزمی ڕادیکاڵ و پاشایەتی"دا، ئەم جۆرە گوتارانە تەنیا پاساوێکن بۆ ڕەوایدان بە سەرکوت، لەسێدارەدان، ئەشکەنجە و نکوڵیکردن لە مافە سەرەتاییەکانی نەتەوەکانی کورد، بەلووچ، عەرەب، تورک و تورکمان.

کەسێک کە لە بەرانبەر پێشکەشکردنی نەخشەڕێگایەکی دێموکراتیک و مەدەنی بۆ چارەسەری ستەمی نەتەوایەتی، هێڵی سوور دەکێشێتەوە و ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پشت بە هێزە ئەمنی و سەرکوتکەرەکان دەبەستێت بۆ کپکردنی داواکارییە ڕەواکان، کەمترین شەرعییەتی ئەخلاقی و سیاسیی هەیە بۆ ئەوەی باس لە ئازادی و دێموکراسی بکات. ئەم شێوازە بیرکردنەوەیە دەیسەلمێنێت کە ڕەوتی ناوەندگەرا، مانەوەی خۆی تەنیا لە دروستکردنی دوژمنی خەیاڵی، قەیرانخولقاندن و ترساندنی کۆمەڵگەدا دەبینێتەوە؛ ڕێبازێک کە مێژوو زۆر لەمێژە مۆری شکستی و بەسەرچوونی لێداوە.

پێویستە هەمووان بەتایبەت ڕەوتە ناوەندگەراکان ئەو ڕاستییە بزانن کە؛ دێموکراسی کاڵایەک نییە لە ناوەندەوە و بە دەستی ڕەوتێکی باڵادەستەوە وەک "سەدەقە" و خێر بەسەر نەتەوەکاندا دابەش بکرێت. دێموکراسیی ڕاستەقینە گرێدراوی ئیرادەی ئازاد، یەکسانی و مافی دیاریکردنی چارەنووسە. مسۆگەرکردنی پێکەوەژیانێکی ئاشتییانە و سەقامگیر لە جوگرافیای ئێراندا، تەنیا و تەنیا بە دەروازەی دادپەروەری، کۆتاییهێنان بە ستەمی نەتەوایەتی، سەلماندنی مافە بنەڕەتییەکان و چەسپاندنی سیستەمێکی لامەرکەزیدا تێدەپەڕێت، نەک بە هەڕەشە، زمانی هێز و سووکایەتیکردن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ڕەشەمەی ٢٧٢٥

حیزبە کوردستانییەکان، بە ئەزموونێکی درێژ، مێژوویەکی پڕ لە قوربانیدان و تێگەیشتنێکی قووڵەوە بۆ هاوکێشەکان، بە بڕیارەوە ڕایدەگەیەنن؛ ئێرانی داهاتوو لەبەردەم تەنیا دوو ڕێگادایە؛ یان لەسەر بنەمای سیستەمێکی لامەرکەزی، سێکۆلار، دانان بە مافە نەتەوایەتییەکان و یەکیەتییەکی ئارەزوومەندانە بنیاد دەنرێتەوە کە تێیدا هەمووان خۆیان بە خاوەنی بزانن، یان ئەگەر بڕیار بێت لە ئاگری کینە و پێداگری لەسەر ناوەندگەرایی و شۆڤێنیزمدا بمێنێتەوە، بێگومان و بەدڵنیاییەوە مەحکوومە بە هەڵوەشانەوە، لێکترازان و داڕمانی یەکجاری.

ئەو ئەدەبیاتە نزم و هەڕەشانەی ئەم دواییە، نەک هەر خەباتی گەلی کوردی سارد نەکردەوە، بەڵکوو ماهییەتی ڕاستەقینەی بانگەشەکارانی درۆینی دێموکراسیی ئاشکرا کرد و خزمەتێکی گەورەی بە وشیاربوونەوەی زیاتری گەلان کرد. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد و حیزبە پێشەنگەکانی، کە ڕەگیان لە ناخی کۆمەڵگە و ئیرادەی پۆڵایینی جەماوەردایە هەرگیز بەو هەڕەشانەی کە بۆنی خەفەقان، خوێن و دیکتاتۆریەتیان لێ دێت، پاشەکشە ناکەن. ئێمە بە شێلگیری، یەکریزی و باوەڕبەخۆبوونەوە لەسەر ڕێگای خەباتی ڕەوای خۆمان بەردەوام دەبین هەتا ئەو ڕۆژەی تەواوی مافە نەتەوایەتییەکانمان مسۆگەر دەکەین و سیستەمێکی دێموکراتیک و سێکۆلار لەسەر بنەمای بەهاکانی مافی مرۆڤ، لە پێناو داهاتوویەکی ڕووناک بۆ هەمووان، جێگیر دەبێت.

١٧ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥

---



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رەشەمەی ٢٧٢٥

# سوێندخواردن بۆ یەکپارچەیی خاک و دەسەڵاتی ناوەندخوازی، یان ڕێزگرتن لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد؟





محەمەدساڵح قادری

## پێشەکی:

باسێکی بەردەوام و سواو کە بەردەوام لە میدیا فارسییەکاندا، بەتایبەت لە کەناڵی «ایران انترناشناڵ" و "بی بی سی"ی

فارسی و "صدای آمریکا" لە وتووێژ لەگەڵ کەسایەتییە سیاسییەکانی کورد دەکرێ و وەک مەرجێک بۆ کاری هاوبەش لە ئاستی سەراسەریدا بەتایبەت لەگەڵ پاشایەتیخوازەکان دێتە گۆڕێ ئەوەیە: "ئایا ئێوە پابەندیی خۆتان بۆ یەکپارچەیی خاکی ئێران و جیانەبوونەوە دووپات دەکەنەوە؟"، "ئایا داخوازیی گەلی کورد بۆ مافە نەتەوەییەکانی، مەترسی نییە بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی ئێران؟" و. ...

ئەم پرسیارانە بە جۆرێک دادەڕێژرێن کە لە ڕواڵەتدا وەک بابەتێکی ڕەوا و بێلایەن دەربکەون، بەڵام لە ڕاستیدا ڕیشەی ئەم تێڕوانینە لە عەقڵییەت و گوتاری ناوەندخوازانە و پاوانخوازیی ناسیۆنالیزمی باڵادەستی فارسەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەم نووسینە هەوڵ دەدا تیشک بخاتە سەر نێوەرۆک و ئامانجی وروژاندنی ئەم باسە سواوە.

ئەوەی کەمە زانیارییەکی لەسەر مێژووی هاوچەرخی ئێران هەبێ، لێی ڕوونە کە ڕەزاخانی میرپەنج کە دامەزرێنەری پاشایەتیی پەهلەوی بوو، لە پێناو چەسپاندنی دەسەڵاتە دیکتاتۆری و ناوەندگەرایەکەیدا، چ تاوانێک نەما دەرهەق بە کورد نەیکات. لە تێرۆرکردنی سمکۆی شکاک و شەهیدکردنی تێکۆشەرانی ڕاپەڕینی ئاراراتەوە بگرە، تا کۆچی زۆرەملێی کوردانی ناوچەی ماکۆ بۆ شوێنە دوورەدەستەکان، لە کۆمەڵکوژیی خەڵکی ئیلام و لوڕستان ڕا بگرە هەتا کوشتنی چەندین سەرۆکهۆزی کورد لەو ناوچانە. هەروەها لە سەردەمی محەممەڕەزاشای کوڕیشیدا ڕووخاندنی کۆماری کوردستان و حکوومەتی میلیی ئازەربایجان، لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی و دەیان تاوانی دیکە دەرهەق بە خەڵکی کوردستان کراون. بۆیە ئێستا حەق وایە کوڕی محەممەڕەزاشا کە وەک ئەکتەرێکی سیاسی بۆ سەرۆکایەتیی ئێرانی داهاتوو خۆی پێشان دەدات، لەبری ئەو مەرجانەی بۆ ئەم و ئەوی دادەنێ پێش هەموو شتێک داوای لێبوردن لە کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران بکات و شەرمەزاریی خۆی بەرامبەر بەو مێژووە ڕەش و پڕ لە تاوانەی باب و باپیری دەرببڕێت، نەک داوا لە کورد بکات بەڵێنی پاراستنی یەکپارچەیی دەسەڵاتەکەی پێ بدەن.

لێرەدا دەکرێت بڵێین نیگەرانیی کوڕی شا پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران نییە، بەڵکوو مەبەستی پاراستنی پاوانخوازیی دەسەڵاتی ناوەندگەرا و نکۆڵیکردن و خۆدزینەوەیە لە دانپێدانان بە مافە یەکسانەکانی نەتەوەکانی ناو جوگرافیای سیاسیی ئێران. ئەگەر ئەو داخوازیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد بە "جیاییخوازی" لە قەڵەم بدات، پێویستە ئەوە بزانرێت سەربەخۆییخوازی لە وڵاتێکدا کە بەردەوام سەرکوت دەکرێ و بە هاونیشتمانی دانانرێ، نەک هەر تاوان نییە، بەڵکوو مافێکی ڕەوای کوردە. بەتایبەت کە مافی سەربەخۆییخوازی لە دەیان بەڵگەنامە و جاڕنامەی نێودەوڵەتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دانی پێدا نراوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ڕەشەمەی ٢٧٢٥

## بزووتنەوەی کوردستان جیاخوازییە، یان مافخوازی؟

لە گوتاری ناوەندخوازدا، هەر داواکارییەکی ڕەوای نەتەوەی کورد بە «جیاییخوازی» ناو دەبرێت و ئەوەش دەکەنە بنەمایەک بۆ ڕەوییدان بە سەرکوتکردنی. بەڵام لە تێڕوانینی یاسای نێودەوڵەتیدا، داواکردنی فیدراڵیزم، خودموختاری (خۆبەڕێوەبەری) یان تەنانەت سەربەخۆیی، نەک هەر تۆمەتی جیاییخوازییان ناخرێتە پاڵ، بەڵکوو هەموویان شێوازێکی دانپێدراوی یاساییین بۆ پیادەکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس. ئەوەی نایاسایی و ناڕەوایە؛ سەرکوتکردن، نکۆڵیکردن لە ناسنامەی نەتەوەیی و بەکارهێنانی هێزە بۆ سەپاندنی «تاکناسنامەیی» لەلایەن دەسەڵاتە دیکتاتۆرە ناوەندخوازەکانەوە. لێرەدا ئەوەی پشتگوێ دەخرێت، بەرپرسیارێتیی مێژوویی و سیاسیی ئەو دەسەڵاتانەیە کە لە ڕواڵەتدا خۆیان بە پارێزەری «یەکپارچەیی» دەناسێنن، بەڵام لە کردەوەدا بەهۆی پەیڕەوکردنی سیاسەتی هەڵاواردن و نکۆڵیکردن لە مافی یەکسانیی نەتەوەکان، گەورەترین مەترسییان بۆ سەر ئاشتیی کۆمەڵایەتی و یەکپارچەیی خاکی ئێران دروست کردووە.

## یەکپارچەیی خاک لە گوتاری سیاسی و یاساییدا:

مافی دیاریکردنی چارەنووس لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا، یەکێکە لە توخمە بنەڕەتییەکانی پرەنسیپی مافی نەتەوەکان بۆ بڕیاردان لەسەر پاشەڕۆژی خۆیان بەبێ جیاوازی. واتە ئەمە مافی هەر نەتەوەیەکە کە دەوڵەتی سەربەخۆی نیشتمانیی خۆی دابمەزرێنێت، یان ببێتە بەشێک لە دەوڵەتێکی سەربەخۆی دیموکراسی. ئەم بابەتەش ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە نەهێشتنی دەسەڵاتی ڕژێمی داگیرکەر و دیکتاتۆرەوە هەیە. لە چەندین بەڵگەنامەی نێودەوڵەتیدا، وەک جاڕنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٧٠دا و هەروەها جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ و بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش، بە ڕوونی ئاماژە بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان بەبێ جیاوازی دراوە و وەک بنەمایەکی سەرەکیی یاسا نێونەتەوەییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوە ژێردەستەکان پەسند کراوە.

هەروەها پێشتریش لە پەیماننامەی ئەتڵەسیدا (١٩٤١) پێداگری لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوە ژێردەستەکان کراوەتەوە. ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە ساڵی ١٩٥٠دا، دانی بەو مافەدا ناوە. بەم شێوەیە، ناساندنی مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک پرەنسیپێکی سەرەکیی یاسای نێودەوڵەتی جێگیر کراوە. بڕیارنامەکانی ژمارە ٢١٣١، ٣٠/٣٤٢١، ٢٩/٢٢٤٥، ٣٠/٣٣٨٢ی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەروەها بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بە ژمارە ٥٤٥ و ٦٣٧ لە ساڵی ١٩٥٢ و بڕیاری ژمارە ١٥١٤، لەم بارەیەوە زۆر ڕوونن؛ هەموو نەتەوەیەک بۆی هەیە بەوپەڕی ئازادییەوە خاوەنی دەستووری سیاسیی خۆی بێت و بڕیار لەسەر چارەنووسی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتووری و کارگێڕیی خۆی بدات،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەبێت وڵاتانی خاوەن سەروەرییش ڕێز لەو بڕیارە بگرن.

نێوەرۆکی کۆی ئەو بڕیارانە لە یەک خاڵی هاوبەشدا کۆ دەبنەوە، ئەویش ئەوەیە: هەر گرووپێکی مرۆیی تایبەت، تەنانەت ئەوانەی لەناو سنووری دەوڵەتێکی سەربەخۆشدا دەژین، مافی ئەوەیان هەیە بە شێوەیەکی ئازادانە و بەبێ جیاوازی بڕیار لەسەر دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بدەن. ئەرکی دەوڵەتە خاوەن سەروەرییەکانیشە ڕێز لەو بڕیارە بگرن و هەر چەشنە دژایەتییەک بەرامبەر بەو مافانە، بە پێشێلکردنی یاسا پەسندکراوە نێودەوڵەتییەکان ئەژمار دەکرێت.

پێویستە مافی نەتەوەکان لەنێو دەوڵەتێکی فرەنەتەوەی وەک ئێراندا بە جۆرێک بچەسپێنرێت کە هەموو نەتەوەکان بتوانن سیستەمی سیاسیی خۆیان هەبێت و مافی بەرگریکردن لە خۆیان و بەرپەرچدانەوەی هەر جۆرە زۆرداری و چەوسانەوەیەکی نەتەوایەتییان هەبێت. تەنیا ئەو کاتە بناغەی ڕێککەوتن و پێکەوەژیانی دادپەروەرانە و ئاشتییانە لەنێوان نەتەوەکاندا لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی یەکگرتووی فرەنەتەوەدا سەر دەگرێت. یەکگرتن لەناو دەوڵەتێکی سەربەخۆدا، بەپێی بڕیاری ژمارە ١٥/١٥٤١ی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەبێت بە ڕەزامەندی و یەکسانیی تەواوی نێوان نەتەوەکان بێت. پێویستە هەموو نەتەوەکانی پێکهێنەری ئەو یەکێتییە، دەستوورێکی یەکسان و مافی هاونیشتمانیبوونی وەک یەکیان بەبێ جیاوازی هەبێت. هەموویان دەبێت بەپێی دەستووری گشتی، بوار و دەرفەتی یەکسانیان بۆ نوێنەرایەتی و بەشداری لە هەموو ئاستەکانی دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەریدا هەبێت. بەپێی بڕیارنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، سەربەخۆیی نەتەوەکان نابێت تەنیا لە ڕەهەندی سیاسییەوە کورت بکرێتەوە، بەڵکوو دەبێت لە ڕەهەندی ئابووریشەوە بە هەمان شێوە پەیڕەو بکرێت؛ چونکە سەربەخۆیی سیاسیی نەتەوەکان ڕاستەوخۆ بە سەربەخۆیی ئابوورییەوە بەستراوەتەوە، کە ئەمەش تۆخمێکی سەرەکیی نێوەرۆکی مافی دیاریکردنی چارەنووسە.

**بەپێی ماددەی ١ی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و بڕیارنامەی ١٥١٤ی ساڵی ١٩٦٠، مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەکان بە دوو ڕەهەند پێناسە دەکرێت:**

١- **نێوخۆیی:** مافی گەلان بۆ بەشداریی سیاسیی یەکسان و دادپەروەرانە لە سیستەمی فەرمانڕەواییدا.
٢- **دەرەکی:** لە کاتێکدا نەتەوەیەک بە شێوەیەکی سیستماتیک لە مافە بنەڕەتییەکانی بێبەش دەکرێت و دەوڵەت نوێنەرایەتیی هەموو پێکهاتەکان ناکات، مافی جیابوونەوە وەک بژاردەیەکی یاسایی دێتە کایەوە.

پڕەنسیپی یەکپارچەیی خاک بۆ پاراستنی وڵاتانە لە دەستێوەردانی دەرەکی، نەک وەک پاساوێک بۆ بێبەشکردنی گەلان لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نێوخۆدا. جاڕنامەی ١٩٧٠ی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕوونی دەکاتەوە کە تەنیا ئەو دەوڵەتانە مافی پاراستنی یەکپارچەیی خاکیان هەیە کە خاوەنی حکومەتێکی نوێنەرایەتیکار بن و جیاکاری لە نێوان گەلەکانیاندا نەکەن. بەم پێیە بێت، ئەگەر مەترسییەک لەسەر «پاراستنی خاک» هەبێت، دەبێت سەرەتا بەرۆکی دەسەڵاتەکان بگرێت، نەک نەتەوە ژێردەستەکان کە بۆ وەدیهێنانی سەروەری و مافە ڕەواکانیان خەبات دەکەن. خەبات بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی یاسای نێودەوڵەتی و لە جاڕنامەی ١٩٧٠ی نەتەوە یەکگرتووەکاندا وەک مافێکی ڕەوا دەستنیشان کراوە.

**ئەم بنەمایە جەخت لەم خاڵانە دەکاتەوە:**

١- هەر نەتەوەیەک مافی هەیە بە ئازادی بڕیار لەسەر سیستەمی سیاسی و داهاتووی خۆی بدات.
٢- لە دەوڵەتە فرەنەتەوەکاندا، یەکگرتن تەنیا کاتێک ڕەوایەتیی هەیە کە لەسەر بنەمای «ڕەزامەندی» بێت، نەک سەرکوت.
٣- دەبێت یەکسانیی سیاسی و ئابووری هەبێت و هەموو جۆرە چەوسانەوە و ناوەندگەراییەک وەلابنرێت.

**بابەتی لەدەستدانی خاک:**

سەبارەت بە پرسی یەکپارچەیی خاکی ئێران، دەبێت ڕەزای پەهلەوی پێش هەموو کەس و لایەنێک، باب و باپیری خۆی تاوانبار بکات کە لە قۆناغە جیاجیاکاندا چەندین پارچە لە خاکی ئێرانیان بە وڵاتانی دیکە بەخشیوە. لە سەردەمی دەسەڵاتی ڕەزاشای پەهلەویدا، بەشێک لە خاکی ئێران بە شێوەیەکی فەرمی یان لە ڕێگەی ڕێککەوتننامە سنوورییەکانەوە بە وڵاتانی دراوسێ بەخشرا یان لە دەست درا. لە سەرچاوە مێژوویی و سیاسییەکانی ئێراندا، ئەم بابەتە زۆرجار بە "بەخشینی خاک" (واگذاری خاک) ناوزەد دەکرێت. زۆربەی ئەم گۆڕانکارییانە لە چوارچێوەی "ڕێککەوتنی سنووری"دا بوون؛ بە جۆرێک کە ئێران ڕووبەرێکی زۆری لە خاکەکەی بەخشیوە و لە بەرامبەریشدا یان هیچ دەستکەوتێکی نەبوو، یان تەنیا ڕووبەرێکی زۆر کەمی وەرگرتووە.

**با ئاوڕێک لە مێژووی دەسەڵاتی پەهلەوی بدەینەوە کە چۆن خاکی وڵاتیان پارچەپارچە کردووە:**

**١- سەردەمی ڕەزا شا** (١٩٢٥ - ١٩٤١):

لە ساڵی ١٩٣٠ لەسەر داوای دەوڵەتی تورکیە و بە مەبەستی گەمارۆدانی ناوەندی ڕاپەڕینی کوردان لە ئارارات و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تێکشکاندنی جووڵانەوەی کورد، ئەم ناوچە ستراتیژییەی پێشکەش بە تورکەکان کرد، تاوەکوو هێزەکانی تورکیە بتوانن لە دیوی ئێرانەوە هێرش بکەنە سەر شۆڕشگێڕانی کورد و گەمارۆیان بدەن. سەرەنجام ناوچەی «ئاraراتی بچووک» و دەوروبەری لە ساڵی ١٩٣٢دا بەپێی ڕێکەوتنێکی سنووری بە فەرمی دران بە تورکیە.

ڕەزاشا سەبارەت بەم سازشە مێژووییە گوتبووی: «گرنگیی ئەم تەپۆڵەیە نییە، ئەوەی گرنگە دۆستایەتیی تورک و ئێرانییە». ئەم بڕیارە لە مێژووی ئێراندا وەک یەکێک لە گەورەترین خیانەتەکانی ڕەزاشا بۆ پارچەکردنی خاکی وڵات و هاوکاریکردنی دەوڵەتی تورکیە بۆ لەنێوبردنی سەرهەڵدانی ئاraراتی کوردەکانە.

٢- ناوچە سنوورییەکانی باکووری ڕۆژهەڵات (گوندەواری فیرووزە):

هەرچەندە لە سەردەمی ڕەزاشادا هیچ واژۆیەکی نوێ بۆ دابڕانی ئەم ناوچانە نەکرا، بەڵام ئەو ناوچانەی لە سەردەمی قاجارەکانەوە لەلایەن ڕووسیەوە داگیر کرابوون (وەک ناوچەی فیرووزە لە تورکمانستانی ئێستا)، هیچ هەوڵێکی جیدی بۆ گەڕاندنەوەیان نەدرا. بە پێچەوانەوە، بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی "بێدەنگیکردن"، مەلەفی ئەم ناوچانە داخرا و بە فەرمی لەدەست چوون، کە دواتر لە سەردەمی محەممەدڕەزا شای کوڕیدا ئەم دابڕانە کۆتایی پێ هات.

٣- لە پەیماننامەی سەعدئاباد (١٩٣٧)دا:

بەشێک لە ناوچەی «دەشتی نائومێد» بە ئەفغانستان سپێردرا. لەو پەیماننامەیەدا نزیکەی ٣ هەزار کیلۆمەتری دووجا لە خاکی ڕۆژهەڵاتی ئێران بە ئەفغانستان بەخشرا. ئەم بڕیارە لە کاتێکدا بوو کە ئێران هیچ بەرژەوەندییەکی ئابووری یان مافێکی ئاویی لە ڕووباری هیرمەند دەست نەکەوت. دواتر ئەفغانستان بە دروستکردنی بەنداو لەسەر ئەو ڕووبارە، پشکی ئاوی ئێرانی کەم کردەوە و کێشەیەکی گەورەی بۆ ناوچەی سیستان دروست کرد.

## ڕووداوە سنوورییەکان لە سەردەمی محەممەدڕەزا شادا:

١- لە سەردەمی محەممەدڕەزا شا (١٩٤١ - ١٩٧٩)دا: بەشێک لە خاکی ئێران بە فەرمی لەدەست چوو یان بەپێی ڕێککەوتن ڕادەستی وڵاتانی تر کرا. جیاکردنەوەی «بەحرەین» (١٩٧١) وەک گەورەترین پاشەکشە لە خاکی ئێران تۆمار کرا. سەبارەت بە پرسی بەحرەین؛ لە سەردەمی ڕەزاشادا ئێران هێشتا داوای گەڕاندنەوەی دەکرد و بە فەرمی دەستبەرداری


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەببوو، بەڵام فشارێکی کردەیی و جیددیشی بۆ نەدەهێنا. جیابوونەوەی فەرمیی بەحرەین لە ساڵانی ١٩٧٠ - ١٩٧١ و لە سەردەمی محەممەدڕەزا شادا ڕوویدا. ئەمە گەورەترین و ناسراوترین حاڵەتی "لەدەستدانی خاک" بوو لەو سەردەمەدا.

بەحرەین لە سەردەمی قاجارەوە لە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیادا بوو، بەڵام ئێران هەمیشە وەک بەشێک لە خاکی خۆی دەیناساند و لە سەردەمی شادا وەک "پارێزگای چواردەیەم" ناو دەبرا. ساڵی ١٩٦٨، شا لە چاوپێکەوتنێکدا ڕایگەیاند: "ئەگەر خەڵکی بەحرەین نەیانەوێت بگەڕێنەوە سەر ئێران، ئێمە بە زەبری هێز نایانگەڕێنینەوە".

٢- ڕێککەوتننامەی ئەلجەزائیر ١٩٧٥: ئەم ڕێککەوتنە لەگەڵ حکوومەتی عێراق واژۆ کرا کە ئامانجەکەی مامەڵەکردن بوو بە شۆڕشی ئەیلوول و بارزانییەکانەوە. شا لە بەرامبەر بڕینی هاوکارییەکانی بۆ شۆڕشی کورد، توانی دانپێدانانی عێراق بۆ "هێڵی تالڤێگ" (هێڵی ناوەڕاستی شەتولعەرەب) بەدەست بهێنێت. هەروەها بەشێکی بچووکی خاکی ئێرانی (نزیکەی ٣٠٠—٥٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشە لە ناوچەکانی زەینەلکەوس و سەیف سەعد) بۆ عێراق گەڕاندەوە. دواتر سەدام حوسێن لە ساڵی ١٩٨٠ ئەم ڕێککەوتننامەیەی هەڵوەشاندەوە، کە بوو بە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەڵگیرسانی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراق.

٣- لە ڕێککەوتنە سنوورییەکانی نێوان ئێران و یەکیەتیی سۆڤیەت (١٩٥٧ - ١٩٥٨ز / ١٣٣٦ - ١٣٣٧ی ک.هـ). لەو ڕێککەوتننامەیەدا شارۆچکەی "فیروزە" کە پێشتر لەلایەن سۆڤیەتەوە داگیر کرابوو، بە فەرمی بەو وڵاتە بەخشرا و لە خاکی ئێران جیا کرایەوە.

شایانی باسە زۆربەی ئەم گۆڕانکارییانە لە ڕێگەی "سازشی سیاسی و دیپلۆماسی"یەوە بوون، نەک بەهۆی جەنگ و داگیرکاریی سەربازییەوە. زۆرێک لە مێژوونووسان و ڕەخنەگران ئەم هەنگاوە وەک "بەخشین" یان "خیانەت" ناو دەبەن؛ چونکە شا لە ژێر فشاری بەریتانیا و وڵاتانی عەرەبیدا بە ئاشکرا دەستی لێ هەڵگرت.

لێرەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت، بەپێچەوانەی ئەو پروپاگەندەیەی ناوەندخوازەکان کە کورد بە مەترسی بۆ سەر خاک دەزانن، مێژوو ئەوە دەسەلمێنێت کە دەسەڵاتە ناوەندخوازەکان، پرسی یەکپارچەیی «خاک»یان تەنیا وەک کارتێکی گوشار بۆ مانەوە لە دەسەڵات بەکار هێناوە، نەک وەک پیرۆزییەکی نەتەوەیی و نیشتمانی. پرسی یەکپارچەیی خاکی ئێران و داخوازییە سیاسییەکانی گەلی کورد، دوو بابەتی لێک جیاوازن. «مافی دیاریکردنی چارەنووس» وەک پرەنسیپێکی بنەڕەتی لە یاسای نێودەوڵەتیدا ناسراوە. گوتاری ناوەندخواز بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاک، زیاتر ئامرازێکی سیاسی بووە بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرکوت، نەک پارێزگاری لە سەروەریی نیشتمانی؛ چونکە مێژووی دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران پڕە لە دەستبەرداربوون لە خاک بۆ بەرژەوەندیی مانەوەی دەسەڵات.

## پوختەی باسەکە:

ئەزموونە مێژووییەکان سەلماندوویانە کە کاریگەرترین ئامراز بۆ لەنێوبردنی داگیرکاری، ژێردەستەیی و تواندنەوە، لای بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکان بریتییە لە ڕاپەڕینی جەماوەری و گرتنەبەری هەموو شێوازەکانی بەرگریی ڕەوا، بە خەباتی چەکداریشەوە، لە پێناو ڕزگاریی نەتەوە و نیشتمانەکەیان. ئەم شێوازە خەباتەش بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکانی سەردەم ڕەوایەتیی پێ دراوە و ئەم ڕەوایەتییەش لە بەرهەڵستیکردنی ستەم، نادادی و داگیرکاریی دوژمنەوە سەرچاوە دەگرێت. لەم پێوەندییەدا شیاوی باسە کە دەقە یاساییە نێودەوڵەتییەکان بە ڕوونی هەڵگیرساندنی شەڕ و هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان شەرمەزار دەکەن، بەڵام تەنیا شەڕێکی ڕێگەپێدراوی یاسایی لە بارودۆخی ئەمڕۆدا، شەڕی خۆپاراستنی ڕەوای نەتەوەکانە. بەپێی ئەو یاسایانە، لە هەندێک بارودۆخی تایبەتدا ڕێگە بە بەکارهێنانی هێزی چەکداری دراوە، بە مەرجێک لەگەڵ ئامانجە ڕەواکانی بزووتنەوەکەدا بگونجێت. بەو پێیە، یاسای نێودەوڵەتی ڕێگە بە هەر نەتەوەیەک دەدات لە پێناو پاراستنی ژیان، سەربەخۆیی نیشتمان، سامان و سەرچاوە سروشتییەکانی، دژ بە داگیرکەران پەنا بۆ خەباتی چەکداری ببات. بە کورتی، لە پێناو دەستەبەرکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس، بەدەر لە کردەوەی تیرۆریستی، ڕێگای یاسایی بۆ بەکارهێنانی هەموو شێوازێکی خەباتی ڕەوا بە چەکداریشەوە بۆ بزووتنەوەکان والایە.
بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی هەر نەتەوەیەک، بە بەرپاکردنی ڕاپەڕین و خۆڕێکخستن لە ناوچەیەکی ڕزگارکراوی نیشتمانەکەیدا، دەکرێت وەک قەوارەیەکی یاسایی نێودەوڵەتی بناسرێت و لەسەر ئاستی جیهانی دەرفەتی پێ بدرێت نوێنەرایەتیی خواستەکانی خۆی بکات.

## ئەنجامگیری:

پێویستە پرسیارەکە بەم شێوەیە ئاراستە بکرێت: مەترسیی ڕاستەقینە بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی ئێران کێیە؟ ئەو نەتەوەیەی داوای مافە سەرەتاییەکانی دەکات، یان ئەو دەسەڵاتەی بە ناوی یەکپارچەیی، هەموو چەشنە چەوسانەوەیەک پەیڕەو دەکات؟ پێویستە بزانرێت یەکپارچەیی بە زۆرەملێ و بە سوێندخواردن، تەمەنی کورتە؛ بەڵام یەکگرتن لەسەر بنەمای دادپەروەری و یەکسانی، پایەدار و بەردەوام دەبێت.

مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ کوردەکان تاوان نییە، بەڵکوو بنەمایەکی یاسایی و ئەخلاقییە بۆ پێکەوەژیانێکی نوێ و


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ڕەشەمەی ٢٧٢٥**

ئارەزوومەندانە. ئاشتی و یەکپارچەیی تەنیا ئەو کاتە بەدی دێت کە مافی گەلان بەبێ جیاوازی و هەڵاواردن بە فەرمی بناسرێت و یەکگرتن بە ڕەزامەندی بێت، نەک بە زەبری هێز و سوێندی درۆینە. بۆ گەیشتن بە سەقامگیریی سیاسی لە ئێراندا، پێویستە گوتاری «سوێند بۆ یەکپارچەیی» شوێنی خۆی بۆ گوتاری «ڕێزگرتن لە مافەکان» چۆڵ بکات. چارەسەری سیاسی لە سیستەمێکی دیموکراسی و فرەنەتەوەدایە کە تێیدا یەکگرتن نەک بە زۆرەملێ، بەڵکوو لەسەر بنەمای پەیمانێکی کۆمەڵایەتیی نوێ بونیات بنرێت.

***

سەرچاوەی یاسایی:

د. ئیبراهیم شێخ مەحموود، چارەسەری کێشەی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی پرەنسیپی مافی بڕیاردانی چارەی خۆنووسینی گەلاندا

**١٧ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## تورکیە پێویستە ڕاستینەی نەتەوەکانی ئێران ببینێ





**عەزیز مەعرووفی**

ڕۆژی شەممە، ٢٨ی فێبریوەری، ئەمریکا و ئیسرائیل پێکەوە هێرشێکی مێژووییان بۆ سەر ئێران دەست پێ کرد. لە یەکەم ساتی بۆردوومانەکاندا، ژمارەیەکی بەرچاو لە سەرانی ڕێژیم و بەتایبەت خامنەیی دیکتاتۆریان ئازایانە ئەنگاوت. بەو هێرشانەی لە هەفتەی ڕابردوودا کراون، ڕێژیمی شەکەت و ماندووی تارانیان بەرەو دارمانی یەکجاری پاڵ پێوە ناوە؛ هەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆیە ئەو دۆخە دەرفەتێکی یەکجار زێڕینی بۆ سەرجەم نەتەوەکانی ئێران و لە ڕیزی هەرە پێشەوەیان بۆ نەتەوە ژێردەستەکانی نێو ئەو چوارچێوە جوگرافیایە بە زۆر پێکەوەلکێنراوە و بەتایبەت بۆ نەتەوەی کورد خولقاندووە. بەو پێیەی لە ساتەوەختێکی گرنگی مێژووییداین و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەستێرەی ڕزگاریی بەرەو درەوشانەوە دەچێ، بە پێویستی دەزانین ئاوڕێک لە گوێئاخنینی تورکیە لە مەسەلەیەکی ئاڵۆز و هەر لەو کاتەدا مێژوویی و گرنگ کە ئەویش ڕاستینەی نەتەوەکانی ئێران و بەتایبەت نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمانەکەیدایە، بدەینەوە.

تورکیە سنوورێکی ٥٣٤ کیلۆمەتری لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە؛ بە زمانێکی باو دەبێ بڵێین ئەو سنوورە، سنووری دوو بەشی بەزۆر لێکدابڕاوی باکووری کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. بۆیە تورکیە وەک وڵاتێکی دراوسێ گرنگیی تایبەتی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە. دەوڵەتی تورکیە بە درێژایی زیاتر لە سەد ساڵی ڕابردوو، بە ئینکار و حاشاکردن لە مەسەلەی کورد ناوی دەرکردووە؛ نەک هەر لە باکووری کوردستان بەڵکوو لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا لە کۆسپداتاشین، دوژمنایەتی و تەنانەت پەلاماردانیش نەپرینگاوەتەوە. ئەوەش لە ترسی ئەو وڵاتە بۆ مەسەلەی کورد لە تەواوەتیی خۆیدا سەرچاوە دەگرێ؛ چونکە ئازادی و ئازادبوونی هەر بەشێک لە بەشەکانی کوردستان، تۆوی هیوای ئازادی لە بەشەکانی دیکەشدا بەخێرایی چەکەرە دەکا؛ ئازادییەک کە دەبوو ئەو وڵاتە وەک دەرفەت نەک مەترسی چاوی لێ کردبایە.

جموجۆڵەکانی تورکیە لە دژایەتیکردنی کورد لە ساڵی ٢٠١١ـەوە لەگەڵ هاتنی شۆڕشی بەهاری عەرەبی پانتاییەکی بەرچاوتری بەخۆوە گرتووە. دژایەتیی کەموێنەی خۆی لە ڕۆژاوای کوردستاندا بەوپەڕی گەیاند، هەر بۆیە لەو سۆنگەیەوە لە هەلومەرجی ئێستادا کە تێکڕای ناوچەکە، ئێران و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەریکە شنەبای گۆڕانکارییەکان زێڕەوشانی دەکا،

## لەو بارەیەوە چەند ڕاستییەک وەبیر تورکیە دەهێنینەوە:

تورکیە زۆر لەمێژە دژایەتیی قووڵی خۆی لە هێرش بۆ سەر ئێران دەربڕیوە، لە شەڕی ١٢ ڕۆژەدا زۆرتر لاگیری ڕێژیمی ئێران بوو. لەو دوایین هێرشەشدا سەرەڕای سێ هەفتە ئەمریکای بۆ وتوویژ لەگەڵ ئێران ڕاکێشا، بەو حاڵەش دژایەتیی خۆی لەگەڵ هێرشی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر ئێران نەشاردۆتەوە. ئەوەش هۆی خۆی هەیە وەک؛ ترسی لە باڵادەستیی ئیسرائیل و ئەمریکا لە ناوچەکە و تەنینەوەی وڵاتەکەی بە ئاڵوگۆڕەکان. پێکهاتنی ئاڵوگۆڕی قووڵ لە ئێران یان ڕووخانی، دەرفەتێکی لەمێژینە بۆ نەتەوەکانی ئێران و یەک لەوان بۆ کورد بەدواوە دەبێ. ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە.

ئەگەر چاوێک لە حەشیمەت و ڕووبەری دانیشتووانی ئێران بکەین، دەکرێ بڵێین حەشیمەت و ڕووبەری نەتەوەکانی ئازەری، کورد، بەلووچ، لوڕ، عەرەب و تورکمەن لەسەر یەک، لە هی نەتەوەی باڵادەست زۆرتر نەبێ کەمتر نییە. لەو وڵاتە ٩٠ ملیۆنییەدا حەشیمەتی ئازەری ٢٥ ملیۆن و کورد بە زیاتر لە ١٢ ملیۆن دەخەملێندرێ. لە کاتێکدا پێکهاتەی نەتەوە لە تورکیە بە شێوەی سەرەکی لە دوو نەتەوەی تورک و کورد پێک دێ؛ لە کۆی حەشیمەتی ٨٧ ملیۆنی ئەو وڵاتە، کورد لە باکووری کوردستان لانیکەم ٣٠ ملیۆنە.

تورکیە لە ئاست واقیعییەتی نەتەوەکانی ئێران خۆی دەبوێرێ، بۆیە بەردەوام هەوڵی بەلارێدابردنی ئەو واقیعییەتە دەدات. بۆ گەیشتن بەو خەونەی، هەوڵ دەدات ئەزموونی ڕۆژاوای کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دووپات بکاتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو وڵاتە لەو بارەیەوە زۆر بەهەڵەدا چووە؛ چونکە: یەکەم، سروشت و هەڵکەوتەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەباری ڕووبەر، پانتایی و حەشیمەتەوە لەگەڵ ڕۆژاوای کوردستان بۆ بەراورد نابێ. دووەم، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کورد خودان خەباتی لانیکەم هەشتا ساڵەیە، واتە خاوەن پێشینەیەکی بەنرخ و زێڕینە لە خەباتی نەتەوایەتیدا؛ لە بوارەکانی مەدەنی، سیاسی، دیپلۆماسی و تەنانەت چەکداریشدا مێژوویەکی ئەوەندە دەوڵەمەندی هەیە کە دۆستەکانی شاهیدی بۆ دەدەن و دوژمنەکانی ناتوانن حاشای لێ بکەن؛ بۆیە ڕەوڕەوەی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پاش شەڕی دووەمی جیهانییەوە لەسەر تەوەرەی نەتەوایەتیی پێشکەوتنخواز دەڕواتە پێش.

دیارترین حیزبی ئەو گۆڕەپانە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. لە یەک وتەدا دەتوانین بڵێین کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا خاوەن حیزبی پێشەنگ و پێشڕەوە کە پشتئەستوورە بە ئیرادەی جەماوەریی خەڵکی کوردستان. کەچی ڕۆژاوای کوردستان بەهۆی هەڵکەوتەی سروشتی و کەمیی حەشیمەت، ئەو شانسەی نەبووە ئەزموونی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تاقی بکاتەوە. سەرەڕای ئەوانەش، ئاڵوگۆڕەکانی ١٥ ساڵی ڕابردووی ڕۆژاوای کوردستان لەگەڵ ئەوەی کە تورکیە پارتی کرێکارانی کوردستانی لەوێ کردە بیانوو، بەڕوونی دەریخست کە تورکیە بە خەونەکانی لەو بەشەی کوردستاندا نەگەیشت؛ شتێک کە هەرگیز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێی ناگا. بەڵام هەر وێڕای ئەوەش، دەوڵەتی تورکیە دەبێ زۆر چاک بزانێ کە هاتوچۆکانی دوو هەفتەی ڕابردووی وەفدەکانی "دەم پارتی" بۆ ئیمراڵی و بڵاوکردنەوەی لێکدای وتە و ڕاسپاردەکانی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ئیرادەی پتەوی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەلارێدا نابات.

کاربەدەستانی تورکیە وەک ڕەجەب تەییب ئەردۆغان، دەوڵەت باخچەلی و هاکان فیدان وەزیری دەرەوە و وەزارەتی بەرگریی ئەو وڵاتە، لە ماوەی تەنیا دوو هەفتەی ڕابردوودا چەندین جار هەڕەشەیان لە کورد کردووە. هاکان فیدان لە کاردانەوە بە پێکهاتنی "هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران" دەڵێ: ئێمە لە نزیکەوە جموجۆڵەکانی ئەو هاوپەیمانییە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رەشەمەی ٢٧٢٥

دەخەینە ژێر چاوەدێری. ئەردۆغان، باخچەلی و وەزارەتی بەرگرییەکەشیان، وێڕای ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە ئیسرائیل و ئەمریکا، قسە لە دابەشبوون و تێکچوونی یەکێتیی خاکی ئێران دەکەن و هەڕەشەی دەستتێوەردان دەکەن. ئەو هەڕەشە و گوڕەشانەی کاربەدەستانی تورکیە هیچ چەشنە پاساوێک هەڵناگرن، چونکە وەک لەسەرەوە وتمان، کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا خاوەن خەباتێکی نەتەوایەتیی پێشکەوتووە. ئێستاش کە "هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران" پێکهاتووە، ڕوونە کە بڕبڕە و ئەستوونی هەرە قایمی ئەو هاوپەیمانییە لەو هێزانە پێکهاتووە کە ئەزموونی خەبات و تێکۆشانیان دژ بە هەردوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی هەیە؛ چلوحەوت ساڵە دەریایەک خوێنیان لە شەڕ لەگەڵ ڕێژیمی تیرۆریست و دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامیدا داوە. حیزبی دێموکرات سێ ڕێبەری لەو ڕێگایەدا شەهید بوون، کۆمەڵە و حیزبی پاک لەو هێزانەی نێو هاوپەیمانییەکەن کە ڕێبەریان لە خەبات دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا شەهید بووە؛ بۆیە چاوسوورکردنەوەی ئەو وڵاتە لە خەباتی درەوشاوەی کورد، پاساوێکی بێبنەمایە و تەنیا بۆ سیاسەتی ئینکاری ڕاستینەی نەتەوەکانی نێو ئێران دەگەڕێتەوە. جیا لەوەش ئێمە لە سەردەمی کۆماری کوردستان و کۆماری فیرقەی ئازەربایجاندا بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەممەد و جەعفەر پێشەوەری، ئەزموونی هاوپەیمانی و یەکێتی و برایەتیمان لەتەک ئازەرییەکاندا هەیە کە بێگومان ئەو هاوپێوەندییە شانازییەکەی بۆ هەر دوو نەتەوەی کورد و ئازەری دەگەڕێتەوە.

ئەگەرچی تورکیە بە هەموو ڕێگەیەک هەوڵ دەدات ڕۆڵی دەمڕاستی بۆ نەتەوەی ئازەری لە ئێران بگێڕێ، بەڵام نەتەوەی ئازەری پێویستە بە کردەوە ئەمجارەش هەروەک ڕابردوو بیسەلمێنن کە لەگەڵ کورد دوو نەتەوەی چەوساوەی بەشخوراون کە شانبەشانی یەکتر شەڕی ماف و ئامانجەکانی خۆیان دەکەن و مەترسی نین بۆ سەر یەکتر و خاک و وڵاتانی دراوسێ. تورکیە کە بێگومان بە وەها یەکێتییەک قەڵسە و هەوڵ دەدا ئاڵوگۆڕ و پێشهاتەکانی ئێران و ناوچەکە بەلاڕێدا ببا و تۆوی دووبەرەکی بوەشێنێ؛ تورکیەیەک کە بە پاساوی یەکێتیی خاکی ئێران پشتیوانی لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەکات و بە پێچەوانەی واقیعییەتی ڕاستینەی نەتەوەکانی ئێران دەجووڵێتەوە، هەرگیز ناتوانێ دڵسۆزی نەتەوەکانی ئێران و یەک لەوان برا ئازەرییەکانمان بێ.

١٨ی رەشەمەی ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# گوتاری تاران؛ لە نێوان شۆکی شەڕ و تاکتیکی مانەوەدا





**پێشەوا عەلیپوور**

پاش تێپەڕینی ٧ ڕۆژ لە دەستپێکی هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران و شڵەژانی نێوخۆیی ڕێژیم، مەسعوود پزیشکیان لە پەیامێکی ڤیدیۆیی کتوپڕدا، ڕووی گوتارەکەی ئاراستەی حیزبە کوردستانییەکان و وڵاتانی دراوسێ کرد. ئەم پەیامە کە لەژێر گوشاری قەیراندا دەرچوو، هێشتا مەرەکەبەکەی وشک نەبووەوە کە لە لایەن "مۆحسینی ئێژەیی" و فەرماندەکانی

سوپای پاسدارانەوە ڕەخنەی لێ گیرا و بەشێکی ڕەت کرایەوە. ئەوەی لەم نێوەندەدا جێی تێڕامانی سیاسییە، گۆڕینی کتوپڕی تۆنی ئاخاوتنی سەرۆککۆمار بوو؛ ئەو بەبێ بەکارهێنانی چەمکە باوەکانی وەک "جیاخوازی"، بە زمانێکی نەرم و لێپاڕانەوە داوای چارەسەری کێشەکانی دەکرد. هاوکات "لاریجانی"یش، بە "نێوخۆیی" ناساندنی پرسی کورد، هەوڵی دا لە زبریی گوتاری چەند دەیەی ڕابردووی ناوەند کەم بکاتەوە.

بەرپەرچدانەوەی ئەم گوتارە پێویستی بە وردبوونەوە لە مێژوو هەیە؛ دەبێ بە ڕاشکاوی بە کاربەدەستانی تاران بگوترێ: "ئەم خەنەیە ڕەنگی نەماوە". ئەم گۆڕانکارییە لە ئاستی سەرۆکایەتیی کۆمار و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی‌دا، لە کاتێکدا وڵات لە شەڕێکی پڕتێچووی چەقیوە و ڕێبەرانی پلە یەکی تیرۆر کراون، بە هیچ شێوەیەک "وەرچەرخانێکی ستراتیژی" نییە، بەڵکوو تەنیا "تاکتیکی مانەوە"یە لە لێواری ڕووخانی ڕێژیمدا،

## کە دەکرێ لەم چەند خاڵەدا کورتی بکەینەوە:

١- **پارادۆکسی یەکڕیزی و پێکهاتەی دەسەڵات:** ئەو کاربەدەستانەی لە کاتی قەیراندا پەنا بۆ چەمکی "یەکڕیزی" دەبەن، دەبێ بزانن یەکگرتوویی بە "زمانبازی" و کایەکردن بە وشە نایەتە دی، بەڵکوو پێویستی بە "ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا" هەیە. ئەزموونی ٤٧ ساڵەی کۆماری ئیسلامیی ئێران سەلماندوویەتی کە تاران تەنیا کاتێک دەست بۆ "دیالۆگ" درێژ دەکات کە پێگەی لەرزۆک بێت؛ هەر کە جێی پێی قایم بووەوە، وەڵامی داخوازییەکانی کوردی بە سیاسەتی سەرکوت و "فتوای جیهاد" داوەتەوە. ئەمە "سندرۆمی ناوەندگەرایییە" کە پێی وایە دەسەڵات تەنیا موڵکی نەتەوەی باڵادەستە و پێویستە نەتەوەکانی دیکە لەنێو "ئێرانیزم"ێکی سەپێنراودا بتوێنەوە. یەکێتیی ڕاستەقینە تەنیا بە گۆڕینی یاسای بنەڕەتی، کشانەوەی سوپای داگیرکەر لە کوردستان و بەڕەسمی ناسینی مافی ئیدارەدانی نەتەوەکان لەسەر خاکی خۆیان دەست پێ دەکات.

٢- **دابەزاندنی مافە نەتەوەیییەکان بۆ "گازندە":** حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی تاران، سەد ساڵە بە سیستماتیک و شێوازێکی ڕێکخراو، خەریکی چەوساندنەوەی نەتەوەی کوردن. ڕێبەرانی ئێمەیان لەسەر مێزی دانوستان تیرۆر کرد و بە چەکی قورس هێرشیان کردە سەر خاکی کوردستان، کەچی ئێستا پزیشکیان زۆر نابەرپرسانە و چەواشەکارانە، ئەم مێژووە پڕ لە خوێنە بە "گلەیی" ناو دەبات! دابەزاندنی پرسی نەتەوەیەک بۆ ئاستی "ناکۆکیی نێوخۆیی"، نیشانەی تێنەگەیشتنە لە قووڵیی قەیرانی "ناسنامە" و پرسی نەتەوایەتی لە ئێراندا. ئەوەی لەم نیو سەدەیەدا ڕووی داوە "کێشەیەکی سادە" نییە، بەڵکوو "ژینۆسایدێکی سیستماتیک و سیاسی"یە. بانگهێشتکردن بۆ ئاشتی بەبێ قبووڵکردنی بەرپرسیارێتیی ئەم

تاوانانە، ڕیتۆریکێکی سیاسییە و هیچ ئیعتبارێکی یاسایی نییە.

٣- **مێژووی خیانەت لە دانوستان:** پزیشکیان وا دەزانێت نەتەوەی کورد مێژووی خۆی لەبیر کردووە. مێژی دانوستانی تاران بۆ کورد هەمیشە بۆسە و تەڵەی تیرۆر بووە. ساڵی ١٩٨٩ لە ڤییەن، کۆماری ئیسلامی، تیرۆریستی نارده سەر مێزی دانوستان و دکتۆر قاسملووی شەهید کرد. لە سیستمێکدا کە تیرۆر و دیپلۆماسی دوو ڕووی یەک دراون، دانوستان بێ‌مانایە. هەر جۆرە گفتوگۆیەک بێ "گەرانتیی نێودەوڵەتی" و بێ ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە یاسای بنەڕەتیدا، تەنیا کات کوشتنە بۆ ڕێژیم.

٤- **ڕەسەنایەتیی بزووتنەوە و مۆدێلی دەرەکی:** تۆمەتبارکردنی بزووتنەوەی کورد بە "پاشکۆیەتیی بێگانە" و دەرەکی، بێڕێزییەکی گەورەیە بە تێگەیشتنی سیاسیی نەتەوەیەک کە پێش دروستبوونی ئەم ڕێژیمانەش خاوەنی مێژوویەکی دوورودرێژ بووە لە خەبات بۆ ناسنامە و مافەکانی. ئەگەر حیزبە کوردییەکان سوود لە درزە نێودەوڵەتییەکان دەبینن، ئەوە نیشانەی لێهاتوویی سیاسیی ئەوان و "بنبەستی ستراتیژیی تاران"ە. داگیرکەرێک کە مافی خوێندن بە زمانی دایکی پێشێل دەکات، ڕەوایی ئەوەی نییە تێکۆشانی ڕزگاریخوازی بە وڵاتانەوە بلکێنێت.

### ئەنجام:

ئاغای پزیشکیان! سەروەریی وڵات بە "پاڕانەوەی کاتی تەنگانە" نایەتە دی. تا ئەو کاتەی "ڕوانگەی ئەمنی" جێگەی خۆی بۆ "ڕوانگەی مافتەوەر" و دانپێدانانی پرسی نەتەوایەتی لە جوگرافیای سیاسیی ئێران چۆڵ نەکات، ئەم پەیامانە تەنیا "کەپەنکی دوای باران"ن. دیواری متمانە لە نێوان کوردستان و تاراندا ئەوەندە بەرز بووەتەوە کە ئیتر بە "زمانبازی" و تەقییە نانووسرێتەوە. مۆسکۆ نیوەی ڕێگاتان بێت.

١٨ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# گرێکوێرەی ڕێژیم بە موجتەبا خامنەیی ناکرێتەوە!





**عومەر باڵەکی**

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ٤٧ ساڵ پێش بە دژایەتی لەگەڵ ڕێژیمی پاشایەتی لەسەر دەستی خومەینی و دارودەستەکەی کە شۆڕشی گەلانی ئێرانیان بە لاڕێدا برد، دامەزرا. یەکێک لە دروشمە سەرەکی و سەرەکییەکانی خومەینی و لایەنگرانی ئەوە بوو کە نابێ دەسەڵاتداری و حوکمڕانی لە ئێران تایبەتمەندیی بنەماڵەیەک و کەسێک بێ و لەو ڕاستایەدا ماوەی ٤٧ ساڵە دەزگاکانی پەروەردە و ڕاگەیاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کار لەسەر ئەو بابەتە دەکەن کە لەسەر دەستی خومەینی، ڕێژیمی پاشایەتییان ڕووخاندووە و کۆتاییان بە ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێران هێناوە. بەڵام لەمێژساڵە دەسەڵاتدارانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تینووی دەسەڵات بەتایبەتی سپای پاسداران هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی کە دوای مەرگی عەلی خامنەیی ڕێبەری ڕێژیم، کوڕەکەی ناوبراو واتە موجتەبا لە جێگەی ئەو دابنێن.

هەتا پێش هەڵگیرسانی شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران، لایەنگرانی ئەو بیرۆکەیە زۆر بەپارێزەوە دەستیان بۆ بابەتی جێنشینیی ڕێبەر دەبرد، چونکە لە لایەک دەیانزانی لە بواری مەزهەبی شیعەی باوەڕدار بە ویلایەت تووشی کێشە و بەرهەڵستیی شەرعی دەبنەوە و لە لایەکی دیکەوە لە دژکردەوەی بیروڕای گشتیی ئێران دەترسان کە ئەو شێوە دیاریکردنە دووپاتبوونەوەی سیستەمی سەڵتەنەتە لە ئێران. بەڵام بە هەڵگیرسانی شەڕ و کوشتنی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، ئەو دەروازەیە بۆ لایەنگرانی ئەو بیرۆکەیە ئاوەڵا بووە و بێ سێ و دوو لێکردن هەڵەکەیان قۆستەوە و ڕایانگەیاند کە موجتەبا خامنەیی کوڕی عەلی خامنەییان بە ڕێبەری نوێی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەڵبژاردووە.

هەڵبژاردنی موجتەبا خامنەیی وەک ڕێبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ چەندین کۆسپی شەرعی و قانوونی و نێودەوڵەتی بەرەوڕووبە. بەپێی فیقهی شیعە دەسەڵات لە باوکەوە ناگوازرێتەوە بۆ کوڕ و لە هەمان کاتدا کۆماری ئیسلامی هەروەکی پێشتر باس کرا بە دژایەتی و ڕەدی ڕێژیمی پاشایەتی خۆی پێناسە کردووە. بۆ نموونە خومەینی لە وەڵامی پرسیاری هەواڵنێری ڕۆژنامەی "لومۆند"ی فەرەنسە کە سەبارەت بە سیستەمی حکوومەتی داهاتوو دەڵێ: "ڕێژیمێک دادەمەزرێنین بە هیچ جۆر پاشایەتی نابێ...". بەڵام وادیارە زۆر لەمێژە دامودەزگاکانی ئەمنییەتی و ئیتیلاعاتی بەتایبەتی سپای پاسداران لە هەوڵی ئەوەدا بوون ئەو خەتە سوورە ببەزێنن و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەگەر لە ڕواڵەتیشدا پاشایەتی نەبووە، بە ئاشکرا بیکەن بە پاشایەتی. ئەوە لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە ڕوون نییە کە مەجلیسی خوبرەگان چۆن کۆبووەتەوە؛ ئایا بەربژێری دیکە هەبووە؟ ئایا ئەندامانی بەشدار لە کۆبوونەوەکەدا بەپێی ئەو بارودۆخەی ئێران کە پێیدا تێدەپەڕێ ڕێژەی قانوونییان بۆ دەنگدان تەواو کردووە؟ ئەوەی دەبینرێ تەنیا ڕاگەیەندراوێکە بە ناوی مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری کە بەپێی عورف و قانوون دەکرێ پرسیارخوڵقێن بێ کە دیاریکردنی موجتەبا خامنەیی نەک بە هەڵبژاردن، بەڵکوو لەژێر گوشاری سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیدا بووە.

بەڵام لە هەموو ئەوانە گرینگتر ئەوەیە کە ئەو ڕادە کەسانە لە دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوشتاری ئەمریکا و ئیسرائیل گیانیان بەدەر بردووە و زیندوون و ئێستا ئیدارەی حکوومەتە شکستخواردووەکەیان دەکەن، بە دیاریکردنی موجتەبا خامنەیی وەک ڕێبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی شانسی مانەوەی خۆیان لە دەسەڵات گەیاندە ڕادەی سفر. چونکە لە بواری ڕۆحی و دەروونی، کەسێک باوک و بنەماڵەکەی بە دەستی دوژمنەکەی کوژرابێ چۆن دەتوانێ وڵات لەو قەیرانە شەڕاوییە ڕزگار بکا و لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ و دنیای ڕۆژاوا هەڵسوکەوت بکا؟ ئەگەر ڕێبەری نوێی کۆماری ئیسلامی بیهەوێ ئەو شەڕەماڵوێرانکەرە لە یەخی خۆی دابیرێ، دەبێ بە فتوا و فەرمانێک زۆربەی ئەو فتوا و فەرمانانەی باوکی لە پلەی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیدا داویەتی هەڵبوەشێنێتەوە، کە ئەوە هەم بۆ خۆی و هەم بۆ باوکی دەبێ بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رەشەمەی ٢٧٢٥

کارەساتێکی گەورە. ئەگەر وایە ناچارە ڕێچکەی فتوا و فەرمانەکانی باوکی بگرێ کە ئەوەش دەرئەنجامی دەبێ بە ڕووخان یان لاوازبوونی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی.

شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کە ماوەی نزیک بە دوو حەفتەیە دەستی پێ کردووە، زیان و زەرەرێکی زۆری لە بواری ڕۆحی و ماددی و ئینسانی بە گەلانی ئێران گەیاندووە و ژێرخانی ئیداری و سازمانی و ئابووریی دامودەزگاکانی دەسەڵاتدارییەتیی کۆماری ئیسلامی نزیک بە تەواوی لێک هەڵوەشاندووە. دیاریکردن و دەستنیشانکردنی موجتەبا خامنەیی نەک ناتوانێ کۆماری ئیسلامی لەو تەنگژە و کارەساتەی کە بەهۆی سیاسەتە چەوت و دوژمنکارییەکانی ئەو ڕێژیمە لە ماوەی ٤٧ ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ گەلانی ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردوویەتی ڕزگار بکا، بەڵکوو ئەو هەڵبژاردنە لە یەکەم تێڕوانیندا وەک ملبادان و دەمەلاسکێی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕوو بە کۆمەڵگەی ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبینرێ. ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمە بەتەواوی سەریان لێ شێواوە و ئەوانەی بڕیار دەدەن ئەهلی سیاسەت و ئیداری کردنی وڵات نین، بەڵکوو ئەوانەی لەسەر بابەتەکان بڕیاری کۆتایی دەدەن فەرماندەرانی سپای پاسدارانن کە بە عەقڵی مەیدان لەگەڵ بابەتە سیاسییەکان هەڵسوکەوت دەکەن.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ٤٧ ساڵی ڕابردوودا هەوڵیان دا بە خوڵقاندنی قەیران لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران، لە نێوخۆی وڵات بە بەرچاوی کۆمەڵگەی جیهانی، سەرکوتی بێبەزەییانەی گەلانی ئێران بکەن. بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان و لەخۆباییبوونی لەڕادەبەدەری دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمە وای کرد تووڕەیی پەنگخواردووی ٤٧ ساڵە لەو ڕێژیمە، هەم لە نێوخۆ و هەم لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بە ڕووی دەسەڵاتدارە خۆسەپێنەکانی ئەو ڕێژیمەدا بتەقێتەوە و مەشرووعییەتی سیاسی و حوکمڕانی بێتە ژێر پرسیار. موجتەبا خامنەیی کە ڕاگەیەندرا سێیەمین ڕێبەری کۆماری ئیسلامییە، لەگەڵ ئەوەی لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا خۆشی یەکێک بووە لە کاراکتەرەکانی ئەو مەیدانە، ئێستا میراتگری کار و کردەوەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە. ئەگەر بیهەوێ لەسەر ڕێچکەی پێشووی باوکی درێژە بە کار و کردەوەکان بدا، زۆر سروشتییە هەروەکی ئێستا لەگەڵ دژکردەوەی نێوخۆیی خەڵک و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرەوڕوو دەبێ و تەمەنی حوکمڕانیی زۆر ناخایەنێ؛ ئەگەر بیهەوێ لە شێوازی حوکمڕانیی باوکی تێپەڕ بێ و بە شێوازێکی دیکە هەم لە نێوخۆ و هەم لە دەرەوەی ئێران حکوومەت بکا کە ئاراميیەک بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بگەڕێنێتەوە، ئەو کات کار و کردەوەکانی ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی باوکی دێنێتە ژێر پرسیار. بۆیە دیاریکردنی موجتەبا خامنەیی وەک ڕێبەری کۆماری ئیسلامی نەک ناتوانێ گرێکوێرەکانی کۆماری ئیسلامی بکاتەوە، بەڵکوو زیاتر و زیاتر ئاڵۆزتریان دەکا و دەبنە هۆی نەمانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی.

٢٠ی رەشەمەی ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ئەوەی کوردەکان دەبێ بیکەن، ڕێکخستنی ڕیزەکانی خۆیانە و دانانی ڕێوشوێنێک بۆ ئەگەرەکانی داهاتوو



## ئاماژە:

**تۆڕی میدیایی ٩٦٤+ وتووێژێکی تایبەتیی لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، کەسایەتیی سیاسی و ئەدەبی و سیمای ناسراوی بزووتنەوەی کورد کردوە و ڕا و بۆچوونی بەڕێزیانی لەبارەی هۆکار و دەرەنجامەکانی شەڕی ئێران لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل دەربڕیوە. لەو وتووێژەدا کە لە ڕۆژی دەهەمی شەڕەکەدا کراوە، مامۆستا حەسەنزادە تیشکی خستووەتە سەر دۆخی کورد لە دڵی قەیرانەکانی ئەو شەڕە، داهاتووی ئێران و پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچە. "کوردستانمیدیا" ئەو دیمانەیەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە:**

**پرسیار: مامۆستا ماوەی دە ڕۆژە ئەو هێرشانە بۆ سەر ئێران دەستی پێ کردووە. خوێندنەوەی جەنابت بۆ ڕووداوەکان تا ئێستا چۆنە؟**

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** زۆرجار دەڵێم قسەوباس و کاروباری دۆناڵد ترامپ کەس بە ئاسانی تێیان ناگا. بەڕاستی

ئەوەی تا ئێستا گوزەراوە بەرچاڕوونیی نەداوە بە کەس. ئەوەی ئەمن تێیدەگەم، لەگەڵ هەموو گەورەیی شەڕەکە، لەگەڵ هەموو ئەو توانایانە کە دوو دوژمنی ئێران، ئەمریکا و ئیسرائیل هەیانە، هەموویان لە حیساباتی خۆیاندا تووشی هەڵە بوون. تەنانەت ئەگەر بە زمانیش نەیڵێن، لێیان دەردەکەوێ کە بۆ خۆیان هەستیان بە هەڵەبوونی موحاسەبەکەی خۆیان کردووە.

ئەمریکا وای حیساب کردبوو کە بە پێچەوانەی شەڕی ١٢ ڕۆژە کە زۆر بە توندی و بە قورسی نەهاتنە نێو کارەکەوە، ئەم سەفەرە بە سێ چوار ڕۆژان کارەکە تەواو دەکەن. ئیحتیمالەن نەتانیاهووش هەروا حاڵی ببوو. هەر لەو کاتەدا کۆماری ئیسلامییش وا حاڵی ببوو کە بە قەولی خۆیان دەرسێک دەدەن بە ئەمریکا و ئیسرائیل کە قەت لەبیریان نەچێتەوە. ئێستا دەرکەوت ئەو حیساباتەی هەردوولا بە هەڵە دەرچووە و مەعلووم نییە ئایندەی ئەو شەڕەی بە کوێ دەگا، کەنگێ تەواو دەبێ، یان بڵێین بە جۆرێک لە جۆران تەواو دەبێ. چونکە دیارە تەواوبوونی شەڕ هەر یەک حاڵەتی نییە. شەڕ دەتوانێ بە ڕێککەوتن تەواو بێ، یان ئەوەی پێی دەڵێن ئاوربەس.

**پرسیار**: مامۆستا ئەگەر ئەو ڕووداوانەی ئێستا بۆ دوو بەش دابەشی بکەین، هەم نێوخۆی ئێران، هەم دەرەوەی ئێران، یانی جۆرێک ڕەوایەتیی ئەو جەنگە هەیە کە ئەمریکا و ئیسرائیل لە بەرانبەر ئێران پیادەی دەکەن، ئایا ڕەوایەتیی جەنگەکە هەیە؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: دەزانی چۆنە؟ هەندێک یاسای نێودەوڵەتی هەن، یاسای ناوچەیی هەن، تەنیا لە حاڵەتێکی سروشتیدا ئەوانە ڕەچاو دەکرێن. دەنا هیچ کامیان ڕەچاو ناکرێن. دەوڵەتێک کە ئێستا حاکمی ئێرانە، نە دڵخوازی خەڵکی ئێرانە بە هەموو میللەتەکانیەوە، نە دڵخوازی خەڵکی هەرێمەکەیە، نە دڵخوازی خەڵکی دنیاشە، ئەوە ڕاستە. یانی دەوڵەتێکی بەڕاستی خراپە. بەڵام ئێستا وەکوو دەڵێن لە جیاتی "هێزی مەنتیق"، "مەنتیقی هێز" حوکم دەکا. موخالەفەتیان هەیە، ئەوانیش لە خۆیان ڕا دەبینن و دێن شەڕێکی ئاوا دەکەن.

**پرسیار**: مامۆستا پێت وایە گۆڕانکاری دروست بکا؟ پێشتر ١٢ ڕۆژ شەڕ بوو، ئێستاش ئەوە پێی نایە ١٠هەمین ڕۆژ. پێت وایە ئەوە گۆڕانکاری لە نەخشەی ئێران یان لە ناوچەکەدا دروست بکات؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: زۆر قابیلی پێشبینی نییە، تەنانەت دیمەنەکە بۆ ئەوانەی کە لەشەڕەکەشدا هەن ئەوەندە ڕوون نییە. بەڵام وا فکر دەکەمەوە ئەم سەفەرەی ناتوانێ وەک جاری دیکە تەواو بێ. ئەوەی ترامپ لەو ڕۆژانەی دواییدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیعلانی کردووە، کە دەڵێ هیچ شتێکمان قبووڵ نییە، جگە لە تەسلیمی بێ قەید و شەرت. تەسلیمی بێ قەید و شەرت وەک ئەوەی شوارتسکۆف لە سەفوان بە عێراقییەکانی گوت کە من ناچم بۆ دانوستان، دەچم دەڵێم ئەوە ئیمزا بکەن. ئەمن بەش بە حاڵی خۆم لە کەللەڕەقیی ڕێبەرانی ئێرانێ بە دووری دەزانم ئەوەی بکەن. کەواتە ڕەنگە ئەوەیان نەبێ، بەس بەهەرحاڵ بۆ ئابرووی دەوڵەتێکی زلهێزی وەک ئەمریکا و هێزێکی ناوچەیی وەک ئیسرائیل ڕەنگە ئاسان نەبێ ئەم جارەیان هەروا بکشێنەوە. یان دەبێ ئامانجەکانیان بەدی بهێنن، یان ئەگەر ئامانجەکە بەدی نەیە دەبێ بڕۆن هەتا لایەکی وەلایەکی دەکەوێ، و ئەوەی پیاو لیی تێ دەگا و ئەگەر بە مەنتیق بیر بکەیەوە دەبێ ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی لێ بکەوێتەوە.

**پرسیار**: پێشبینیی جەنابت چییە؟ شەڕەکە زۆر دەخایەنێت؟ گۆڕانکارییەکان چی دەبن؟ ئایا بە ڕووخان کۆتایی دێت؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن هەتا سێ چوار ڕۆژ پێش ئێستا دوو ئیحتمالم بەرچاو دەکەوتن، یەکێکیانم بە نزیکتر دەزانی. ئەویش ئەوە بوو کە لە ئاخر دەقیقەدا ئێران بۆی دەرکەوێ کە ئەو شەڕە شەڕێکی قورسە و بەوی بەڕێوە ناچێ، قەبووڵ بکا کە مەرجەکانی قەبووڵن. ئەوی دیکە ئەوە بوو بڕوا هەتا ڕووخان. ئێستا ڕەوتی ڕووداوەکان پێم دەڵێ کە نا؛ ئەگەری تەسلیمبوون و قبووڵکردنی مەرجەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل دوورترە لەوەی بڕوا هەتا سەر. بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەی پێشتر بیریان لێ دەکردەوە کە شەڕەکە ٢ ڕۆژ و ٣ ڕۆژە، یان لە دواتردا فکریان لێ دەکردەوە کە ڕەنگە حەوتوویەک یان دوو حەوتوو بێ، وا دێتە بەرچاو کە ئەو شەڕە پتر درێژە دەکێشێ، ڕەنگە بە حەوتووان ڕازی نەبن و ببێتە چەند مانگێک.

**پرسیار**: ئەی پێشبینییەکان بۆ گۆڕانکاری لە نەخشەکاندا چۆن دەبن؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: یەکێک لە کێشەکانی ئەم شەڕە و تەنانەت کێشەی ئەوانەش کە هاتوون شەڕی ئێران دەکەن ئەوەیە کە بەدیل (جێگرەوە)یان نییە لە نێو ئێراندا. مەعلووم نییە چی دەبێ. ئێستا هەوڵی ئەوە هەیە کە گویا لە نێوخۆی دەسەڵاتدا شتێک دروست کەن کە لەگەڵ ئامانجەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلدا بتوانێ بگونجێت. ئەمن ئەوەی زۆر بە زەحمەت دەزانم چونکە لە ئێراندا غەیری ئەو تاقمەی ئێستا دەسەڵاتیان بەدەستە، لە زەمانی خومەینییەوە تا ئەمڕۆ، هەتا دوێنێش کە کوڕەکەی خامنەیی بووەتە جێگری بابی، کەسانی دیکە ئەو هێزەیان نییە بڵێن ئێمە ڕاست دەبینەوە و دەسەڵات لە دەستی ئەوان دەر دێنین. ئەوانیش زۆر بە زەحمەتە مل ڕاکێشن، بەڵام لە کۆتاییدا ئەگەر شەڕ بوو ئیحتمالاتی زۆری هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کە لە نێوخۆیی ئێراندا بە دەسەڵات و نادەسەڵاتەوە بەدیلێک هەڵکەوێ. یەکێکیان ئەوەیە

بۆ ماوەیەک ببێتە شەڕی نێوخۆیی و بێسەرەوبەری. ئەگەرێکی دووریش هەیە کە من زۆر بە دووری دەزانم چونکە تا دێ دوور دەکەوێتەوە کە کوڕی محەممەدڕەزاشا بهێننەوە سەرکار. دیارە من بە دوورتری دەزانم چونکە ئەو کابرایە لە نێوخۆی وڵاتدا نفووزێکی وای نییە، حیزبی نییە، ڕێکخراوی نییە. تەنیا شتێکی میراتییە ئەویش میراتێک کە لە ئێراندا ٢٥٠٠ ساڵ ڕابردووی هەیە، هەمووی نامەتلووب بووە و دیکتاتۆری بووە ئەو خەڵکەی بە خوێن و فیداکاری پاشایەتیی ڕووخاندوە، ئێستا چۆن دەچێ بە ئیختیاری خۆی دەیهێنێتەوە؟

**پرسیار**: دیارە سەرۆکی ئەمریکاش ڕەتی کردەوە کە کوڕی شا بگەڕێنێتەوە، دەڵێ دەبێ گۆڕانکارییەکان لە ناوخۆی ئێران بن.

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: بەڵێ وایە. دوو هەفتە پێش شەڕەکە ڕۆژئاوا هەمووی هاتنە پشت ڕەزا پەهلەوی. بە ڕۆژێکی سێ جار لە سێ شوێن خۆپێشاندانیان کرد لە مونیخ، لە تۆرۆنتۆ، لە لۆس ئەنجلێس. هەموو میدیای ڕۆژئاوایی هاتبوون، بە سوێند و قورئان دەیانگوت لەوێ ٢٥٠ هەزار بوون، لەوێ ٣٠٠ هەزار کەس بوون. لە حاڵێکدا پۆلیسی ئەڵمان حیسابێکی دەقیقی کردبوو کە دەڵێ ئەو حەشیمەتەی کە لەوی بووە بەپێی حیساباتی دەقیق دەتوانێ ٥٠ هەزار کەس بێ، هەر ئەوەندەی دەگرێ. کەچی ئەوان دەیانگوت ٢٥٠ هەزار کەسە بۆ ئەوەی گەورەی بکەنەوە. بەڵام لە پاشان وا دیار بوو تێیان گەیاندن کە ئەو کوڕە بۆخۆی نە ئەو توانایییەی هەیە و نە ئەو پێگەیەی هەیە. بۆیە لە کۆتاییدا گوتی ئێمە کەسێکمان دەوێ کە لە ئێرانێ بێ و لە ئێرانیش مەقبوڵییەتی هەبێ.

**پرسیار**: مەبەستی چییە؟ واتە لە نێوخۆی ئێران؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: وا تێدەگەم تا ئێستا بەدوای ئەوەوەن لەنێو دەزگای حاکمدا، نە ئیلزامەن لەنێو دەسەڵاتدارەکاندا، ئەوانەی کە پێیان دەڵێن ئیسلاحتەڵەب، لەنێو ئەواندا کەسانێک دەربکەون و ئەوانیش پشتیان بگرن. پێم وایە تا ئێستا بیر لەوە دەکەنەوە کە من ئەوە زۆر بە ئاسان نازانم. چونکە بەشێک لە کۆمەڵگەی ئێران، جا بە دڵخواز یان بە نابەدڵخواز، لەگەڵ دەسەڵاتەکەدایە. ئەوی دیکە هیچ بەرەیەکی نێو حکوومەتی ناوێ. بەڵام لە زەرووڕەتدا ڕەنگە ئەگەر ڕەوتی ڕووداوەکان ئاوا بچێتە پێشێ، لەوانەیە دەستەیەک، تاقمێک تێکەڵاو لە هەندێک کەسایەتیی نێوخۆی وڵات لە دەرەوەی دەسەڵات، لە دەرەوەی دامەرزاوە حکوومەتییەکان و بەشێک لەوانەی کە بە ئیسڵاحخواز حیسابن وەک حەسەن ڕوحانی و زەریف و خاتەمی و ئەوانە بێنە گۆڕێ، ئەگەرچی ئەوانە هیچ وەختێک وەک نوقتەی هێز دەرنەکەوتوون لە کۆماری ئیسلامیدا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پرسیار**: باشە ئەوانە ئەستێرەیان ئاوا نەبووە؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: لە بنەڕەتدا هەر ئەستێرەیان نەبووە هەتا ئاوا بێ. کابرا دەڵێ سەرۆککۆمار تەدارۆکاتچییە، باشە. ئێران تەنیا وڵاتە کە سەرۆککۆمارەکەی کەسی یەکەمی وڵات نییە. کەسێکی دیکە لە سەرەوەی هەیە، ئەویش نەک لە سەرەوەی، لە سەرەوەی ئیرادەی هەموو میللەتەکەیە، چونکە ئەو ئەمر لە خودا وەردەگرێت و بەرانبەر بە عەبدی گوناهبار هیچ ئیلتزامێکی نییە!

لە چەند ڕۆژی ڕابردوو، واتە لە میانی ئەو جەنگە بینیمان کە ئێران هێرشی کردە سەر زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە. ئەوەشمان بینی کە مەسعوود پزیشکیان، سەرۆککۆماری ئێران، هات داوای لێبوردنی کرد و گوتی ئەگەر هێرشمان نەکرێتە سەر، ئێمە چیتر هێرش ناکەین. بەڵام هەر ئەو ڕۆژە...

**پێیان دەوێ کردەوە (بە پێکەنینەوە)**

**پرسیار**: مامۆستا ئەوانە چۆن خوێندنەوەیان بۆ دەکرێ؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: دیارە هەموومان ئەوە دەزانین ئەو وڵاتانەی لێیان درا بە جۆرێک لە جۆرەکان حزووری ئەمریکایان تێدایە، هێز و بنکەی ئەمریکییان تێدایە. بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا ئەوە هەڵەیەکی گەورەی کۆماری ئیسلامی بوو. دوو دەوڵەت هاتنە شەڕی، بەڵام ١٠ دەوڵەتی لە خۆی کردنە دوژمن. پێی وابوو کە دەتوانێ لەو بارەیەوە هەم زەرەر لە بنکەکانی ئەمریکا بدا و هەم ئیحتیمالەن ئەو وڵاتانەش لە خۆی نەکاتە دوژمن. لە حاڵێکدا بە پێچەوانەوە، ئەو وڵاتانە هەتا جارێک ئازار بە هێزەکانی ئەمریکا گەیشتوە، ١٠ جار ئازار بەوان گەیشتووە، ئەوان هەر دەبنە دوژمن و وەکوو زانیمان هەر دوێنێ ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی بە توندی بەرپەرچی ئێرانی دایەوە. بەڵام ئەوی دیکە نیشانەی ئەو واقیعییەتەیە کە باسمان کرد، کە سەرۆککۆمار شتێک نییە. سەرۆککۆمار دەتوانم بڵێم کارێکی عەقڵانە و مەدەنی بوو کە داوای لێبوردنی لە خەڵکەکە کرد و گوتی ئێمە شەڕمان لەگەڵ ئێوە نییە و شەڕمان لەگەڵ بنکەکانی ئەمریکایە، بەڵام بە زۆر فشاریان بۆ هێنا کە بە زمانی خۆی قسەکانی وەربگرێتەوە. ئەوە کە دەڵێ وا خراپ تەفسیر کراوە، وا خراپ تەفسیر نەکراوە، ڕاست بوو ئەوەی گوتی، ئەوەی لە دڵیدا بوو ئەوەی گوت، بەڵام ئێستا دەڵێن حەقت نییە ئەوە بڵێی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ڕەشەمەی ٢٧٢٥**

**پرسیار**: له دوای شەڕەکه، پەیوەندیی ئێران لەگەڵ ئەو وڵاتانه چاک دەبنەوه؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزاده**: مەربووته بەوەی کێ دێته سەر دەسەڵات، بەبێ شک سارێژبوونەوەی ئەو برینانه له هیچ حاڵەتێکدا ئاسان نییه، بەڵام له سیاسەتدا شتی نامومکین نییه. سووریه و ڕۆژئاوای کوردستان شتێکی باشمان پێ دەڵێن که هەموو شتێک دەکرێ. کابرایەک که هەتا دوێنێ ١٠ ملیۆن دۆلار دادەنرا بۆ خەبەرێکی، یەکسەر دەیهێنن بەدەستی خۆیان دایدەنێن و دەیکەنه دەسەڵاتداری سووریه، ترامپ بۆخۆی گوتی ئەمن هێناومه. یانی له شک و گومانی لا برد، ئەوەش هەر مومکینه، بەڵام بەهەرحاڵ هەر دەبێ تەبیعی بێتەوه. ئاگات لێیه له عومرێکی ڕابردوودا ئیختلافاتی بەینی وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل! دەی له چەند ساڵی ڕابردوودا چەند وڵاتی عەرەبی پەیوەندییان لەگەڵ ئیسرائیل کردۆته پەیوەندییەکی ئاسایی و سەفیریان له وڵاتی یەکتردا داناوه. هەموو شتێک مومکینه.

**پرسیار**: له دوای کوژرانی خامنەیی، هەست دەکەین ئێران جۆرێک تەحەدای کرد که توانی موجتەبای خامنەیی با بڵێین کوڕ له جێی باوکی دابنێتەوه. خومەینی تەوجهێکی هەبوو زیاتر که دینی بەکار هێنابوو بۆ بابەتی سیاسی، دوای خامنەیی هات چەکیشی لەگەڵ دین بەکار هێنا. پێت وایه موجتەبا بتوانێ لەو سنوورانەی خومەینی و خامنەیی لابدات و گۆڕانکارییەک له سیاسەتی ئێراندا بکات؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزاده**: خومەینی مەوقعییەتێکی دیکەی هەبوو، یەکەم ئەوەی ڕێبەرێکی خەباتگێڕ بوو له دژی ڕێژیمی پاشایەتی، له پاشاندا هەرچەنده یەکەمین پله و پایەی عیلمی نەبوو له موئەسەسەی دینیی شیعەدا، بەڵام پله و پایەیەکی دینیی بەهێزی هەبوو. بەڵام بۆ پاش خومەینی، ئەوەی که بوو به جێگری خومەینی له واقیعدا سیاسەت کردی، شایستەیی دینی و عیلمی و کۆمەڵایەتیی خامنەیی وەک خومەینی قەبووڵ نەبوو، بەڵام دەسەڵات دای نا. ئەوەی ئێستا فاسیلەکەی لەوەی دیکەش پتره. واته ئێستا حاکم له ئێراندا له بنەڕەتدا سپای پاسدارانه، بەڵام به قەول واجیهه یان بڵێین عەبایەکی دەوێت که دەسەڵاتەکەی له ژێردا بشارێتەوه. ئەو پیاوه، واته موجتەبا خامنەیی، نه پلەی عیلمیی وای هەیه نه پلەی کۆمەڵایەتیی وای هەیه. باوەڕ که تا ده ساڵ پێش ئێستا زۆرکەس نەیدەزانی خامنەیی کوڕێکی هەیه به ناوی موجتەبا، بەڵام ورده ورده دەریان خست. ئەوەش هەندێک دوێنێ و پێرێ دەیانگوت که نارازی بوون بەوەی خامنەیی کوڕەکەی جێگەی خۆی بگرێ، ئەوه به تەواوی به باوەڕی من ناڕاسته، چونکه له پشتی پەردەوە به جۆرێک له جۆرەکان وەک دەورانی سەدام حوسێن و ئەحمەد حەسەن بەکر، ئەوەی ڕەئیس جمهور بوو ئەحمەد حەسەن بەکر بوو، بەڵام ئەوەی کارەکانی دەکرد سەدام بوو. ئەوه وا نەبوو له واجیههدا دیار بێ، بەڵام له واقیعدا وەک کەسێکی بەدەسەڵات و باڵادەست کاری دەکرد و پەیوەندیی هەبوو لەگەڵ سەرانی پاسداران و ئەوانه.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پرسیار**: هێزه کوردییەکانی ڕۆژهەڵات لەو بارودۆخەدا چی بکەن باشه؟ ئایا به قسەی ئەمریکا بکەن یاخود مەجالێک ماوه پێی بڵێن دانوستاندن لەگەڵ ئێران؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزاده**: با له بەشی دووهەمەوه جواب بدەمەوه که پێم وایه ئەوانەی پێشووش بەتایبەتی دوای ئەوەی یەکەمجار هەموویان کاری خراپ بوون و هەموویان موحاسەباتی ناتەواو بوون. چونکی کەسێک که لەگەڵی دانیشتووی پیاوێکی سوڵحخواز و دێموکرات وەکوو د. قاسملوویان تێرۆر کردوه، ئیتر بۆ دەبێ باوەڕی پێ بکەی؟ ئیستاش ئیدی له بنەڕەتدا ئەسڵێک هەیه که دەڵێن کۆتایی هەموو شەڕێک دەبێ به تێگەیشتن بێ یا به ئاشتی تەواو دەبێ یان به لەبەینبردنی لایەکی شەڕەکەی. ڕەنگه له بنەڕەتدا ئەوه نەتوانین نەفی بکەین که دەوڵەتی ئێرانێ هەر کەس و هەر لایەنێک بێ حیزبه سیاسییەکان یان ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد مەجبوورن ئەگەر ئیمکانی موزاکەره هەبوو لەگەڵی بکەن، بەڵام بەش به حاڵی خۆم پێم وایه قەت لەگەڵ کۆماری ئیسلامی مەجال نەماوه بۆ ئەوەی دانیشن، چونکه که دانیشتن مەعنای ئەوەیه که دەڵێ ئەگەر جارێکت فریو دام ماڵت خرابێ و ئەگەر دووجارت فریو دام ماڵم خرا بێ. ئەوه وای لێ دێتەوه. حیزبه سیاسییەکان یان ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد مەجبوورن ئەگەر ئیمکانی موزاکەره هەبوو دەگەڵی بکەن، بەڵام له ئایندەدا ئەگەر دەسەڵاتێکی دیکه هەبێ، کوردەکه مەجبووره دەگەڵی تەڕەف بێ، ئەگەر بکرێ له جیاتی شەڕ، ئاشتی و موزاکەره و تێگەیشتن بکرێ.

بەڵام ئەوەی که له بەشی یەکەمی پرسیارەکەدا بوو، کورد بەقسەی ترەمپی بکا یان بۆخۆی بیکا، ئەگەر به پێخۆشبوون بێ، خۆش نیه هیچ بزووتنەوەیەکی کوردی و هیچ بزووتنەوەیەکی ئازادیخواز، چاوی له دەوڵەتێکی بێگانه بێ که بێ ڕزگاری بکا. بەڵام حەقیقەتێکی تاڵی دیکه هەیه که ئێستا ئەو دەوڵەتانه، دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا و هێزی دیکەش بەشێکیان لەوه دەرچوون که بکرێ بەبێ یارمەتیی دەرەکی بگۆڕدرێن.

له وڵاتانی دێموکراتدا خەڵک دەچێته سەر سندووقی دەنگدان و ڕایەکەی چۆن دەرچوو، به سەلامەتیش دەردەچێ، کابرا دەڵی لەبیک و قبووڵی دەکا و دەچێ دادەنیشێ، بەڵام لەو وڵاتانەدا ڕێگه نییه به شێوەی دێموکراتیک ڕێژیمەکه بگۆڕێ. ئەگەر دەکەوێته مەیدانی هێز و قودرەتیش، مەعلوومه ئەوانه هەموو ئیمکاناتی دەسەڵاتیان هەیه، بزووتنەوه ئازادیخوازەکه حەدی ئەقەللی هەیه. جاران ئێمه لانی کەممان هەبوو، ئێستا جیاوازییەکه له نێوان قودرەتی نیزامیی دەوڵەت و بزووتنەوەی کورد لەوه دەرچووه، جاران دەمانگوت شەڕێکی نابەرانبەره. ئێمه کلاشینکۆفمان پێ بوو، ئەویش کلاشینکۆفی پێ بوو، ئێمه سەد فیشەکمان هەبوو، ئەو به میلیۆنێکی له پشت بوو، بەڵام ئێستا ئەو مووشەکی دوورهاوێژ له ئیسرائیل دەدا، ئێمەش هەر کلاشینکۆفەکەمان پێیه. کەواته به هێزی نێوخۆیی ئیمکانی ڕووخانی ئەو ڕێژیمه نییه. به

هەرحاڵ کورد بەشێک لەو شەڕەی ئێستا نیە، بەڵام ئەگەر هێرش کرایە سەر ئێرانێ، هیچ دەلیل نییە نە ئێمەی کورد، نە میللەتانی دیکەی وەزاڵەهاتووی ئێران و نە ئازادیخوازانی ئێران بەگشتی فرمێسک بۆ کۆماری ئیسلامی بڕێژن.

**پرسیار**: لەو ماوەیەدا سەرۆکی ئەمریکا پەیوەندیی بە زۆر لایەنی کوردییەوە کرد، واتا وردەکاریی پەیوەندییەکە ئەگەر جەنابت بۆیان باس کردبێت چی بوو؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن وردەکاریی پەیوەندییەکان نە تێیدام بۆم باس بکەن، نە پرسیومە بۆم باس بکەن، نە بۆشیان باس کردووم، بەڵام ئەوەی لە نیشانەکان دەیخوێنینەوە، ئەو پیاوە پیاوێک نییە لەسەر قسەی خۆی سوور بێ. هەفتەیەک پێشتر دەیگوت ئەگەر کوردەکان ڕاپەڕن شتێکی زۆر باش دەبێ. دوێنێ و پێرێ دەڵێ ئێمە وازمان لەوە هێناوە کە ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکان هەبێ، واتا وازی لە کورد هێناوە. مەرج نییە ئەو وازهێنانە قەتعی و هەمیشەیی بێ، بەڵام پیاوێکە بەپێی مەسڵەحەت و بەپێی هەڵسەنگاندنی خۆی، جاروبار کەمێک بە بڕوای من بەبێ حیساب و بەبێ هەڵسەنگاندن بڕیارەکانی دەدا و هەڵسوکەوت دەکا.

**پرسیار**: لە ماوەی ئەم ١٠ ڕۆژە هیچ پەیوەندییەکی ئێرانی بە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتەوە کراوە؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەمن وەکوو گوتم ئاگام لەو شتانە نییە، چونکە ئەمن بەناوی حیزبی دێموکراتەوە قسە ناکەم، بەڵام ئەوەندەی بزانم هیچ پەیوەندییەکی ئاوها نەبووە. ئەگەر بیکەن، پێم وایە هێزە کوردییەکان نابێ وەڵامی ئیجابی بدەنەوە. چونکە ئەو کاتەی کە ئێمە زۆرمان قووەت هەبوو، ئەو دەوڵەتە لەگەڵمان ڕێک نەدەکەوت. ئێستا بۆ دەڵێ ڕێک دەکەوین؟ لە پاشان بەپێی مەنتێق ئەگەر ڕێژیمێکی حاکم و زاڵم، لە خەتەردا بێ، مەزڵوومەکە یان ئازادیخوازەکە بۆ دەبێ کۆمەکی بکا نەجاتی بدا؟ بۆیە پێم وایە ئەگەر داواش بکا، هێزە کوردییەکان لە ئێستادا هیچ مانایەکی نییە بچن لەگەڵی بۆ وتووێژ و دانوستاندن دانیشن.

**پرسیار**: مامۆستا چەند ئەزموونێک لەبەر دەستی ئێمە هەبووە، با بڵێین ئەزموونی باشووری کوردستان، ئەزموونی ڕۆژئاوای کوردستان، ئێستا کە ڕووداوە گەرمەکان کەوتوونەتە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هێزە کوردییەکان چی بکەن لەوێ باشە، بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونەکانی پێشتر؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: ئەوەی کە کوردەکان دەبێ بیکەن، ڕێکخستنی ڕیزەکانی خۆیانە. هەر حیزبێک لە نێو خۆیاندا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەموویان بەسەر یەکەوە، دانانی ڕێوشوێنێک بۆ ئەگەرەکانی داهاتوو. بۆ نموونە ئەگەر دۆخێکی وەکوو ساڵی ١٩٧٩ لە ئێراندا بێتە پێشێ، ئەو حیزبانە یەکەم جار هەوڵ بدەن چەندی دەکرێ ناوچەکەی خۆیان بە دەستەوە بگرن، پاشان بە یەکدەستی بەڕێوەی ببەن. ئەو ئەزموونەی دوای ڕێژیمی پاشایەتی ئەزموونێکی باش بوو، بەڵام بە تەواوی سەرکەوتوو نەبوو، چونکە ئەو کاتە دوو حیزبی دیار هەبوون کە دەسەڵاتیان هەبوو، یەکەمیان حیزبی دێموکرات، دووەمیان لەگەڵ عوزریشم لەوان، بە مەودایەکی زۆر کۆمەڵە بوو. کۆمەڵە لە جێیەک شوڕایان هەبوو، حیزبی دێموکرات لە جێیەک. جێ هەبوو دوو شوڕای تێدا بوو، ئەنجومەنی دێ، یەکیان هی دێموکرات و یەکیان هی کۆمەڵە. یاسایەکیان دەردەکرد حیزبی دێموکرات، کۆمەڵە یاسایەکی دیکەی دەردەکرد. تەنانەت کاتێک هەوڵمان دەدا کتێبی خوێندن دابنێین، حیزبی دێموکرات کتێبێکی دادەنا و کۆمەڵە کتێبێکی دیکە. دەبێ هەوڵ بدرێ ئەوە دووبارە نەبێتەوە. دەبێ هەموویان لەسەر بنەمایەک ڕێک بکەون، لە هەمان کاتدا چەندی دەکرێ لەو بارودۆخەی بۆ کۆماری ئیسلامی دێتە پێش بەهۆی دەرەکییەوە، دەبێ کەلکی خۆمان وەربگرین وەکوو کورد.

**پرسیار**: ئەو بەرەیەی کە بەم دواییانە دروست بوو لە نێوان هێزەکانی ڕۆژهەڵاتدا، بۆچوونت چییە لەسەر ئەو بەرەیە؟ پێت وایە شتێکی باش بێت لەم کاتەدا؟

**ماموستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: وەڵڵا قسەیەکم زۆرجار لە مەجلیسی تایبەتدا گوتووە و ئێستاش لێرە بێڵێم پێم خراپ نییە، بە بڕوای من ئەگەر هێزە کوردستانییەکان لە هەموو وڵاتەکان، یەک لەوان لە وڵاتەکەی مندا، لەو بەشەی ڕۆژهەڵاتدا، ئەگەرلە چایخانە پێکەوە دانیشن و دۆمینەی بکەن هەر باشە کە پێکەوە دانیشن و دیالۆگیان هەبێت کە ئێستا شەش لایەنیان پێکەوە هاتوون و دانیشتوون و هاوپەیمانییان دروست کردووە، حەتمەن ئیشەڵڵا خێری لێ دەبینین و سوودی دەبێ. لە نێو خۆیاندا ڕێوشوێنێکیان داناوە، پێم شتێکی زۆر بەسوودە.

**پرسیار**: بەڵام درەنگ نەبووە؟

**ماموستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: درەنگ بوو بەڵێ، بەڵام فارس قسەیەکی جوانیان هەیە، مەسەلەیەکیان هەیە دەڵێن: "ماسی هەر کاتێک لە ئاو بیگری تازەیە". وانییە؟ یان کار بە درەنگەوە بکرێ، هەر باشترە لەوەی هەر نەکرێ.

**پرسیار**: سەبارەت بە هێزەکانی دیکە با بڵێین جگە لە کورد لە نێوخۆی ئێران با بڵێین باسی کوڕی ڕەزاشا ئەکرێ و هەروەها موجاهدینی خەلق ، پێت وایە جووڵانەوەی کوردی با بڵێین حیزبە کوردییەکان لە کامەی نزیکترن زیاتر؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: حیزبە کوردییەکان ئێستا لە دوو شتدا هەن، یەکێکیان پێی دەڵێن «کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ». ناوەکە کەمێک ناتەواوە، چونکە ئێران خۆی فیدراڵ نییە، مەبەست ئەوەیە نەتەوە فیدراڵخوازەکانن کە پێکهاتووە لە گەلانی ژێردەستەی ئێران وەک کورد و بەلووچ و عەرەب و ئازەری و ئەوانە، ئەوە لەوێدا هەن. لەگەڵ موجاهیدین و کوڕی شای و ئەوانی دیکەش هێندەی من ئاگام لێ بێ پەیوەندی هەر هەبووە تەنانەت وەختی خۆی لەگەڵ کوڕی شا، هەندێک لە ڕێبەرانی کورد و لە ڕێبەرانی ئەو شەش لایەنەش کە ئێستا هەن، کوڕی شایان دیوە. کەواتە هەوڵمان ئەوەیە کە کەس دوژمنمان نییە، دوژمنی کەس نیین، بەڵام بۆ ئایندەی وڵاتەکەمان ئێمە خۆمان لەوانە بە نزیک دەزانین کە باوەڕیان بە فرە نەتەوەبوونی ئێران هەیە، باوەڕیان بە دێموکراسی هەیە. وەختێکی یەکەم جار بوو کە من مەسئوولییەتم وەرگرتبوو، چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ کرابوو، لەسەر کوڕی شا پرسیاریان لێ کردم، گوتم ئێمە دوژمنایەتییەکمان لەگەڵ شا و کوڕی شا نییە، دوژمنایەتی شەخسیمان نییە، دوژمنایەتیمان لەگەڵ سیاسەتەکان هەیە. ئەو کوڕە با ئیعلانی هەڵوێستی خۆی بکا کە چۆن تەماشای ئێران دەکا، چۆن تەماشای کورد دەکا، باوەڕی بە ماف و ئازادییەکانی ئەو گەلانە چۆنە، ئەو وەختە هیچ مانعێکمان نییە. بەڵام ئەو کابرایە تا ئێستایش شتێکی نەگوتووە، تەنانەت ئەم دواییانە هەڕەشەی کردووە کە ئەگەر بێتە دەسەڵات ئەوەڵ کاری ئەوەیە لەشکر دەنێرێتە سەر بە قەولی خۆیان تەجزیەتەڵەبان یان بڵێین جوداییخوازەکان. یا مەسەلەن وەختێک بە دۆستایەتی قسەی کرد، کوردی بە عەشایری کورد ناو برد نەک بە نەتەوە.

**پرسیار**: ئێستا گۆڕانکاری لە بۆچوونی موجاهیدینی خەلق دروست نەبووە لە بەرانبەر کورد؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: دەزانم پەیوەندیمان لەگەڵ موجاهیدین هەیە، بەڵام نازانم پەیوەندییەکە لە چ ڕادەیەکدایە، لە چ پلەیەکدایە. ئەوەندە دەزانم کە موجاهیدین پێشتریش بۆ خۆیان بەرنامەیەکیان هەبوو، بەرنامەی خودمۆختاری بۆ کوردستان کە شووڕای میلیی موقاوەمەتیش پێکهات و ئێمەی تێدا بووین، شوڕای میللی موقاوەمەتیش بەرنامەیەکی دانا بۆ خودموختاری کوردستان، ئەویشیان هەر ئیمزا کرد. لەو ماوەیەدا دوو شتی تازەشم لێ دیون، ئەوەڵەن چەند جارێک گوێم لێ بووە کە دەڵێن لە ڕەئسی هەموویانەوە مریەم ڕەجەوی دەڵێ ئێمە وەفادارین بەو بڕیارانەی داومانە. ئەوی دیکە وەختێک بەرنامەی خودموختاری کوردستانیان پەسەند کرد، باسی خودموختاری ئازەربایجان کرا، خودی مەسعوود ڕەجەوی گوتی ئەگەر ڕۆژێک باسی خودموختاریی ئازەربایجان بکرێ، موجاهیدین لە شوڕادا نامێنێ. ئێستا بۆ خۆیان دەڵێن ماف بۆ هەموو نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران، ئازەربایجان، بەلووچستان، عەرەب، تورکمان و ئەوانە، یانی ئەوەشیان زیاد کردووە کە باوەڕیان بەوە هەیە. کابراش کە دەڵێ، دەینووسێ، ئەتۆ حەقت نییە بڵێی درۆیە دەکات و بڕوای پێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رەشەمەی ٢٧٢٥

ناکەم، ئەتۆ لەگەڵ دڵی خەڵک تەرف نی، لەگەڵ سیاسەت و هەڵوێستەکانی تەرفی.

**پرسیار**: مامۆستا دوور لە بابەتە سیاسییەکان، لەسەر بابەتی ئەدەبیات و وەرگێڕان نێوانت چۆنە ئێستا؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: پیری و چووزانم جاروبار نەخۆشی پەکی کارکردنێ دەخا، بەڵام پێت سەیر نەبێ کە بڵێم بە حەیاتی خۆم ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆم بە ئەدیب نەزانیوە، بەڵام خۆم بە ئەدەبدۆست دەزانم.

**پرسیار**: بەڵام، مامۆستا جەنابت زمانزانێکی زۆر گەورەی

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: خەڵک وادەڵێن، بۆ خۆم واناڵێم، ئەوەندەی مەجالم هەبێ هۆگریم بە ئەدەبیات، بە شتی جوان، بە شێعری جوان هەیە. لە هەر کوێ بیبینم پێم خۆشە بیخوێنمەوە، پێم خۆشە بیبینم.

**پرسیار**: شتی تازەت لەبەردەستە وەک نووسینی کتێب یان بڵاوکردنەوە؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**: شتی تازەم بەدەستەوە نییە، بەڵام بە جۆرێک لە جۆران هەر سەروکارم لەگەڵ ئەو شتانە هەیە. ئەگەر بۆ خۆشم نەیکەم، دۆست و برادەری دیکە هەن تووشم دەکەن، مەسەلەن جەنابت کتێبێکت نووسیوە، بۆم دەهێنی دەڵێی بیخوێنەوە ئەگەر ڕایەکت لەسەری هەیە پێم بڵێ، یا ئیحتمالەن شتێکی لەسەر بنووسە، زۆر بەوانەوە مەشغووڵم، کەمتر دەستم بە تاڵ دەبێ.

٢١ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کاتێک شەڕ دەروازەکانی مێژوو بەڕووی پرسی کورد لە ئێراندا دەکاتەوە





**حەسەن قارەمانی**

زیاتر لە چوار دەیە کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەژێر سیستمێکی سیاسیدا دەژین کە بە شێوەیەکی سیستماتیک مافە بنەڕەتییەکانی پێشێل کردووە. لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامییەوە، زۆرجار داخوازییەکانی کورد بۆ دانپێدانانی کولتووری، مافی زمانەوانی و بەشداریی سیاسی، بە سیاسەتی ئەمنیەتی، سەرکوت و پەراوێزخستن وەڵام دراوەتەوە.

لەم ماوەیەدا خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بارێکی قورسی بەرخۆدان و قوربانیدانیان لە ئەستۆ بووە. سەرەڕای دووبارەبوونەوەی نارەزایەتی و ڕێکخستنی سیاسی و بەشداریکردنی مەدەنی، داواکارییەکانیان بۆ مافە کولتوورییەکان، نوێنەرایەتیی سیاسی و ئۆتۆنۆمیی ناوچەیی بە ڕێوشوێنی توند وەڵام دراوەتەوە. بۆیە پرسی کورد لە ئێراندا نەک هەر ململانێیەکی سیاسی بووە، بەڵکوو خەباتێکی درێژخایەن بۆ ناسنامە، کەرامەت و ناساندنی مێژوویی بووە.

لە هەمان کاتدا مێژوو ئەوە نیشان دەدات کە زۆرجار گۆڕانکاریی سیاسیی بەرچاو لە سەردەمی قەیرانی ناوچەیی و هەڵچوونە ژیۆپۆلەتیکییەکاندا ڕوودەدات. کاتێک ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٣دا عێراقی داگیر کرد، زۆرێک لە عێراقییەکان ئەو ڕووداوەیان وەک دەستێوەردانێکی سەربازیی داگیرکەر سەیر دەکرد؛ بەڵام بۆ کوردی باشووری کوردستان، ئەم پەرەسەندنە مانایەکی مێژوویی جیاوازی هەبوو. فەزایەکی سیاسیی نوێی دروست کرد کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی نوێدا کورد بتوانێت دامەزراوەی خۆی دابمەزرێنێت، ناوچەکەی خۆی بەڕێوە ببات و بە ئاشکرا ئاڵای کوردستان هەڵبکات بەبێ ترس. ئەوەی بۆ هەندێک وەک دەستێوەردانێکی ژیۆپۆلەتیکی دەردەکەوت، بۆ کورد بوو بە دەرفەتێکی مێژوویی بۆ دووبارە داڕشتنەوەی چارەنووسی سیاسیی خۆی.

بە درێژایی مێژوو، شەڕ و ململانێی ژیۆپۆلەتیکی زۆرجار هاوسەنگیی هێزیان گۆڕیوە و واقیعی سیاسیی نوێیان خوڵقاندووە. کاتێک دەوڵەتە ناوەندییەکان لاواز دەبن، هەندێک جار دەرفەت بۆ گەلانی پەراوێزخراو سەرهەڵدەدەن کە مافە سیاسییەکانیان بخەنە ڕوو و دووپاتیان بکەنەوە. ململانێ گەورەکان نەک هەر نەخشەیان کێشاوەتەوە، بەڵکوو ڕێگاکانی خۆبەڕێوەبەرییان بۆ ئەو گەلانە کردووەتەوە کە لەمێژە بێ دانپێدانانی دەوڵەت بوون.

کوردستان، لەم چوارچێوەیەدا، تەنیا ناوچەیەکی جوگرافی نییە، بەڵکوو نیشتمانێکی مێژوویی کوردە. لە ماوەی سەدەی بیستەمدا ئەم خاکە لە نێوان چوار دەوڵەتدا دابەش بوو: ئێران، عێراق، تورکیە و سووریە. کورد لە هەر بەشێکی ئەم وڵاتە دابەشبووەدا درێژە بە خەباتی خۆی بۆ مافە بنەڕەتییەکان دەدات: مافی زمان، کولتوور و چارەنووسی سیاسی.

پێشهاتەکانی باشووری کوردستان و پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان مۆدێلێکی سیاسیی خوڵقاند کە تێیدا کورد توانی دامەزراوەکانی خۆی ئاوەدان بکاتەوە و نفوزی سیاسیی خۆی بەهێز بکات. ئەم ئەزموونە لێکەوتەی قووڵی بۆ گوتاری سیاسیی کوردی لە سەرتاسەری ناوچەکەدا هەبووە.

ئەمڕۆ بەردەوامبوونی گرژییەکانی نێوان ئێران و ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان، جارێکی دیکە پرسیار لەسەر ئایندەی کورد لە

ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست دەکات. ئایا ململانێ ژێۆپۆلەتیکییە نوێیەکان دەتوانن پەنجەرەیەکی مێژوویی بکەنەوە کە کورد لە ئێراندا بتوانێت مافە سیاسییەکانی خۆی بخاتە ڕوو و دووپاتیان بکەنەوە؟ ئەزموونەکان نیشان دەدەن کە گۆڕانکاریی سیاسیی زۆرجار لەژێر بارودۆخی مێژوویی گرینگدا ڕوودەدەن.

لە بەرامبەر ئەم پاشخانەدا، دەکرێ پرسی کورد لە ئێراندا بە پشتبەستن بە سێ ڕەهەندی ناوەندی شی بکرێتەوە کە بریتین لە: پەراوێزخستنی مێژوویی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێران، گۆڕانکارییە ژێۆپۆلەتیکییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەو ئاستەنگ و دەرفەتە سیاسییانەی کە تایبەتمەندن بە هەوڵی کورد بۆ چارەنووسی.

## پێشینەی مێژوویی: خەباتی کورد لە ئێران

پرسی کورد لە ئێراندا ڕەگ و ڕیشەی قووڵی مێژوویی لە سەرهەڵدانی دەوڵەتی مۆدێرنی ئێران لە ماوەی سەدەی بیستەمدا هەبووە. ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەن ناسنامەیەکی زمانەوانی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی بەهێز بووە. لە هەمان کاتدا سیاسەتی ناوەندگەراییی حکوومەتە جۆراوجۆرەکانی ئێران بە شێوەیەکی سیستماتیک مافە سیاسی و کولتوورییەکانی کوردستانی پێشێل کردووە.
بە درێژایی سەدەی بیستەم، بزووتنەوە سیاسییە کوردەکان هەوڵیان داوە لە چوارچێوەی دەوڵەتدا شێوەی جۆراوجۆری خۆبەڕێوەبەری یان ئۆتۆنۆمی یان فیدراڵی دابمەزرێنن. ئەڵقەی هەرە بەرچاو لەم پێشهاتە مێژووییەدا، دامەزراندنی کۆماری کوردستان بوو لە مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٦. هەرچەندە ئەم کۆمارە تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت بوونی هەبوو، بەڵام لە یادەوەریی بەکۆمەڵدا بووە خاوەنی بایەخێکی ڕەمزیی هەمیشەیی. ئەزموونی کۆماری کوردستان نیشانی دا کە کورد دەتوانێت دامەزراوە سیاسییەکانی خۆی ڕێک بخات و کۆمەڵگاکەی بەڕێوە ببات.

دوای شۆڕشی ئێرانی ساڵی ١٩٧٩، هیوای نوێ لە نێو کورددا هاتە ئاراوە کە نەزمی سیاسیی نوێ دان بە مافی نەتەوەکاندا بنێت و بوار بۆ فرەیی سیاسی دروست بکات. بەڵام ئەو هیوایانە زۆر زوو نەمان کاتێک پەیوەندیی نێوان بزووتنەوە سیاسییەکانی کورد و کۆماری ئیسلامی پەرەی سەند و بوو بە ململانێیەکی چەکداری. دەرئەنجامی ئەمەش دەیان ساڵ پەراوێزخستنی سیاسی و کۆنترۆڵکردنی ئەمنی و سنووردارکردنی فەزای سیاسی لە کوردستان بوو.

لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و ئەکتەرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە بەردەوامی داوای مافی فەرهەنگی، دانپێدانان بە زمانی کوردی، نوێنەرایەتیی سیاسی و ئۆتۆنۆمیی ناوچەییان کردووە. بەڵام دەوڵەتی ئێران زۆرجار لە ڕوانگەی سیاسەتی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمنییەوە سەیری ئەم داواکارییانەی کردووە و بزووتنەوەی کوردستانی وەک جوداخوازی یان وەک هەڕەشە بۆ سەر سەقامگیریی دەوڵەت نیشان داوە. ئەمەش بە کردەوە ئەگەرەکانی گفتوگۆیەکی سیاسیی گشتگیری بنبەست کردووە. لە ئەنجامدا خودی ناسنامەی کوردیش بە سیاسی کراوە. لە زۆر حاڵەتدا دەربڕینە کولتوورییەکان وەک زمان، مۆسیقا یان هێماکان، وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی دەوڵەت لێک دراوەتەوە.

## قەیرانە ژیۆپۆلەتیکییەکان و پێشکەوتنی سیاسیی کورد

ئەزموونی مێژوویی کورد نەخشێکی دووبارەبووەوە نیشان دەدات: زۆرجار پێشکەوتنی سیاسیی بەرچاو هاوکات بووە لەگەڵ ئەو قۆناغانەی کە دەوڵەتە ناوەندییەکان بەهۆی شەڕ، شۆڕش یان قەیرانی قووڵی سیاسی لاواز بوون.

نموونەیەکی ڕوون، پێشکەوتنی عێراقە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣؛ پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وای کرد کورد سیستمێکی سیاسیی تا ڕادەیەک سەقامگیر بە پەرلەمان، هێزی پێشمەرگە و دامودەزگای ئیداری دابمەزرێنێت. بۆ یەکەمین جار لە مێژووی نوێدا، لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵیدا، باشووری کوردستان بوو بە خاوەنی خۆبەڕێوەبەرییەکی دانپێدانراو.

ئەم پێشهاتە دەرئەنجامە بەرچاوەکانی لە سنوورەکانی عێراق تێپەڕاند. ئەوە نیشانی دا کە خواستە سیاسییەکانی کورد تەنیا دیدێکی نۆرماتیڤ نین، بەڵکوو لە هەلومەرجی مێژوویی و ژیۆپۆلەتیکیی لەباردا دەتوانرێ بەدی بهێنرێن. پرۆسەیەکی هاوشێوە لە ڕۆژاوای کوردستان لە کاتی شەڕی ناوخۆی سووریەدا ڕووی دا. لەگەڵ لاوازبوونی دەسەڵاتی ناوەندی، ئەکتەرە سیاسییەکانی کورد توانیان پێکهاتە ئیداری و فۆرمەکانی ئۆتۆنۆمیی ناوچەیی دابمەزرێنن. ئەم ئەزموونانە ئاماژە بە نەخشێکی مێژوویی دەکەن کە زۆرجار پێشکەوتنە سیاسییەکانی کورد لە قۆناغەکانی هەڵچوونی ناوچەیی و گۆڕانی هاوسەنگیی هێزدا ڕوودەدەن.

## دۆخی ژیۆپۆلەتیکیی ئێستا

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەردەوامە وەک هەرێمێک کە بە ناسەقامگیریی سیاسی و ڕکابەریی ستراتیژی تایبەتمەندە. لەم ساڵانەی دواییدا گرژییەکانی نێوان ئێران و ئەکتەرە جۆربەجۆرە نێودەوڵەتییەکان توندتر بوون و ئەمەش هۆکارە بۆ کەشوهەوای نادڵنیایی و ئەگەری گۆڕانکاریی سیاسی.

لە بەرامبەر ئەم پاشخانەدا، باس لە چارەسەرە سیاسییەکان بۆ پرسی کورد سەرلەنوێ سەرهەڵدەداتەوە. یەکێک لەو مۆدێلانەی کە زۆرترین باسی لێوە دەکرێت، فیدراڵیزمە. سیستمێکی فیدراڵی دەتوانێت سەربەخۆیییەکی بەرچاو بە هەرێمەکان بدات. ئەزموونی عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ دەریدەخات کە سیستمێکی لەو شێوەیە دەتوانێت کار بکات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەستووری عێراق هەرێمی کوردستانی وەک قەوارەیەکی فیدراڵی ناساند کە دەسەڵاتی ئیداری و یاسایی بەرفراوانی هەبێت. هەر لەبەر ئەم هۆکارە، مەرج نییە زۆرێک لە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە ئێراندا بانگەشە بۆ سەربەخۆیی تەواو بکەن، بەڵکوو داوای ئێرانێکی لامەرکەزی و دێموکرات دەکەن کە تێیدا دەرفەت بە گرووپە نەتەوەییە جیاوازەکان بدرێت کاروبارە ناوچەیییەکانی خۆیان بەڕێوە ببەن.

## کۆتایی

ئەزموونی مێژوویی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەوە دەردەخات کە قۆناغەکانی شەڕ، قەیران و گۆڕانکاریی ژێۆپۆلەتیکی، هەندێک جار دەرگاکان دەکەنەوە کە لە هەلومەرجی سیاسیی ئاساییدا بە داخراوی دەمێننەوە. بۆ گەلانی بێدەوڵەت، ئەم جۆرە ساتانە دەتوانن دەرفەتی چاوەڕواننەکراو بۆ خستنەڕووی داهاتووی سیاسیی خۆیان دروست بکەن. ئەزموونی کورد لە باشووری کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ نموونەیەکی ڕوونە کە چۆن گۆڕانکارییەکی ناوچەیی دەتوانێت دیمەنێکی سیاسیی نوێ دروست بکات. بۆ یەکەم جار لە مێژووی هاوچەرخدا، دەرفەتی ئەوە درا بە کورد کە دامەزراوە بنیات بنێن، هەرێمەکانی خۆیان بەڕێوە ببەن و بە ئاشکرا ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان دەربخەن.

بۆیە بەردەوامیی گرژییە ژێۆپۆلەتیکییەکان لە ناوچەکەدا، پرسیاری نوێ سەبارەت بە داهاتوو دەوروژێنن. لەم چوارچێوەیەدا، پرسی کورد وەک بەشێکی ناوەندی لە گەشەسەندنی سیاسیی ئێران و گۆڕانکارییە مێژووییە فراوانەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەردەوام دەبێت. خەباتی کورد تەنیا ململانێیەکی سیاسی نییە، بەڵکوو پێوەندیی بە دانپێدانان، کەرامەت و مافی دارشتنی ئایندەی مێژوویی خۆیانەوە هەبووە. بۆ کوردی ڕۆژهەڵات، هەر ئەگەرێکی گۆڕانکاری، هیوایەکە بۆ داهاتوویەک کە تێیدا شوناس، زمان و مافەکانیان لە چوارچێوەی سیستمێکی فیدراڵدا بپارێزرێت. لەبەر ئەوە، پێویستە ستراتیژیی کورد هاوسەنگییەکی ورد لە نێوان "هیوای پشتیوانیی دەرەکی" و "هەڵسەنگاندنی واقیعییانەی هێز"دا دروست بکات.

لە کۆتاییدا، چارەسەری بنەڕەتیی پرسی کورد لە ئێران تەنیا بە گۆڕانکاریی ژێۆپۆلەتیکییەوە بەند نییە، بەڵکوو پێویستی بە سەرهەڵدانی سیستمێکی سیاسیی گشتگیر هەیە کە دان بە هەمەچەشنیی نەتەوەیی و کولتووریدا بنێت. ئایا داهاتوو بەرەو سەربەخۆیی، فیدراڵیزم یان جۆرێکی تری دانپێدانان دەچێت؟ ئەمە یەکێکە لە پرسیارە هەرە گرنگەکانی داهاتووی ناوچەکە.

٢١ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## مستەفا هیجری: ڕێژیمی ئێران داوای دانوستانی لێ نەكردووین



### ئاماژە:

**كاك مستەفا هیجری، سكرتێری گشتیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران لە وتووێژێكدا لەگەڵ كاناڵی ئاسمانیی "العربیة" و "الحدث" تیشكی خستەسەر ئەوەی لە داهاتوودا خەڵكی ئێران دێنە سەر شەقامەكان و بەوەش ڕووخانی ڕێژیم چاوەڕوانكراوە. سكرتێری گشتیی حیزبی دێموكرات لەو وتووێژەدا ڕایگەیاندوە كە ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی داوای هیچ دانوستانێكی لە حیزبی دێموكرات نەكردووە.**

**پرسیار**: ئایا دۆناڵد ترامپ، سەرۆككۆمار ئەمریكا یان بەرپرسیارانی ئەمریكا و ئورووپا پەیوەندییان بە بەرێزتان و هاوپەیمانی هێزە سیاسیەكانی كوردستانی ئێران كردووە، و چی پێشكەشی ئێوەی كردووە؟

**مستەفا هیجری**: ئێمە لە ڕابردوو و ئێستاش لەگەڵ ئورووپا و ئەمریكا لە ڕێگای نوێنەرانمان لەگەڵ ئەو وڵاتانە بیروڕامان گۆڕیوەتەوە لەسەر بابەتەكانی جیاوازی سیاسی قسەمان كردوە.

**پرسیار**: هەڵوێستی ئێوە سەبارەت بە هێرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر ئێران چییە؟

**مستەفا هیجری**: ئەوەی کە ئەمریکا و ئیسرائیل هێرشیان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی ئێرانیان دەست پێکرد لە هەموو کەس ڕوونە، بەڵام ئەم هێرشانە هەر لە خۆرا دەستیان پێ نەکردوە، بەڵکوو ئاکامی کردەوەکانی نزیک بە چل و حەوت ساڵی ئەو ڕێژیمەن. ئەو ڕێژیمە هەر لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنی، دەستی بەسەر باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران داگرت و هەموو پێرسونێلی ئەو بالوێزخانەی بۆ ماوە ٤٤٤ ڕۆژ بە بارمتە گرت، لەو کاتەوە تا ئێستاش دژایەتی لەگەڵ ئەمریکای درێژە داوە. هەر لەو کاتەشەوە بڕیاری لەنێوبردنی ئیسرائیلی داوە و بە کردەوەش هێزە نیابەتییەکانی خۆی لە دەوری ئیسرائیل پڕ چەک کردوە و بازنەیەکی ئاگرینی پێک هێناوە. کۆماری ئیسلامی تەنانەت هەڕەشە و هێرشەکانی تا ئێستا لەسەر وڵاتانی کەنداویش بەردەوام بووە و زۆر هێرشی کردووەتە سەریان، هەروەک دەبینین لەم شەڕەشدا بە بیانووی هێرش بۆ سەر بنکە و دامەزراوەکانی ئەمریکا لەو وڵاتانەدا، زۆر شوێنی نیشتەجێبوونی خەڵکی سڤیلیشی کردووەتە ئامانج. ئەوە لە حاڵێکدایە کە زۆربەی ئەو وڵاتانە دژی هێرشی ئەمریکا بوون و تەنانەت نێوانگیرییان کردووە لە نێوان ئەمریکا و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. وڵاتانی ڕۆژئاوا (ئەمریکا و ئورووپا) دەیان ساڵ لەگەڵ ئێران مدارایان کردووە و حەولیان داوە کە ئەو سیاسەتە شەڕئەنگێزانەی بگۆڕن، بەڵام ئەو ڕێژیمە ڕۆژبەڕۆژ زیاتر پێداگر بووە لەسەر درێژەدانی سیاسەتی خۆی. بۆیە ئەو هێرشانەی کرانە سەر کۆماری ئیسلامی دەرهاوێشتەی ئەو سیاسەتەن و چاوەڕوانکراو بوون. ئێمە پشتیوانی لە شەڕ ناکەین و لایەنگری ئەوەین ناکۆکییەکان لە ڕێگای دیالۆگ چارەسەر بکرێن، بەڵام کاتێک بە دیالۆگ نەکرێ ڕێگەچارە بۆ ناکۆکییەکان بدۆزرێتەوە، شەڕ وەک دوابژاردە دێتە ئاراوە.

**پرسیار**: تا چەند ئامادەی ئەم شەڕەن؟ ئایا ئۆپەراسیۆنی زەمینی دژی ئێران دەست پێ دەکەن؟

**مستەفا هیجری**: ئەمریکا و ئیسرائیل ڕایانگەیاندووە شەڕەکەیان بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم نییە، خەڵکی ئێرانیش لە ترسی سەرکوت و کوشتاری بێبەزەییانەی ڕێژیم . هەروەک لە ٧ و ٨ فێورییەی ئەمساڵدا دیتمان - زۆر بە زەحمەتە لانیکەم لە کورتماوەدا- بتوانن بە هاتنە سەرشەقام ڕێژیم بڕووخێنن، بەڵام لە داهاتوودا ڕووداوێکی ئەوتۆ چاوەڕوانکراوە.

**پرسیار**: هەڵوێستت چییە لەسەر دەسەڵاتی ئێستای ئێران و ئایا داوای دانوستاندنیان لە بەڕێزتان کردووە؟

**مستەفا هیجری**: حکوومەتی ئێران حکوومەتێکی دیکتاتۆرییە کە لەسەر بنەمای ئایینی شیعەی دوازدە ئیمامی ویلایەت فەقیهی دامەزراوە و، هەموو داهاتی وڵاتێکی دەوڵەمەندی ئێرانی لە ڕێگای ئیدئولۆژی خۆی بەکارهێناوە، لە کاتێکدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ڕەشەمەی ٢٧٢٥**

**دانیشتووانی ئێران لە هەموو خزمەتگوزارییەک بێبەشن سامانی گشتی وڵات بۆ پڕچەککردن و بەهێزکردنی هێزە نیابەتییەکان، پەرەدان بە پیتاندنی یۆرانیوم بە مەبەستی دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی و پەرەدان بە تیرۆریزم بەکار دێنێ. دەستی بەهەر جێگایەک بگا برسیتی، شەڕ، دووبەرەکی پێکدێنێ. ڕێژیمی ئێران لەم ساڵانەی دواییدا، داوای دانوستانی لە ئێمە نەکردووە.**

**٢١ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ستراتیژیی تورک و کورد و ئاسۆی پلۆرالیزم (فرەچەشنی) لە ئێرانی داهاتوو





شاڕوخ حەسەنزادە

هێرشە نیزامییە قورس و دژوارەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر ژێرخانە نیزامی و ئەمنییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی

ڕەشەمەی ٢٧٢٥

ئێران پێی ناوەتە سێزدەهەمین ڕۆژی خۆیەوە و شیرازەی دەسەڵات زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە لە لێواری داڕماندایە و سێبەری ڕووخانی یەکجارەکی زۆر لە جاران زیاتر باڵی بەسەر فەزای سیاسی ئێراندا کێشاوە. لەم ساتەوەختە مێژووییە چارەنووسسازەدا، تێپەڕین لە هەست و سۆز و هەڵچوونە کاتییەکان و بیرکردنەوە لە داهاتووی قۆناغی تێپەڕین بە پشتبەستن بە عەقڵانییەتی سیاسی، زەروورەتێکی هەنووکەییە.

لە ئاسۆی پڕ لە ئاڵۆزیی گۆڕەپانی سیاسیی ئێران و لە خاڵی بەهێزی ڕووخانی پێکهاتەی هێزە سەرکوتکارەکان لەگەڵ گوشارە وێرانکەرە نێودەوڵەتییەکاندا، شیکردنەوەی داهاتووی ئەم جوگرافیایە بووەتە بنەڕەتیترین پرسیاری چینی دەستەبژێر و ڕای گشتی؛ پرسیارێک کە وەڵامەکەی بە دوور لە دروشمە خەیاڵییەکان، لە قبووڵکردنی واقیعە دیمۆگرافییەکان و لێکتێگەیشتنی نێوان هێزە گەورە نەتەوەییەکان بەتایبەت هەردوو نەتەوەی تورک و کورددا شاردراوەتەوە. لەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا دوو نەتەوەی تورک و کورد وەک کۆڵەکەکانی ڕەشماڵی دانیشتووانی ئەم وڵاتە پان و پۆڕە، بایەخ و گرنگییەکەی یەکلاکەرەوەیان هەیە. کۆکردنەوەی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەم دوو کۆمەڵگەیە کە بەشێکی گەورەی پێکهاتەی دانیشتووانی ئێران پێکدەهێنن لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیی سیاسییەوە بەو مانایەیە کە هیچ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی و سەقامگیری پێکهاتەی دەسەڵات بەبێ بەشداریی کارا و ڕەزامەندیی ئەم دوو هێزە بزوێنەرە جێبەجێ نابێت و سەر ناگرێت. لێککەوتنەوەی ستراتیژیی ئەم دوو ڕەوتە دەتوانێت ببێتە هۆی پێکهێنانی گەورەترین بەرەی دیموکراسیخواز لە ناوچەکەدا؛ بەرەیەک کە بە پشتبەستن بە هێزی حەشیمەت و جوگرافیا، نەک تەنیا شەمەندەفەری دیکتاتۆری دەوەستێنێت، بەڵکوو هەر هێزێکی تۆتالیتێر (پاوانخواز) و ناوەندگەرایش ناچار دەکات بە قبووڵکردنی پلۆرالیزم (فرەیی) و دابەشکردنی دادپەروەرانەی دەسەڵات.

## شیکاریی

یادەوەریی مێژوویی دەریدەخات کە هاوپەیوەندی ئەم دوو هێزە کۆمەڵایەتییە، بیرۆکەیەکی کتوپڕ یان لە دەرەوەی مێژوو نییە. ئاوڕدانەوە لە ئەزموونە دیرۆکییەکانی وەک ئەو ڕێککەوتنانەی لە نێوان پێشەوا و پیشەوەری لە سەردەمی حکوومەتە نەتەوەییەکانی کوردستان و ئازەربایجاندا پێکهاتبوون - بەتایبەت پەیوەندییەکانی نێوان پێشەوا قازی محەممەد و جەعفەر پیشەوەری - بەڵگەیەکی ڕوونە بۆ ئەو بانگەشەیەی کە نوخبە پێشەنگەکان دەیان ساڵ لەمەوبەر پێویستیی ئەم هاوتەریب بوون و پێکەوەییەی چارەنووسیان هەست پێکردبوو. ئەوان بە خوێندنەوەیەکی وردی پەیوەندییەکانی دەسەڵات باش لەوە تێگەیشتبوون کە دیکتاتۆریی حاکم، ئازادی و بوونی هەردوو نەتەوەکەی بە یەک ڕادە کردووەتە ئامانج. ئەمڕۆش دووبارە خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە و بونیادنەرانەی ئەو ئەزموونە مێژووییانە دەتوانێت ببێتە چرا و ڕێنوێنیی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چالاکوانانی مەدەنی و سیاسی بۆ ئەوەی نەکەونە ناو داوی گرژییە دروستکراو و مەترسیدارەکان. لە ڕاستیدا، تێگەیشتن لەم هاوچارەنووسییە مێژووییە، پێشمەرجی تێپەڕینە لە قەیرانەکانی قۆناغی گواستنەوە (تێپەڕین) و گەیشتن بە پێکهاتەیەکی سیاسیی جێگیر.

سەرەڕای ئەمەش، یەکێک لە جدیترین کۆسپەکانی بەردەم ئەم هاوپێوەندییە، بەرهەمهێنانەوەی ئەنقەستی کەلێنە نەتەوەیی و جوگرافییەکانە لەلایەن ڕەوتە دەسەڵاتخوازەکانی ناوەند و هەندێک ئەکتەری دەرەوەی ناوچەکەوە. ستراتیژیی کلاسیکی "پەرتەوازەیان بکە و حوکمڕانی بکە"، هەمیشە ئامرازێک بووە بۆ بەردەوامیی هێژمۆنی دەسەڵاتە ناوەندییەکان. لە پاڵ ئەم پیلانە چەپەڵ و مەزنەدا، نابێت لە مەترسیی ئەو ڕەوت و کەسانەی نێوخۆی هەردوو لاش غافڵ بین کە بەهۆی نەبوونی عەقڵانییەت و وشیاریی سیاسییەوە، دەهۆڵی توندوتیژی دەکوتن؛ کەسانێک کە بەبێ تێگەیشتن لە لۆژیکی سیاسی و مەترسییە قەرەبوونەکراوەکانی پێکدادان، بەئاگایی یان بێئاگاییەوە قسەگەلێک دەکەن کە دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێ و ترس لەنێو ڕای گشتیدا. ئەم ڕەوتانە، چ لە ناوەند بن یان لە پەراوێزە ڕادیکاڵەکان، مانەوەی خۆیان لە ئەندازیاریی ململانێکاندا دەبیننەوە و بە پەرەپێدانی ناکۆکییە مێژوویی یان ژئۆپۆلەتیکییەکانی نێوان تورک و کورد، هەوڵی لاوازکردنی ماتەوزەی ڕزگاریخوازانەی هەردوو نەتەوە دەدەن هەتا لە کۆتاییدا خۆیان وەک تاکە پارێزەری سیستەم و ئاسایش تەناهی پێناسە بکەن. دژەهری ئەم ستراتیژییە، وشیاریی نوخبەکانە بەو واقیعە بەرجەستەیەی کە سڕینەوەی فیزیکی یان هێژمۆنیی هیچ یەک لەم دوو نەتەوەیە لەلایەن ئەوی دیکەوە نەک تەنیا لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە مەحاڵە بەڵکوو هەر جۆرە پێکدادانێک، تەنیا دەبێتە هۆی بەفیڕۆچوونی وزە دێموکراسیخوازەکان و لەدەستدانی دەرفەتە مێژووییەکان لەم قۆناغە هەستیارەدا. پێکەوەژیانی ئاشتییانە و تێکەڵاویی کولتووریی ئەم دوو کۆمەڵگەیە لە جوگرافیایەکی هاوبەشدا زەمینەیەک دەڕەخسێنێت تاوەکوو چالاکوانانی مەدەنی لە ڕێگەی دروستکردنی هاوپشتیی ناوچەییەوە ڕێگری بکەن لە سەرهەڵدانی توندوتیژییە پلانبۆدارێژراوەکان و نەکەونە ژێر کاریگەریی هاندانەکانی ڕەوتە نابەرپرسەکان.

لە ڕوانگەیەکی بەراوردکارییەوە و بە پشتبەستن بە مۆدێلە سەرکەوتووە جیهانییەکان لە کۆمەڵگە فرەنەتەوەکانی وەک سویس، بەلژیک و کانادا، تێدەگەین کە ناساندنی فەرمیی جیاوازییە زمانی، کولتووری و نەتەوەییەکان، نەک هەر هەڕەشە نین بۆ سەر سەقامگیریی سیاسی، بەڵکوو هەوێنی یەکگرتوویی و هاودەنگیی کۆمەڵگە مۆدێرنەکانن. ئەم دێموکراسییە گەشەسەندووانە بە تێپەڕین لە سیاسەتەکانی تواندنەوە و یەکسانسازیی زۆرەملێ و پەنابردن بۆ پێکهاتە فیدراڵییەکان و ناناوەندیبوونی دامەزراوەکان، جیاوازییەکانی خۆیان کردووەتە سەرمایەیەکی نەتەوەیی. لەسەر ئەم بنەمایە، ئاسۆی داهاتووی ئێرانێکی ئازاد و فرەچەشن لەگرەوی ئەوەدایە کە شوناسی هیچ مرۆڤێک نەکرێتە بنەمایەک بۆ جیاوازیدانان یان سەرکوتکردن. بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، پێویستی بە داڕشتنی بەرنامەیەکی سیاسیی هاوبەش و بەڕێوەبردنی گفتوگۆی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ڕەشەمەی ٢٧٢٥

ڕەخنەگرانە و ڕاستگۆیانەی نێوان پارت و ڕەوتە مەدەنییەکانی هەردوو لایە هەیە، تاوەکوو لە ڕێگەی نەهێشتنی لێکتێنەگەیشتنە مێژووییەکانەوە، مافە بنەڕەتییەکان و مافی دیاریکردنی چارەنووس لە چوارچێوەی هاوپشتییەکی دێموکراسییانەدا دەستەبەر بکرێت. ئەگە نوخبە سیاسییەکانی کورد و تورک بتوانن بە پێگەیشتووییەکی ستراتیژییەوە لە میراتی بەرەوڕووبوونەوە و دژایەتی یەکتر تێپەڕن و بەرەیەکی یەکگرتوو لە دژی دیکتاتۆری پێکبهێنن، نەک تەنیا مافە بنەڕەتییەکانی نەتەوەکانیان جێگیر دەکەن، بەڵکوو دەبنە ئەندازیارانی سەرەکیی عەقڵانییەت، سەقامگیری و دێموکراسی لە ئێرانی داهاتوودا؛ ئەرکێکی قورس و چارەنووسساز کە تاکە ڕێگەی ڕزگاریی ئەم جوگرافیایەیە لە بازنەی بەتاڵی دیکتاتۆری.

٢١ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# برایم لاجانی: نەخوێندن بە زمانی دایک دەبێتە هۆی لەنێوچوونی میراتی کولتووری






**دیمانە: گوڵان هیجری**

## ئاماژە:

**پاراستنی زمانی دایک ئەرکێکی نەتەوەیی و مرۆییە. بۆ ئەوەی نەوەیەکی وشیار، داهێنەر و خاوەن ناسنامەمان هەبێت، دەبێت زمانی کوردی ببێتە زمانی سەرەکیی هەموو کایەکانی ژیان، بەتایبەت لە ناوەندەکانی خوێندن و پەروەردەدا. لەو دیمانەیەدا کاک برایم لاجانی، نووسەر و وەرگێڕ و مامۆستای پەروەردە بە وردی تیشک دەخاتە سەر ئەو بابەتە.**

**گوڵان هیجری**: سەرەتا بفەرموو چۆن پێناسەی زمانی دایک دەکەیت؟ بۆچی زمانی دایک بۆ گەشە و فێربوون و شکڵگرتنی کەسایەتیی منداڵ هێندە گرنگە؟

**برایم لاجانی**: زمانی دایک ئەو سیستەمەیە کە منداڵ بۆ دەرک و تێگەیشتن، دروستکردن و بەدەستەوەدانی مانا بەکاری دێنێ و لە ڕێگای ئەوەوە لەگەڵ جیهانی دەوروبەری خۆی پێوەندی دەگرێ. بۆیە زمانی دایک، بەتەنیا هەر ئامرازێکی پێوەندیگرتن نییە، بەڵکوو چوارچێوەیەکی ناسنامەیی، سۆزداری و فەرهەنگییە بۆ تێگەیشتن لە خۆ، بۆ دەرکی کەسانی دیکە و واقیعی دەوروبەر. بۆیە لە ڕوانگەی پێداگۆگییەوە، زمانی دایک بناغە و ژێرخانی فێربوون و یادگیرییە.

لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە زمانی دایک هەڵگری ناسنامە و شوناسی نەتەوەیی و پێناسەی بەکۆمەڵ و سەرمایەی فەرهەنگی و کولتوورییە. لە ڕووی ئەنترۆپۆلۆژی و ئینسانناسیشەوە، زمانی دایک ئامرازی گواستنەوەی حافیزەی مێژوویی، نرخ و بایەخ و نۆرم و پرەنسیپەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییە. بۆیە وەلانانی زمانی دایک، نادیدەگرتن و لاوازکردنی، دەبێتە هۆی وێرانکردنی ئەو پێشمەرج و بناغە گرنگانەی کە بۆ فێربوون و گەشە و بەکۆمەڵایەتیبوونی منداڵ، گرنگ و چارەنووسسازن.

**گوڵان هیجری**: چ بەڵگە و لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لە ئارادایە کە نیشان بدات زمانی دایک لە پرۆسەی فێربوونی منداڵاندا کاریگەریی یەکلاکەرەوەی هەیە؟

**برایم لاجانی**: لێکۆڵینەوەکانی یونێسکۆ و لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکان لە زانکۆ باوەڕپێکراوەکانی جیهاندا، ئەوە نیشان دەدەن ئەو منداڵانەی خوێندن و فێربوونی قۆناغی سەرەتاییان بە زمانی دایکی خۆیان بۆ دەرەخسێ، لە خوێندنەوە و نووسیندا، لە ژمێرە و ماتماتیک و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەدا، توانا و لێوەشاوەییەکی زۆرتر لە خۆیان نیشان دەدەن. هۆی ئەوەش زۆر ڕوونە. منداڵ لە ڕێگای زمانی دایکەوە "بیر" دەکاتەوە. کاتێک زمانی خوێندن و فێربوون لە جیاتی زمانی دایک دەبێتە زمانێکی دیکە، ناچار دەبێت لە یەک کاتدا دوو کار ئەنجام بدات: وەرگێڕانی زەینی و فێربوونی بابەتە دەرسەکە. ئەمەش بارێکی قورس دەخاتە سەر سیستەمی ناسنامەیی منداڵەکە و ڕادە و خێرایی فێربوون کەم دەکاتەوە یا نیوەچڵی دەکات. خوێندن بە زمانی دایک دەبێتە هۆی ئەوەی فێربوون بە شێوەیەکی سروشتی، قووڵ، پایەدار و بەردەوام بڕواتە پێش.

**گوڵان هیجری**: پێوەندییەکانی زمانی دایک لەگەڵ زمانەکانی دووهەم و سێهەم و کاریگەرییان لەسەر یەکتری چۆنە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**برایم لاجانی**: لێکۆڵینەوە زمانناسییەکان دەری دەخەن کە زاڵبوون بەسەر زمانی دایکدا، فێربوونی زمانی دووهەم و سێهەم زۆر ئاسانتر دەکات. منداڵێک کە ستراکتۆر، ڕێزمان و گەنجینەی وشە و زاراوە و لۆژیکی زمانی دایکی بە چاکی فێربووە، دەشتوانێ ئەو توانا و لێوەشاوەییانە بۆ فێربوونی زمانەکانی دیکە بگوازێتەوە و بەکاریان بهێنێت. ئەو منداڵانەی کە زمانی دایکیان لێ سەرکوت دەکرێ یا نادیدە دەگیرێ، زۆرتر وایە کە نە لە زمانی دایکدا و نە لە هیچ زمانێکی دیکەدا باڵادەستی و شارەزایی وەدەست ناهێنن. ئەو دیاردەیە لە ئەدەبیاتی زانستیدا پێی دەگوترێ "نیوەزمانی".

**گوڵان هیجری**: لە ڕووی کۆمەڵناسییەوە، خوێندن و فێربوون بە زمانی دایک چ کاریگەرییەکی لەسەر دروستبوونی ناسنامە و شوناس منداڵ هەیە؟

**برایم لاجانی**: ناسنامە و شوناس منداڵ لە ڕێگای زمانەوە دروست دەبێت. زمانی دایک زمانی ماڵەوەیە، زمانی یادەوەری و زمانی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و زمانی هەست و سۆزە. کاتێک قوتابخانە ئەو زمانە بە فەرمی دەناسێ، منداڵ هەست دەکات کە خودی خۆی و فەرهەنگ و کولتووری ئەویش ڕەوایە. بە پێچەوانەوە، وەلانان و نادیدەگرتنی زمانی دایک لەلایەن سیستەمی پەروەردە و فێرکردنەوە، پەیامێکی ترسناک دەگەیەنێ: واتە زمان و فەرهەنگ و ناسنامەی منداڵەکە و لە کۆتاییدا خودی منداڵەکەش لە پلەیەکی خوارتردان. ئەوە بۆ منداڵ ڕەنگە ببێتە هۆی لەخۆبێگانەبوونی کۆمەڵایەتی، بێ متمانەیی بەخۆ و لێکدابڕانی نێوان منداڵ و کۆمەڵگە.

**گوڵان هیجری**: ئەو مەسەلەیە چ شوێنەوارێک لەسەر گەشە و هەڵدانی کەسایەتی و سەلامەتیی ڕەوانیی منداڵ دادەنێ؟

**برایم لاجانی**: بۆ ئەوەی کەسایەتیی منداڵ گەشە بکات، پێویستی بە ئەمنییەتی ڕەوانی و هەستی وەرگیران و بەهێندگرتن هەیە. زمانی دایک ڕۆڵی بنەڕەتی لەوەدا دەگێڕێ کە منداڵ بتوانێ هەست، ترس، شادی و ئەزموونەکانی خۆی دەربڕێ. منداڵێک کە ناچارە هەست و سۆزی خۆی بە زمانێک بەیان بکات کە چاکی نازانێت و بەسەریدا زاڵ نییە، تووشی سترێس، دڵەڕاوکێ، بێدەنگی و سکوت دەبێ و دووره‌پەرێز دەکەوێتەوە. بۆیە خوێندن و فێربوون بە زمانی دایک، دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ متمانە بەخۆی پەیدا بکات، لە پۆل و لەگەڵ هاوپۆل و هاوڕێیانی لە چالاکی و یاری و دەرس خوێندندا بەشداریی جددیتر لە خۆی نیشان بدات. ئەوەش یارمەتی دەکات تا کەسایەتیی منداڵ بەشێوەیەکی سەربەخۆ و تەندروست دروست بێت و گەشە بکات.

**گوڵان هیجری**: لە ڕوانگەی ئەنترۆپۆلۆژی و ئینسانناسییەوە وەلانان و سەرکوتی زمانی دایک، لە ڕووی فەرهەنگییەوە چ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**کاریگەرییەک لەدوای خۆی بەجێ دەهێڵێ؟**

**برایم لاجانی**: زمان فەرهەنگ لەخۆیدا هەڵدەگرێت. پەندەکان، ئیدیۆم و مێتافۆرەکان، حیکایەت و چیرۆکەکان، ئەفسانە و ئەستوورەکان، قارەمانە میللییەکان، سیستەمی کۆمەڵایەتی، نۆرم و ئەخلاق و دابونەریتەکان، تەنانەت شێوەی بیرکردنەوەش لە زماندا خۆیان نیشان دەدەن. کەواتە وەلانانی خوێندن بە زمانی دایک لەلایەن سیستەمی پەروەردە و فێرکردنەوە، دەبێتە هۆی لەنێوچوونی ئەو میراتە فەرهەنگی و کولتوورییە. لەوەش زیاتر، لە ئاستی سەرەوەدا فرەفەرهەنگی و فرەکولتووری لەناو دەبات و کۆمەڵگە بەرەو یەکپارچەسازیی زۆرەملێ دەبات؛ دیاردەیەک کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکیی سیاسی و ناسنامەیی.

**گوڵان هیجری**: ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک چ پەیامێکی بۆ کاربەدەستانی دەوڵەتەکان پێیە؟

**برایم لاجانی**: ئەو ڕۆژە ئەسڵێکی گرنگی مافەکانی مرۆڤمان وەبیردێنێتەوە، واتە مافی خوێندن و فێربوون بە زمانی دایک. کاربەدەستانی دەوڵەت و هەموو ئەوانەی لە کاروباری خوێندن و پەروەردەدا کاری بەرنامەدانان و سیاسەتگوزاری دەکەن، دەبێت بەو دەرک و تێگەیشتنە بگەن کە خوێندن و فێربوونی چەندزمانی و خوێندن بە زمانی دایک نەک هەر هەڕەشە نییە، بەڵکوو دەبێ وەک دەرفەت چاوی لێ بکرێ. دەرفەتێکە بۆ دەستەبەرکردنی دادپەروەری لە پەروەردە و فێرکردن و ڕاهێناندا. دەرفەتێکە بۆ وەدەستهێنانی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و پەرەسەندنی پایەدار و درێژخایەن. خوێندن و فێربوون بە زمانی دایک، بەتایبەتی لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا، نەک هەر مافی سروشتیی منداڵانە، بەڵکوو بریتییە لە: سەرمایەگوزارییەکی درێژخایەن بۆ بنیاتنانی سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیەکی پڕ کوالێتی.

**گوڵان هیجری**: کۆنڤانسیۆنە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ و پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافی منداڵ لەو پێوەندییەدا دەڵێن چی؟

**برایم لاجانی**: لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە، خوێندن و فێربوون بە زمانی دایک ئیمتیازێکی فەرهەنگی و کولتووری نییە، بەڵکوو بەشێکە لە مافی بنەڕەتیی منداڵ. ئەو مافە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە چەند پەیماننامەی نێودەوڵەتیدا دەستەبەرکراوە، وەک: کۆنڤانسیۆنی مافی منداڵ، کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان و بەیاننامەی مافەکانی کەسانی سەربە کەمایەتییە نەتەوەیی، ئایینی و زمانییەکان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێران وەک وڵاتێک کە ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە، ئەرکی سەرشانییەتی کە بەندەکانی ئەو کۆنڤانسیۆنانە، بەتایبەتی کۆنڤانسیۆنی مافی منداڵ، بێ هیچ چەشنە جیاکارییەک دابین و دەستەبەر بکات. لە ئێران ئەگەرچی ئەسڵی ١٥ی دەستوور بەشێوەیەکی سنووردار باس لە خوێندنی ئەدەبیاتی خۆجێیی دەکات، بەڵام لە کردەوەدا زمانی گەلانی ژێرچەپۆکی ئێران لە سیستەمی پەروەردەی ئێراندا هیچ جێگایەکی بۆ نەکراوەتەوە. خوێندنی سەرەتایی تاکزمانی و تەنیا بە فارسییە. ئەوە لەژێرپێنانی سیستەماتیکی ئەو بەڵێنانەیە کە ئێران خستوویەتیە سەر شانی و خۆشی لێ دەبوێرێ.

**گوڵان هیجری**: ئاکامەکانی ئەو سیاسەتە چین؟

**برایم لاجانی**: سیاسەتی تەکزمانی ئاکامەکەی ئەوەیە کە: ئەو منداڵانەی زمانی قوتابخانەیان لەگەڵ زمانی ماڵەوەیان جیاوازە، درەنگتر فێری خوێندنەوە و نووسین دەبن، ڕادەی کەوتن و وازهێنان لە قوتابخانە لەناو ئەو منداڵانەدا زۆرترە، لە پۆلدا کەمتر چالاکی لە خۆیان نیشان دەدەن. ئەو سیاسەتە تەکزمانییە زیانێکی زۆر لە ڕوح و ڕەوانی منداڵ دەدات، منداڵ و شوناس و فەرهەنگەکەی نادیدە دەگرێ و بەفەرمی ناناسێ. لە ڕووی زمانییەوە هەستی شەرم لە منداڵەکەدا دروست دەکات، متمانەبەخۆبوونی کەم دەکاتەوە و هەستی خۆبەکەمزانی تێدا دەچێنێت.

لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، سیاسەتی تاکزمانی لە ئێرانی ئەمڕۆدا نابەرابەریی نێوان ناوەند و ناوچە نەتەوەییەکانی دیکەی ئێران زیاد دەکات، بێ متمانەیی زیاتر لە نێوان گەلانی ئێران و حکوومەتی ناوەندیدا دروست دەکات. لە درێژخایەندا یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و سیاسی لاواز دەکات و سەرکوتی زمانی دایک، داخوازییە سیاسی و فەرهەنگییەکانی گەلانی ئێران ڕادیکاڵتر دەکات. دەستەبەرکردنی خوێندن بە زمانی دایک دەبێتە هۆی ئەوەی جیاکاری و نابەرابەری کەم بێتەوە، هەستی هاووڵاتیبوون بەهێز بێت و ئاشتی و سەقامگیری دروست بێت. نادیدەگرتنی ئەو مافە سەرەتاییە لە درێژخایەندا دەبێتە هۆی چوونەسەری تێچوونی سەقامگیریی سیاسی و ئەمنییەتی بۆ دەوڵەت. خوێندن بە زمانی دایک نەک هەڕەشە، بەڵکوو پێشمەرجی گەشە و پەرەسەندنی پایەدار و جێگیربوونی دادپەروەریی پەروەردەییە.

٢١ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شۆڕبوونەوە بە قاناواندا بۆ پاراستنی ئێکوسیستەم بژاردەیەکی باشە

**دارسمە**

ئێمەی کورد میللەتێکی سەیرین؛ لە کاتێکدا جیهان خەریکی لێکۆڵینەوەیە لە کوون و کەلەبەرەکانی گەردوون، ئێمە لێرە خەریکی شەڕەدەنووکین لەسەر وشە و مشە و زاراوە و ماراوە. هێندەی وزەمان بۆ "ئیتیۆمۆلۆژی" و بنەچەی وشەکان تەرخان کردووە، هێندە بیرمان لە چارەسەری کێشەکانمان نەکردووەتەوە. زۆرجار کۆمەڵێک ڕووناکبیر و "مووناکبیر" و زمانزان و "ممانزان"، لەسەر مانا یان بنەمای چێبوونی دەستەواژەیەک، ئەوەندە لووت لە یەکتر هەڵدەقورچێنن و بۆ مەودای کورت و درێژ لە یەک دەتۆرێن، کە دەڵێی خەریکی دۆزینەوەی چارەسەری نەخۆشیی شێرپەنجەن. هەر بۆیە، بۆ ئەوەی ئەم نووسینە نەبێتە هۆی "مشتومڕ و مێشومڕ"، با ڕاستەوخۆ بچینە سەر باسی وشە هەستیارەکەی ئەمڕۆمان: "قاناو."

لە ڕووی زاراوەناسییەوە، دوو بۆچوونی سەرەکی هەن. تاقمێکیان بە گەشبینییەوە دەڵێن "قاناو" لە "قان" (واتە قەنات و کارێز) و "ئاو" پێکهاتووە؛ واتە شوێنێکی پاک و خاوێن و ئەندازیارییە. بەڵام بۆچوونی دووەم، کە زۆر لە واقیعەوە نزیکترە، پێی وایە ئەم وشەیە کورتکراوەی "قووناو"ە. قووناویش دوو جۆری هەیە: یەکێکیان ئەو ئاوە زیادەیەیە زەوی نایخواتەوە و لە کۆتایی زەویدا دەبێتە زۆنگاو، جۆرەکەی دیکەشیان کە لە شارەکاندا باوە، ئەو ئاوە پیس و پاشەڕۆ و

چڵکاوەیە کە لە حەمام و ئاودەست و چێشتخانەکانەوە بەرەو زێرابەکان ڕادەکات. ئێستا کە بارانی ڕەحمەت دەبارێت و جووتیار پێویستی بە ئاودان نەماوە، کەواتە جۆری یەکەم هەر نەبێت بۆ ئەم ساڵە پڕبەرکەتە ماوەی بەسەرچووە و ئەوەی دەمێنێتەوە هەر ئەو "قاناوە" پیسەیە لە بن زەوی یان بە لای شەقامەکاندا دەڕوات و بۆنەکەی مێشکی مرۆڤ دەتەقێنێت. ئەم پێشەکییە بۆ ئەوە بوو بگەینە ئەسڵی باسەکە. قاناو کە تا دوێنێ شوێنی تف و هەڵمە و قێزەونی بوو، ئێستا لە گۆڕەپانی سیاسیی وڵاتێکی پانوبەرینی وەک ئێراندا، خەریکە دەبێتە "ستراتیژترین پەناگە". لەم ئانوساتە مێژووییەدا کە دەستەڵاتداران و هێزە سەرکوتکەرەکان (لە پۆلیس و بەسیج و چەکدارانی تر) گەیشتوونەتە بنبەست، قاناو بووەتە فریادڕەسێکی بێدەنگ.

کاتێک دوژمنانی نێوخۆیی و دەرەکی بە مووشەک و ساچمە و ناڕەزایەتی، باڵەخانە شووشەبەندەکانی بەرپرسان و بنکەکانی سەرکوت و مەرکوت دەخەنە لەرزە، ئیدی ئەو بەرپرسە باڵایانەی تا دوێنێ لە پەنجەرەی قاتی چەندەمەوە بە سووکایەتییەوە سەیری خەڵکیان دەکرد، ئێستا ناچارن بە وردبینییەوە سەیری کونە قاناوەکان بکەن. قاناو بۆ ئەمان تەنیا جۆگەیەک نییە، بەڵکوو "دەروازەی مانەوە"یە. کاتێک هەست بە مەترسی دەکەن، چ بژاردەیەک لەوە باشترە خۆیان بخەنە نێو قوڕ و لیتەی قاناوێک؟ لەوێدا نە ساچمە دەیانپێکێت و نە دەنگی ناڕەزایەتی دەگاتە گوێیان.

تایبەتمەندییە ناوازەکەی قاناو ئەوەیە داهاتووشت بۆ مسۆگەر دەکات. ئەگەر بەرپرسێکی پلە باڵا یان هێزێکی سەرکوتکەر خۆی بداتە دەست شەپۆلی پاشەڕۆی نێو قاناو و بەرەو زێرابە گشتییەکان بڕوات، لەوێ ژیانێکی نوێ دەست پێدەکاتەوە. لە نێو زێرابەکاندا، دوور لە چاوی کامێرا و خەڵکی تووڕە، دەتوانن وەک بوونەوەرێکی نوێ بۆ نموونە وەک مشک و سیسرکە خۆیان لەگەڵ ژینگە نوێیەکە ڕێک بخەن. لەو جیهانە تاریک و شێدارەدا، چیتر پێویست ناکات فەرمانی تەقە بدەن یان درۆی شاخدار بۆ مێدیاکان بکەن؛ لەوێ تەنیا پاشەڕۆ هەیە و ئەوانیش بەشێکن لەو پاشەڕۆیە.

ئەمە جۆرێکە لە "پاڵاوتنی سروشتی". ئەو دەستەڵاتدارانەی تەمەنی بەسەرچوونیان هاتووە، بۆ ئەوەی لەو هەموو کێشە و تووڕەییە ڕزگاریان بێت، باشترین و گونجاوترین ڕێگا ئەوەیە ڕێڕەوی قاناوان بگرنە بەر. قاناو نەک هەر پەناگەیە، بەڵکوو شوێنێکی وایە مرۆڤ تێیدا تێکەڵی ڕاستی و بنەچەی خۆی دەبێتەوە. بۆیە، ئەگەر دیتتان بەرپرسێک یان هێزێکی سەرکوتکەر کتوپڕ ون بوو، مەیەنە سەر شەقام و مەپرسن "بۆ کوێ چوو؟"؛ تەنیا سەیری نێو نزیکترین قاناو یان کونی زێراب بکەن، چونکە لەم سەردەمەدا بۆ ئەوان، "قاناو" تەنیا بژاردە نییە، بەڵکوو چارەنووسە.

بە کورتی و کوردی، بۆ تاقمێک ژیانی خەڵکیان کردبێتە دۆزەخ، قوڕ و لیتەی قاناو دەبێتە بەهەشتی ڕزگاری. بڕۆن یا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رەشەمەی ٢٧٢٥

خوا ئاوی قاناو بتانبات و له زێرابەکاندا بتانپاڵێوێت، بەڵکوو جارێکی دیکە وەک بوونەوەرێکی بێزیان بگەڕێنەوە سەر زەوی. زانایانی ژینگەش دەڵێن مشک و قالۆنچە و سیسرکە و هەموو ئەو بوونەوەرانەی ئێمە پێمان پیس و خراپن بۆ ژینگە پێویستن و بەشێکن لە "ئێکۆسیستەم."

٢١ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید نوورەدین شکووهی)

"لە ماسی تینووتر بۆ ئاو،
داری ئازادییە
بۆ خوێن..."



**برایم چووکەڵی**

خەباتی بەرحەق و ڕەوای کورد بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و مافی نەتەوەییەکانی گەلی کورد بە خوێنی باشترین و بە ئەمەگترین ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانە گەیشتۆتە قۆناغی ئێستا.

شک لەوەدا نیە هەر کاتێک باس لە بزووتنەوەی کوردستان یان خەباتی خەڵکی کوردستان بێتە گۆڕێ، ناوی پێشمەرگەش وەک ڕۆڵە فیداکارەکانی گەلەکەمان کە لەو خەباتەدا ڕۆڵی دیار و بەرچاوی هەیە، دێتە گۆڕێ. کەم کەس هەیە نەزانێ خەباتی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان لە ڕەوتی بەرەوپێشبردن و گەشەداربوونی خۆیدا هەتا چ ڕادەیەک قەرزباری خۆڕاگری و فیداکاریی پێشمەرگەیە. ڕاستییەکەی ئەوەیە بە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و لە قۆناغی ئێستادا ڕێژیم ڕێگایەکی ئەوتۆی نەهێشتۆتەوە کە خەڵکی کوردستان بتوانن بە شێوەیەکی هێمنانە ویست و داخوازییەکانیان بێننە گۆڕێ و لەم ڕێگایەوە ویستەکانیان بێننە دی. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی لە ڕێگای نیزامی و ڕێگای زەبروزەنگ وڵامی ئەو داوایەی دایەوە. خەڵکی کوردستان لەسەر ئەو داوا ڕەوایەی خۆیان، پێداگر بوون، بە ناچاری پەنایان بردە بەر دیفاعی

## ڕەشمەی ٢٧٢٥

چەکدارانە بۆ ئەوەی خۆیان لەنێوچوون و خاشەبڕکردن بپارێزن. هەر بۆیەش بە هەزاران لاوی کورد هاتنە ڕیزی تێکۆشەرانی دێموکراتەوە و لە سەنگەری دیفاع لە بوونی گەلەکەیاندا شەهید بوون.

لاپەرە زێڕینەکانی خەباتی حەقخوازانەی نەتەوە زۆرلێکراوەکەمان بە گێڕانەوەی حیکایەتی جوامێری و ئازایەتیی ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانە نەخشێندراوە. ئەو هەناسە گەرمانەی تەنیا بۆ بەختەوەریی نەتەوە لە سییەکان هاتنە دەر و ئەو دڵانەی تەنیا بە ئەوینی ڕزگاریی خاک و نیشتمان لێی دەدا. لەو لاپەڕانە زۆر بەسەرهات لە حەسرەت و ئاواتە وەدینەهاتووەکانیش دەبینین، ئەو شۆڕەلاوانەی نەک هەر سەریان لە پێناو سەربەرزیی نیشتمان بەخشی، بەڵکوو دڵیشیان هەم بۆ دڵدار و هەم بۆ شەکانەوەی ئاڵای سەربەستی لێی دەدا.

لە "هەگبەی شاخ و شۆڕش"ی ئەم ژمارەیەی کوردستاندا یاد و ناوی شەهیدێکی نیشتمان بە بەرزی ڕادەگرین کە دووهەمین شەهیدی بنەماڵەکەیەتی، شەهید "نورەدین شکووهی".

شەهید نورەدین شکووهی کوڕی شوکور ساڵی ١٣٠٩ لە گوندی نێچەلا سەر بە ناوچەی سۆما و برادوست لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەردا چاوی بۆ ژیان هەڵێنا. کەوتە گاگۆڵکە، پێی هەڵگرت، گەورە بوو و خۆی و دنیای دەوروبەری ناسی. ژیانی نوورەدین هەتا سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧ی ئێران کوێرەوەری و چەوسانەوە و هەڵسووڕان لە پێناو دەسخستنی بژێوی ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی بوو. دوای ئاشکرابوونەوەی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان و پاش سەپاندنی شەڕێکی ماڵوێرانکەر بە سەر خەڵکی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، نوورەدین یەکێک لەو لاوانە بوو کە بۆ داکۆکی لە کەرامەت و خاکی کوردستان بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیی لەبەر کرد و لەنێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا و لە هێزی شەهید سەرگورد عەبباسی سازمان درا.

نوورەدین زۆر زوو بە ئاکار و کردەوەی باش توانی جێگای خۆی لە نێو دڵی هاوسەنگەرانیدا بکاتەوە. وەک پێشمەرگەیەکی بەنەزم و ئازا ئەرکەکانی خۆی بەڕێوە دەبرد و ڕۆ ژبە ڕۆژ سەرکەوتنی پتری بە دەست دەهێنا. ئەو لە مەیدانی خەبات و خۆڕاگریدا کاری زۆر بەنرخی بەڕێوە برد و لە زۆر شەڕی ناوچەدا بەشداریی ئازایانەی کرد. هەر ئەوانە بوونە هۆی ئەوەی پلەکانی پێشمەرگایەتی یەک لە دوای یەک ببڕێ و سەرەتا وەک سەرپەل، دواتر جێگری لک و سەرەنجام فەرماندەری لک ئەرک و بەرپرسایەتیی پێ بدرێ. ئەو لە هەموو بەرپرسایەتییەکاندا ئازاتر و بەرپرسانەتر ئەرکی حیزبی بەڕێوە دەبرد و هیچ کۆسپێک نەیدەتوانی پێش بە ئیرادە و بڕیاری پێشمەرگەی قارەمانی دێموکرات بگرێ. نوورەدین بە ئیمان بە دروستیی ڕێبازەکەی هەموو کەند و کۆسپەکانی لەسەر ڕێگای خۆی لا دەبرد و هەموو ڕەنج و ئازارەکانی بۆ خەباتو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەشەمەی ٢٧٢٥

وەدەستهێنانی ئاواتەکانی گەلی کورد بە هەرزان دەزانی. ئەو لە مەیدانی فەرماندەییدا فەرماندەیەکی هەڵکەوتوو، چالاک و خەڵک خۆشەویست، خۆش ئەخلاق، بەئیمان و بە بیروباوەڕ بوو.

شەوی ٢١ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٦٢ بوو. خەڵکی کوردستان ڕۆژانی نەورۆز نیزیک دەبوونەوە و وردە وردە زستان جێی بۆ بەهار و ژیانەوەی سرووشت چۆڵ دەکرد. پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی شومالی کوردستان هێرشیان کردە سەر پایەگای گوندی دۆبڕە لە ناوچەی تەرگەوەڕ و بە چەکی ئاگرینیان پایەگایان وێران کرد. لەو شەڕەدا چەندین بەکرێگیراوی دوژمن کوژران و بریندار بوون، بەڵام بەداخەوە لەو شەڕەدا سینگی نوورەدین شکووهی، فەرماندەی خەباتکاری ناوچەی شومالی کوردستان کەوتە بەر گوللەی داگیرکەرانی کوردستان و خوێنی سووری لە پێناو ڕزگاری و بەرگری لە ئازادی و بەختەوەری نەتەوەکەیدا ڕژایە سەر خاکی پیرۆزی نیشتمان و تێکەڵ بە کاروانی سەربەرزی شەهیدان بوو.

**شەهید نوورەدین شکووهی بۆ بەیانییەکەی لەنێو خەم وپەژارەی هاورێیانیدا لە زێدی خۆی بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپێردرا.**

٢١ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥

# ڕەخنەی ئەدەبی شێعرێکی سالم لەمەڕ شەڕی عەزیزبەگی بابان و سمایل پاشای عوسمانی





هێمن مەردانی

ساعیقە و بەرقی نەدامەت زوڵمەتی دا شەرق و غەرب
بەردەبارانە بە مەخسووسی لەسەر موڵکی بەبان
لێم گەڕێن با گۆشەگیر بم دەستەوئەژنۆ کەفزەنان
گێژەڵووکەی بای نەدامەت تاری کرد سەفحەی جیهان

**ئاماژە:** ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر شیکاری و ڕاڤەی ئەدەبیی شێعری حەماسیی عەبدوڕەحمان بەگی ساحێبقران (سالم)ی شاعیر (١٨٠٠ - ١٨٦٦) لەمەڕ شەڕی عەزیزبەگی بابان و سمایل پاشای عوسمانی. گرانایی وتارەکە لەسەر ڕەهەندەکانی ئەدەبی بەرگریی کوردی، جوانیناسی، ڕەوانبێژی، خوازە و جۆرەکانی وێنە سازکردنی شاعیرانەیە. سالم بە بەکارهێنانی وێنەگەلی سروشتی، دژوازی نێوان تاریکایی و ڕووناکی، نواندنەوەی ڕووداوەکانی شەڕ و زوڵم و ستەم، ئەزموونی مێژوویی و هەست و سۆزی خەڵکی کورد بە شێوازێکی هونەری و چالاک وێنا دەکات. شێوازی شاعیرانەی سالم، جیا لەوەی کە دەنگدانەوەی بەرگریی سیاسی و فەرهەنگییە، لە لایەنی بینینی و هەستییەوەش، ئاراستەیەکی باشی لەتەک ڕەوتە ئەدەبییە مۆدێرنەکاندا هەیە. بەم شێوەیە، شێعری سالم وێڕای ئەوەی بایەخی مێژوویی هەیە، بەڵکوو نموونەیەکی بەرچاوە لە پێوەندیی نێوان ئەدەب، شوناسی فەرهەنگی و بەرگریی بەکۆمەڵ.

ئەو شێعرەی سالم لەمەڕ شەڕی عەزیزبەگی بابان و سمایل پاشای عوسمانی وەک مشتێ لە خەروارێک وایە لە ئەدەبی بەرگری و تۆمارکردنی مێژوویی بە شێوازی شاعیرانە. ئەم بەرهەمە بە تێهەڵکێشکردنی گێڕانەوەی مێژوویی و وێنەسازکردنی حەماسی، ئەزموونی نەتەوەی کورد لە زوڵم و ستەمی عوسمانی تۆمار کردوە و هاوکات هەڵگری هەندێ خەسڵەتی ڕەوانبێژی و خوازەیی ئاڵۆزکاوە. هەروەک چۆن بندیکت ئاندرسۆن (١٩٨٣، ١١٥) لای وایە ئەدەبی بەرگری هەموو کات هەوڵ دەدات تاکوو شوناسی فەرهەنگی و بیرەوەریی کۆمەڵگەیەک لە ڕێی چیرۆک گێڕانەوە و وێنەسازکردن بپارێزێت. سالم بە بەکارهێنانی زمانی خوازەیی و نواندنەوەی بینینی (بصری)، پەشۆکاوی و دڵەڕاوکەی شەڕ، بوێریی بەرگریکاران و نایەکسانیی هێز بەشێوەیەکی وێنەیی و هەستییانە دەگوازێتەوە.

لە شیکردنەوەی ئەم شێعرەدا، گرنگیدان بە توخم و ڕەگەزی بینینی (بصری) و ئیمپرسیۆنیستی پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە؛ هەروەک مارتین هەیدگەر ئاماژە دەکات، ئەدەبیات دەتوانێت ئەزموونی هەستی و ساتەوەختەکانیش وەها لێ بکات کە خوێنەر نەک ڕووداوەکە ببینێت، بەڵکوو هەست و ڕەنگەکانیش هاوکات هەست پێ بکات. سالم بە بەکارهێنانی وێنە سروشتییەکانی وەک گەردەلوول، مانگ، خۆر و ڕەشایی ئاسمان، ساتەوەختەکانی شەڕ بە وردەکاریی بینینی (بصری) و هەستی نیشان دەدات؛ ئەمەش لەگەڵ ئیمپرسیۆنیزمی ئەدەبی و هەروەها لەگەڵ ڕەوانبێژیی کلاسیکی هاوئاهەنگە و لە ڕاستەڕێیەکدان.

## شێوازناسی

شێوازی شیکردنەوەی ئەم توێژینەوەیە تێکەڵەیەکە لە شیکردنەوەی ئەدەبی - دەقی و شیکردنەوەی مێژوویی - فەرهەنگی.

**شیکردنەوەکە ئەمانە دەگرێتەوە:**

– **شیکردنەوەی ڕەوانبێژی و شێوازی حەماسی:** توێژینەوە لە خوازەکان، وێچوواندنەکان، دووپاتەکان و وێنەگەلە بینینی (بصری) و هەستییەکان.
– **شیکردنەوەی ئیمپرسیۆنیستی:** جۆری شێوازی وێنەسازکردنی ڕووناکی، ڕەنگ، جووڵە و حاڵەتە دەروونییەکانی کەسایەتییەکان و کۆمەڵ.
– **شیکردنەوەی بەرگری و سیاسەتی مێژوویی:** دەرهێنانی هێماکانی هێز، ستەم و بەرگری لە ناو دەقدا و پشکنینی جۆری نیشاندانی مێژوویی شەڕی بابانەکان لەگەڵ عوسمانییەکان.
– **شیکردنەوەی ڕۆمانتیزمی سیاسی، سەرچەشنەکان و تیۆرییەکانی دژە – ئیستعمار:** بەکارهێنانی ڕوانگەگەلی ئیزایا بەرلین، کارل گوستاو یوونگ و فرانتس فانون بۆ شیکردنەوەی توخمە سیاسی، دەروونناسی و هێماییەکانی شێعرەکە.

ئەم ڕێبازە ئەو بوارە دەڕەخسێنێت شێعرەکە نەک تەنیا وەک دەقێکی مێژوویی، بەڵکوو وەک کارێکی هونەری، جوانیناسی، دەروونناسی و سیاسی شی بکرێتەوە.

**١- زمان و ڕەوانبێژی**

شێعری سالم سوود لە زمانێکی ڕەوانبێژیانە و حەماسی وەردەگرێت کە لەودا دووپاتەکاری، وێچوواندن و خوازە ئامرازی سەرەکیین. بۆ نموونە، ئەو دۆخی شار و خەڵک بە وێنە سروشتییەکانی وەک «تەندوورە زەنەی پەشیمانی» و «گەواڵە هەوری بدبەختی و نەهامەتی» دەچووێنێت؛ کە هەردوو ئەو بارە هەستییە و هەروەها پەیامی سیاسی دەگوازێتەوە. ڕیچارد پرایس
ئاماژە دەکات کە لە ئەدەبیاتی حەماسیدا، خوازە و وێنەسازکردن تەنیا جوانی دروست ناکەن، بەڵکوو هێزی گێڕانەوەی مێژووییش بەهێزتر دەکەن.

دووپاتبوونەوەی ئەو سەربەندە وەک «لێم گەڕێن با گۆشەگیر بم دەستەوئەژنۆ کەفزەنان» دەور و نەخشی ئاواز/ئاهەنگی نێوخۆیی شێعرەکە پتر دەکات و هەستی خەم و نائومێدیی کۆمەڵانی خەڵک دەردەخات. ئەم سەربەندە لە هەمان کاتدا هەستێکی بەردەوامی بەرگریخوازانەش دەگوازێتەوە بۆ بەردەنگەکان؛ خوێنەر لەگەڵ هەست پێ کردن بە ئازاردا، خۆڕاگری و بوێریی گەلی کورد هاوکات ئەزموون دەکات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢- وێنەسازیی ئیمپرسیۆنیستی

سالم بە سوودوەرگرتن لە وێنە سروشتی و هەستییەکان، ساتەوەختەکانی شەڕ بەشێوەیەکی زیندوو هەمیسان وێنا دەکاتەوە.

بڕوانە ئەم بەیتانە:

"لێم گەڕێن با گۆشەگیر بم، دەستەوئەژنۆ، کەفزەنان
گێژەڵووکەی بای نەدامەت تاری کرد سەفحەی جیهان"

"ساعیقە و بەرقی نەدامەت زوڵمەتی دا شەرق و غەرب
بەردەبارانە بە مەخسووسی لەسەر موڵکی بەبان"

"شارەزوور بەحر و سولەیمانی لەسەر ئاو، گەمیەڕەنگ
بۆ شکستی وەک نەهەنگ بوو فیتنەیی ئاخرزەمان"

فیلیپ هاوارد ئاماژە بەمە دەکات کە ئیمپرسیۆنیزم لە ئەدەبیاتدا لەبری وەسفکردنی ئاسایی، ئەزموونی هەستی و بینینیی ساتەوەختەکان دەگوازێتەوە، بە جۆرێک کە خوێنەر هەمان چرکەسات هەست پێ دەکات. سالم بە بەکارهێنانی ڕووناکی، ڕەنگ و جووڵە، ئەزموونێکی هاوهەستبوون لەتەک قارەمانەکانی بەرەی شەڕ چێ دەکات و هەستی پەشۆکاوی و پەرتەوازەبوونی شەڕ بە وردەکاریی بینینی (بصری) دەنەخشێنێتەوە و دیسان نیشان دەداتەوە.

٣- هێما و بەرگریی کولتووری

شاعیر بە خوازە مێژوویی و فەرهەنگییەکان، بەرگریی گەلی کورد بەشێوەیەکی بەرچاو نیشان دەدات و دەردەخات. ئاماژەکردن بەوەی کە «گوللە تۆپی تورکەکان لە بەرانبەر مێردایەتیی بابانەکان هیچ کاریگەرییەکی نەبوو»، نیشانەی سەرکەوتنی ورە و بوێرییە لە دژی هێزی ستەمکار. مایکل ئاندرسۆن  پێی وایە کە ئەدەبی بەرگری بە دووبارە نیشاندانەوەی دژوازیی دەستەڵات و پێداگری لەسەر بوێریی بەکۆمەڵ، لە لایەک پارێزەری مێژووە و لەولاشەوە شوناسی فەرهەنگی بەهێزتر و چەسپاوتر دەکات. سالم بە وێناکردنی عوسمانیی دوژمنی قین لە دڵ، لە دیمای "چەقەڵان و بەکرێگیراوانی سپلە" و گەلی دۆستان و یاران وەکوو "شێر و باز و هەڵۆ"، ئەم دژوازییەی قووڵتر کردوە و شوناسی نەتەوەیی و بەکۆمەڵی کوردان باشتر دەردەخات و پیشان دەدات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٤- تەوس و پلار و بەراوەژوو نیشاندان

سالمی شاعیر بە کایە و یاریکردن بە ڕۆڵ و پیشە و شوغلەکان، وەکوو ئەوەی کە دەڵێ:

"ئاڵووگۆڕی مەنسەبی دوو شەخسی عالیجاه کرا:

مەحموودئاغای زل حەکیم باشی، حەمامچی بابەجان"

تەنز و هەجوێکی ڕەخنەگرانە دێنێتە کایەوە و پەنجە لەسەر شێواوی و نایەکسانیی سیاسی دادەنێت و ئەمانە دەردەخات. هارۆڵد بلۆم لای وایە تەنز و هەجو دەکرێ ئامرازێک بێت بۆ ڕەخنەگرتن لە دەستەڵات و پیشاندانی زوڵم و زۆری و مەینەت، بێ ئەوەی بەردەنگەکان و خوێنەران تەنیا نوقمی خەم و پەژارە بن.

٥- ڕۆمانتیزمی سیاسی

شێعری سالم بە وێناکردنی عەزیزبەگ و هێزەکانی بابان وەکوو شەهێن و شمقارٍ و شێر، هەست و سۆز و گەرای ئازادیخوازانە و شوناسی نەتەوەیی بەرچاوتر دەکاتەوە. ئیزایا بەرلین (١٩٥٣، ١١٥) دەریدەخات کە چەمکی ڕۆمانتیسم دەتوانێ وەک هەوێنی بزووتنەوە ڕزگاریدەرانە و خۆڕاگری و بەرگریی دژ بە دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی بێت. سالمی شاعیریش لێرەدا ڕێک ئەو کارکرد و هەڵوێستەی هەیە لە هەمبەر ڕووداوە سیاسییەکانی سەردەمی خۆی.

٦- سەرچەشنەکانی یوونگ

وێنەگەلی ڕووناکایی و تاریکایی، مانگ و خۆر، و نیشاندانی قارەمانەکان لە شێعری سالمدا، هاوتەبا و ڕێکن لەتەک سەرچەشنەکانی یوونگ وەک "سێبەر" و "قارەمان". ئەو ساتەوەختانەی کە شار و خەڵکەکەی لەژێر پەستانی دوژمنان دان، دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەی هێزە تێک دەرەکان و هاوکات پێشاندانی قارەمانە لە سازدانەوەی ڕێکخستن و نەزمی کۆمەڵایەتیدا.

٧- تیۆرییەکانی فانون



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شێعری سالم دەکرێ لە ڕوانگەی فانونیشەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت؛ چونکە ئەزموونی خۆڕاگریی گەلی کورد دژ بە عوسمانییەکان، دەنگدانەوەی "دەنگی چەوساوەکان" و ڕەخنەگرتن لە دەستەڵاتە. خوازەکان و وێنەسازکردنەکان تەنیا خاوەنی جوانیناسی نین، بگرە هاوکات وشیاریی سیاسی و بەکۆمەڵیش بەهێزتر دەکەنەوە.

### ٨- داڕشتی حەماسی و گێڕانەوەی مێژوویی

شاعیر لە داڕشتی حەماسیی کلاسیکیش کەڵکی وەرگرتووە: باسکردنی شەڕ و قارەمانەکان، وێنەی دوژمنەکان و بەکرێگیراوەکان، ساتەوەختەکانی بەرزبوونەوە و کەوتنی کەسایەتییەکان و دەرەنجامەکانی شەڕ و ماڵوێرانی.

**ئەم داڕشتەیە لە وێنەی ئەدەبیی حەماسیی ڕۆژئاواییانەی وەک هۆمێر دەچێ.**

### ٩- بەکارهێنانی هاوکاتی فرەشێوازی و فرەتیۆری

**لە شێعری سالمدا دەتوانرێت لە یەک کاتدا چەندین مەکتەب ببینرێن:**

- ڕیالیسمی مێژوویی: نیشاندانی وردی زوڵم و زۆری و دەرئەنجامەکانی شەڕ.
- ئیمپرسیۆنیزم: وێنەی چرکەساتی، ڕووناکایی و ڕەنگ، حاڵەتە دەروونییەکان.
- ڕەوانبێژی و حەماسەتی کلاسیکی: وێچوواندن، خوازە، ڕیتم و مێلۆدیی حەماسی.
- گاڵتە و تەنزی ڕەخنەئامێزانە: ڕەخنەگرتن لە نایەکسانیی سیاسی.
- ڕۆمانتیسمی سیاسی: پێداگری لەسەر شوناسی نەتەوەیی و ئازادی.
- سەرچەشنەکانی یوونگ: هێما دەروونییە کۆمەڵایەتییەکان.
- تیۆرییەکانی فانون: بەرگریی دژەئیستعماری.

### پاشبار:

شێعری سالم تەنیا دەقێکی مێژوویی و حەماسی لەمەڕ شەڕی عەزیزبەگی بابان و سمایل پاشای عوسمانی نییە، بگرە نموونەیەکی هەڵکەوتە و مەزن و گێڕانەوەیەکە بە بایەخگەلی جوانیناسی، ڕەوانبێژی و سیاسی. شاعیر بە سازکردنی وێنەگەلی ئیمپرسیۆنیستی، خوازە و وێچوواندنی حەماسی، تەنز و هەجوی ڕەخنەگرانە، ڕۆمانتیسمی سیاسی،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەشەمەی ٢٧٢٥

سەرچەشنەکانی یوونگ، تیۆرییەکانی فانون و دارِشتی حەماسی، توانیویەتی ئەزموونی بەکۆمەڵی خەڵکی کورد لە شەڕ و زوڵم و زۆری عوسمانییەکان بگوازێتەوە بۆ بەرەکانی داهاتوو و شوناسی نەتەوەیی و فەرهەنگی و خۆڕاگریی سیاسیی ئەم نەتەوەیە زۆر بە جوانی بنەخشێنێتەوە و پێشانیان بدات.

*(Close Reading)

**References**


**Anderson, B. (1983) Imagined Communities: Reflections on the Origin and Spread of Nationalism. London: Verso.**

**Andrews, M. (2010) Resistance and Literature: Cultural Memory in Conflict. New York: Routledge.**

**Bloom, H. (1994) The Western Canon: The Books and Schools of the Ages. New York: Harcourt.**

**Fanon, F. (1963) The Wretched of the Earth. Paris: Présence Africaine.**

**Heidegger, M. (1962) Poetry and Experience. Chicago: University of Chicago Press.**

**Howard, P. (2002) Impressionism and the Literary Imagination. New Haven: Yale University Press.**

**Jung, C.G. (1964) Man and His Symbols. London: Routledge.**

**Salim, S. (2015) Dîwan of Poems. Edited by M. A. Modarres, F. Abdulkarim and M. Mulla Karim. Prepared for publication by S. Salih. Sulaymaniyah: Binkey Jîn Publishing House.**


٢٣ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کۆمەڵناسیی مێژوویی میتراییزم لە زاگرۆس؛ لە هەزارە کۆنەکانەوە تا شکۆمەندیی ماد






**شاهۆ حوسێنی**

**(زاگرۆس: جوگرافیای یاخیبوون و میترا میتافیزیکی یەکگرتوویی)**

مێژووی زاگرۆس تەنیا کرۆنۆلۆژیی ڕووداوی کاتی نییە، بەڵکوو گۆڕەپانی ململانێیەکی دیالێکتیکییە لە نێوان کێوببوونی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئازاد و پێویستیی یەکگرتوویی و ڕێکخراوبوون. لەم کوێستانەدا، هەموو تاشەبەردێک "نەخێر"ێکی سروشتییە بۆ هەر دەسەڵاتێکی ناوەندی؛ لێرەدا جوگرافیا خۆی لە دژی مێژوو ڕادەپەڕێت. هەمان ئەو تاشەبەردانەی کە دەبنە قەڵای پاراستنی هۆزەکانی وەک هۆری و گۆتی و لۆلۆبی، دەبنە دیواری دابڕانیشیان.

ئەگەر دەشتایی (میسۆپۆتامیا) مەیدانی تەسلیمبوون بێت بۆ دەسەڵاتی ستەمکار (ئەکەدی و ئاشووری و بابلی)، ئەوا زاگرۆس مەیدانی ئازادیی پەرتەوازەبوونە. بەڵام کاتێک ماشێنی جەنگیی ئاشوور وەک لافاوێکی خوێناوی بەرەو کوێستان بەڕێدەکەوێت، ئازادیی تاکەکەسیی هۆزەکان دەبێتە هەڕەشە لەسەر مانەوەیان. لێرەدایە کە پێویستی دەبێتە دایکی ئایدیا. میترایزم لێرەدا تەنها ئایین نییە، بەڵکوو پرۆژەیەکی ڕزگارییە کە دەیەوێت پەرتەوازەیی جوگرافی بە یەکێتییەکی میتافیزیکی چارەسەر بکات.

لە فەلسەفەی سیاسیدا، یاسا یان لە سەرەوەڕا دەسەپێنرێت (وەک قامچیی ئاشوور و یاسای حەمووڕابی) یان لە ناوەوە دەپشکوێت لەگوێن میترا (مێهر) لە زاگرۆسدا، کە دەبێتە یاسایەکی ئیمانیێنت (دەروونی)؛ واتە یاسایەک کە لەناو ویژدانی هەر جەنگاوەرێکدا ئامادەیە. کاتێک جەنگاوەرێکی زاگرۆسی لەژێر تیشکی خۆردا پەیمان دەبەستێت، ئەو تەنها بەڵێن بە سەرۆکهۆز نادات، بەڵکوو بەڵێن بەو چاوە گەردوونییەش دەدات کە لە هەموو شوێنێکە. میترایزم لێرەدا دەبێتە ڕایەڵی لێکگرێدانی کۆمەڵایەتی؛ ئەو هێزەی کە بەردە ڕەق و جیاوازەکانی زاگرۆس پێکەوە دەبەستێت و دەیانکات بە دیوارێکی پۆڵایین.

ئەم گۆڕانکارییە کۆمەڵناسییە، لە ڕاستیدا تێپەڕینە لە (بەرژەوەندیی بچووک) بۆ (شوناسی گەورە). میترا دەبێتە ئەو خاڵە هاوبەشەی کە هۆزەکان تێیدا یەکدەگرن بێ ئەوەی شوناسی خۆیان ون بکەن. ئەمە مۆدێلێکی کۆنی (فیدراڵیزمی پیرۆز)ە. تیشکی میترا وەک هێمایەکی ناوەندی، هەموو تیشکە جیاوازەکان (هۆزەکان) بەرەو ناوەندێک ڕادەکێشێت؛ نەک بۆ ئەوەی بیانشکێنێت، بەڵکوو بۆ ئەوەی ڕێکیان بخات.

میترایزم لە زاگرۆسدا، وەڵامی ڕۆحی مرۆڤی کوێستان بوو بۆ شکاندنی بنبەستی مێژوویی. ئەگەر ئاشوور "ترس"ی کردبووە بنەمای دەوڵەت، زاگرۆس لە ڕێگەی میتراوە (پەیمان)ی کردە بنەمای دەوڵەت. ئەمە یەکەم هەنگاوی "عەقڵانییەتی سیاسی" بوو لە ناوچەکەدا، کە دواتر لە شکۆمەندیی ماددا پەرەی ئەستاند و بوو بە هێزێک کە توانی تەختی ستەمکارانی دەشتایی تێکبشکێنێت.

## ١- فینۆمینۆلۆژیی هۆز وەک یەکەی سەروەریی خۆرسک

لە زاگرۆسی کۆندا، هۆز تەنها کۆمەڵ و کۆیەکی مرۆیی و خوێنی نەبوو، بەڵکوو بچووکترین یەکەی ئازادی بوو. لێرەدا دەسەڵات لە سەرەوە بۆ خوارەوە شۆڕ نەدەبووەوە، بەڵکوو لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەچێنرا.

ئازادیی جەنگاوەران و پاشایەتیی کاتی: لە جیاتی مۆدێلی (خودا-پاشا)ی دەشتایی کە تێیدا یەک کەس خاوەنی گیان وماڵی هەموانە، لەم کوێستانەدا پاشایەتی دیاردەیەکی کاتی و هەڵبژێردراو بوو. پاشا تەنها یەکەمین لە نێوان یەکسانەکاندابوو. ئەمە مۆدێلی گرێبەستی کۆمەڵایەتییە پێش ئەوەی فەلسەفەی مۆدێرن ناوی بنێت؛ واتە لە زاگرۆسدا دەسەڵاتدار شەرعیەتەکەی لە کۆدەنگیی ئیرادەکان وەردەگرت، نەک لە پیرۆزیی خوێن یان پێگەی ئاسمانی.

پرۆسەی گۆڕانی ناوی هۆزەکان بۆ ناوی دەوڵەتە گەورەکان، لە ڕاستیدا گۆڕان بوو لە کۆمەڵناسیی خزمایەتییەوە بۆ تیۆریی حکوومەت. کاتێک چەندین یەکەی سەربەخۆ بڕیار دەدەن لەژێر یەک ناونیشانی سیاسیی نوێدا (وەک چەترێکی گەورە) کۆ ببنەوە، ئەوا شوناسی سیاسی دێتە ئاراوە. ئەمە هەمان ئەو پرۆسەیە بوو کە دواتر فەلسەفەی سیاسی ناوی نا فیدراسیۆن؛ سیستەمێک کە تێیدا فرەیی پارێزراوە بەڵام یەکێتیش دەبێتە بزوێنەری هێز. ئەو ڕاپەڕینە مێژووییە گەورەیەی کە وەک تۆفانێکی سیاسی لە کوێستانەوە بەرەو دەشتاییە داگیرکەرەکان دەستی پێکرد، سەلمێنەری ڕاستییەکی فەلسەفی بوو: کۆکردنەوەی ئیرادە پەرتەوازەکان، گەورەترین هێزی مێژووییە.

ئەمە نیشانیدا کە جوگرافیای سەخت نەک هەر نابێتە ڕێگر لەبەردەم دەسەڵاتسازی، بەڵکوو دەبێتە پارێزەری ئەو ڕۆحی ئازادییەی کە کاتێک یەکدەگرێت، هیچ ئیمپراتۆریەتێکی میتافیزیکی و دیکتاتۆرییەتێکی ناوەندی ناتوانێت لەبەردەمیدا ڕابوەستێت. ئەم مۆدێلەی زاگرۆس، مۆدێلی لەناوەندەدەرچووی یەکگرتوو بوو. لێرەدا دەسەڵات وەک ئامێرێکی سەرکوتکار دروست نەبوو، بەڵکوو لەگوێن قەڵغانی پاراستن دروست بوو. فەلسەفەی سیاسیی ئەم قۆناغە دەڵێت: "ئێمە سەربەخۆین، بەڵام بۆ ئەوەی سەربەخۆ بمێنینەوە، دەبێت ببینە یەک".

## ٢- میترا: ئارکیتایپی (پەیمان) و ئەندازیاریی (ڕێژەیی) دەسەڵات

لەم قۆناغەدا، میتراییزم لە زاگرۆسدا دەبێتە وەڵامێکی مێژوویی بۆ پارادۆکسی ئازادی و ئاسایش. مرۆڤی کوێستان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەیویستووە ئازادییەکەی بکاتە قوربانیی دەسەڵاتێکی ستەمکار، بەڵام بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆی پێویستی بە جۆرێک لە نەزم هەبووە. میترا لێرەدا ئەو گرێبەستەی نێوان بوونەکان بوو کە ئازادی و نەزمی پێکەوە کۆکردەوە.

لە کۆمەڵناسیی ئاییندا، زۆربەی خوداوەندەکان (خودای شوێن) یان (خودای هۆزن) بۆ نموونە خودایەک تەنها هی شارێک یان تیرەیەک بووە. بەڵام میترا جیاوازە؛ ئەو خودای (نێوان)ە.

**فەلسەفەی پەیمان:** میترا لەناو دڵی مرۆڤەکاندا نییە، بەڵکوو لەو بۆشاییەدا نیشتەجێیە کە دوو مرۆڤ یان دوو هۆز پێکەوە دەبەستێتەوە. ئەو دەبێتە (ناوبژیوانی میتافیزیکی).

**سەروەریی بێلایەن:** لەبەر ئەوەی میترا سەر بە هیچ یەکەیەکی سیاسیی تایبەت نییە، دەبێتە سەرچاوەی شەرعیەت بۆ هەمووان. ئەمە یەکەم ئەزموونی مرۆڤایەتییە لە دروستکردنی یاسا لەسەر بنەمای ئەخلاق، نەک هێزی سەربازی. لە ڕاستیدا لە جوگرافیایەکی لێکدابڕاو و تاشەبەردیدا، هیچ سوپایەک ناتوانێت بەردەوام چاودێریی هەموو دۆڵ و لووتکەیەک بکات. لێرەدایە کە میترایزم وەک (نەرمامێرێکی ئەمنی) کار دەکات.

**تێپەڕین لە قامچی:** میترا (پەیمانشکێنی) دەکاتە گەورەترین تاوان. ئەمە گۆڕانکارییەکی فەلسەفیی گەورەیە؛ چونکە سزاکە چیتر لە دەرەوە نییە (زیندان)، بەڵکوو لە ناووەوەیە (نەفرەتی خودایی، کەڵکەڵەی ویژدان و لەدەستدانی شەرعیەتی کۆمەڵایەتی).

**چاوی خۆر (سیستمی چاودێریی گەردوونی):** خۆر وەک سیمبولی میترا، کارکردی چاوی هەمیشە بێدار دەبینێت. ئەمە دەبێتە بنەمایەک بۆ دروستبوونی کۆمەڵگەی متمانە. جەنگاوەری زاگرۆسی متمانەی بە هاوسەنگەرەکەی هەیە، چونکە دەزانێت هەردووکیان لەژێر چاودێریی هەمان ڕووناکیدان.

لە کاتێکدا ئیمپراتۆریەتی ئاشوور سیاسەتی (دابڕە و زاڵبە)ی پەیڕەو دەکرد، میترایزم لە زاگرۆسدا (کۆبکەوە و پارێزگاری بکە)ی هێنایە ئاراوە.

**ئەندازیاری یەکگرتوویی:** میترا بوو بەو زمانە سیاسییە هاوبەشەی کە هۆزە جیاوازەکان توانییان بە هۆیەوە گوتارێکی یەکگرتوو دروست بکەن. ئەمە نەک هەر ئایین، بەڵکوو بەرگرییەکی کۆمەڵایەتی و کولتووری بوو.

**فیدراڵیزمی میترایی:** ئەم سیستەمە ڕێگەی دەدا هەر یەکەیەکی سیاسی (هۆز یان تیرە) سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت، بەڵام لە کاتی مەترسیدا وەک یەک جەستە بجوڵێتەوە. ئەمە وەڵامی "عەقڵانی" بوو بۆ دڕندەیی ئاشوور.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

میترابیزم لە زاگرۆسدا، فۆرمێک سیاسەتی ئەخلاقی بوو. ئەو سەلماندی کە بۆ دروستکردنی هێزێکی گەورە، مەرج نییە مرۆڤەکان کۆیلە بن؛ بەڵکوو دەکرێت لە ڕێگەی پەیمانی ئازادانە و مێهرەوە، پۆلایینترین یەکێتی دروست بکرێت کە مێژوو بە خۆیەوە بینیبێتی.

### ٣- خۆری قەزقاپان: لە مانیفێستی یەکێتییەوە بۆ ژاکۆبۆنی شوناسی هاوچەرخ

ئەمڕۆ، هەڵبژاردنی خۆری ١١ تیشکی قەزقاپان لەلایەن جووڵانەوە سیاسییەکانەوە، تەنها هەڵبژاردنێکی گرافیکی نییە، بەڵکوو هاوارێکی مێژووییە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە سیاسییەی کە دوای هەزاران ساڵ هێشتا لە کوردستاندا دەبینرێت. ئەمە هەوڵێکە بۆ گۆڕینی دابڕاوی و پەرتەوازەیی بۆ یەکپارچەیی و یەکگرتوویی لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ڕەچەڵەکە میتراییەکان. کوردستانی ئەمڕۆ، وەک ئاوێنەیەکی شکاوی لێهاتووە؛ نەک هەر بەهۆی سنوورە دەستکردەکان، بەڵکوو بەهۆی پەرتەوازەیی گوتار و پێکهاتەوە.

**سیمبول لەگوێن جەستەیەک بۆ نەتەوە:** کاتێک پارتە هاوچەرخەکان لەژێر ئەم خۆرەدا کۆدەبنەوە، لە ڕاستیدا دەیانەوێت بڵێن: "ئێمە پاشماوەی ئەو ١١ تیشکەین کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئیمپراتۆریەتێکیان هەبوو". لێرەدا، سیمبولەکە دەبێتە چەترێکی میتافیزیکی بۆ پێکەوەبەستنی ئەو پارچانەی کە سیاسەت لێکی دابڕیون.

**نوێکردنەوەی مێژوویی:** وەستان لەژێر ئەم خۆرە، بەمانای سوێندخواردنی میترایی دێت. یانی دووبارەکردنەوەی ئەو پەیمانەی کە هۆزەکانی ماد بەستیان؛ پەیمانی نەجەنگانی نێوخۆیی و یەکریزیی بەرامبەر ئەویدیکەی داگیرکەر. لە فەلسەفەی سیاسیدا، شەرعییەت یان لە دەنگدانەوە دێت یان لە مێژووەوە. بۆ گەلێکی وەک کورد کە خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی مۆدێرن نییە، سیمبولی قەزقاپان ڕۆڵی دەستوورێکی دێرین دەگێڕێت.

**میراتگریی ڕاستەقینە:** بەستنەوەی خەباتی ئەمڕۆ بە مێژووەوە وەڵامێکی فەلسەفییە بۆ ئەو گوتارانەی کە دەیانەوێت کورد وەک میوانێکی مێژوویی یان کۆچەری بناسێنن. ئەم خۆرە بەڵگەی ڕەسەنایەتیی نیشتەجێبوون و خاوەندارێتیی خاکەکەیە.

### لە ململانێی ئایدۆلۆژییەوە بۆ یەکێتیی میترایی:

پارتەکان لە ڕێگەی ئەم هێمایەوە، ئایدۆلۆژیای حزبیی تێدەپەڕێنن و دەگەڕێنەوە بۆ ئێتیکی (ئەخلاقی) زاگرۆسی. ئەگەر ئەمڕۆ کوردستان بەدەست ململانێی لایەنەکانەوە دەناڵێنێت، ئەوا بێگومان تیژی خۆری قەزقاپان دەتوانێ چارەسەرێکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فەلسەفی پێشکەش بکات:

**فیدراڵیزمی سروشتی:** تیشکەکان جیاوازن بەڵام یەک سەرچاوەیان هەیە. ئەمە پێمان دەڵێت کە دەکرێت لایەنە سیاسییەکان (تیشکەکان) ئایدۆلۆژیای جیاوازیان هەبێت، بە مەرجێک هەموویان پابەندی ناوەندێک بن کە ئەویش بەرژەوەندیی باڵای خاک و نەتەوەیە.

**کۆتاییهێنان بە تۆڵەی مێژوویی:** هەمان ئەو هێزەی کە ئاشووری وەک هەڕەشە لە زاگرۆس سڕییەوە، تەنها یەکگرتوویی بوو. ئەمڕۆش ئەم سیمبولە هۆشداری دەدات کە بەبێ مێهر و پەیمان، زاگرۆس هەر بە دابڕاوی دەمێنێتەوە.

## ئاکام

خۆری ١١ تیشکی قەزقاپان، تەنیا شوێنەوارێکی تاشراو لەسەر سنگی هەردێکی کوردستان نییە؛ بەڵکوو پرۆژەیەکی زیندووی مێژووییە کە هەموو ساتێک دەرفەتی نوێبوونەوەی تێدایە. ئەم خۆرە بۆ ئێمەی ئەمڕۆ، مانیفێستێکی میتافیزیکییە کە ڕێگای داهاتوومان نیشان دەدات: مانەوە و سەرکەوتن لە کوردستاندا، لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ئەو "گرێبەستە گەردوونییە" دەبێت کە جارێکی تریش دەتوانێت پشتی گەورەترین ئیمپراتۆریەتە ستەمکارەکان بشکێنێت.

مێژووی زاگرۆس سەلماندوویەتی کە ڕەچەڵەکی ئێمە لە "پەیمانی مێهر"ەوە سەرچاوە دەگرێت. هەرچەند تیشکەکان (پارتەکان، تیرەکان، پارچەکان) لێک دوور بکەونەوە، هێشتا ناوەندە درەوشاوەکە هەر ماوە و چاوەڕێی ساتەوەختی یەکگرتنەوەیە. ئەو وزە شاراوەیەی لەناو ویژدانی هەر زاگرۆسییەکدا هەیە، کلیلی تێپەڕاندنی هەموو تاریکییەکانی مێژووە. قەزقاپان پێمان دەڵێت کە ڕێگای ڕزگاری لەو ئیرادە و متمانە هاوبەشەدایە کە لە ناوەوە دەپشکوێت. کاتێک پەیمانی مێهر دەبێتە ئیمانێکی ناوەکی، هەموو دیوارەکان دەبنە قەڵای پاراستن.

**میترایزمی زاگرۆسی، فەلسەفەی سەرکەوتنە. ئەم خۆرە مژدەی ئەوە دەدات:** زاگرۆس کاتێک هەڵدێت کە تیشکەکان (فرەیی) یەکبوونی خۆیان لە ناوەندا (نەتەوە) بدۆزنەوە. لێرەدا برایەتی و یەکڕیزی تەنیا دروشم نین، بەڵکوو ستراتیژیی گەیشتن بە شکۆمەندییەکین کە مێژوو دەنووسێتەوە. ئەم نەخشەیەی لە قەزقاپان جێماوە، بانگەوازێکی پیرۆزە بۆ هەموو نەوەکان؛ بانگەوازێک بۆ ئەوەی ببنە میراتگری ئەو ڕووناکییەی کە هەرگیز نامرێت و هەمیشە توانای ئەوەی هەیە تەمومژی مێژوو بڕەوێنێتەوە و ئاسۆیەکی گەش بۆ کوردستان بخولقێنێت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ڕەشەمەی ٢٧٢٥

قەزقاپان پێمان دەڵێت کە سیاسەت لە زاگرۆسدا لە لوولەی تفەنگ یان لە مێزی دانوستانە دەرەکییەکانەوە دەست پێناکات؛ بەڵکوو لە ویژدانی هاوبەشەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەگەر بەڵێن و پەیمان نەبوو بە ئیمانێکی ناوەکی، ئەوا هەموو یەکێتییەک تەنها مەرەکەبێکی سەر کاغەزە.

**میترایزمی زاگرۆسی، ئایینی پەرستن نەبووە، بەڵکوو ئەخلاقی بەرگری بووە. ئەم خۆرە دەڵێ:** زاگرۆس تەنها کاتێک هەڵدێت کە تیشکەکان (فرەیی) پابەندی ناوەند بن (یەکێتی). لێرەدا برایەتی تەنها دروشم نییە، بەڵکوو ستراتیژیی مانەوەیە؛ چونکە لە دەرەوەی ئەم پەیمانە، تەنها ئەشکەنجەی ئاشوورییەکان و سڕینەوەی مێژوویی چاوەڕێمانە. ئەم نەخشەیەی لە قەزقاپان جێماوە، وەک تاقیکردنەوەیەک وایە بۆ هەموو نەوەکان. هەر نەوەیەک نەتوانێت ئەم ١١ تیشکە پێکەوە گرێ بداتەوە، مەحکوومە بەوەی لەناو تەمومژی مێژوودا بتوێتەوە.

٢٣ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پەیامی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بۆ نەتەوەکان و تەواوی ئازادیخوازانی ئێران، نەتەوەی تورکی ئازەربایجان و وڵاتانی دراوسێ

**نەتەوە ستەملێکراوەکان و ئازادیخوازانی سەرانسەری ئێران!**

**هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لەم بڕگە هەستیارەی خەباتدا، بە پشتبەستن بە پێشینەی مێژوویی و بنەماکانی خەباتی بزووتنەوەی نەتەوەیی و دێموکراتیکی کوردستان و، بە تێگەیشتن لە بەرپرسیارێتیی مێژوویی خۆی لە بارودۆخی هەستیاری ئێستای ئێراندا، جارێکی دیکە بۆ تێپەڕین لە سەرەڕۆیی و بونیادنانی داهاتوویەکی دێموکراتیک، جەخت لەسەر پێویستیی هاوپێوەندی و یەکیەتیی نێوان تەواوی هێزە ئازادیخوازەکان و نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران دەکاتەوە.**

**ئێمە لەو بڕوایەداین داهاتوویەکی سەقامگیر بۆ ئێران تەنیا لە سایەی جێگیربوونی سیستمێکی دێموکراتیک، و لەسەر بنەمای بەفەرمی ناسینی مافە نەتەوەییەکانی نەتەوەکان، دادپەروەری و یەکسانی، و زامنکردنی ئازادییە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتییان چێ دەبێت. هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لەم پێناوەدا و بە مەبەستی بونیادنانی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێرانێکی ئازاد، دێموکراتیک و فرەچەشن ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ تەواوی هێزە سیاسی و مەدەنییە دێموکراتیکەکان ڕادەگەیەنێت.

**خوشک و برایانی ئازەری!**

هەمووان ئەم ڕاستییە مێژووییە دەزانین کە لە چەند شار و ناوچەدا، بەتایبەت لە ئازەربایجان و کوردستان، ئازەرییەکان و کوردەکان بە درێژایی مێژوو لە تەنیشت یەکدی ژیاون. بۆیە داهاتووی ئەم ناوچانەش هەر دەبێت لەسەر بنەمای هاوکاری، بەڕێوەبردنی هاوبەش و زامنکردنی مافی یەکسانی هەموو پێکهاتەکان بێت. هاوپەیمانیی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەو ناوچە تێکەڵاوانەدا پشتیوانی لە دروستکردنی میکانیزمەکانی بەڕێوەبەریی هاوبەشی خۆجێیی دەکات کە ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی دانیشتووان و ویستی خەڵک بێت.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لەو بڕوایەدایە ئەمنییەت و سەقامگیریی بەردەوام تەنیا کاتێک دەستەبەر دەبێت کە هەموو خەڵکی ناوچەکە، لەوانە کورد و تورک لە ئازەربایجان، کوردستان و ناوچەکانی دیکە، خاوەنی مافی سیاسی، کولتووری و زمانیی یەکسان بن و کاروباری خۆجێیی لە ڕێگەی دامەزراوە دێموکراتیک و وەڵامدەرەکانەوە بەڕێوە ببرێت.

ئێمە وەک هەمیشە دەستی هاوکاری بۆ لای نەتەوەی تورکی ئازەری و هێزە سیاسییەکانیان درێژ دەکەین و ئامادەیی خۆمان بۆ گفتوگۆ، هاوئاهەنگی و دروستکردنی میکانیزمێک کە ئەمنییەتی گشتی و سەقامگیریی ناوچە هاوبەشەکان دەستەبەر بکات، ڕادەگەیەنین. داهاتووی ناوچەکە دەبێت لەسەر بنەمای پێکەوەژیان، ڕێزی دوولایەنە و بەشداریی یەکسانی هەموو خەڵکەکەی بونیاد بنرێت. هەروەها بە جەختکردنەوە لەسەر پەیوەندییە مێژووییەکان و بەستێنە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان نەتەوەی کورد و نەتەوەی تورکی ئازەری، پێمان وایە داهاتووی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو نەتەوەیە دەبێت لەسەر بنەمای گفتوگۆ، ڕێزی دوولایەنە و پێکەوەژیانی ئاشتییانە بێت. بۆیە لەم چوارچێوەیەدا، جارێکی دیکە پابەندیی خۆمان بە نێوەڕۆک و ڕۆحی پەیمانی دۆستایەتیی نێوان کۆماری کوردستان و حکوومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان ڕادەگەیەنین و بە نەخشەڕێگە و هێمایەکی هاوکاری و لێکتێگەیشتنی نێوان بزووتنەوە دێموکراتیکەکانی کوردستان و ئازەربایجانی دەزانین.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لە بەردەوامیی ڕێگەکەیدا، بەهێزکردنی هاوکاریی نێوان هێزە دێموکراتیکەکان و پەرەپێدانی گفتوگۆی نێوان نەتەوەکان بۆ دروستکردنی میکانیزمی هاوبەش بۆ پێکەوەژیانی دادپەروەرانە، بە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی گەیشتن بە داهاتوویەکی ئازاد و دادپەروەرانە بۆ تەواوی نەتەوەکانی

ڕەشەمەی ٢٧٢٥

ئێران دەزانێت و لەم پێناوەدا پێشوازی لە هەر جۆرە هاوکاری و هەوڵێک دەکات.

سەبارەت بە نەتەوە و وڵاتانی دراوسێ، هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران جەخت لەسەر پێویستیی دراوسێیەتیی باش و ڕێزگرتن لە بەرژەوەندییە ڕەواکانی یەکدی لەگەڵ تەواوی وڵاتانی ناوچەکە دەکاتەوە و بڕوامان وایە ئاشتی و سەقامگیریی ناوچەیی تەنیا لە ڕێگەی گفتوگۆ، هاوکاری و ڕێزی دوولایەنەی نێوان نەتەوەکان و دەوڵەتەکانەوە بەهێز دەبێت.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

٢٣ی ڕەشەمەی ١٤٠٤ی هەتاوی

١٤ی ئازاری ٢٠٢٦ی زایینی

٢٣ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## شەڕی ئێران، فەلسەفە، سیاسەت و کوردستان⁉





**ئیبراهیم فەڕشی**

باس لە شەڕی ئەمریکا-ئیسرائیل و ئێران بووەتە هەواڵی سەرەکیی میدیا و ناوەندە سیاسییەکانی جیهان؛ چەند ڕۆژە ناوی کوردستان تێکەڵ بە شەڕەکە کراوە. بۆچوونی سیاسی، حیزب، دەوڵەت و پەرلەمان لە ئورووپا یەکتر ناگرنەوە. بەشێکیان گرێدراوی سیاسەتی ئەمریکا و ئیسرائیلن و ئەم هێرشانە بە بەرحەق دەزانن. چەپی ئورووپا ئەم هێرشانە ئیدانە دەکەن و بە شەڕی ئیمپریالیستی دەزانن و بۆ ئەوەش ئاماژە بە شیلی و ڤییێتنام و کودەتا دژی موسەدیق، شەڕی عێراق، لیبی و

ئەفغانستان دەکەن!

فەیلەسووفان بۆ نایاسایی‌بوونی ئەم هێرشانە، پشت بە پەسندکراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و یاسای بنەڕەتیی وڵاتان و مافی خەڵک و سەرەوەریی سیاسی، ئەخلاق و پرەنسیپ دەبەستن و پێشێلکردنی هەرکام لەو لایەنانە بە نادروست دەبینن. جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە هێرشی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ ڕزگارکردنی خەڵک نییە، کە ٤٧ ساڵە لێی بێدەنگن. بە وتەی ئەوان، بۆ دەوڵەتان مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ ئێران گرنگترە لە مافی مرۆڤ و ئازادی. ئەوان ئاماژە بەوە دەکەن لەو دوو ڕۆژەی دەیان هەزار کەس کوژران، بۆچی هیچ کردەوەیەک بۆ پێشگیری لەم کۆمەڵکوژییە لەلایەن ئەمریکا و ئیسرائیل و ئورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکانەوە نەبینرا؟

ڕیچارد دەیڤید پرێشت (Richard David Precht) دەبێژێ: حکوومەتی ئەمریکا دەوڵەتی موسەدیقی ڕووخاند و دوای ڕووخانی حکوومەتی شا، بۆ ئەوەی لایەنگرانی موسەدیق نەیەنە سەر کار، حکوومەتی ئیسلامییان بەسەر خەڵکدا داسەپاند و ئێستاش مەبەستی ئەمریکا ڕزگاریی خەڵکی ئێران نییە؛ بەڵکوو مەبەستی ئابووری، سیاسی، جیۆپۆلیتیک و کێبەرکێی ناوچەیی لەگەڵ هێزەکانی تری وەک چین بۆ ئەوان گرنگترە. فەیلەسووف ڕیچارد دەیڤید پرێشت وەڵامی بۆ ئەو پرسیارە نییە کە کۆتایی شەڕ و ڕێژیمی ئێران چۆن دەبێ؟ ئەو دەبێژێ کاتێک ئەمریکا و ئورووپا و ئیسرائیل باس لە کۆتایی ڕێژیم دەکەن، بەڵام ئەوان هیچ پلان و بەرنامەیەکیان بۆ دوای ڕێژیم نییە؛ پرێشت دەڵێ نازانم چی دەبێت و چی دێتە پێش.

بەرپرسانی ئورووپا سیاسەتی ڕوون لە خۆیان نیشان نادەن. ئیسپانیا پشت بە پرەنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبەستێ، سێ وڵاتی ئاڵمان و بریتانیا و فەڕانسە خۆ لە پشت ئەمریکا و ئیسرائیل دەبیننەوە و لە هەمان کاتدا وەزیری دەرەوەی ئاڵمان دەبێژێ ئێمە بە هیچ چەشنێک بەشداریی شەڕ نابین. ئەوە لە کاتێکدایە کە دەوڵەتی ئاڵمان لە چەندین قۆناغی جیاوازدا، یەکێک لە شەریکە سەرەکییە بازرگانی و ئابوورییەکانی ئێران بووە و تەنانەت لە کاتی گەمارۆکانیشدا، هەندێک لە کۆمپانیا ئاڵمانییەکان لە ڕێگەی بانکەکانی وەک بانکی ئورووپا - ئێران لە هامبوورگ یان لقی تری بازرگانی لە وڵاتانی کەنداو، پەیوەندییە ئابوورییەکانیان پاراستووە. هاوکات وەزیری دەرەوەی ئاڵمان پشتیوانیی وڵاتەکەی بۆ ئاسایشی ئیسرائیل ڕاگەیاندووە. مێرتس، سەرۆکی پارتی ئۆپۆزیسیۆنی ئاڵمان (CDU) کە کاندیدی بەهێزە بۆ پۆستی ڕاوێژکاری باڵا، دەبێژێ: پرسیاری بێوەڵام لەسەر ئەو شەڕە زۆرە، ئەوەش لە کاتێکدا بەهۆی داخرانی ڕێگای هورمز بۆ پاپۆڕەکان، نرخی بەنزین و شتومەک ڕۆژانە لە ئورووپا هەڵدەکشێ. لە لایەکی تر ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان جگە لە دەرکردنی بەیاننامە، هیچ کاریگەرییەکی نەماوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوانەی تا ئێستا وەدەنگ هاتوون و ژمارەیان لە چەند تاکەکەس تێناپەڕێ، بۆچوونی کلاسیک لە چوارچێوەی تێگەیشتنی سەردەمی ڕۆشنگەریدا دەنوێنن کە لە پەسندکراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و یاسای وڵاتاندا بە شێوەی گشتی هاتووە. گۆڕانکارییەکانی بیست و پێنج ساڵی ڕابردوو، پاش یازدەی سێپتێمبەری ٢٠٠١ و هێرش بۆ ئەفغانستان، عێراق، لیبی، شەڕی یووگۆسلاڤی و شەڕی ئۆکراین، تێگەیشتنی کلاسیکی ژێرپێ خستووە و دامودەزگای جیهانیی وەک نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەوانی تری تووشی قەیران و بێکەڵکی کردووە. وڵاتان بەپێی مەیل و بەرژەوەندیی خۆیان دەجووڵێنەوە و پابەندی بە پرەنسیپ و پەسندکراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئیتر "مانای" نەماوە.

سۆلڤایگ ریچتەر(Solveig Richter) ، لێکۆڵەری بواری ئاشتی دەبێژێ: "تێگەیشتن لە مافی خەڵک تێکدراوە". ئەم تێکدانە نەک لە بیست و پێنج ساڵی ڕابردوو، بەڵکوو لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لە بازنەی دەوڵەتان، سیاسەتپێشە، سەربازی و ڕۆشنبیران لە ئارادا بووە بۆ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و خەڵک و نەتەوەکان؛ بۆ وێنە مافی نەتەوەیی کورد وەک یەک نەتەوە لەلایەن دەوڵەتانی ناوچەکە و زلهێزەکانی وەک بریتانیا، فەڕانسە، ڕووسیە، ئەمریکا و ئەوانی تر تا ئێستا پێشێل کراوە. لە بازنەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، ماف بە گرێدراوی بەرژەوەندیی لایەنە دەستڕۆیشتووەکانی نێو ئەو ڕێکخراوەیە ماوەتەوە. هەر بۆیە مافی نەتەوەی بێدەوڵەتی کورد، کە ڕێفراندۆمی ٩٨٪ (نەوەد و هەشت لەسەدی) خەڵکی باشووری کوردستان بۆ سەربەخۆیی لە پشت بوو، هیچ بایەخێکی پێنەدرا.

نوام چامسکی(Noam Chomsky) ، فەیلەسووفی ئەمریکایی، بەردەوام ڕەخنەی لە سیاسەتی ئەمریکا لە بەرامبەر ئێراندا گرتووە و تا ئەو شوێنە چوو کە بکەوێتە سەنگەری ئێران و چاو لە هەموو تاوانەکانی ئەو ڕێژیمە بپۆشێ. ئەو لە هەمان کاتدا پشتیوانیی لە باکووری کوردستان دەکرد و بەردەوام ڕەخنەی لە حکوومەتی تورکیە دەگرت و بە شێوەیەکی بەرچاو لایەنگری ڕۆژاوای کوردستان و ئەو سیستمە بوو کە لەوێ دامەزراوە. ئەو لە هەمان کاتدا دژی چالاکیی سەربازیی پارتی کرێکاران بوو. ئەو باسی لە کوردی ڕۆژهەڵات کردووە کە بە توندی دەچەوسێنرێنەوە و جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە کورد "دەبێ لەنێو خۆیاندا یەکگرتوو بن". چامسکی لەپاڵ ئێرانی دژی ئیمپریالیستدا خۆی بینیوەتەوە و باس لە ئۆتۆنۆمی بۆ کورد دەکات؛ ئەمەش تێگەیشتنی ئەو چەپانە دەنوێنێ کە خۆیان بە لایەنگری مافی کورد لە قەڵەم دەدا و شەڕی چەکدارییان لەگەڵ ڕێژیم دەکرد، بەڵام لە وەرچەرخانێکی بەپەلەدا کەوتنە پشتگیری لە "ئێرانی دژی ئیمپریالیست" و لە درێژەدا سەریان بە دەستی هەمان ڕێژیم تێدا چوو! ئەمڕۆش چەپی ئێران لە گێژاوێکی سیاسییدا خۆیان دەبیننەوە و بەشێکیان پێیان وایە ڕۆژیان لەتەک کوڕی ئەو کابرایە هەڵدێ کە دەیان ساڵ لە دژی وەستان و بەشداریی ڕووخانی ڕێژیمەکەی بوون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گویدۆ شتاینبێرگ (Guido Steinberg) وەک زۆر سیاسی و فەیلەسووف دەبێژێ: "باوەڕ ناکەم هێرشی ئاسمانی، دێموکراسی بۆ ئێران بهێنێ"...

گرفتی ئەم خێڵە هەمەلایەنە کە خۆیان لە چەند مەتەرێژێکدا دەبیننەوە، نەزانی نییە. ئەوان خاوەنی تیۆری، ئایدیۆلۆژی و زانینن؛ ئەوەی نییانە پابەند نەبوونە بە بایەخ و کەسایەتیی سەربەخۆی خۆیان و خاوەنی دووفاقەیی لە ئەخلاقدا بوونە! ئەو تیپانە (سیاسی، زانستپیشە، فەیلەسووف و کەسانی باڵای کۆمەڵگە) خۆ لە ڕاستییەکان دەدزنەوە و بەپێی بەرژەوەندی و پارێزگاری لە پۆست و پێگەی خۆیان دەجووڵێنەوە. ئەو کەسانە بەردەوام جێگەیان لەنێو میدیادا دیارە و کەسایەتیی ڕاستەقینەیان ناکەوێتە بەرچاو و بە باشترین شێوە میدیا بەکار دەهێنن. سیاسییەکانی نێو دەوڵەتان، پەرلەمان، دامودەزگاکان، ڕۆشنبیران، نووسەران و فەیلەسووفانی لەو چەشنە جیهانی ئێمەیان پێکهێناوە؛ پۆزیسیۆن و بەرژەوەندیی خۆیان و دەستە و گرووپەکەیان بایخی زۆرترە وەک لە پابەندی بەو تیۆریانەی فێری بوون. بەشێک لەوان بە هەموو شێوەیەک بە باشی خۆیان لەگەڵ ڕێژیمە دیکتاتۆرەکاندا ڕێک دەخەن.

یوورگن هابێرماس (Jürgen Habermas) باس لە دێموکراسی و مافی مرۆڤ دەکات؛ تێگەیشتنی سەرەکیی ئەو لە ئینتگراسیۆنی خەڵکانی ئورووپا و ناسنامەی ئورووپی و جیهانیدا دەبینرێتەوە. ئەو سەبارەت بە شەڕی دوازدە ڕۆژەی ئێران، ئیسرائیل و ئەمریکا و شەڕی ئێستا هیچی نەگوتووە. لەمەڕ کارەساتەکەی ٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٣، پشتیوانیی لە ئیسرائیل کرد دژی هێرشەکانی ئێران و مافی خۆپاراستنی ئیسرائیلی بە هەموو شێوەیەک بەرامبەر ئێران و حەماس هێنایە زمان. هابێرماس هەرچەند ئاشنا بە مەسەلەی کورد بووە و دۆستی کوردی لە زانکۆی هایدێلبێرگ هەبووە، بەڵام بە نووسین و بە گوتن باسی لە کورد نەکردووە.

ماتیاس کونتسل(Matthias Küntzel) ، پۆلیتۆلۆگ و مێژوونووس کە پێشتر کتێبی لەسەر نازیزم و جوو، نازیزم و ئیسلام، ئاڵمان و پێوەندیی ئێران نووسیوە، بە لێکۆڵینەوە لەسەر ئایدیۆلۆژیی ڕێژیمی ئێران بەو ئەنجامە گەیشتووە کە کاکڵی ئەو ئایدیۆلۆژییە لە خۆیدا دژی جوو و ئیسرائیلە و وەک مەترسی بۆ لەنێوبردنی ئیسرائیل لێکی دەداتەوە. لەو گۆشەنیگایەوە بە توندی ڕەخنە لە حکوومەتی ئاڵمان دەگرێ کە سەرەڕای ئەم ڕاستییە، شەریکی نزیکی بازرگانی و ئابووریی ڕێژیمی ئێران بووە و هەیە. پێشتر نووسەری ئەم دێڕانە لە چەند بابەتێکدا بە بەرفراوانی باسی ئەم شەریکایەتییەی کردووە کە مێژووەکەی لە ڕێژیمی ئیسلامی درێژترە؛ ئاڵمان زیاتر لە سەد و بیست ساڵە ئیسلامی بۆ مەبەستی سیاسیی خۆی بەکار هێناوە و لە سەردەمی هیتلێردا بەڵێن بە موفتیی موسڵمانان درا کە جووی باڵکان سەرجەم قڕ بکەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رەشەمەی ٢٧٢٥

شەڕەکە بەشێکی کەوتووەتە نێو ماڵی کوردی بێوڵات، کە هیچ نوێنەرێکی لە دامودەزگا نێونەتەوەییەکاندا نییە و لایەنی سەربەخۆی سیاسی و کرێگرتەی دەوڵەتان نییە و بە وتەی چامسکی "یەکگرتوو نییە". کورد لەم جیهانە ئاڵۆزەدا کە تا ئێستا هیچ هاوپەیمانێکی جیدیی نەبووە، دەبێ چی بکات و چۆن بە مافی خۆی بگات؟ بەتایبەت کاتێک ئاوڕ لە هاوپەیمانییەکانی خۆی لە ناوچەکە و وڵاتانی ڕۆژاوا دەداتەوە. هەر بەشێکی کوردستان بە خەڵکەکەیەوە، کراوەتە بارمتەی دەستی دەوڵەتانی تورک، فارس و عەرەب کە دژی کورد هاودەست و هاوپەیمانن. کورد جیا لە یەکگرتوونەبوون، هێشتا خاوەنی ئەو بەرنامە و ستراتیژییە نییە کە خۆی وەک یەک نەتەوە، یەک خاک و یەک جوگرافیا نیشان بدات.

دیالۆگی کورد لە نێوخۆ و دەرەوەی خۆیدا بەرتەسک ماوەتەوە. لە کاتی کارەساتەکاندا هەر ناوچەیەک لە لایەنی سیاسی و دیپلۆماسییەوە بە تەنیا دەمێنێتەوە. کورد لە جیهانی نێوخۆ و جیهانی دەرەوەدا وەک یەک نەتەوە دەرناکەوێت و وەک چوار پارچەی ئاڵۆز دەکەوێتە بەرچاو؛ سیمای یەک نەتەوە لە خۆی نیشان نادات و جیهانی سیاسەت، دیپلۆماسی و بازرگانی حیسابی بۆ ناکات، مەگەر بۆ کاتە گونجاوەکان کە سوودی خۆیانی تێدا بێت.

ئاڵۆزییەکانی کورد لە خۆیەوە دەست پێ دەکات، کاتێک خۆی وەک یەک نەتەوە، یەک خاک و یەک سیما نانوێنێ! شەڕی ئێران و داهاتووی ئەو وڵاتە دەستکردە، بۆ کورد وەک پرسیار دەمێنێتەوە و لەوە ناچێت خەونی دیموکراسییکردنی ئێرانی یەکپارچە بێتە دی. دوارۆژی ئێران، بەتایبەت ئێستا کە بیپلانی لە هەموو لایەکەوە زاڵە و ستراتیژییەکی ڕوونی شەڕ لە ئارادا نییە، ئەم پرسیارە جیدیتر دەکاتەوە کە کورد دەبێ چی بکات؟ ئایا بێدەنگی، چاوەڕوانی و ناڕوونیی بەرنامە و ستراتیژی، کورد بەرەو کوێ دەبات؟!

- سەرچاوەی قسەی کەسانی نێو ئەم نووسراوەیە: میدیای ئەڵمانی، ئینتەرنێت، یوتیووب و کتێبی ئەو کەسانە.

٢٤ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# حەماسەی ڕزگاربوون لە مەرگەساتی هەڵەبجە





برایم چووکەڵی

ڕۆژی ٢٦ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٦٦ (١٦ی مارسی ١٩٨٨) ڕێژیمی بەعس بە بۆمبی شیمیایی لە هەڵەبجەی دا. ئەو شەوە هەواڵ گەیشت کە هەڵەبجە لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە داگیر کراوە و، ئەمە یانی هێزێکی زۆری پێشمەرگە کە لەو ناوچەیە بوو، پشتی لێ گیراوە و لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ دراون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ڕەشەمەی ٢٧٢٥

بڕیار درا ناوچەکە چۆڵ بکرێ و شوێنی یەکگرتنەوە هێزەکان ئاوایی هاواریی نوێ دیاری کرا. هێزەکە دواتر بەرەو گوندی عەنەب لە نزیک شاری هەڵەبجە ڕێکەوت و تاریک و ڕوونی بەیانی لە نێو باخ و گوندە ڕووخاو و چۆڵکراوەکەی عەنەبدا خۆیان حەشار دا و چاوەڕوانی پێشهاتەکان مان. لە بەشی ڕۆژهەلاتی هەڵەبجە لە خورماڵ، هەتا دەگاتە بیارە و تەوێڵە و بەرزاییەکانی دەورووبەر هێزەکانی عێراق بەبێ هیچ شەڕ و لێکدانێک لە شوێنی خۆیان بوون. لە باشووری هەڵەبجەوە هێزەکانی مەجلسی ئەعلا و سپای پاسداران بە تانک و تۆپ و جبەخانەی قورسەوە خۆیان گەیاندبووە نزیک شار و جادەی سیروان . هەڵەبجەیان گرتبوو. بە دەرکەوتنی ئەم هێزەی ئێران و گیرانی پردی «زەڵم» تەواوی هێزەکانی عێراق ورەیان لە دەست دا و پۆل پۆل خۆیان ڕادەستی هێزەکانی ئێران دەکرد. لە بەرەبەیانی ڕۆژی گیرانی هەڵەبجەدا هێزەکانی عێراق لە پشت ئاوایی هانیگەرمەڵە بەرەو بیارە کەوتنە پاشەکشە. لەو کاتەدا دوو هێزی بەیان و دووی ڕێبەندان لەو ئاواییەدا بنکەیان بوو. بە شکستی هێزەکانی عێراق هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر هێزەکانی حیزبی دێموکراتیش ڕوون و ئاشکرا بوو، بۆیە ئەو دوو هێزە بەرەو ڕۆژهەلاتی هەڵەبجە کشانەوە و لە گوندی عەنەب بۆ ماوەیەک چاوەڕوانی هێزی شاهۆ و زاگرۆس بوون تا هەموو تێکەڵ ببنەوە. هەر لەو کاتەدا «گوردانی شوان»ی کۆمەڵە کە ئەوانیش بنکەیان لە ئاوایی بیارە بوو، ئەوانیش وێڕای ئێمە بەرەو هەڵەبجە پاشەکشەیان کرد. ئەگەرچی ئەو کات ئێمە بەرپرسانی هێزی بەیان و دووی ڕێبەندان پێمان گوتن کە با بەیەکەوە لەو مەترسییە ڕزگار بین، بەڵام بەهۆی شەڕی نێوخۆیی چەند ساڵەی نێوانمان ئەوان ملیان نەدا و پێشنیارەکەی ئێمەیان ڕەت کردەوە کە بەداخەوە ڕۆژی دواتر هەموویان کوژران و گیانیان بەخت کرد.

پێشمەرگەکانی حیزب بەرەبەیانی ڕۆژی بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە لە ئاوایی عەنەب بەرەو لای هێزی شاهۆ دەچن و هەموویان یەک دەگرنەوە. لە وەها هەلومەرجێکی سەختدا ٧٠٠ تا ٨٠٠ کادر و پێشمەرگەی حیزب کەوتبوونە ژێر ئاوری بێ ئامانی هێزەکانی ئێران و عێراق. بۆیە بە ناچار بڕیاری چۆڵکردنی دەورووبەری عەنەب بەرەو «سەرکەن» درا و دۆڵ و ئاودڕە و شیوی لای سەرەوەی باخەکان بوونە پشت و پەنای هێزی پێشمەرگە و تا ئەو دەم و ساتە بێ زیان لەو مەرگەساتە دەرباز بوون. هێزە گەورەکەی حیزبی دێموکرات ئەو ڕۆژە تا ئێوارێ لەشوێنی خۆیان نەجووڵان. دیارە ڕێگەی دەربازبوونیان نەبوو، و تەواو لە گەمارۆ کەوتبوون. سێ شەو و ڕۆژ لە دەورووبەری هەلەبجە خواردنی هێزی پێشمەرگە تەنیا ڕووەک و گیای کێوی بوو.

ئەو ڕۆژە فرۆکە شەڕکەرەکانی عێراق بەردەوام هەڵەبجە و دەورووبەریان بۆمباران دەکرد. چڕەدووکەڵ هەموو ئاسمانی ناوچەکەی داپۆشیبوو، گرموهۆڕی فرۆکە بەردەوام دەهات و دیار بوو مەرگەساتێک بەسەر هەموو ناوچەکەدا زاڵ دەبوو.

بەیانیی ٢٨ی ڕەشەممە هەلومەرج و بارودۆخی پێشمەرگە تەواو لەباری تەداروکاتییەوە شپرزە ببوو، گیا و ڕووەکیش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەمابوو کە ئەو ٧٠٠ - ٨٠٠ کەسە بتوانن خۆیانی پێ ڕابگرن. سەر لەئێوارە برسێتی فشاری بۆ زۆر کەس بەتایبەتی منداڵەکانی بنەماڵە کە لەگەڵمان بوون هێنابوو؛ بەڵام پێشمەرگە زۆر ڕۆژ و قۆناغی سەختی لەو چەشنەی دیبوو و هەموویانی بەزاندبوو.

ڕۆژی ٢٩ی ڕەشەممە شەهید دوکتور قاسملوو پەیامی نارد کە بەهەر جۆر و بە هەر نرخێک بێ دەبێ خۆتان لەو ناوچەیە ڕزگار بکەن، چونکی بەپێی ئەو هەواڵانەی گەیشتوون بەتەواوی لەمەترسی و بەر هێرش دان. هەر بۆیە ئێوارەی دوایین ڕۆژی زستانی ساڵی ١٣٦٦ بەدەشتی خورماڵدا بڕینی ڕێگەی دوور و درێژی ئەو دەشتەیان کردە نەورۆزانەی خۆیان. لەکاتی تێپەڕین بەو ڕێگا دوور و درێژەدا چەندجار ماشینی سپای پاسداران لەلایەن پێشمەرگەوە ڕاگیرا تا هێزەکە لەجادە بپەڕنەوە. پێشمەرگە لەلای پاسدارەکان خۆیان بەخەڵکی عێراق و ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی دەناساند، بڕیاریش وابوو بە نێوان خورماڵ و بیارەدا سەرکەون بۆ لای سەرگەت و پاشان بە پشت ئەحمەدئاواوە بەرەو لای شانەدەر و سەید سادقدا خۆیان دەرباز بکەن.

دەشتی هەڵەبجە بەرەو خورماڵ هەمووی بە کەلاکی حەیوان ڕەش داگەڕابوو، ئەو دەشتە سەراپا بۆنی گازی شیمیایی لێ دەهات، دیارە پێشتر ڕێنوێنی پێویست بە هەموو پێشمەرگەکان درابوو. لە نیزیک گوندی خورماڵ کاتژمێری یەکی نیوەشەو تووشی چەند ئایفای ئەرتەشیی پڕ لە پاسدار هاتین کە هەموویان ماسکی دژی شیمیایی بەسەریانەوە بوو و لە سەر ڕێگای پێشمەرگە وەستابوون. پرسیاریان کرد بۆ کوێ؟ بە پێی بڕیار و ڕێنوێنیی پێشوو هەر کەسە و بۆی هەبوو تەنیا بڵێ بۆ «ئەحمەدئاوا.»

لەگەڵ ئەوەی زۆریان پێ سەیر بوو ئەو هەمووە خەڵکە بۆ بەو شەوە دەچنە ئەحمەدئاوا، بەڵام هێچیان نەگوت. دیارە گوێمان لێ بوو پاسدارێکی کرماشانی گوتی: «ئەم نەزمە نەزمی عێراقی نیە، بڕۆن عەلی یارتان». بەمجۆرە پاش ٣ ڕۆژ مانەوە بە برسییەتی لە نێو گەمارۆی تەواوی هێزەکانی دوژمندا و دوای بڕینێکی ڕێگایەکی سەخت و دوورودرێژ پێشمەرگەکان خۆیان دەرباز کرد و سەرکەوتنێکی گەورە بۆ کوڕانی دێموکرات و سەرشۆڕییەکی دیکە نسیبی هێزی کۆماری ئیسلامی بوو. ئەو ڕێگا دووروو درێژە سەرکەوتنەکەی زۆر هۆکاری دیکەی هەیە، بەڵام دیارە کە هەست بە بەرپرسایەتیی هەموو کادر و پێشمەرگەی ئەو هێزەی گەورەیەی حیزبی دێموکرات کە هەموو دژوارییەکیان قەبووڵ کردبوو، گرینگترینی ئەو هۆکارانە بوو.

٢٥ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## شەڕی ناوچەیی و دوورەدیمەنی گۆڕانکاریی سیاسی لە ئێراندا: ڕۆڵی بزووتنەوەی کوردستان





**ئیبراهیم لاجانی**

ئەو شەڕەی پتر لە دوو هەفتەیە لە نێوان ئێران لەلایەک و ئەمریکا و ئیسرائیل لەلایەکی دیکەوە لە ئارادایە، لە ئاستی ناوچەکەدا تەنیا وەک ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەربازی ئەژمار ناکرێت. ئەو شەڕە ئەگەر لەوە زیاتر درێژە بکێشێت، دەتوانێت ئاکامی زۆر قووڵ و گۆڕانکاریی گەورە لە پێوەندی لەگەڵ پێکهاتەی دەسەڵات و داهاتووی سیاسیی ئەو وڵاتەدا بەدواوە بێت. لە کاتی لێکدانەوەی دۆخێکی ئاوادا، پرسیارێکی بنەڕەتی دێتە پێشەوە: ئەگەر گوشار و پاڵەپەستۆی دەرەکی

ببێتە هۆی لاوازبوونی پێکهاتە و شێوەی دەسەڵات لە ئێراندا، کام لە هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن لە شێوەپێدانی سیستمێکی دێموکراتیک لە ئێرانی ئایندەدا ڕۆڵی کاریگەریان هەبێت؟ ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لەو پێوەندییەدا بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستان جێگایەکی تایبەتی هەیە.

بۆ تێگەیشتن لەو پرسە، باشتر وایە لە پێشدا چاوێک بە ئەزموونە مێژووییەکاندا بخشێنین. مێژوو ئەوەمان وەبیر دەهێنێتەوە کە ڕێژیمە دیکتاتۆر و تەواویەتخوازەکان، تەنیا و تەنیا لە ڕێگەی گوشاری نێوخۆییەوە نەڕووخاون. ئەو جۆرە ڕێژیمانە بە شێوەیەکی ئاسایی خاوەنی دامودەزگای ئەمنیی بەربڵاو، ڕایەڵەکەی ئابووریی بەرینی سەربەدەسەڵات و ئامرازی زۆر و کاریگەری کۆنترۆڵ و سەرکوتی کۆمەڵایەتین؛ ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە نێوخۆوە ببێتە کارێکی سەخت و دژوار. لە مێژووی هاوچەرخدا زۆر نموونەی لەو جۆرەمان هەن؛ وەک ڕووخانی حکوومەتی نازی لە ئاڵمان، کۆتایی زۆربەی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکانی ئورووپای ڕۆژهەڵات و ڕووخانی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەو چەند دەیەی دواییەدا. هەموو ئەو نموونانە نیشانی دەدەن کە گوشاری دەرەکی و گۆڕانکاری لە هاوسەنگیی هێز لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا، دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ لە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی سیاسیدا بگێڕن.

لە دۆخێکی ئاوادا، شەڕ دەتوانێت وەک شۆکێک بێت بۆ سەر قەوارەی دەسەڵاتی سیاسی؛ شۆکێک کە بناغەکانی سیستەمی سیاسیی زاڵ دەخاتە لەرزە و دەرفەت بۆ هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دیکە پێک دەهێنێت تا ئەوانیش بێنە مەیدان و کاریگەریی خۆیان نیشان بدەن. بەو حاڵەش، ئەزموونە مێژووییەکان ئەوە دەردەخەن کە ڕووخانی ڕێژیمێکی دیکتاتۆری بەتەنیا نابێتە هۆی جێگیربوونی دێموکراسی. ئاکامی کۆتایی ئاڵوگۆڕەکان بەستراوەتەوە بە توانایی، کارایی و کارکردی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییە نێوخۆییەکان لە پێوەندی لەگەڵ بنیاتنانی سیستمێکی تازەدا.

یەکێک لەو هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییە کاریگەرانەی کە بە درێژایی ئەو چەند دەیەی دوایی لە ئێراندا، توانا و کارایی خۆی لە ڕێکخستنی سیاسی، بردنەپێشی خەبات و ڕاگرتنی ئاڵای بەربەرەکانی دژی سەرەڕۆیی و ئیستبدادی سیاسی نیشان داوە، بزووتنەوەی سیاسی و ئازادیخوازانەی کوردستانە. کوردستان لە هەشت دەیە لەمەوبەرەوە تا ئێستا، بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێران، لە ڕووی چالاکیی سیاسی و حیزبایەتی و فەرهەنگ و کولتووری دێموکراسیخوازییەوە، چالاکترین بەشی ئێران بووە. پێکهێنانی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی، ئامادەیی بەرچاوی کۆمەڵگەی مەدەنی و میراتی خەباتگێڕانە بۆ مافە کولتووری و سیاسییەکان، ئەو تایبەتمەندییانەن کە کوردستان لە ناوچەکانی دیکەی ئێران جیا دەکەنەوە.

یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی کوردستان، بریتییە لە هەبوونی فەرهەنگی حیزبایەتی و فرەحیزبی لە کۆمەڵگەی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردستاندا. لە کاتێکدا کە لە ناوچەکانی دیکەی ئێراندا چالاکیی حیزبی و ڕێکخراوەیی زۆر سنووردار و ناڕێکخراو بووە، لە کوردستاندا حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، نەخشێکی کاریگەریان لە گەڵاڵەکردن و هێنانەگۆڕێی ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵکدا بینیوە. ئەو حیزبانەی لەو ناوچەیەدا تێکۆشانیان هەبووە، بێجگە لە کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی، لە بوارەکانی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی و ڕۆشنگەرییشدا کاریگەرییان لەسەر خەڵک بەجێ هێشتووە. بۆیە ئەو ئەزموونە دەوڵەمەندە دەتوانێت لە سەردەمی تێپەڕین لە ڕێژیمی دیکتاتۆرییەوە بۆ سیستمێکی دێموکراتیک، گرنگییەکی زۆری هەبێت؛ چونکە بۆ بنیاتنانی سیستمێکی دێموکراتیک، پێویستیمان بە ڕێکخراو و ناوەند و دامەزراوەی سیاسیی دێموکراتیک هەبێت.

بێجگە لە حیزب و فەرهەنگی حیزبایەتی، فەرهەنگی خەبات و بەرخۆدان و بەربەرەکانیش لە کوردستاندا بە فاکتۆرێکی گرنگ لەقەڵەم دەدرێت. بە درێژایی هەشت دەیەی ڕابردوو، کوردستان ئەزموونێکی زۆر و جۆراوجۆری لە خەباتی سیاسی، بەرخۆدانی مەدەنی بەرانبەر سەرکوت و زەبروزەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەی بەکۆمەڵ بەرانبەر سەرەڕۆیی و زوڵم و ستەم و هەڵاواردن وەدەست هێناوە. ئەو ئەزموونە دەوڵەمەندە نەک هەر بووەتە مایەی شێوەگرتنی ناسنامەیەکی سیاسیی تایبەت لە کوردستاندا، بەڵکوو بووەتە هۆی دروستبوونی جۆرێک لە وشیاریی سیاسیی بەکۆمەڵ سەبارەت بە مافی هاوڵاتیبوون، دادپەروەریی سیاسی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و مافی دێموکراتیکی خەڵک بۆ بەشداری لە کاروباری سیاسیدا.

مەسەلەیەکی گرنگی دیکە کە پێویستە باسی بکەین، ئەوەیە کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییە خەباتگێڕەکانیان خوازیاری دێموکراسی و ماف و ئازادییەکانی مرۆڤن. زۆربەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەو چەند دەیەی دواییەدا، دیسکۆرسەکانی وەک ئۆتۆنۆمی، فیدراڵیزم، حکوومەتی خۆجێیی، دابەشکردنی دەسەڵات، هاوبەشی لە دەسەڵاتدارێتیدا، ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ، مافەکانی ژنان و منداڵان و کەمایەتییەکانیان لە بەرنامە و پرۆگرامی سیاسیی خۆیاندا گونجاندووە. ئەو چەمکانە بەشێکی گرنگی تێرمینۆلۆژیی ئەدەبیاتی سیاسیی هاوچەرخی جیهان پێک دەهێنن و وەک ئامراز و میتۆدی قبووڵکراو بۆ بەڕێوەبردن و ئیدارەی وڵات و کۆمەڵگە فرەنەتەوە و فرەفەرهەنگەکان کەڵکیان لێ وەردەگیرێت.

لە سیناریۆیەکی گریمانەییدا، ئەگەر شەڕ و گوشاری دەرەکی ببێتە هۆی لاوازبوون و وەلەرزەکەوتنی قەوارە و پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێراندا، هەبوونی ئەو هێز و ڕێکخراوە سیاسییانە لە کوردستاندا، بەتایبەتی دوای پێکهێنانی هاوپەیمانیی کوردستانی، دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر لەوەدا ببینێت کە نەیەڵێت بۆشایی دەسەڵات بێتە پێشەوە و کۆمەڵگە بەرەوڕووی ئاژاوە و بێسەروبەری ببێتەوە. کۆمەڵگەی کوردستان بەهۆی ئەوەی ئەزموونێکی دوورودرێژی لە کاری حیزبی و

رەشەمەی ٢٧٢٥

ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا هەیە، دەتوانێت وەک ئەکتەرێکی کاریگەر لە شێوەپێدانی نەزمی سیاسی و سیستەمی دەوڵەتیی داهاتووی ئێراندا دەور بگێڕێت.

لەو ڕوانگەیەوە، کوردستان دەتوانێت ببێتە سەرمەشق بۆ هەموو ناوچەکانی دیکەی وڵات. فەرهەنگی حیزبایەتی و پلۆرالیزمی سیاسی و ئایینی و کولتووری، بەشداریی دەستەجەمعی لە کاروباری سیاسیدا و پێداگرتن لەسەر مافە سیاسی و مەدەنی و فەرهەنگییەکان، ئەوەمان نیشان دەدات کە تەنانەت کۆمەڵگە فرەنەتەوە و فرەفەرهەنگەکانیش دەتوانن پێکهاتەیەکی سیاسیی دێموکراتیک دامەزرێنن و پەرەی پێ بدەن. ئەوەش بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران کە گیرۆدەی دەستی ناوەندگەرایی و لاوازیی ناوەند و دامەزراوە دێموکراتیکەکانن، دەتوانێت سەرچاوەی ئیلهام و جێگای دەرس لێوەرگرتن بێت. سەرەڕای هەموو ئەوانە، هاتنەپێشی هەلومەرجێکی ئاوا و گێڕانی ڕۆڵێکی لەو شێوەیە، پێوەندیی بە کەلێک هۆکار و فاکتۆرەوە هەیە: ١. هێزە دێموکراتیکەکان دەبێت لە سەرانسەری ئێراندا بتوانن جۆرێک لە هاوکاری و هاوئاهەنگیی سیاسی لە نێوان خۆیاندا پێک بهێنن. ٢. بزووتنەوە نەتەوەییەکان لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا، داخوازییەکانی خۆیان لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی نەتەوەیی و دێموکراتیکدا گەڵاڵە بکەن. ٣. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێت پشتیوانی نەک هەر لە گۆڕانکاریی کورتخایەن، بەڵکوو لە هێزە دێموکراتیکەکان و پرۆسەی دێموکراتیزەکردن لە ئێراندا بکات.

مێژوو ئەوەمان پێ دەڵێت کە شەڕ دەتوانێت ببێتە سەرەتای دەستپێکردنی گۆڕانکاریی سیاسی، بەڵام ئەوە هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییە نێوخۆییەکانن کە شێوە و مەودای ئاڵوگۆڕەکان و چۆنیەتی و دەرەنجامی ئەو گۆڕانکارییانە دیاری دەکەن. ئەگەر لە ئاکامی ئەو شەڕەدا هەلومەرجێک بێتە پێشەوە کە ببێتە هۆی گۆڕانکاری لە قەوارە و پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران، ئەوا ڕۆڵی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییە دێموکراتیکەکان چارەنووسساز دەبێت. لەو نێوەدا بزووتنەوەی کوردستان بەهۆی ئەو ئەزموونە مێژووییەی کە لە حیزبایەتی و میراتی خەباتگێڕانەی سیاسیدا هەیەتی، دەتوانێت نەخشێکی کاریگەری لە شێوەپێدانی داهاتوویەکی ئازاد و دێموکراتیکدا لە ئێراندا هەبێت.

٢٥ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# لە فرمێسکی نەتەوە بۆ ئاواتی ئازادی (ڕەنگدانەوەیەک لە ڕەنجی مێژوویی، هۆشیاری کۆمەڵایەتی و گەڕان بەدوای ئازادی)





**ڕەحیم نزهەتزادە**

لە پێداچوونەوە بە مێژووی نەتەوەکاندا دەتوانین درک بکەین کە ئاواتی ئازادی، یەکێک لە خواستە هەرە بنەڕەتییەکانی مرۆڤایەتییە. ئازادی نەک تەنیا چەمکێکی سیاسییە، بەڵکوو بەهایەکی قووڵی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییە، کە بەستراوەتەوە بە کەرامەتی مرۆڤ، دادپەروەری و مافی چارەی خۆنووسینەوە. لە زۆرێک لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان، کە بەدرێژایی

چەندین سەدە ڕووبەڕووی جۆرەها شێوەی دەسەڵات، ستەمکاری و نادادپەروەری بوونەتەوە، ئەم ئاواتە بووە بە یەکێک لە هێزە بزوێنەرە گرنگەکانی پێکهێنانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان. لەم ڕوانگەیەوە، دەکرێ ڕۆژهەڵاتی تینووی ئازادی وەک ڕەمزێک بۆ خەباتی مێژوویی نەتەوەکان بۆ گەیشتن بە دادپەروەری و ڕزگاری سەیر بکرێت.

ئەزموونی مێژوویی دەریدەخات کە ڕێگای ئازادی، بەگشتی، پرۆسەیەکی درێژ و ئاڵۆزە و تێچووی زۆری هەبووە. لەم ڕێبازەدا، لە زۆر حاڵەتدا، تێکەڵ بە ڕەنجی قووڵی کۆمەڵایەتی، سەرکوتی سیاسی و قوربانیدانی مرۆیی بووە. بیرەوەری قوربانیان، زیندانیانی سیاسی و تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی، بەشێکی دانەبڕاو لە یادەوەریی بەکۆمەڵی ئەو نەتەوانەدایە کە بۆ دەستەبەرکردنی ڕزگاری تێکۆشاون. ئەم یادەوەرییە مێژووییە، جگە لە تۆمارکردنی ئازارەکان، ڕۆڵێکی بنەڕەتیش لە دروستبوونی شوناسی کۆمەڵایەتی و بەهێزکردنی ئیرادەی بەکۆمەڵ بۆ درێژەدان بە خەبات دەگێڕێ.

لەم پەیوەندییەدا، دەتوانرێ ئازار و خەم و پەژارەی بەکۆمەڵ بە یەکێک لە توخمە گرنگەکانی پێکهاتنی هۆشیاری کۆمەڵایەتی هەژمار بکرێ. کۆمەڵناسان و توێژەرانی زانستە مرۆییەکان چەندین جار ئاماژەیان بەو خاڵە کردووە کە ئەزموونی هاوبەشی ئازارەکان دەتوانێت ببێتە هۆکار بۆ دروستبوونی شێوازێک لە یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی. کاتێک تاکەکانی کۆمەڵگایەک درک بەوە دەکەن کە ئازار و بێبەشبوونیان، نەک ئەزموونێکی تاکەکەسی، بەڵکوو چارەنووسێکی هاوبەشە، زەمینەش بۆ دروستبوونی هۆشیاری بەکۆمەڵ ئامادە دەبێت. ئەم هۆشیارییەش دەتوانێت وردە وردە ببێتە هێزێکی کۆمەڵایەتی کە بەرەنگاری پێکهاتە ناڕەوا و نادادپەروەرەکان دەبێتەوە.

لەو چوارچێوەیەدا، هێماسازی ئەدەبییش دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر لە ڕەنگدانەوە و شرۆڤەکردنی ئەم ئەزموونە بەکۆمەڵە بگێڕێ. بۆ نموونە، وێناکردنی ئەو فرمێسکانەی کە دڵۆپ دڵۆپ دەڕژێن و پاشان لەگەڵ چەم و ڕووبارەکان یەکدەگرنەوە، دەتوانێت مێتافۆرێک بۆ گرێدانی ئازاری تاک بە ئەزموونی بەکۆمەڵی نەتەوەیەک بێت. وێناکردنێکی لەم شێوەیە نیشان دەدات کە چۆن هەستی پەرش و بڵاوی تاکەکەسی، لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیدا، دەبێتە هێزێکی گشتگیر و فراوانتر.
ئەدەب و هونەر لەو نێوەندەدا ڕۆڵی نێوەندگیری گرنگ لە نێوان ئەزموونی تاکەکەسی و یادەوەری بەکۆمەڵدا دەگێڕن. بەرهەمە ئەدەبییەکان، بە تایبەت شیعر، لە توانایاندایە ئەزموونە هەستەکی و مێژووییەکانی کۆمەڵگایەک بە زمانی هێما و وێنە دەرببڕن و لە یادەوەری کولتووری نەتەوەیەکدا جێگیر بکەن. لەو ڕوانگەیەوە، ئەدەبیات نەک تەنیا ڕەنگدانەوەی ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکانە، بەڵکوو دەتوانێت لە داڕشتن و بەهێزکردنی گوتارەکانی ئازادیخوازی کاریگەری هەبێ.

رەشەمەی ٢٧٢٥

لە ڕوانگەی تیۆرییەوە، زۆرێک لە زانایانی کۆمەڵناسی لەو بڕوایەدان کە شێوەگرتنی بزووتنەوە ئازادیخوازەکان، بەگشتی، لە ئەنجامی تێکەڵەی سێ فاکتەری بنەڕەتی ڕوودەدات: یەکەم: ئەزموونی بەربڵاوی نادادپەروەری. دووەم: شێوەگرتنی هۆشیاری بەکۆمەڵ بەرامبەر بەو نادادپەروەرییە. سێیەم: سەرهەڵدانی ئیرادەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ گۆڕانکاری.
کاتێک ئەم سێ فاکتەرە لە کۆمەڵگایەکدا پێکەوە یەکدەگرنەوە، زەمینە بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەڕخسێت. لە وەها هەلومەرجێکدا، خواستی ئازادی لە ئاستی داواکاری تاک تێدەپەڕێت و دەگۆڕدرێ بۆ ئامانجێکی بەکۆمەڵ.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئازادی تەنیا بە مانای کۆتایی هاتنی سیستەمێکی ستەمکار نییە. لە تێگەیشتنێکی فراوانتر، ئازادی ئامانجیە بۆ پێکهێنانی پێکهاتەیەک کە لەودا مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ گەرەنتی بکرێن، هاووڵاتیان بتوانن لە دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیاندا بەشداربن. بە واتایەکی تر، ئازادی تەنیا خاڵی کۆتایی خەبات نییە؛ بەڵکوو سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایەکدایە، قۆناغێک کە لەودا گەشەسەندنی کولتووری، فیکری و مرۆیی دابین دەبێ.
لەم ڕێبازەدا، یادەوەری ئەو کەسانەی لە پێناو ئازادیدا قوربانییان داوە، ڕۆڵێکی گرنگ لە پاراستنی بەردەوامی مێژوویی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا دەگێڕێ. ئەم وەبیرهێنانەوانە نەک هەر ڕێزگرتن لە ڕابردوون، بەڵکوو دەتوانن ببنە سەرچاوەی ئیلهام بۆ نەوەکانی داهاتوو. کۆمەڵگایەک کە بتوانێ یادەوەری مێژوویی خۆی بپارێزێ، لە ڕاستیدا سەرمایەیەکی ئەخلاقی و کولتووری بۆ درێژەدان بە ڕێگای ئازادی بەردەست دەبێت.

سەرئەنجام، دەتوانرێت ئامانجی ئازادی بە یەکێک لە بەها بنەڕەتییەکانی مێژووی مرۆڤایەتی هەژمار بکرێ. هەرچەندە بارودۆخی مێژوویی و کولتووری کۆمەڵگا جیاوازەکان لە یەک جیاوازن، بەڵام خواستی کەرامەتی مرۆڤ و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە نێو هەموو نەتەوەکاندا وەک یەک هاوبەشە. بۆیە پێویستە خەبات بۆ ئازادی بە بەشێک لە پڕۆسەیەکی بەرفراوانتری مرۆڤایەتی هەژمار بکرێت کە بە درێژایی مێژوو لە ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا ڕوویان داوە.
ڕۆژهەڵاتی تینووی ئازادیش بەشێک لە ئەم گێڕانەوە مێژووییەیە؛ گێڕانەوەیەک کە لەودا ئازار، هۆشیاری و هیوا پێکەوە دەبەسترێنەوە. لەم گێڕانەوەیەدا، فرمێسکەکان دەتوانن ببنە هێمای بەئاگابوونەوە و ئازارە پەرشوبڵاوەکان دەتوانن ببنە هێزێک بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی. دەرئەنجام، ئەوەی مانا بەم ڕێگایە دەبەخشێت بریتییە لە باوەڕبوون بەو ڕاستییەی کە ئازادی، هەرچەندە سەخت و درەنگ بێت، دواجار دەتوانێت ئاسۆیەکی نوێ بۆ نەتەوەکان بکاتەوە.

٢٥ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو هاوپەیمانە ستراتیژییەی ئورووپا ناتوانێت پشتگوێی بخات



**حەسەن قارەمانی**

نزیکەی نیو سەدەیە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕیزەکانی پێشەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتی تاکڕەوی کۆماری ئیسلامیدایە. ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شۆڕشی ١٩٧٩وە، نەک هەر لەپێناو مافە نەتەوەییەکانی خۆیان، بەڵکوو بۆ چەسپاندنی دێموکراسی، فرەخوازی و جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت لە سەرتاسەری ئێراندا خەباتیان کردووە. سەرەڕای

ئەمەش، زۆرجار لە هاوکێشە و سیاستە نێودەوڵەتییەکاندا خەباتەکەیان پشتگوێ خراوە و پەراوێز کەوتووە.

ئەمڕۆ کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دیسان کەوتووەتە بەردەم ئەگەری گۆڕانکاریی گەورەی جیۆپۆلیتیکی و گرژییەکانی نێوان ئێران و ڕۆژاوا گەیشتوونەتە لووتکە، ئورووپا لەبەردەم هەڵبژاردنێکی ستراتیژی و ڕەوشتیدایە. ئایا دەوڵەتانی ئورووپا هەر تەنیا لە ڕوانگەی بەرنامە ئەتۆمییەکە، سیاسەتی ئەمنی و دابینکردنی وزەوە سەیری داهاتووی ئێران دەکەن؟ یان دواجار دان بەوەدا بنێن کە سەقامگیریی ڕاستەقینە لە ناوچەکەدا، تەنیا بە پاڵپشتیکردنی هێزە دێموکراتیکەکانی نێو ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دێتە دی، کە تێیدا کورد ڕۆڵێکی سەرەکی و بنەڕەتی دەگێڕێت؟ پێویستە سیاسەتی ئورووپا بەرامبەر بە ئێران سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە؛ بە جۆرێک کە مافەکانی نەتەوەکانی ئێران بخاتە چەق و ناوەندی بڕیارەکانی و دان بەوەدا بنێت کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکێک لە ڕێکخراوترین و یەکگرتووترین کاراکتەرە دێموکراتەکانی نێو ئێرانە.

## کۆماری ئیسلامی و نیو سەدە چەوساندنەوە:

ئێران لە دوای شۆڕشی ١٩٧٩ و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامییەوە، خاوەنی سیستمێکی سیاسیی تایبەت بووە کە تێیدا دامەزراوە ئاینییەکان بەسەر جومگەکانی دەوڵەتدا زاڵن. ئەم سیستمە لەسەر بنەمای بیردۆزی "ویلایەتی فەقیه" داڕێژراوە، کە تێیدا ڕێبەری باڵای ئاینی، دەسەڵاتی ڕەهای بەسەر هەموو دامەزراوە سیاسییەکانی وڵاتدا هەیە. بە درێژایی دەیان ساڵ، ئەم دەسەڵاتە پێکهاتەیەکی سەرکوتکەری وای پەرە پێ داوە کە تێیدا ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، نەتەوەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی بە شێوەیەکی سیستماتیک پەراوێز خراون.

نەتەوە بندەستەکان - بەتایبەت کورد، بەلووچ، عەرەب و تورکمەن - پشکی شێریان لەو ستەمە بەرکەوتووە. لە کوردستاندا، دەوڵەت سەرکوتی سیاسیی لەگەڵ پەراوێزخستنی ئابووریدا گرێ داوە. ئەم ناوچەیە سەرەڕای هەبوونی سامانێکی سروشتیی زۆر، وەک یەکێک لە دواکەوتووترین ناوچەکانی ئێران هێڵدراوەتەوە. کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نزیکەی لەسەدا ١٥ی دانیشتووانی ئەو وڵاتە پێک دەهێنن. داواکارییە سیاسییەکانی ئەوان لە مێژوودا بریتی بووە لە: دابینکردنی مافە کولتوورییەکان، خۆبەڕێوەبەریی ناوچەیی، سیستەمی فیدراڵی (ئۆتۆنۆمی) و بەشداریی دێموکراتییانە، کە ئەمەش بە واتای جیابوونەوە نایەت. سەرەڕای ئەمەش، داواکارییەکانی کورد لە دوای شۆڕشەوە بە ئاگر و ئاسن وەڵام دراونەتەوە. هەر لە ساڵی ١٩٧٩دا ڕێژیمی نوێ ئۆپەراسیۆنی سەربازیی بەرفراوانی دژی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان دەست پێ کرد، کە لەو هەڵمەتانەدا هەزاران کەس بوونە قوربانی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کەلەپووری سیاسیی کورد: دێموکراسی و فرەخوازی:

بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ئێران، لەمێژە بەهۆی پێداگریی توندی لەسەر بەها دێموکراتیکەکان، لە زۆرێک لە بزووتنەوەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆن جیا دەکرێتەوە. نموونەی هەرە دیاری ئەم ڕەسەنایەتییە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. ئەم حیزبە بە ڕێبەریی ڕووناکبیری کاریزماتیک، دوکتور عەبدولڕەحمان دوکتور قاسملوو، دیدێکی سیاسیی پەرە پێ دا کە چارەنووسی کوردی بە دێموکراسی بۆ هەموو ئێرانەوە گرێ دابوو.

دوکتور قاسملوو جەختی لەوە دەکردەوە کە خەباتی کورد تەنیا بۆ مافە نەتەوەییەکان نییە، بەڵکوو بۆ گۆڕانکاریی دێموکراتیکی سەرتاسەرییە لە ئێراندا. ئەو داکۆکیی لە سیستەمێکی ئۆتۆنۆمی یان فیدراڵی لە چوارچێوەی ناناوەندیێتی (لامەرکەزی) دەکرد کە تێیدا پێکهاتە نەتەوەییە جیاوازەکان بتوانن لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دێموکراتیکدا پێکەوە بژین. ئەو دیدگا مرۆڤدۆستانەیە بە کارەسات کۆتایی هات؛ کاتێک لە ساڵی ١٩٨٩دا لە ڤیەننا و لە کاتی دانوستان لەگەڵ نوێنەرانی ڕێژیمی ئێراندا، دوکتور قاسملوو تیرۆر کرا. ئەم تیرۆرە بوو بە نیشانەی ئەوەی کە ڕێژیم بە هیچ جۆرێک ئامادە نییە فرەیی سیاسی قبووڵ بکات. سەرەڕای ئەمەش، حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بەردەوام بوون لە داڕشتنی ئەو سیاسەتانەی جەخت لەسەر سێکۆلاریزم، یەکسانیی ڕەگەزی و مافی نەتەوەکان دەکەنەوە. لە ناوچەیەکدا کە زۆرجار ئایدۆلۆژییە توندڕەو و ئایینییەکان زاڵن، بزووتنەوەی کوردستان پەرەیان بە کولتوورێکی سیاسیی پێشکەوتنخواز داوە.

## کوردستان؛ سەنگەری پێشەوەی دێموکراسی لە ئێراندا:

لە دەیان ساڵی ڕابردوودا، کوردستانییەکان هەمیشە لە ڕیزی یەکەمی ئەو کەسانەدا بوون کە دژی کۆماری ئیسلامی ڕاپەڕیون. لە ناڕەزایەتییەکانی ساڵانی ٢٠٠٩، ٢٠١٧ و بەتایبەتی لە شەپۆلی مەزنی ساڵی ٢٠٢٢دا کە دوای شەهیدکردنی ژینا ئەمینی سەری هەڵدا، شارەکانی کوردستان ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان گێڕا. ژینا ئەمینی کە خۆی کچێکی کورد بوو، کوژرانی لەلایەن "پۆلیسی ڕەوشت"ەوە بوو بە سیمبولی دڕندەیی ئەم ڕێژیمە. ناڕەزایەتییەکان لە کوردستان بە توندترین شێوە سەرکوت کران. ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ڕایانگەیاندووە کە هێزە ئەمنییەکان فیشەکی جەنگییان دژی خۆپێشاندەران بەکار هێناوە و دەستبەسەرکردنی بەکۆمەڵیان ئەنجام داوە. سەرەڕای ئەمەش، ڕێکخراوە مەدەنییەکان، بزووتنەوەکانی ژنان و گرووپە خوێندکارییەکانی کورد، وەک کاراکتەری سەرەکی لە بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی ئێراندا ماونەتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

### هەڵە ستراتیژییەکانی ئورووپا:

ئورووپا لەمێژە سیاسەتێکی دووفاقەی بەرامبەر بە ئێران پەیڕەو کردووە. لە لایەکەوە حکوومەتە ئورووپییەکان ڕەخنەیان لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ گرتووە، بەڵام لە لایەکی ترەوە، پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان خستووەتە پێش هەموو شتێکەوە. زۆرجار دانوستانی ئەتۆمی و پرسی وزە، کارنامەی سیاسیی ئەوانی داگیر کردووە.

بەڵام ئەم ستراتیژە ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبووە. کۆماری ئیسلامی سەرەڕای دەیان ساڵ دیپلۆماسی، نە بووەتە دەوڵەتێکی دێموکرات و نە سەرکوتکارییەکانیشی کەم کردووەتەوە. جگە لەوەش، ئورووپا زۆرجار ئایندەی سیاسیی ئێرانی وەک بابەتێک بینیوە کە تەنیا پەیوەندیی بە بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی ئەمریکاوە هەیە؛ ئەمەش وای کردووە ڕۆڵێکی ناچالاک و بێدەنگ لە گۆڕانکارییە سیاسییە درێژخایەنەکانی ئێراندا بگێڕێت. کەچی ئایندەی ئێران پرسێکی ئورووپییە؛ چونکە ناسەقامگیری لە ئێراندا کار دەکاتە سەر بازاڕەکانی وزە، کۆچبەری و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کە ئەمانەش ڕاستەوخۆ کار دەکەنە سەر ئورووپا.

### تێنەگەیشتن لە ناناوەندێتی (لامەرکەزییەت):

یەکێک لە ئاستەنگە گەورەکانی بەردەم داڕشتنی ستراتیژێکی واقیعی، ئەو تێڕوانینە هەڵەیەیە کە گوایە دانپێدانان بە مافە نەتەوەییەکان یان خۆبەڕێوەبەریی ناوچەیی، دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر سەقامگیری. بەڵام ئەزموونی مێژوویی پێچەوانەکەی سەلماندووە. کاتێک دەوڵەتەکان مافە نەتەوەیی و کولتوورییەکان پشتگوێ دەخەن، ململانێکان قووڵتر دەبنەوە. بەڵام کاتێک ئەم مافانە بە شێوەیەکی یاسایی دەناسرێن، ململانێکان لە چوارچێوەیەکی دێموکراتیکدا چارەسەر دەکرێن. ئەزموونی وڵاتانی وەک سویس، کانادا و هەندێک سیستەمی فیدراڵی نیشانی دەدەن کە دابەشکردنی دەسەڵات دەبێتە هۆی سەقامگیری. ئێرانی داهاتوو ئەگەر دان بە هەمەجۆریی نەتەوەکانیدا (کورد، بەلووچ، عەرەب و هتد) بنێت، زۆر سەقامگیرتر دەبێت.

### کورد؛ هاوپەیمانی سروشتیی ئورووپا:

کورد لە مێژوودا پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ وڵاتانی ئورووپیدا هەبووە. دەیان ساڵە ڕووناکبیران و چالاکانی کورد کارلێکیان لەگەڵ دامودەزگاکانی ئورووپادا هەیە و گوتاری سیاسیی کوردیش کەوتووەتە ژێر کاریگەریی بیرۆکە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئورووپاییەکان سەبارەت بە دیموکراسی، مافی مرۆڤ و سێکۆلاریزم. بۆیە ئەوە جێی سەرسوڕمان نییە کە زۆرێک لە ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد، ئورووپا وەک هاوبەشێکی ڕاستەقینە بۆ بونیادنانی ئێرانێکی دێموکرات دەبینن. بەڵام ئەم پەیوەندییە پێویستی بە هەنگاوی بەرامبەر هەیە؛ ئورووپا دەبێ دان بەوەدا بنێت کە کورد تەنیا کەمینەیەکی ناوچەیی نییە، بەڵکوو کاراکتەرێکی سیاسیی کاریگەرە لە داهاتووی ئێراندا.

## کێشەی ئۆپۆزسیۆنی ئێران:

یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکان، نەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی یەکگرتووە. زۆرێک لە گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکان هێشتا خاوەن ڕوانگەیەکی ناوەندگەرای توندن و ئامادە نین دان بە مافە نەتەوەییەکاندا بنێن. تەنانەت هەندێک لە لایەنە پاشایەتییەکان، باسیان لە بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ کۆنترۆڵکردنی کوردستان کردووە لە داهاتوودا. ئەم ڕێبازە مەترسیی بەرهەمهێنانەوەی هەمان ئەو دیکتاتۆرییەتەی هەیە کە لە سەردەمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا هەبووە. بۆیە گواستنەوە بۆ دێموکراسیی ڕاستەقینە، پێویستی بە پەیمانێکی سیاسیی نوێ هەیە کە تێیدا هەموو نەتەوەکان وەک هاوبەشی ڕاستەقینە بناسرێن.

## ئورووپا چی پێ دەکرێت؟

**ئورووپا هێشتا دەرفەتی ئەوەی هەیە ڕۆڵێکی بونیادنەر بگێڕێت:**

١- پێویستە حکوومەتە ئورووپییەکان لە هەموو گفتوگۆکانیاندا، بە ڕوونی پشتگیری لە بنەماکانی دێموکراسی و مافی نەتەوەکان بکەن.
٢- دەست بکەن بە گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بزووتنەوە دێموکراتیکەکان، لەوانەش حیزبە سیاسییەکانی کوردستان.
٣- پشتگیری لە مۆدێلەکانی دابەشکردنی دەسەڵات و گەرەنتیی دەستووری بۆ مافی نەتەوەکان بکەن.

## کۆتایی:

ئێران لەبەردەم وەرچەرخانێکی مێژووییدایە. یان دەبێ لەسەر ڕێگەی تاکڕەوی و ناوەندگەرایی بەردەوام بێت، یان بەرەو دێموکراسییەکی گشتگیر هەنگاو بنێت. کورد لە ئێران بۆ ماوەی پێنج دەیە، کۆڵەکەی سەرەکیی خەبات دژی دیکتاتۆری بووە. ئەزموونی ڕێکخراوەیی و بەها دێموکراتیکەکانی کورد، دەیانکاتە یاریزانێکی سەرەکی لە ئایندەی وڵاتدا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ڕەشەمەی ٢٧٢٥**

چاوپۆشیکردن لە ڕۆڵی کورد لەلایەن ئورووپاوە، نەک هەر شکستێکی ڕەوشتییە، بەڵکوو هەڵەیەکی ستراتیژیشە. بەبێ کورد، دێموکراسیی ڕاستەقینە لە ئێراندا نایەتە دی و بەبێ دێموکراسیش، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەرگیز ئەو سەقامگیرییە بەدەست ناهێنێت کە خەڵکی ناوچەکە و ئورووپاش پێویستیان پێیەتی.

**٢٥ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥**

---



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دوایین وەلی فەقیهـ!





**ڕەزا دانشجوو**

هەڵبژاردنی موجتەبا خامنەیی وەک جێنشینی عەلی خامنەیی، دیکتاتۆری لەنێوچووی کۆماری ئیسلامی بە هیچ شێوەیەک شتێکی سەرنجڕاکێش و پێشبینینەکراو نەبوو. پرۆسەیەک کە لە چەند ساڵ لەمەوبەرەوە بە سەرپەرشتی و کارگێڕیی ڕێکخراوی تیرۆریستیی سپای پاسداران دەستی پێکرد و دواتر بە شێوەکێ زۆر ئاشکرا خرایە بەر سەرنجی کۆمەڵگەش. ڕاستی ئەوەیە بۆ زۆربەی ئەو کەسانەی لە چەند ساڵی رابردوودا چاودێریی ڕووداوەکانی نێو دەسەڵاتی ڕێژیم بوون، زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو بوو کە موجتەبا خامنەیی تاکە بژاردەیە بۆ جێنشینی دیکتاتۆری پیری کۆماری ئیسلامی. بەڵام واقیعەکە ئەوەیە

رەشەمەی ٢٧٢٥

ڕێبەری نوێی ڕێژیم کە دوای بریندداربوونی لە هێرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لە یەکەم ڕۆژی شەڕدا مان و ژیانی لە مەترسیدایە، تەنانەت لە ئەگەری ئەوەی زیندووش بمێنێت، داهاتووی حوکمڕانییەکەی بەرەوڕووی چەندین ئالەنگاریی گەورەیە کە پێدەچێت زاڵبوون بەسەریاندا مەحاڵ بێت!

## بەردەوامی شەڕ

هەرچەندە دۆناڵد ترامپ لە قسەکانیدا سەبارەت بە درێژەدان بە شەڕ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا زۆر جیاواز دەردەکەوێت، بەڵام چاوخشاندنێک بە کەسایەتیی و شێوازی هەڵسوکەوتکردنی لەگەڵ ڕووداوەکان نیشان دەدات هێرشەکان لانیکەم تا گەیشتن بە خاڵێکی دیاریکراو کە تێیدا کۆماری ئیسلامی زۆربەی تواناکانی بەرگریی خۆی لەدەست بدات یا بە تەسلیمبوون ڕازی بێت؛ بەردەوام دەبن. ئاشکرایە کە ئیسرائیل و نەتانیاهووش نایانهەوێت بە ئاسانی ئەم دەرفەتە زێڕینەی لەدەست بدن کە پاڵپشتی ترەمپ پێی بەخشیون و لە دۆخێکی نادیاردا کۆتایی بە شەڕە بهێنێن. سەرکردەکانی ئیسرائیل چەندین جار دانیان بەوەدا ناوە کە لە سەردەمی هیچ سەرۆکێکی دیکەی ئەمەریکادا ئەوەندە ئازادیی کارکردن و پشتیوانییان نەبووە! خاڵێکی تری گرنگ کە نابێت سەبارەت بە ئەمریکا پشتگوێ بخرێت، تێچووی ئەم شەڕەیە کە ڕەنگە بگاتە ملیاردها دۆلار! نەگەیشتن بە خاڵێکی دیاریکراو یان ڕێککەوتنێکی ئەگەری کە بەتەواوی داواکارییەکانی ئەمریکا جێبەجێ بکات، دۆناڵد ترامپ و کۆماریخوازەکان دەخاتە دۆخێکی زۆر خراپەوە و ڕەنگە ڕووبەڕوی ڕەخنەی توندی کۆمەڵگەی ئەمریکا بەتایبەت دەنگدەران و لایەنگرانی ترامپ ببنەوە. ترامپ دەیەوێت بە جۆرێک لە جۆرەکان وڵامێکی گونجاو بۆ هۆکاری ئەم هێرشە و قەرەبووکردنەوەی تێچووی ئەم شەڕە بدۆزێتەوە، جا یان بە لەکارخستن و خاپوورکردنی بەشی سەرەکی توانایی نیزامی کۆماری ئیسلامی یان بە سەپاندنی ڕێکەوتنی زۆرەملێ و تەسلیمبوون و یان لە کۆتاییدا ئەگەر بکرێت بە ڕووخانی ڕێژیم!

ڕاستی ئەوەیە موجتەبا خامنەیی هیچ زانیارییەکی لەسەر ئاڵۆزییەکانی دۆخی ئێستا نییە و ئەوەی بە ناوی ئەو و پەیامە نووسراوەکەیەوە بڵاو بۆوە زیاتر لە هەموو شتێک ئاماژەیەکە بۆ هەژموونی و دەسەڵاتداریی ڕێکخراوی تیرۆریستیی سپای پاسداران بەسەر هەموو کاروباری ڕێژیمدا. لە ڕاستیدا ئەم بەیاننامەیە نیشانی دا کە لانیکەم لە دۆخی ئێستا و لەگەڵ ئەگەری بریندداربوونی موجتەبا خامنەیی، سپای تیرۆریستی پاسداران بە شێوەیەکی کاریگەر وڵات بەڕێوە دەبات. ڕووداوێکی سەرنجڕاکێش کە دەرخەری ئەم ڕاستییە ئەوەیە تەنانەت پێش ناساندنی موجتەبا خامنەیی وەک ڕێبەری نوێی ڕێژیم لە ماوەی کورتخایەنی ئەنجومەنی ڕێبەریی کاتیدا، لێدوانێکی کورتی پزیشکیان سەبارەت بە داوای لێبوردن لە وڵاتانی دراوسێ ڕووبەڕوی کاردانەوەی توندی سوپای پاسداران بۆوە و نیشانی دا کە ڕێژیم بە شێوەیەکی کاریگەر لەلایەن سپای پاسداران بەڕێوە دەبرێت. بۆیە دەبێ بگوترێت کموجتەبا خامنەیی لە ئێستادا هیچ ڕۆڵێکی لە بەڕێوەبردنی وڵات بە شێوەکی گشتی و ڕووداوەکانی شەڕ بە تایبەت نییە و ئەوە ڕێکخراوی تیرۆریستیی سپای پاسدارانە کە بە ناوی ڕێبەری تازەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێژیم بڕیار دەدات و جێبەجێی دەکات.

## پێگەی سیاسی

هەرچەندە هەڵبژاردنی عەلی خامنەیی وەک ڕێبەری کۆماری ئیسلامی دوای مردنی خومەینی خۆی لە خۆیدا چیرۆکێکی سەیر و جێی ئاماژەیە و لە ڕاستییدا دیکتاتۆری مردوو بۆ وەرگرتنی کورسیی ڕێبەری ڕێژیم قەرزداری گێڕانەوە درۆینەکانی هاشمی ڕەفسنجانی بوو، بەڵام پێویستە بگوترێت کە عەلی خامنەیی کەسایەتییەکی ناسراوی کۆماری ئیسلامی بووە و لە سەرەتای سەقامگیربوونی ڕێژیم، چ لە شۆرای کاتی ئینقلابی ئیسلامی، چ دواتر لە مەجلیسی ڕێژیم، یان وەک سەرۆک کۆمار، هەمیشە یەکێک بوو لە کەسایەتییە ناسراوەکانی ڕێژیم. سەرەتای هەموو ئەم پۆست و پێگە سیاسییانە، عەلی خامنەیی لە ساڵانی سەرەتایی ڕێبەرییدا ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر بووە و لەلایەن زۆرێک لە ئاخوندەکانی دەستڕۆیشتووی و ناسراوی شیعە گومانی جددی لە توانایی ڕێبەری هەبوو. لە ڕاستیدا تەنیا تێپەڕبوونی کات و بێگومان سەرکوتکردن و گۆشەگیرکردنی هەندێک لە نەیاران بوو کە خامنەیی گەیاندە ئەو قۆناغە کە بتوانێت بە تەواوی دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرت. بەراورد بە باوکی دۆسیەی موجتەبا خامنەیی، جێی دوودڵی و بێمتمانەیی زۆر زیاترە. موجتەبا لە دامودەزگاکانی ڕێژیمدا هیچ ئەزموونێکی تایبەتی نییە و جگە لە خوێندن دەرسی مەلایەتی لە حوجرەدا هیچ کارێکی دیکەی نەکردووە. ڕەنگە گرینگترین چالاکیی وەلی فەقیهی تازە، پیلانگێڕی و داڕشتنی پلان دژی نەیاران لە پشت پەردەوە و ئەندازیاری پرۆسەی بە ناو هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم و دانانی کەسانی نزیک لە خۆی بێت!

دیارە مرۆڤێکی لەو جۆرە هەرگیز ناتوانرێت لەلایەن سیاسەتمەدارە ناسراوەکان و ئاخوندە دەستڕۆیشتوو و خاوەن پێگەی ڕێژیم بەئاسانی قبوڵ بکرێت!

## قەیرانی شەرعییەت

واقیعەکە ئەوەیە ئەگەر دیکتاتۆرە گەنجەکە لە شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل ڕزگاری بێت یان ڕێککەوتنامە و لە ڕاستییدا تەسلیمبوونێکی سەپێنراو قبوڵ بکات، تەنانەت ئەگەر بتوانێت بەسەر ڕکابەرە سیاسییەکانیدا زاڵ بێت و پێگەی سیاسیی خۆی وەک وەلی فەقیهـ مسۆگەر بکات، ئەوا تازە لە سەرەتای ڕێگای ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ قەیرانەکاندایە! ئابووریی خاپوورکراو و شەرعیەتی لەبەینچوو هیچ ئابڕوویەکی بۆ ڕێژیم نەهێشتۆتەوە. ئێستا لە ڕوانگەی خەڵکەوە هەر جۆرە پەیوەندییەک لەگەڵ ڕێژیم پێناسەی خەیانەت و تاوانبارییە و هاوکاری لەگەڵ جینایەتکاران و پیاوکوژانە!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ڕەشەمەی ٢٧٢٥**

هەنگاوی دواتر زۆر سەختتر و دژوارترە، شەقام و خەڵک تووڕە و بێزار لە ساڵانێک سەرکوتکردن و چەوساندنەوە، چاوەڕێی دیکتاتۆری گەنجن. ڕەنگە ئێستا شەڕ و ئاڵۆزییەکان بەرەو پەناگەی بردبێن، بەڵام ئیرادە و پاڵنەریان بۆ کۆتاییهێنان بەم کابوسە چل و چەند ساڵەیە لە هەمیشە زیاترە! هەموو شمشێر بەدەست، ئامادەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی میراتی ڕەشی دیکتاتۆری پیر! ئەگەر دوایین وەلی فەقیهـ لە هێرشی سەربازی ئەمریکا و ئیسرائیل نەکوژرێت، بە دڵنیاییەوە دەستی خەڵکی نارازی لەناوی دەبات!

**ڕۆژانێکی پڕ لە ئازار چاوەڕێی موجتەبا خامنەیین! مردنی ئەو کۆتایی سەردەمێکە! کۆتایی دەسەڵاتێکە! دوایین وەلی فەقیهـ!**

**٢٧ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پەیامی نەورۆزیی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران




**خەڵکی خەباتکاری کوردستان!**
**ئازادیخوازان و ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی!**

نەورۆز بۆ کورد هەر وەرزی نوێبوونەوەی سروشت نییە، بەڵکوو ڕەمزی خەبات و خۆڕاگری، هەستانەوە و ژیانەوەیە. بۆنە نەورۆزییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەمێژساڵە دەرفەتێک بووە بۆ بە گژداچوونەوەی سیاسەت و نەریتەکانی کۆماری ئیسلامی و هەموو ساڵێ خەڵکی کوردستان بە هیممەتی چیایی و خۆڕاگریی ئازایانە و لەبڕاننەهاتوویان چۆکیان بە خواست و ئیرادەی ڕێژیم داداوە. دەسکەوتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بەڕێوەبردنی بۆنە نەورۆزییەکان گرینگ و بەبایەخ بوون، دەسکەوتێک کە ئاکامی خەبات و بەربەرەکانییەکی بەردرێژ و کۆڵنەدەرانەی دەیان ساڵەی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسیەکانیەتی کە لەبەرانبەر هیچ چەشنە زەبروزەنگ و سەرکوت و بەکارهێنانی هەر جۆرە سیاسەت و پیلانێکی کۆماری ئیسلامیدا سەریان نەوی نەکردوە و کۆڵیان نەداوە.

**خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!**

ڕەشەمەی ٢٧٢٥

ڕۆژەکانی کۆتایی ئەمساڵ لە کاتێکدا بەڕێ دەکەین کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ئاگری شەڕێکی ناوچەیی هەڵگیرساندووە. پێش ئەو شەڕەش هەزاران خۆپێشاندەری ناڕازیی لەسەر شەقامەکانی کوردستان و شارەکانی دیکەی ئێران کوشت و هەزاران هەزار کەسی دیکەشی خستە بەندیخانەوە. ئەوە لە تەنیشت بەردەوامیی لە پێشێلکاریی سیستماتیکی هەموو مافە سیاسی، نەتەوەیی و مەدەنییەکانی کورد و بەوەش ژیانی کوردی لە سەر خاک و نیشتمانی خۆی کردووەتە دۆزەخ. هەر ئێستاش کە لە سۆنگەی سیاسەتە چەوتەکانی، و پاڵپشتی لە تیرۆریزمی دەوڵەتی و هەڵگرتنی ئارامی و سەقامگیری لە ناوچە و جیهان شەڕێکی گەورەی هەڵگیرساندووە؛ ڕۆژانە بنکە و بارەگاکانی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مووشەک و درۆن بەئامانج دەگرێ؛ بەو مەبەست و خەیاڵەی ڕێی خەبات و تێکۆشان بۆ ڕزگارییان لێ بەربەست بکات. بە دڵنیاییەوە ئەو هێرشانە دوا پەلەقاژەکانی ڕێژیم لە قۆناغی سەرەمەرگە و نەک نیشانەی بەهێزبوون بەڵکوو سەلمێنەری زەبوونی و داماوییەتی.

نەورۆزی ئەمساڵ بۆ خەڵکی کوردستان مزگێنیدەری سەرکەوتنێکی گەورەیە. لە لایەک حیزبە خەباتکارەکانیان لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەکی سیاسیدا هێز و وزەی خەباتگێڕییان ڕێکخستووە، لە لایەکی دیکەش هەموو چین‌وتوێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بە تایبەت ژنان بە لێبڕاوی و شێلگیرییەوە پشکی زیاتریان خستۆتە سەر خەرمانی دەسکەوتی خەباتی مافخوازانەمان.

لە بەرەبەری نەورۆزدا جارێکی دیکە خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە نە مووشەکباران و تیرۆر و، نە هیچ چەشنە گوشارێکی سیاسی و ئەمنییەتی و تەنگ‌پێهەڵچنین پێ بە هەنگاوەکانمان شل ناکا. هەروەها بە یەکریزی و هاوپەیمانیی سیاسیی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات پێ دەنێینە قۆناغێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشانی پێکەوەییمان کە ئاسۆکانی سەرکەوتنمان بۆ نیزیکتر و ڕوونتر دەکاتەوە.

وێڕای پیرۆزبایی نەورۆز و هاتنی ساڵی نوێ لە خەڵکی کوردستان و نوێکردنەوەی پەیمانی وەفا لەگەڵ شەهیدانی کوردستان، بەتایبەت شەهیدانی ئەمدواییانەی ڕاپەڕینی بەفرانبار لە کرماشان و ئیلام و ناوچەکانی خوارووتری کوردستان و هەروەها هێرشە مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامی داوا لە خەڵکی کوردستان بە هەموو چین‌وتوێژەکان دەکەین لە خەبات و تێکۆشانی خۆیان دژ بە کۆماری ئیسلامی بەردەوام و لە قۆناغی هەستیاری ئێستادا پارێزەری دەسکەوتەکانی خەباتی دەیان ساڵی ڕابردوومان بن.

لە نەورۆزی ئەمساڵدا پەیمانی خەبات و خۆڕاگری نوێ دەکەینەوە، بە سەردانی بنەماڵەی شەهیدان یاد و ناوی ڕۆڵە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رەشەمەی ٢٧٢٥

جوامێرەکانی نیشتمانمان بەرز ڕادەگرین و بە پێداگری لەسەر ڕوحی یەکگری و هاوپەیمانیمان بەرەو لوتکەی سەرکەوتن هەنگاو دەنێین.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

نەورۆزی ١٤٠٥ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٧٢٦ی کوردی

٢٨ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# لە دەوڵەتتەوەرەییەوە تا نکوڵیکردن لە نەتەوە: (وەڵامێک بۆ دیبەیتەکەی شەریعەتمەداری-ئەمیرئەحمەدی سەبارەت بە ناسنامەی کوردی)






د. مەنسوور سۆهرابی

بەشی فارسیی دەنگی ئەمریکا ڕۆژی ٢٤ی ڕەشەمە بەرنامەیەکی بە بەشداریی "حەسەن شەریعەتمەداری" و "هوشەنگ ئەمیرئەحمەدی" پێشکەش کرد، کە تەوەرە سەرەکییەکەی لێکدانەوەی پەیامی هاوپەیمانیی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی

ئێران بۆ خەڵک و چالاکانی سیاسیی ئازەربایجان بوو. بەڵام ئەوەی زیاتر لە ئەسڵی هەواڵەکە سەرنجی ڕاکێشا، چوونە نێو باسە تیۆرییەکانی میوانەکان بوو دەربارەی چەمکگەلێکی وەک نەتەوە، نەتەوایەتی و فیدراڵیزم. لەم گفتوگۆیەدا، بانگەشەی نەتەوەنەبوونی کوردان و مەحاڵبوونی فیدراڵیزم لەسەر بنەمای ئەتنیک خرانە ڕوو، کە پێویستییان بە ڕەخنەیەکی جیدی و بەڵگەمەند هەیە. ئەم نووسینە هەوڵ دەدات بەدەر لە پێشگریمانە سیاسییەکان،

ئەم بۆچوونانە بە وردی تاوتوێ بکات.

### ١- تێکەڵکردنی نەتەوە و دەوڵەت: وردبوونەوە لە هەڵەیەکی تیۆریی کلاسیک

یەک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی بەڵگەهێنانەوەکەی شەریعەتمەداری و ئەمیرئەحمەدی لەم دیبەیتەدا، گرێدانی بووناسانەی نەتەوە بوو بە بوونی دەوڵەتەوە. شەریعەتمەداری بە دروستکردنی جیاکارییەکی دەستکرد و پلەبەندی لە نێوان نەتەوایەتی و نەتەوەدا، و ئەمیرئەحمەدی بە مەرجدارکردنی پێناسەی نەتەوە بە هەبوونی سەروەریی سەربەخۆ(Statehood) ، بە کردەیی چەمکی نەتەوەیان لە چوارچێوەیەکی تەسک و کۆنی دەوڵەت—نەتەوەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا قەتیس کرد.

لە ئەدەبیاتی مۆدێرنی زانستە سیاسییەکان و کۆمەڵناسیدا نەتەوە لە پێکهاتەیەکی یاسایی - سیاسی زیاترە؛ وەک کۆمەڵگەیەکی خەیاڵکرد (Imagined Community) یان گرووپێکی مرۆیی پێناسە دەکرێت کە خاوەنی پەیوەندیی قووڵی زمانی، مێژوویی، کولتووری و لە هەمووی گرنگتر، وشیارییەکی سیاسیی بەکۆمەڵە بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆی.

ڕەخنەی بنەڕەتی لە دیدگای ئەم دوو میوانە ئەوەیە کە بێتوو بوونی دەوڵەت بە مەرجێکی پێویست بۆ پێناسەی نەتەوە بزانین، ئەوا بەشێکی گەورە لە مێژووی سیاسیی جیهانمان پشتگوێ خستووە. بۆ نموونە، ئایا دەکرێ بگوترێ پۆڵەندییەکان لە سەدەی نۆزدەهەمدا، لەو سەردەمەی کە خاکەکەیان لە نێوان سێ ئیمپراتۆریەتدا دابەش کرابوو و بێدەوڵەت بوون، نەتەوە نەبوون؟ یان ئایا جوولەکان پێش پێکهێنانی دەوڵەت لە ساڵی ١٩٤٨ تایبەتمەندییەکانی نەتەوەبوونیان تێدا نەبووە و نەتەوە نەبوون؟ بێگومان وەڵامەکە نەخێرە.

ئەمڕۆ چەمکی نەتەوە بێدەوڵەتەکان (Stateless Nations) لە پرسە نێودەوڵەتییەکاندا پۆلێنبەندییەکی تەواو ناسراوە کە نەتەوەکانی وەک کورد، کەتەلان، باسک و سکۆتلەندییەکان دەگرێتەوە. نەبوونی چەترێکی کیانێکی سەربخۆ و

سەروەریی یەکگرتوو، هەرگیز بە مانای نەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی (Nationhood) نییە، بەڵکوو لە زۆر حاڵەتدا، هەر ئەم وشیارییە نەتەوەییەیە کە دەبێتە هۆی دروستبوونی و دەبێتە هاندەر بۆ پێکهێنانی پێکهاتە نوێیە سیاسییەکان یان چێکردنی فیدراڵیزم.

## ٢- کورد و گونجان لەگەڵ پێوەرە زانستییەکانی نەتەوەبوون

لە بەشێکی دیبەیەتەکەدا، بانگەشەی ئەوە کرا کە کوردان تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیان نییە. ئەم بانگەشەیە نە لەگەڵ ڕاستییە مەیدانییەکان دەگونجێت و نە لەگەڵ پێناسە ئەکادیمییەکان. ئەگەر پێوەرە بابەتی و دەروونییەکانی نەتەوەبوون ڕیز بکەین، کورد هەموویانی تێدایە:

**زمان و کولتووری جیاواز:** زمانی کوردی بە هەموو شێوەزارەکانییەوە (کرمانجی، سۆرانی، هەورامی، زازایی، گۆرانی و هتد)، تەنیا ئامرازێکی پەیوەندی نییە، بەڵکوو هەڵگری دنیابینییەک، ئەدەبیاتێکی نووسراوی کۆن و بەرهەمە مۆدێرنە کولتوورییەکانە کە سنوورێکی کولتووریی ڕوون لەگەڵ فارسی، تورکی و عەرەبیدا دەکێشێت. ئەم جیاوازییە کولتوورییە، بەردی بناغەی ناسنامەی بەکۆمەڵیی کوردە.

**بیرەوەریی مێژوویی و گێڕانەوەی هاوبەش:** مێژوونووسیی کوردی لە ماوەی سەدەکاندا، "ئێمە"یەکی بەکۆمەڵیی جیاوازی وێنا کردووە. ئەزموونە تاڵ و شیرینە هاوبەشەکان، لە ڕاپەڕینە نێوخۆییەکانەوە تا خەباتە مۆدێرنەکان، بوونەتە بەشێکی جیانەکراوە لە بیرەوەریی بەکۆمەڵی کورد کە وەک یەکەیەکی مرۆیی لە سەرووی عەشیرەت و تائیفەکانەوە بەیەکەوە گرێیان دەدات.

**خاک (نیشتمان)ی مێژوویی هاوبەش (کوردستان):** ئەگەرچی سنوورە سیاسییە مۆدێرنەکان، خاک و نیشتمانی کوردیان لە نێوان چوار وڵاتدا دابەش کردووە، بەڵام یەکپارچەیی جوگرافیی ئەم ناوچانە لەژێر ناوی کوردستاندا لە تەواوی نەخشە مێژووییەکان، دەقی ڕۆژهەڵاتناسان و ئەتڵەسە جوگرافییە سیاسییەکانی جیهاندا دانی پێدا نراوە.

**چالاکیی و هۆشیاریی سیاسی:** ئامادەیی بەردەوامی کورد وەک بلۆکێکی سیاسی لە هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا، بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر هەبوونی ئیرادەیەکی نەتەوەیی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆیە، بانگەشەی نەبوونی تایبەتمەندییەکانی نەتەوە لەبارەی کوردەوە، زیاتر لەوەی داوەرییەکی زانستی بێت، نیشاندەری جۆرە بەرگرییەکی دەروونییە لە ئاست قبووڵکردنی لێکەوتە سیاسییەکانی ئەم ڕاستییە. حاشاکردن لەم ناسنامەیە، بە مانای پشتگوێخستنی داواکارییە بەکۆمەڵەکانی ملیۆنان مرۆڤە کە خۆیان وەک نەتەوە پێناسە دەکەن و ڕێگەی ئەوەشیان پێ نادرێ.

### ٣- دووبارە خوێندنەوەی فیدراڵیزم: لە سەرووی مۆدێلی یەکگرتنی یەکە سەربەخۆکانەوە

ئەمیرئەحمەدی لە شرۆڤەی فیدراڵیزمدا، بە شێوەیەکی کورتکراوە تەنیا بە مۆدێلێکیاین زانی کە تێیدا یەکە پێشتر سەربەخۆکان بۆ بەهێزبوونیان بەیەکەوە یەک دەگرن (مۆدێلی Coming together). ئەم دیدگایە تەنیا بەشێکی بچووکە لە مێژووی فیدراڵیزم و دەستکەوتە گەورەکانی ئەم سیستەمە لە چارەسەرکردنی ململانێ ناوخۆییەکان لە نیو سەدەی ڕابردوودا فەرامۆش دەکات.

لە تیۆرییەکانی فیدراڵیزمدا ئێمە ڕووبەڕووی مۆدێلێکی تر دەبینەوە بە ناوی فیدراڵیزمی ڕاگرە.(Holding together) لەم مۆدێلەدا، ئامانجی سەرەکی نەک یەکگرتنی وڵاتە سەربەخۆکان، بەڵکوو دووبارە دارشتنەوەی دەوڵەتێکی مەرکەزی و سادەیە بۆ ڕێگریکردن لە هەڵوەشانەوە و پاراستنی یەکپارچەیی خاک لە کۆمەڵگە فرەنەتەوەکاندا. وڵاتانی وەک بەلجیکا، کەنەدا و ئیسپانیا ڕێک لەم ڕێگەیەوە تێپەڕیون. لەم کۆمەڵگەیانەدا، نوخبە سیاسییەکان تێگەیشتن کە سووربوون لەسەر مەرکەزییەتێکی ڕەق، دەبێتە هۆی لێکدابڕانی زیاتر؛ بۆیە بە قبووڵکردنی پێکهاتەی فیدراڵ یان نیمچەفیدراڵ و پێدانی خۆبەڕێوەبەری بە یەکە نەتەوەییەکان (وەک کێبێک لە کەنەدا یان کەتەلۆنیا لە ئیسپانیا)، توانییان هاوپێوەندیی نەتەوەیی لە ئاستێکی بەرزتر و ئارەزوومەندانەتردا بپارێزن. بۆیە کورتکردنەوەی فیدراڵیزم بۆ ئەزموونی سەدەی هەژدەی ئەمریکا، لەگەڵ زانستی سەردەم ناتەبایە.

### ٤- فیدراڵیزمی ئەتنیکی؛ مۆدێلێکی بەڵگەمەند لە جوگرافیای سیاسیی جیهاندا

یەکێکی تر لە بابەتە پڕ مشتومڕەکان لەم دیبەیتەدا، نکوڵیکردن بوو لە هەبوونی فیدراڵیزم لەسەر بنەمای ئەتنیک لە جیهاندا. ئەم دەربڕینە لە ڕووی زانستییەوە پێچەوانەی ڕاستییە. زاراوەی Ethnic Federalism یان فیدراڵیزمی لەسەر بنەمای ئەتنیک، ئەمڕۆ یەکێکە لە بابەتە سەرەکییەکان لە توێژینەوە بەراوردکارییەکانی سیستەمە سیاسییەکاندا.

بۆ نموونە:

**ئێتیۆپی:** ئەم وڵاتە یەکێکە لە نموونە هەرە ڕوونەکانی فیدراڵیزمی نەتەوەیی. دەستووری ساڵی ١٩٩٥ی ئێتیوپی، وڵاتەکەی لەسەر بنەمای سنووری زمانی و نەتەوەییەکان دابەش کردووە و تەنانەت مافی چارەنووسیشی بۆ ئەم یەکانە بە فەرمی ناسیوە.

**بێلژیک:** پێکهاتەی سیاسیی بێلژیک بە ڕادەیەک لەسەر بنەمای ناسنامە ئەتنۆ-زمانییەکان (فلاندەرییەکان و والۆنەکان) داڕێژراوە کە تەنانەت پارتە سیاسییەکان و سیستەمە پەروەردەییەکانیشی لەسەر ئەم بنەمایە جیا کراونەتەوە. ئەم مۆدێلە نەک بۆ جیابوونەوە، بەڵکوو بۆ بەڕێوەبردنی ململانێیەکی قووڵی مێژوویی داڕێژراوە.

**هیندستان:** بونیادنانەوەی ویلایەتەکانی هیندستان لە ساڵی ١٩٥٦ لەسەر بنەمای سنووری زمانییەکان، یەکێکە لە سەرکەوتووترین ئەزموونەکانی جیهان لە مهارکردنی هەمەچەشنییە گەورە ئەتنیکییەکاندا. هیندستان بە قبووڵکردنی ڕاستییە زمانییەکان، توانی دێموکراسییەکەی لە بەرانبەر مەترسیی هەڵوەشانەوەدا بپارێزێت.

بۆیە، نکوڵیکردن لە هەبوونی ئەم جۆرە مۆدێلانە لە جیهاندا، نیشاندەری جۆرە پشتگوێخستنێکی بەرژەوەندیخوازانەی ڕاستییە نێودەوڵەتییەکانە بۆ پێشخستنی ئەجێندایەکی سیاسیی تایبەت.

## ٥- لێکەوتە سیاسییەکانی دەوڵەتتەوەرەیی و نکوڵیکردن لە نەتەوە

نکوڵیکردن لە پێگەی کورد وەک نەتەوە، تەنیا جەنگێکی وشەیی نییە، بەڵکوو لێکەوتەی جیدیی لە کایەی کردەییدا هەیە. **ئەم ڕێچکەیە لەبەر چەند هۆکارێک ترسناکە:**

**یەکەم،** دەبێتە هۆی ئەوەی لایەنەکانی گفتوگۆ لە ئێراندا، لەبری مامەڵەکردن لەگەڵ کورد وەک بکەرێکی سیاسیی هاوسەنگ، وەک کەمینەیەکی پەراوێزخراو بیبینن کە تەنیا دەبێ لە کولتووری زۆرینەدا بتوێتەوە. ئەم تێڕوانینە، ڕێگە لە هەر جۆرە گفتوگۆیەکی یەکسان و دیموکراسییانە دادەخات.

**دووەم،** ئەم جۆرە مامەڵەیە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی توندڕەوی. کاتێک ڕێگە مەدەنی و یاساییەکان بۆ دانپێدانانی

ڕەشەمەی ٢٧٢٥

ناسنامەی نەتەوەیی داخرێن، ئارەزووی لێکدابڕان و مەرکەزگریزی لە نێوان گروپە ژێر گوشارەکاندا زیاد دەکات.

سێیەم، ئەم بیرکردنەوەیە لـزۆمەن یەکپـارچەیی خـاک نـاپارێزێت؛ بەڵکوو بە دروسـتکردنی بەربەست لە بەرانـبەر مۆدێلە نەرمەکانی دابەشکردنی دەسـەڵاتدا (وەک فیـدراڵیزم)، وڵات بەرەو دوو جەمسـەریی سـڕینەوە دەبـات. لە کاتێکدا بە فەرمی ناسینی ناسنامە نەتەوەییەکانی نێو ئێران، دەتوانێ ببێتە بنەمایەک بۆ گرێبەستێکی سیاسیی نوێ کە تێیدا هەمەچەشنی، نەک مەترسی، بەڵکوو وەک سەرمایەیەکی نەتەوەیی سەیر بکرێت.

### ٦- فیدراڵیزم لە سەدەی بیستویەکەمدا: ئامرازی هاوپێوەندی، نەک هەڵوەشانەوە

دەرەنجامی کۆتایی ئەوەیە کە ئەو ڕا و بۆچوونانەی لەلایەن شەریعەتمەداری و ئەمیرئەحمەدییەوە خرانە ڕوو، زیـاتر لەوەی ڕەنگدانەوەی ڕاستییە هەمەچەشنەکانی جیهانی ئەمڕۆ بن، ڕەگیان لە مۆدێلە هزرییەکانی سەردەمی جەنگی سارد و دەوڵەت-نەتەوە داخراوەکـاندایە. لە جیهـانی هاوچەرخـدا، زۆرێـک لە وڵاتـان بـۆ تێـپەڕین لە قەیـرانە ناسـنامەییەکان، بەرەو مۆدێلەکانی دیموکراسیی تەوافوقی و فیدراڵیزمی فرەئاست هەنگاویان ناوە.

کـورد بەپێـی تەواوی پێـوەرە مێژوویـی، زمـانی و سیاسـییەکان، بە نەتەوە ئەژمـار دەکرێـت. دانپێـدانان بەم ڕاسـتییە و بیرکردنەوە لە مۆدێلەکانی دابەشکردنی دەسەڵات وەک فیدراڵیزم ناکرێ ڕێک بە مانـای هەڵوەشـانەوە یـان پارچەپـارچەبوون نییە، بەڵکوو هەوڵێکە بۆ تێپەڕین لە پێکهاتەیەکی کۆن و مەرکەزی بەرەو سیسـتمێکی مۆدێرن و فرەخواز کە تێیـدا هەموو نەتەوە نیشتەجێبووەکانی نێو جوگرافیایەک، خۆیان لە دەسەڵاتدا بەشدار ببینن. حاشـاکردن لە ڕاسـتییە کۆمەڵایەتییەکـان بە ئامرازە تیۆرییە بەسەرچووەکان، تەنیا چارەسەری قەیرانەکان دوا دەخات.

٢٩ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# لە سێبەری درۆنەکانەوە بەرەو تیشکی ئازادی





ئاگری باڵەکی

## کاتێک باوەڕ دەبێتە چەک: بۆچی مووشەکەکانی ڕێژیم ورەی کورد ناشکێنن؟

## مێژوویەک لە خوێن و شکۆ

## ڕەشەمەی ٢٧٢٥

لە مێژووی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، کەم هێز و بزووتنەوە هەن کە توانیبێتیان بۆ ماوەی نیو سەدە لە بەرامبەر یەکێک لە سەرکوتکەرترین ڕێژیمەکانی جیهان تاقەت بهێنن و نەک هەر لاواز نەبن، بەڵکوو ببنە سیمبولی هیوا بۆ نەتەوەیەک. پێشمەرگەکانی کوردستان و حیزبی دێموکرات، تەنیا هێزێکی سەربازی نین؛ ئەوان گوزارشتن لە ویستێکی مێژوویی بۆ ژیانێکی سەربەرزانە. چلوحەوت ساڵە ئەم هێزە لە نێو جەرگەی هەڕەشەدا دەژی، بەڵام هەرگیز سەری بۆ هەڕەشە دانەواندووە. ئەوان ژیانی خۆیان کردووەتە قەڵغانێک بۆ ئەوەی خەونی ئازادیی نەتەوەیەک نەکەوێتە ژێر چەکمەی داگیرکەران.

### پێشمەرگە: هێزێک لە نێو دڵی گەلەوە

پرسیارێکی گرنگ لێرەدا ئەوەیە: چۆن هێزێکی پێشمەرگە بە کەمترین چەکی سادەی نێو دەستیان، توانیویانە بەرامبەر بە دەوڵەتێکی خاوەن پیشەسازیی سەربازیی گەورە ڕابوەستن؟ وەڵامەکە لای خەڵکی کوردستانە. پشتیوانیی ڕاستەقینەی پێشمەرگە، کارگەکانی درۆن و مووشەک نین، بەڵکوو ئەو دایکە کوردانەن کە ڕۆڵەکانیان ڕەوانەی سەنگەر دەکەن، ئەو گەنجانەن کە لە شارەکاندا بە دروشمی "پێشمەرگە پارێزەری ئێمەیە" دەڕژێنە سەر شەقامەکان. کوردستان بووەتە پشتێنەیەکی مرۆیی بۆ پاراستنی هێزی پێشمەرگە؛ کاتێک نەتەوەیەک پشتیوانی هێزێک بێت، هیچ مووشەکێک ناتوانێت ئەو هێزە لەنێو ببات. پێشمەرگە لە ڕاستیدا "فیکر"یە، و فیکر بە مووشەک نامرێت.

### تۆقاندن وەک دوایین چەکی ڕێژیم

کۆماری ئیسلامی ئێستا لە قۆناغی "مەرگی نزیک"دایە. کاتێک دیکتاتۆرەکان دەزانن کاتەکەیان خەریکە تەواو دەبێت، هەوڵ دەدەن هەموو دەوروبەریان بکەنە گۆمی خوێن. کوردستان بۆ ئەوان هەمیشە وەک مەترسییەکی ستراتیژی بینراوە، چونکە لێرە "ئازادی" تەنیا دروشم نییە، بەڵکوو شێوازێکی ژیانە. ڕێژیم دەیەوێت بە لێدانی بنەماڵەی پێشمەرگە و کوردستان، ورەی خەڵک بڕووخێنێت، بەڵام مێژوو سەلماندوویەتی کە هەر دڵۆپە خوێنێک کە لە کوردێک دەڕژێت، دەبێتە سووتەمەنی بۆ شۆڕشێکی گەورەتر. بنەماڵەی پێشمەرگەکان، ئەو ژن و منداڵانەی لە ژێر دەنگی تەقینەوەی درۆنەکاندا گەورە دەبن، خۆیان دەبنە جەنگاوەری داهاتوو، چونکە ئەوان تەنیا یەک بژاردەیان هەیە: یان سەربەرزانە ژیان، یان لە پێناو ئازادییدا فیداکاری.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێشمەرگە و بنەماڵەی پێشمەرگە؛ پاڵەوانە بێناوەکانی گۆڕەپانەکە

ناتوانین باس لە خۆڕاگریی پێشمەرگە بکەین بەبێ ئاماژەدان بە ڕۆڵی مێژوویی بنەماڵەکانیان. ژن و منداڵی پێشمەرگە، کە ساڵانێکی زۆرە لە ژێر مەترسیی تیرۆر، ڕفاندن و مووشەکبارانی‌دا دەژین، بەشێکی دانەبڕاون لەم خەباتە. ئەوان نەک هەر کۆسپ نین لە بەردەم تێکۆشانی پێشمەرگە، بەڵکوو بوونەتە وزەی بەردەوامیی ئەم ڕێگەیە. دایکێک کە بە دەستی خۆی ڕۆڵەکەی بەڕێ دەکات بۆ بەرەی شەڕ، یان هاوژینێک کە لە غەریبی و گەمارۆدا منداڵەکانی بە بیری نەتەوەیی پەروەردە دەکات، خۆیان پێشمەرگەی پلە یەکن.

ئەم ڕێژیمە دژەگەلییە، هەمیشە هەوڵی داوە بە فشارخستنە سەر بنەماڵەکان، وورەی پێشمەرگە بڕووخێنێت، بەڵام ئەنجامەکەی پێچەوانە بووەتەوە. هەر شەهیدێک کە لەم بنەماڵانە دەدرێت، دەبێتە سوێندێکی نوێ بۆ درێژەدان بە ڕێگەکە. ئەمە ئەو نهێنییەیە کە کۆماری ئیسلامی لێی تێناگات؛ ئەوان وادەزانن مرۆڤەکان تەنیا بۆ پارە یان پلە دەجەنگن، بۆیە وا دەزانن بە کوشتنیان کۆتاییان پێ دێت. بەڵام پێشمەرگە و بنەماڵەکەی بۆ "مانەوەی ناسنامە" دەجەنگن، و ناسنامەش بە مووشەک لەنێو ناچێت.

## بەهاری ئازادی و مەرگی دیکتاتۆر

هەموو نیشانەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی گەیشتووەتە کۆتایی ڕێگەکە. مێژوو نیشانی داوە کە هیچ سیستمێکی سەرکوتکەر ناتوانێت تا هەتایە بە زەبری هێز حوکم بکات. کاتێک ڕێژیمێک دەست دەکات بە هێرشی بێسەروبەر بۆ سەر هەموو ناوچەکە، ئەوە نیشانەی "ترس لە مەرگ"ە. ئەوان دەیانەوێت کوردستان بکەنە گۆمی خوێن بۆ ئەوەی تەمەنی خۆیان چەند ڕۆژێک درێژتر بکەنەوە، بەڵام ئەمە تەنیا پەلەقاژەی کۆتاییە.

پێشمەرگە لەم قۆناغە هەستیارەدا، زیاتر لە هەمیشە ئامادەیە. ئەزموونی چلوحەوت ساڵەیان فێری کردوون کە چۆن لە نێو زریانەدا ڕابوەستن. ئێستا کە "بەهاری ئازادی" نزیکە، وورەی پێشمەرگە لە هەموو کات بەرزترە. ئەوان دەزانن کە ڕۆژی ڕزگاری تەنیا خەون نییە، بەڵکوو حەقیقەتێکە کە بە خوێن و ئارەقەی سێ نەوەی پێشمەرگە نەخشێنراوە.

## مێژوو ڕەحم بە ترسنۆکەکان ناکات

لە کۆتاییدا دەبێت بڵێین: مێژوو هەمیشە ناوی ئەوانە بە نەمری دەهێڵێتەوە کە لە پێناو "مرۆڤایەتی" و "نیشتمان"دا

رەشەمەی ٢٧٢٥

جەنگاون. پێشمەرگە ئەگەرچی چەکی قورسی نییە، بەڵام خاوەنی "ڕەوایەتی"یە. ڕێژیمی ئێرانیش ئەگەرچی خاوەنی هەزاران درۆن و مووشەکە، بەڵام لە لای گەلەکەی و جیهان "شەرعییەت"ی نییە. ورەی پۆلاینی پێشمەرگە و بنەماڵە قوربانییەکانیان، بنەمای دەوڵەت و نەتەوەیەکی ئازاد دادەڕێژن کە تێیدا چیتر دەنگی درۆنەکان نابیسترێت، بەڵکوو دەنگی سروودی ئازادی لە هەموو لایەک دەنگ دەداتەوە.

**کوردستان هەمیشە پشتیوانە، و پێشمەرگەش هەمیشە وەک چیاکان بە پێوە دەمێنێتەوە. با ڕێژیم مووشەکەکانی بتەقێنێت، ئێمە لێرەین و مێژوو بۆ خۆمان دەنووسینەوە.**

٢٩ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هەر جۆرە هەوڵێک بۆ بنیاتنانەوەی ناوەندگەرایی دووبارەبوونەوەی ئەزموونێکی شکستخواردوویە



**(پەیامی نەورۆزیی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران)**

لە کاتێکدا بەرەو نەورۆز دەچین کە نەتەوەی کورد بەتەمایە زیاتر لە جاران ئەم بۆنەیە -کە هاوکاتە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئێران و ناوچەکە- بکاتە هەوێنی بەرەنگاری، یەکگرتوویی و یەکڕیزیی نیشتمانی. لە هەمان کاتدا بەرەوپیری بۆنەیەک دەچین کە بۆ بەشێک لە نەتەوەکانی تر، تەنیا سەرچاوەی نوێبوونەوەی سروشتە؛ بەڵام لە کوردستاندا مانایەکی جیاوازتری هەیە. نەورۆز بۆ نەتەوەی کورد بە مانای ڕابوون و سەرهەڵدان بەرانبەر بە ستەم و سەردەستی دێت؛ واتایەک کە دەتوانێت لە دەقی گۆڕانکارییەکانی ئێستا و داهاتووشدا مانادار و ئیلهامبەخش بێت و کورد لە ڕۆژهەڵات و بزووتنەوەکەی بە هەستیارییەوە لێی بڕوانن.

ساڵی تازە نوێنگەی هەلومەرجێکی نوێیە کە تێیدا نەتەوەیەک -کە لە ناو جەرگەی خەبات و بەرگریدا قاڵ بووە- مێژوویەکی نوێ بۆ خۆی دەنووسێتەوە. ئەگەر نەورۆزی پار بۆ ئێمە نەورۆزی خاکیپۆشان و ساتی نوێکردنەوەی پەیمانی وەفا

لەگەڵ خاکپۆشانی نیشتمان بوو، ئەوا نەورۆزی ١٤٠٥ وەک ئاماژە و ئاسۆی ڕزگاری لە مێژووی ئەم نەتەوەیە و لەم بەشەی نیشتماندا تۆمار دەکرێت. ئەم وەرچەرخانە مێژووییە دەرەنجامی هەرەسی یەکجاریی دەسەڵاتێکی ستەمکارانەیە کە دەیان ساڵ بوو ژیانی نەتەوەکانی ئێرانی کردبووە قوربانیی سیاسەتی سەرکوت و فراوانخوازییەکانی خۆی. ئێمە لە کاتێکدا پێ دەنێینە ئەم ساڵە نوێیە کە جیهان شایەتی دارمانی یەکێک لە دیکتاتۆرییەکانی سەدەی بیست و یەکەمە. کۆی ڕووداوەکانی ساڵی ڕابردوو ئەو ڕاستییەی سەلماندووە کە پێگە و ڕەوایی سیاسی و دەسەڵاتداری بە خوێن و سێدارە و سەرکوت بونیاد نانرێت؛ ژێرخانی ڕاستەقینەی ئێران کە دەبوو سامانی مرۆیی و کەرامەت و ژیانێکی شایستە بۆ خەڵکەکەی بێت، لەلایەن ڕژێمەوە وێران کرا.

لێکەوتەی سیاسەتە چەوتەکانی ڕژێم، لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنیەوە تا ئەم ساتانە، سیاسەتی بێبەشکردن و شکاندنی کەرامەتی مرۆڤەکان و مافەکانیان بووە. قەیرانی ئابووریی بەربڵاو دەرهاویشتەی ئەم سیاسەتەیە. ئەم دارمانە ئابوورییە دەرەنجامی پلانەکانی ڕژێمێکە کە سەرچاوە و سامانی نەتەوەیی نەتەوەکانی ئێرانی بۆ پرۆژە تێرۆریستییەکان و تەیارکردنی گرووپە چەکدارەکان لە دەرەوەی سنوورەکان تەرخان دەکرد؛ لە ڕێی هەناردەکردنی شۆڕشەوە وەک هەڕەشەیەکی جدی بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاتە کایەوە و لە ئەنجامدا دژکردەوەی وڵاتانی ناوچەکە و جیهانی بەدوای خۆیدا هێنا.

لەمساڵدا، شەڕی ١٢ ڕۆژە خاڵێکی وەرچەرخانی بێوێنە و یەکلاکەرەوە بوو کە نەک هەر لاوازیی سیستەمی بەرگریی ڕژێمی بۆ جیهان ئاشکرا کرد، بەڵکوو زیانێکی بەربڵاویشی بە ژێرخان و جەستەی نیوەگیانی ئابووریی ئێران گەیاند. کرانە ئامانجی ڕێبەران و بەڕێوەبەرانی سەربازی، ئەمنی و دەزگاکانی سەرکوت، هەروەها بێ توانایی لە دابینکردنی وزە، توانای وەبەرهێنان و سەقامگیریی بازاڕی گەیاندە نزمترین ئاستی خۆی. لە ئەنجامدا، بەهای دراوی ئێرانی بەرەو دارمانێکی وا چوو کە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی تووشی شۆک کرد.

لەو چوارچێوەیەدا، ڕاپەڕینەکانی مانگی بەفرانبار وەک بوومەلەرزەیەکی سیاسی و شەپۆلێکی ڕووخێنەر دەرکەوتن کە تیایدا جەماوەری ڕاپەڕیو، بێترس و لێبڕاوانە سەرلەبەری حکوومەتەکەیان کردە ئامانج. لە ڕەهەندی دەرەکییەوە ڕژێمی تاران گەیشتە بنبەستێکی مێژوویی. ناساندنی سوپای پاسداران وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی لەلایەن پەرلەمانی ئەورووپا و دواجار چالاککردنی "میکانیزمی ماشە"، لێدان بوو لە شادەماری دیپلۆماسی و دارایی کاناڵەکانی سەر بە دامودەزگای سەرکوتی ڕژێم. یەکێک لە لێکەوتەکانی ئەم قۆناغە، لاوازی و لەبەریەک هەڵوەشانەوەی زیاتری تۆڕی هێزە پرۆکسییەکانی کۆماری ئیسلامی بوو کە ساڵانێکی زۆر بە هۆی تاڵانکردنی خەڵکی برسیی ئێران تەیار کرابوون. شکستی ئەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ڕەشەمەی ٢٧٢٥**

پرۆژە دەرەکییانە کە لەژێر ناوی "قووڵایی ستراتیژیک" ڕێکخستنیان بۆ کرابوو، سەلماندی کە ئاسایشی هاوردەکراو و شۆڕشی هەناردەکراو ناتوانێت ڕێگری لە تەقینەوەی وزەی پەنگخواردووی خەڵکی وەزاڵەهاتوو بکات.

هەر لە ناو جەرگەی ئەم شکستەدا و لە درێژەی شەڕ و ململانێکان لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلدا، کوژرانی عەلی خامنەیی وەک کۆڵەکەی ئەم سیستمە، زەبرێکی گورچبڕ بوو لە تەواوەتیی ئەم ڕژێمە. لە ڕاستیدا کوژرانی عەلی خامنەیی تەنها مەرگی دیکتاتۆرێک نەبوو، بەڵکوو هەرەسهێنانی پرۆژەیەکی سیاسی و ئایدۆلۆژی بوو کە لەسەر بنەمای وەهم، ستەمکاری و کاولکاری بونیاد نرابوو.

لە توێی ئەم گۆڕانکارییانەدا، ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گوتاری کوردستانی و پلاتفۆرمی هاوپەیمانیی سیاسیی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وەک جەمسەرێکی یەکانگیر و خاوەن پرۆژە دەرکەوت. ئەم پلاتفۆرمە تەنیا ڕێککەوتنێکی حیزبی نییە، بەڵکوو نەخشەڕێگایەکی نەتەوەییە. بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان، بەختەوەریی خۆی لە ژێردەستی، پەراوێزخستن و ئینکاری ناسنامەکانی تردا نەبینیوە، بەڵکوو پێداگری لەسەر "کەرامەتی مرۆڤ" و مافی تاک و کۆی نەتەوەکان کردووەتەوە. ئەم پلاتفۆرمە بووەتە سەرچەشنێکی بەهێز بۆ هەموو هەرێمە نەتەوەییە بندەستەکانی ئێران تا پێکەوە کۆتایی بە سەدەیەک لە پەراوێزخستن و بێمافی بهێنن. گەشەی سیاسی و ئابووریی داهاتوو و بەدامەزراوەییکردنی بونیادەکانی حکوومەتێکی سێکۆلار، دیموکراتیک و فیدراڵ بەستراوەتەوە بەم گۆڕانکارییە پێکهاتەییەوە. هەر جۆرە هەوڵێک بۆ بازدان بەسەر ویستی نەتەوەکان یان بنیاتنانەوەی ئەزموونی ناوەندگەرایی، تەنیا دەبێتە هۆی دووبارەبوونەوەی ئەزموونێکی شکستخواردوو و ناسەردەمییانە.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هێزە سیاسییە تێکۆشەرەکانی و کۆمەڵگەی مەدەنیی وشیار و بەرپرسیاریەوە، وێڕای هاوپەیمانانی لە هەرێمە نەتەوەییەکانی دیکەی ئێران، لە قۆناغێکی نوێ لە تێکۆشان و هاوخەباتیدان تاکوو ئێرانێکی نوێ و جیاواز لە ئەزموونی پێشوو بنیات بنێن. وەک نەریتێکی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێمان وایە یەکریزی و تەبایی نێو ماڵی کورد ئەسڵێکی بنەڕەتییە بۆ گەیشتن بە ئامانجی لەمێژینە و پڕبەهای ئازادی. هەربۆیە، هاوخەباتی لەگەڵ نەتەوە بندەستەکانی نێو جوگرافیای ئێرانیش بە پرەنسیپێکی نەگۆڕی سیاسی بۆ سازدانی هەر جۆرە هاوپەیمانییەک دەزانین. هاوخەباتی و هاوچارەنووسبوونی نەتەوە بندەستەکان بەرانبەر بە عەقڵییەتی پاوانخواز و ناوەندگەرا لە هەر فۆرم و شێوەیەکدا بێت، بە ئەسڵێکی دیکەی خەبات و تێکۆشانی خۆمان دەزانین. وێنای ئەم داهاتووە لە داڕشتنەوەی سیاسی و ئیداریی ئێراندا، تەنیا بە تێگەیشتنی هاوبەش و هاوخەباتیی هێزە ئازادیخوازەکان بەدی دێت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## له "ڕۆژنامەی کوردستان" و "کوردستان میدیا"وە

**ڕەشەمەی ٢٧٢٥**

له دووره‌ڕوانی نەورۆزی ڕزگاریدا، ڕوو له نەتەوەی کورد و هەموو نەتەوە بندەستەکان و ئازادیخوازانی ئێران دەکەین و دەڵێین: کاتی یەکڕیزیی مەیدانی و تێکشکاندنی پاشماوەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە. له کۆتاییشدا داوا له کۆمەڵگەی مەدەنی، ژنانی پێشەنگ و لاوانی ئازا و چاوەنترسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین که به وشیارییەوە پارێزگاری له ئەمنییەتی نێوخۆیی و دەستکەوتەکانی ئەم گۆڕانکارییەی بەردەم بکەن.

**هاتنی هاوکاتی جێژنی ڕەمەزان و نەورۆزی کوردەواری له هەموو موسوڵمانان، خەباتکاران و ئەویندارانی ئازادی، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی و سەرجەم ڕێبوارانی ڕێگەی ڕزگاری پیرۆز بێت.**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**دەستەی کارگێڕی**

**نەورۆزی ١٤٠٥ی هەتاوی**

**٢٩ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥**

---



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دوکتور زرار سەدیق تەوفیق: نەورۆز جەژنێکی ڕەسەنی کوردییە کە بەستراوەتەوە بە جوگرافیای چیاکانی زاگرۆس و مێژووی نەتەوەی کوردەوە



**وتووێژ: شەهرام سوبحانی**

**ئاماژە:** نەورۆز، مانیفێستی ژیانەوەی سروشت و ڕەمزی نەمریی گەلێکە کە مێژووی خۆی بە ئاگر و ئازادی نووسیوەتەوە، لەم وتووێژە تایبەتەدا، دوکتور زرار سەدیق، پسپۆڕی مێژوو، بە ڕوانگەیەکی زانستی و دوور لە سۆز، ڕەهەندە شاراوەکانی جەژنی نەورۆز دەپشکنێت. دوکتور ئاماژە بەوە دەکات کە هەرچەندە نەورۆز لە تۆمارە شوێنەوارییە دێرینەکاندا بێدەنگە، بەڵام ناسنامەیەکی قووڵی زاگرۆسیی هەیە و لە ناخی ژینگەی کوردستانەوە هەڵقوڵاوە. لە کۆی قسەکانیدا، جەخت لەوە دەکاتەوە کە کورد توانیویەتی ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەر لە چیرۆکێکی کۆنەوە بگۆڕێت بۆ مانیفێستێکی سیاسی و شۆڕشگێڕانە بۆ پاراستنی بوونی نەتەوەیی. هەروەها بە بەڵگەی ئەدەبیی شاعیرانی وەک ئەحمەدی خانی، ڕەسەنایەتیی ئەم جەژنە دەسەلمێنێت و هەوڵەکانی "تەعریب" و "تەفریس" ڕەت دەکاتەوە. ئەم وتووێژە دەیسەلمێنێت کە نەورۆز بۆ کورد، تەنیا ژیانەوەی سروشت نییە، بەڵکوو قەڵغانی مانەوە و سیمبوولی تینوێتییە بۆ ئازادی.

**شەهرام سوبحانی:** ئایا لە ڕوانگەی شوێنەوارناسییەوە، بەڵگەی یەکلاکەرەوە هەیە کە مێژووی سەرهەڵدانی جەژنی نەورۆز

لە سەردەمە زۆر کۆنەکاندا بسەلمێنێت؟

**دوکتور زرار سەدیق تەوفیق**: ئەگەر بە وردی و بە میتۆدێکی زانستی بڕوانینە پاشماوە شوێنەوارییەکانی گەلانی دێرینی ناوچەکە، لەوانە: گۆتییەکان، لۆلۆییەکان، مانناییەکان و تەنانەت میدیاکانیش، دەبینین کە جەژنی نەورۆز لەم شوێنەوارانەدا بوونی نییە. تا ئێستا هیچ دەقێکی مێژوویی، نەخشێکی سەرکەوتنی سەر بەرد، یان پاشماوەیەکی مادی نەدۆزراوەتەوە کە بە ڕاشکاوی ئاماژە بە ئەنجامدانی ڕێوڕەسم و ئاهەنگگێڕان بە بۆنەی "نەورۆز" لەو سەردەمانەدا بکات. ئەم غائیببوونە تەنیا شارستانییەتە زاگرۆسییەکان ناگرێتەوە، بەڵکوو لە شوێنەوارە بابلییەکانیشدا بەڵگەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر نەورۆز بەو چەمکەی ئێستا، لەبەر دەستدا نییە. تەنانەت لە سەردەمی دەسەڵاتی هەخامەنییەکانیشدا، بەڵگەی یەکلاکەرەوەی شوێنەوارییمان نییە. مێژوونووسی ئێرانی «هاشم ڕەزی» لە کتێبەکەیدا (جشن‌های آب)، ئاماژە بەوە دەکات کە لە کاتی وردبوونەوە لە نەخشەکانی "تەختی جەمشید"، دەکرێت باس لەوە بکرێت کە تەلارسازییەکە بە جۆرێک داڕێژراوە کە تیشکی خۆر لە سەرەتای بەهاردا (یەکی خاکەلێوە) بە شێوازێکی تایبەت لێی بدات، یان ڕەنگە بۆ سەرەتای پاییز بێت؛ بەڵام ئەمە تەنیا لە ئاستی ئیحتیمال و لێکدانەوەدایە.

هەرچەندە لە نەخشەکاندا دەبینرێت کە نوێنەری نەتەوە و دەوڵەتە جیاوازەکان دیارییان بۆ پاشاکانی هەخامەنشی هێناوە و مەیلی ملکەچییان نیشان داوە، بەڵام هیچ بەڵگەیەک نییە کە بیسەلمێنێت ئەم کۆبوونەوەیە بە مەبەستی جەژنی نەورۆز یان پیرۆزکردنی ئەو ڕۆژە بووبێت. نیشانە کولتوورییەکانی وەک "کردنەوەی ئاگر" یان "پرژاندنی ئاو" کە تایبەتمەندیی نەورۆزن، لەو نەخشە و شوێنەوارانەدا بەدی ناکرێن. بەپێی ئەو سەرچاوە، کنە و پشکنین و لێکۆڵینەوەیانەی تا ئەمڕۆ لەبەردەستدان، دەتوانین بڵێین: نەورۆز لە ڕوانگەی شوێنەوارناسییەوە هێشتا ناسنامەیەکی سەلمێنراوی نییە. هیچ نیگار، هەڵکۆڵراو یان نووسراوێک لە چیاکانی زاگرۆس و کوردستان یان دەوروبەریدا نەدۆزراوەتەوە کە گوزارشت لە ئاهەنگگێڕانی فەرمی یان جەماوەریی ئەم یادە بکات. بێگومان، زانستی شوێنەوارناسی زانستێکی کراوەیە؛ ڕەنگە لە داهاتوودا لە ڕێگەی کنە و پشکنینی نوێوە، سەرەداو یان دەقێکی مێژوویی بدۆزرێتەوە کە ئەم هاوکێشەیە بگۆڕێت، بەڵام تا ئەم ساتە، نەورۆز لە تۆمارە مادییەکانی مێژووی کۆندا بێدەنگە.

**شەهرام سوبحانی**: نەورۆز پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ژیانەوەی سروشت و شاخ و کۆچەرییەوە هەیە؛ ئایا ئەم ڕەهەندە جوگرافییەی نەورۆز چۆن دەیسەلمێنێت کە ئەم جەژنە لە ناخی ژینگەی کوردستانەوە هەڵقوڵاوە نەک لە ناوچە بیابانی یان دەشتاییە دوورەکان؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**دوکتور زرار سەدیق تەوفیق:** نەورۆز پەیوەندییەکی دانەبڕاو و ڕاستەوخۆی بە ژیانەوەی سروشت، هەڵکشان بەرەو کوێستان و چیاکان و ژیانی کۆچەرییەوە هەیە. ئەم ڕەهەندە جوگرافییە بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە لە سەر ئەوەی کە نەورۆز لە ناخی ژینگەی کوردستانەوە هەڵقوڵاوە، نەک لە ناوچە بیابانییەکان و دەشتاییە دوورەکان. بەگشتی، شارستانییەت و ئایین و ئەفسانەی گەلان ڕەنگدانەوەی ئەو ژینگەیەیە کە تێیدا دەژین؛ مرۆڤ لەژێر کاریگەریی سروشتدا هزر و باوەڕەکانی دادەڕێژێت. نەورۆزیش بە هەمان شێوە، بەرهەمی ڕەنج و تێڕامانی گەلانی چیانشینی زاگرۆسە. ئەم ڕۆژە وەرچەرخانێکی گەورەی سروشتییە؛ ئەو کاتەیە کە بەفر و بەستەڵەکی سەر چیاکان دەتوێنەوە و زەوی بەرگی ژیان دەپۆشێت. بۆ هۆزە کۆچەرییەکان و خاوەن مەڕ و ماڵاتەکان، نەورۆز تەنیا جەژن نییە، بەڵکوو دەستپێکی بژێوی و جووڵە و ژیانێکی نوێیە.

پیرۆزیی ئەم ڕۆژە لە مێژووی کورددا ڕەگێکی قووڵی هەیە. ئەحمەدی خانی بە ڕاشکاوی ئاماژەی پێ دەدات و وەک «مەرسوومی قەدیمی کوردستان» (دابونەریتی دێرینی کوردستان) ناوی دەبات. تەنانەت لای کوردی گوندنشین و ڕەوەندیش، نەورۆز خاڵێکی جەوهەریی دیاریکراوە بۆ گۆڕانی وەرز و بژێوی.

بەڵگە مێژووییەکان گەواهیی ئەم پیرۆزییە دەدەن؛ «ریچ» لە گەشتنامەکەیدا دەگێڕێتەوە کە ئەمانوڵڵا خانی ئەردەڵان بۆ گواستنەوەی بووکی کوڕەکەی، چاوەڕوانی هاتنی نەورۆزی کردووە. هەروەها لە مێژووی ئەیوبییەکاندا هاتووە، کاتێک سەلاحەدینی ئەیوبی دەسەڵاتی گرتە دەست و داوای لە نەجمەدین ئەیوبی باوکی کرد بێتە میسر، باوکی گەشتەکەی دواخست تا هاتنی نەورۆز، چونکە لای وای بوو ئەو ڕۆژە بۆ دەستپێکی هەر کار و کۆچێک، پیرۆز و پڕبەرەکەتە.

تەنانەت دوای هاتنی ئیسلامیش، ئەم پیرۆزییە کاڵ نەبووەوە؛ هەندێک لە موفەسیرانی قورئان وا لێکی دەدەنەوە کە مەبەست لە ئایەتی (موعدکم یوم الزینة ) لە قورئاندا هەر هەمان ڕۆژی نەورۆزە. لە ناو کولتووری گشتی و پەندی پێشینانیشدا، دەستەواژەی (نەورۆز عەجەب ڕۆژ) ماوەتەوە کە نیشانەی شکۆمەندیی ئەم ڕۆژەیە.

بە کورتی؛ نەورۆز ناسنامەیەکی جوگرافی و مێژووییە کە ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی چیاکانی کوردستان و زنجیرە چیای زاگرۆسە و هیچ گومانێک لە ڕەسەنایەتییە کوردییەکەی تێدا نییە.

**شەهرام سوبحانی:** چۆن دەتوانین شیکردنەوەیەکی مێژوویی بۆ ئەفسانەی "کاوەی ئاسنگەر" بکەین وەک هێمایەکی ڕاستەقینەی بەرگریی کورد، و ئایا ئەو هەوڵانەی دراون بۆ گشتگیرکردنی ئەم ئەفسانەیە بۆ گەلانی تر، تا چەند لە ڕاستی مێژوویی دوورن؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**دوکتور زرار سەدیق تەوفیق**: لێکۆڵینەوە لە ڕەهەندە مێژووییەکانی ئەفسانەی "کاوەی ئاسنگەر"، تەنیا گەڕان نییە بەدوای ڕاستییەکی ماددی و بەرجەستەدا، بەڵکوو تێگەیشتنە لەو هێما زیندووەی کە بۆتە کۆڵەکەی بەرگریی نەتەوەیی کورد. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەم ئەفسانەیە چۆن بوو بە شوناسێکی کوردی و ئەو هەوڵانەی بۆ گشتگیرکردنی دەدرێن تا چەند لە ڕاستییەوە دوورن؟

**دەکرێ بڵێین ئەو جەژنەی کە ئەمڕۆ بە ئاگرکردنەوە و سەرکەوتن دەناسرێت، لە سەرچاوە مێژووییەکاندا خاوەنی دوو ڕوانگەی دژبەیەکیشە:**

**یەکەم،** خوێندنەوەی فارسی: لە سەرچاوە فارسی و عەرەبییە کۆنەکاندا، نەورۆز بە شکۆ و دەسەڵاتی "جەمشیدی کوڕی تەهمورس"ەوە دەبەسترێتەوە. جەمشید وەک یەکەم مرۆڤ و دامەزرێنەری شارستانییەت وێنا دەکرێت کە پاش تەواوکردنی کارەکانی، ڕووناکی و شەوقی لێ دەبێتەوە؛ وشەی "شید"یش هەر بە واتای خۆر یان ڕووناکی دێت.

**دووەم،** خوێندنەوەی کوردی: ئەم ڕوانگەیە بە تەواوی جیاوازە؛ لای کورد نەورۆز مانیفێستی سەرکەوتنی کاوەی ئاسنگەرە بەسەر زوحاکی ستەمکاردا. ئەمە گێڕانەوەی کۆتاییهاتنی چەوسانەوە و ڕووخانی پاشایەکی خوێنڕێژە کە کورد وەک جەژنی ڕزگاری لێی دەڕوانێت.

هەرچەندە گێڕانەوە فارسییەکە لە پەڕاوەکاندا پانتایی زیاتری داگیر کردووە، بەڵام لە هەندێک سەرچاوەی دەگمەنی سەدەکانی ناوەڕاستدا وەک گێڕانەوەیەکی گەڕۆک ئیبن فەقیهی هەمەدانی (ابن الفقيه: م٣٤٠ک/٩٥١ز) و سەرچاوەی دی، ئاماژە بە سەرکەوتنی کاوە و ئاگرکردنەوە وەک هێمایەکی ئاگادارکردنەوە و شادی دراوە، کە ئەمەش نزیکایەتییەکی تەواوی لەگەڵ خوێندنەوە کوردییەکەدا هەیە. بە ئاخفتنێکی دی، نەورۆز لای کورد ڕۆژی کوشتن و لەناوبردنی یەکجارەکیی زوحاکە، ئەم لێکدانەوە کوردانەیەش وەنەبێت نوێ بێت و داهێنراوی هەستی نەتەوایەتی و بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد بێت، بەڵکوو کەوناره و هاودەمی ئەوەی فارس و ساسانیەکانە و ئەوەندەی من بزانم لە سێ سەرچاوەی کۆنی سەردەمی ئیسلامی باسکراوە، ئەوەتا وێڕای ئیبن فەقیە کە خەڵکی هەمەدانە و (ابوسعيد النقاش: م٤١٤ک /١٠٢٣ز) و دوای ئەوانیش ( ابن الأثير: م٦٣٠ک/١٢٣٣ز)، دوو گێڕانەویان یاداشتکردوە ئەوە دەسەلمێنن کە جەژنی نەورۆز لە ئاکامی کوشتنی زوحاک و ئاگرکردنەوەی ئەو کەسانەی لە سەربڕین ڕزگاربوون پەیدابووە.

کاوەی ئاسنگەر، هاوشێوەی زۆربەی پاڵەوانە نەتەوەییەکان و کەسایەتییە ئایینییە مەزنەکان، پێدەچێت کاراکتەرێکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیعتیباری و ڕەمزی بێت نەک بوونێکی مێژوویی فیزیکی. بەڵام گرنگیی ئەم کەسایەتییە لەوەدایە کە چۆن لە خەیاڵدانی جەماوەریدا بووەتە "بەشێک لە مێژوو."

"مێژووی گەلان زۆرجار لەسەر بنەمای ئەفسانە بنیات نراوە؛ بەڵام ئەو ئەفسانەیەی کاریگەریی ڕاستەقینە لەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دادەنێت، خۆی دەبێتە حەقیقەتێکی مێژوویی".

لە سەدەی ڕابردوودا و لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، کاوەی ئاسنگەر وەک هێمایەکی نەتەوەیی بە گەڕ خرا. شاعیرانی وەک حاجی قادری کۆیی و گۆڤار و ڕۆژنامەکانی وەک "ژین" و "دیاری کوردستان"، کاوەیان لە ئەفسانەیەکی کۆنەوە گۆڕی بۆ بزوێنەری هەستی نەتەوایەتی. ڕۆژهەڵاتناسان ئاماژە بەوە دەکەن کە کورد لەم قۆناغەدا بە زیرەکییەوە هێماکانی وەک (نەورۆز، مەم و زین، سەلاحەدینی ئەیوبی و کەریم خانی زەند)ی بۆ داڕشتنەوەی شوناسی خۆی بەکار هێناوە.

بۆیە، چ کاوە کەسایەتییەکی ڕاستەقینە بووبێت یان ئەفسانە، ئەو ئەمڕۆ بەشێکی دانەبڕاوە لە ویژدانی مێژوویی کورد. ناوی "کاوە" تەنیا ناوێک نییە، بەڵکوو میراتێکی زیندووە کە لە هزر و خەیاڵدانی ئێمەدا وەک هێمایەکی نەمر بۆ ئازادی ماوەتەوە.

**شەهرام سوبحانی:** چ تایبەتمەندییەکی ئەتنۆگرافی لە ڕێوڕەسمی نەورۆزی کوردیدا هەیە (وەک ئاگرکردنەوە لە لوتکەی چیاکان) کە وای لێ دەکات لە جەژنی گەلانی تری ناوچەکە جیاواز بێت و ڕەسەنایەتییەکی سەربەخۆی پێ ببخشێت؟

**دوکتور زرار سەدیق تەوفیق:** بەڵگە مێژووییەکان دەیسەلمێنن کە نەورۆز و ئاگرەکەی تەمەنیان لە هەزار ساڵ زیاترە. تەنانەت شاعیرێکی عەرەب لە وەسفێکی جواندا باس لەم ڕاستییە دەکات و دەڵێت:

"خەڵک ئاگریان کردەوە و ئاویان ڕشاند بۆ پیرۆزبایی نەورۆز، منیش بە فرمێسکی چاوەکانم ئەو یادەم کردەوە؛ ئەوان ئاگرەکەیان لە دەرەوە کردەوە و هی منیش لە ناو دڵ و پەراسووەکاندایە".

ئەم شاعیرە بە شێوازێکی هونەری دۆخی خۆی بە ئاگری نەورۆز چواندووە؛ فرمێسکەکانی بە ئاوڕشاندن و کڵپەی ناو دڵیشی بە ئاگری نەورۆز.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پیرەمێرد تەنیا ئاگرەکەی زیندوو کردەوە، چونکە لە سەردەمی عوسمانییەکاندا بەهۆی ململانێ لەگەڵ دەوڵەتە شیعەکانی ئێران (سەفەوی، ئەفشاری و زەندی قاجاری)، ئەم جەژنە ڕەهەندێکی مەزهەبی و سیاسیی وەرگرتبوو. لە بەغدا و ناوەندەکانی خەلافەتدا ئاهەنگگێڕان کەم بووبووەوە، بەڵام بنەما مێژووییەکەی هەر مابوو.

لە کتێبی "الفرج بعد الشدة"ی تەنووخیدا ئاماژە بەوە کراوە کە ئاگری نەورۆز لە بەغدا دەکرایەوە. تەنانەت خەلیفە "المعتضد" ویستی قەدەغەی بکات، بەڵام لەژێر فشاری جەماوەریدا پاشەکشەی کرد. مێژوو باس لەوەش دەکات کە جارێکیان نەورۆز کەوتووەتە ناو مانگی ڕەمەزانەوە؛ خەڵکەکە بۆ ڕێزگرتن لەو مانگە و نەبادە ڕێگایان پێ نەدرێت، زووتر و دوو سێ ڕۆژ پێشوەختە ئاگریان کردەوە و ئاهەنگیان گێڕا.

ئەم جەژنە هێندە لە ناو گەلانی موسڵماندا بڵاو بوو، کەسانێکی زۆر دیندار و پارێزگار لەو ڕۆژەدا لە ماڵ نەدەهاتنە دەرەوە تا (بە بڕوای خۆیان) پرشنگی ئەو "کفرە"یان بەرنەکەوێت. ئەم بابەتە بووەتە جێی مشتومڕی زانایانی ئایینی؛ هەندێکیان فتوایان دەدا کە خەڵک لەو ڕۆژەدا بەڕۆژوو بن تا وەک نیشانەیەک بۆ خۆپارێزی و بێبەریبوون لەو جەژنە بێت، ئەمەش مشتومڕێکی گەورەی لەسەر "باشی یان بیدعە" بوونی ئەو ڕۆژووە دروست کردبوو.

هەموو ئەمانە دەیسەلمێنن کە ئاگری نەورۆز نەک هەر مێژوویەکی دێرینی هەیە، بەڵکوو هێمایەک بووە بۆ سەرکەوتن، هاتنی ساڵی نوێ و کۆتاییهاتنی وەرزی سەرما و سۆڵە لە کوردستان و ناوچەکەدا.

**شەهرام سوبحانی**: ئایا ئەو بانگەشەیەی دەڵێت 'ئاگری نەورۆز داهێنراوی پیرەمێردی نەمرە و مێژوویەکی کۆنی نییە' تا چەند ڕاستە؟ بەڵگەی شاعیرانی کلاسیکی کورد لەم بارەیەوە چییە؟

**دوکتور زرار سەدیق تەوفیق**: ئەو تێڕوانینە ئایدیۆلۆژییەی کە هەندێک لە لایەنە سەلەفییەکان و ئیسلامی سیاسی بانگەشەی بۆ دەکەن، کە گوایە ئاگری نەورۆز داهێنراوی "پیرەمێردی نەمر"ە لە نەوەد ساڵ لەمەوبەردا، دوورە لە ڕاستی.

مێژوو و ئەدەبیاتی ئێمە پێچەوانەی ئەمە دەسەلمێنن، بۆ نموونە:

- **ئەحمەدی خانی**: لە شاکارەکەیدا ئاماژە بە جەژنی نەورۆز و ئاهەنگگێڕانی کوردان دەکات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

– **مەلای جزیری:** کە نزیکەی ٤٠٠ ساڵ پێش ئێستا ژیاوە، وشەی "سراج" (واتە چرا و مۆم) بۆ نەورۆز بەکار دەهێنێت و دەڵێت: "نەورۆز سەرساڵی دڵە وەختێ هەڵێتن ئەو سراج". لێرەدا دەرکەوتنی یارەکەی بە ڕۆژی نەورۆز و ڕووناکیی دەروونیی خۆی بە مۆمی نەورۆز چواندووە.

**شەهرام سوبحانی:** لە مێژووی نوێدا، بۆچی نەورۆز بۆ کورد تەنیا جەژنێکی بەهارە نییە، بەڵکوو بووەتە ئامرازێکی سیاسی و نەتەوەیی بۆ سەلماندنی بوونی خۆی؟ ئایا ئەمە بەڵگەی ئەوە نییە کە خاوەنداریتییەکی ڕۆحیی قووڵ لە نێوان کورد و ئەم یادەدا هەیە؟

**دوکتور زرار سەدیق تەوفیق:** لە دوای کڵپەسەندنی جەنگی یەکەمی جیهانی و تێکشانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، کاتێک شەپۆلی "تۆرانێتی" و دەمارگیریی تورکچێتی سەری هەڵدا، نەتەوەی کوردیش کەوتە ناو قۆناغێکی نوێی وشیارییەوە. لەو سەردەمەدا کە هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەکان دەدرا، تاکی کورد لە مێژووی خۆی کۆڵییەوە و ڕەسەنایەتیی خۆی دۆزییەوە.

محەممەد ئەمین زەکی بەگ، وەک مێژوونووسێکی گەورە، لە پێشەکیی کتێبی "خولاسەی مێژووی کورد و کوردستان"دا گوزارشت لەم وەرچەرخانە دەکات. ئەو باس لەوە دەکات کە چۆن لە ناو سپای عوسمانیدا، هەمووان لەژێر چەتری "عوسمانلی و ئیسلام"دا کۆببوونەوە و هەستی نەتەوایەتیی تورک و کورد شاراوە بوو. بەڵام کاتێک بینی تورکەکان بە شانازییەوە باس لە ڕەچەڵەکی تۆرانیی خۆیان دەکەن، ئەویش کەوتە پرسیارکردن لە ناسنامەی خۆی: "ئێمە کێین؟" کاتێک کەس وەڵامێکی ڕوونی نەدایەوە، بڕیاری دا بە پێنووسە بڕشتەکەی، مێژووی نەتەوەکەی بنووسێتەوە و ڕابردووی کورد بۆ نەوەکانی داهاتوو ڕوون بکاتەوە.

ڕۆشنبیران و خەمخۆرانی کورد درکیان بەوە کردبوو کە بۆ سەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی، دەبێت پەنا بۆ کولتوور، مێژوو و کارەکتەرە پیرۆزەکانی نەتەوە ببرێت. لەم نێوەندەدا "نەورۆز" وەک چەقێکی گرنگی ناسنامەی کوردی دەرکەوت. ئەم جەژنە تەنیا بۆنەیەکی وەرزی نەبوو، بەڵکوو ڕەگێکی قووڵی لە ئەدەبیات و ئایینی کوردەواریدا هەبوو.

تەنانەت زانایەکی ئایینی وەک ئەحمەدی خانی، کە خاوەنی کتێبی "عەقیدەنامە"یە و لە پێشەکیی "مەم و زین"دا بە دەیان بەیت ستایشی خودا و پێغەمبەر دەکات، نەورۆز بە "عادەتێ موبارەک" (دابونەریتێکی پیرۆز) ناو دەبات. و دەڵێ: "مەبنێ ل وێ عادەتێ موبارەک، گوندی و شاری هەمی ب جارەک". خانی وێنای ئەوەمان بۆ دەکات کە چۆن گەورە و بچووک، شارنشین و لادێنشین، لەو ڕۆژەدا ڕوویان لە دەشت و دەر کردووە. ئەمە دەیسەلمێنێت کە لای زانایانی ئایینیی کورد، نەورۆز نەک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر بیدعە و کفر نەبووە، بەڵکوو بەشێک بووە لە شکۆ و پیرۆزیی نەتەوە.

پێش ئەوەی پیرەمێردی نەمر لە سلێمانی ئاگری نەورۆز بکاتەوە، ئەم یادە لە ناو ڕۆژنامەکانی ئەستەمبووڵ و سەردەمی شێخ مەحموودی حەفیدا بوونی هەبووە. تەنانەت لە ڕۆژنامەی "دیاری کوردستان"دا ئاماژە بەوە کراوە کە کونسوڵخانەی ئێران لە بەغدا یادی نەورۆزی کردووەتەوە و بەو بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە گەلی کورد کردووە و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستوون.

بەم شێوەیە، ڕێبەران و ڕووناکبیرانی کورد نەورۆزیان لە جەژنێکی سادەوە گۆڕی بۆ هێمایەکی سیاسی و نەتەوەیی. ئەم مەشخەڵە لە ساڵانی سی و چلەکانی سەدەی ڕابردووەوە لە لایەن لاوانی خوێنگەرم و تێکۆشەرانی کوردەوە لە شارە جیاوازەکان گەشێنرایەوە و تا بە ئەمڕۆ دەگات، وەک بڵێسەیەکی دانەمرکاو لە دڵی مێژووی کورددا ماوەتەوە.

**شەهرام سوبحانی:** لە دەقە کۆنەکان و شیعرە کلاسیکییەکانی شاعیرانی وەک (ئەحمەدی خانی)دا، چۆن باس لە نەورۆز کراوە و ئەمە چۆن دەبێتە بەڵگەیەکی نووسراو بۆ ئەوەی کورد پێش سەدان ساڵ وەک جەژنێکی نەتەوەیی سەیری کردووە؟

**دوکتور زرار سەدیق تەوفیق:** پێش سەردەمی ئەحمەدی خانی، شاعیرانی کورد بە کورتی ئاماژەیان بە نەورۆز داوە؛ بۆ نموونە بابا تاهیری هەمەدانی باسی کردووە و مەلای جزیریش نەورۆزی وەک "سەری ساڵی دڵ" ناو بردووە. بەڵام وەک هەمووان دەزانین، ئەحمەدی خانی لە پێشەکیی شاکاری "مەم و زین"دا بە وردی و بە درێژی باسی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی کردووە. ئەو وەسفی ژاوەژاوی جەژن، گۆڕینی جلوبەرگ، زەماوەند و بەزم و ڕەزمی خەڵکی بە جلی ڕەنگاوڕەنگی زەرد و سوور و سەوز دەکات. خانی نیشانی دەدات کە چۆن هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، لە سپایی و خەڵکی شار و گوند، بۆ گەشت و سەیران لە شار دەرچوون، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە بەڵگەیەکی مێژوویی گرنگ.

لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا، نەورۆز زیاتر وەک ڕۆژی خۆشی و شادبوون بە دیداری یار وێنا کراوە. لای خانی، نەورۆز دەبێتە ڕێخۆشکەر بۆ یەکەم دیداری مەم و زین. پاش ئەویش، شاعیرانی وەک سالم و زۆری تریش باسیان کردووە. لەم بارەیەوە چەندین کتێب و لێکۆڵینەوەی وەک "نەورۆزنامە" و "نەورۆز لە شیعری کوردیدا" و تەنانەت "نەورۆز لە پەخشانی کوردیدا" نووسراون.

ئەگەرچی ئەدەبی کلاسیکی کوردی بەهۆی کەمیی دەقە کۆنەکانەوە لە چاو نەتەوەکانی تردا دەقەکانی کەمترن، بەڵام لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناو ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبیدا کەم شاعیر هەیە باسی نەورۆزی نەکردبێت. تەنانەت چەندین سەرچاوەی عەرەبی ئاماژە بەم کاریگەرییە دەکەن و چەند کتێب و لێکۆڵینەوەیەک بڵاو کراونەتەوە.

خاڵێکی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە لە هەندێک کۆندا، وشەکە بە فۆرمی "نەورۆژ" یان "نەورۆچ" هاتووە؛ بۆ نموونە لای شاعیری ناسراوی عەرەب بە "نەورۆچ" هاتووە کە لە ڕووی فۆرمەوە لە "نەورۆزی" کوردی نزیکترە وەک لە "نوروزی" فارسی. لە سەدەی بیستەمدا، بابەتەکە ڕەهەندی فراوانتری گرت و بووە مژاری چەندین نامەی ماستەر و دکتۆرا. لێکۆڵینەوەکان دەریدەخەن کە نەورۆز تەنانەت گەیشتووەتە میسریش و فاتمییەکان (پێش ئەیوبییەکان) ئاهەنگیان بۆ گێڕاوە.

ئەگەرچی نەورۆز لە ڕووی مێژووییەوە پەیوەندی بە نەتەوە نائێرانییەکانەوە (وەک عەرەب) نییە، بەڵام بەهۆی هەژموونی نەتەوە ئێرانییەکان و میرنشینە کوردییەکان و دەسەڵاتی بوەیهییەکان کە ماڵباتێکی ئێرانی بوون لە بەغدا، نەورۆز دزەی کردە ناو جڤاکی عەرەبی. لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە و تەنانەت دەقی شیعری وا هەن کە گوزارشت لە ئاگرکردنەوەش دەکەن، هەرچەندە لە زۆربەی شیعرە کلاسیکەکاندا زیاتر جەخت لەسەر "دیداری یار" کراوەتەوە و ئاگرکردنەوە کەمتر ئاماژەی پێ دراوە، دەکرێت لەم ڕووەوە سەیری ئەم کتێبە بکرێت ( د. فواد عبدالمعطي الصياد، النوروز وأثره في الأدب العربي، بيروت: ١٩٧٢).

**شەهرام سوبحانی:** ئەو دەوڵەتانەی لە مێژوودا هەوڵی "تەعریب" یان "تەفریس"یان داوە، چۆن ویستوویانە ڕەهەندە کوردییەکەی نەورۆز بشێوێنن؟ پسپۆڕی مێژوو چۆن دەتوانێت ئەم دزینە کولتوورییە لە ڕێگەی بەڵگەوە ڕەت بکاتەوە؟

**دوکتور زرار سەدیق تەوفیق:** پێم وانییە عەرەب بتوانێت نەورۆز بکاتە هی خۆی، چونکە هەمووان دەزانن ناو، چەمک و مێژووی ئەم جەژنە پەیوەندی بە عەرەب و نەتەوە موسڵمانە نائێرانییەکانەوە نییە، بەڵکوو بە پلەی یەکەم بە گەلانی ئێرانییەوە گرێدراوە. بۆ نموونە، لە سەردەمی ڕێژیمی بەعسدا هەوڵیان دەدا لەژێر ناوی «ڕۆژی درەخت» (عيد الشجرة) دەستکاری ناسنامەی ئەم ڕۆژە بکەن. هەروەها ناوی تکریتیان بە سەلاحەدین گۆڕی بۆ ئەوەی بڵێن سەلاحەدینی ئەیوبی عێراقییە و لە تکریت لەدایکبووە. بۆیە پێم وایە ئەم هەوڵانە بۆ عەرەب سەرناگرێت.

ئێستاش ئێران دوو هەفتە پشوو ڕادەگەیەنێت و هەوڵ دەدات ئەم جەژنە بە تەواوی بکاتە ملکی خۆی. بۆیە ئەرکی سەرشانی ئێمەی ڕۆشنبیر و مێژوونووسانی کوردە، کە بە ئارگیومێنت و بەڵگەی زانستی بەرپەرچی ئەمە بدەینەوە. ئەگەرچی زۆرێک لە نووسینە کوردییەکان لە ڕابردوودا ئاوێتەی سۆز و عاتیفە بوون، بەڵام ئێستا هەنگاوی زانستی نراوە. من لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ڕەشەمەی ٢٧٢٥

بەرهەمی "نەورۆزی کوردستان؛ لە ئەفسانەوە بۆ مێژوو"، بە دوور لە سۆز، پەنام بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکان، شیعرە کلاسیکییەکان و دەقە دێرینەکان بردووە تا بیسەلمێنم کە نەورۆز ئەگەر یەک پشکی بۆ فارس بێت، سێ هێندە هی کورد و خاکی کوردستانە.

بەڵام بە خۆشحاڵییەوە لە ئێستادا و لە سایەی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، ئەم یادە بووەتە هێمایەکی نەتەوەیی فەرمی. تەرخانکردنی هەفتەیەک وەک پشوو و سازدانی کەرنەڤاڵە گەورەکان و پەیامی پیرۆزبایی ڕێبەرانی کورد، گەواهی ئەوە دەدەن کە نەورۆز لای ئێمە تەنیا جەژنێکی سروشتی نییە، بەڵکوو بەشێکی دانەبڕاوە لە شوناسی نەتەوەیی و خەباتی بەردەوامی کورد.

**شەهرام سوبحانی:** زۆرێک لە مێژوونووسان ساڵی ٢٧٢٦ی کوردی دەبەستنەوە بە دامەزراندنی دەوڵەتی ماد؛ ئەم پەیوەندییە مێژووییە چۆن ناسنامەی "کوردستانی بوون"ی نەورۆز بەهێزتر دەکات لە بەرانبەر گێڕانەوەکانی تردا؟

**دوکتور زرار سەدیق تەوفیق:** بە بڕوای ئێمە، دیاریکردنی ساڵنامەیەک لەسەر بنەمای مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی ماد، تێڕوانینێکی زانستییانە نییە و لە ڕاستییە مێژووییەکانەوە دوورە؛ بەڵکوو ئەمە زیاتر لە سۆز و هەستی نەتەوایەتییەوە سەرچاوەی گرتووە. زۆرجار ئەم هەوڵە لەو پێداگرییەوە دێت کە دەڵێت: "هەروەک چۆن نەتەوەکانی وەک عەرەب خاوەنی ساڵنامەی تایبەت بە خۆیانن، پێویستە کوردیش هەمان پێگەی هەبێت"، بەڵام ئەم لۆژیکە لە ڕووی زانستی مێژووییەوە پەسەندکراو نییە.

ئەگەر سەرنج بدەین، زۆربەی نەتەوەکانی ئۆرووپا پەیڕەوی ساڵنامەی زایینی دەکەن و جیهانی ئیسلامیش ساڵنامەی کۆچی بەکاردێنن. لەبارەی دەوڵەتی مادەوە، تا ئێستا هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی و شوێنەواریی لەبەر دەستدا نییە کە ئاماژە بە هەبوونی ساڵنامەیەکی تایبەت بکات. تەنانەت لە کتێبی "مێژووی ماد"ی دیاکۆنۆف، کە بە یەکێک لە سەرچاوە هەرە باوەڕپێکراوەکان دادەنرێت، هیچ ئاماژەیەک بەوە نەکراوە کە مادەکان دەستپێکی مێژووی خۆیان گرێ دابێت بە جەژنی نەورۆزەوە.

بۆیە، دانانی ساڵی دامەزراندنی دەوڵەتی ماد وەک سەرەتای ساڵنامەی کوردی و هاوکاتکردنی لەگەڵ ڕۆژی نەورۆزدا، خاوەنی هیچ بنەمایەکی مێژوویی نییە. بەڵام دەکرێت ئەم کارە وەک ئامرازێک لە چوارچێوەی پرۆژەی "نەتەوەسازی و دەوڵەتسازیدا" سەیر بکرێت. زۆرێک لە نەتەوەکانی تری جیهانیش بۆ پتەوکردنی ناسنامەی نیشتمانیی خۆیان، پەنایان بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دروستکردنی هێما و ڕووداوی نامێژوویی بردووە و لە خزمەت بنیاتنانی قەوارەی نەتەوەییاندا بەکاریان هێناوە.

**شەهرام سوبحانی**: ئەگەر نەورۆز میراتێکی هاوبەشی گەلانی ئێرانی بێت، بۆچی تەنیا لای کورد ڕەهەندێکی شۆڕشگێڕانەی وەرگرتووە؟ ئایا ئەمە ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کورد "خاوەنی ڕەسەن" و پارێزەری ڕاستەقینەی ئەم کولتوورەیە؟

**دوکتور زرار سەدیق تەوفیق**: لە ڕوانگەیەکی وردبینی مێژووییەوە، جەژنی نەورۆز بەرهەمی سەردەمێکە کە هێشتا چەمکی نەتەوە بە مانا مۆدێرنەکەی (کورد، فارس، بەلووچ و گیلەکی...) نەخەملیبوو. لەو ڕۆژگارە دێرینانەدا، ئەم جەژنە میراتێکی هاوبەشی گەلانی سەر هێڵی فەلاتە بووە، پێش ئەوەی سنوورە سیاسی و نەتەوەییەکان لێکیان دابڕن. تەنانەت ڕەگ و ڕیشەی هەندێک لە ئەفسانە و هێماکانی نەورۆز، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چاخە دوورەی کە هێشتا نەتەوەکانی نێو جوگرافیای هیندی ئێرانی- هیندۆئیرانی و یەک یەکەی مرۆیی و کولتووری بوون؛ بە جۆرێک کە گوزارشت لە پاڵەوانەکان و چیرۆکی زوحاک، نەک هەر لە سەرچاوە دێرینەکانی ئەم ناوچەیە، بەڵکوو لە نێو دەقە سەنسکریتییەکانیشدا دەنگ دەداتەوە.

لەگەڵ تێپەڕبوونی سەدەکان، نەورۆز بەرەبەرە قاڵبێکی ئێرانیی وەرگرت و لە شانامەدا، پاڵەوان و پاشاکان ڕەنگێکی دیاریکراوتریان پۆشی. لەوێدا بە ڕوونی دەبینین چۆن ڕووداوەکان و ناسنامەی کورد تێهەڵکێشی ئەم مێژووە دەکرێن و باس لە چۆنیەتیی سەرهەڵدانی نەتەوەی کورد دەکرێت. هەر بۆیە، لە ڕووی زانستییەوە، نەورۆز تەنیا موڵکی یەک نەتەوە نییە، بەڵکوو میراتێکی گەورەی هاوبەشە کە کورد تێیدا کارەکتەرێکی بنەڕەتی و خاوەن پشکێکی ڕەسەنە.

ئەگەرچی ئەمڕۆ نەورۆز لای زۆر گەل یاد دەکرێتەوە، بەڵام بۆ کورد واتایەکی قووڵتر و جیاوازتری هەیە. ئێمە وەک نەتەوەیەک کە هێشتا لە قۆناغی ڕزگاریخوازی و هەوڵدان بۆ چەسپاندنی مافەکانماندایین، نەورۆزمان کردووە بە قەڵغانی پاراستنی ناسنامەکەمان. لە دۆخێکدا کە هەڕەشەی سڕینەوە و حاشاکردنمان لەسەرە، پەنا بردن بۆ ئەم جەژنە بووەتە ئامرازێکی سیاسی و کولتووری بۆ سەلماندنی بوونی خۆمان.

نەورۆز بۆ کوردی ڕەوەند و ئاوارە لە ئەورووپا و ئەمریکا و تەواوی جیهان، تەنیا جەژن نییە، بەڵکوو تاقە هەناسەیەکە بۆ گوزارشتکردن لە کوردبوون و گەڕانەوە بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکەی. پێگیریی بێ وێنەی کورد لە زیندووڕاگرتنی نەورۆزدا، لەو پێویستییە مێژووییەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئێمە وەک گەلێک تینووی ئازادیین. ئەم جەژنە بۆ ئێمە تین و وزەیەکی نوێیە، هەوێنی یەکگرتووییە و دەرفەتێکە تا بە جیهان بڵێین: ئێمە هەین و خاوەنی میراتێکی وا مەزنین کە هیچ هێزێک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناتوانێت لە مێژوومان داببڕێت.

٢٩ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥

---

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕەشەمەی ٢٧٢٥ی کوردی = مارچی ٢٠٢٦ی زایینی

---






کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# سپاس و پێزانین

بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتووێژ و بابەتەکان.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org